# ئاوێنە شکاو

## یان

## بیرەوەریی هێدی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# ئاوێنە شکاو

## یان

## بیرەوەریی هێدی



ناوی کتێب: ئاوێنە شکاو
بیرەوەریی هێدی "خالد ئاغای حیسامی"
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٨٠
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد + حاجی دلاوەر
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: ئاراس ئەکرەم + نادیە عەزیز
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + ڕەهیڵ رەشید + دانەر
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ



**هێدی ساڵی ١٩٥٣: تەورێز – ئێران**

## بەناوی خوای تەنیای دڵۆڤان

ئەگەر ڕاستت دەوێ ئێستەش لەوە دوودڵم کە نووسینەوەی ژیننامەی من کارێکی پێویستە یان نا ؟ ئەگەر پێویستە بۆچی و، پێدا چوونەوەی ئەو ژینە ئاڵۆزەی من سوودی بۆ کێ و، بۆ چ لایەنێک دەبێ، سەرەڕای ئەو شک و گومانە وەش نەبێ ئەو نووسینە زۆر بە هاسانی تەواو بێ و، بکەوێتە ناو ئەو لاپەڕانەوە. چونکە دەبێ شەست حەفتا ساڵێک بگەڕێمەوە دوایی و یان باشتر بڵێم بە تەواوی خۆم منداڵ کەمەوە و، جا لەوێڕا تێ هەڵچمەوە و بەو وردەکاریانەدا بێمەوە کە یان لە بیرم نەماون، یان ئەگەر نیوە و نیوەچڵ لە بیریشم مابن گرینگی و نرخێکی ئەوتۆیان نییە کە خوێنەر خۆی بە خوێندنەوەیانەوە ماندوو کا.

بێجگە لەوانەش هەرکەس بەتەمای ژینامە نووسین بێ خۆی حازر دەکا و، لە پێشدا چەند ساڵێک پێش نووسینەکە فیش کۆ دەکاتەوە و، دوایی هەر یەکەی لە جێی خۆیدا و بە نۆبە کەڵکیان لێ وەردەگرێ و، لەسەریان دەڕوا کە بەداخەوە من ئەوەشم نەکردوە، یان پێم نەکراوە بیکەم هەرچەند ئەو کارەم بە پێویستیش زانیوە، بەڵام ئەورۆ و سبەم کردوە، جا تۆ حەز دەکەی ناوی ئەوە بنێ کەمتەرخەمی و تەنبەڵی، کە باوەڕکە هەمووشی هەر تەنبەڵی نەبوە و گیروگرفت و چەرمەسەرێی ژیان و، نووسین بۆ خەڵک لە پێناوی بەڕێ چووندا (وەک کاری ڕادیۆ و تەلەڤزێون و گۆڤار) و، ئەو هەموو ئەو دیوەودیو کردن و دانەمەزراویەی خۆم کە ببوونە هۆی پچڕانەوە لە ئیشی تایبەتی و تەنانەت تەرە بوونی بیروبۆچوونیش. هەموویان پێکەوە ئەو کەم و کوڕیەیان لێ کەوتەوە کە ئەورۆ دەبینم بۆیان داماوم و تازەش هیچ ناکرێ و، لە دەستم چووە.

سوودی ئەو هەڵات هەڵات و کوڕڕە گوێ بوونەی من لەو دیو بۆ ئەو دیو و لەو دیو بۆ ئەو دیو هەر ئەوەندە نییە و خێر و بەرەکەتی تریشی پێوە بووە و، لە سایەی ئەو هاتوچۆ و بازبازدێنەوە من لە هەردووک دیو لەو مافانەش بێ بەش بووم کە هەموو هاووڵاتیەک لە





وڵاتی خۆی هەیەتی وەکو: هەڵبژاردن، هەڵبژێردران، وەزیفە و کاری حکومەت، تاپۆ و شت بە ناوی خۆ کردن.

بێگومان ئەو نەهاتییە ئەگەر مردیشم یەخەم بەرنادا و، نە لەو دیو وەخۆم دەکەن نە لەو دیو، لە عیراق دەڵێن: ئەوە ئێرانییە بیبەنەوە ئەو دیو بینێژن و، لەو دیویش دەڵێن: هەتا ئێستە لە کوێ بووە بیبەن لەوێ بینێژن، لەو ناوەدا وەک کوردەکە لە هەردووک جێژنە بووم.

چ لێرە و، چ لەو دیو ناسراو و نەناسراوی وا هەن چاویان بڕیوەتە نووسینی ئەو دێڕانە و، نەک جارێک زۆر جار بە گوێیان هەڵێناوم کە تەواویان کەم و هێندێ جار ئەوەندەش لە داوخوازیەکەیان زیاد دەکەن کە: ئیتر درەنگ بوە و هەق نییە چیتر خۆتی لێ گێل کەی. کە من دەزانم مەعنای ئەو وتەش چییە و بۆتە هاندەرم، بەڵام هۆی پێ داگرتنیان بۆ تەواو کردنی ئەو نووسینە نازانم چییە ئەوەندە نەبێ ڕەنگە پێیان وابێ من لە ڕێبازی گەلەکەمدا بووم و، ئەو ماوە کە لە سەرەتای پێکهاتنی کۆمەڵەی ژ. ک. و، دروست بوونی کۆماری مەهابادەوە، دەیگرێتەوە هەتا ئەورۆ کە حکومەتی فیدراڵی کورد لە هەرێمی کوردستانی باشوور «خوارەوە» حوکم دەگێڕێ، لەوانەیە وای بۆ چووبن کە بەسەرهات و کارەساتی وام دیوە کە خەڵکی‌تر نەیاندیوە، جا چ سیاسی و چ لە بواری شۆڕشگێڕیدا و، لەو ناوەدا بیانەوەی کاروکردەوەی خۆشم هەڵسەنگێنن کە بێگومان من لەوەدا نامەوێ کەس بخەڵەتێنم، یان سەر لە کەس بشێوێنم. کەس چاوەڕوانیی ئەوەی لە من نەبێ بە ناڕەوا بە خۆم، یان بە کەسێکی تر هەڵبڵێم و، هەڵکێش داکێش بە هیچ پایە و مەقامێک بکەم، بە تایبەتی بە خۆم کە نە لێپرسراوێکی سیاسی بووم نە سەرکردەیەکی سوپایی و، لە هەردووک حوکمەکان و لە هەموو شۆڕشەکاندا تەنیا بۆرە پیاوێک بووم کە دەوری پێشمەرگەیەکی دڵسۆزم دیووە و هیچی تر و، ئەویش هەر بە خەیاڵی خۆم دڵسۆز دەنا کەس ئەوەی بۆ من نەسەلماندوە بە تایبەتی م. س پارتیی بەناو هاوکارم کەهەڵوێستی ئەوڕۆیان لەگەڵ ئەو دڵسۆزە خەیاڵییە و، هەر بە تێکڕایی دوای کۆچی بارزانیی نەمر هەڵوێستێکی وایە کە بۆ خاینێکی زۆر خەتەرناک دەبێ و، خوا هەڵناگرێ لەوەدا قسوریان نەکردوە، دوایی دەگەینە ئەو باس و خواستە با هەر لێرە خوێنەری بەڕێز لەوە ئاگادار بکەم کە لە هەرجێیەکی ئەو نووسینەدا تووشی شتێکی وا هاتن کە بۆنی سیاسەتی لێ بێ، یان

ڕەنگی ڕەخنەی بە خۆیەوە گرتبێ، یان لە هێز و پێز و، کاروکردەوەی کەسێک ورد بووبێتەوە مافی بیر و بۆچوون لە خۆم نەستێننەوە، هەر ئەو مافەی کە من داومە بە ئێوە و لێشتان ناستێنمەوە من هەوڵم داوە لەوە بدوێم کە دیومە و بەئێوەش ناڵێم دەقی تەواوی ڕووداو و کارەساتەکانە ئەویش بەو هۆش و گۆشەوە کە من هەمە، بەڵام دەکرێ بڵێین بڕێکە لە هەمووی، یان کەمێکە لە زۆر و، شەرت نییە بە دڵخوازی منیش بووبێ و، ئەگەر هاتوو دڵخوازی ئێوەش نەبوو منیش لە دەست خۆشانەکەم دەبوورم بەو مەرجە ئێوەش نەمگرنە بەر تەوس و توانج.

هەرچی بێ لەوەدا بێ شکم ئەگەر هێندێ کەس تووڕەش نەکا هیچ نەبێ بە ڕووی خۆش لێم وەرناگرن، هەر وەک پاڵ بەسینگی هەمووشیانەوە نانێن، بەڵام بزانین چۆن دەبێ. ؟...

ئەوجار دەگەمە سەر ئەو گیروگرفتە خۆکردەی خۆم کە هەتا ڕادەیەکی زۆر بیری منی لەو نووسینەدا بە خۆیەوە خەریک کردوە و کەوتوومەتە سەر دووڕێیانێک کە بە هەر لایەکدا بڕۆم دەبینم کەم و کوڕییە نەک هەر بۆ خۆم بەڵکو بۆ نووسینەکەش.

یانی چەند ساڵێک پێش ئێستە بۆ پێشەکی دیوانی شیعرەکانم لە تاران بیۆگرافیەکی مام ناوەندۆکەی خۆم نووسی کە بە وردی لە زەمانی منداڵیم و، بە کورتی لە ژیانی پێشمەرگایەتیم دەدوێ و بەشێک لەو بەسەرهات و بیرەوەریانەی من دەگرێتە بەرخۆ کە ئەوە پێوەم بیانخەمە ناو لاپەڕەکانی ئەو دەفتەرەوە، جا ئێستە ئەگەر ئەو پێشەکیە «کە ئەویش پێویستی بە ناوئاخنی تر و دەست تێوەردانێکی زۆر هەیە» ، لەگەڵ ئەو نووسینە خەم ئەوە دەبێتە شێوەیەک لە دووپات بوونەوە و من حەز بەوە ناکەم، ئەگەر لەگەڵیشی نەخەم ئەوجار دەبێ بەشێکی زۆر لەو شتانە فڕێدەمە لاوە کە ژینامەی منیان لێ پێک دێ، نازانم ئەگەر خوێنەری بەڕێز لە جیاتی من بایە چیی دەکرد؟ لە کاتێکا دەزانین کە ئەگەر ئەو بەشە لێرەدا بقرتێنم بێجگە لەوە کە سێیەکێکی ژیانم بە نەگوتراوی دەمێنێ لەوەش دڵنیام کە ئەو پێشەکیە ناتەواوەی باسیشی کرا بە دەست کەم کەس گەییوە، چونکە بێجگە لە هەلومەرجی کاتی چاپ بوونی شیعرەکان لەو دیو (کە ئەویش بە دەست دەیکەم و نایکەم و مینگە مینگ و سانسۆری حکومەتەوە خۆی چیرۆکێکی تەواوی هەیە) تیراژیشیان ئەوەندە کەم بوو کە نە بە دڵی من بوو، نە دڵخوازی ئەوانە بوو کە هەر ناویان بیست و، وە بەریان نەکەوت ئەویش تەنیا لە بەشێکی کوردستان نەک لە





بەشەکانی تریش.

جا خوێنەری خۆشەویست، ئەگەر بڕیاری ئەوەت دا سەرەڕای ئەو حەیس و بەیسە ببی بە هاوسەفەرم و، سەری خۆت بە خوێندنەوەی ژیانی منەوە بێشێنی و هەروەهاش گەورەیی خۆت بەجێ بێنی و لە هەموو کەم و کوڕیەکانم ببووری کە من دەزانم زۆرن و تۆش دەزانی ئەوە فەرموو لەگەڵم با لە منداڵییەوە پێدا بێین یانی لە بیستەمی مانگی بەفرانباری ساڵی ۱۳۰٦ هەتاوییەوە هەتا ئەوڕۆ، کە تەمەنم بۆتە حەفتا ساڵ شتێک کەمتر و، ئەوڕۆ کە دەستم بە نووسینی یەکەم دێڕی ئەو دەفتەرە کرد سێ شەممە ڕێکەوتی ۲٥ مانگی ژوئنی «٦» ، ۱۹۹٦ زایینییە بەرانبەری سێ شەممە ٥٧/٤/٥، یانی پێنجی مانگی پوشپەڕی ۱۳۷٥ هەتاوی لە هەولێر- پایتەختی ئازاد و ئارامی کوردستانی خۆشەویست.

من ٦۹ ساڵ پێش نووسینی ئەو بیرەوەریانە لە ناوچەی موکوریانی سەر بە مەهابادی کوردستانی ئێران لە گوندێک بە ناوی (شێخاڵی) کە کەوتۆتە نێوان هەردووک شاری مەهاباد و بۆکان چاوم کردۆتەوە.

ناوی باوکم: حاجی حەمەد ئاغا، کوڕی حاجی عەولاغا، کوڕی مامەند ئاغا، کوڕی مارفاغا، کوڕی ڕەسولاغا، کوڕی بەیرەماغا، کوڕی ئەحمەد ئاغا، کوڕی عەڕەباغایە کە ئەویش لە ناوچەی دزەیی لە عیراقەوە هاتۆتە دیوی ئێران بەبێ ئەوە کە هۆزی ئێمە بزانن هۆی ئەو پەڕیوەبوونەی باپیرە گەورەی ئێمە چی بوە، بەڵام بە خەیاڵ و بۆچوون دەبێ خوێن و دوژمنایەتی لە بەیندا بووبێ هەروەک لە کورد دەوەشێتەوە.

کە هاتۆتە ئێران گوندێکی کڕیوە بە ناوی (دێبۆکر) و، لەوێ نیشتەجێ بوە دوایی کوڕ و نەوە و نەتیژەی زۆر بوون و، بوونە ئەو هۆزە کە ئەوڕۆ پێیان دەڵێن دێبۆکری، ئەویش بە ناوی دێبۆکر گوندی باپیرە گەورەیان، ئێستەش ئەو گوندە بەو ناوە هەر هەیە و ئاوەدانە.

(شارویران) لە باکووری شاری «مەهاباد» و (محاڵ) لە لای ڕۆژهەڵاتی شار ئەو دوو ناوچەیەن کە جێگەی نشیمەنی زۆربەی دێبۆکریانن لەگەڵ بۆکان بە هەرێمی ڕۆژئاوایەوە و، پێکهاتوون لە شەش تیرەی: مارفاغا، هەباس ئاغا، شێخ ئاغا، حەمەد ئاغا، برایماغا، سلیماناغا، کە بنەماڵەی ئێمە، یانی تایفەی مامەند ئاغا بەشێکن لە تیرەی مارفاغا.

خوێندنی من لە پێشدا هەر لە گوندی خۆمان بوو کەمامۆستایان بۆ دەگرتین و لەگەڵ

براکانی ترم لە لایان دەمانخوێند ئەوانیش زوو زوو دەگۆڕان، دوای چەند ساڵێک منیان لەگەڵ برایەکی ترم بە ناوی حەسەن کە لە ئاڵمانیا کۆچی کرد نارده مەهاباد بۆ مەکتەب و، پیرە نەنکێکمان هەبوو ئەویشیان لەگەڵ خستین کە لەوێ خواردن و، شیو و کۆڵمان بۆ جێبەجێ بکا.

لە مامۆستاکانی ئەو کاتەی گوند ناوی (میرزا رحیم ئاصف)، (مامۆستا نجم الدین) (محمد بحر العلومی) لە بیرم ماوە کە ئێستە ئەو مامۆستا بحر العلومە لە عیراقە و، لێرە بەناوی مامۆستا عەزیز سەلیم، یان سەلیم عەزیز دەیناسن و، ڕەسامێکی گەورەیە، لە بیرمە لێرە پێشانگایەکی بۆ تابلۆکانی کردەوە کە زۆر سەرنجی هەموو لایەکی ڕاکێشا، لە مامۆستاکانی ئەو کاتەی مەهابادیش ئەوەی کە ناویانم لە بیر مابێ: یەکیان (جاهد) مودیری دەبیرستانی پەهلەوی و، ئەوانی تر بە دوای یەکدا ئەو مامۆستا بەڕێزانە بوون: (سەنایی) مامۆستای ئەدەبیات (عبدالحسین پور) مامۆستای حیساب و هەندەسە (شەعبانی) مامۆستای موسیقی و، هەروەهاش مامۆستای زۆر بە نرخ (عەلیی مەحمودی) بەڕێوەبەری ئەو کاتەی مەکتەبی سەعادەت و، مامۆستا محەمەدی ئەسحابی ڕێکخەر و ناظم، کە ئەو دوو بەڕێزە جارێک لە مەکتەب مامۆستام بوون و ئەگەر ئەوڕۆ ئەلف و بێیەکەیەک بزانم لە سایەی سەری وانە و، جارێکی تریش بە گەورەیی و لە سیاسەتدا دیسان بوومەوە قوتابی وان و هەروەک لە دواییدا دەگەینە ئەو باسە، بوومە ئەندامی حیزبێک کە ئەوان لەگەڵ چەند کەسێکی تر دامەزرێنەری بوون و هەتا ئاخریش ئەو ڕازەی وان بۆ من و، بۆ زۆر کەسی تریش ئاشکرا نەبیوو، مەبەستم لەو حیزبە کۆمەڵەی «ژ. ک»ە.

دەرس گوتنەوەی مامۆستا عبدالحسین پور کە خۆی فارس بوو لە حیساب و هەندەسەدا بە ڕاستی سەرنج ڕاکێش و زانایانە بوو، هێندەی لە بیرم بێ من خۆم قەت لە مەکتەب وا نەبوە لە حیساب و ڕیازیدا نمرەی باش وەرگرم و، ئەگەر ڕۆژێک نمرەی زۆرباشم وەرگرتبا دەگەیشتە ١٠ زۆر زۆر ١٢ کە نمرەی باش لە مەکتەبی ئەو کاتە ٢٠ بوو، جا لەبەر ئەوە کە من خۆم لە حیسابدا زۆر کوڵ بووم دەرس گوتنەوەی ئەو مامۆستایە کە زۆر بەسەریدا زاڵ بوو سەرنجی ڕاکیشابووم، بەڵام لە ئەدەبیاتدا باشتر بووم و لە هاودەرسەکانی ترم نەدەمامەوە کە ناوی هێندێکیانم لە بیرە وەک: ڕەسوڵ کەبودی، سەعیدی شافعی،





دەشتی، حسین تدیّن، مستەفا مؤمنی، حسین محمّدی گەورک، سەید مستەفا و سەید کەریمی سەید ئەحمەدی.

ڕەسوڵی کەبودی لە دەرسی ڕیازیدا لە هەمووان سەرکەوتوو تر بوو و هەرکەس لەو دەرسەدا گیروگرفتی هەبا و مامۆستا لەوێ نەبا دەچووە لای ئەو و گرێ کوێرەکەی بۆ دەکردەوە وەک هەڵێنانی مەسەلە و شتی تر و، ئەگەر هاتبا و مامۆستاش خۆی مەسەلەی داهێنابا یان پرسیاری تری کردبا ئەو پێش هەمووان وەڵامی ڕاستی دەداوە و پەکی نەدەکەوت.

ڕۆژێک مامۆستای حیساب هاتە ژوور گوتی: ئەو مەسەلە بنووسن و سبەینێ وەڵامی ڕاستم بۆ بێننەوە، هەروەک دەزانین دەرسی مەکتەب ئەو دەمێش و ئێستەش بە فارسییە.

مامۆستا گوتی: پۆلێک کۆتر بە هەوادا هاتن، کۆترێک لەسەر دارێک نیشتبوو لە پۆلە کۆترەکەی پرسی: ئەرێ ئێوە چەندن؟

لە ناو پۆلە کۆترەکە یەکیان جوابی داوە گوتی: پێت وا نەبێ ئێمە کەمین.

ئێمە و، جارێکی تریش بە قەد ئێمە و، نیوەی ئێمە و، نیوەی نیوەی ئێمە، ئەگەر تۆش لەگەڵمان کەوی دەبینە سەد (١٠٠)، ئەو پۆلە کۆترە خۆیان چەند بوون؟

کە ئەوە فارسیەکەیەتی:

دوست مـــا را طعنه بر قلّت مـــزن        گر شویم ما جـمـع بیحد میشویم

ما و، مثل ما و، نصف ما ونصف نصف ما        گر توهم با ماشوی ما جملگی صد میشویم

ڕەسول هەر لەوێ وەڵامی ڕاستی نووسی و دایە دەستی و، دیارە مامۆستا و هەموو لایەک ئافەرینیان کرد و، دەرکەوت پۆلە کۆترەکە خۆیان سی و شەش بوون.

بۆ هەڵێنانی ئەو مەسەلە لاپەڕێکی تەواویشی بە کۆکردنەوە و، لێکدان و، هەڵاواردن و دابەشکردن. بە گوێرەی یاسای حیساب ڕەش کردبۆوە کە من بە سەری زمانی گێڕامەوە.

ئەو شیعرە فارسییە هەر بەو جۆرە کە نووسیومە لە کتێبە دەرسیەکەی ئەو کاتماندا بە ناوی (ارشاد الحساب) هەبوو.

لە هاودەرسەکانی ئەو کاتەم هێندێکیان ماون و، دیارە ئەوانیش وەک من هێندەی

نەماوە پیر بن!! جا چ بۆ ئەوان و، چ بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانەی لە فێرکردن و بارهێنانی مندا دەوریان هەبووە و سەری خۆیان بە گێژی وەک منەوە ئێشاندوە ئەوەی ماون بەختەوەری و تەمەنی درێژیان بۆ بە ئاوات دەخوازم، ئەوەی نەماون خوای گەورە لە سووچیان خۆش بێ. لێشم سوورە نەماون خۆ عومری نوحیان بۆ نەهاتووە.

بە ڕاستی من نەک هەر ئەودەم کە قوتابی بووم لە دەرسی ژماردن و ئەندازە دا لە دوایە بووم ئێستەش لەو تەمەنەدا لەو دەم کۆڵەوارترم. قەت وا نییە من شتێک بکڕم و لە بژاردن و لێکدانەوەی پارەکەیدا بە هەڵە نەچم تەنانەت میوە و شتی بچوکیش، بۆ وێنە ئەگەر شووتییەک ٩ کیلۆ بێ و، کیلۆی بە ٣,٥ دینار و نیو بێ هەروا بە هاسانی پێم لێک نادرێتەوە بزانم نۆجار سێ دینار و نیوی دەکا چەند و، ئەگەر هاتو زانیشم یان خاوەن شووتی گوتی دەکاتە ئەوەندە ئەوجار توێخم دەچێ هەتا پارەکەی بۆ دەژمێرم و دەیدەمێ چونکە چەند جار لێم تێک دەچێ و دیسان دەی ئەژمێرمەوە و، دواییش نازانم چەند ئەکەوێتەوە لای ئەو کە لێی وەرگرمەوە و زۆر جار لەوەدا فێڵیان لێ کردوم.

جا تۆ بزانە من لەو ئەزموونە بچووکە دەرنەچم لە گێرە و کێشە و کەشمەکەشی تری ژیاندا کە پەیوەندیان بە دیاری کردنی چارەنووس و سەرکەوتن و تێ شکاوییەوە هەیە چۆن دەیدۆڕێنم و دەستەشکاو دەبم کە خۆم قەت نەمویستوە فێڵ لە کەس بکەم و هەر فێڵم پێ نەکراوە.


مەهابادی ئەو دەم شارێکی نەک زۆر گەورە بەڵام هەتا بڵێی دڵگر بوو، ئێستەش کە زۆر لەو کاتە گەورەترە و لەبەر یەک ڕەویوەتەوە و بە هەر چوار لای خۆیدا چ لە لای سێ ئاشان و سەیداوا و، چ لەبەری مەحمودکان و، چ بە لای مەنگوڕان و، مەیدانی حەیوانانداو، چ بۆ لای وسوکەند و شارویران، شار پەڕی هەڵاویشتوە و، حەشامەتێکی زۆری تێ خزاوە کە ئەگەر بڵێم دوو هێندەی جاران ڕەنگە زیاتریش بێ دیسان هەر خۆش و دڵگرە و، هەتا ئەوڕۆ تووشی شارێکی تری وا نەبووم لە دڵی مندا جێی مەهاباد پڕکاتەوە نەک هەر لەودیوە و دیوی کوردستان تەنانەت لە جێی تریش و، هەمیشە و هەتا هەم لە هەر کوێ بم دڵم هەر بۆ وێ دەکورکێنێ چونکە بێجگە لە هەموو لایەنێکی تر بارەگای پێشەوا و سەرداری میللی کورد قازی محەممەدی نەمر و، گڵکۆی هێمن شاعیری گەورە و هەڵکەوتووی نەتەوەکەمان ئەو شارەیان هەتا هەتایە پیرۆز کردوە هەر سەرچاوە و مەکتەبی





فێربوون و خۆڕاهێنانی کوردایەتیی خۆم بوون و، هەوەڵ گڕی هەست و سۆزی نەتەوەپەرستی لەوێ لە من بەربوو و، بێجگە لەوەش کە نەترسی و، نەبەزی و، سەربەرزی و دڵفرەوانی بە گەورە و گچکەی دانیشتووی شارەکەوە دیارە هەر خۆشم سێیەکێکی ژیانم لەو شارە جوانە تێپەڕیوە جا چ سەردەمی خوێندن و شێو و وەرد دانەوەی مەشق و تەکلیفی مەدرەسە و، بە چەپ چەپ و بە ڕاست ڕاستی ناو سەفی وەرزش لە دەرەوەی شار و، حەوشەی مەکتەب و، چ قۆناغی دوای ئەوە و لە دەرەوەی قەیرەیی و پێگەیشتنمدا کە گوندەکانی ئێمە بۆ ڕسوماتی حکومەتی و، ماڵیاتی و دەغڵ و دان و، بەسەرباز گرتنی خەڵکی گوند و، تاپۆ و، جارجار کێشەی سنووری گوند لەگەڵ جیرانەکان و، کێشەی تری وەک کاری دادگا و مەحکەمە بۆ هەموویان سەر بە مەهاباد بوو بەتێکڕایی ئەو پەیوەندیانە کە دیارە ساڵ و مانگێکی زۆریان ویستوە وایان لە من کردوە کە وەک خەڵکی شارەکە مەهاباد بە شاری خۆم بزانم و شانازیی پێوە بکەم، ئێستەش هەزار جۆر بیرەوەریی خۆشم لەو شارە هەیە کە ئەگەر پێم بکرێ بچمەوە سەریان لێیان باز نادەم.

هاتوچۆی مەهاباد هەرچەند وەخت و بێ وەخت هەر شیرن بوو بەڵام هێندێ جار دەبوو بە ناچاری، حکومەتی ئەو کاتە بڕیبوویەوە کە هەر ئاغایەی ساڵێ لە داهاتی خۆی بڕێکی زۆر دەغڵ بەرێ و لە عەمباری حکومەتی بکا و، پسوولەش وەرگرێ کە ئەو دەغڵەی تەسلیم کردوە، ئەویش بە چوار یەکێکی نرخی ڕۆژ و بگرە لەوەش کەمتر جا چ لە گوندی خۆت بۆت بار کردبا و، چ لە بازێڕ بۆت کڕیبا، بەڵام من هیچیانم نەدەکرد و، وەک زۆر کەسی تر هەر لە عەمباردارەکەی خۆیانم دەکڕیەوە بە نرخێکی کەمتر لە نرخی بازاڕ کە دیارە ئەویش لە حکومەت دەیدزی و بەبێ ئەوە گەنمی تەسلیم بکەم وەسڵەی پێ دەدام بۆ پاک کردنی حیسابی گەنمی (مازاد) لە ئیدارەی دارایی کە ماوەیەکی زۆر یەکێک بە ناوی (خردمند) لە ئیدارەکە بەرپرس بوو. گیروگرفتێکی گەورەی تری خەڵک کە ماندوو بوون و هاتوچۆیەکی زۆری بۆ شار دەویست سەرباز گرتن بوو لە گوندەکان کە پێی هەموو کەسی دەگرتەوە و، ئەگەر شتەکە قانونێکی حکومەت بوو تەشقەڵەی بەرتیل ئەستاندنیشی لێ زیاد دەکرا و، دەبوو بە هۆی ناڕەحەتی و دەردی سەری و، هەموو ساڵێ دوو جار لە بەهار و پایزدا لیستەیەک بە ناوی سەربازگیری بۆ ئاواییەکان دەهات کە گەنجی تەمەن هەژدە هەتا بیست و یەک ساڵیی دەگرتەوە و، دەبوو بچن جلکی سەربازی بۆ خاوەن شکۆ



هێدی ساڵی ١٩٥٧: تەورێز - ئێران

لەبەرکەن و، هەموو ڕۆژێ پێش خواردنی قاوڵتی بۆی بپاڕێنەوە کە خوا بیپارێزێ چونکە ئەو لە نان و ئاو پێویست تر بوو.!!

ئەو سەربازگرتنە هەر بێجگە لەوە کە خەڵک خزمەتی ئەو حکومەتەیان لە شانی گران بو هەر باشیش بۆیان نە سەلماندبوو، وا مل کەچی نەبوون کە هەر فەرمانێکی بیدا بێ کەم و زیاد جێ بەجێی بکەن هەر خۆشیان ئەگەر کوڕەکانیان چووبانە عەسکەری بۆ کاری وەرزێری و ڕەنێو هێنانی دەغڵ و دانی خۆیان تووشی پەککەوتوویی و کەم پیاوی دەبوون، لەبەر ئەوە هەر کەس ناوی دەهات بۆ سەربازی وەپەلەقاژە و دەستەوداوێن بوونی ئەو و ئەو دەکەوت کە بە فێڵێک کوڕەکەی بۆ لە سەربازی ڕزگار کەن، ئەو فێڵەش لە بەرتیل بەولاوە هیچی تر نەبوو، هەر خاوەنی گوند خۆشی نەیدەویست خەڵکی ئاواییەکەی ئیش و کار بەجێ بێڵن و بڕۆن، ئیتر کار دەکەوتە پاڕانەوە و بەرتیل دان بۆ ئەوە کە هیچ نەبێ





ساڵێک یان شەش مانگ تەرخانیان کەن و، دیارە سمێڵی ڕەئیسی حەوزەش دەبوو چەور کرێ.

دوای تێکچوونی کۆمار و گەڕانەوەی هێزی میری ناوی من لە لیستەیەکدا هات کە هەرچەند دەزگیرانم هەبوو بەڵام ماڵم پێکەوە نەنابوو کە بەناوی سەرپەرستی ماڵ و منداڵ تەرخان بکرێم. لەبەر ئەوە چەند ساڵێک هەر لە بەهار بۆ پاییز و، لە پاییز بۆ بەهار بەرتیلم دا و خۆم لە سەربازی بوارد. هەتا دوکتور محمد مصدق هاتە سەر کار و یاسایەکی دانا هەرکەس مەبلەغێک پارەی دابا یەکجاری تەرخان دەکرا، ئەو قانونە منیشی گرتەوە و، ئەو پارەم دا و خۆم کڕیەوە و لە سەربازی نەجاتم بوو.

تەواوی ئەو ئیش و کارە هەمووی لە مەهاباد دەبڕاوە کە فەرمانداریی لێ بوو.

هەموو بەخشەکانی بە: (سەردەشت) و (بۆکان) و (شنۆوە) سەر بەوێ بوون، تەنیا کاری دادگا و مەحکەمە نەبێ کە لەوێوە دەچوو بۆ پارێزگا و، لە پارێزگاوە بۆ مەرکەز کە ئیتر لەوێ بڕیاری یەکجاری لەسەر کێشەکە دەدرا جا هەرکەس بردبایەوە یان دۆڕاندبای.

مەهاباد سەرەڕای گچکەیی (دیارە گچکە لە چاو ئەستەمبوڵ نەک لە چاو قەڵادزێ کە سێ چوار هێندی وێیە و زیادتریش) شارێکی ستراتیژیە و، ناوەندیەتێکی گرینگی تایبەتی خۆی هەیە و، بێجگە لەوە، هەر چوار دەورەی لە هۆزە گەورەکانی کورد وەک: مەنگوڕ، مامەش، دێبۆکری، گەورک، پیران، بلّباس، بەگزادە پێکهاتووە و، لە سنووری عیراقیش نیزیکە. هەر هەموو ناوچەکەش هەم لە لانی ئابووری و داهات و، دەغڵ و دان و، میوە و، گۆشت و، خوری و، بەرگن و، پێداویستیەکانی تری کۆمەڵی دەوڵەمەند و بەخێر و بێرە، هەم شارەکەش لە کۆنەوە هەتا ئەوڕۆ هەمیشە شەخسیەتی گەورەی کۆمەڵایەتی و، زانای دەرکەوتووی ئایینی زۆر بە خۆیەوە دیوە و، کانگای بیروڕای کوردانە و هەستی نەتەوایەتی بووە.

مەهابادی ئەو کاتە ئەگەرچی شارێکی بچووک بوو بەڵام لە چاو گوندەکەی خۆمان هەر گەورە بوو، ئەو هەموو دوکان و قەیسەری و، کوتاڵی زەرد و سوور و، هاتوچۆی ترومبیل و هاوار هاواری نوقڵ فرۆش و، شەربەتی مێوژ و، برێشکەی گەنمە شامی و، زەنا زەنای حەشامەتی مەیدانی مەنگوڕان، درینگەی لەسەری پیاوی دەهێنا کە لە گوند شتی وامان

هەر نەدیبوو، لەوێ مەگەر ئێوارە و ئێوارە کە کێوە وان و جوتیار بەرەو ماڵ دەبوونەوە پیرە کوڕێکی وەک کاکەڵڵای ڕەشیدە کوێری تێی هەڵکردبا:

خۆم قاسیدی زێڕنۆکێ سبەی دەڕۆم سەحەری
دەچمە لای بابی زێڕنۆکێ بمگرێ بەنۆکەری

یان قوتە و قوڵەبنێکی وەک برایمی ماماغای بەرەو گوند لە خۆی نووسابا:

هۆی خاڵی ڕێبوار ڕێم کەوتە دۆڵێ    ئە منی کوشت لەنجەی هەوری لە کۆڵێ
هۆی خاڵی ڕێبوار ڕێگەم هەورازە    تیرێکی لێدام چا نابم تازە

دەنا هیچی تر نەبوو بێدەنگی لەو گوندە دوورەوە کەوتوەدا بشکێنێ. گەڕامافون و ڕادیۆ هەر نەبوون تەنیا لە چاییخانەی شارەکان ئەویش لە هێندێکیان گەڕامافون هەبوو، قەوانی سەید عەلی ئەسغەریان دەخستە سەر.

من و براکەم دوو منداڵی فەقیرۆکەی ئەو کوێرە دێیە کە لەوێ مێش لەبەر دەمان هەڵنەدەفڕی زۆری پێ نەچوو لەشار چاو و گوێمان کراوە و تەواوێک چەختی ببووین و دەگەڵ منداڵی شار ڕاستمان دەکردەوە و، بێجگە لەوە دۆست و ئاشنا و ڕۆشناشمان بۆ پەیدا بوو ئەویش لە سایەی باوکمەوە کە لە شار زۆریان ئەویان دەناسی و لەبەر خاتری ئەو ڕوویان دەدا ئێمەش.

یەکێک لەو ناسیاوانە کە دیار بوو هەر لە کۆنەوە دۆستایەتیی لەگەڵ باوکم هەبوو (حاجی سید عبدالرحمن سیدی) بوو، باش لە بیرم نەماوە بەڵام پێم وایە کاری تیجارەتی دەکرد و، ئێستەش لە بنەماڵەی ئەو هێندێکیان لە مەهاباد ماون و، ڕێزیان هەیە کوڕێکی ئەو حاجی سەید عەبدولڕەحمانە بە ناوی (سەید محەمەدی سەییدی) لە دوای مانگی خرمانانی ١٣٢٠ هەتاوی کە هێزی سوری سوویات لە ئاراز پەڕیەوە بەرەو ئازەربایجانی ئێران و، هێشتە کۆماری مەهابادیش دروست نەببوو، خەڵک تاق و واز چەکیان وەگیر کەوتبوو لە مەهاباد بە کردەوەی ئازایانە ناوی دەرکرد و خۆی ناساند، تەنانەت چەند جار بریندار کرا و چاک بۆوە کە کارەکانی پەیوەندیان بە خۆیەوە هەبوو، هۆی کۆمەڵایەتیان هەبوو، ئەو حاجی سەید عەبدولڕەحمانە لەو کەسانە بوو کە بەپێی ئەسپاردەی باوکم هەموو جێژنەیەک دەچووینە جێژنە پیرۆزەی.





یەکی تر شێخێک بوو لە بنەماڵەی شێخی هەورامان کە پەڕیوەی ئەودیو (ئێران) ببوو، لە مزگەوتی بازاڕ لە حوجرەیەکدا دادەنیشت و، لە لای زانای گەورە و بەناوبانگ «مەلا حوسێنی مەجدی» دەیخوێند، باوکم کە مریدی ئەو بنەماڵە بوو ئامۆژگاریی ئێمەی کردبوو کە جار جار بچینە زیارەتی و، ئەویش بە ڕووی خۆش وەریدەگرتین.

لەگەڵ هاتوچۆی شێخ بۆ ئەو مزگەوتە بە خزمەت مامۆستاش دەگەیشتین و، هەموو جارێ دەیدواندین و، ئەو دیتن و دواندنانە لە دواییدا بوو بەئاشنایەتی و دۆستایەتیەکی زۆر گەرم و، ڕێز و حورمەتی ئێمە بۆ ئەو و، گەورەیی و لوتفی ئەو بۆ ئێمە.

ئەو شێخە کە ناوی (شێخ محەممەد مەعسوم) بوو ڕۆژانی هەینی ژمارەیەک دۆست و ئاشنای خۆی بۆ نیوەڕۆیان بانگهێشتن دەکرد و لە باغەکانی دەوروبەری شار و زۆرتریش لە باغی شێخی (کە ناوی باغێکە لە مەهاباد) میوانداریی لێ دەکردن و، هەموو جارێ من و براکەشمی بانگ دەکرد و ئێمەش دەچووین کە دیارە هەردووکمان منداڵ بووین، کوڕی ئەو مامۆستایە کە ناوی ئاغا بوو هەموو جارێ لەگەڵ باوکی دەهات و قولاپێکی ماسی گرتنیشی لەگەڵ خۆی دەهێنا و، هەر دەگەیشتە وێ دەیگوت:

بابە دەچمە ڕاوە ماسی. مامۆستاش دەیفەرموو باشە، خالید تۆش لەگەڵی بچۆ.

خۆ دیارە نەدەکرا بێ ئەمریی مامۆستا بکەم ناچار هەڵدەستام لەگەڵی دەکەوتم بۆ ماسی گرتن کە باخەکە لە ڕووبار دوور نەبوو.

ئەوە ئیتر نە جارێک نە دووجار هەتا ئێمە چووباین بۆ ناو باخ ئەو کوڕە دەیگوت بابە، دەچمە ڕاوە ماسی و، من دەبوو لەگەڵی بچم و، هیچ ماسیشی پێ نەدەگیرا ئیتر نەحەسانەوەم هەبوو، نە نان و چا خواردن.

هەتا ڕۆژێکیان کە گوتی دەچم بۆ ڕاوە ماسی و، دیسان مامۆستا فەرمووی: خالید تۆش لەگەڵی بچۆ، ئیتر گوتم ئەو حاڵە بە حاڵ ناشێ هەر گەیشتینە سەر ڕووبارەکە گوتی:

ئەوەتا ماسیی گەورە، با هەر لێرە قولاپەکە باوێم، گوتم نا، ئێرە باش نییە لەو خوارە جێی باشتر هەیە و، دەراویشی خۆشترە دەچینە وێ. هەر ڕۆیشتین و گوتم ئێرە نا ئێرە هەتا باش لە جەماعەتی ناو باخ وە دوورکەوتین و، زانیم دەنگی ناگاتە باوکی و، گرتم لێدانێکی چاکم لێدا و گوتم: جارێکی تر نەڵێی دەچمە ڕاوە ماسی، هەموو ڕۆژێ تۆ ئەو

بەزمە چییە بە منی دەکەی؟

بەڵێنی دا کە تازە ڕاوە ماسی نەکا، ئەوجار دەستم لێ هەڵگرت و گوتم:

ئەگەر بە مامۆستاش بڵێیی لێی داوم هێندەی ترت لێدەدەم، سوێندی خوارد گوتی بە کەس ناڵێم.

دوای ئەو لێدانە ئیتر خوا بتحەسێنێتەوە ئاسوودە بووم و، منیش لەگەڵ ئەوانی تر تێر و پڕ پڵاو و گۆشتی خۆم دەخوارد و پاڵم لێ دەداوە هەتا ئێوارێ بەرەو ماڵ دەبوومەوە کەس نەبوو بڵێ دەچمە ماسی گرتن، بەڵام بەڕاستی زۆر لەوە دەترسام لە لای مامۆستا ڕاستیم لێ بڵێ و شەرمەندەم کا بەڵام چاکم نەجات بوو دەنگی نەکرد ماڵی ئاوەدان بێ.

ئێستەش ئەگەر کاکاغا کە وا بزانم، ئەو دواییانە لە ڕادیۆ و تەلەڤزیونی مەهاباد کاری دەکرد لەو چەند نەقورچ و سیخورمەی ئەو ڕۆژە ببووریێ، منیش لەو قاچە مریشکانە دەبوورم کە ئەو لە کیسی دام و گلەییم نامێنێ، یانی پاک لە پاک!!.

ئەو دەم زۆر کەس ئەو پرسیارەیان لە خۆیان دەکرد کە ئەو شێخە کە خۆی فەقێیە و لە حوجرە دانیشتوە و، داهات و کاسبی نییە ئەو مەسرەفە چۆن دەکا و، لە کوێی دێنێ؟ هەبوون دەیانگوت مرید و مەنسوب بۆی دێنن، هەبوو دەیگوت دوعا دەنووسێ و بۆی دێ، دوایی کەوا ڕێک کەوت لە شۆڕشی یازدەی ئەیلولدا هاتمە عیراق، دەرکەوت کە سەر بە لایەنێکی سیاسییە و، لەوێوە بۆی دەهات، چڵڵۆنایەتیی ئیشەکەشیان دەبردەوە سەر یەک.

ئەو مامۆستایە (مەلاحوسێنی مەجدی) کە لە پێشدا ناوی هات و، ڕەنگە دواییش ناوی بێتەوە گۆڕێ و لە زەمانی کۆماری مەهابادا وەزیری داد بوو بێجگە لە پایە عیلمیە بەرزەکەی هەر خۆی لە مەهاباد و هەموو موکریان لەبەر تایبەتیەکانی خۆی لە ناو خەڵکدا شەخسیەتێکی خۆشەویست بوو، وای لە خۆی کردبوو خەڵک حەزیان بە دیتن و زیارەتی دەکرد.

لە ماڵی خۆیەوە هەتا مزگەوتی بازاڕ کە شوێنی دەرس گوتنەوە و پێش نوێژی کردنی بوو ڕێگەی بەناو بازاڕ و قەیسەریەکاندا بوو، کە بە پێیان دەهات بە ناویاندا تێدەپەڕی و، لەوسەر هەتا ئەوسەری بازاڕ لەگەڵ ئەو خەڵکە بە شێوەیەکی شیرین ئەحوال پرسی و





قسەی خۆشی دەکرد و، هەریەکە بە جۆرێک و، بە پێی خۆی دەیدواند و شۆخیی لەگەڵ دەکرد، لەسەر ئەو پایە زانستیە بەرزە ڕا کەسی بە کەم نەدەگرت کە جارێک لێم بیست فەرمووی: ئەگەر نەشلێم لە ئێران لە هەموو کەس بەرەژوورترم ئیدیعای وەم هەیە کە لە ئێران کەسیش لە من بەرە ژوورتر نییە، ئەویش لە وەڵامی پرسیارێکدا بوو کە یەکێکی سادە و ساویلکە لە مەجلیسێکدا زۆر خۆمانە لێی پرسی:

ئەرێ مامۆستا کەس لە ئێران لە تۆ عالم تر هەیە.؟

لە ناو فەقێکاندا ئەوەی دەگەیشتە دەرسی بەرەژور هەر خۆیان بۆ لای ئەو دەکوتا کەجێی خۆیان لە لای بکەنەوە، بەڵام ئەوەش لە خۆڕادیتنێکی زۆری دەویست چونکە شێوەی دەرس گوتنەوەی زانستیانەی ئەو کە لە ڕادەیەکی بەرزدا بوو بە هەموو کەس وەرنەدەگیرا.

زۆر کەسی وا هەبوون کە لە لای ئەو فەقێ و، لە جێی تر مامۆستایەکی تەواو بوون. یەک لەو فەقێیانەی ئەو کاتەی مامۆستا کە بۆ زیرەکی ناوبانگی هەبوو مامۆستا (سەید عیزەددینی حوسێنی) بوو کە هەروەک دەزانین دوای شۆڕشی ئێران و، ڕووخانی ڕژێمی شا ئەو یەکێک بوو لەو کەسانەی لە موکوریان بۆ بەرزکردنەوەی هەست و، هاندانی خەڵک لە ڕێبازی کوردایەتیدا دەورێکی دیار و بەرچاوی هەبوو، بەداخەوە دوایی لەبەر پیلەی خۆ بەخۆ و، کەس بە کەسی و، کارشکێنی و، ئێرەیی پێک بردنی هێزە سیاسیەکانی ئەو کاتەی موکوریان بەو ئەنجامە نەگەیی کە لێی چاوەڕوان دەکرا.

زانستی ئەو زانا گەورە (مەلا حوسێن) وای دەنگ دابۆوە و، لە ناو خەڵکدا وا سەلمێندرا بوو کە مەلای تری ناوچە لە ڕووی ویدا بۆ مەسەلەی فتوا و باسی زانستی کێشە و پیلەیان پێ نەدەکرا و، هەرچی ئەو گوتبای هەر ئەوە بوو کەس نەبو قسەی وی بەرێتەوە پاش.

حاجی مەلا جەسیمی (قەباغکەندی) کە گوندێکە لە چۆمی مەجیدخانی نیزیک شاری میاندواو مەلایەکی ناسراو و بە ناوبانگ بوو، ئەو مەلایە فتوایەکی دا کە توتن و جگارە کێشان حەرامە و بۆ ئەوەش زۆر بەڵگەی هەبوو، لە ناو خەڵکیشدا زۆر کەسی وا هەبوون بۆیان سەلماندبوو، دەیانگوت مەلای وەک حاجی مەلا جەسیم لە خۆڕا فتوای وا نادا، دیارە

توتن حەرامە، هێندێکیش کە جگەرە دانانیان لەبەر زەحمەت بوو دەیانگوت حەرام نییە و هەزاران ساڵە خەڵک جگەرە دەکێشن و هیچ مەلایەک حەرامی نەکردوە، بەکورتی ئەو مەسەلە لە موکوریان زۆر پیلەی لەسەر دەکرا و، لە هەموو جێیەک ببوە، باسی ڕۆژ.

لە جەنگەی ئەو کێشە و هەڵلایەدا وا ڕێککەوت ڕۆژێک لە گوندی قزقەڵا بە بۆنەی سەرەخۆشیی شادڕەوان شێخ مەحمودی بەرزنجی لە مەجلیسێکی گەورەدا کە خەڵکێکی زۆر مەلا و ڕیش سپی دانیشتبوون جەنابی مەلا حوسێن و حاجی مەلا جەسیمیش هەردووکیان حازر بوون یەکێک لە ناو خەڵکەکەدا ڕووی لە مەلا حوسێن کرد و عەرزی کرد: قوربان ئەوە زۆر دەرفەتێکی باشە کە ئەوڕۆ هەم جەنابت تەشریفت لێرەیە و هەم مامۆستا حاجی مەلا جەسیم کە فتوای داوە دەفەرموێ توتن و جگەرەکێشان حەرامە، حەز دەکەین بزانین جەنابیشت قۆڵ لەسەر ئەو فتوایە دەکێشێ یان ئەمری جەنابت شتێکی ترە؟

مامۆستا فەرمووی: حاجی مامۆستا شتی وا ناڵێ کاکە توتن کێشان حەڵاڵە، حاجی مامۆستا زۆر لە شەرع شارەزایە چۆن شتی وا دەڵێ؟.

حاجی مەلا لەوێ دانیشتبوو، لە ئەلف نەهاتە بێ و، نەیگوت من گوتوومە، خەڵکەکە تەماشایەکی یەکتریان کرد و ئیتر مەسەلە بڕاوە.

برای مامۆستا مەجدی کە ناوی مستەفاغا بوو، بە تەمەن لە مامۆستا گەورەتر بوو لە گوندی قزلجەی خواروو کە دەکەوێتە نێوان مەنگوڕ و دێبوکریان لەگەڵ سێ چوار خزمی ئێمە: خدراغا، کاک عەلی، کاک مامەند. شەریکە مڵک بوون و لە مێژ بوو لەسەر سنووری زەویەکانیان کێشەیان بوو پێک نەدەهاتن هەتا وای لێ هات جارێک هەردووک لا هاتنە مەهاباد عەرزی مامۆستایان کرد ئەگەر خۆت نەیەی خەتێک بەناوماندا نەکێشی ئەو کێشە هەر دەمێنێ و، ئێمە خۆمان چاری بکەین باشترە لەوەی دوایی بکەوێتە دەست منداڵە وردکە و ناخۆشتر ببێ.

مامۆستا ئەمری بە من کرد بچم و پێی گوتن هەر جێیەک ئەو دای نا بە سنوور من پێی ڕازیم و ئێوەش پێی ڕازی بن، لەسەر ئەو ئەمرەی مامۆستا چووم بە شێوەیەک کە بە خەیاڵی خۆم نەشیش بسووتێنم نە کەباب سنوورێکم لە نێوانیاندا دانا کە ئەو سنوورە ئێستەش هەر ماوە و هیچ لایەک نەیانبەزاندوە.





هەر لەو دەورە دابوو کە گەنجەکانی مەهاباد تازە یەک یەک و دوو دوو بۆ خوێندن دەچوونە شارە گەورەکانی وەک: تەورێز و، تاران کە پێش ئەو دەم نەدەچوون یانی وا باشە بڵێم ئەو شارستانیەت و پێشکەوتنخوازیەی ئێمە کە بە خوێندنی لادێ ڕازی نەبووین و خۆمان دەکوتا بۆ شار ئەوانیشی گرتبوو.!!

یەک لەو گەنجانە من دەمناسی کوڕێک بوو بە ناوی (محەممەدی مەولایی) کە بۆ خوێندن چووبووە تەورێز و تۆزێکیش لە دایکیەوە خزمایەتیی لەگەڵ ئێمە هەبوو دایکی وی و دایکی براکانی ترم کە ئێمە بەرەی دوو دایکین هەردووکیان کچی موفتیی ساباڵاغ بوون، ڕۆژێک لە ناو قەیسەریان دوکاندارێک کە تازە لە تەورێز هاتبۆوە و، بۆ کوتاڵ کڕین چووبوو چەند کەسێک لێی هاڵابوون باسی تەورێز و گرانی و هەرزانیی شتومەکیان لێ دەپرسی یەکیان گوتی: ئەرێ لە تەورێزێ محەممەدی مەولاییت نەدی؟ دوکاندارەکە گوتی: بەرێ واللە دیتم کافر بووە، گوتیان جا چۆن کافر بووە، تۆ بەچی دەزانی؟ کابرا سوێندی خوارد گوتی: بە چاوی خۆم دیتم لە شەقام بە سەری ڕووت دەگەڕا.!!

ڕەنگە ئەوە بۆ من قسورێکی گەورە بێ کە بە مەهاباددا تێپەڕم و یادێکی خەییام نەکەم کە خەڵکی شار دەیانگوت نەوەی وەفایی شاعیری گەورەی کوردە و، هەر لەبەر ئەوەش هەموو لایەک ڕێزیان لێ دەنا و، بە هەموو حاڵ و ئەحواڵێکیەوە خۆشیان دەویست.

مەبەستم لە حاڵ و ئەحواڵی وی ئەوەیە کە گوێی نەدەدا هیچ داب و دەستوور و نەریتی ژیان لە جلک لەبەر کردن و خواردن و بەڕێ چوونی ئاساییدا وەک خەڵکی تر لەوەدا کە خۆی هیچی نەبوو و خەڵکی شار یارمەتییان دەدا قسەم نییە بەڵام فەقیری تریش لە شاردا هەبوون کە هێندەی خەیام کەمتەرخەم نەبوون و، سەرەڕای فەقیری و دەستکورتی ژیانێکی فەقیرانەیان هەر هەبوو.

دەنگی زۆر خۆش بوو، شێت نەبوو بەڵام خۆی لەشێتی دەدا و، لە کەلێندا قسەی زۆر ڕەق و گورچوبڕی داویشتە گەورە پیاوانی حکومەتی شا و، تەوسی پێ دادەدان.

لە مەهاباد گێڕایانەوە گوتیان ڕۆژێک فەرماندەی سوپای مەهاباد (سپهبد کریم وەرهرام) بە فیز و ئیفادەیەکی زۆرەوە بە شەقامدا دەهات و چەند ئەفسەری تریشی بە دواوە بوون هات گەیشتە ئەو جێیە کە خەییام لە قوژبنێک لەسەر جادە هێندێک چیلکە و

چاڵی وەکۆ کردبوو و، لەوێ چای لێدەنا و ئەوێ ماڵ و حاڵی بوو ئەگەر گەیشتە وێ خەیام هەستا بە دەنگێکی خۆش ئەو شیعرە بەرزەی خوێندەوە کە دەڵێ:

(هان اي دل عبرت بين از ديده نظركن هان

ايوان مدائن را آيينه عبرت دان)

ئەو شیعرە کە هەرخۆی مەعنایەکی زۆر بەرزی هەیە ڕووتێکی وەک خەیامیش لە ڕووی فەرماندەی سوپایەکدا بیخوێنێتەوە پەیامێکی زۆر گەورەیە، گوتیان وەرهرام تاوێک لە سەری ڕاوەستا و تەماشای کرد. لە بیرم نییە داخوا قسەشی لەگەڵ کردبوو یان نا و، تێپەڕی.

مەعنای شیعرەکە بە کوردی ئەوەیە: ئەی دڵ بەچاوی پەندوەرگرتن بڕوانە (تاقی کیسرا) و بیکە ئاوێنەی عیبرەت بۆ خۆت.

من بە خەیاڵی خۆم پێم وابوو ئەو شیعرە ئی سەعدییە، بەڵام لە نووسینەوەی ئەو دێرانەدا بە پێرستی دیوانی سەعدیدا چوومەوە نەمدۆزیەوە، بەڵام شیعرەکە ئی هەر کەس بێ لە نرخی شیعرەکە کەم ناکا.

باوکم نازانم بڵێم خەیامی خۆش دەویست یان زگی پێی دەسووتا یان هەردووکیان بوو کە دەیویست لەو وەزعە بێتە دەر و دەیگوت ئەگەر حەز بکا بێتە ئێرە «گوند» هەموو هەل و مەرجێکی ژیانی بۆ پێک دێنم و، ماڵی بۆ پێکەوە دەنێم ئەگەر پێتان دەکرێ هەوڵی لەگەڵ بدەن لەبەر ئەوە هەتا چووبامە مەهاباد باسی ئەوەم لەگەڵ دەکرد و دڵم دەداوە بەڵکو پێمان ڕازی بێ، جارێک دیتم برێکیش دڵی نەرم ببوو، بەڵام دوایی پەژیوان بۆوە، حیکایەتەکەشم بۆ باوکم گێڕاوە: فەرمووی لە شارستان گەورە بووە زەحمەتە لە لادێ بحاوێتەوە.

ئەو خەیامە هەروەک گوتم نە جێی خەوتنی دیار بوو، نە پێڵاوی لە پێ دەکرد، نە جلکی بە جلک حیساب بوو، سەرەڕای ئەوەش کە خۆی خەڵک خێریان پێ دەکرد و پارەیان دەدایە، فەقیری تری شار دەهاتن داوای پارەیان لێ دەکرد و ئەویش دەیدانێ و خێری پێ دەکردن، چەند جار ئەوەم پێوە دیوە.

جێگەی خەوتنی هەر کوێ با ئەو پێی ڕازی بوو، ئاودەستەکانی مزگەوتی حاجی ئەحمەد





کە لە مەیدانی ئارد زۆر دوور نییە چاوەکەی هەرە ئاخری تەواوێک گەورە و بەرفرەوان بوو، بێجگە لە جێگەی دانیشتنی سەر ئاودەست پاناوکێکی تێدا مابۆوە کە وا دیار بوو لە کاتی دروست کردندا بەشی چاوەیەکی تری نەکردبوو هەروا لێی گەڕابوون، خەیام زۆربەی لەو چاوە ئاودەستەدا دەنوست، شەوێک پۆلیسێکی زەمانی شا دەچێتە سەر ئاو بۆ چارەڕەشی دەچێتە ناو ئەو چاوە گەورە و نازانێ خەیام لەوێ خەوتوە و، هەر چاوەڕوانیی ئەوەی نابێ کەسی لێ هەبێ هەر لەسەر ئاودەستەکە دادەنیشێ خەیام لە تاریکاییەکەدا دەڵێ: فەقیرم خێرێکم پێ بکە.!!

پۆلیسی بێچارە کە چاوەڕوانی ئەوەی نابێ و لە پڕ گوێی لەو دەنگە دەبێ لە ترسان لە کونی ئاودەستەکە دەکەوێ و، لەگەڵ هاوار هاواری وی خەڵک دەگەنێ دەری دێننەوە و ئەوەندی بێزیان دێ دەیشۆنەوە و، جلکێکی تری لەبەر دەکەن و بەڕێی دەکەنەوە بۆ لای دایکی منداڵان ! ئەوەش خێر و بێری کاک خەیام بۆ حکومەتی خاوەن شکۆ.!!

بەڵام هەرچی بوو. خەیام و مەهاباد، مەهاباد و خەیام نەوەی وەفایی گەورە دوو دۆستی بە وەفا بوون بۆ یەک.

خەیام بەو دم و چاوە خوروێکاویەی خۆیەوە و، بەو هەموو چڵکنی و، پێخواسی و کرێژ و، بڵوقی دەست و، پانیەی قەڵشاو و ڕیشی نەتاشراو و، ددانی ڕەش و شاشەوە مەهابادی شیرین تر کردبوو یادی بەخێر، یادی ئەو ڕۆژ و ڕۆژگارە بەخێر کە لەو شارە خۆشەویستی هەبوو، باوەڕ و دڵنیایی هەبوو، ڕێز و دۆستایەتی هەبوو، هەست و سۆزی گەرم و گوڕیش سەرەڕای ئەوانە هەمووان.

ڕەنگە خەیام و هەڤاڵ و هۆگری سەردەمی خەیام زۆریان نەمابن بەڵام دڵنیام کە شار خۆی نەمرە و، قەڵای مێرانە، کە شاخە سەختەکانی: قوڵ قولاغ، ڕەشکی، داشان مەجید و، چاڵە بەفران وا بە دڵسۆزی و بەوپەڕی خۆشەویستیەوە لە ئامێزیان گرتوە و بۆی بوونە شوورە و، بە سەربەرزی لە مێژووی پڕ کارەساتی گەلی قارەمانی کوردا هەر دەمێنێ.

خوێنەری خۆشەویست.

کورد گوتەنی من لە ئاشی زۆرم پێ چوە لە ڕێیە پەلەی دەکەم، خۆم درەنگ لەو نووسینە وەخۆ کەوتووم و ساوە ساوم لێ کردوە، ئێستە دەمەوێ زوو تەواوی کەم هەر بە ڕاستی لەو

حاڵەی ئێستە من بە دەست چەند نەخۆشییەوە تێیدام و یەکیان نارەحەتی دڵە، ئەو ماوەم نییە زۆر بەدەور و بەریدا بێم و تیف تیفەی بدەم و، هەر ناشزانم پێم تەواو دەکرێ یان نا بەڵام دەزانم ئەگەر تەواویش نەبوو زەرەرێک لە ئێوە ناکەوێ سەرئێشەیەک کەمتر.

سەرەڕای هەمووی ئەوانەش حەز دەکەم ئێوەی خۆشەویست تاوێک لەگەڵ خۆم بەرمەوە حاڵ و هەوای ئەو چاخەی مەهاباد و موکوریان و، ژیان و گوزەرانی ئەو سەردەمە هەتا ئەو جێیە بیر و خەیاڵ یارمەتیم بدا.

هەموو ڕۆژێ سبەینان ئەگەر دەستمان دەدا کتێبەکان برۆین بۆ مەدرەسە، داپیرە هەر یەکە و پەنابادێکی دەداینێ و هەموو جاریش دەیگوت: ها کوڕە، نەکەیە قمار!!

کە ئەو (پەناباد)ە مواجب و مەعاشی ڕۆژێکی ئێمە بوو بەشی کردبا و نەکردبا تازە هەزار هاوار بە پولێکی، حەز دەکەم خوێنەریش بزانێ کە پەنابادێک نیو قرانە، یانی نیو (عانە) کە دەبێتە دوو فلس و نیو بە پارەی عیراق و، بە پارەی ئێران ١٠ شایی، ڕەنگە پێتان سەیر بێ ئەگەر بڵێم ئەو پەنابادە ئەو شتانەی مەبەست و پێویستی ئێمە بوون هەموویانی پێ جێبەجێ دەبوو لە : چڵە و، مێشێن و، مێوژ و لەبلەبی کڕین و، جار جاریش هێلکە شکێنە کە ئەویش بە هێلکەی کوڵاو بوو ئەگەر دەمانبردەوە هەر لەوێ دەمانخوارد و، ئەگەر دەشمان دۆڕاند ئەوە بە داخەوە! بۆ لایەکەی تر دەبوو، لەوێ لە پێش چاوی ئێمە! دەیخوارد.

بایی دوو شایی مێوژ و لەبلەبی کە دەبێتە پێنج یەکی پەناباد پڕ بە گیرفانی چاکەتی مەکتەب بوو کە ئەو کاتە هەموو منداڵەکانی مەکتەب لە قوماشێکی بۆر و یەک ڕەنگ لەبەریان دەکرد و، فۆڕمی دروونەکەشی وەک جلکی ئەورۆی هیندییەکان لە یەخەیەوە هەتا خوارێ دوگمەیان لێ دەنا و، گیرفانێکی بچووک لە لای چەپەی سینگی و دوو گیرفانی گەورەشیان لە لای ڕاست و چەپەی ئاتەگی دەنا و، یەخەشی وەک یەخەی کراس بوو، «لەبلەبی نۆکێکی دەنک گەورەی سپی بوو لە ناو شیردا دەیانکوڵاند و، لە جیاتی گوێز و بادام لەگەڵ مێوژیان دەخست» و، وا دەبو نوقڵ و گوڵەپێغەمبەرەش لەگەڵ چڵەی ڕۆژانەمان دەکەوت ئەویش هەر بەو مەبلەغە!!.

ئەگەر بە بازاڕی ئەو کاتەی شاردا گەڕابای تووشی زۆر کەسی وا دەبووی کە هەر یەکەی





قەرتاڵەیەکی بە کۆڵییەوە بوو، هاواری دەکرد: بۆ کێ بەرینەوە؟ ئەگەر کەسێک شتی پێداویستی ماڵی دەکڕی وەک گۆشت و سەوزی و ئەوانە دەیدا بەو عەمباڵانە کە زۆربەیان مێردمنداڵ بوون و شتەکەیان بۆ کابرا دەبردەوە ماڵێ و، هەقی خۆشیان وەردەگرت کە ئەویش دوو شایی بوو، یانی شتێک لە نیو عانە کەمتر.

تازە ئەوەی عەرزم کردن ئەوە دەورەی گرانی بوو، زەمانە گۆڕانی بەسەر دا هاتبوو کە وای لێ بێ منداڵێکی مەکتەب ڕۆژێ نیو قرانی بدەنێ بەس بۆ چڵەی زاری و هیچی تر چونکە داستانی لەوە سەیرتر لە پێش ئەوە دا هەیە، بۆ وێنە ئەو دەم باوکم کوڕی گەورەی نەبوە و خۆی سەرپەرشتیی ماڵ و کڕین و فرۆشتنی خۆی کردوە هەموو جارێ بڕێک دەغڵی لە گوندەوە ناردوە بۆ عەللافێک بە ناوی (سەید نەجمە) لە مەهاباد و، بۆی نووسیوە کە ئەگەر دەغڵەکە فرۆشرا پێداویستی ماڵێی پێ بکڕێ وەک: برینج و، خورما و، کشمیش و ئەو شتانە و ڕەوانەی بکاتەوە.

پێویستە ئەوەش بڵێم کە ئەو نووسراوانەی بۆ باوکم هاتوون، چ لەلای ئاغا و جیرانەکانی دەوروبەر، چ لە لای حکومەت و، چ لە شارستان و دۆستانی دوور و نیزیکەوە هەموویان لە سندوقێکی گەورە هاوێژرابوون لە ژوورێکدا بە ناوی خەڵوەتی دەپارێزران کە بەسەر دیوەخانەوە بوو، قەند و تۆ و چای مەسرەفی دیوەخانی لێ دادەندرا و کلیلیشی لە لای چاییچیی دیوەخان بوو.

ڕۆژێک لەگەڵ برایەکی ترم هاتین ئەو نوسراوانەمان هەموو خستە گۆڕێ و خوێندمانەوە کە شتی زۆر سەیر و نووسراوی زۆر سەرنج ڕاکێشیان تێدا بوو.

لە هەمووان سەیرتر نامەی سەید نەجمەی عەللاف بوو کە بۆ باوکمی نووسیبوو: دەغڵەکەی ناردبووت هەمووی فرۆشرا و، ئەو شتانەی خوارەوەم پێ کڕی و بۆم ڕەوانە کردیەوە لەگەڵ ئەویش قایمەیەکی گرتبوو کە: خورما بە چەند، کشمیش بە چەند و، لە بن برینجەکە نووسیبووی: برینجی سەدریی ئەعلا پێنج پوت، پوتی بە ٣٠ شایی کە دەزانین پوتێک شازدە کیلۆیە و ٣٠ شاییش دەبێتە قران و نیوێک، یانی حەوت فلس و نیو، کە بەو حیسابە بە من و براکەم کە ڕۆژێ بە هەردوکمان قرانێکیان پارە دەداینێ بۆ مەسرەف ئەو قرانە نرخی ١٠ کیلۆ برینج بوو، تۆ بزانە ئەو مەسرەفە قورسەی؟ دەبێ ئەو باوکەی

ئێمە چەند بە دەست و دڵ! بوو بێ و؟ چەندی ئێمە خۆش ویستبێ کە ئەو هەموو!! مەسرەفەی لە ئێمە کردوە؟

بەڵام ئێمەش دەرس خوێنێکی باش بووین و، نەماندەهێشت ئەو پارە قورسە!! هەروا بە خۆڕایی بچێ و، هەموو هاوینێک بە سەربەرزی و نمرەی باشەوە دەگەڕاینەوە و مەهابادمان بە پیاسەی سەر پردی سوور و، گەڕاو و، سێ ئاشان و، پردی یەرغوو، سەرکەوتنی داشان مەجید و، گەڕانی گەڕەکەکانی: خڕێ و، حاجی حەسەن و، قوڵە قەبران و، چوارچرا و، خەیابانی شێر و خورشیدەوە بەجێ دەهێشت، یان باشتر بڵێیم لە کیس خۆماندەدا و، دەبووینەوە کرمانجەکەی جاران، ئەوجار ئێمە و ماستی مەڕی و، دۆی ترش و، ئێوارە بازاڕی باغی قەیسیان و، ترێی باخچەی بەر دیوەخان و، سەردانی کولۆش کێشان و سواری جەنجەڕ و، عارەبە و گێرە و کێشەی وەرزێری و، جلەو گرتنی میوان کە هەموویان بەسواری دەهاتن و بە کورتی هەتا پایزێکی تر ئەوەی هەر ئاگامان لێی نەدەما دەرس و حیساب و هەندەسە و، ئیملا و ڕەسم کێشان بوو کە دیارە بۆ ئەوەش کەس نمرەی نەدەداینێ هەتا جلک بۆ ماڵێ کڕدرابا بۆ گەورە و گچکە بۆ هەموو لایەکیان دەکڕی و هەروەها بۆ ئێمەش کە منداڵی سەر و پێچکە بووین هەتا چەند ساڵێک هەر قوماشیان بۆ دەکڕین و لە لای وەستا عەولای خەیات کە هەر لە گوندی خۆمان بوو بۆیان دەدرووین.

ئەو وەستا عەولایە کە لە دواییدا ناوی بوو بە (عەولابەلا) باوکم مەکینەیەکی بەرگدروونی بۆ کڕیبوو کە هەموو جارێ جلکەکانی ئێمەی پێ بدروێ و، دواییش ئیشی پێ بکا بۆ خۆی.

ئەو وەستا عەولایە ئەوەندە تووڕە و ناقولا و نالەبار بوو هەتا ئەندازەی دەگرتین کە جلەکانمان بۆ بدروێ لە حاڵی خۆمان وەڕەز دەبووین هێندی نوکە نیوگەز لە ورگی دەکوتاین، هێندی دەگوت: بسووڕێ بزانم قۆڵت چەندە، ئەوە بۆ بە مۆلەق وەستاوی، چەنەت هەڵێنە بزانم یەخەت چەندە، بێزاری دەکردین، ئەگەر هیچ نەبا نیوگەزەکەی لە ورگی دەکوتاین دەیگوت:

هێندە مەیە پێش ئەوە چت دەوێ؟.

ئیتر خوا بە نسیبی کەسی نەکا ئەو جلک درونە لە چەنگ وەستا عەولا، دروونەکەشی





هەر ئەوەندە بوو پێکیەوە دەنووساند و، نەشماندەوێرا بڵێین کورتە، یان خوارە یان لینگێکی لە لینگێکی درێژترە لە ترسی نوکە نیوگەز. ئەو جلک کڕینە ساڵێ ئەگەر جارێک باو ئەگەر دوو جار ئەوە حاڵمان بوو بە دەست وەستا عەولاوە، ئەوجار دەماوە کێشەی پێلاو لە بەینی من و حەسەنی برامدا کە هەموو جارێ لەسەر ڕەنگەکەی، یان لەسەر نمرە و گەورەیی و گچکەیی پێلاوەکە لێمان دەبوو بە شەڕ، نە ئەو پێلاوە جوانەکەی دەدا بە من نە من دەمدا بەو، لەو ژوورەدا ملمان لەبەر ملی یەک دەنا و، دەبوو بە شەڕی ڕۆستەم و ئەسفەندیار، هەموو توانا و قەوەتی خۆمان وەخڕ دەکرد و، یەکترمان دەهێنا و دەبرد، وا دەبوو من دەکەوتم و هەڵدەستامەوە و، وا دەبوو ئەو دەکەوت و، ئارەقەی ڕەش و شینمان دەردەکرد و، لێک نەدەبووینەوە هەتا ئاخری دایکم دەهات جووتێکی بۆ من فڕێ دەدا و جووتێک بۆ ئەو و دەیگوت. ها لە پێی کەن ئیتر دەنگتان نەیە!...

لە دوای ئەو هەموو سوور هەڵگەڕان و، ڕەگی مل هەستانەش هەر ئەوەندە پاروە نانێکمان خواردبا هەڵدەستاین پێکەوە دەچووینە ناو منداڵەکانی گوند بۆ: جگێن و، مێشێن و، یەکانە و، تۆپی بە داری و، مەزرەق داکوتان بەبێ ئەوە ئەمریکا و ئینگلیس تێ بگەیەنین و، یان بچینە واشنگتۆن و تڕۆگیدا و، دوبلین!! وا ڕێک دەکەوتینەوە هیچمان لە بەیندا نەدەما جا توخوا ئەوە باشتر نییە؟!!.

گوندەکەمان (شێخاڵی) لە ڕۆژهەڵاتی مەهابادە کە چوار سەعاتە ڕێ بۆ ئەسپ سوار و ٢٠ دەقیقە بۆ ترومبێل لە شار دوورە و، گۆڕی باب و باپیر و ئەندامانی تری بنەماڵەی ئێمەی لێیە، گوندێکی کێوپارەیە ئاوی ڕووباری نییە و زەویەکانی لە کانیاو و ئاوی کەرێز ئاو دەدرێن. بەر دێ و پشت دێ زەویی گۆڕ و نەرمانی هەیە و، باقی تر بەشی زۆری زورکەن و کێو و شاخە و، بۆ مەڕداری دەگونجێ گوندی: (کانی کەوتێر) و (قەلاجوغە) لە لای ڕۆژئاوا، (کۆنەمەللالەر) و، (پیروەلی باغی) لە لای ڕۆژهەڵات، (قۆرغان) و(غەوساباد) لە باکوور و گوندی (وەتەمیش) لە باشوور دەورەیان داوە، هەر وەهاش دوو کێوی باسکە درێژ و کێوی شابان لە ڕۆژهەڵات و گردی چاڵە بەفر و باغە دێمیش کەوتوونە لای خوارووی گوندەکە. مەزرا و موچەکانی کانی و گۆلاوی سەربەخۆیان هەیە، گۆلی گەورەش لە خوار گوند کە ئاوی سێ سەرچاوەی (کانیی حەمە سنەیی) و (کانیاغا) و (کانیی شێخەلی) دەچنەوە ناوێ نیزیکەی بیست ماڵ جووت بەندەی لەبەر

دایە و، بە بیست ڕۆژ جارێک نۆبە ئاویان دەگاتێ کە هەموو ڕۆژێ بەیانیەکی زوو گۆل بەر دەدرێ و جێگەی دە تەنەکە گەنم دەدێرێ. دەبێ هەتا ئێواریێ کە ئاوی گۆل ویشکاوی دێ چوار هەتا پێنج ئاودێری لەبەربەن.

جۆماڵی گۆلی گەورە و، جۆگەی ئەو کانیانەی دەچنەوە سەری لە ئەستۆی ئەو ماڵانەیە کە لەبەریدان و هەقاویان هەیە و، لە سەرە بەهاردا هەتا جۆماڵ تەواو دەبێ هەرماڵەی دەبێ ڕۆژێ پیاوێک بنێرن بۆ جۆماڵ، ئەوانی تر کە کانی و گۆلاوی سەربەخۆیان هەیە جۆماڵی لە ئەستۆی خۆیانە.

داهاتی گوندەکە: گەنم و، جۆ و، چەند پارچە ڕەز و باغە کە ئەوانیش بەشی زۆرتری قەیسین و، بە نیسبەتی کەمتریش ترێ و سێو و بادام و هەرمێیان هەیە.

لە جیابوونەوەی برا و برازاکانی باوکمدا گوندی (قۆرغان) وەبەر (وسێناغا) و (سەعدوناغا)ی برازای و گوندی (کۆنە مەللالەر) وەبەر ڕەحماناغای برای کەوت، من جیابوونەوەی وسێناغام وە بیر دێ بەڵام زۆر منداڵ بووم، هەتا لە قۆرغان جێگەی ساز کرد هەر لە شێخاڵی لە ناو خانوویەکی تردا بوو، وەبیرم دێ هەتا شوانەکەی مەڕی لە بێر دەدا و دەدۆشرا من دەچوومە ناو کەپەنکی شوانەکەیەوە و لە خۆم وەردەگرت و هەر چوار لای قاپووتەکەم لە دیوی ناوەوە دەگرت، شوانەکەی ئەگەر لە مەڕ دۆشین دەبوونەوە و دەهات بڕواتەوە کێوی خولۆری دەکردمەوە بەولا و بەو لادا هەتا لە ناو قاپووتەکە دەهاتمە دەر، ئەوجار دەستی دەدایە و دەڕۆیی.

(دایە خات بەسێ) دایکی کاکە وسێنم بەناو ئامۆژن بوو بەڵام زۆر لە دایک چاکتر بوو بۆمان و، چ لەوێ و، چ لە دوای ئەوە کە ماڵیان باری کرد بۆ قۆرغان لە خۆشەویستیی دایکانە بێ بەشی نەدەکردم و، هەتا دەیدیتم بە هەزار قسەی خۆش لە باوەشی دەکردم و، سەد جاری دەگوت: ئۆخەی شوکور کوڕم گەورە بوە و، هەرچی شتی خواردەمەنیی خۆش هەبا لێی وەخرِ دەکردم.

تەمەنی زۆر بوو بەڵام لەسەر پیریش ڕا خۆی سەرپەرشتیی ماڵی دەکرد و ئەوانی تر لەبەر دەستی دابوون و نەیدەتوانی لە ڕێ بڕوا پشتی کووڕ ببۆوە، بێجگە لەوەش وام لە بیرە لاقی بادار بوو هەتا هەبوو هەر وا بوو.





وسێناغا و سەعدوناغا ئەگەرچی ئامۆزا بوون بەڵام زۆر لە برا لە ئێمە نیزیکتر بوون و هەر لە هەوەل هەتا ئاخر هێندەی وەبیرم دێ بێجگە لە خزمایەتی هەر جیرانی چاک و ڕەفیقی چاک بوون و، ئەگەر جارێک دڵۆپەکی بچووک کەوتبایە ناوەوە زوو لادەچوو، چونکە خۆشەویستی هەبوو، خۆ پێکەوە دەرهێنان هەبوو، ئێمەش هەموومان بە چاوی برایەکی گەورە ئەمان ڕوانیە هەردووکیان بە تایبەتی کاکە وسێنم کە لە دوای حاجی حەمەد ئاغا ئەو لە هەمووان گەورەتر بوو، هیچ شتێکی ئەومان لە دڵ نەدەگرت، چونکە خۆی هیچی لە دڵدا نەبوو، زۆر جار لێمان تووڕە دەبوو ئێمە لە جیاتی پێمان ناخۆش بێ پێدەکەنین و، ئەویش دەسبەجێ دەستی دەکردەوە بە جەفەنگ لێدان و قسەی خۆش و، لە بیری دەبردینەوە.

ماڵیان جێگەی حەسانەوەی هەموو ناسیاو و نەناسراوێک بوو کە ڕێی لەوێ کەوتبا و، بە ڕووی خۆش خزمەتی دەکرا.

لە کار و پێڕاگەیشتنی گوندی خۆیاندا زۆر خۆیان ماندوو دەکرد و زۆر بە مشوور بوون جا چ بۆ کاری کشت و کاڵ و چاندنی دەغڵ و دان و، چ بۆ سەرپەرشتیی مەڕ و ماڵات و، چەقاندنی باغ و ڕەز و، ئەگەر بڵێم ئەو هەموو خۆ ماندووکردنەیان بەشی زۆری بۆ ئەوە بوو خزمەتی میوانی پێ بکەن پێم باوەڕ بکە.

ئێستەش کوڕی گەورەی وسێن ئاغا بەناوی (ڕەسوڵاغا) کە لە جێی باوکیەتی و بەشە ملکی وی کەوتۆتە گوندی (قەرەموسالیان) لە نیزیک بۆکان هەرچەند داهاتی جارانی نییە و، پێنج یەکێکی دارایی وسێناغای هەیە ماڵی هەر سەرئاواڵەیە و ڕێزی هەیە و، چاوی لە کردەوەی باوکیەتی و لێی دەوەشێتەوە.

کوڕەکانی سەعدوناغاش کە برای گچکەتر بوو هێندێکیان لە قۆرغان و بۆکان ماون و بە ژیانی خۆیانەوە خەریکن و، کەلەپوری دڵفرەوانیی باوان وە بەر ئەوانیش کەوتوە، کوڕەکانی ئەو دوو برایە هەموویان کەم و زۆر خۆێندەوارییان هەیە بەڵام نەک لە ڕادەی بەرزدا.

یادیان بەخێر، یادی شێخاڵی، قۆرغان و، سەفەر و، حەزەر و، جەفەنگ و، شایی و، نوکتە و هەموو ئاکار و کردەوەی ئەودەم بەخێر. داخم بۆ ئەو سەردەم و دەورانە شیرنە، بۆ ئەو تێر و تەسەلی و، دەست ڕۆیشتن و، ماڵە ئاوەدانانە، بۆ ئەو هەموو ڕاو و، سەیر و

گەمە و، گاڵتە و، میوان و هاتوچۆیە. یادیان بەخێر یادی عومری ڕۆیشتوو بەخێر. نەنکم لە بەخێو کردن و ئاگا لێ بوونی ئێمەدا دەورێکی گرینگی هەبوو چ لە شار و، چ لە دێ، بۆ پاک و خاوێن ڕاگرتن و خواردنمان نەیدەهێشت قسورمان هەبێ، دایکم کابانی ماڵ بوو سەرەڕای میوان دەبوو خێزانێکی ٣٠ نەفەری بەڕێوە بەرێ و ڕسقی مەڕ و ماڵات ڕەنێو بێنی کە کارداری ماڵاتەکەش وەک: شوان و گاوان و گوێلکەوان و، بەرخەوان و، نانکەر و قاپشۆریش لە خێزانەکە زیاد دەبوون و، جیرەیان هەبوو جا لەبەر ئەو شتانە کەمتر دەپەرژایە سەر ئێمە و، نەنکم ئەو ئەرکەی دەدیت و، نەک هەر بە ڕۆژ چاوی لێمان بوو بە شەویش لەگەڵ خۆی دەینواندین، من لە لایەکی و حەسەنی برام لە لایەکەی تری و، هەریەکەی دەستێکی وەبن سەری دەداین و، حیکایەتی بۆ دەکردین هەتا خەومان لێ دەکەوت، ئەگەر دەستی لە بن سەرمان دەرهێنابا نەماندەهێشت مەگەر خەومان لێ کەوتبا و، ئاگامان لێ نەبا.

ئەو برایەم (حەسەن) هەروەک ژنان گوتەنی چونکە نۆبەرە بوو لە من خۆشتریان دەویست ئەویش کە دەیزانی خۆشیان دەوێ پەلپی سەیر سەیری لێ دەگرتن، جارێک لەسەر نەنکم کردی بەگریان دەیگوت دەبێ ئەو جگەی لە قاچت دایە بۆم دەرێنی لەگەڵ منداڵان جگێنی پێ بکەم، هەتا بە هەزار حاڵ تێیانگەیاند کە ئەو جگەی جگێنی پێ دەکرێ لە قاچی مەڕ و بزن دایە و، جگی قاچی ژن و پیاو بە کەڵکی ئەوە نایە، زۆر جاریش جنێوی بە نەنکم دەدا و چونکە خۆشی دەویست بە زاریەوە پێ دەکەنی دەیگوت شێت و شوورە و دەنگی نەدەکرد، کەچی من جارێک جنێوم پێدا ڕێم کەوت هەر لێم نەدەبۆوە دەیگوت: ئەوە تۆش فێرە جنێو بوی سەر گەورە؟

ئەو مامۆستایانەی لە گوندی دەرسیان پێ دەگوتین قسوریان بە لێدانمان نەدەکرد بەشووڵکی تەڕ لە بەری دەستیان دەداین و، وا دەبوو سەری قامکم ڕادەگیرا و، کێم و هەوای لێ دەهات و، لە ماڵێ هەویریان لێ دەبەست دەیانگوت: تەڕی مەکە هەتا چاک دەبێ، لەو مامۆستایانە یەکیان (مامۆستا نەجمەدین) زۆر عەمبەڵی بوو، نیزیک تەپ و تۆز هەر نەدەکەوت و لەبەری هەڵدەهات، منیش کەوتبوومە سەر فێڵەکەی ئەگەر دەهات لێمدا چەپۆکێکم بەسەر حەسیری حوجرەکە دادەدا و تۆزی لێ بڵێند دەبوو ئەویش لە ترسی تۆزەکە پاشە و پاش دەکشاوە و، نەجاتم دەبوو.





ڕۆژێک کە گوێی لێگرتم و دەرسەکەم ڕەوان نەکردبوو هەتا من وەخۆ کەوتم بۆ هەڵاتن ئەو گەیشتە سەرم و دایگرتم بە شووڵکان ناچار بە پەنجەرەی حوجرەکەدا خۆم هاویشتە دەرێ کە زۆریش گەورە نەبوو، نەنکم لەسەر کانیی بەردەرکی ماڵێ ڕاوەستابو ئەگەر دیتی من هەڵدێم. گوتی: ئەوە چییە کوڕە؟ بۆ هەڵدێی؟ گوتم ئەوە مامۆستا لێم دەدا. هات بەردەرکی حوجرەی پێ گرت هەتا توانیی بە سەریدا قیژاند: ئەوە بۆ وا لەو فەقیرە دەکەی؟

چما من کوڕم بۆ تۆ گەورە کردوە هەموو ڕۆژێ دارکاریی بکەی؟

مامۆستا خوا خوای بوو لە چەنگ پیرێژنی نەنکم ڕزگاری بێ، ئەوە فەرهەنگی ئەو دەم بوو جا تۆ پێت باش بێ یان پێت باش نەبێ.

ئەو نەنکەی ئێمە کەرتکە مەڕێکی هەبوو بە شوانکارەی دەدا هەموو جارێ ئەگەر کاوڕ و خوری و بەرگنەکەیان بۆ دەفرۆشت و پارەکەیان بۆ دەهێناوە نەیدەزانی بیئەژمێرێ، یان من یان کوڕەکانی تر یەکیانی بانگ دەکرد دەیگوت وەرە بزانە ئەو پارە چەندە، ئێمەش بۆمان دەژمارد و دەمانداوە ئەویش پارەکەی لە پڕێسکەیەک دەبەست و لە پێش چاوی ئێمە هەڵی داوێشتە سەر ڕفحەی ژوورەکە کە ئێمە دەستی نەکەینێ و، دەیگوت: ها، ئیدی کەس لەوێ دەستی نایگاتێ، هەر ئەو دەڕۆیشتە خوارێ دەستە نوێنەکانمان لەسەر یەک دادەنا و دەچووینە سەری و پڕێسکەکەمان دەهێنا خوار بەشی خۆمان بۆ جگێن و کەللایەن پارەمان لێ دەردەهێنا و، ئەوی ترمان لەوێ دادەناوە، دواییش نەیدەزانی چەندی لێ دەرهاتوە و، هەر بە ئێمەی دەگوت وەرن بۆم بژمێرن بزانم چەندە.

بە دووری نازانم ئەو حیسابگەریە جوان و مەزبوتەی !! ئەورۆی منیش کە بۆم باس کردن هەر بەهرەیەک بێ کە لە داپیرەوە بۆم ماوەتەوە و، وا دیارە لەو میرات گرتنە دا لە بەشی خۆم زیاترم وەبەر کەوتبێ!!...

ئێمە زۆر منداڵ بووین کە دایکم لە ناومان ڕۆیی ئەویش لە کاتێکا کە باوکم لە سەفەری هەورامان بوو، بۆ زیارەتی حەزرەتی شێخی حیسام الدین چوبوو، ئێمەش بۆ داو و دەرمانی، دەستمان بە هیچ کوێ ڕانەگەیی و، هەر لە ناوچەکەدا هیچ شتێک بەناوی دوکتور و ئەو شتانە نەبوو لەبەر ئەوە ئەگەر نەخۆش کەوت حەوتەیەک لەسەر جێگە بوو، هەتا باوکم هاتەوە ئەو نەمابوو.

بۆ برین دەرمان کردن لە گوندێکی جیرانمان (وەتەمیش) پیاوێک بە ناوی (ڕەسوڵی حەکیم) هەبوو، مەڵحەمێکی ڕەشی دەگرتەوە کە وەک (گریس) دەچوو هەرکەس دەچوە لای ئەو مەڵحەمەی لە برینەکەی دەنا، جا، چاک ببا و، چاک نەبا هیچی تری نەبوو.

من جارێک چەکوچم لە دەستی خۆم دا، قامکێکی خۆم لەت کرد ناردیان هێنایان هەتا مەڵحەمەکەی لە دەستم نا و تیتۆڵێکی پەڕۆ لێ بەست لەبەر بۆگەنیوی زاری کەمی مابوو بڕشێمەوە، بۆ جاری دوایی کە دەستم ئەستوور ببوو هەر چەند گوتیان نەمهێشت بیهێننەوە و، بەینێکی پێ چوو هەتا برینەکەی گۆشتی زوونی هێناوە و چاک بۆوە.

هەر ئەودەم لە گوندی خۆشمان پیرێژنێک هەبوو پێیان دەگوت «پور مەستان» و بۆ هەموو شتێک هاواریان بۆ دەبرد، هەموو دەرمانی ئەو ژنەش (کە خۆی ئەگەر لە ڕێگا دەڕۆیی بەهەردووک لادا دەشەلی لەبەر قەڵەوی) لەسەر شەڵتە ساغ ببۆوە کە لە گیا و گۆڵ دروستی دەکرد و، نەخۆشەکە گوتبای کوێم دێشێ شەڵتەکەی لەسەر ئەوێ دادەنا، جا ئەگەر سەری ئێشابا و، ئەگەر زگی و، هەموو جارێش کە دەچوە سەر نەخۆشێک لە پێشدا دەیگوت (همم) میمەکەی ئاخری زۆر درێژ دەکردەوە، جا دوایی ئەگەر نەخۆشەکە مردبا دەیگوت نەمگوت «همم»؟ ئەوە یانی دەمرێ ئەگەر چاکیش ببا، دەیگوت نەمگوت «همم»، ئەوە یانی چاک دەبێ هەر بەڕاستی وەزعی خەڵکی ئەو دەم هەر ناوێکی لێی بنێی زۆر سەیر بوو، لە گوندیدا هەبوو پێیان دەگوت خەرفاوە، هەبوو پێیان دەگوت گۆشتی خراپە برینی چاک نابێ، تۆمەزانە ئەوەی پێیان دەگوت خەرفاوە پلەی خوێنی زیاد بوو و شتی پێ نەدەچۆوە سەریەک و گێژ دەبو و قسەی هەلەق مەلەقی دەکرد و، ئەوەی دەشیانگوت گۆشتی خراپە شەکری خوێنی زیادبوو و نەیدەهێشت برینی چاک بێتەوە؟

نە خۆیان دەیانزانی و، نە بۆ ئەو جۆرە شتەش کەس بە پێویستی دەزانی زەحمەتی سەفەری شارستان وەبەرخۆی بدا و، بچێتە لای دوکتور.

هەر نازانم ئەو دەم لە شارەکانیش لە هەموو جێ و بەهاسانی دوکتور وەگیر خەڵک دەکەوت یان نا، بەڵام ئەوەم لە بیرە لە مەهاباد ژنێکی خارجی بە ناوی (میزداڵ) هەبوو دەیانگوت لە داو و دەرمان دەزانێ و، مەلا ئەحمەدێکیش هەبوو پێیان دەگوت (مەلا ئەحمەدی موسەنین)و، ناوی کەسێکی تری ئەو سەردەمەم نایەتەوە بیر کە بە دوکتور ناسراو بووبێ و نەخۆشی چاک کردبێتەوە.





ئەو شتەی کە ئەوڕۆ بەناوی هوتێل و میوانخانە لە شاران هەیە و، ڕێبوار ڕووی تێ دەکەن و لێی دەخەون لە مەهابادی ئەو دەم نەبوو، ئەگەر کەسێک (بەتایبەتی لە دەوروبەری شار) ڕێی لەوێ کەوتبا دەبوو مەنزڵ بگرێ. ماڵی وا هەبوو ژووری زیادیی هەبوو بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بەکرێ دەیاندا بە میوان و، هەتا لە شار دەڕۆیی خاوەن ماڵەکە نان و شیویشی بۆ حازر دەکرد و هەرچی کرێبای بۆی لێدەنان و، دوایی کرێی ژوورەکەیان لێ وەردەگرت.

لە شاردا ماڵی سەرئاواڵەی واش هەبوو کە میوان ڕوویان تێ دەکرد و لێی دەحەسانەوە یەک لەوان ماڵی (میرزا ڕەحمەتی شافعی) بوو کە دەرگای بۆ هەموو کەس ئاواڵە بوو و خزمەتی میوانیان دەکرد.

میرزا ڕەحمەت یان (ڕەحمەتی حاجی خدری) تاجرێکی دەوڵەمەند و دڵفرەوانی شار و، لە تیرەی گەورک بوو کە لەگەڵ دەوڵەمەندیەکەی مەرد و ڕەند و بە وجود و پیاو بوو، ئێستەش کە خۆی نەماوە ناوی چاکی هەیە، کەم کەس لە مەهاباد ناوی خۆیان دەگوت و هەر پێیان دەگوت: ئاغا، ئەویش وەک قەوامی تاران. بەڵام ئەو سەروەتە زۆرەی کە دەستی زۆر کەسی پێ دەگرت واش دەبوو بۆی دەبوو بە دەردی سەری و، من جارێکم ئاگا لێیە لە زەمانی کۆماردا.

سابلاغی ئەو دەم ئاوی لوولەکێشی نەبوو، زوربەی خەڵک لە حەوشەی خۆیاندا چاڵاویان لێدابوو، ئەوەی چاڵی نەبا دەبوو لە ڕووبار یان لە چاڵی ماڵە جیران ئاو بۆ ماڵی خۆی بێنێ.

قاسمی سەقا (ئاوکێش) بەخۆی و بارگینێکی بۆرەی لاوازی کلک شۆڕ و، پەل تووکنەوە نەیدەهێشت کەم ئاوی بە قاوەخانەکانی شارەوە دیار بێ و، لەوەدا دەورێکی گرینگی هەبوو.

ئەو قاسمە یەکێکی باریکەڵە، موو زەرد و، نیزیکەی بیست و چوار پێنجساڵێک تەمەنی دەبوو، هاوین و زستان و چوار فەسڵ بەجووتێک چەکمەی لاستیکەوە لە هاتوچۆی ڕووباردا بە هاسانی لە خەڵک جیا دەکراوە، کەرەستەی ئاوکێشانی قاسم دوو دەفری تەنەکەی سپیی لای ڕاست و چەپی بارگینەکەی بوو کە بەشکڵی بۆشکە، بازنەیی

مەیلەو درێژ و لە بۆشکە بچووکتر بە تایبەت بۆ ئاوکێشان دروستی کردبوون و، لەسەر کورتانی بارگینەکەی هەڵی دەبەستن، لای خوارووی دەفرەکان زارکێکی بچووکی لێ نابوون بۆ ئاو بەتاڵ کردن و، لە لای سەرەوەش زارکێکی گەورەتر بۆ ئاو تێکردن، سەتڵێکی گەرو باریک و بن پانیشی لە نێوان هەردووک بۆشکە لەسەر پشتی بارگینەکە دادەنا و، تۆپەڵە پەڕۆیەکی لە زارکی لای خوارووی تەنەکەکان داخنی بەڵام ئاوە چۆڕەی هەر هەبوو.

لە دەرکی چاخانە سەتڵەکەی دەهێنا خوار و، هەتا تانکیی چاخانەکە پڕ دەبوو کە ئەویش هەر لە تەنەکە دروست کرابوو تێی دەکرد و، ئەوجار دەچووە قاوەخانەیەکی تر. بارگینەکەی قاسم بۆ دەرکی چاخانەکان لە قاسم شارەزاتر بوو، بەبێ دەنگدانی قاسم خۆی ڕاست لە جێی ڕۆژان ڕادەوەستا و هیچ پاش و پێشی نەبوو، دیارە قاسمیش لەگەڵ ئەو هەموو هاتوچۆیە مشتەریی قاوەخانەکانی دەناسی و، وادەبوو کە بەلایاندا تێدەپەڕی جەفەنگێکی لەگەڵ لێدەدان. ئەوە چەند چا بخۆبەوە گێلە؟!!

بە دوای وەڵامەکە دا قاسم لە قاقای پێکەنینی دەدا و دەڕۆیی بۆ چاخانەیەکی تر ڕەنگە ئاوکێشی واش بووبێ ئاوی بۆ ماڵان بردبێ و، من لە بیرم نەبێ.

دیاردەیەکی تری ئەو کاتەی شار کۆما بەفری کەناری شەقامەکان بوو کە ئەو دەم خەڵک فریزەر و سەهۆڵدانیان نەبوو لە کێوی چاڵە بەفران بە وڵاغان بەفریان دەهێنایە شار و، لە زۆر جێ دەتدی بەفر فرۆش بە خۆی و مشارێکەوە لە تەنیشت بەفرەکەی ڕاوەستاوە، هەرکەس بەفری بوێ بۆی دەبڕێ و دەیداتە دەستی ئەویش بە کاو و کۆتێکی زۆرەوە.

یاسایەکی تری دەق گرتووی ئەو کاتەی مەهاباد کە ڕەنگە زۆر ساڵی تریش دوای ئەو دەم هەروەک خۆی مابێ و گۆڕانی بەسەردا نەهاتبێ ئەوە بوو ئەو گەنجانەی لە شاردا لە دەنگی خۆش و هونەری گۆرانی گوتن بەهرەیەکیان هەبوو شەوانە دوای نان خواردن دەکەوتنە ناو شار و لە هەموو گەڕەکەکان دەنگی گۆرانی گوتنیان بەرز دەبۆوە هەرکەس لە گەڕەکی خۆی و، لەو ڕێگەوە بێجگە لە نواندنی هونەری گۆرانی گوتن و، دەنگی خۆش پەیامی خۆشەویستیی خۆشیان بەگوێی گراویی نادیار دادەدا لە ماڵی باوانیدا و، خۆ ناکرێ بڵێم گراویش فیتووی خۆی نە دەناسی!! یارەبی تۆبە!





جا بۆ ئەوە کە جێیەک بمێنێ بۆ بیرەوەریەکانی پێش ڕۆیشتنم بۆ شار، یانی سەردەمی هەرە شیرین و زێڕین، سەردەمی منداڵیی تەواو منداڵ بە باشی دەزانم جارێ مەهابادی جوان و دڵگر بە شۆخیەکی زانای گەورەی مەهاباد مامۆستا مەجدی دوایی پێ بێنم.

شار ئەو دەم لەگەڵ تورک و، فارس و، فەلە چەند ماڵێکی جولەکەشی تێدا بوو کە هێشتە حکومەتی ئیسرائیل دروست نەببوو، ئەوانیش نەڕۆیشتبوون.

مامۆستا مەجدی کە لەگەڵ خەڵکی تری شار گەورەیی خۆی بەجێ دەهێنا و ئەوانیشی هەڵنەداوارد، دەیدواندن و لە ئەحواڵی دەپرسین، یەک لەو جولەکانە (دەدەنیسانی زێڕینگەر) بوو کە لە بیرمە ڕۆژێک مامۆستا لەگەڵ خۆش و بێشی پێی فەرموو: وەستا دوعایەکی بکە! دینەکە بە تۆوە ڕاوەستاوە!!

جا نەمزانی مەبەستی دینەکەی ئەوان بوو، یان مەبەستی ئەوە بوو کە ئەوی پێ لە خەڵکەکەی تری خۆمان چاکتر بوو، دەیویست ئەو دوعایان بۆ بکا؟!!

گوتیان ڕۆژێک ئەو دەدەنیسانە لە دوکانەکەی خۆی بوو کوڕەکەی هات گوتی: بابە وەرەوە ماڵێ، دەدەنیسان گوتی بۆ بێمەوە؟ کوڕەکەی گوتی خوشکم ڕەدوو کەوتوە، دەدەنیسان گوتی ڕەدووی کێ کەوتوە؟ کوڕەکەی گوتی: ڕەدووی کوردێک کەوتوە، دەدەنیسان بەبێ ئەوە خۆی شلوێ کا بەزمانە پسکەکەی خۆی وا دەکا: لێی گەڕێ با بڕوا ئەو حیز و دزە هەر بۆ پوسوڵمان! چابوو.

ئێمە لە ماڵی خۆماندا دوو بەرە دایک بووین، لە دایکێک پێنج برا و خوشکێک و لە دایکی تر چوار برا و دوو خوشک، کاتی نووسینی ئەو بیرەوەریانە سێ برا ماوین نووسەر و، عومەر و، عوسمان، کە ئەو دووە برای هەرە گچکەن و پێکەوە جمکن.

بەرەی دوو دایک لە هەر ماڵێکدا هەبێ کەم یان زۆر فەرق و جودایی لە ناویاندا هەر دەبێ دیارە ئەو یاسا گشتییە ماڵی ئێمەشی دەگرتەوە بەڵام سەرەڕای ئەوەش حاجی سمایلاغا وەک برای گەورە لەگەڵ هەموو لایەک جێگە و ڕێز و حورمەتی خۆی ڕادەگرت، هەر چەند ناکرێ بڵێم ئەو دیاردەشی هیچ پێوە دیار نەبوو، بەڵام نەک هەر لە ناو براکان بەڵکو لە ناو کۆمەڵ و خزم و ناسیاویشدا دەرکەوتوو و سەنگین و هەڵس و کەوتی باش و ماڵی سەرئاواڵەی هەبوو.

من هێشتە زۆر منداڵ بووم و لە گوند دەمخوێند کە حاجی سمایلاغا دەستخەتی سێ خەتخۆشی موکوریانی پێدام کە مەشقیان لەبەر بکەم، یەکیان خەتی (ئەمیر نیزامی گەڕوس)، یەکیان خەتی (ملک الکلام) ناوێک و سێهەمیانم لە بیر نەماوە، لەوانە یەکیان فەرمانێکی میری بوو کە بۆ پێزانین و بەرزکردنەوەی پلەی «سەرتیپ فەڕاش باشی» لە ئەیالەتی کوردستان (سنە) دەرچوبوو، خەتەکە لە ڕادەبەدەر جوان بوو، من ئەو خەتە بە نرخانەم لەگەڵ شەهادەی مەکتەب و، چەند وێنەی بە نرخی زەمانی منداڵی خۆم هەر هەڵگرتبوو هەتا تووشی دەربەدەری بووم و، دوایی نەمزانی چیان بەسەر هات.

هەر ئەو سەردەم بوو کە حاجی سمایلاغا زۆر جار لە سەفەری مەهاباد شیعری مەلا مارفی کۆکەیی لەگەڵ خۆی دێناوە و، دەیدا بە من دەیفەرموو لە دەفتەرێکدا کۆیان بکەوە با بزر نەبن.

من ئەو شیعرانەم هەموو بە ڕێک و پێکی لە دەفتەرێکدا نووسیەوە و، هێندیان پێدا چوبوومەوە بەشی زۆریانم لەبەر کردبوو، هێشتە لە بیرم نەچوونەوە، هەتا لە گوند بووم ئەو دەفتەرە لە ناو کتێبخانە پچوکەکەی دیوەخاندا بوو دوایی ئەویش بزر بوو.

نازانم مەلا مارفی کۆکەیی کە شاعیرێکی گەورەی کلاسیکی هاوچەرخی مەهابادە تا چ ڕادەیەک بۆ خوێنەر ناسراوە کە لە دوای وەفایی لە هەموو شاعیرانی تری موکوریان بەناوبانگتر بوو، شیعرەکانی کە بەشی زۆریان کۆمەڵایەتی و، جار جار ڕەخنە بوون نەک سیاسی، هەر چەند لە زەمانی پادشایەتیی حەمە ڕەزا و زەمانی خنکاندن و، دەست بە زاری کوردا گرتن بوو بەڵام سەرەڕای ئەوەش لە گوتن نە دەوەستا و نووسینەکانی هەتا بڵێی بەرز و، لە ناو کۆمەڵدا بە برەو بوون و دەست بەدەست دەڕۆیشتن و، بێ پەرواش هێرشی دەبردە سەر هەرکەس کەخۆی ویستبای، جا چ عەشایر و، چ شارستانی، لە پارچە شیعرێکی فارسیدا کە ئەو دەم زۆر دەنگی داوە بە شێوەیەکی زۆر ئەدیبانە و، بێ پێچ و پەنا کەس نەما لە هۆزەکانی: دێبۆکری، مەنگوڕ، مامەش، بەگزادە، گەورک. نەیهاوێتێ کەسەرەتای ئەو هێرشە وا دەس پێدەکا:

(سبحان من یمیت ویحي ولایزال     در کارا و نەچون و چرا نە رە سوآل)

(اصناف خلق مختلف الطبع والمثال  إثبات میکند کە خداوند ذو الجلال)

(برصفحەء وجو دو عدم خود قلم کش است)





دیوانی چاپکراوی ئەو شاعیرە گەورە نازانم هەر من نەمدیوە یان چاپ نەکراوە کە وێدەچێ کەسی وای نەبووبێ خۆی پێوە ماندو کا و ئەویش وەک زۆر کەسی تر وەجاخ کوێر بێ! بەڵام ئەگەر بڵێین ئەو وەجاخ کوێر بووبێ خۆ کۆمەڵ هەمووی هەر وەجاخ کوێر نییە نەهێڵن ئەو زیانە گەورە لە فەرهەنگی کوردی بکەوێ و شوێنەوارەکەی لەناو بچێ.

لە دوای سمایلاغا لە تەمەندا کاک هەباسە کە ئەویش هێندێ تایبەتی خۆی هەبوو، یەک لەو تایبەتیانە ئەوە بوو کە دەنگی زۆر خۆش بوو، بەڵام ئەو دەنگە خۆشە سوودی بۆ کەس نەبوو، نە لەسەر شریت تەسجیلی دەکرد و، نە هەتا خۆی مەیلی لێ نەبا گۆرانیی دەگوت، هۆی ئەوەش هیچ دیار نەبوو چییە.

کاک هەباس زۆرپێ نەچوو لە گوندی ماڵی خۆی لە ئێمە جودا کردەوە و، ژیانی سەربەخۆی هەبوو، دوایی هەر لە گوندیش ڕۆیشتە دەر و بەو جۆرە پەیوەندێکی ساردی لەگەڵ باوکم پەیدا کرد و، ناکرێ بڵێم تایبەتیەکانی حاجی سمایلاغا لەویشدا هەبوو، لە ئاخریدا سەیارە خۆی لێدا و بەوەی چوو.

دوای ئەو نۆبە دەگاتە ئەحمەد و دوای ئەویش حەسەن و لەبەر ئەوە کە لە جێیەکی تر لێی دواوم لێرە دووپاتی ناکەمەوە و هەروەها عەولاغا و دوای ئەویش عوبەید کە بەداخەوە ئەوانە ئەوڕۆ هیچیان لە ناوماندا نین.

دیارە ئێمەش وەک هەموو ئەو کەسانەی تر کە ماڵیان لە گوندە هەموو پێداویستیەکی ماڵەکەمان وەک: گۆشت و، دانەوێڵە و، نان و، پەنیر و، تەڕە و، میوە و ئەو شتانە هەر لە گوندەکە پەیدا دەبوو، ئەو شتانەی من لە بیرم بێ و هەر دەبوو لە شار بیکڕن:

برینج و، خورما و، دۆشاوی ترێ بوو کە ئەویش ساڵێ بە دوو، یان سێ جار دەیانکڕی و دایان دەنا، دیارە جلک کڕینیش هەر لەشار بوو.

سەخڵەتیی زۆری کابانی ماڵ کاتێک بوو کە برینج نەدەما ئەویش لە ترسی ئەوە نەوەک لە پڕ میوان دابەزێ و دەستیان بە هیچ کوێ ڕانەگا بە تایبەتی لە وەرزی پاییزدا کە جەنگەی ڕاوی کەروێشکە و، دۆست و خزم دەستیان لە کار و کاسبی دەبۆوە و دەچوونە سەردان و بەسەرکردنەوەی خزم و دەراوسێ جارجار بە گەل و، جارجار بە تاقم و دەستەی پچووکتر، لە گوندیشدا دوکان نەبوو بۆ پەک کەوتنی جاری وا.

ڕاوی کەروێشک لە دوای خەرمان هەڵگرتن و، کا کێشان و، لەگەڵ شین بوونی ڕەپستە و، کەشاو داچاندن کە دەکەوێتە سەرەتای پاییز وردە وردە دەس پێدەکا لەو کاتەوە ئیتر ڕاوچی بە تەواوی بە خۆی و تاجیی پەنجە بە خەنە و، ئەستۆ بە قەڵادە و، بارگینی ناڵ کراو و تێر ئالیکەوە وەخۆ دەکەوت و، هیچ دەرفەتێکی بۆ ڕاوی قۆڵەشینی: کاک هێمن گوتەنی. گورج و، گشت و، سیخوار لە پشت لە دەس نەدەدا کە بەڕاستی ڕاوەکەشی وەک گۆشتەکەی و، گۆشتەکەشی وەک ڕاوەکەی خۆشە و لێدانی تاجی (لە کەروێشک) بۆ خاوەن تاجی لە هەردووکیان خۆشترە، بە تایبەتی ئەگەر لە پێش تاجیی ڕاوکەرەکانی تردا خۆی بگەیێنێتە کەروێشک و، بیگێڕێتەوە یان هەڵیگرێ، ڕاو ئەگەر لە کێویش تەواو بایە لە ماڵێ تەواو نەدەبوو، شەوێ دیسان شێو و وەردیان دەداوە و، دەبوو بە هەرا و گوڕە و سوێندخواردن لەسەر ئەوە کە تاجیی ئەو خێراتر بوە لە تاجیی ڕاوچیەکانی تر و، ئەگەر گۆڵەشینی ئەو وەک هەڵۆ لە ڕکەیدا پێیدا نەهاتبا و، بەرەو خواری نەکردباوە شینکێ مات و مەلول! ڕزگاری ببوو و دەرچو بوو، ئەو وتانە هەمووی سوێندخواردنی گەورەشیان لەگەڵ بوو. هەروەک لە جەنگەی لێدانی تاجیەکەدا چەند جار خۆی بە قوربانی دەکرد.!

ڕاوی کەروێشک لە دواییدا وا ببوو بە باو و هێندی پەرە ساندبوو کە لە پاییزدا تاجیی خێرا بە نرخێکی زۆر کڕین و فرۆشتنی پێدەکرا و، لە هەر جێیەک هەبا ناوبانگی دەڕۆیشت و کڕیار دەگەیشتە سەری و، تەنانەت تاجیی خێرا و خۆشبەز لە خاوەنی دەشدزرا.

هەتا پاییز درەنگتر بێ ڕاو بۆ ڕاوچی خۆشتر و، بۆ تاجی بەزەحمەتتر و، بۆ کەروێشک شانسی خۆ ڕزگارکردن پتر دەبێ، هەتا وای لێ دێ لە جەنگەی بەستەڵەک و بە قەولی ڕاوچیان لە (نینۆک شکێن) دا کەم تاجیی وا دەبێ بگاتە کەروێشک و هەر تاجییەک لەو جەنگە دا بگاتێ وەبرەو دەکەوێ و، لای خاوەنی خۆشەویستتر دەبێ.

ڕاوچی ئەوە دەزانێ کە ئەگەر تاجیەکەی زۆر تێبەربوو دوای بەینێک ڕاوچیان گوتەنی (ناڵی دەچێ) واتە بەری پەنجەی هەر چوار پەلی چەرمەکەی ناسک و تەنک دەبێ و، لە غاردانێدا دێشێ و، لە خۆشبەزیی تاجیەکە کەم دەکا، لە کاتی وادا چەند ڕۆژێک دەبێ نەیبەنە ڕاوێ و پشووی پێ بدەن هەتا سارێژ دەبێتەوە ئەگەر ڕاوچی سوار دەبێ بۆ ڕاو تاجی هەست بەوە دەکا و، لە جەنگەی سوار بوونی خاوەنیدا بە هێندێک کردەوەی وەک





ڕاوێچکە و، ناسکە ناسک و، قروسکاندن کەیف خۆشی و ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ بەڵام لە هێندێ حاڵەتدا ئەگەر ئامادە نەبێ بۆ ڕاو بە پێچەوانەی ئەوە نەک هەر ئەو ڕاوێچکەیە ناکا خۆشی لە ڕاوچی دەدزێتەوە بە تایبەتی ئەگەر پێش ڕاوێ چووبێتە سەر کەلاک و زۆری خواردبێ چونکە دەزانێ ناگاتە کەروێشک و خۆی دەبوێرێ.

من ئەوەم بە تاجیی خۆمەوە دیوە و، سبەینەیەک کە حازر ببووم بچمە ڕاو، گۆڵە تاجیەکە دیار نەبوو هەر چەند بانگم کرد هەر پەیدا نەبوو ناچار وە دوای کەوتم، دیتم بە ورگی هەڵمساو خۆی لە ئاخوڕی تەویلە دا مەڵاس داوە.

لەوێش هەر چەندی هەوڵم لەگەڵ دا نەهاتە دەر و، ئەو ڕۆژە بە تاجی تر چوومە ڕاو. ڕاوچیی حیرفەیی و کارامە ئەوە دەزانێ کە تاجی ڕۆژێ دوو جار یانی نیوەڕۆ و شەو دەبێ لە نانی ویشک تێر کرێ و، شەویش جێگەی گەرم بێ و، ئەگەر لە نانی ویشک زیادتر شتی تری وەک شیو و، چەقاڵتەی گۆشت و، ئێسک و ئەوانەی پێ بدەن بەزی پێ دەگرێ و قەڵەو و قورس دەبێ و ناگاتە کەروێشک.

ئەو چاوەدێریەی خواردنی تاجی بۆ وەختی ڕاوە نەک بۆ تەواوی ساڵ کە دەزانین لەگەڵ هاتنی بەهار ڕاوی کەروێشک هەڵدەگیرێ و، هەر لە مانگی ڕەشەممەدا ڕاو لە شلی دەدا چونکە لەو مانگەدا کەروێشک ئاوس بوونی پێوە دیارە و، ئیتر ڕاو بە تاوان دادەندرێ.

زۆر کەس لە زستاندا جل بۆ تاجی دەدروون و لە ماڵ بە پشتی دادەدەن کەپێی گەرم بێتەوە، بەڵام تاجی ئەگەر فێری ئەو جلە کرا خۆ ڕاگرتنی لە بەرانبەر سەرمادا کەم دەبێ و ئەگەر لە ماڵ هاتە دەر دەلەرزێ.

ڕاوی ڕەشانگ ناڵێم بە تاقە سوارە ناکرێ بەڵام خۆش نییە و، ئەگەر سوار زۆریش نەبن دوو، یان سێ کەس هەر پێویستە و، ئەگەر لەوەش زیاتر بن خۆشتر دەبێ بەو مەرجە بێ سەرەوبەرە و نارێک و پێک نەبن و، تاجیی ڕست نەکراویان لەگەڵ نەبێ کە ڕاو لە ڕاوچی تێک دەدا و، زۆر جار پێش ئەوەی ڕاوچی بگاتێ کەروێشک هەڵدەستێنێ و، لە کیس ڕاوچی دەچێ.

ئەگەر کەروێشک لە پێش سەفی سواران هەستی ڕاوچی ڕستەی تاجی ڕادەکێشێ و، ئەویش وە دووی دەکەوێ، بەڵام ئەگەر ڕاوچی بزانێ کەروێشکەکە لە قەمچیدا نییە و لێی

دووره و، تاجیـیـەکـەی هەر مـاندوو بـوونی پێ دەمـێنێ تێی بەرنادا، بەڵام تاجیی ڕست نەکراو لە هەر جێیەک کەروێشک هەستێ دوور بێ یان نیزیک ڕێی دەکەوێ و چونکە لێی دووره ناشیگاتێ و، ماندووبونێکی زۆر و بێ سوود تووش دەبێ.

ئەگەر هاتو کەروێشک لەسەر ڕاو، یانی لە لای سەر و لە پێش سواران هەستا، سواری لای داوێنێ دەزانێ هەتا تاجیەکانی تری لای سەرووی سەفەکە نەکەونە لێدانێ کە لێی نزیک ترن تێ بەردانی ئەو بێ سوودە و لەبەر ئەوە گوێ ناداتە خۆ ڕاپسکاندنی تاجیەکەی ڕاوچی تەنیـا ئەو توتکە تاجیـە بەبێ ڕست کـردن لەگـەڵ خۆی دەباتە ڕاوێ کـە چێشـتـە نەکرابێ، ئەوە دەزانێ کە توتکە تاجی هەتا چێشتە نەکرێ، یانی دەم لە کەروێشک نەنێ نازانێ ڕە کـەروێشک بکەوێ بەڵام ئەگـەر لەگـەڵ تاجـیی گـەورەتر جـارێک دەمی لە کەروێشک نا بۆ جاری دووهەم و سێهەم چاکتر ڕێ دەکەوێ.

تاجی ساڵی یەکەم توتکە و، ساڵی دووهەم شەکە و، ساڵی سێهەم ئەبێتە خەرت و، لەو قۆناغە دا دەوری هەڵدان و، چێشتە بوون و، عاملاویی دیوە و لێی تێپەڕیوە، ئەوجار ئەگەر نەگاتێ ئەوە ئیتر نانی خۆی و (سەنگەسیر)ی خاوەنی پێکەوە دەبڕێ.

ڕاوی بەفـر لەگـەڵ ڕاوی ویشـکی و ڕەشـانگ تەفـاوەتی هەیە، چونکە لە ڕاوی بەفـردا ڕاوچی دەبێ بە شـوێن گـێـڕان کـەروێشک بدۆزێتـەوە و، دەبێ بزانێ شـوێن بگێـڕێ، بە پێچـەوانەی ڕاوی ڕەشـانگ کـە کـەروێشک یان بە تەمـاڵ دەبینـدرێتـەوە، یان خـۆی بازرە دەبێ و هەڵدێ.

شوێن گێڕانی کەروێشک بە تایبەتی لە هەزارەدا زۆر وەزەحمەت دەکەوێ و، هێندێ جار هەزارە هیند تێکەڵ و بەربڵاو دەبێ ڕاوچی سەری لێ دەشێـوێ و شـوێنەکـانی پێ لێک جودا ناکرێتەوە، چونکە وا دەبێ شوێنی چەند کەروێشک لە جـێـیـەک تێکەڵ دەبنەوە و، ڕاوچی نازانێ ئەو شوێنەی ئەو بەدوویەوە بوە کـێهـەیان بوە و ئەگەر وای لێـهـات ڕاوچی لەوەبەدەر دەوری هەزارە بدا هیـچی تری لە دەس نایە، بۆ ئەوە کە لە هەر جێیـەک شوێن لە هەزارەکە جـودا بوویێتـەوە وەدوای ئەو کەوێ و، ئەگەر بە دوای شـوێنەکەدا گەیشـتـە دوو لایی ئەوە نیـشـانەی ئەوەیە کـە کەروێشـک نیـزیک بەرەبەیان بووە و، لە شەوگەڕ و، لەوەڕ بۆتەوە و خەریکی کەوتنە، لەو کـاتەدا ڕاوچیی سـوار بەغـار بە دوای شوێنەکەدا دەڕۆن و، بە فیـتـو ئیـشـارەی یەکتـر دەکەن و قسـە نـاکەن بۆ ئەوە کەروێشکەکە گوێی لێ نەبێ و،





هەستـیـان پێ نەکـا نەوەک بـازرە بێ (بازرە ئەوەیە کـەروێشـک خـۆی لە دوور هەڵێ و لە قەمچی ڕاوچیدا نەبێ)، ڕاوی بەفر بۆ تاجی مـاندووبوونی کەمە چونکە کەروێشک پەلی کورتە و، لە کاڵە بێنێک بەفردا هەڵاتنی وەزەحمەت دەکەوێ و، هەموو تاجییەک دەیگاتێ و، ئەگەر بەفر لە کاڵەبێن زیادتریش بێ وا دەبێ بە دەستی دەگیرێ.

زۆر جار ئەگەر بەفر زۆر دەکەوێ کەروێشک دوو، یان سێ شەو لە بن بەفر نایەتە دەر و ناچێـتـە لەوەڕ، لە وەختی وادا شـوێنی هاڵاوی لووتی لە بەفرەکـەدا دیار دەبێ و کـونێکی زەرد لە بەفرەکە دەکا کە ڕاوچی بەو کونە دەڵێن (خوزە) و، هەر بەو کونەش دەیدۆزنەوە و دەزانن لەوێ لە بن بەفرەکەدایە و دەگەنە سەری.

فـەند و فـێـڵـی ڕاو و ڕاوچی زۆرە و، ڕەنگە لێـرە دا ئەگـەر لەوە زیاتر لەسـەری بڕۆم هێندەی جێگە وەبەر نـەکەوێ و، نـازانم ئەوەی سەرەوەش نووسینی هەمووی پێویست بوو یان نا، بەڵام ئەوەی دەزانم ڕاوچیـەتی و، خـووی ڕاوچیگەری نەخـۆشیـەکی وایە ئەگـەر کەسێکی گرت بە هاسانی بەری نادا و، ئەگەر ڕاو دەستی نەدا بیری ڕاویش هەر باشە و، پێی دەچێتەوە سەردەمێکی تر.

زۆر ڕاوچیی وا هەیە ئەگەر سەری شەوێ بستێک بەفر بکەوێ لە خۆشیی ڕاوی سبەینێ هەتا ڕۆژ خـەوی لێ ناکەوێ و، هێـشـتـە هەوا هەر تاریکە سـوار دەبێ و لە پێـشـدا دەوری مـەڵبـەندێک دەدا بـۆ ئەوە کـە ڕێگەی ڕاوچیی تـر بگرێ و، ئەگـەر سـواری تر هاتن و شـوێنەکـەی ئەویان دیت بزانن ئەو ناوە ڕاوچیی تری هاتۆتێ و، ئەگـەر شـوێنی لێ بووبێ گێڕاویانە و، هەر لەوێوە بگەڕێنەوە دواوە.

بەڵام ئەگەر ڕاوچی بۆ ڕاوی قـوڵە شـینی گـورج و گـشـتی سیـخـوار لە پشت هەمـوو لایەنێکی کـاروباری خۆی لێک دەداتەوە و، ئەو پەڕی وەسـتـایی لێ بەکـار دێنێ پێت وا نەبێ کەروێشکیش هیچ فرت و فێڵی نییە و، هەروا لە گوێی گادا نوستوە، ئەویش بەشی خۆی دەزانێ و، چ کاتی شێنەیی و، چ لە تەنگانەدا فێڵ لە تاجی و لە ڕاوکەر دەکا.

هەر شەوێ کەلانی کرد و تێیدا کەوت خەمی ئەوەی لەبەرە کە ئەگەر هاتو سبەینێ لێی قەوما جێگەیەکی سەختی وای بە دەستەوە بێ خۆی لە چنگ دێڵ و گۆڵان ڕزگار کا.

بەڵام سەرەڕای ئەو تێبینیە بەجێیەش لەبەر ئەوە کە زۆر کەیفی بە جێگەی سارد و باگر

نایە ئەگەر ساڵ سارد بوو بەشی زۆرتر هەر لەو داوێن و، پەنا و، بەر ڕۆژانە لان دەکا کە یەکەم زەردەی هەتاو بیانگرێ، ئەوە سروشتی خۆیەتی ئەگەر ڕۆژێک بای هات دیتنەوەی کەروێشک لە ڕۆژانی تر هاسان ترە و، پتر لەو شوێنانە دەکەوێ کە گوتمان پەنا و با نەگرن، چونکە ڕاوچییان گوتەنی بە هەوای بای دەکەوێ، ئەوەش سەرەڕای هەزارە و دولاییەکەیەتی کە ئەویش پڕە لە فێڵ و تەڵەکە و، هەتڵەکردن.

هەروەها ئەو دەمیش کە تاجی لەسەریەتی و دەم لەسەر پشت دەیهێنن ترسی ئەوە کە ها ئێستە هەڵیگرن ها تاوێکی دی فێڵ و تەڵەکەی لە بیر ناباتەوە و، بە بێ ئەوە سەری لێ بشێوێ لە دەرفەتێکدا بۆ تێشکاندنی تاجی بە تایبەتی لە شوێنی لێژ و، سەر بەرەژێر لە جەنگەیەکدا کە تاجیەکان بە هەموو توانایانەوە ڕێی دەکەون و لێی نیزیک بوونەوە لە پڕ خۆی لە عەرزی دەدا و، تاجیەکان لەو حاڵەدا کە باش پڕ بوون و خۆیان کوشیوە پێیان ناکرێ لەگەڵ ئەو خۆ لە عەرزدانەی ئەو بگەڕێنەوە و لانی کەم تاجیەکان چل هەتا پەنجا میترێک بە سەری دەکشێن و، هەتا ئەوان دەگەڕێنەوە کەروێشک لە تەلانی سەردەکەوێ و، بەگوێی قیچەڵ فاچەوە کە نیشانەی سەرکەوتنیەتی لە ڕەوەزی شاخی خۆی نەدیو دەکا.

واش دەبێ دەچێتە ناو کونێ بەڵام ئەوە کەم هەڵدەکەوێ و، کەم شاخ شوێنی وایان هەیە و، ئەگەر هەشیانبێ کەروێشک کەم دەچێتە ناوی چونکە لەو کونانەدا ڕێوی دەچی دەیانخوا.

ڕاوی کەروێشک سەرەڕای تاجی بە تفەنگیش دەکرێ زۆرتر (تفەنگی تاپڕ) کە ئەگەر نەشڵێم ڕاوێکی ناڕەوایە لانی کەم ئەو سەیر و سوعبەت و سوارکاری و، هەوراز و لێژ کردنەی لە ڕاوی تاجیدا بۆ ڕاوچی هەیە لە ڕاوی تفەنگدا نییە و، بێجگە لەوەش ڕێگەی ئەو دەستەوەکەریە لە کەروێشک دەگرێ کە لە ڕاوی تاجیدا هەیەتی و، لە سەدا پەنجا شانس و ماوەی خۆ ڕزگار کردنی هەیە و، هێندێ جار زیادتریش و، ڕەنگە ئەو لایەنەی ئەو ڕاوە غەدرێکی تێدا بێ بۆ کەروێشک.

لە کوردەواری خۆمان بۆتە مەسەل دەڵێن: ڕاوی ڕێوی بۆ کەوڵیە. ئەوە ڕاستە، بەڵام ڕاوی کەروێشک بۆ گۆشت و، سەیر و، سەرگەرمی و، تاقی بوونەوەی تاجی و ئەسپە، کە دیارە کەم کەس گۆشتی ڕێوی دەخوا بۆیە وا دەڵێن هەر چەند بیستوومە بۆ باداری باشە و





هەرچی بێ ئەویش ڕاوچیی خۆی هەیە و من هەر ئەوەندەی دەزانم ئەگەر ڕاوچی لە ڕاوی کەروێشکێ وا دەبێ تووشی ڕێوی دێن دڵیان نایە تاجیی تێبەردەن بە تایبەتی تاجیی چێ کە بۆ خاوەنی خۆشەویستە چونکە ڕێوی دڕە و قەپ بە تاجیدا دەگرێ و زۆر جار داریش لە لغاوەی دەنێن هێشتە بەری نادا و ڕاوچی گوتەنی زاری قفڵ دەکا و، بێجگە لەوە کە تاجیەکە برین هەڵدەگرێ دوایە بۆ ڕاوی کەروێشکیش ترسەنۆک دەبێ و باش خۆ ناداتێ لە ترسی ئەو گەزتنە.

دیارە ڕێوی وەک کەروێشک خێرا و خۆشبەز نییە و، زۆربەی تاجی دەیگەنێ ئەگەر بیوێرنێ، لەبەر ئەوە ئەو گۆڵە تاجیانەی نەگەنە کەروێشک بۆ ڕاوی ڕێوی کەڵکیان لێ وەردەگرن.

زۆر چیرۆکی سەیرم لە فێڵ و تەڵەکەی ڕێوی بیستوە کە لێرە دا پێم ناکرێ پێیاندا بچمەوە بەڵام هەرچی بە زۆرزانیی مام ڕێویەوە بڵێن هەیە و، هەمو حیلەیەکی لێ دەوەشێتەوە ئەگەر بە مرۆی زۆرزان و بە فێڵ و تەڵەکە دەڵێن: دەڵێی ڕێویە جێی خۆیەتی. بەو شەرتە ئێوە نەفەرموون لە ڕێوی زۆرزانتر ئەو کەسەیە کە ڕێوی دەگرێ و، ئەگەر گرتی کەوڵی دەکا و، ئەگەر کەوڵی کرد لە شار و بازێڕانی دەگێڕێ و جەندەکەکەشی وەک سوورە ساقە لەوێ فڕێ دەدا و ئەو کلکە تووکن و جوانەی وەک تێلی تەلەیفون دەڕووتێنیتەوە و، بەو جۆرە چەندی مریشکی قەڵەوی قوڵەی سەر بە کڵاوە و، کەڵەبابی جنجیری هەزار پۆپەی پیرێژنان خواردبێ تۆڵەی هەموویانی لێ دەکاتەوە کە سەردەمێک بەبێ ئادریس و ناوونیشان!! بە کولانەی هەموویانی دەزانی و، هەر دەتدی سەری پێدا دەکردن ئەویش بە شەوی تاریک و تنوک و ئەنگوستەچاو.

خۆ خافڵاندن و یاری و گەمەی منداڵانی ئەو سەردەمە لەو گوندە دوورەوەکەوتوەی ئێمە کە نیزیکەی ٣ سەعات لە هەموو شار و بازێڕێک دوور بوو بە هەموو چەشنەکانییەوە، هەروەها ئەو واژە و وشانە کە لەو گەمە و گاڵتانەدا بەکار دەهێنران جێگەی تایبەتی خۆی هەیە کە ناکرێ بە سەریاندا بازدەم و گلەییم لە مام ڕێوی هەیە کە بە خۆیەوە خەریکی کردم و ئەویش هێندەی تری وە درەنگی خستم.

«ڕەنگە ئەو بیرخستنەوە لێرەدا پێویست بێ کە من نیزیکەی دووساڵ لەسەر نووسینی

ئەو بیـرەوەریانە لاچووم و، هۆی ئەوەش چاپ کـردنی دوو کـتـێبی (کـاروانی خـەیاڵ) و (مێژووی کورد و کوردستان) بوو، دوای ئەوەش نەخۆشی و هاتوچۆی بەغدا و ئێرە و ئەوێ بۆ چارەسەریی نەخۆشیەکە و، لەوەدا دواکەوتنێکی زۆر دوور و درێژ پەیدا بوو».

یارییەکانی باسکراو کە ئەگەر بەرێز پێیاندا بێم بریتین لە : شێر و خەت، مێشین، چوار جگە، جگێن، زەقاڵێن، مەزرەق داکوتان، تۆپێنی بە داری، کەری سورێن، و جار جاریش شەڕە گەڕەکیان لێ زیاد دەبوو، کە خوا هەڵناگرێ لە گوندیدا:

عەولاّ شەلی بەنگینی و حەمە ڕووت و، ئەحمەدی فەقێ حەسەنی و، کەریم چۆلەکە و، مـحـەمـەدی حـەمـە مـرادی نـەیاندەهێـشت هیـچ قـومـارێک لەسـەر (پا) پەکی بکەوێ و هەمیـشـە بە کـیسـەیەک مـەڕمـەڕ و، گـیـرفـانێک جگەوە وەک تای تەوەرداس لە مـەیدان ڕاوەسـتـابوون و، ئەگـەر جگ و کـەللایان بە منداڵان دەفـرۆشت هەر خـۆشـیـان لێـیـان دەبردنەوە.

نرخی جگیش بڕابووە و ئیتر چەنە لێدانی نەبوو، هەرکەس شایییەکی هەبا شەش جگی پێ دەکڕدرا (بۆ زانین قڕانێک عانەیەکی عیـراقیە و، شاییەک دەبێتە دە یەکێکی عانە) کە ئێمە هەروا بەهاسانیش ئەو پارەمان وەدەست نەدەکەوت و، ئەگەر وەدەستمان کەوتبا بە هاسانی لە دەس خۆمان نەدەکردەوە.

ئەگەر بایی شایییەک جگمان دەکڕی تاوێکی چاک جگەکانمان ئەو دیوە و دیو و، سەر و بن دەکرد نەوەک جگی (کاڕز) یان تێدا بێ (دوایی دەگەمە مەعنای ئەو وشانە کە لەو یاریانەدا باو بوون و دەگوتران).

نازانم «جگ» بۆ خـوێنەری خۆشەویست ناسراوە یان نا کە ئێسکێکە لە پەلی حەیوان دایە وەک گیسک و، کاوڕ و، بەران و، مەڕ، جگی بەران لەبەر ئەوە کە لە جگی حەیوانی دی گـەورەترە پێی دەڵێن کـەللا و بۆ (زەقـاڵێـن) بەکـار دێ، زەقـاڵێـن ئەوەیە جـەغـزێکی دەکـێشن (دایرە) و لە ناوەڕاستی جـەغـزەکـە چەند گـوێز، یان چەند جگ دادەکـەن و، بەو کـەللایە لەو هێـڵـەوە کـە لە تەنیـشـت دایرەکـە بۆی دیاری دەکـەن دەیهـاوێنێ، ئەگـەر ئەنگاوتیـان و گـوێزەکـەیان لە جـەغـزەکە بردە دەر ئەوە بۆ خۆیان دەبێ و دەیبـەنەوە، بەڵام ئەگـەر لێـیـدەن و لێدانەکـە وا نەبێ گوێزەکە لە جـەغزەکـە بەرێـتـە دەر ئەوە دەبێ دیسـان





بیباتەوە جێی خۆی و ئەوجار یەکێکی تر بێ کەللای تێگرێ.

دیارە ئەو کـەللایە لەگـەڵ ئەو کـەللایەی تر فـەرقی هەیە کـە لە بەرد دروست دەکـرێ و لەودیو پێی دەڵێن مەڕ مەڕ.

(مێشێن) کە لە یاریەکانی دی باوتر بوو لەگەڵ سەنعەتی مەڕمەڕ خڕ کردن لە دواییدا پێشکەوتنێکی زۆری بە خۆیەوە دی و عـەولاّ شـەلی بەنگین بیـرێکی نوێی هێنا و خـۆی کارخانەی مەڕمەڕ لە چەرخدانی إختراع کرد و ئەویش بریتی بوو لە دوو بەردە زوورەی پان کە ناوەڕاستی هەردووکیانی بە ئەندازەی گوێزێک قووڵ کردبوو، دوای ئەوە کە مەڕمەڕەکە بە دەستی خڕ دەکرا لە ناو ئەو دوو بەردە پانەدا دایدەنا و کەمێکی ئاو تێ دەکرد و بە قاچ دەچوە سەری و خۆی دەسووڕاند بەولا و بەولادا وەک مزگەر و ماوەیەکی زۆر مەڕمەڕەکەی لە ناو ئەو دوو بەردەدا دەسـوەوە هەتا لووس دەبوو بۆ ئەوەش هەقی خـۆی دەسـتـاند کـە جارجار لە جیاتی پارە جگیشی وەردەگرت.

ئەو بەردانەی بە کاری مەڕمەڕ دەهاتن بێجگە لەوە لە هەمـوو گوندێک نەبوون چاک و خراپیشیان هەبوو، ئەو بەردانە بە هۆی بەردێکی زۆر ڕەق کە ناوی سماتە بوو خڕ دەکران و ئەگـەر وەسـتـاکـەی وەسـتـای چاک نەبا مەڕمـەڕەکـە لاپان دەردەچوو و بە کـاری مـێشـێن نەدەهات و پارەی نەدەکرد چونکە ئەگەر دەیانهاویشت خوارە و خوار دەڕۆیی.

بەڵام ناوی یاریەکان:

(مێشێن): پارە دادەنێن یانی (متە) و، بە مەڕمەڕ تێی دەگرن ئەگەر لە پارەیان دا ئەوە هەڵی دەگرن، ئەگەر لە مەڕمەڕیان دا ئەوە یانی کوشتیـان و ئەو پارەی خواردوویەتی لێی دەستێننەوە، یانی لە کوژراوەکە مەڕمەڕ پێش متە خوران ناکوژرێ لە کایەکەدا.

پێش ئەوە دەست بە مێشێن بکەن دوای متە داکردن. پارەیەک لەسەر عەرز بە نیشانە دادەنێن و هەمـوویـان مـەڕمـەڕی خۆیان دێنن و لەسەر پارەکـە قـامکیـان لە قـامکی یەک دەنێن و مەڕمەڕەکانیان لە بەرزاییەوە بەردەدەنەوە سەر ئەو پارەی لە عەرز بە نیشانە دایان نابوو، مەڕمەڕی هەرکەس لە پارەکە نیزیکتر کەوت ئەوە ئەو دەبێتە مەڵلا، هی دوای ئەو دەبێتە پاش مەلا و، مەڕمەڕی هەرکەس لە هەمووان دوورتر کەوت ئەوە دەبێتە قڕە.

(ماتێن): لە جیاتی متە دانێن قوڵکە هەڵدەکەنن و هەرکەس مەڕمەڕی خۆی هاویشت

و چوە ناو قوڵکەوە ئەوە وەک پارەی خواردبێ وایە یانی (متە) و، ئەگەر کوژرا پارەکەی دەبێتە هی ئەو کەسەی کوشتوویە.

(چوار جگە): جگ هەڵداوێن لەسەر پارە، چەند کەس لە یاریەکە دا بن هەر جارە یەکیان هەر چوار جگەکە هەڵداوێن، ئەگەر لەو هەڵاویشتنەدا ٣ جگ، یان هەر چوار جگ وەک یەک، یانی لەسەر بارێک کەوتن (چەق) یان (تەف) ئەوە پارەی دیاریکراو دەباتەوە و، ئەگەر واش نەبوو هەر جگەی بە بارێکدا کەوت وەک (چک) و (پک) و (تەف) ئەوە هیچ ناباتەوە و، دەبێ جگەکان بدا بە هەڤاڵەکەی لای دەستە چەپی خۆی کە نۆبەی هەڵاویشتنی ئەو دێ.

(هێلکە شکێنە): فێڵی کەم تێدا دەکرێ و هێلکەی ڕەق و نەرم دەوریان هەیە لە بردنەوە و دۆڕاندندا. واژەکانی ئەو یاریە: سەرە، قوڵە، جووتەیە کە بە گوێرەی تێڕادیوی هێلکەی خۆی ئەو سەرە و قوڵانەی لایەنەکەی تر دەبێ بشکێنێ، ئەگەر نەیشکاند و لە جیاتیان هێلکەکەی خۆی شکا ئەوە دۆڕاندوویە و، دەبێ هێلکەکەی خۆی بدا بەو.

(جگێن): جگ هەڵداوێن لەسەر جگ و چەند منداڵ بن هەر یەکەی جگێک دادەنێن و پێکەوە هەڵیان داوێن و هەرکەس جگی خۆی دەناسێ، ئەگەر جگی یەکیان چەقی هێنا ئەوە ئەو جگانەی بەباری (چک) داکەوتوون هەموویان دەباتەوە و، ئەگەر. تەفی هێنا ئەو جگانەی تر کە (پک) کەوتوون هەڵیان دەگرێ و دەبنە هی ئەو، لەوەشدا منداڵان فێڵیان دەکرد و جگەکانی خۆیان (پەل) دەکرد و، تەنیشتی جگەکانیان لە بەردە زوورە دەخست هەتا لووس دەبوو و بەو جۆرە چاکتر دەچەقین و، ئەگەر هەڵیان داویشت زۆربەی هەر چەق، یان تەف، دەهاتن و جگەکانی تریان دەبردەوە.

(تۆپێنی بە داری): لەو یاریەدا تۆپانەچییەکان دەبنە دووبەرە و، لە سەرەتای تۆپێنەکەدا شێر و خەت هەڵداوێن کە بزانن تۆپ بۆ کێهە لا دەبێ، دوای شێر و خەت ئەو لایەی تۆپی وەبەرکەوتوە تۆپ هەڵداوێ و یەکێک لە لایەنەکەی تر بە داردەستێک لە حەوا لە تۆپەکە دەدا، ئەگەر لێی دا دارەکە دادەنێ و هەڵدێ بۆ لای قەلە مندارە (یانی ئاخری مەیدان کە ئەگەر گەیشتە وێ کەس هەقی نیە تۆپی تێگرێ و ئەو شوێنە لە پێش تۆپانەدا دیاری دەکرێ). بەڵام پێش ئەوەی بگاتە قەلە مندارە ئەگەر لایەنەکەی تر کە





تۆپی بۆ هەڵاویشتبوو تۆپی تێگرێ و لێی دا ئەوە ئەو لایەنە تێدەکەوێ و دەبێ تۆپەکە بدەن بە وان هەڵی ئاوێن و ئەو جار ئەوان بە دار لە حەوا لێی دەن.

تۆپی ئەو تۆپانەیە لاستیک نییە و خۆیان لە پەڕ و پاڵ بە سووژن و بەن دەیدروون و توندی دەکەن.

دەتوانم بڵێم ئەو یاریانە کەش و وەخت و زەمانی جیاوازیان هەبوو، بۆ وێنە تۆپێنی بە داری زۆرتر لە ئێوارەی بەهاردا دەکرا کە لە مەزرا جووت بەر دەبوو ئێواران کار کەمتر بوو.

جگێن و مێشێن کە بۆ منداڵی ژێراترە بەهار و پاییز و زستان هەیە و لە هاویندا لە کزی دەدا، هەروەک جۆرابێن و کەڵەمستێن دوای خەرمان هەڵگرتن و تۆو چاندن و کاکێشان و تەواو بوونی کاری مەزرا کە خەڵکی ئاوایی دەستیان وەبەر خۆیان کەوتەوە لە مزگەوت دەست پێدەکا و بێجگە لەوانە یاری تریش لە مزگەوت بۆ خۆ خافڵاندن دروست دەکرا وەک گورزی فیتوی و شتی تر.

زۆر جار وا دەبوو ئەو کەسانەی جۆراببازی چاک بوون زستانان گوند بە گوند دەڕۆیشتن و، لە ناویاندا هەبوو کە ناوی دەرکردبوو.

لە جۆرابێندا کە بە دە گۆرەوی دەکرێ، لایەک مازوو لە گۆرەویەکاندا دەشارێتەوە و لایەکەی تر شک دەکا بۆ دۆزینەوەی مازووەکە، کە ئەویش فێڵ و لێزانینی هەیە و گۆرەویباز لە ڕاوێژی گەڕانی تەڕەفی خۆی و، چلۆنەتیی گۆڕانی دەستی لە کاتی دانانی مازووەکەدا هەست بەوە دەکا کە دەبێ لە چ گۆرەویەکی خستبێ و، ئەو گۆرەویەی شکی لێیەتی بەگوڵ لێی دەدا و، وا دەبێ مازووەکەی تێدا دەبێ و، بەو جۆرە دەیدۆزێتەوە.

بەڵام لە کەڵەمستێندا کە ئەویش هەر لە مزگەوت دەکرێ، لە جیاتی گۆرەوی شتێک لە کۆشی زەلاماندا دەشارنەوە وەک تۆپێکی گچکە، یان بەردێک و، لایەکەی تر شک دەکا بۆ دۆزینەوەی و، بەردەکە لە کۆشی هەرکەسدا بدۆزرێتەوە تەریق بوونەوەی تێدا و، جەماعەت لێی لە هەرا دەدەن.

(میر میرێن): لەو کایانەی تر، کە ئەویش هەر لە مزگەوت ساز دەکرێ و، وا دیارە ڕابوردوویەکی زۆر کۆن و لە مێژینەی هەیە. میر میرێنە. کە هەر چەند بەناوی گاڵتە و یاری دەکرێ بەڵام بە ڕاستی فەرمانی میر ڕەد بوونەوەی نییە و، هەرچی ئەمری پێ بکا

دەست و پێوەند و دارودەستەی میر بەجێی دێن کە ئەوانیش هەر یەکەی داردەستێکیان لە جیاتی تفەنگ لە شانی کردوە و، لە جیاتی قایش بەنێکیان تێ خستوە و هەمیشە ئامادەی فەرمانن.

دیارە پیاوی تێگەیشتوو نەبا نەیان دەکردە میر و، ئەو میرە تێگەیشتوو و شارەزایە دەیزانی کێ بۆیە دەبێ جەریمەی بکا و، کێ بۆ جەلب و ڕاکێشان دەبێ و، کێ بۆیە دەبێ لە دیوەخانی خۆی داینێ و پرس و ڕای پێ بکا و حورمەتی بگرێ.

(هەتەرێ و مەتەرێ): دابێکە تایبەتی نەورۆزە و، شەوی نەورۆز منداڵان دەچنە سەر کولاوکەی ماڵان لە ئاوایی بۆ هەتەرێ و مەتەرێ و پرێسکەیەک لەوێوە ڕۆدێڵنە ناو ژووری ماڵەکە و دەڵێن: هەتەرێ و مەتەرێ، سەری ئاواڵم بە... کەرێ. شتێکم بۆ باوێنە پشت چەپەرێ، یان دەڵێن: هەلاوە و مەلاوە، کوڕەکەتان ببێ بە زاوا بەشی من لەو ماڵەدا ماوە.

ماڵەکەش بەپێی ئیمکانی خۆیان لە هێلکە، گوێز، مێوژ، سنجو، ئەگەر ئەوانە لە ماڵیاندا نەبوو پارەی بۆ لە ناو پرێسکەکە دەبەستن و ئەویش لە سەربانەوە هەڵیدەکێشێتەوە سەرێ و، لەوێوە دەچێتە سەر کولاوکەی ماڵێکی تر.

(قەرێ قەرێ): لەو یاریەدا کە تایبەتی شەوە منداڵ دەبنە دووبەرە و، یەکیان دەس بە چاوی لایەکەی تر دەگرێ هەتا هەڤاڵەکانی خۆیان دەشارنەوە، پاش تاوێک چاوی بەردەدا بۆ ئەوە کە بچێ بیاندۆزێتەوە، ئەگەر هاتو یەکێکیانی دیتەوە ئەوە ئەوجار ئەو دەست بە چاوی لایەکەی تر دەگرێ هەتا هەڤاڵەکانی خۆیان دەشارنەوە و ئەویش دیسان دەچێ لێیان دەگەرێ کە بیاندۆزێتەوە.

(شەڕەگەڕەک): هەرچەند شەڕە گەڕەک بە ناوی یاری دەکرێ بەڵام لایەنێکی جدی و ڕاستی تێدا، منداڵی هەردووک گەڕەک وەخۆ دەکەون و قۆچەقانیەکانیان دێنن کە لە شەڕە گەڕەکدا دەوری ئەو قۆچەقانیانە زۆر گرینگە جا چ قۆچەقانیی بەنی چندراوی لاسک درێژ و، چ قۆچەقانیی لاستیک و فاق.

هێرش بردن، پەنا گرتن، خۆ پاراستن لە شەڕە گەڕەکدا بەدی دەکرێ جا با منداڵانەش بێ.





زۆر جار شەڕە گەڕەک لە نێوان ناخۆشی و کێشەی دوو منداڵی گەڕەکی سەرێ و خوارێ پەیدا دەبێ و، ئەوانیش منداڵی تر لە خۆیان وەخڕ دەکەن و شەڕە گەڕەک دەس پێدەکا.

ئێستە مادام باسی کایە و گەمەی منداڵان کرا ڕەنگە ڕوون کردنەوە و لێکدانەوەی ئەو وێژراو و واژانەش پێویست بێ کە لە جەنگەی یاریەکاندا بەکار دەهێنرێن و هەر یەکە مەعنای تایبەتی خۆی هەیە لە فەرهەنگی گەمە و گاڵتەی منداڵاندا.

(١) (مێش و محانج): لە یاریی مێشێندا کە لەو دیوە پێی دەڵێن کەللایەن، منداڵ مەڕمەڕەکەی داوێ و کە گوتی (مێش و محانج) یانی هەرچی گرتی لە متە و لە کەللا هەر حەلە و، ئەگەر متەی گرت پارەکە دەبێتە هی ئەوە و ئەگەر کەللای گرت ئەوە دەکوژرێ.

(٢) (حاپول): ئەگەر منداڵ کەللاکەی هاویشت و وا هات وەقاچی کەسێک کەوت و نەیهێشت تەواو بڕوا، خاوەنی مەڕمەڕەکە دەڵێ شەقاوێک، یان دوو شەقاو دەبێ حاپولم بدەنێ یانی کەللاکەم لەو شوێنە دوورتر خەنەوە کە لێی ڕاوەستاوە بۆ ئەوە کە خاوەنی کەللاکەی تر لە نیزیکەوە کەللای تێ نەگرێ بیکوژێ.

(٣) (متە): بەو پارەیە دەگوترێ کە دای دەکەن بۆ مێشێن، ئەگەر لە جیاتی پارە جگیش داکەن هەر متەی پێ دەڵێن.

(٤) (کاڕز): بەو جگە دەڵێن کە ڕزیبێ و پووکابێ.

(٥) (تخ): لە یاریی چوار جگەدا یاریگەر ئەگەر زانی هەڤاڵەکەی لە هەلاویشتنی جگەکاندا فێڵی کردوە و جگی گرتوە دەڵێ (تخ)، یانی ئەو هەلاویشتنە قبوڵ نییە و، دەبێ دیسان جگەکان هەلاوێتەوە، وەک دەڵێن لە تاوڵە دا زار دەگرن و فێڵ دەکەن.

(٦) (قرت): ئەگەر یاریگەرێک لە یاریدا وەلا نرا و ئەوانی تر نەیانویست یاریی لەگەڵ بکەن جا لەبەر فێڵ کردنی بێ یان شتێکی تر دەڵێن فلانەکەس (قرت) یانی وەلامان ناوە و ئیتر یاریی لەگەڵ ناکەین.

(٧) (مۆر): یانی ڕاستەوخۆ مەڕمەڕ لە پارە، یان جگ بگرێ.

(٨) (هەڵگرتە): ئەوەیە مەڕمەڕ وەعەرزی نەکەوێ هەتا دەچێ وەکەللاکەی تر دەکەوێ و دەیکوژێ.

(٩) (خشکە): ئەوەیە کەللا بە عەرزدا بڕوا و بچێ وە کەللای تر بکەوێ.

(١٠) (جگی تورشی): بەو جگە دەڵێن کە لە گۆشتی کاڵ هاتبێتە دەر بەبێ کوڵاندن.

(١١) (سەرقول): بەو جگە دەڵێن کە منداڵی یاریگەر بۆ بەرەکەت لە ناو قامکی گەورە و قامکی شەهادەی خۆی دەگرێ و هەتا هەموو جگەکانی تری خۆی نەدۆڕێنێ ئەو جگە دەرناهێنێ و، کە هیچی تری پێ نەما ئەو جگە دەردێنێ و پێی دەڵێن سەرقول.

من هەتا ئێستە ئەو وێژراو و واژانەم لە نووسینی نووسەرەکاندا نەدیوە جا نازانم جێگەی بەکارهێنانیان نەبوە یان هەر وشەکان بۆیان نەناسراو بوون، خۆ ناکرێ بڵێین ئەو یاریانە بە تێکڕایی هەر تایبەتی شوێن و ناوچەیەکن و لە جێیی تر باو نەبوون من گوتم با ئەو وشانە کە هەموویان کوردیی پەتین بێنە سەر کاغەز خۆ ئەگەر فەرهەنگەکەشمان دەوڵەمەند نەکەن خۆیان لە بزر بوون ڕزگاریان دەبێ.

کچانیش لەو بەینەدا وەنەبێ هەر لەوێ ڕاوەستن و تەماشای قومار و کایەی کوڕان بکەن، ئەوانیش قومار و گاڵتە و هەڵپەڕ داپەڕی خۆیان هەبوو کە من ناوی هێندێکیانم لە بیرە وەک: حێلانە، شوپەکان، بووک بووکێن، موروانە.

لە حێلانەدا چەند کیژ بن قۆڵیان درێژ دەکەن و دەستیان دەخەنە سەرشانی یەکتر و کۆڕێکی بازنەیی ساز دەکەن و خۆیان هەڵدەاوێن و، جارێک بە لای ڕاست و جارێک بە لای چەپەدا خۆیان دەشکێننەوە و، لەگەڵ ئەو حەرەکەتانە گۆرانیش دەڵێن.

لە شوپەکاندا کیژان دوو دوو ڕووبەڕووی یەکتر دێن و، چەپڵە لێدەدەن و، دەس بە ئەژنۆیاندا دەدەن و هەموو جارێ ئەژنۆیان خوار دەکەنەوە و ئەو بەند و گۆرانیانە دەڵێن کە تایبەتی ئەو یاریەیە و من هیچیانم لە بیر نییە.

لە بووک بووکێندا ئەو دەم کە ئەو بووکە شوشەی ئەوڕۆ نەبوو کیژان خۆیان لە چیلکە و پەڕۆ و پاڵ بووکیان سازدەکرد و، ئەوجار وەدووی دەکەوتن و بەگەل گۆرانیان بۆ دەگوت: هە چەرمە چەرمە چەرمە: دایک بەبووکێی شەرمە. دوای بووک دابەزاندن هەر کیژەی لە بن بەردێک ماڵی بۆ خۆی دروست دەکرد و، دەچوون میوانی یەک دەبوون و بەخێرهاتن و میوانداریی یەکتریان دەکرد.

دیارە تەمەنی ئەو کیژانە هەموویان لە دە ساڵ کەمتر بوو.

***





تایفەی مارفاغا پێک دێ لە :

١-ماڵی مامەندئاغا.

٢- ماڵی پیرۆت ئاغای قەرە قشلاغ (پیرۆتی).

٣- ماڵی حاجی ئێلخانی: یانی هەرسێک بنەماڵی مەحمود ئاغای ئێلخانی زادە، حاجی بایز ئاغای موهتەدی، عەلی ئاغای عەلی یار (ئەمیر ئەسعەد).

کە ئەو خزمانەی دوایی هەموویان لە بۆکان و دەوروبەری بۆکان دانیشتون و لەوەتی من وەبیرم دێ گەورەیی دیبۆکریان هەر بەو سێ برایە بوە کە مەحمود ئاغا برای گەورە و، حاجی بایز ئاغا نێونجی و، عەلیاغا برای گچکەتر بوو، هەر چەند ئەو گەورەیی و ریاسەتە بە شێوەیەک نەبوو کەس نافەرمانی نەکا.

حاجی بایز ئاغا کە برای نێونجی و بە تەمەن لە عەلیاغا گەورەتر بوو، ویست و خواستی خۆی ئەوە نەبوو کە سەرۆکایەتیی عێل بکا و سروشتی خۆی بە لایەنی زانست و عیلم و، دینداری دابو، پایە و ڕێزی بنەماڵەکەی لەگەڵ جەوهەر و پلەی زانست و دینداریەکەی لە ناو هەموو تایفەدا مومتاز و دەرکەوتوویان کردبوو.

عەلی ئاغا لەگەڵ دەست ڕۆیشتویی خۆی حکومەتیش پشتی دەگرت و لەقەبی (ئەمیر ئەسعەد)ی پێدابوو، هەمیشە ریاسەتی دیبۆکریان یان بەشێکی دیبۆکریانی هەر هەبوو، تەنانەت وەختێک حکومەتی ناوەندی بۆ ئەستاندنی زەریبە و ماڵیاتی دیبۆکریان هەر عەلیاغای دەناسی و، لە دواییدا بۆ هەموو گوند و بنەماڵان ماڵیات دیاری کرا و، ڕاستەوخۆ لە خۆیانیان وەردەگرت.

مەحمود ئاغا کە براگەورەی هەردووکیان بوو بەڕاستی لە نێو دیبۆکریاندا خۆشەویست بوو، ئەو خۆشەویستییە ببوە هۆی ئەوە کە دیبۆکری خۆیان بەبێ لەبەر چاو گرتنی بەرژەوەند و تێ هێنانی تر فەرمانی وییان بەجێ دەهێنا و، قسەی نەدەچۆوە پاش.

مەحمود ئاغا بۆ کوڕە دیبۆکریان وەک باوک و بۆ ئەوانی تر وەک برا وابوو و خۆی بەسەر کەسدا فەرز نەدەکرد و لە کردەوەدا ئەوەی نیشان دەدا.

بۆ ناساندنی مەحمود ئاغا هەر ئەوەندە بڵێم (گەورەیی دەزانی) ڕەنگە بەس بێ و لەوە باشتر بێ زۆر لەسەری بڕۆم.

کوڕەکانی ویش کاتی نووسینی ئەو بیرەوەریانە، یانی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٧٨ هەتاوی لەوانەی ماون هەر کاک سەلیم و، کاک جەعفەر و، کاک قەرەنی شایستەی یاد کردنن کە لە بۆکان و سەدراباد بە ژیانی خۆیانەوە خەریکن.

زۆر بەداخەوە لە کوڕەکانی حاجی بایز ئاغا کە هەموویان لە گەورە هەتا گچکە خاوەنی شەخسیەتی بەرزی کۆمەڵایەتی و زانستی و سەنگ و قورساغ بوون هیچیان نەماون بەڵام ناوی چاک و یادی شیرینیان لە ناو خەڵکدا هەر هەیە.

ئەو نوکتە لە سەنگینیی قاسم ئاغا کوڕی حاجی بایز ئاغا دەگێڕنەوە کە نەیدەزانی جنێو بدا و، ڕۆژێک لە پیاوێکی خۆی تووڕە ببوو بە خزمێکی خۆی گوت:

دا وەرە جنێوێکی پێ بدە.

لە کوڕەکانی عەلی ئاغا کە بەرەی دوو دایک و دوازدە کوڕ بوون هێندەی من بزانم ئەوڕۆ مام سڵەمان ماوە کە دەبێتە کوڕی سێهەمی عەلیاغا لەگەڵ عومەرئاغا و گوڵاوی ئاغا برای هەرە گچکە لە تەمەندا.

ئەو سێ ماڵە چ لە لانی مرۆڤی لێهاتوو و سەنگینەوە، چ لە لانی ماڵ و سەروەتەوە هەمیشە دەرکەوتوو و دەست ڕۆیشتوو بوون بە تایبەتی دوای ئەوە کە ماڵی مەحمود ئاغا و حاجی بایز ئاغا پێکەوە شاری بۆکانیان لە خاوەنی پێشووی کڕی، سەروەت و دەست ڕۆیشتنیان بەربڵاوتر بوو هەتا خۆیان مابوون بە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک ئەو سەروەتەیان ئیدارە دەکرد و هەمیشە ڕێز و سامانیان لە زیادبوون دابوو، بەڵام کاتێک گەورەکان لە ناودا نەمان منداڵی وان ئەو لێهاتووییەیان بۆ بەڕێوەبردنی ماڵ و دەسەڵاتی خۆیان نەبوو، نەتیجە لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەو کزی چوون و، ئەوڕۆ ئەو کزی و بێ هێز بوونەیان پێوە دیارە.

عەلیاغا ئەگەر دەهات زۆر ڕووی دەدا ئێمە کە منداڵ بووین و، لەگەڵمان پێدەکەنی و، مێشێن و کەللایەنی لەگەڵ دەکردین و، پرسیاری جلکی بەرمان و ئەسپ و تاجی و بەرە جوتی لێ دەکردین، دەیپرسی ئەو قوماشەت بەچەندی کڕیوە و تەماشای دەکرد.

هەروەها هەمیشە هەتا هاتبا، دوو یان سێ کوڕی خۆی لەگەڵ بوو. ئێمە و ئەوانی پێک دەگرت و دەیفەرموو: شوێن لە دیوار بکەن بەڵام پانیەتان هەڵنەهێنن بزانم کێ لە هەموان





کەڵەگەت ترە، یادی بەخێر و ڕوحی شاد بێ کاک ڕەشید لە هەموومان باڵای بەرزتر بوو.

چ مەحمود ئاغا، چ حاجی بایزاغا، چ عەلیاغا ئەگەر میوان دەبوون ئەو کوڕانەی لە تەمەنی مندا هەتا ئەوان ئیجازەیان نەدابا دانەدەنیشتین، هەموومان حەزمان دەکرد لە مەجلیسی واندا گوێمان لە قسە و پیلە و ئاکار و وتوویژیان بێ و شتیان لێ فێر بین بەڵام کەم کەس هەبوو بوێرێ پیلە لەگەڵ عەلیاغا بکا و، ئەو وەک حاجی بایزاغا نەبوو کە ئەو دەرفەتی پیلەی بە خەڵک دەدا و دەیهێشت ڕەئی خۆیان بڵێن بەتایبەتی لە باسی شیعر و مەعنا کردنەوەی شیعردا کە خۆی شیعرەکەی دەپرسیەوە و هەر خۆشی لەسەر مەعنا کردنەوەی کێشەی دەکرد و، لە ئاخریدا هەموو بۆیان دەسەلماند کە بۆچوونەکەی ئەو ڕاستە، بەتایبەت لە مەعنا کردنەوەی شیعری (شیرین تەشی دەڕێسێ)ی وەفاییدا ئەوەندە ورد و بەڕێ و جێی مەعنا لێدەدانەوە کە پیاو هەر حەزی دەکرد گوێی بۆ هەڵخا، ڕەنگە هەڵێنان و بردنەوە سەریەکی ئەو هەموو وردەکاری و ڕەمز و ئیشارەی وەفایی گەورە لەو پارچە شیعرەدا کردوویە کاری هەموو کەس نەبێ.

لەبیرمە ڕۆژێک دیسان هەر ئەو زانا بەڕێزە (حاجی بایز ئاغا) ئەو شیعرەی مەحویی پرسییەوە کە دەڵێ:

(حایل نەما لە بەینی بەری پێت و دیدەما
فەرموو کە پەردەکەی سەبەلم هەڵبڕیوە من)

بەڵام لە مەجلیسەکەدا کەس مەعنای نەزانی و خۆی مەعنای کردەوە فەرمووی:

پەردەی سەبەل ئەو پەردەیە کە بەسەر ڕەشکێنەی چاو کشاوە و مەحوی دەفەرموێ: وەرە پێ لەسەر چاوم دانێ کە پەردەی سەبەل کە لە بەینی چاوی من و پێی تۆ دا بوو ئەویشم هەڵگرتوە و پێت ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر چاوم.

لەو میوانانەی تر کە ئێمە لەو تەمەنەدا حەزمان دەکرد لە مەجلیسیاندا بین یەکیان کاعەلی پێروت ئاغای قەرەقشلاغ بوو کە لە ناو تایفەدا سەرەڕای ڕێز و حورمەت زۆر خۆشەویست و مەجلیس خۆش بوو کەس لە لای وەڕەز نەدەبوو.

هەروەها عەزیز ئاغای کولتەپە و، بایز ئاغای قورمیش لە تایفەی هەباس ئاغا، کە ئەو دوو بەڕێزە ئەوەندە قسە خۆش بوون هەر نەماندەویست لە لایان هەستین. عەزیز ئاغا بە

نوکتەی خۆش و ڕووی خۆش و بایز ئاغا بە خوێندنەوەی شانامەی فیردەوسی کە بە دەنگ دەیخوێندەوە و، ئەوەندە بە حەماسەتی دەخوێندەوە کە لەو جەنگەدا هیچ کەس سریوەی لێوە نەدەهات و سەرتاپا دەبوونە گوێ، با پێ لەو ڕاستیەش بنێم کە ئێمە لەو تەمەنەدا مەجلیسی ئەو بەڕێزانەمان لەبەر تایبەتیەکانی خۆیان پێ خۆش بوو سەرنجی ڕاکێشابووین، میوانی پیری تری وا هەبوو کە کەمتر لە لای دادەنیشتین.

دێبۆکری سەرەڕای گەورەی سەرەکی هەر شەش تایفەش گەورەی خۆیان هەبوو ڕێزیان لێ دەگیرا، برا گەورەی ئەو تایفانە ئەگەر گلەیی و گازندەی لە ڕەئیس هەبوایە ساردی لە نێوانیاندا پەیدا دەبوو و ئەو ساردیەش لە سنووری هاتوچۆ نەکردن تێ نەدەپەڕی.

ئەوەی کە ئاشکرا بوو ئەوە بوو کە ئەگەر ئەو سێ برایە، یانی ماڵی حاجی ئێلخانی خۆیان پێکەوە تەبا بان و دڵۆیان لە ناودا نەبا خزمان و، دێبۆکری تریش چاکتر پاڵیان وێ دەدان و فەرمانیان دەبردن.

ساڵی ١٩٦٧ کە شەڕ لە بەینی عەرەب و جولەکاندا ڕووی دا و مەلایان فتوای خەزایان دا، باوکم خۆی حازر کرد بچێتە خەزا و بە پیاوەکانی گوت خۆیان حازر کەن و ئەگەر زین و بەرگ و قایش و قروشی وڵاخەکانیان تەواو نین چاکیان کەن و تەنانەت ئەو ئەسپەشی دیاری کرد کە سواری دەبوو، هەر چەند ئێمە بەگوێماندا خوێند سوودی نەبوو، ئێمە دەمانزانی لەو تەمەنەدا نییە بە سواری بگاتە میسر، ناچار چووم عەرزی مەحمود ئاغای ئێلخانی زادەم کرد لە گوندی «حەمامیان» کە جێی دانیشتنی بوو، ئەویش گەورەیی کرد و هات لەو سەفەرە پەژیوانی کردەوە و، دوای ئەوەش هێندەی نەکێشا شەڕەکە ڕاوەستا چونکە ماوەی شەش ڕۆژ بوو.

***

بەشێکی تری تایفەی مارفاغا ماڵی پیرۆت ئاغای قەرەقشلاغن لە ناوچەی شاروێران، کاعەلی گەورەی ئەو تایفە و خوشکەزای قەرەنیاغای مامەش و نەوەی گوڵاویاغا دەتوانم بڵێم شەخسیەتێکی چەند لایەنەی هەبوو لە لێبوردوویی و هەڵوێست گرتن و بە هیچ دانانی تەماح و، کەمتەرخەمی لە ژیان و سەر و ڕوو خۆشیدا. کە بۆ لایەنی هەڵس و کەوتی عەشایری و جیران و دەوروبەر زۆر بە هەست و حەسساس بوو بەڵام هەرچی بوو





دانواندن لە فەرهەنگی کاعەلی و براکانیدا نەبوو، هەوراز و نشێوی ژیانی ئەو مرۆڤە ئەو ڕاستیەی تێدا بەدی دەکرا و، هەر ئەو سروشتە جوامێرانەشی ئەوی شاز کردبوو.

حاڵی حازر لەو ماڵە کوڕی هەرە گچکەی کاعەلی «کاکەڕەحمان» لە مەهاباد و، هەروەها کوڕی گەورەی کاک قاسم «کاک سولەیمان» یانی برازای کاعەلی لە ورمێ دانیشتوون و هەردووکیان لە ڕاگرتن و پاراستنی دەستوور و ڕێزی بنەماڵەی خۆیاندا دەوری بەرچاویان هەیە.

لێرە دا ڕەنگە پێویست بێ بڕێک بگەڕێمەوە دوایی، یانی بگەڕێمەوە سەردەمی فەرمانداریی کاعەلیی پیرۆتی لە میاندواو ساڵی ١٣٢١ هەتاوی و، ئاوڕێک لەو ڕووداوە ناخۆشە بدەمەوە کە بوو بە هۆی ئەوە خوێن بکەوێتە بەینی تایفەی پیرۆتاغای قەرەقشلاغ و تایفەی شێخاغا کە هەردووکیان دێبۆکرین و برایەکی کاعەلی بەناوی «کاک قادر» و برای مستەفاخان بەناوی «برایمەسوور» و لەگەڵ وانیش «فەتاح خان»ی میرموکری یەک جێ بکوژرێن کە هەرسێکیان بۆ باری عەشیرەتی پیاوی زۆر بە نرخ بوون و، نەمانی ئەوانە بە زیانی هەرسێک بنەماڵ تەواو بوو.

مستەفا خانی شێخاغایی لە گوندی (خەیراوا)ی دەشتی حاجی حەسەن دادەنیشت کە نیزیکی میاندواوە و زۆربەی تایفەی شێخاغاش گوندەکانیان کەوتۆتە ئەو دەشتە. مستەفاخان نەک هەر لە ناو تایفەی شێخاغادا کە برا گەورەیان بوو هەر لە ناو هەموو دێبۆکریان ڕێز و حورمەتی هەبوو چ بۆ لایەنی لێهاتوویی خۆی و، چ بۆ دەست ڕۆیشتنی ماڵی و، ئەو دەست ڕۆیشتنەی خۆشی بەنێوان خۆشی و یەکیەتی لەگەڵ گەورە پیاوانی تری دێبۆکری بە هێزتر دەکرد کە یەک لەوان کاعەلیی پیرۆتاغا بوو لە گوندی قەرەقشلاغ و، بە گەرمی پێکەوە هاتوچۆ و تێکەڵاوییان هەبوو، ئەو نێوان خۆشیە بێجگە لە خزمایەتیی پشتی لە ڕێگەی ژن و ژن خوازییەوە گەرمتر و بە هێزتر ببوو، خوشکی مستەفاخان لە ماڵی کاک حەمەدەمین برای کاعەلی دابوو.

گوندی قەرەقشلاغ کە شوێنی دانیشتنی کاعەلی و براکانی تریشی بوو کەوتۆتە ئەو ناوچە کە شارویرانی پێ دەڵێن و هەتا شاری میاندواو بەینێکی هەیە، بە پێچەوانەی (خەیراوا)ی گوندی مستەفاخان کە لە میاندواو نزیکە و، نێوان خۆشی و دۆستایەتیی

ئەو دووماڵە چ پێش ئەو ڕووداوە، چ لەو سەردەمەدا کە حکومەت حوکمی ئەو شارەی بە کاعەلی ئەسپاردبوو هیچ دڵۆی تێدا نەبوو، بەڵام ڕێککەوتێکی سەیر لە جەنگەی دەست ڕۆیشتنی کاعەلیدا لە میاندواو لە نێوان برایەکی کاعەلی بەناوی (کاک قادر) و برای مستەفا خاندا بەناوی (برایمەسوور) کە هەر ئەو برایەشی هەبوو، هەروەها فەتاح خانی میرموکریدا ڕووی دا بەبێ ئەوە پێشەکیەک بۆ ئەو ناخۆشیە لە ناو کاک قادر و برایمە سووردا بووبێ.

ئەو سێ کەسە لە میاندواو لەسەر شەقام پێکەوە قسەیان چەپ کەوت و هەرسێکیان دەستیان لێک دا دەمانچە و تەقەیان لێک کرد و هەر سێکیان لەوێ کوژران و لە جۆگەی شەقام کەوتن. بەو جۆرە نێوان خۆشی و یەکیەتیی پیرۆتیەکان و شێخاغاییان لە دوای ئەو کارەساتە وەناخۆشی گەڕا و هەر هات و ناخۆشتر بوو هەرکەس تاوانی ئەو ڕووداوەی دەخستە سەر ئەستۆی ئەوی تر کە بە ڕواڵەت بیانوو گرتن و ڕقەبەری لەوەدا دەوری هەبووە.

نووسەر ئەگەر چلۆنایەتیی ئەو لێک ڕاسانە لە زمانی یەکێک ڕا بگێڕێتەوە کە خۆی لە ناو کارەساتەکەدا بوە لە ڕاستی نیزیکتر دەبێ:

ئەو ڕۆژە کاک قادر و کاک قاسمی برای کاعەلیی پیرۆتاغا و فەتاح خانی میرموکری لە میاندواو بۆ پیاسە لە مەنزڵ هاتنە دەر، لەسەر شەقام تووشی برایمەسوور برای مستەفاخان بوون کە سێ چەکداری لەگەڵ بوو، ماڵی فەتاح خانی قەرەوێران پێش ئەو دەم لەگەڵ ماڵی مستەفاخان خوێنیان لە ناودا هەبوو و، ماڵی فەتاح خان خاڵی مستەفاخانیان کوشتبوو.

برایمە سوور تووشی کاک قادر و کاک قاسم و فەتاح خان دەبێ جنێو بە فەتاح خان دەدا دەڵێ: تۆ دوێنێ خاڵی منت کوشتوە ئێستە چۆن بەبەر چاوی من دادێی؟

لەگەڵ ئەوە لە چەخماغی تفەنگێ دەدا، کاک قادر برای کاعەلی دەکەوێتە ناویان و دەڵێ فەتاح دۆستی منە تۆ هەقت نییە جنێوی پێ بدەی بەڵام ئەو دەست ناگێڕێتەوە و تفەنگێک لە کاک قادری پیرۆتی دەدا، دوای ئەوە تفەنگێکی تریش لە فەتاح خان دەدا، فەتاح خان کە بریندار دەبێ و دەکەوێتە عەرزی دەمانچەکەی دەردێنێ و ئەویش تەقەی لە برایمە سوور دەکا.





کاک قاسمی برای کاعەلیش هەر دەمانچەی هەڵدەکێشێ و هەر یەکەی حەوت دەمانچە لە برایمە سوور دەدەن و دەیخەنە ناو جۆگەی شەقام بەڵام کاک قادر هەر بە تفەنگی هەوەل کە برایمەسوور لێی دەدا دەکوژرێ. دوایی کاک قاسم برای کاعەلی تفەنگی کاک قادری برای هەڵدەگرێتەوە و دەیەوێ تەقەی لە پیاوەکانی برایمە سوور بکا بەڵام ئەوان هەڵدێن دەچنە ناو کۆڵانێکەوە، دوای ئە وە جەماعەتی کاعەلی پیرۆتاغا حاکمی ئەو کاتەی میاندواو دەگەنێ و بەسەر کەلاکەکاندا دەکەون، یانی بەسەر کەلاکی کاک قادر و برایمەسوور و فەتاح خاندا و لەگەڵ ئەوانیش پیاوێکی تری خەڵکی میاندواو.

پێش ئەو کارەساتە لەسەر حکومەتی شاری میاندواو و شاری مەهاباد لە بەینی سەرۆک عەشیرەتەکان یانی قەرەنیاغای مامەش و سەرۆکی مەنگوڕان لە لایەک و عەلیاغای ئەمیر ئەسعەدی دێبۆکری لە لایەکی تر نێوان ناخۆشی و ململانە هەبوو، قەرەنیاغا هەر بۆ ئەوە کە عەلیاغا و مستەفاخانی لەسەر حوکم لابەرێ کە پێش کاعەلی بە حاکمی میاندواو دیاری کرابوو ڕۆیشتە تەورێز بۆ لای (فهیم الملک) پارێزگاری ئەو کاتەی تەورێز و حوکمی لێ خستن و لابردنی عەلیاغا و مستەفاخانی لێ وەرگرت و، حوکمی سابڵاغ (مەهاباد) کەوتە دەست قەرەنیاغای مامەش و عەشیرەتی مەنگوڕ، کاعەلیی پیرۆتاغاش کە خوشکەزای قەرەنیاغا بوو لەلایەن قەرەنیاغاوە بە فەرمانی پارێزگاری تەورێز بەحاکمی شاری میاندواو دیاری کرا و مستەفاخانیان لێ خست، دیارە ئەو ئاڵ و گۆڕەی بە زیانی مستەفاخان لە برایمەسوور گران هات کە حکومەتی میاندواویان بە هەقی خۆیان دەزانی کە خۆیان لە نیزیک ئەوێ دادەنیشتن و گوند و خزم و دارودەستەیان لەوێ بوو و، بە دوای ئەوە دا ئەو کارەساتەی میاندواو ڕووی دا کە خۆشی لەگەڵیان تێدا چوو، لە دوای کوژرانی ئەوانە نێوان ناخۆشیی گەورەتر کەوتە بەینی کاعەلی و مستەفاخان کە هەردووکیان دێبۆکری بوون و هەوڵ و تەقەلای خزمان بۆ چاک کردنەوەی نێوانی ئەو دوو ماڵە سوودی نەبوو کە ئەگەر لێبوردن هەبوایە بە چوونە ماڵێک ئەو گرژیە نەدەما و زیانی گەورەتر نەدەکەوت.

پاش ساڵێک حوکمی میاندواو کاعەلی هاتەوە «قەرەقشلاغ» گوندەکەی خۆی و ساڵێکی تەواو لە هەوڵی ئەوەدا بوو تۆڵەی خوێنی کاک قادری برای خۆی لە مستەفا خان بکاتەوە، یەک دوو جار لە شاروێران هەوڵی کوشتنی دا بەڵام هەڵنەکەوت، جاری سێهەم



لای ڕاست: ڕەسولاغا ڕەسوڵی قۆرغان
لای چەپ: هێدی ساڵی ١٩٥٣ میلادی – مەهاباد

کە مستەفاخان لەگەڵ عەلیاغای عەلی یار (ئەمیر ئەسعەد) چوبوە شارویران بۆ سەردانی خزمان، عەلیاغا لە گوندی قوم قەڵاوە خۆی ڕۆیشتە مەهاباد و بە مستەفاخانی گوت: من دەچمە مەهاباد تۆش حەز دەکەی بڕۆوە خەیراوا، وابوو مستەفاخان لە قوم قەڵاوە گەڕاوە و شەو ڕۆیشتە ماڵی خاڵە بابەکری قەرەداغ. کە قەرەداغ لە گوندی کاعەلی نیزیکە و لەوێوە خەبەری گەڕانەوەی مستەفا خان بە کاعەلی گەیشت و، هەر ئەو شەوە کاعەلی خۆی حازرکرد و لەگەڵ خزمەکانی چوونە سەر ڕێی مستەفاخان لە شوێنێک کە کلکەی قزقەڵای پێ دەڵێن و لەوێ لەسەر ڕێی دانیشتن و کاتێک سبەینێ مستەفاخان بەوێدا هات کە بڕواتەوە ماڵی خۆی دایانە بەرێ و کوشتیان و دوو پیاوی تریشیان لەگەڵ ئەو کوشت و بێجگە لەوە کوڕێکی کاعەلیش بەناوی مەحمود لەوێ کوژرا و، ئێستەش نێوان ناخۆشی لە نێوان ئەو دوو ماڵەدا هەر ماوە بەڵام دەستیان لێک نەبزاوتەوە هەتا ئێستە.

بەرەی مامەند ئاغا لە تیرەی مارفاغا چەند بنەماڵێک دەگرێتەوە کە ناوی خۆیان و گوندەکانیان بەو جۆرەی خوارەوەیە:





| ناوی فامیل: | ناوی گوند |
|---|---|
| حیسامی: | شێخاڵی |
| ڕەسوڵی: | قۆرغان |
| مەعروفی: | کۆسەکەرێز |
| مەعروفی: | حاجی لەک |
| مەعروفی: | میرە دێ |
| مەزلومی: | قزڵجە |

پێش دابەش کردنی زەوی و زار لە لایەن میرییەوە هەرکەس لەسەر گوندی خۆی بوو لەبەر ئەوە هەمیشە ناوی گوندیش لەگەڵ ناوی فامیل دەهات. بەڵام دوای ئەو بەرنامەی حکومەتی شا کەم کەس لە گوند ماوە زۆربەیان لە شار دانیشتوون و، لە کاتی نووسینی ئەو دێڕانەدا لە مەعروفیەکانی کۆسەکەرێز (حەسەناغا) کوڕی هەرە گچکەی مامە حاجی مارفاغا لە مەهاباد دانیشتوە کە گەورەی تایفە و لە نێو هەمواندا بەڕێز و خۆشەویستە و لە ناو کۆمەڵدا جێگەیەکی تایبەتی هەیە، هەروەها برازاکانیشی یانی: سمایلاغا و عەولاغای کوڕی قادر ئاغا و، حاجی برایم ئاغای کوڕی حاجی حەمەد ئەمین ئاغای مەعروفیش لەگەڵی لە مەهابادن و، هەموویان ناوی چاک و ماڵی سەر ئاواڵەیان بۆ ناسیاو و نەناسراو هەیە و، بۆ دەست گیرۆیی خەڵک لەگەڵ ئیمکانات خوا دڵ و دەروونی باشیشی پێداون و، نەمدیوە کەس لە دەست و زمانی وان زیانی دیبێ.

ڕەنگە خوێنەر ئاگای لەوە نەبێ کە هەتا بیرەوەریەک دێ من توێخم دەچێ و، ئەگەر هاتیش هەتا من دەینووسم ئەو توێخی دەچێ، لەبەر ئەوە ئەگەر هات و چاخی هات نابێ بەسەریەوە بچی و ساوە ساوی لێ بکەی دەنا ئەگەر زوو لە فریای نەکەوی دەڕوا و تازەش نایەتەوە، ئەو دەم کەسیش نییە یەخەی بگری.

جا ئێستە کە قایمەی مەعروفی و مەزلومیان هێندێ پەردەی لەبەر چاوم ڕاگرتوە با جارێ سەرێک لەگەڵ وان بسووم:

نازانم هەر من وا بووم یان هەموو منداڵێک وایە، من لە تەمەنێکدا و، هەتا بڕێک چاو

و گـوێم کـراوە بابم پێ لە هەمـوو کـەس گـەورەتر بوو چونکە لە هەرێمی مـاڵ و گـوندی خۆماندا کەسم لەوی گەورەتر نەدیبوو، قسە هەر قسەی ئەو بوو هەرچی ئەو قەراری لەسەر دابا تازە دەردەچوو ئەگەر تووڕە دەبوو کەس فزەی لەبەر نەدەهات و، ئەگەر ئەو خەوتبا ژنان لە حەوشەی ماڵێ نەیاندەهێشت منداڵیان بگری و، ئەگەر گریابا دەسبەجێ ژیریان دەکردەوە و دەیانگوت: ئاغا نوستوە.

لەو تەمەنەدا ڕۆژێک چوومە دیوەخان دیتم یەکێک لە هەیوانەکە لە لای سەرێ دانیشتوە پاڵی وە سەرین داوە، حاجی حەمەد ئاغاش لە لای خوارێ زۆر بە ئەدەب لەسەر چۆک دانیشتوە، ئاخر زۆرم پێ سەیر بوو لە پیاوەکانم پرسی:

ئەو سۆفیە کێیە وەلای سەرووی باوکم کەوتوە؟

پیاوەکان دەستیان بەزاریانەوە گرت، گوتیان: ووست، دەستیان گرتم بردیانمە پێش خانە و گوتیان: ئەوە حاجی مارفاغای مامیەتی باش بوو گوێی لێ نەبوو، دوای ئەوە منیش غیرەتم وەبەر خۆم نا و چووم لە هەیوان دانیشتم دیتم کە قسەیان دەکرد بە باوکمی دەگوت (حەمەد) زۆرم پێ سەیر بوو.

لە دڵی خۆمدا دەمگوت: ئەوە چۆن دەوێرێ؟.

ئەگەر بمەوێ لە یادی شیرنی مەعروفیەکاندا بمێنم دەبێ لە لایەنی زەمانییەوە شەقاوێکی گەورە باوێم و لە زەمانی منداڵیمەوە بێمەوە سەردەمی حوکمی شا لەو دیو کە لە دوای تێکچوونی کۆماری مەهاباد ڕۆژی بیست و یەکی مانگی «سەرماوەز» دەکرا جێژن کە ڕۆژی داگیر کردنەوەی ئازەربایجان و کوردستان لە لایەن هێزەکانی میرییەوە بوو، ساڵێک هەر لەو جەنگەدا ئەگەر لە بیرم مابێ ساڵی ١٣٢٨هەتاوی بوو شا بڕیاری دا بێتە سەردانی ئازەربایجان و کوردستان کە خەڵکی ئەو مەڵبەندانەش لە خێر و بەرەکەت و سایەی شاهانە بێ بەش نەبن !! ئەو دەم سەرلەشکر (موقبیلی) فەرماندەی تیپی مەهاباد بوو، ستادی تیپی مەهاباد لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵە داوای لە عەشایر کرد خۆیان بۆ پێشوازی شا حازرکەن و بێن لەسەر ڕێبازی تاق لێدەن کە ڕێگەی لە میاندواوەوە بەرەو مەهاباد دەهات و لەوێوە تێدەپەڕی بۆ ورمێ. ئێمەش لەگەڵ تایفەی خۆمان قەرارمان ئەوە بوو بچینە پێشوازی و لەو شوێنە کە پێی دەڵێن دەشتی حاجی حەسەن لە نیزیک پردی





میاندواو لەسەر ڕێگەی تاق لێدەین و لەوێ ڕاوەستین هەتا شا دێ.

باوکم گـوتی نووسـراوێک بۆ بەخێـر هێنانی شا بنووسە و، لە پێشـدا بیبـە مـەهاباد نیشانی بەرپرسی پێشوازی کردنی شای بدە (رئیس تشریفات) و، ئەگەر پێیان باش بوو بۆی بخوێنەوە.

من نووسـراوەکـەم نووسی و بردمـە مـەهاباد لای بەرپرسی پێشـوازی کـردنی شـا کـە سەرگـوردێک بوو بەناوی (سـەرگورد ڕادپور) و بۆم خـوێندەوە، گـوتی زۆر باشە دڵنیـام لە ئازەربایجان شتی لەوە باشتری بۆ ناخوێننەوە، هاتمەوە و ئەوەم عەرزی حاجی حەمەداغا کرد و، ئێمە چاوەڕوانی ڕۆژی هاتنی شا بووین کە ڕۆژێک حەسەناغای مەعروفی کە لە لاپەڕەی پێشوودا باسی کرا هاتە ماڵێ و، عەرزی باوکمی کرد حەز دەکەم بە کاک خالد بڵێی مەقالەیەکم بۆ بنووسێ ئەگەر شا هات بۆی بخوێنمەوە، باوکم فەرمووی بۆ خۆی نووسیویە با ئەو نەیخوێنێتەوە بیدا بە تۆ.

نووسـراوەکـەم دا بە کـاک حەسـەن و ئەو ڕۆژەی شـا هات ئێـمـە لەسـەر ڕێگەی تاقـمـان لێدابوو و خۆمـان لەوێ ڕاوەسـتـابووین، کە گـەیشـتـە لای ئێمە دابەزی و عـادەتی وا بوو ئەگەر ڕادەوەستا دەستی بە قایشەکەی پشتی دەگرت.

حـەسـەناغـا نووسـراوەکـەی بۆ خـوێندەوە، شـا لێی پرسی: ئەوە کێ ئەو مـەقالەی بۆ نووسیوی؟، حەسەناغا گوتی ئامۆزایەکم بۆی نووسیوم، شا لێی پرسی چەندی خوێندوە؟ لە بیرم نییە گوتی چەند، شا گوتی بۆچی ئیدامەی بە خوێندن نەدا؟

حەسـەناغـا گـوتی: مـەسـەلەی شـەهریوەری بەسـەردا هات پێی نەکـرا چی تر بخـوێنێ. «ڕووداوی مـانگی شەهریوەر، یانی خـرمـانانی ١٣٢٠ هەتاوی ئەوە بوو کە هێـزی سووری سوویات هاتە ئازەربایجان و کوردستان و، تاران لەو دوو ناوچەدا دەسەڵاتی نەما و هەموو ئیدارە و کاروباری دەوڵەت لەو هەرێمەدا لە گرێژەنە چووبوو».

شا دوای ئەوە بڕێکی پرسیاری چلۆنایەتی دەغڵ و دان و ئاو کرد و سواری ترومبیلەکەی بوو و ڕۆیی بۆ مـەهاباد و من و دەسـتـە سـوارێکی تر هەتا گـەیشـتـە شـار لە پێش سەیارەکەیدا ڕۆیشتین.

شا شەوێک لە مەهاباد بوو، لەوێوە ڕۆیشتە ورمێ، من عەرزی حاجی حەمەد ئاغام کرد

زۆرباش دەبێ ئەگەر بتوانی بچینە ورمێ بۆ لای حاجی سەید عەبدوڵڵا شەمزینی بەڵکو ئەگەر چاوی بە شا کەوت داوای ئازادکردنی دوکتور حەسەنی لێ بکا کە ئەو دەم لە زیندانی ساواکدا بوو لە تاران، باوکم فەرمووی باشە و هەستاین چووینە ورمێ و بە خزمەت حاجی سەید عەبدوڵڵا گەیشتین و مەسەلەکەمان عەرز کرد، بەڵێنی دا ئەگەر ببینێ پێی بڵێ، بەڵام دوایی وا دیار بوو پێی نەکرابوو خۆی بە تەنیایی و بەتایبەتی ببینێ و هەر لەگەڵ خەڵکی تر و بە شێوەی دەستە جەمعی دیتبووی و دەرفەتی نەهێنابوو پێی بڵێ و، ئێمەش هەروا گەڕاینەوە.

***

خوێنەرانی خۆشەویست بە تایبەتی ئەو کەسانەی تەمەنیان لە ژوور پەنجا ساڵییەوەبێ دەزانن کە بۆمبارانی شەهریوەر، یانی مانگی خرمانانی ١٣٢٠ هەتاوی لە لایەن ڕوسەکانەوە و هێرشی خەڵکی مەهاباد بۆ سەر قشڵە و شارەوانیی شار سەرەتای زۆر گۆڕانی تریش بوو لەو هەرێمەدا، وەک بێدەسەڵات بوونی میری و، بزووتنی هەستی نەتەوایەتی و دروست بوونی حیزب و، نەبوونی حوکم و یاسایەکی ڕاستەقینە بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە و، لە نەتیجەی ئەو بێ حوکمیە دا پەیدابوونی کەس بە کەسی و عەشایربازی کە زۆرداری و بێ زۆری لە ژیانی کۆمەڵدا دەوریان هەبوو.

لەو هەل و مەرجەدا ئەو شارستانی و غەیرە عەشایرانەی لە دەرەوەی شار گوندیان هەبوو بۆ ئیدارە کردن و بەڕێوەبردنی مڵک و ماڵی خۆیان پێویستیان بە یارمەتی و کۆمەکی دۆستانی خۆیان هەبوو کە لەو گیروگرفتانەی زۆربەیان لەسەر تەماح و خۆسەپاندن دێنە پێش خۆیان بپارێزن.

دۆستێکی حاجی حەمەد ئاغا لە بنەماڵەیەکی زۆر بەڕێز بەناوی (حاجی سەید سەمەدی حوسێنی) و (سەید سەلامی) برای پەیڕەوی ئەو یاسایەیان کرد و چاوەدێری گوندەکانیان بە حاجی حەمەد ئاغا ئەسپارد کە بێجگە لە مەڕ و ماڵاتێکی زۆر و هەمەچەشنە چەند گوندی وەک: شیرناو، دەلیکداش، قۆپی، تەنگ باڵەکە، سمایلەکەت مڵکی وان بوون و، لەو گوندانەدا شەریکی عەشایر و جیرانی عەشایریان هەبوو. و ئەویش ئەمری بە من کرد هاتوچۆی ئەو گوندانە بکەم کە هەموویان لە دەوروبەری شاری میاندواون و هەتا وێ





بەینیان زۆر نییە.

ئەو چاوەدێریە ئەگەر بۆ وان باش بوو کێشە و گێچەڵی لابەلای لە کۆڵ کردبوونەوە بۆ ئێمەش سوودی زۆر بوو بێجگە لە داهاتی تری هەردووک گوندی شیرناو و، دەلیکداش گیادرو و مێرگی زۆریان هەبوو، لەوێ جێگەمان بۆ ماڵاتی خۆمان سازکردبوو و، زستانان دەمانبردنە ئەوێ و، پیاومان لە کن دادەنان و ئەگەر بەهار دەهات دەمانبردنەوە لای خۆمان.

تێکەڵاویی ئەو چەند ساڵە لەگەڵ ئەو بنەماڵە بەڕێزە و، پەیوەندی پیاوانە و جوانمێرانەی ئەو دوو برایە خۆ بەخۆ زۆر شتی فێری من کرد لە لێبوردوویی و خۆشەویستی و سروشت بەرزیدا کەپێکەوە هەیانبوو، من برای تری وەک ئەوانم هەتا ئێستە نەدیوە و، ڕەنگە لەوە بەولاوەش نەبێ.

کوڕەکانی ئەو دوو برایەش هەر لەسەر شوێن و ڕەوشتی باوکی خۆیان پێکەوە یەک دڵ و یەک گیان بوون، منیشیان لە برایەتی خۆیان هەڵنەداوارد کە لە تەمەنێکدا بووین، من ئاکاری چاکی وان لەبیر ناکەم هەر لە کاک سەید برایم برا گەورەیانەوە هەتا کاک حەمە سەعید و، کاک سەید ئەحمەد و، کاک سەید کەریم و هەموو ئەندامانی تری ئەو بنەماڵە شەریفە کە ناوی هەموویانم لە بیر نەماوە، خۆیان لە لام بەڕێزن و یادیان بۆ من هەر شیرنە، یادیان بەخێر، یادی هەموو هەڵس و کەوت و ڕەوشتی بەرز و ئاکاری نەجیبانەیان بەخێر.

سپاردەیەکی تری وەک ئەوەی لەسەرەوە باسی کرا جارێکی تر لە چۆمی مەجیدخان بۆ من دروست بوو، ئەوجار بۆ وێیان کەتەن کردم، بەڵام ئەو ئەرکە لەسەر ویستی باوکم بوو کە بەشە مڵکی ماڵی قازیانی لە نۆ گوندی چۆمی مەجیدخان بە ئیجارە گرت بە مەبلەغێکی زۆر لە داهاتی گوندەکان پتر، بۆ ئەوە کە زیان لە خزمێکی خۆمان بدا کە پێکەوە ساردییان هەبوو، ئەویش لەو گوندانەدا بەشێکی هەبوو.

ماوەی دوو ساڵ زیادتر بە کێشە و هاتوچۆی وێوە بووم، دیارە ئێمە لەوە دا زیانی ماڵیمان دیت و ئەو پارەیان لێ پەیدا نەدەبوو کە ئیجارەکەی تەواو کا و ناچار لە داهاتی گوندەکانی تری خۆمان تەواومان دەکرد و دەماندا بە خاوەن مڵک، بەڵام بە ڕواڵەت

مەبەستەکەی باوکم پێک هاتبوو و، دوای بەینێک ئەویش پێکهاتنەوەی بەدوا دا هات و تەواو بوو.

لەو ماوەدا چ ئەو کاتە لە شیرناو و دەلیکداشی شامات بووم و، چ ئەو دەم کە هاتمە گوندی کەلبەڕەزاخان (مەرکەزی چۆمی مەجیدخان) چەند پیاوێکی لای خۆمانم لەگەڵ دەهات بۆ سەردانی مەزرا و ئاوداشتن و کاری تری ئاوایی لەوانە (عەزیزی بابەکر و، عەولا سوور) ماڵیان لە شێخاڵی و (محەممەدی سوارەی) ماڵی لە گۆلێ بوو، بەینە بەینە بۆ سەردانی ماڵێ ئیجازەیان وەردەگرت و دەچوونەوە و، لەو سەردانانەدا وا دەبوو قسەی خۆش هەڵدەکەوت.

جارێکی محەممەدی سوارەی گوتی: لەمێژە سەری ماڵێم نەداوە، سێ ڕۆژ ئیجازەم بدە بچم سەردانێکی منداڵەکانم بکەم.

گوتم: باشە بچۆ. پاش نیوەڕۆ محەممەد سوار بوو ڕۆیشتەوە ماڵێ و، شەوێک لەوێ بوو سبەینێ پێش نیوەڕۆ دیتم هاتەوە، پێم سەیر بوو چونکە سێ ڕۆژ ئیجازەی وەرگرتبوو کەچی ئەو شەوێکی پێ چوو هاتەوە، گوتم ئەوە خێرە کاکە، چۆنە وا زوو هاتوویەوە؟ پێ کەنی گوتی: واللهی چت عەرزکەم. گوتم تۆخوا ئەگەر پێم نەڵێی، گوتی واللهی ڕاستیەکەی ئەوەیە دۆێنێ ئێواری هەر گەیشتمەوە ماڵێ زگ چوونێکم گرت شەوێ هەر پێیەکم لە دەرێ بوو، پێیەکم لە ژوورێ بوو، هەتا ڕۆژ هەر خەریکی ئەو هاتوچۆیە بووم، جارێکی دەرگاکەم کردەوە بچمە سەر ئاوێ کوڕەکەم گوێی لە جیڕەی دەرگا بوو، لە دایکی پرسی: ئەوە کێیە دایە؟ دایکی لە وەڵامدا وا دەکا، کەس نییە ڕۆڵە بنوو، ئەوە باوکتە هاتۆتەوە گوومان بۆ بکا!!.

لە خەجاڵەتیان سبەینێ زوو نان و چاشم نەخوارد بارگینەکەم زین کرد سواربووم هاتمەوە.

بێجگە لە وەدی هاتنە زاهیری و ڕواڵەتیەکانی کوردستان کە دەبیندران و، یان هەستیان پێدەکرا و لە بۆمبارانی ڕوسەکان کەوتبوونەوە پەدیدەی تری نهێنی و نادیاریش لە ناو کۆمەڵدا هەبوو کە ژمارەیەکی کەم نەبێ خەڵکی تر لێیان ئاگادار نەبوون.

ڕێکخراوی سیاسیی کۆمەڵەی ژ. ک کە دوایی منیش لە خەڵکم بیست لە ٢٥مانگی گەلاوێژی ١٣٢١بە هۆی ژمارەیەک ڕۆشنبیر و نیشتیمانپەروەری مەهاباد دامەزراوە و،





ئەو دەم خۆم ئەندامی بووم و نەمدەزانی، لەو دەزگا سیاسیانە بوو کە نەک هەر ئەو دەم ئەوڕۆش کە ئەوڕۆیە چلۆنەتی دامەزران و کارکردن و پەیوەندی کردنی بە کۆمەڵ و شێوەی پەروەردەی حیزبیی ئەندامەکانی و تەنانەت ژمارە و ناوی دامەزرێنەرەکانی بە تەواوی ڕوون نییە و هیچ لایەنێک لەسەری سوور نەبۆتەوە و، لە هەر زارێکەوە بە شێوەیەک دەگێڕدرێتەوە و کەم و زیاد و ئاڵوگۆڕ و سەر و خوار بەناوی ئەندامەکانی پایەداڕێژی حیزبەکە دەکرێ و، بۆ ئەو جیاوازیەش کە لە قسەکانیاندا هەیە بەڵگە و سەنەد لە دەست هیچیاندا نییە و، ئەو ئەندامانە خۆشیان دیارە ئەوڕۆ لە ناوکۆمەڵدا نین پشتی یەکێک لەو گوتراوانە بگرن و ئەوانی تر بدەنە دواوە.

بۆ وێنە کاک جەلیل گادانی لە جلّدی یەکەمی کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی ئێران لاپەڕە ٢١دا دەنووسێ: کۆمەڵەی ژ. ک لە مەهاباد ڕۆژی ٢٥ی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ هەتاوی ١٩٤٢ی زایینی لەو کەسانەی خوارەوە پێک هات: ١- مەلا عەبدوڵڵای داودی، ٢- حسین فروهر، ٣- عبدالرحمن زەبیحی، ٤- عبدالرحمن ئیمامی، ٥- مەلا عەبدوالقادری مودەرریسی، ٦- نجم الدین توحیدی، ٧- محمد نانەوازادە، ٨- علی محمودی، ٩- محمد اصحابی، ١٠- عبدالرحمن کیانی، ١١- صدیق حیدری، ١٢- قاسم قادری، ١٣- عەزیز زەندی، ١٤- محمد یاهو، ١٥- أحمد عیلمی. میرحاج و مستەفا خۆشناویش بە نوێنەرایەتی حیزبی هیوای کوردستانی عیراق بەشداری کۆبوونەوەکانیان دەبوون.

لەلایەکی تر کاک دوکتور قاسملو لە بەرگی یەکەمی کتێبی (چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی) لاپەڕە ٢٨ دا دەڵێ:

ڕۆژی ٢٥ی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١هەتاوی، یانی (١٦ ئوتی ١٩٤٢زایینی) کۆمەڵەی ژ. ک لە مەهاباد بە هوێ ئەو یازدە کەسەی خوارەوە دامەزرا کە هەموویان خەڵکی مەهاباد بوون.

ناوەکانیان: ١- حسین فروهر، ٢- عبدالرحمن زەبیحی، ٣- عبدالرحمن إمامی، ٤- عبدالقادر مدرّسي، ٥- نجم الدین توحیدی، ٦- محمد نانوازادە، ٧- علی محمودی، ٨- محمد أصحابی، ٩- عبدالرحمن کیانی، ١٠- صدیق حیدری، ١١- قاسم قادری.

دوای ئەوە کاک نۆشیروان مستەفا لە کتێبی (حکومەتی کوردستان) لە جێیەک لە لاپەڕە ٥٩ دا لە زمانی دوکتور قاسملو و عبدالرحمن زەبیحییەوە دەڵێ:

دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ. ک لە مەهاباد ١١ کەسی ڕۆشنبیری مەهابادی بوون بەو ناوانەی خوارەوە:

١- حسین فروهر (زرگری)، ٢- عبدالرحمن زبیحی، ٣- عبدالرحمن إمامی، ٤- عبدالقادر مدرسی، ٥- نجم‌الدین توحیدی، ٦- محمد نانوازاده، ٧- علی محمودی، ٨- محمد أصحابی، ٩- عبدالرحمن کیانی، ١٠- صدیق حیدری، ١١- قاسم قادری.

دیسان هەر کاک نۆشیروان مستەفا و ئەوجار لە قەولی ئیگڵتن دەڵێ:

دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ. ک ئەوانە بوون:

١- رحمن حلوی،٢- محمدامین شرفی،٣- محمد نانوازاده، ٤- رحمن زبیحی، ٥- حسین فروهر، ٦- عبدالرحمن إمامی، ٧- قاسم قادری، ٨- ملا عبدالله داودی، ٩- قادر مدرسی، ١٠- أحمد علمی، ١١- عزیز زندی، ١٢- محمد یاهو، ١٣- میرحاج لە لایەن حیزبی هیوای عیراقەوە، کە ناوی رحمن حلوی و، محمدامین شرفی و، عزیز زندی و، احمد علمی تەنیا لەو لیستەدا هاتوە و لەوانی تردا ناویان نەبوو، هۆیەکیش بۆ نەبوونی ناوی ئەوانە لە قایمەکانی پێشوودا نەگوتراوە ڕەنگە قایمە یازدە کەسیەکە لە ڕاستی نیزیکتر بێ کە لە چەند کاناڵەوە تیکرار و دووپات بوونەوەی تێدا، بەو شەرتە ئێوەش بۆ ئەوە داوای بەڵگە نەکەن.

بەڵام مامۆستا مەلا قادری مدرسی کە خوێ یەکێک بووە لە ئەندامانی دامەزرێنەر دەڵێ:

کۆمەڵەی ژ. ک لەو یازدە کەسەی خوارەوە پێک هاتبوو: ١- محمد نانوازاده، ٢- رحمن زبیحی، ٣- حسین فروهر (زرگری)، ٤- عبدالرحمن إمامی، ٥- قاسم قادری، ٦- ملا عبدالله داودی، ٧- محمد یاهو، ٨- عبدالقادر مدرسی، ٩- صدیق حیدری، ١٠- عبدالرحمن کیانی، ١١- میرحاج.

تەنانەت کاک مەلا قادر ئەوەشی لێ زیاد دەکا کە ماوەی دوو ساڵ حسین فروهر





(زێڕینگەران) سەرۆکی کۆمەڵە بوو.

ئەو حیزبە بە هەموو ڕەگ و ڕیشەی خۆیەوە لە جەنگەیەکدا لە کوردستان پای گرت کە هەستی نەتەوایەتی لە پلەی هەرە بەرزیدا بوو، لەبەر ئەوە ئەوی ئەندامی بوون کاریان بۆ دەکرد و، ئەوی ئەندامیش نەبوون پشتی وانیان دەگرت و پێی وەفادار و دڵسۆز بوون، ئەو گەلە کە لە زەمانی ڕەزا خاندا بەردەرکی مزگەوتیان پێ دەگرت و ئەگەر نوێژی جومعە تەواو دەبوو هەرکەس بەڕانکی کوردیەوە لە دەرگای مزگەوت دەهاتە دەر هەر لەوێ نێفەکیان دەبڕی کەنگی وای بەخۆیەوە دیبوو لە شەقامی مەهاباد سروودی ئەی ڕەقیب بڵێ و کەسیش نەڵێ خەڵکی کوێی؟

جا کێ هەبوو بەسەری بڕوا ئەگەر پیرەمێردێک لەگەڵ بیستنی دوو دێڕ نووسراوی کوردی ئاوی چاوی بەسەر ڕیشە سپیەکەیدا دەهاتە خوارێ و؟ لەو جەنگەدا هەر تەماشا کردن و ڕوانینەکەی هەزار داستانی لە ڕابوردووی بە کەم گیراوی خۆی تێدا بوو، ئەرێ تۆخوا وا نییە، تۆخوا ڕزگار بوون لە ژێردەستی هەر وا کەمە؟

بە هەر پێوان و ژمارەیەک حیسابی کەی لەوەدا کە دروست بوونی کۆمەڵەی ژ.ک لەو وەختە تایبەتی و ناسکەدا و، لە پاش ئەو هەموو کوێرەوەریەی دیتمان ڕەمزی گەلی کورد و نیشانەی سەر هەڵدانەوەی سەرلەنوێی بوو هیچ ئەو لاو ئەولای تێدا نیە خۆزگەم بە دامەزرێنەرە بە جەرگ و دڵسۆزەکانی کە ئەو شانازیە گەورەیان لە مێژوودا وەدەست خۆیان خست و بەو هەنگاوە مێرانە خۆیان بە خەمخۆری ئەوڕۆ و دواڕۆژی گەلی کورد بە هەموو لایەک ناساند.

بەڵام هێشتە لەوەدا دوو دڵم کە کۆمەڵە ئەگەر ڕەمز بوو پێویست بوو ڕازیش بێ؟

لە چاخێکدا کە سەرباز و پۆلیس و ژاندارمی کوردکوژ بە خۆیان و کەلەبچەیانەوە تێیان تەقاندبوو هەر نەیاندەوێرا ئاوڕێش بدەنەوە و، وڵات بۆ خاوەنەکەی خۆی بەجێ مابوو، لە کاتێکدا چەکمە و مامزەی ڕەفیق (سەمەدۆف) لە شەقامی مەهاباد خرمەی دەهات و، لاوکی شێخ مەحمودی کاوێس ئاغا چاخانەی شار نەمابو پڕی نەکا و، چەکی قشڵە و سەربازخانەکانی میری پتون وەدەست لاوی کورد کەوتبوو و ڕووبەڕووی خۆیان ببۆوە پێویست بەو نهێنی کاریە مابوو؟ کە گەنجێکی خوێن گەرم بە دوای کلیلێکدا بگەڕێ بۆ

ئەوە کە سەرێک لەو هەودایە هەڵکا و بەڵکو بتوانێ جێگەیەک لەو مەتەرێزە دا بۆ خۆی بدۆزیتەوە و بە ئەرکی نەتەوایەتی خۆی هەستی؟ چما ئێمە پێمان لە قۆناغی دوای شەهریوەری ٢٠ نەنابوو؟ چما ئەو حیزبە لە ٢٥ گەلاوێژی ساڵی ٢١ یانی ساڵێک پاش هاتنی ڕوسان بۆ کوردستان دروست نەبوو؟

داخوا هەر هەست کردن بەو ڕاستیانە بوو کە هەر خۆی دوای ماوەیەک بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان جاڕی نوێنەرایەتی گەلی کوردی ئاشکرا کرد و بۆ ئیدارە کردنی کوردستان لە پشت پێشەوا سەربەرزەکەی وەستا، یان خێر و دەست تێوەردانی ئەولا و ئەولای کێشەکە بوو کە بۆ وەدەست هێنانی ئامانجی خۆیان هەر ڕۆژە وەرەقێکیان لە عەرزی دەدا و، مەبەست لە هەموو ئۆین و چاوزەق کردنەوەکانیش چۆڕە نەفتێک نەبێ هیچی تر نەبوو کە بۆ ئەویش دەبوو لە ڕێگەیەک ڕا بۆی بێن کە هەتا ڕادەیەک باری خەڵەتاندن و چاو بەستنیشی تێدابێ و دیارە ئەو دەم ئیش و کار بەو شێوە چاکتر دەڕۆیی و، لە دوای بەڵێنە پووچەکەی نەفتیش کە پێیان درا و بێ سێ و دوو بارگە و بنەیان تێک نا، کەس ئەو پرسیارەی لەو دۆستە دڵسۆزەی کورد!! پێ نەکرا بڵێ: ئەرێ تەواریش ئەدی مەسەلەی کورد و ڕزگاری و لایەنگریی چەوساوە و ئەو شتانەی ئێوە هەتا ئەوڕۆ باستان دەکرد چی لێ هات؟

ئێرە هەولێرە شاری مێژووساز و گەزەنفون شکێنی کۆن و، پایتەختی پایە قورسی ئەوڕۆی کوردستانی خۆشەویستی عیراق سەعات ١١ی پێش نیوەڕۆی دووشەممە ١٥ی مانگی تەموزی ٢٠٠٠، پلەی گەرما (٥٢) دەرەجە لە ژوور سیفر، تەزووی کارەبا (٠) فشاری ئاو ٢٠٪.

خوێنەری بەڕێز وا بە باش دەزانم هەرچۆنی بێ خۆ لەو گەرمایە بپارێزین و جارێ هەر لە مەهابادی فێنک و دڵگر بمێنین. هەر بە ڕاستی لەوێ هەر قسەشمان تەواو نەبوە و ئەو پرسیارە ماوە بیکەین کە هەر لەو ڕۆژەوە کە ساڵداتی ڕوسان لە ڕووباری ئاراز بەرەو کوردستان پەڕینەوە هەتا ئەو ڕۆژە کە حکومەتی کۆماری مەهاباد دروست بوو بێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێک لە ناوچەدا هەبێ شار و دەوروبەری شار و هەر بەتێکڕایی کۆمەڵ چۆن بەڕێوە دەچوو و، کێ پێی ڕادەگەیی کە نە حکومەت قاپیلکێکی ڕزیو نەبێ هیچی تری هەبوو، نەحیزبێک مەوجودیەتی خۆی ڕاگەیاندبوو، نە کۆمار دروست ببوو، نە ڕوسانیش





بۆ ڕاپەڕاندنی گیروگرفتی خەڵک دەوریان هەبوو دیارە هەر وەک لە پێشدا گوتمان هەرچی عەشایر و دەوروبەری شار بوو تەکلیفی ڕوون بوو و، زۆردار خۆی بەسەر بێزۆردا دەسەپاند و، هەموو یاسایەکی دەوروبەری شار لەو دوو وشەدا کۆ ببۆوە «زۆردار و بێزۆر».

کێ دەیتوانی لە قەراری سەرۆک عەشیرەت دەرچێ ئەگەر بە سوودی با و ئەگەر بە زیانی، دیارە بۆ ڕادەی لەوەش بەرزتر و، بەینی سەرۆک عەشیرەتەکان هەر کەس بۆ بەرژەوەندی خۆی ناکرێ بڵێم هیچیان لەگەڵ ڕوسان سرتە و خەڵوەیان نەبو.

کێ دەڵێ هەر ئەو سرتە و خەڵوە پێشەکیەک نەبووە بۆ ئەو بانگهێشتنەی دوایی کە ڕوسان لە پێشەوا و چەند سەرۆک عەشیرەتی موکوریان کردیان بۆ باکۆ وەک (عەلیاغای ئەمیر ئەسعەد) و (قەرەنیاغای مامەش) و (قاسماغای حاجی بایزاغای موهتەدی) و، پێش نیهادی سەرەک کۆماریی کوردستانیان پێ کردن و، ئەوانیش پێشەوای لێ دەرچێ هەموویان لەبەری چوونە دەر جا ئەگەر لێکدانەوەی لێهاتوویی خۆیان بوو، ئەگەر ترسی پاشەڕۆژ و، ئەگەر بێ باوەڕی بە وەفاداری و بەڵێنی دۆستە بێگانەکە.

قاپێلکە گەندەڵەکەی میری نە جێی باوەڕی خەڵک بوو کە گیروگرفتی خۆیانی بۆ بەرن نە دەسەڵاتی قەرار و بڕیاردانی هەبوو لەبەر ئەوە میری بۆ ئیدارەکردنی شارەکانیش دەستی یارمەتیی بۆ سەرۆک عەشیرەتەکان درێژ دەکرد و بەناوی فەرماندار شاری پێ سپاردن.

بەرە بەرە گیانی کوردایەتی و حیزبایەتی بەهێزتر و پەرەگرتووتر دەبوو، خەڵک کە ئەو هەموو بیرەوەریە تاڵ و ناخۆشەیان لە دەم و دەزگای ئەو حکومەتە هەبوو لە خۆی و دار و دەستەکەشی بێزار بوون و، بەدوای دڵسۆزێکی خۆیاندا دەگەڕان پرێسکەی دڵی خۆیانی بۆ بکەنەوە و بگەنە قۆناغی بڕیاردان و لێبڕان، هەتا دەهات لە حکومەت دوورتر و لە ئامانجەکەی خۆیان نیزیکتر دەبوونەوە.

دیوانی قازیی ئەودەم و پێشەوای دوایی شوێنێک بوو لەوەدا دەوری هەبوو بۆ خەڵک و، مەکۆ و مەتەرێزی چاک و جێی هومێد بوو، هەر ئەوێ هەبوو بەڕاشکاوی هەموو مەبەستێکی لێ بخرێتە گۆڕێ و باسی لەسەر بکرێ نەک هەر حقوقی و کۆمەڵایەتی بگرە سیاسیش و، ئەو دڵنیاییەی لەو لێک هاڵان و نیزیک بوونەوانە کەوتەوە بوو بە سەرمایە

و پشتیوان و وای لێ هات لە ساڵەکانی دواییدا و پێش دروست بوونی کۆمار، پێشەوا خۆی و چەند چەکداری دڵسۆز هەر شەوە بە گەڕەکێکی شاردا دەگەڕان و، هەستیان ڕادەگرت و، ئەگەر چەوتی و کاری دزێو لە شاردا ڕووی دابا لەوان شاراوە نەبوو، سبەینێ بەدوای ئیشەکەدا دەچوونەوە، وەک ئەوە دەچوو خۆی بۆ سەرۆک کۆماری ئامادە بکا، ئەو شێوە چاوەدێریەی پێشەوا لە شاری مەهاباد لە زەمانی سەرکۆماریشیدا ئیدامەی هەبوو.

یەکێک لە تایبەتیەکانی پێشەوا بە هۆشی و بیری تیژ بوو کە زۆربەی خەڵکی شار و تەنانەت دەوروبەری شاریشی بەناو دەناسی و، کەسێکی جارێک دیبا لە بیری نەدەچوو، هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵک هەرکەس بەپێی خۆی و، لە جێی خۆیدا بوو کە لە هەموو حاڵەتێکدا ڕووی خۆش و، ئەدەب و، ڕێز لە چاوپێکەوتنیدا بەدی دەکرا و لەسەر بەڵێنی خۆی سوور بوو.

پێم وایە ئەگەر بمەوێ وا بە کورتی لە سروشتی بەرزی پێشەوا بدوێم بە قسور تەواو دەبێ و دەبێتە قەترە لە دەریا کە هەموو لایەنەکانی شەخسیەتی ئەو ڕێبەرە هەڵکەوتوە چ سیاسی و، چ کۆمەڵایەتی و، چ زانستی هەر یەکەی دەفتەرێکی جودایە و، پێویستی بە سەرفی وەخت و لێکۆڵینەوەی زۆر و ورد هەیە بۆ ئەوە کە هەموو گۆشە و قوژبنەکانی لێهاتوویی وی ڕوون بنەوە و ئەگەر بۆ ئەوە لە داهاتووشدا دەرفەتێکم لێ هەڵکەوێ بەسەریەوە ناچم.

هەروەک دەزانین لە دوای ئەو هەموو بێ سەروبەری و، کەس بەکەسی و، تێکەوە هاویشتنەی لاوەییان کە لە وڵاتدا هەبوون، ڕۆژی دووی مانگی ڕێبەندانی ١٣٢٤ هەتاوی کە دەبێتە ٢٢ ی مانگی ژانویەی ١٩٤٦ زایینی دوای ئەوە کە چوار ساڵ لە هاتنی هێزی سوور بۆ کوردستان تێپەڕیبوو، کۆماری مەهاباد لە چوارچرای شار ڕاگەیەندرا و، پێشەوا قازی محەممەد بە سەرۆک کۆمار دیاری کرا و، هەر لە ڕۆژی ٢٢ مانگی ڕێبەندانی ئەو ساڵەدا، یانی لە یازدەی مانگی فەوریەی ١٩٤٦دا یەکەم هەیئەتی وەزیرانی کۆماری کوردستان بەو شێوەیە ڕاگەیەندرا:

١- حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری جەنگ، ٢- محەممەد ئەمینی موعینی وەزیری ناوخۆ، ٣- ئەحمەدی ئیلاهی وەزیری ئابووری، ٤- کەریم ئەحمەدەین وەزیری





پۆست و تێلگراف، ٥- مەنافی کەریمی وەزیری فەرهەنگ، ٦- سەدیقی حەیدەری وەزیری پروپاگاندە، ٧- خەلیلی خوسرەوی وەزیری کار، ٨- مەحمودی وەلی زادە وەزیری کشت و کاڵ، ٩- سەید محەممەدی ئەیوبیان وەزیری لەش ساغی، ١٠- عبدالرحمن ئێلخانی زادە وەزیری مشاویر، ١١- مەلا حوسینی مەجدی وەزیری داد.

هەر لەو سەروبەندانەدا لە تەورێزیش حکومەتی میللی ئازەربایجان بە سەرۆکایەتی جەعفەری پیشەوەری دامەزرا کە ئەویش چیرۆکی خۆی هەیە و لەبەر ئەوە کە من بیرەوەری دەنووسم نەک مێژوو ئەو هاتن و ڕۆیشتنە و، چارەنووسی دوایی وان بۆ مێژوو بەجێ دێڵم کە ئێستەش کە ئێستێیە سەریان هەڵنەداوە و، لە کولەکەی تەریشدا ناویان نییە و، هەر هێزەکانی میری لە کێوی قافلانکۆ تێپەڕین و ئەوان تەورێزیان بەجێهێشت هەر بەوە ڕازی بوون لەو دیوی دیوارە ئاسنەکە بە نانەزگی ڕایان گرن و، واز لە نازناوی سەرداری میللی و، سەرۆکایەتیی دێموکرات فیرقەسی بێنن، چونکە دەستکەوتی جولانەوەکە وەگیر لایەنەکەی تر کەوتبوو جا با بە قسەش بێ، چما ئەوانیش لەوە زیادتر هیچی تریان دەویست!!؟

لە دوای ڕاگەیاندنی کۆماری مەهاباد، دیاری کردنی هەیئەتی وەزیران یەکەم هەنگاو بوو کە بۆ ئیدارە کردنی وڵات هاوێژرا، هەنگاوی دووهەم دانانی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی (پارلمان) بوو کە هەموو ئەندامەکانی لە لایەن پێشەواوە هەڵبژێردران و، لەو نووسینانەدا کە لە سەرکۆمار نووسراون و زیادتریان لە لایەن ئەندامانی بەرزی ح.د.ک بوون لە هیچیاندا باسی نەکراوە و، ناوی ئەندامەکانی ئەو پارلمانە لە نووسین و بەڵگەکاندا وەبەرچاو ناکەوێ و، من کە خۆم لە دەفتەری ئەو ئەنجومەنە دا نووسەر بووم بەداخەوە لە ئەندامەکان ناوی چەند کەسێکیان نەبێ لە بیرم نەماوە کە ئەوانیش ئەوانەن:

حاجی بابە شێخی سەیادەت سەرۆکی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی.

ئەندامەکانی ئەو ئەنجومەنە: کەریماغای قوم قەلا، حاجی حەمەد ئاغای حیسامی، عەلی خانی قادری مرۆتێ، حاجی مستەفای داودی، ئەحمەد خانی خەلیل خان ئەگەر چاکم لە بیر مابێ و، بێجگە لەوانە چەند کەسی تریش بوون کە بەتەواوی ناچمەوە سەریان و گومانم لەسەر ئەو ناوانەی خوارەوەش هەیە کە ئەندام بووبن و لە خەیاڵمدا دێن و دەچن

بەلاّم پێم ساغ نابنەوە. حاجی سالحی مشیری، إبراهیمی نەوزەری، عومەر خانی شکاک.

گۆڤاری تیشکی ژمارە ٦ دەنووسێ: حاجی بابە شێخ سەرۆکی هەیئەتی وەزیرانی کۆمار و حاجی مستەفا داودی وەزیری تیجارەت بو لەو کابینەدا، بەلاّم ڕاستیەکەی ئەوەیە کە حاجی بابا شێخ سەرۆکی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی (پارلمان) و، حاجی مستەفاش ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بوو.

کارمەندەکانی دەفتەری ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی ئەوانە بوون:

١- حەمەد ئەمینی خاتەمی ڕەییسی دەفتەر.

٢- خالد حیسامی (هێدی) نوسەر.

٣- سەعدونی ڕەحیمی یادداشتی نامەکانی هاتوو و ڕۆیشتووی دەفتەر.

کاک حەمەد ئەمینی خاتەمی پێش دروست بوونی دەزگاکانی کۆمار سەرۆکی ئیدارەی ئاماری مەهاباد بوو، لەگەڵ دامەزرانی ئیداراتی کۆمار ئیشی وی لە ئەنجومەن دیاری کرا و، ئاکاری جوان و پەسندی هەبوو کارکردن لەگەڵی خۆش و بێ گیروگرفت بوو، ئەنجومەن هەر خۆی مووچە و مانگانەی بۆ کارمەندەکانی خۆی و ئەندامەکانی پارلمان بڕیبۆوە و، هەموو مانگێ بەپێی لیستە مووچەکە دەهاتە ئەنجومەن و سەرۆک دەفتەر لێی دابەش دەکردن و، مانگانەی من هەتا حکومەت تێکچوو مانگێ ١٨٠ تمەن بوو کە دەبێتە ٩ دینار و زۆریش پێی ڕازی بووم بەلاّم ئەگەر کردبایانە ٢٠٠ تمەنیش کە دەبێتە ١٠ دیناری تەواو تووڕە نەدەبووم.

بێجگە لەوانە چاییچیەکیشمان هەبوو بەناوی هەمزە کە مەنگوڕ و هەتا بلّێی پاک و خاوێن و سەر و ڕوو خۆش بوو، ئەگەر ماوە یادی بەخێر و ئەگەر نەمابێ ڕوحی شاد.

کاری ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی هەر ئەوە بوو کە پارلمانی گەلانی تر دەیکەن و یەک لەوان قانون دانان چ بۆ وەرگرتن و ئەستاندنی (مالّیات) و چ لە بواری تری کاری کۆمەڵدا، لەو یاسانەی من وەبیرم دێ ئەو دەم دەنگی لەسەر درا یاسای دیاری کردنی مالّیات بوو.

چەند مانگێک لە تەمەنی دروست بوونی کۆمار و دامەزرانی ئەو ئەنجومەنە تێپەڕیبوو دەمدی چەشنە نووسراوێک لە لایەن حکومەتی میللیی ئازەربایجانەوە بۆ ئەو ئەنجومەنە





دێ کە دەتوانم بلّێم ئەمریان تێدا بوو و ڕێ و شوێنیان بۆ ئێمە دادەنا و کۆماری مەهابادیان بە بەشێک لە دەسەلاّتەکەی خۆیان حیساب دەکرد و، دەیانکردە بەخشنامە بۆ ئێمەش، دەنگدانەوەی ئەو جۆرە نووسراو و بەخشنامانە ئەگەر لە ڕادەی لێپرسراوە بەرزەکانیشدا شتێک بووبێ بۆ ئێمەی بۆرە پیاو هیچ دیار نەبوو، دوایی دەرکەوت کە ئێمە هیچ هەر لە ناو حکومەتەکەی پیشەوەریشدا هەموویان بەو هەڵوێستە ڕازی نین و لەسەر ئەوە کێشەیان کەوتۆتە بەینێ و هەتا کۆماری مەهاباد تێکچوو پەیوەندی حکومەتی ئازەربایجان لەگەڵ ئێمە هەر بەو شێوە بوو.

حاجی بابە شێخ لەو ماوەدا کە من لەو ئەنجومەنە لە خزمەتی دابووم هەستم بەوە دەکرد کە زێدەی کارمەندەکانی تر ڕووم دەداتێ و ڕێزم دەگرێ و نامەی ئەنجومەن من دەمبردە بەردەستی و ئیمزای دەکرد و، تەنیا لێی دەپرسیم مەوزوع چییە و ئیمزای دەکرد و، دەیداوە دەستم.

نازانم ئەو حاجی بابە شێخە بۆ خوێنەرەوەی ئەو دێڕانە چۆن و چەند ناسراوە و چ لە ڕابوردووی شەخسیەتی عیلمی و کۆمەلاّیەتی و جەوهەری زاتیی وی دەزانێ کە بەڕاستی بێجگە لەوەی بەسەر هەموو لایەنەکانی عیلم و زانستدا زاڵ بوو لە بوارەکانی تری شەخسیەتیشدا هەڵکەوتوو بوو، لەبەر ئەو زانست و ئازایەتیە لە لایەن (ویلهێلم) قەیسەری ئالّمان و، ڕەزا شاوە خەلاّت کرا بوو و قەیسەر دووربین و، ڕەزا شا عەسای جەواهیر نیشانیان بۆ ناردبوو و، کاتێک دوای تێکچوونی کۆمار لە خزمەت مەحمود ئاغای ئێلخانی زادە و، حاجی حەمەد ئاغادا لە تورجان (گوندی جێی دانیشتنی) چووینە خزمەتی، ئەمری کرد ئەو خەلاّتانە بێنن کاک خالید بیانبینێ و، من هەردووکیانم دیت کە بەڕاستی عەسا جەواهیر نیشانەکە زۆر سەیر ڕازابۆوە و، لەبەر ئەو هەموو ئەڵماس و جەواهیراتە کە تێی گیرابوو هەر بریقەی دەهات و پیاو لە تەماشاکردنی تێر نەدەبوو، فەرمووی بێجگە لەو عەسایە عەسایەکی تریشم بۆ هاتبوو لەوە چاکتر ئەویان لێ دزیم و نەمدۆزیەوە بەلاّم شکم هەبوو.

بۆ ئازایەتی و غیرەتی حاجی بابە شێخ زۆر چیرۆک و داستان هەیە کە من یەکیان بۆ نموونە دێنم:

لە شەڕی ڕوساندا لە کوردستان ئەو پیاوانەی لەگەڵ حاجی بابە شێخ دەبن یەکیان

بریندار دەبێ، حاجی بابە شێخ ناتوانێ لە کۆڵی کا و لەو جێیە بیگوێزێتەوە، پەستەکەکەی خۆی لە شانی دەردێنێ و بریندارەکەی دەخاتە سەری و لەوێوە هەتا دەیباتە شاخەکەی تر لە دوی خۆی ڕایدەکێشێ و لەوێ لای دەبا و ناهێڵێ بکەوێتە بەردەستی ڕوسان، ئەو داستانە دوور و درێژە و من کورتم کردەوە.

لەو سەفەرەدا یادی هاوڕێی خەتخۆش و ڕەفیق خۆشم هەباساغای ئێلخانی زادە بەخێر کە هەردووکمان لەو تەمەنەدا پێمان وا بوو سوار چاکی وەک خۆمان هەر نییە بەڵام کەس بۆی لە ئەستۆ نەدەداین، هەرچی بێ خۆ لەسەر ئەسپەکە خۆمان ڕادەگرت چما کەس هات ئێمە هەڵگرێتەوە. ؟

لەدوای هاتنەوەی هێزەکانی حکومەتی ناوەندی بۆ مەهاباد گرتن و کوشتن و ڕێ کەوتن دەستی پێکرد و میری بێ بەرهەڵستی و ترس و واهیمە هەر کەس مەبەستی بوو گرتی و کوشتی و یان هاویشتیە زیندان و هەڵات هەڵات لە هەموو لاوە دەستی پێکرد بەڵام حاجی بابە شێخ چۆوە ماڵی خۆی و نەگیرا، دوای بەینێک بەدوایاندا نارد بردیانە تاران و لەوەدا نیگەرانیی ئەوە پەیدا بوو کە بەڵایەکی بەسەر بێنن جا با بە فێڵ و تەڵەکەش بێ بەڵام چاکی ڕزگار بوو هیچی بەسەر نەهات و بە سەلامەت گەڕاوە، دیارە حکومەت بە سوودی خۆی نەزانیبوو ئەو بنەماڵە گەورە بکاتە دژی خۆی و دوایی لایەنگرانیان دەردی سەریان بۆ بنێنەوە.

پێ و قەدەمی ڕوسان بۆ مەهاباد بە هەموو ئاڵوگۆڕ و گێچەڵ و خێر و شەڕێکیەوە لەرز و تای کوردی نووسین و کوردی خوێندنەوەشی پێوە بوو، هەر لەگەڵ ویڕەی تەیارەکانی وان لە عاسمانی کوردستان ئەو هەستە خەڵکی داگرت و هەرکەس لەبەر خۆیەوە ئەوەندی پێی دەکرا سەرەتەقێکی دەکرد.

بە ڕاستی کوردی نووس زۆر بوو بەڵام کوردی زان کەم بوو، بۆ ئەوەش کەس جێی ڕەخنە نەبوو کە بۆچی نازانێ بە زمانەکەی خۆی بنووسێ، کێ پێش ئەو دەم وێرابووی نامەیەک بە کوردی بنوسێ، گۆڤار و ڕۆژنامەش کە هیچ هەر باسی مەکە بەڵام ئەو شتەی کە پێی دەڵێن لێهاتوویی لێرەش لە هێندێ جێ و هێندێ کەسدا کاری خۆی کرد و زۆری پێ نەچوو لێرە و لەوێ پارچە هەڵبەستی شیرن و بەرز بە دەستنووس دەکەوتە ناو خەڵک و نیشتماندۆست و شیعردۆست پێی وەکەیف دەهاتن.





میرزا محەممەدی عەتریی گلۆڵانی دۆستی لەمێژینە و، هەڤاڵ ڕاوچیی دایمی ئەو دەم و وێژەری کرِ و بێ دەنگی ئەورِۆی بۆکان و کوردی نووسی ئەوسای موکوریان هەر زوو لە قۆناغی سەرەتەقە و خۆ ڕاهێنان بازی دا و بەپێشکەش کردنی هەڵبەستی بەرزی (نامەوێ ئەو ژینە تاڵە یا وەتەن یا مردنم) بەکۆمەڵی ئەو کاتە، خۆی بە ناوی هەستیارێکی ورد و خاوەن سەرنج بەهەموان ناساند.

ئەو شاعیرە لە بیرکراوە نازانم خۆی یەخەی لە کاری ئەدەبی دادڕی و فڕێی دایە ئەولا، یان لەگەڵ بەجێهێشتنی قولینچکی دیوەخانی شێخاڵی هەر سەرچاوەی هەڵبەستیشی ویشکاوی هات و بیرکردنەوەکانی وێی لە جیاتی شیعر ئەوجار ڕوویان کردە فڕوفێڵی سیاسی و هەوڵی نوێنەرایەتی و، پێی وابوو هەر جێیەی شتێک هەڵدەگرێ، واللهی ڕەنگە واش بێ، ئاخر پارلمانتاری و شیعر گوتن کوجا مەرحەبا ؟.

جا کاک عەتری بۆ ئەوە کە تۆ بزانی من هەر لە ئەسپ و زین دابڕاوم و، بە دوای تاجی و کەروێشکانەوە لە ڕاوی: دیوی خومارۆ و، کێوی برایمۆک و، باسکە درێژ و حەوت کانیان و، ئاڵمەڵوو، بێژێنگ بەسەر بووم دەنا بەتۆ و بە شیعری بەرزی کوردی لە ڕێبازی کوردایەتی و لە پێناو کوردستانا هەر وەفادارم و، سەرم لە نوکتە و قسەی خۆش و پێکەنین هەر دەخورێ جا با ڕەنگی مووش کاڵ بووبێتەوە و، هەروەها بۆ ئەوەش کە تۆ بزانی شیعر نەمرە و، وەک پیلەی سیاسی هەر لە زارت هاتە دەر با نایبا و، دیسان بۆ ئەوەش کە حاڵ و هەوا و، دڵگەرمی و، ڕادەی هەستی نەتەوایەتیی کوردستانی ئێران دوای مانگی خرمانانی ١٣٢٠ بە تەواوی بخەمەوە ڕوو لێرەدا پارچە شیعری (نامەوێ ئەو ژینە تاڵە...) لەگەڵ ئەو بیرەوەریانە دەخەم چونکە بیرەوەریی زۆریان پێوەیە هەر لە گەپ و گاڵتەی شیرنی چەند ساڵە لەگەڵ وێژەرەکەی هەتا وەرگەڕانی تاج و تەختی پەهلەویی گەندەڵ و، بۆڵە بۆڵی ئەو هەموو شاعیر و نیوە شاعیرە بەڕێزەی ئەو سەردەم:

(باری زوڵمی دوژمنە وا هێسی کردوە گەردنم)

(نامەوێ ئەو ژینە تاڵە یا وەتەن یا مردنم)

ئەی وەتەن لەو ڕۆژە ئەو ڕۆڵەیەت هاتۆتە ڕو

شیری تۆی کەوتۆتە یاد و میهری تۆی کردۆتە خۆ

دڵ بە سازی تۆ بە کەیفە ڕوو بە خۆشیی ڕوویی تۆ
پێم گــوتی دەبمە بەڵا گــەردانی تۆ بێ هیچ درۆ
(وەختی ئیجرای قەولمە ئەوباڵ بە تەختی گەردنم)
(نامـــەوێ ئەو ژینە تاڵە یا وەتەن یا مـــردنم)

دوژمنی بەدخـــۆ ئەگـــەر تۆ بمدەیەی زێڕی وڵات
دار و بەرد و خاک و خۆڵم بۆ بکەیتە حاسیلات
بمکەیە سەرداری دنیا تاجی شاهیم کەی خەڵات
شەرتە تێی هەڵدەم لە تاجت بیگەیەنمە ڕۆژهەڵات
(چۆن دەبێ مەحکومی تۆ بم کەچ بکەم بۆت گەردنم)
(نامـــەوێ ئەو ژینە تاڵە یا وەتەن یا مـــردنم)

لاوەکان گەر ڕوح فیداکەن بۆ وەتەن هێشتا کەمە
گـەر بدا ئاوی حەیاتت دوژمنت زەهرە خەمە
خۆشە دەردێکی کە دایکی نیشتمانی مەرهەمە
سینگی من قەڵغانی تۆ بێ ئەی وەتەن پێشمەرگەمە
(ژینی من قوربانی تۆ بێ جا بڵێندە گەردنم)
(نامـــەوێ ئەو ژینە تاڵە ....................)

خەم مەخۆ دایکی وەتەن تۆوی موورادت شین دەکا
لاوی تۆ سەرخۆشە ئەورۆ پاکی داوای ژین دەکا
داغی بالای سەوزی تۆیە دوژمنت سەرشین دەکا
تینی زوڵمی کۆنی تۆیە قەلبی من پڕ کین دەکا
(نامەوێ ژێر دەستی دوژمن بێتە تەوقی گەردنم)
(نامـــەوێ ئەو ژینە تاڵە یا وەتەن یا مـــردنم)





حازرم بۆ حیفزی خاک و ئاوەکەت ئەی نیشتمان
شەرتە بیبڕێژم لەبەر پێت خوێنی گەش ڕوحی ڕەوان
خوێنی من بۆ تۆ حەڵاڵە ماڵیشم هەردووکیان
یان دەبێ هیچیان نەبن یان دوژمنت هیچ کامیان
(دەچمە بەر مەیدانی دوژمن جا حەڵاڵ کە گەردنم)
(نامـــەوێ ئەو ژینە تاڵە یا وەتەن یا مـــردنم)

ئەی وەتەن گەر ژین هەبێ ڕاستە کە تۆ ژینی منی
نامەوێ سەیری گوڵستان تۆ کە نەسرینی منی
ئاگرم بۆ هێزی دوژمن چونکە تۆ تینی منی
قیبلەکەم، ئیمانەکەم، ئیمامەکەم دینی منی
(گەر بوتی زنار دەبەستم زوو بە خاچی گەردنم)
(نامـــەوێ ئەو ژینە تاڵە یا وەتەن یا مـــردنم)

قسەی خۆمان بێ من لەگەڵ ئەو نیوە شیعرەی بوت و زنار، دڵم پڕ بوو جا نازانم ئێوە.

نووسینە کوردیەکانی پێش دروست بوونی کۆمار و، بەرەبەری پێکهاتنی کۆمار ڕەنگە شیعری بەرزی تری لەو مستەوایەدا و، لەوانە بەرزتریشیان تێدا بووبێ.

کە من نە هەمووویانم دیوە و نەپێم دەکرێ وەبیریان بێنمەوە و هەڵیان سەنگێنم، ڕۆژنامەی کوردستانیش ئەو دەم بڕێک درەنگ وەخۆ کەوت کە دەستی شاعیر و نووسەرەکان بگری لە چاپ کردن و بڵاوکردنەوەی نووسینەکانیاندا و نەهێڵێ لە ناو بچن و بیانکاتە بەڵگە و کەلەپور بۆ دوا ڕۆژیش. هەر چەند لە دواییدا بەو ئەرکە هەستا و، بوو بە یەکەم پەرتووک و سەرچاوەی هەواڵ گەیاندن و لێکۆڵینەوەی ڕووداو و دەنگوباس و شوێنی چاپ کردنی هەڵبەستی هەڵبژاردە و، لەو تەمەنە کورتەی خۆیدا وردە وردە ئەگەر ناتەواوییەک لە نووسین و، کاکڵ و، ناوەڕۆکی لاپەڕەکانیدا هەبوو لای برد و ڕادەی ئەدەبیی خۆی بەرز کردەوە و، ڕۆژ بەڕۆژ هەست بە پێشکەوتن و ڕێک و پێکتر بوونی

دەکرا لە چاو ژمارەکانی پێشووی خۆی کە سەرەتای دەرچوونی هێز و پێزی پێویستی نەبوو.

ناکرێ من بەناو شیعر و هۆنراوەی بەرزی موکوریانی سەردەمی کۆماردا بێم و بچم و بەسەر ئەو پارچە هەڵبەستە شیرنەی کاک محەممەدی مەجدیی ئەو دەم و دوکتور مەجدیی ئەورۆدا باز دەم (دوکتور مەجدی کوڕی شایستە و لێهاتووی زانای ناودار و، وەزیری دادی کۆماری مەهاباد، مامۆستا مەلا حوسینی مەجدی) کە سەردەمی کۆمار بەخۆی و وشە و واژە ڕازاوەکانیەوە پێ بەپێ و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ گەلەکەی دەهات و ئەورۆ دوودڵم نازانم بەتێپەڕ بوونی زەمان و، سەرەڕای عینوانی دوکتوری ئەگەر ناوی شاعیر و وێژەوانی بەسەردابڕن بەسەرمدا دەداتەوە یان نا؟





**وەتەن**

مەجدی

وەتەن گیان و دڵم قوربانی تۆ بێ
سەر و ماڵم بەلاگەردانی تۆ بێ
لەبەر تیغی جەفای بێگانە یاخوا
هەمیشە سینگی من قەڵغانی تۆ بێ
وەکو کێوانی خۆت هیممەت بڵیندە
کەسێکی ساکینی کوێستانی تۆ بێ
کوڕانت نایەڵن هەرگیز کە دوژمن
تەماحکارانە چاوەڕوانی تۆ بێ
شەتاو و، باغ و، گوڵزاری سەراسەر
بەهەشت پێی وا نەبێ هاوشانی تۆ بێ
دەکۆشین تاکو ئالای سەربەخۆیی
وەکو جاران لەسەر کێوانی تۆ بێ
مەحاڵە حەز بکا فەوتانی کوردی
کەسێک پەروەردەیی دامانی تۆ بێ
ئەمەگ کوێری بکا گەر ناسوپاسێک
خەریکی زیللەت و فەوتانی تۆ بێ
وەتەن یارەببی هەرکەس خێر خواتە
نەسیبی ڕەوزەیی ڕیزوانی تۆ بێ
موخیللی عیززەت و ئاسایشی تۆ
بە دەس مارانی بێ ئامانی تۆ بێ

خەیاڵی جەننەت و فیردەوسێ ناكا
كەسێ لە جیاتی دانیشتوانی تۆ بێ
مەتاع و ماڵ و ڕوح و گیان و ئەولاد
لە ڕێی سەربەرزی تۆ قوربانی تۆ بێ
قەسەم بە خوا دەبێ ئێران و ئەوغان
جێگای ڕمبانی شاسوارانی تۆ بێ
هەتا ئێستە كە دوژمن سەر فیراز بوو
بەلاَ ئەو جارە ژێر فەرمانی تۆ بێ
لە بۆ ڕافڕاندنی گۆی سەربەخۆیی
دەبێ كوردە هونەر گۆچانی تۆ بێ
ویفاق و، إتحاد و، عیلم و، سەنعەت
تفەنگ و تۆپ و فیشەكدانی تۆ بێ
دەبینی مورغی ئیقباڵ و سەعادەت
لەپاش چەندێ لەسەر سەربانی تۆ بێ
بەهاری سەربەخۆیی زۆر نزیكە
خەریكە نەوبەتی سەیرانی تۆ بێ

لەگەڵ هاتنی مانگی خرمانانی ١٣٢٠ڕاوەكی قسە خواردنەوە و، قسەشاردنەوە و، دەست بەزاریدا گرتن پزووی پسا و، هەر هات و كوردی نووسین پەرەگرتوو تر و، مەیدانی خۆڕاهێنانی كوردی نووسان بۆ وەدی هێنانی شوێنەواری ئەدەبی بەربلاوتر بوو، هەركەس لەبەرخۆیەوە تێی دەچریكاند.

ئەو قەسیدە شیرنەی شاعیری بەناوبانگ مەلا مارفی كۆكەیی دانیشتووی مەهاباد لەو جەنگەدا لە دایك بوو كە سەرەتاكەی بەو شیعرە دەس پێدەكا:

شاعیر عمومی كەوتنە مەقالات و بۆڵە بۆڵ
مەدحی وەتەن دەكەن بە قەسیدەی شڕ و شڕۆڵ





..............................................................

..............................................................

ئەوەی من لەو قەسیدە لە بیرم مابن سێ چوار شیعری ترن كە بەنارێك و پێكی وەبیرم دێنەوە و ئەوانیش ئەوانەن:

كوردیش چ كوردە میللەتی خۆ خۆرە پێكەوە
بۆ گیان و ماڵی یەكتری سمكۆڵ دەكەن لە خۆڵ
دنیا لە ناز و نیعمەت و ئازادیدا دەژی
كوردیش وەكو دڕندە لە ئەشكەوت و شیو و دۆڵ
پارچەی لە پەشمی ئێمە دەكەن خەڵك و بۆ مەیە
ڕانكێكی كۆن و كون كون و چۆغێكی بێ گڕۆڵ
سابلاغی دەست و پێ بەخەنەی قەت هەتاو نەدیو
ڕەنگین و، نازەنین و، نەرم و نۆڵ و، سپی و سۆڵ
تاكەی وەتاغی بەرز و، ژنی تەرز و، تەركی فەرز
لێتان حەرام بی سوحبەتی خاتوونی نەرم و نۆڵ

بەداخەوەم كە هەموو شیعرەكانی ئەو پارچە هەڵبەستەم وەبیر نایەنەوە كە مەبەست بە دەستەوە بدەن و خوێنەر كەڵكی تەواویان لێ وەرگری، بەلاَم وەك دەڵێن لوێچێك نموونەی خەڵوارێكە.

دوای ڕاگەیاندنی حكومەتی كۆمار لە دووی ڕێبەنداندا ئەوجار خۆ ڕاهێنان جێی خۆی دا بەخۆ ڕانان و، لەو جێژنە و حەفەلاتەدا كە بەبۆنەی ڕاگەیاندنی كۆمار لە لایەن هەموو چینێكەوە بە جودا بەرپا دەكرا دەرفەتی خۆ نواندن بۆ شاعیرەكان دەرەخسا و، هەركەس بە یاری خۆی هەڵدەگوت!!

هەر لەو سەر و بەندەشدا شەڕە زێڕینگەرانەی هەردووك كوردیزانی گەورەی موكوریان (خاڵەمین بەرزنجی) و (كاك هێمن) بەو دوو شیعرەی خاڵەمین دووراودوور دەستی پێكرد:

دەڵێن نێو بانگی شیعری خاڵە ڕۆیوە
لە کلکەی قزقەڵا تا گردە گرِوێ
تکای خاڵم لە هێمن هەر ئەوەندە
نەپێوی نیوە شیعرانم بە دەزوێ

(بۆ زانین بەینی کلکەی قزقەڵا هەتا گردەگرِوێ ڕێگەی نیو سەعاتە بۆ پیادە).

وێدەچێ پێش نووسینی ئەو دوو شیعرە کاک هێمن دەربارەی کێش و وەزنی شیعری خاڵەمین بروا و بۆچوونێکی بووبێ و بە دڵی خاڵەمین نەبووبێ.

چەند ڕۆژ پێ چوو لەو جێژنەدا کە کومەیتەی ناوەندیی حیزب بەبۆنەی سەربەخوێی گرتبووی و من حازربووم خاڵەمین هەستا شیعرێکی بەرزی خوێندەوە و، جەو و هەوای ئەو جێژنەی نرخاند بە بۆنی گوڵاو و زولفی یار لەو قافیەدا:

(بۆنت گوڵی گوڵاوە دەڵێی زولفی زێڕنی).

ئەوجار پیرۆزبایی لە گەلی کورد کرد و، ڕێزی بۆ پێشەوای پایەبەرز دانا و پێدا هات گەیشتە ئەو شیعرە:

لێک دوور و وێک نەکەوتوە ئەشعار و مەتڵەبم
وەک تووکی چڵ و چڵ و سەر و کاکۆڵی هێمنی

دوای خوێندنەوەی ئەو پارچە شیعرە هەردووکیان لە تەنیشت یەک دانیشتن و، دەستیان کرد بەنوکتەی خۆش و پێکەنین.

لە جێژنێکی تردا کە کۆڕێکی زۆر گەورە بوو ئەوجار کاک هێمن چووە پشت ترێبون و دەستی بە خوێندنەوەی ئەو شیعرانەی خوارەوە کرد کە چاوەڕوان دەکرا ئەو ڕۆژە ئەویش قسەی خۆی بکا و گوتی:

مەردی نەبەرد و شاعیری بێ باک و چاک منم
ڕۆژی هەرا و کێشە و شەڕڕ سەدی ئاسنم
من بولبولێکی وەها بووم کە دەسم کرد بە ناڵەناڵ
زیندووم کردەوە میللەتی کوردی بە خوێندنم





.....................................................................
.....................................................................

تەوهینێ بۆ بەپرچ و بە کاکۆڵی من دەکەی
دەروێش نیم براڵە ئەمن شێری پرچنم
مەردایەتی بە کوڵکە نییە گەر دەڵێی هەتا
ئەو چڵ چڵەی بەسەرمەوە ماوە هەڵی ڕنم
دنیام بە هێند نەگرتوە من لۆمەچیم بوێ
ئیسپاتی ئیدیعامە کە تا ئێستە بێ ژنم
لێم زیز مەبە عەزیزی دڵم خاڵی خۆشەویست
شاگردی چووکی تۆم و کوڕی چاک و هێمنم

ئەو شیعرانە هەر ئەوەندە نین بەڵام من لە بیرم نەماون و، دیوانی کاک هێمنیش گەڕام (تاریک و ڕوون) تێیدا نەبوو وا دیارە ئەوانیش وەبەر قانونی پاکسازی کەوتوون و لێی فرێ داون، وەک ڕۆژێک لە خۆیم بیست فەرمووی (شیعرەکانی قەدیمم هیچیان نەماون کە لەگەڵ ئەوانی تازە چاپیان کەم، بەوەش چاک بوو نەماون چونکە لە مستەوای شیعری ئەوڕۆمدا نین).

بەڵام ئەگەر دیوانی کاک هێمن هێندێک شیعری کەمە و یان لێی کەوتوە، دیوانی خاڵەمین زۆر بەداخەوە هەر چاپ نەبوە و، نە کەمی هەیە و نە زۆر.

ئەو کاتە لە کەرەج بووم ئەمری بە من کرد پێشەکیەکی دوور و درێژم بۆ نووسی و حازر کرابوو بۆ چاپ، بەڵام داخی گرانم کۆچی دوایی ئەو شاعیرە گەورەی بەسەرداهات و چاپەکەی وە دوا کەوت. بە هیوای ئەوە بووم کاک دوکتور عەزیزی کوڕی خاڵەمین بەو ئەرکە هەستێ و نەهێڵێ ئەو شیعرە کوردییە پەتیە بەنرخانە لەو مستەوا بەرزەدا لە ناو بچن بەڵام هێندەی من بزانم هەتا ئێستە دوکتوری بەڕێز لەوەدا هەنگاوێکی نەهاویشتوە با لێرەدا ئەو گلەیییەی لێ بکەم هەر چەند ئیمکانی چاپ و بڵاوکردنەوەشی هەر لە ورمێ هەیە کە شوێنی دانیشتنی خۆیەتی و، ئێستەش ئەگەر حەز بکا نەچوە بچێ.

جێژنی سەربەخۆیی پسانەوەی نەبوو هەر دەهات و گەرمتر دەبوو، لە یەکێ لەو جێژنانەدا

کە پێشەوا خۆی حازر بوو پارچە شیعرێکی پێدام فەرمووی: ئەو شیعرانە بخوێنەوە لە لایەن هاووڵاتیەکی لای سنەوە بەناوی ئێمە هاتوە و داوای کردوە لە خەمی ڕزگارکردنی وانیشدا بین، ئەگەر دەتوانی وەڵامی بۆ بنووسەوە خوا یار بێ بەهاری داهاتوو لە هەوڵی ئەوەدا دەبین و، دەبێ ئەوان بزانن ئێمە لە بیرمان نەکردوون بەڵام هەل و دەرفەتی دەوێ.

من پارچە شیعرەکەم لە پێشەوا وەرگرت و، لەو ڕۆژە بەدواوە خەریکی نووسینەوەی وەڵامەکەی بووم، سبەینێی ئەو ڕۆژە کە لە نووسینی شیعرەکان بوومەوە بە هەڵکەوت چینی خەڕازی جێژنەیان هەبوو و بانگهێشتن کرابووم بۆ شیعر خۆێندنەوە و پێشەواش لەوێ حازر بوو، لەو حەفلەدا شیعرەکانم خوێندەوە و ئەگەر لە خۆێندنەوەیان تەواو بووم لە پێش هەموو کەسدا پێشەوا هەستا سەر پێ و تاوێکی چاک هەر چەپڵەی لێدا و خەڵکەکەش هەموو دەگەڵ پێشەوا هەستانە سەر پێ و، مەلا سەدیقی سیدقی کە مەلایەکی ناسراو و ڕیشێکی سپی و عارفانەی هەبوو ئەگەر لە پشت تریبۆنەکە هاتمە خوار لەگەڵ چەپڵە لێدان پێی گوتم: هەزار ئافەرین فیردەوسیی کوردان.

پێشەوا بە گەرمی دەستی دامێ و، شیعرەکانی لێ وەرگرتم و، سبەینێ ڕۆژنامەی کوردستان چاپی کرد.

من ئەو وتانە بۆ ئەوە نانووسم بەخۆم هەڵبڵێم و دەزانم ئەو شیعرانە کە پەیوەندیان بە پەنچا و پێنجساڵ لەوەپێش هەیە لە مستەوای شیعری تری ئەوڕۆی خۆم و کلاسیک نووسانی تریشدا نین و دەشزانم شانازیەکی وا کەمتر وەگیر گەنجێکی ١٧ ساڵەی تازە کار دەکەوێ کە سەرەک کۆمار بە سپاردەیەکی ئاوا لە بواری ئەدەبیدا بیخوێنێتەوە، ئەویش بە سەنگ و تەرازوو و پێوانەی ئەدەبیاتی ئەو دەمی موکوریان بەڵام بێجگە لە لایەنی بیرەوەریەکەشیان ئەو دوو پارچە شیعرە لە قۆناغێکی گرینگ و ناسکی نەتەوەییدا گوتراون و لەبەر ئەوە کە وەڵام دانەوەکەشی بە فەرمانی پێشەوا بوو بارێکی مێژوویيان بەخۆیانەوە گرتوە و لێرەدا من لە پێشدا پارچە شیعرەکەی شاعیری سنەیی، دوای ئەو وەڵامەکەی خۆم دێنمە ناو ئەو دەفتەرە کە ئەو دەم ناوی شیعرم (شێواو) بوو هەروەک لە نووسینەکەدا تووشی دێن و، دوایی کە لە شۆڕشی یازدەی ئیلولدا هاتمە عیراق لە ئێزگەی دەنگی کوردستان ناوی شیعری خۆم گۆڕی و کردمە هێدی و لە جێی خۆیدا ڕوونی دەکەمەوە کە هۆی ئەو ناو گۆڕینە چ بوو. بەڵام شیعرەکان:





**بۆ پێشەوا**

لە لایەن: «خێروێژ»

شوکور بەکوردان ئازادی دریا
ئاڵای سەربەستی بەخێر هەڵکریا
بناغەی لەسەر شەرعی موبینە
ئێژی زەمانی سەلاحەددینە
ئەلحەمدوللا مەقسود بوو حاسڵ
تەبریک عەرز ئەکەم بە گیان و بەدڵ
بەم وەزعە خۆشە خاتیرم شادەن
زوبانم گۆیای موبارەک بادەن
پێشەوای بەرز و هەموو هاوکاران
هەریەک بۆ کارێ ئینتیخاب کریان
لاوانی وەتەن هەموو لە جۆشن
پەیاپەی شەربەت شادی ئەنۆشن
بە ئیخلاس بکەن شوکرانەی جەبار
ئێژن خلاس بووین لە زوڵمی ئەغیار
ئازادین لە دەس ناهەقی و فشار
فەوت و فەنا بوو ئەزیەت و ئازار
من ئێژم یاران کار ناتەواوە
باقیی کوردەکان ئاواتیان ماوە
ئەوان بە سەختی گیرۆدەی دەردن
هەر یەک بە دەردێ ئاوارە مەردن

مەسڵەحەت وایە نەگیرۆن قەرار
تا وانیش وەک خۆ ئەکەن ڕەستگار
هۆزی کورد تەنیا مەهابادی نین
کوردی ئێرانن هەتا خانەقین
عیددەی مەهاباد با سەد هەزار بێ
سەد هەزار چیشەن چلۆن بەکار دێ
شوماری ئەجداد ئەگەر لەبەرتە
ویسعەتی خاک و جەمعیەت شەرتە
کەسرەتی نفوس تا زیادتر بۆ
ئەساسی دەوڵەت بەر قەرارتر بۆ
پەیڕەوی فەرزە بۆ ئەم مەڕامە
وەختی غیرەت و وەعدەی ئیقدامە
سایری یاران جە ئینتیزارن..
پەی ئالای ڕەحمەت هومێدەوارن
ئیستیمداد کەرۆن لە کوردانی خاس
ئازا بوون جە دەس قەومی (ألخناس)
سەرشیو و سەقز تا خاکی بانە
ماون، چ مانێ؟ مانی نەمانە
کوردی خورخورە تا بە تیلەکۆ
ئارامیان نیە نە شەو و نە ڕۆ
گەڵباغی و ساڕاڵ تا بە قەڵقاڵی
ڕەفیقیان غەمە و پەشێوی و تاڵی





زەند و، مەندمی، لەک و هورمزیار
ئەسرین مەڕیزۆن چون سەیلی بەهار
کۆماسی لەگەڵ کوردی مەریوان
هەموو ئاوارە و هەموو سەرگەردان
ئەسڵی وەتەنمان کە هەورامانە
خاکە پاکەکەی سورمەی چاوانە
لەبەر بیدعەت و زوڵمی بێگانە
باغ و دێهاتی یەکسەر وێرانە
کوردی ژاوەرۆ کوردێکی پاکن
لەژێر چەپاڵەی عەدو هیلاکن
لە کەلاتەرزان تا بە گاوەرۆ
داد و فەریاد و هاوارە و ڕۆڕۆ
گەشکی، سوڕ سوڕی، مردە مودارن
شێخ ئیسماعیلی لە گیان بێزارن
لە چرۆئاوری، تا خاکی لەیلاخ
حاڵیان نییە لەبەر ئاخ و داخ
لە ئەسپیناوە تا بە کولیائی
گرفتار بین وە بێ نەوائی
جوانرۆ، سنجاو، پاوە و، ڕەوانسەر
لەبەر نەداری پاکیان دەربەدەر
هەوشار و گەڕوس تابە میهرەبان
هەر یەک بە جۆرێ مات و پەرێشان

شاری باسەفای سنەی ئەردەڵان
شین و زاریشن بێ خان ئەحمەد خان
ئێژی ئەم شارە والی نشینە
یادگارێکی کوردی پێشینە
ئێژی ئەم شارە بووکی شارانە
نیشتمانەکەی حەیفە وێرانە
ئوتاقی مەڕمەڕ وە بێ ناز ماوە
تاق و سەر تاقی هەموو شکاوە
دەرگا و دیواری پڕ لە دوپشکە
تەلارەکانی مەیدانی مشکە
بایەقوش لەودا بە شەوق ئەخوێنێ
شەمشەمەکوێرە بەچکە هەڵدێنێ
کرماشان جێگای نەوشیرەوانە
نەوشیرەوانیش هەر لە خۆمانە
ئەشهەدوبیللا شارێ تەواوە
سەد حەیف ئەو شارە بێ ساحیب ماوە
کوردی زەردویی مەلوول و ماتن
لەبەر ناهەقی وێڵی وڵاتن
ئەگەر نازانن کوردی خاس کامە
کوردی مایەدەشت مەشهوری عامە
عێلی لوڕستان عێلێ ڕەشیدن
بۆ ڕۆژی تەنگی جێگەی هومێدن





سەرپێڵی زەهاو عازیەت بارەن
چونکە بێ کەس و بێ پەرستارەن
بە زوبانی حاڵ ئێژن ئەی یاران
شیفا بنێرن بۆ دەردەداران
ئێمە سەراسەر سەر لێ شێواوین
پەریی ئازادیی تینووی بەر ئاوین
پێشەوا هەواڵ ئەم گشت هۆزانە
ئەگەر نەزانن عەیبی کوردانە
ئەو کەسە کوردە غیرەت بنوێنێ
برای خۆی لە چنگ دوژمن دەرێنێ
باڕەستگار بین بە جارێ لە غەم
ئیتر نەبینین بچووکی عەجەم
شارێکی وەحدەت لە هەموو واز بێ
دەوڵەتی عالی بۆ خۆمان ساز بێ
تا بە ڕەسمییەت ئێمەش مەشهوور بین
لە قەزا و بەڵا هەمیشە دوور بین
یاری دەخوازن کوردی دوور وڵات
لە ڕەئیسەکەی حیزبی دێموکرات

***

## وەڵام

له لایەن هێدی

برای جنوبی پەیامەکەی تۆ
گەیشت و له دڵم هەڵستا بۆ سۆ
کاتێ کە دیتم وا بێ قەراری
له دەس عەجەمتە گریان و زاری
بە ئاگری مەیلت کوڵی دڵەکەم
سیس بۆوە دیسان گەڵای گوڵەکەم
چونکە من خۆشم دەزانم دیلی
ژێر دەستی، کزی، ماتی زەلیلی
دەردی گرانە خوێناو خواردنە
گەلێک لەو وەزعە خۆشتر مردنە
بۆت گریام برام نەمکرد خودداری
فرمێسکی سوورم بە جووت دەباری
ڕاستە کاکە گیان ئەتۆش هەر کوردی
ئەتۆش وەک کوردان هەر شێر مەردی
لە ڕابوردوەکان تۆش یادگاری
تۆش ڕۆڵەی کوردان هەڵۆی شکاری
له ڕێی نیشتمان خۆت دەکەی فیدا
بۆ سەربەخۆیی سەر و ماڵ وێکرا
بۆ ڕزگار بوونی زەوی و خاک و ئاو
ورده و یەخسیرت دەنێیە پێناو





خۆ من دەزانم پێویستە بۆمان
تاکو دەتوانین هەوڵ دەین بۆتان
ئەتۆش دەزانی برایەک لە بەندا
برای دی نییەتی ڕوح لە بەدەندا
ئێمە هەردووک لاڕۆڵەی کوردانین
خەڵکی کوردستان شێری ژیانین
لە شیری دایکێک گرتوومانە هێز
لە ئاوی شەوی کردوویە پارێز
هەردووک لا وەک یەک بۆ مردن و ژینین
یەک نەفس و ئامانج یەکدڵ یەکدینین
تۆوی یەک زەوی گوڵی باغێکین
جەرگ هەڵقرچاوی شیشە و داغێکین
پەروەردەی داوێن ئەو دایکەمانین
کە بۆ ڕزگاریی ئەو سەرگەردانین
دەڕژێتە بەدەن لە یەک ڕەگ خوێنمان
سەرچاوە یەک جێ بۆ ڕێ و شوێنمان
ئەمن گەر چاوبم ئەتۆم بینایی
من مێشکی سەر بم ئەتۆم زانایی
لە دڵم دەرناچێ ئاه و ناڵەکەت
شکان بەتیری دوژمن باڵەکەت
زامێکت خستە جەرگی بە ئێشم
نەتهێشت هۆش و دڵ نەکەم نە بێشم

شەو خەوم بۆتە خەیاڵاتی تۆ
لە دەورەی ئێش و بەسەرهاتی تۆ
ڕێبەندان بەردا ڕێی هاتو چۆیە
جێگا ڕاگوێزێ لەو هەرد و بویە
بەفرانبار زریان لەگەڵ خۆی بەرێ
بە جووتە یارە بچنە سەفەرێ
ئەوجار ڕەشەمە ڕنوی بەفرەکان
مرواریی سەهۆڵ لەسەر بەردەکان
یاخۆ گۆمیلکەی ئاوی کوێستانێ
کە بوونە بەندی بە بای زستانێ
بە تیشکی تاوی بتوێنێتەوە
دیسان بەهارێک بنوێنێتەوە
خاکەلێوە بێ بە تەپڵی شادی
بەڕوێکی خەندان لوتفێکی زیادی
پڕ کا لە لالە داوێنی سەحرا
سەرخۆش بێ قومری لە گەشتی مەزرا
هەڵاڵە زەرد کا دوندی کێوەکان
خۆ سەوزەپۆش کەن ڕێزی مێوەکان
بولبول بۆ خونچە ببێتە چاوەش
زەوی خاش خاشک بگرێتە باوەش
کەوبارِ و کۆتر لە بن ڕەوەز دا
لە ژێر لوتکەکان کێوی بەرز دا





قاقا بخوێنن بە دەم یارەوە
عەتری گوڵ بۆکەن لە گوڵزارەوە
بە یاریی خوای بەرزی بێ هاوتا
بۆ لای براکەی گیراو لە داودا
پێشمەرگە تیپ تیپ پیادە و سوارمان
فەرماندە و گەورە و خاوەن کارمان
لاوی شێرهەڵدڕ لە مردن بێ باک
پیرەمێردەکان بۆ تەکبیری چاک
پاک نووکی خەنجەر ژەهری مار پێوە
ڕادەبرین هەر یەک لە دوی یەکێوە
شمشیر حەمایەل وەلای چەپمانە
هەرچی چەپ بڕوا بێ شک بزانە
ئەستۆی کەچ دەکەم بە زەبری شمشیر
جەرگی کون دەکەم بە پەیکانی تیر
دوژمن لە ژێر ئەو پەنجانەی مەدا
ناچارە تەپڵی ئەمان لێ دەدا
گەڵباخی و، بانە و، مەریوانیەکان
سوارەی تیلەکۆ و هەورامانیەکان
سنجاب و، پاوەند ڕۆڵە شێرەکان
پڵینگی ئازا بەبر هەڵدێرەکان
خۆیان ساز بکەن بۆ هاوکاریی من
دوژمن بڵاو کەین وەک تۆوی هەرزن

تاوێ پەلامار دەبەینە هێزیان
دەکوژین فەرماندەی بە قەدر و ڕێزیان
جارێ سەرنیزە حەواڵەی جەرگیان
دایک دروست کا کۆتەڵ لە بەرگیان
ئەوان گەڵای دار ئێمە بای زریان
زریان دەڕفێنێ گەڵای پاییزان
ڕێوی ڕوو بەڕووی شێری ڕق هەستاو
لەسەر سینگیەتی دوو دەستی وەستاو
ئاڵای سەربەستی لە هەموو لایە
هەر کوێ بڵیند و بەرز و چیایە
هەڵدەکەم دەگرم جێژنی ئازادی
با دوژمن بمرێ بەبێ مرادی
سەر (شێواو)یەکەت ببێتە جێژن
دوژمن تاڵاوی مەرگ بچێژن

مەهاباد: ٢٥ ڕەشەممەی ١٣٢٤ هەتاوی

***

حکومەتی کۆمار لەو تەمەنە کورتەی خۆیدا کە هەمووی لە یازدە مانگ تێ نەپەڕی کارێکی گرینگی وای پێ ئەنجام نەدرا کە شایانی باس بێ هەر لە سەرکوت کردنی سەربزێوەکانی ناوخۆیەوە هەتا فریاکەوتنی کوردەکانی تری ژێر دەستی حکومەتی ناوەندی.

لە مانگی ڕێبەندانی ٢٤دا کۆمار ڕاگەیەندرا و، لە سەرماوەزی ٢٥دا هێزی میری لە تارانەوە بەرەو تەورێز پایتەختی ئازەربایجان بزووت و لە ٢٦ ی سەرماوەزدا گەیشتەوە مەهاباد، دیارە ئەوە زۆر گوتراوە کە لە کوردستان لە جیاتی بەرەنگاربوونەوەیان لە لایەن پێشەوا و بەرپرسانی ترەوە پێشوازییان لێ کرا کە دوکتور قاسملو گوتەنی ئەو پێشوازییە





هەڵەیەکی مێژوویی بوو بەڵام هەرچی بوو کرا و، هەر گەیشتنەوە لە پێشدا هەرسێک کەڵە پیاوی کورد: پێشەوا و، سەدری قازی و، حەمە حوسێن خانی سەیفی قازییان گرت و، دوای وان خەڵکی تریش ئەوەی بۆ گرتن دەبوون گیران و، ئەوەی لە فریای هەڵاتن کەوتن هەڵاتن و، زۆر پێ نەچوو خەڵکیان چەک کرد و، وڵاتیان وەک جاران خستەوە بەردەستی خۆیان، کە لەبەر ئەوە کە ئەو هاتنەوەی حکومەت و تێکچوونی کۆمار لە لایەن زۆر کەسی ترەوە نووسراوە و چەند پاتە بۆتەوە ڕەنگە پێویست نەبێ من زۆر لەسەری بڕۆم و، لەوەدا کە چلۆن بوو پێشەوا پێش هاتنی هێزی میری کوردستانی بەجێ نەهێشت پێم وایە بێجگە لە ویست و لێکدانەوەی خۆی نەقش و دەوری صدر الاسلامی براشی شوێنی هەبوو کە ئەو دەم نوێنەری خەڵکی مەهاباد بوو لە پاڕلمانی تاران و، حکومەت بەڵێنی بەو دابوو کە پێشەوا سەخڵەت نەکەن و دیارە ئەویش باوەڕی پێ کردبوون و هەر ئەو بەڵێنەش شوێنی هەبوو لەوەدا کە هەوڵی بارزانی بۆ ئەوە کە پێشەوا لەگەڵی بچێتە دەرەوە سوودی نەبوو، بارزانی بە خۆی و جەماعەتیەوە ڕۆیی سەفەرە مێژووییەکەی دەست پێکرد و، لە ڕووباری ئاراس پەڕیەوە کە ئەو داستانە قارەمانەتیە لە دنیا دەنگی داوە و، پێشەواش دوای بەینێک لەگەڵ سەدری قازی برای و، سەیفی قازیی ئامۆزای لە چوارچرای شاری مەهاباد لە دار دران و، حکومەت بۆ لە سێدارەدانی پێشەوا لە موکوریان ئیمزای سەرۆک عەشیرەت و گەورە پیاوانی تری وەخڕ دەکرد بۆ ئەوە کە بارێکی وا بەو جینایەتەوە بگرێ کە گۆیا خەڵکی خۆیان داوخوازی لەداردانی وان بوون و، پێش هەموو کەس نووسراوەکەیان بردە لای (عەلیاغای ئەمیر ئەسعەد) عەلییار، ڕەئیسی دێبۆکریان بەڵام عەلیاغا ئیمزای نەکرد و فەرمووی: من ئەگەر قازی محەممەدم ناخۆشیش ویستبێ بۆ خۆم ناخۆش ویستوە نەک بۆ خەڵکی تر، پێویست بەو ڕوون کردنەوە هەیە کە عەلیاغای عەلی یار هەتا کۆمار ڕووخا سەری وەبەر نەهێنا و دژایەتیی پێشەوای کرد، بەڵام نووسراوی حکومەتیشی بۆ کوشتنی پێشەوا ئیمزا نەکرد، هەروەک زۆر کەسی تریش لەوەدا چاویان لەو کرد و نووسراوەکەیان ئیمزا نەکرد.

ئەگەر هێزەکانی میری هاتنەوە مەهاباد حاجی حەمەداغا و زەبیحی بەنوێنەرایەتیی کۆمار لە سەقز بوون بۆ ئەوە کە چاوەدێری بخەنە سەر ئەو قافڵە عەسکەریانەی حکومەت کە دەهاتن بۆ سەقز و سەردەشت هەتا ئەگەر چەک و پێداویستیی تری جەبهەیان هێنابا

ئەوان ئاگادار بن، باوکم بێجگە لە سەربازەکانی حکومەت پیاوێکی خۆمانیشی لە لا بوو بەناوی (وسێنی فەتحە بەگ).

لە بیرم نەماوە ئەو قەرارداده چۆن بەسترا و هۆی ئەوە چ بوو کە حکومەت ڕێگەی بە نوێنەری کۆمار دابوو لە سەقز دانیشن و چاوەدێریی هاتوچۆی قافڵەی عەسکەریی حکومەت بکەن لە هێنانی چەک و، سەربازیش بۆ خزمەت و ڕاپەڕاندنی کاروباری مەنزڵیان دابنێ، بە خەیاڵ ڕەنگە بۆ ئەوە بووبێ نەوەک دڕدونگیی حکومەتی کۆمار لەوەدا کە حکومەتی ناوەندی چەک و شتومەکی نیزامی بۆ جەبهەی سەقز دێنێ و بەهێزی دەکا ببێتە هۆی ئەوە کە پێی ڕوسان بۆ لای سەقز و بانەش بکرێتەوە کە ئەوێ سنوور و نوختەی لێک گەڕانەوەی کۆمار و میری بوو: پەیوەند و هاتوچۆی ڕوسان هەر بۆ مەهاباد بوو لە مەهاباد حکومەتی نیزامی بوو دەربارەی چارەنووسی پێشەوا هیچ بەیانیە و ڕاگەیەندراوی ڕەسمی نەبوو لە لایەن میرییەوە بەڵام خەڵک هەموو بە تایبەتی دانیشتوانی مەهاباد نیگەرانی و پەژارەی داهاتوویەکی نادیار دایگرتبوون و، لە ڕووداوێکی ناخۆش و چاوەڕوان نەکراو دەترسان و، ئاخریش ئەو ترسە وە ڕاست گەڕا و ڕووداوە ناخۆشەکە ڕوویدا و سبەینەیەک خەڵکی شار ئەگەر لە خەو هەستان دیتیان هەرسێک قارەمانی گەلی کورد بە داردا کرابوون.

ئەو شەوە هەر لە ئێوارەوە پەلەور لە ناو شاردا هاتو چۆی نەدەکرد و، لە هیچ شەقام و کۆڵان و تەنانەت لە هیچ سەربانێکیش گیانلەبەر دیار نەبوو، خوێن وترس و سامێکی وا وڵاتی داگرتبوو مەگەر بە هێمنی گەورە بکرێ وێنەی ئەو شەوە شووم و پڕ لە نەگبەتیە بۆ نەوەکانی دوارۆژ بکێشێ و بیکاتە دێڕێکی زەق و بەرجەستە لە مێژووی پڕ لە بێداد و ستەمی گەلی کوردا کە دەفەرموێ:





## شەو و شەیتان

هێمن

ئەستێرە یەک یەک ڕاخوشین
ڕەش هەڵگەڕا ئاسمانی شین
هەورێک شۆڕابەی بەرداوە
دەڵێی لە قیریان وەرداوە
تاریکانە، شەوە زەنگە
وڵات بێ هەست و بێ دەنگە
گۆڕستانی خامۆشە شار
تێیدا نەماوە زیندەوار
نە ڕادەژێ گەڵای دارێک
نە دێ هەستی پێی ڕێبوارێک
هەرچی کۆڵان و شەقامە
دەڵێی کاولاشی بە سامە
دنیا دەریای بێ شەپۆلە
لاو داماوە جێ ژوان چۆلە
پەردەی کۆشکان دادراوە
ڕۆچنەی کۆختانیش گیراوە
لە تالار و سەرایان
بڕا ترووسکەی چرایان
شەمی سەر چاکیان لابردن
مردووش هێندەی دیکە مردن

دامرکابوو بە زیلەمۆ
لەناو ئاورگاندا پشکۆ
ژیان ڕوو گرژە و مچ و مۆڕ
دێ بۆنی کفن و تات و گۆڕ
شەو زرینگاوە ڕاشکا
شەیتان سامی لە خوا شکا
کەڵپی خوێناویی گڕ کردن
فریشتەی پشووبڕ کردن
خەم و خەفەت دادەبێژێ
شادی و ئازادی دەنێژێ
داسی مەرگ و نەمان دەسوێ
هەوەڵ گەوزی داوێتە کوێ؟
دێن و دەچن بە ئەسپایی
لە چوار چرا چەند تارمایی
خێوی شەو و خودای شەڕن
بێچوە شەیتانی بەد فەڕن
ئاخ دیسان سێدارە چەقی
کوردی چۆبن لەسەر هەقی
لە پڕ دەنگێکی نێرانە
نرکەی کوڕانە و شێرانە
پەردەی بێ دەنگیی دادڕاند
خەوالووی لە خەو ڕاپەڕاند





خەڵک هەمووی ئەو دەنگەی بیست
دەیگوت (پێشەوا)ی خۆشەویست
کە من مردم کورد نامرێ
دەس لە خەبات هەڵناگرێ
هارووژا وەکو پوورەی هەنگ
(مەهاباد) گۆڕخانەی بێ دەنگ
لە دەوروبەری چوار چرا
هەزاران سەر لە قوڕ نرا
کام نازداری شۆخ و جوانە
دای لە خم لکی کۆڵوانە
لە چاوی کیژی مل بە کوێن
بە خوڕ دەهات فرمێسکی خوێن
شۆڕە لاو هاتە کۆڕی شین
ئەویش سۆرانی کردن شین
پیرە پیاو بانگ دەکا ڕۆڵە
لە بیر نەکەن تۆڵە تۆڵە
تێکڕا دەڵێن درشت و ورد
کورد نەمرد پێشەواش نەمرد
با تەرمیشی بخرێتە گل
چۆن یادی دەردەچێ لە دڵ؟

***

شاد بە ئەی پێشەوای نەمر

هەتن ڕۆڵەی ئازا و خوێنگر

بۆ فیداکاری ئامادەن

ڕێگای ڕاستی تۆ بەر نادەن

پەرکوڕی ڕق ئەستووره کورد

لەسەر تۆڵەی تۆ سووره کورد

کچ و کوڕ و ژن و پیاوی

دەکا خەباتی خوێناوی

تا مافی ڕەوای دەستێنێ

ئاواتی تۆ وەدی دێنێ

١٣٥١/١/٨

حکومەت بەو خوێن ڕشتنە سامناکە هێندەی تریش زەبر و زەنگی خۆی نواند و، دوای ئەوە کە بە تەواوی دەستی بەسەر هەموو دەزگا و ئیداراتی دەوڵەتیدا گرتەوە و، وردە حیسابی خۆی لەگەڵ (متجاسر) و (تجزیە طلب) و (ئاشوبگران)، کرد وردە وردە لە بیری کاری تری جانبی کەوت کە یەک لەوان کردنەوەی دەورەیەکی عەسکەری بوو بەناوی (کلاسی عەشایری) لە مەهاباد بە ڕواڵەت بۆ ئەوە کە گۆیا عەشایر دۆستی ئەون فێڵ و فەننی شەڕ و بەکارهێنانی چەک فێر بن و لە ڕۆژی پێویستدا بە سوودی ئەو بەکاری بێنن، لەو کلاسەدا کە تایبەتی کوردی موکوریان بوو عەشیرەتەکانی:

دێبۆکری، مامەش، پیران، زەرزا. تێیدا بەشدار بوون و ماوەی دەورەکەش سێ مانگ بوو ئەو بەڕێزانەی خوارەوە تێیدا بەشدار بوون:

(لە عەشیرەتی دێبۆکری)

١- مام سلەمان: عەلی یار

٢- مارفاغا: ئێلخانی زادە





٣- خالد: حیسامی (هێدی)

٤- ڕەحمان: پیرۆتی

٥- بایز: پیرۆتی

٦- ڕەحمان: مەعروفی

٧- ڕەسوڵ: گولابی

٨- ئەحمەد: کەریمی

(لە عەشیرەتی مامەش)

١- سمایل: ئەمیر عەشایری

٢- مام قادر: قادری

(لە عەشیرەتی پیران)

١- مام ڕەسو: ئەمین عەشایری

٢-سەید ئەحمەد: حوسێنیی زێدان

(لە عەشیرەتی زەرزا)

١- مرادخان: زەرزا

***

لەو کلاسەدا چەند ئەفسەری فارس دەرسیان دەگوتەوە کە یەکیان ناوی، (سەرگورد خاکسار)و، یەکی تریان ناوی (سەروان موەحیدی) بوو، سەرەتای کردنەوەی دەورەکە عەریفێک بەناوی (گروهبان لوتێر) بۆ نەزم و ڕێک و پێکیی کلاس دەهاتە ژوورەکە بەڵام کاتێک ئێمە ناڕەزاییمان لەوە دەربڕی ئیتر ئەفسەرەکان خۆیان دەهاتن کە هەموویان دەرەجەیان لە سەروان بەرەو ژوورتر بوو، هەر کەس دەرسی خۆی دەگوتەوە کە ئەویش هەمووی هەر تاکتێکی شەڕ و بەکارهێنانی چەکی سووک و قورس و ئەو زانستیانە بوون پەیوەندیان بە کار و کردەوەی سەربازیەوە هەیە وەکو:

بەکارهێنانی خومپارە، هاوەن

بەکارهێنانی شەست تیر، بڕنو

بەکارهێنانی نارنجەک

نیشانە دانان بە تفەنگ

شەڕ لە نێو ئاوایی

شەڕ لە دەرەوەی ئاوایی

شەڕ لە ناو لێڕەوار

سەنگەر لێدان

پارێز بردن

پاشەکشە

خۆ بزر کردن لە تەیارە لە جێیەک سەنگەر نەبێ

بڕیار دانی بە پەلە و خێرا لە تەنگانەدا

بریندار گواستنەوە

برین پێچانەوەی کاتی

تفەنگ پاک کردنەوە و لەبەر یەک نانەوەی بە پەلە لە ماوەی دەقیقەیەکدا.

***

لە دوای تەواو بوونی دەورە ئیمتیحان دەستی پێکرد کە ئەویش نیزیکەی حەوتەیەک درێژەی کێشا و، لە جەلەسەی ئیمتیحاندا هەیئەتێک لە ئەفسەرانی تیپی مەهاباد دانیشتبوون کە ئەوە ناوەکانیانە:

١- سەرتیپ منوچهری فەرماندەی تیپی مەهاباد کە دوایی ناوی گۆڕا و بوو بە (سوپە بود ئاریانا).

٢- سەرهەنگ جەدەلی سەرۆکی ستادی تیپی مەهاباد.

٣- سەرگورد خاکسار، کە لەپێشداش ناوی هات و بە ڕوالەت سەرپەرستی دەورە بوو.





٤- سەروان موەحیدی کە ئەویش بۆ دەرس گوتن حازر دەبوو.

٥- ئەفسەرێکی تر بە دەرەجەی سەروانی کە ناوی ویم لە بیر نەماوە.

هەرکەس ناوی دەخوێندراوە دەڕۆیشتە ژووری ئیمتیحان و پرسیاریان تەنیا لەو شتانە لێ دەکردەوە کە بە دەرس پێی گوترابوو، ئەویش بە شیفاهی و بەبێ نووسین وەڵامی دەداوە، لەگەڵ وەڵامەکەی ئەو یەکێک لەو ئەفسەرانەی لەوێ دانیشتبوون نمرەی بۆ دادەنا لە دەفتەرێکی گەورە کە لە پێش خۆی دانابوو و ناوی هەموویانی تێدا بوو ئەگەر پرسیارەکانی من تەواو بوو سەرتیپ مەنوچیهری لە پشت مێزەکەی هەستا دەستی دامێ و ماچی کردم و، من لە ژوورەکە هاتمە دەر.

دوای بەینێک ئەوانەی لەو دەورەدا بەشدار بوون بە فەرمانی ڕەسمی هەموو دەرەجەی عەسکەرییان بۆ هات بەڵام دیارە دەرەجەی هەموویان وەک یەک نەبوو، بەپێی وەڵامدانەوەی ڕاست یان هەڵە نمرەکان جیاوازیان تێ کەوتبوو بەپێی ئەو نمرانە دەرەجەیان پێدرابوو کە لە ستوان سێهەمڕا هەتا گروهبان سێهەمیان تێدا بوو، دەرەجەکەی منیان ستوان سێهەم دانابوو.

یادی کاک ڕەحمانی پیرۆتی هاودەورە و هاومەنزڵی خۆشەویست بەخێر کە دەورەش تەواو بوو بەڵام گەپ و گاڵتەی ئێمە هەر ما و، هەر قسەیەکی کەریم خان لە مەنزل هێندە بە زەحمەت و ناڕەحەتی بەو زمانە تور و لاڵەیەوە لە زاری دەردەچوو بەینێک نەماندەهێشت کۆن بێ و دوو پات و چەند پاتەمان دەکردەوە و پێی ڕەش و شین دەبووینەوە.

خۆ ناکرێ بڵێم لەو تەمەنەدا دڵێکی ئەوەندە ویشک و وێرانم هەبوو بە خرمەی هیچ بەرمورێک نەدەلەرزی و، نیگایەکی ئەوەندە ئارامم هەبوو بە دوای بەژن و باڵای هیچ شوخێکدا ڕای نەدەکێشام، بەڵام پێم ساغ نەبۆوە ئەو ڕوانینانە لە سنووری چاوبڕەکێن و سەر سوڕماندا ناو بنێم چی؟ هەست بە جوانی کردن و دۆزینەوەی سەرچاوە بۆ ناسکی و وە زمان هێنانی هەڵبەست، یان هەنگاوێک بەرەو ئەڤین، یان هەردووکیان؟

کە ئەو هەست و هەڵوێستە ئەگەر یەک لایەنەش بوو شوێنی خۆی لە دڵخۆشی و خەون و خەیاڵێکی شیرندا هەر هەبوو.

قسەی خۆمان بێ ئەو نەخۆشیە کاک ڕەحمانی هەڤاڵیشمی گرتبوو بەڵام تۆزێک توندتر و، لە تاو وی دەردی خۆم لە بیر چوبۆوە، ئەگەر ئەو قسەی خۆی دەکرد من خۆم ڕادەژاند و، ئەگەر من دەستم پێ دەکرد ئەو خۆی ڕادەژاند و دوکەڵی لێ بڵیند دەبوو!!.

ئاخریش باش بوو بە خێر گوزەرا و هیچمان ڕێگەمان لە شێتخانە نەکەوت.

ئەگەر لە بیرتان بێ قەراربوو بەشێک لەو دەفتەرە تەرخان کەم بۆ بیرەوەریەکانی زەمانی منداڵی، منداڵێکی ئەوەندە منداڵ کە دەربەستی گێرانەوە و ڕەنگدانەوەی کردەوەکانی خۆی نەبێ تەنانەت لە ڕووی گەورە پیاودا و، هیچ شتێکی دنیای سەردەمی پچووکی خۆی لە خوێنەر نەشارێتەوە.

هەرچەند لە جێیەکی تر و بە بۆنەیەکی تر بە کورتە بیۆگرافیەکی ناتەواو خۆم لەو بوارە داوە بەڵام ناکرێ هەر وا بە ناتەواوی لێیان گەڕێم و، بۆ کەم و زیاد کردن و هەڵسەنگاندنی چەند و چۆنییان لە چاپێکی نوێدا دەستیان تێ نەگێڕم، ئەوەش هیچ، کێ دەڵێ هەر کورتە نامیلکەکەش بە دڵخوازی من بەجێی خۆی گەییوە و ئەرکی تەواوی دیوە؟

ئەوە بوو لێرە لە هەوڵێکی تردا سەرلەنوێ لە سەر و گوێلاکیان بەربوومەوە بە خەیاڵی خۆم بۆ ئەوە کە تەواوتریان کەم، بەڵکو وایان لێ بێ سپاردەکە ببینن.

***

(حاجی حەمەداغا) پیاوێکی لە خواترس و بەزاکون و، لێ نەبوردوو و دڵاوا و، هێندێ جاریش بێ بەزەیی بوو، لەبەر هێندێ تایبەتیەکانی خۆی لە ناو خزم و ناسیاودا ڕێزی لێ دەنرا، بە هیچ جۆر چاوپۆشیی لە کاری ناڕەوا نەدەکرد و، هەقی نەدەخستە ژێر پێ تەنانەت ئەگەر بە زیانی خۆشی بایە، قسەی ئەگەر کردبا دەشیبردە سەر و، لێی بەرگەشت نەدەبۆوە و، لەسەر وتەیەکی خۆی زیانی گەورەی دادەنا و، بە لایەوە هیچ نەبوو، ناڕاستیی نەدەزانی و لەگەڵ کەس نەیدەکرد.

بە پێچەوانەی باوکانی تر کە لە هەموو کاتێکدا یاسای خۆشەویستی و لاواندنەوە لەگەڵ منداڵی خۆیان بەجێ دێنن ئەو هەستەی زۆر کەم دەردەبڕی و، بە ڕواڵەت زۆر ڕووی نەدەدا کوڕەکانی بە تایبەتی کە گەورە دەبوون، بەڵام هیچ دەرفەتێکی بۆ ئامۆژگاریی ئێمە





لە دەس نەدەدا و بە وتەی باوکانەی پڕ لە بەرژەوەند و تێبینی ڕێنوێنیی ژیان و داهاتووی بۆ دەکردین. دەتوانم بڵێم ئاکار و کردەوەی ئەو لە ژیانی کوڕەکانیدا ئەگەر بە تەواویش نەبێ کەم تا کورتێ شوێنی دیارە، من خۆم ئێستەش هەر ئەو ئاکارە بە باش دەزانم کە لەودا دیومە و، هەر ئەویش بەیەکەم مامۆستای خۆم دادەنێم.

لەگەڵ هەموو توند و تیژیەکانی لە تەمەنی منداڵی و، لاوی و، گەورەییمدا پێم شک نایە کارێکی وام کردبێ بووبێتە هۆی دڵ ئێشان و تەنانەت ناڕازی بوونی هەر چەندە لەو بارەوە براکانی تریشم هەر وابوون و، ئەوەندەی پێیان دەکرا هەوڵیان دەدا کارێکی وا نەکەن هۆی ناڕازی بوونی ئەو پێک بێنێ کە ئەوەش نەک بڵێم هەر لە باشیی خۆمانەوە بوو بەڵکو خۆشی ڕێگەی ئەوەی بە کوڕەکانی نەدەدا لە داب و دەستوری ئەو دەربچن.

ڕێ و شوێن و سەنگینیی خۆی لە هەموو هەل و مەرجێکدا ڕادەگرت، لە پشوودانی مەکتەب لە هاویندا کە لەگەڵ برایەکم لە شار دەگەڕاینەوە و دەچووینە دیوەخان بۆ لای دوای تاوێک ڕووی تێ دەکردین و دەیپرسی: کەی وەڕێ کەوتن، یان: بە سواری چی هاتنەوە؟ دوایی دەیگوت دانیشن و پرسیاری تری لێ دەکردین لە دەرس و ئیمتیحان و شتی تر، ئەویش بە کورتی.

من لە براکانی ترم زیادتر خۆم لێ نیزیک دەکردەوە و بە ئیش و کاریەوە خۆم ماندوو دەکرد و، دڵم ڕادەگرت و، دەمویست لێم ڕازی بێ، وا بزانم هەر لەبەر ئەوە بوو تەنانەت بۆ سەفەریش منی لەگەڵ خۆی دەبرد، ئەگەر نووسینەوەی وەڵامی نامەی هەبا بۆ شوێنێک دەمنووسی و، هەروەهاش بۆ نووسینەوەی هەڵبەستەکانی کە بە دەگمەن دەیگوتن لە لای خۆی دایدەنام بۆی بنووسمەوە کە خۆی خەتی خۆش نەبوو بەداخەوەم کە ئێستە لەو هەڵبەستانە هیچیانم لە دەسدا نییە بیانخەمە بەرچاو.

بیرەوەریی ئەو سەردەمە زۆرە بەڵام ئەگەر بە هەموویاندا بچمەوە ڕەنگە خوێنەر وەڕەز کا، لەگەڵ ئەوەش یادی سەردەمی شیرنی منداڵی ئەگەر کەمیش بێ هەر بەتامە و دیارە لە منداڵ هەر ئیشی منداڵانە دەوەشێتەوە.

بیرەوەری سەرەتایی و ناخۆشی من دەگەڕێتەوە بو ئەو کاتە کە هێشتە لەبەر خۆبندنیان نەنابووم، ئەو ڕۆژە دەمدیت ئالۆزییەک هەیە و پیاوەکانی باوکم هەموو دەستیان داوەتە

چەک و دەڕۆن بۆ سەر گوندێکی تر کە جیرانی گوندی ئێمە بوو، ئەو کاتە ڕەزا خانی پەهلەوی تازە هاتبوە سەر حوکم و هێشتە عەشیرەتەکان چەکیان دانەنابوو، منیش بێ ئەوە بزانم چ خەبەرە و ئەو ئاڵۆزییە بۆ چییە لەگەڵ پیاوەکان وەڕێ کەوتم بۆ گوندەکە، لەوێ پیاوەکانی ئێمە دەورەی خانوویەکیان دابوو، لە ناو ئەو خانووەدا ئاغای گوندەکە کە ناوی ڕەحماناغا بوو، دەرگای لەسەر خۆی داخستبوو، پیاوەکانی ئێمە لە ڕۆچنەی سەربانەکەوە تەقەیان لەو دەکرد و، ئەویش لە ناو ژووری خانووەکەوە تەقەی دەکرد و گوللەکان لەسەر بانەکە گلێیان هەڵدەدا و دەهاتنە دەر، لەو دەمەدا یەکێک دەستی منی گرت و لەسەربانەکە لایبردم، دوای بەینێک تەقە یەکێک هات بەرپوانیی کرد و نەیهێشت چی‌تر تەقە بکرێ و، دوایی گوتیان بەرپوانچییەکە (قازی عەسکەر) لە بنەماڵەی قازی بووە کە لە گوندی (پیروەلی باغی)ی جیرانی ئێمە دادەنیشت، پیاوەکانی ئێمە هاتنەوە گوندەکەی خۆمان بەڵام (کاکە سەن) کە یەکێک بوو لە پیاوەکانی باوکم کوژرابوو، تەرمەکەیان لە بارگین هەڵبەستبوو هێنایانەوە بۆ ئاواییەکە.

ئەوجار پیاوی حکومەت هاتن و کێشەکە کەوتە دیوانێ و، ئەو پیاوە حوکمی زیندانی کردنی درا، بەڵام دوایی لێی خۆش بوون و پێک هاتنەوە.

نازانم تەمەنم چەند بوو ڕۆژێک باوکم لە هەیوانی دیوەخانەکە پیاسەی دەکرد و منیش لە لای ڕاوەستابووم، چەرچییەکی وردەواڵە فرۆش لە گەڕەکی خوارووی ئاواییەکەوە دەهات، فەرمووی برۆ ئەو چەرچییە لە گوندی دەرکە با بڕوا، کە چووم دیتم خەڵک لێی هاڵاون و تەماشای وردەواڵەکە دەکەن منیش لەگەڵ ئەوان خافڵام و تەماشای شتەکانم دەکرد و لە بیرم چۆوە کە باوکم گوتوویە برۆ دەری کە، هێندەی پێ نەچوو باوکم خۆی هات زللەیەکی لێدام گوتی: من تۆم نارد دەری کەی، یان لە لای ڕاوەستی و تەماشای کەی؟ کابراشی لە گوندەکە دەرکرد، من نەگریام و بەینێک دوای ئەوە کە چوومەوە ماڵ نانکەرێکمان هەبوو هەر گوتی: یاخوا لاڵ بم ئەوە چۆن دڵی هات لە تۆ دا؟ ئەیەڕۆ جەرگم خرابێ جا چۆن ئەو منداڵە بۆ لێدان دەبێ؟ هێندی لەو قسانە کرد ئاخری دڵم پڕ بوو، دەستم کرد بە گریان کە سەعاتێک لەو کاتە تێپەڕیبوو.

لەبەر هەیوانی دیوەخانەکە باوکم باخچەیەکی هەبوو هێندێ دارهەنار و ترێ و گوڵ و ڕیشەی داری دیکەی تێدا چەقاندبوو، خۆشی ڕۆژێ یەک دوو جار دەچوە ناو باخچەکە و





تەماشای دەکردن، ئەگەر تینوو بان فەڕاشەکەی بانگ دەکرد دەیگوت وەرە ئاویان دە، هەرچی لەو باخچەدا هەبوو هەموو تایبەتی و بژاردە بوو، کەسیش نیزیکیان نەدەکەوت بەڵام من لەو تەمەنەدا ئەوەم نەدەزانی.

ڕۆژێک لای ئێوارە پیشکێکی دارم بە دەستەوە بوو هەروا لە خۆڕا چوومە ناو باخچەکە دیتم ڕیشە قەیسیی زۆر جوانی لێیە، زۆرم پێ خۆش بوو کە تووشی ئەوانە بووم ئیتر دەستم کرد بە هەڵکەندنیان بۆ ئەوە کەبیانبەمەوە لە هەیوانی ماڵێ بیانچەقێنم، پێم وابوو هەیوانیش بۆ باخچە دەبێ، ئیتر نەمدەزانی باوکم ناردوویە لە (دێخوڕگان) کە شارۆچکەیەکە لە نیزیک تەورێز ئەو ڕیشە قەیسیانەی هێناوە و لەوێ چەقاندوونیەوە هەتا بڕێک گەورە دەبن و دوایی دەیانگوێزێتەوە بۆ ناو باخ چونکە زۆر لە قەیسیی وڵاتی ئێمە باشتر و ڕەسەنتر بوون.

من خەریکی هەڵکەندنی ڕیشە قەیسیەکان بووم، باوکم کە چووبوە سەیری کەرێز لێدان لەو دەمەدا هاتەوە و وەستای کەرێز هەڵکەنیشی بە دواوە بوو، ئیتر کە منی دی ئەوە خەریکم ڕیشە قەیسی هەڵدەکەنم زۆری پێ سەیر بوو چونکە کەس نەیدەوێرا تخون ئەو باخچە بکەوێ گوتی: ئەی ئەی، خۆ ئەوە ڕیشە قەیسیەکانی من هەڵدەکەنێ، دا بۆم بگرە، وەستای کەرێز هەڵکەن بۆم هات کە بمگرێ، منیش لە ترسی خۆم پیشکەکەم داهێنا وەپشتی وەستای کەوت، هەر چەند من دارەکەم توند لێ نەدا بەڵام وەستا عەجەمەکە کەوڵێکی خۆش کردبوو نازانم مەڕ بوو یان بزن و، بە دیوی ئاواژویدا لەبەری کردبوو، کە دارەکەم لێدا کەوڵی عەجەمەکە تەقەی هات ئیتر باوکم هێندەی تر تووڕە بوو و، گوتی: خۆ ئەو ڕووڕەشە لە وەستاشی دا وەرە کوڕە، قادرە، بۆم بگرە (فەڕاشی دیوەخانەکە ئەوکاتە قادری شەریفە زلە بوو.)

کە بانگی قادری کرد منیش هەڵاتم زانیم ئەگەر بمگرێ باوکم لێم دەدا، زۆر بە دوامدا هات بەڵام نەمگەیشتێ، ئیتر ئەو ماندوو بوو و گەڕاوە، منیش بە لایەکی تردا هاتمەوە و، دوو ڕۆژ نەچووم بۆ لای باوکم، ڕۆژی سێهەم سبەینێ دەچووم دەست و چاوم بشۆم دیتم باوکم لە ناو باخچەکەیە، خەریک بووم بگەڕێمەوە بانگی کردم فەرمووی: وەرە ئەو قوتوە بەرە جگەرەی تێکە، چووم جگەرەم بۆ هێنا و ئیتر قاچاغییەکەم تەواوبوو و، ڕێگەی لای باوکم بۆوە.

پێی چوو نازانم چەند، بەڵام زۆر باشم لە بیرە مامۆستای ئەو کاتەمان کابرایەک بوو بەناوی (میرزا رحیم ئاصف) کە یاخوا ئەگەر ماوە خوای گەورە بەختەوەری و تەمەنی درێژی پێ بدا و، ئەگەر نەشماوە بە خوایەتی خۆی لێی خۆش بێ، ڕۆژێک چوومە دەرەوە دیتم مەلا ساڵحی کتێب فرۆش باری کتێبەکانی لە بن سێبەری دارەکانی پشت حەوزی ئاوایی خستوە (مەلا ساڵح خەڵکی ئەو دیو ناوچەی سلێمانی بوو، هەموو ساڵێ جارێک دووجار باری ولاخێک کتێبی دەهێنا ناوچەی ئێمە بۆ فرۆشتن و لەبەر ئەوە کە زۆر هاتوچۆی دەکرد بۆ هەموو لایەک ناسراو بوو.)

لەلای مەلا ساڵح دانیشتم سەیری کتێبەکانم کرد، لە ناویاندا جزوەیەکی بچووک هەبوو لێی نوسرابوو (پند نامەی عطار)، کە لێکم کردەوە هەمووی شیعر بوو، هەر وەک لە ناوەکەشی دیارە هەمووی پەند و ئامۆژگاری، نەمزانی بۆچی ئەو جزوە وا سەرنجی منی ڕاکێشا و چاوی منی گرت، ویستم بیکڕم مەلا ساڵح گوتی نرخی ٥ قرانە.

گوتم باشە دەچم پارەت بۆ دێنم، چووم، پارەم هێنا بەڵام هەتا هاتمەوە مەلا ساڵح باری لێ نابوو، ڕۆیشتبوو، پرسیم بۆ کێهە لا چوو، گوتیان بۆ لای خوارێ، بە غار بە دوایدا ڕۆیشتم، لە خوار باغەکانی بەر دێ گرتمەوە. گوتم: هاتووم بۆ کتێبەکە، مەلا ساڵح لەگەڵ ئەوەش بار کردنەوە و، لێنانەوەی لەبەر گران بوو دیسان دڵی نەشکاندم، بارەکەی کردەوە و، کتێبەکەی پێدام، ئیتر خەنی بووم، من کە لە کتێبی دەرس بەولاوە هیچی ترم نەدیبو چەندم پێ سەیر بوو کتێبێک لە هەوەڵ هەتا ئاخری هەمووی هەڵبەست بێ و هیچی تری تێدا نەبێ، قەتم شتی وا نەدیبوو ئیتر لەو ڕۆژەوە کار و پیشەم بوو بە خوێندنەوەی ئەو کتێبە بە چەشنێکی وا کە هەمووم لەبەر کردبوو، ئەگەر لە ڕێگەش دەڕۆیشتم لەبەر خۆمەوە ئەو شیعرانەم دەخوێندەوە و، ئێستەش لەو شیعرانە هێندێکیانم لە بیرە کە سەرەتاکەی بەو هەڵبەستە دەس پێدەکا:

دلا گر خردمندی و هوشیار    مکن صحبت جاهلان إختیار

ئیتر وردە وردە باوخۆش ببووم و ڕێگەی دیوەخانم ببۆوە و، وام لێ هاتبوو جار جار دەست لە کتێبخانەی دیوەخانەکەش وەردەم کە لە ناو تاقەیەکدا لە لای سەرووی ژوورەکە بوو، پەند نامەی عەتتار وای تامی هەڵبەست پێ چێشتبووم هەر بەدوای ئەو جۆرە شتەدا





دەگەڕام، ئەو کتێبخانە گەورە نەبوو بەڵام هەموو جۆرە کتێبێکی کۆن و لە مێژینەی تێدا وەگیر دەکەوت وەک: کلیلە و دمنە، شاهنامە، مەسنەوی، ئەنواری سوهەیلی، خەمسەء نیزامی، موسلیم، تەفسیری خازن، ألف لیلە و لیلە و زۆر کتێبی چیرۆک و شتی تر کە هەموویان فارسی بوون و، لە ناو ئەوانەدا داستانێکی پۆلیسی - جینایی بەناوی (خانەی زەرد) هەبوو لە پێشەکیەکەیدا نووسەر نووسیبووی ئەو کارەساتە ساڵی **١٩١٦** (ئەگەر چاکم لە بیر مابێ) ڕووی داوە و، لە فەڕانسیەوە وەرگەڕابوو بۆ فارسی، من هیچ داستانی لەوە شیرینتر و سەرنج ڕاکێشترم نەدیووە.

ڕۆژێک هەر لە ناو ئەو کتێبخانەدا دەبینم کتێبێک هەیە خەتی وەک ئەوانی تر نییە، وەک فارسی دەچێ و فارسیش نییە، بە زەحمەت چەند دێڕێکم لێ خوێندەوە ئای، ئای، کوڕە خۆ ئەو کتێبە کوردییە، خۆ کتێبی کوردیش هەیە، دەڕوانمە لاپەڕەی هەوەڵی بە خەتێکی گەورە لێی نووسراوە (شێخ ڕەزا تاڵەبانی) ئەوجار زیادتر لە هەوەڵ و، ناوەڕاست و، ئاخری ئەو کتێبە ورد دەبمەوە دەبینم لە ئاخر و ئۆخریدا ئەو شاعیرە بە فارسیش شیعری گوتوە، ئای لەو شتە سەیرە، ئەوە دەبێ ئەو کابرایە چ زانا و هەڵکەوتوویەک بووبێ وا بە کوردی و فارسی شیعری گوتوە؟ چیتان لێ بشارمەوە لەو ڕۆژەوە ئیتر دیوانی شێخ ڕەزا منی بە جارێک لە پەندنامەی عەتتار پچڕیەوە، هەر لاپەڕەیەکی لەوی دی شیرنتر، بە تایبەتی ئەو هەڵبەستە فارسیانەی کە سەرەتاکەی بەو شیعرە دەس پێدەکا:

نەعلم برکشد از سمت بخارا شاهی    نەسراز مطلع گیلان بدر آرد ماهی

کورد گوتەنی بە جارێ مێشکی منی ئاو دا، ئیتر وەخت و بێوەخت ئەو هەڵبەستانە لەسەر زار و زمانم بوون و، ورینگەم پێوە دەکرد، گاڵتە و جوێن و هەڵبەستەکانی تری شێخ ڕەزام لەگەڵ هەر کەس باس دەکرد دەردەکەوت کە ئەوان لە من باشتر و زووتر ئەو هەستیار و وێژەوانە گەورە کوردەیان ناسیوە و هەڵبەستەکانیان لەبەرە، بێجگە لەوە هەستیار و وێژەوانە گەورەکانی تری کوردیش وەک: نالی، گۆران، حاجی قادر، بێخود، وەفایی، تاهیربەگ. هێندێکیان دیوانی چاپ کراو و، هێندێکیان شیعری دەسنووسیان لە ناو بەیاز و دەفتەراندا هەیە و، لە زۆر شوێن وەدەست دەکەون و، چونکە لە ماڵەکەی ئێمەدا نین من لێیان بێ خەبەرم.

دیوانی وەفایی ئەو کاتە هێشتە چاپ نەکرابوو، بەڵام شیرین تەشی دەرێسێی وەفایی وای دەنگ دابۆوە هەر پێش بڵاوبوونەوەی وڵاتی داگرتبوو، هیچ کۆڕێک نەبوو باسی ئەو هەڵبەستانەی تێدا نەکرێ و لەسەر مەعنا لێدانەوە و، شی کردنەوەیان کێشە و هەڵڵا دەست پێ نەکا.

دەنگخۆشەکان بە دوایدا دەگەڕان کە بە گۆرانی بیڵێن و، دەنگی خۆیانی پێ وە برەو خەن، ئاخری منیش دوای ئەوە جووتێکم کاڵە بە دوایاندا دڕی هەر لە لای دەنگخۆشێک وەدەستم کەوتن، بەڵام ڕاستت دەوێ ئیتر لە دەم و پلی من ناوەشێتەوە لە تەڕی و ناسکی و بەرزیی ئەو هەڵبەستانە بۆ تۆ خوێنەری خۆشەویست بدوێم چونکە بەڕاستی ئەوە کاری من نییە و هەر لە توانامدا نییە ئەو کەلێن و قوژبنانەی خەیاڵی وەفایی گەورە سەری پێدا کردوە من نیزیکی بکەوم، یان سەر لە مەبەستی ئەو دەرکەم یان شیی کەمەوە و، بەو خەتە خوار و خێچەم چەند دێڕێکی لەسەر بنووسم، کەوابوو باشتر هەر ئەوەیە خۆت ئەو خەزێنە وەدەست خەی کە بێگومان تۆش وەک من هەر پێت وا دەبێ لاپەڕەکانی ئەدەبیاتی ئەو دواییانەی کوردی هیچی تری وایان تێدا نیە لە بەرزیدا شان لە شانیان بدا و، خۆیان لەگەڵ ڕاست کاتەوە.

ئەوەی سەیرە لە نوێکردنەوەی چاپی دیوانی وەفاییدا لە ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردیی سەلاحەدینی ئەییوبی لە ورمێ، خرمانانی ١٣٦٤ هەتاوی کە ئەو کاتە کاک هێمن سەرپەرشتیی دەکرد، شیعری شیرین تەشی دەرێسێیان لێ دەرهاویشتوە بە بیانووی ئەوە کە یەکەم گومانی لێ دەکرێ شیعری وەفایی بن، دووهەم شاعیر بە شێوەیەکی ئەدەبیی بێ پەردە و ڕوو هەڵماڵدراو و ناسک لە زۆر شت دواوە کە بەبڕوای من غەدر لە وەفایی کرا و، ئەو شیعرە لە ڕو هەڵماڵدراوی و بێ پەردەییدا دەسکی لە دووی پێنج خشتیەکانی مامۆستا میسباحی ئەرمەنی بلاغی (ئەدەب) ناکا کە دەڵێن بەناوی نوسرەت خانم گوتوویە و بەو شیعرە دەس پێدەکا:

دوێ شەو شەوی شەممە کە لە بورج و مەهو ئەختەر
ئاڕاستە بوو سەحی سەرا پەردەیی ئەخزەر

یان خێر و شیعری مامۆستا شێخ ڕەزا تاڵەبانی و زۆر شاعیری تریش کە شیعری لەوە





ڕوو هەڵماڵاوتریان هەیە و کەسیش نەک ئەو بیانوەی لە چاپکردندا پێ نەگرتوون بەڵکو لە ناو کۆڕ و کۆمەڵدا باشتریش لێیان وەرگیراوە و هەر ئەو بێ پەردەیی و ناسکییە ئەو هەڵبەستانەی گەیاندۆتە لوتکە لە بەرزیدا.

وەفایی شاعیرێکی زۆر کۆن و لە مێژینە نییە و، ئەو دواییانەش لە مەهاباد پیرەمێردی وا هەر مابوون کە خۆیان وەفاییان دیوە و، دەزانن چیرۆکی گوتنی شیرین تەشی دەرێسێی وەفایی چۆن بوە کەچی ئەوان ئەوە بە بەڵگە ناگرن و، دەڵێن: بەوە ڕا کە ئەو شیعرە لە بەیازی دەستنووسی مەلا عەبدوڵڵای گەلاڵەییدا نەبوە وا دەردەکەوێ کە شیعری وەفایی نەبێ و شیعری شوعاعی بێ، تۆخوا سەیری ئەو بیانوە سەیرەکەن، جا من شوعاعی بم و بزانم شیعری وەک تەشی دەرێسێ بڵێم بۆ بەناوی وەفایی دەیڵێم و بۆ بەناوی خۆم نایڵێم؟ یانی دەبێ شوعاعی لەو دەمەدا ناوی خۆی لە بیر چووبێتەوە؟

لەلایەکی تر، ئەو شیعرە ئەگەر شیعری شوعاعی بێ دەبێ بێجگە لەوە شیعرێکی تریشی لەو مستەوایەدا هەبێ، یان هیچ نەبێ کەسێک ناوی بیستبێ، جا ئەوجار بێن شیعری بۆ لە وەفایی زەوت کەن و لە گیرفانی ئاخنن.

هەر بەڕاستی وەفایی لە نووسین و نەنووسینی بەیازی خەڵکی تردا سووچی هەیە؟

ئەوەش هیچ، کاک هێمن ئەگەر خۆی لە چاپی نووسراوەکانیدا هەڵەیەکی بچووکی وەبەر چاو کەوتبا کوفری دوازدە ئیمامانی دەکرد و، شەو و ڕۆژێک نەدەهاتەوە سەرخۆ و، دەیگوت تێ ی...، خۆی چۆن دڵی هاتووە ئەو غەدرە گەورە لە وەفایی بکا کە دیوانی وەفایی هەر هەمووی بە سەنگ و تەرازوو لایەکە و، شیعری شیرن تەشی دەرێسێ بە تەنیا لایەک. من هەر ئەو دەم کە دیوانی وەفایی بڵاو بۆوە ئەو پیلەم بە کاک هێمن گرت و، داوای بەڵگەم لێکرد بۆ ئەوە کە دەڵێ ئەوە شیعری وەفایی نیە، بەڵام لەوە بەدەر کە پێی وا بوو ئەو وشانەی لەو شیعرانەدا بەکاری هێناون لە شیعرەکانی تریدا نین و ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە شیعری ئەو نەبن هیچ بەڵگەی تری نەبوو، بەڵام هەروەک ئەو دەم عەرزی خۆیم کرد وێنەی ئەوە لە شیعری خۆشیدا دەبینرێ هەموو وشەیەکی لە هەموو پارچەیەکیدا نابیندرێ و بەوەش نابێ شیعرەکەی لێ بستێنن و بیدەن بە شاعیرێکی تر و، شیعری شیرن تەشی دەرێسێ بە ئاشکرا هەر ئەو گەرمی و سۆز و ناسکی و ئاهەنگ و

سواری وتام و چێژەیان هەیە کە شیعرەکانی تری وەفایی هەیانە و جیاوازیان لەگەڵ یەک نییە و، وەفایی قۆنتەراتیشی لەگەڵ کەس نەکردبوو کە لە هەموو غەزەلەکانیدا وشەکانی پێشوو دوپات کاتەوە بۆ ئەوە کە دوایی خەلعی شیعری نەکەن. بێجگە لەوەش ئەگەر ئەو شتانەی باسیان کرا بە بەڵگە دادەندرێن کێ چوو شیعرەکانی تری شوعاعی بپشکنێ (ئەگەر هیچ شیعری هەبێ) بۆ ئەوە کە بزانێ وشەکانی وانیش لەگەڵ وشەی شیعری شیرن تەشی دەڕێسێ هەر یەکن و لە مستەوایەک دان و، بە جۆرێک یەکتر دەگرنەوە و، وێک چونێکیان لە وشە و زاراوە و ئاهەنگدا هەیە یان نا؟

کێ چوو شیعرێکی شوعاعیی هێنا و لەو کێشەدا بەرانبەری ئەو شیعرانەی ڕاگرت و، دوو ئەدیب و شیعر ناس بۆیان لە ئەستۆ دا کە ئەو دوو پارچە شیعرە وێدەچێ وێژەر و، سەرچاوەیان یەک بێ هەتا ئەو حوکمە زاڵمانە بەسەر شیعری وەفایی قافڵە سالاری عاشقان دابدرێ؟

مەبەستی من ئەوە نەبوو ببمە پارێزەری وەفایی و، گلە و گازندە بێنمە سەر خۆم و، مەبەستم ئەوەش نەبوو وەفایی بە خەڵک بناسێنم چونکە لەوە گەورەتر و ناسراو ترە و پێویستی بەوە نییە. مەبەستی من هەڵبەستی شیرن تەشی دەڕێسێ و ئەو شیعرانەی ترە کە لەو سەردەمەدا دەگوتران و شوێنیان هەبو لەسەر من و، خەیاڵی منیان هەتا سنووری خۆشەویستیی بۆیژەکانیان ڕادەکێشا و هیچی تر و، لەو ناوەدا چاپ نەکرانی شیعری شیرین تەشی دەڕێسێی وەفایی لە دیوانەکەیدا هێند زەق بوو خۆی تێ کێشا.

هاوینی ساڵی هەزار و سێ سەد و بیستی هەتاوی، واتە لە پشووی مەکتەب دابوو کە فڕۆکەکانی ڕوسیا مەهابادیان بۆمباران کرد و، دوای ئەوەش هێزەکانی ڕوسیا هاتنە ئێرانەوە، ئیتر وڵاتی ئێمە کە دەسەڵاتی میریی تێدا نەمابوو، بوو بە خان خانی و، کەس بە کەس نەبوو، هەر کەس دەسەڵاتی زۆر با ئەو حوکمی دەکرد و خۆی بەسەر دەر و جیراندا دەسەپاند، لەو پشێوێنیەدا کاروباری وڵات هەر لە هەموو ڕوویەکەوە لە گرێژەنە چوبوو و لەگەڵ ئەوانیش دەرس خوێندن و خوێندکاری، لەبەر ئەوە ئیتر منیان نەناردەوە شار بۆ خوێندن و، هەر ئەوەش ئاواتی خۆم بوو، هێزەکانی حکومەت ئەو کاتە لە وڵاتی ئێمە زۆر شپرزە کران و ئەو چەکانەی پێیان بوو لێیان وەرگرتن و، لە زۆر شوێن هەر بەوەندەشیان لێ نەگەڕان. لەو سەروبەندەدا ناردیان تفەنگێکی برنوی درێژیان بۆ من کڕی بە سێ سەد و





چل تمەن کە لە بیرمە لە جیاتی قایش بەنێکی تێ خرابوو، ئیتر لەو ڕۆژەوە باسی خوێندن و مەدرەسە و ئەو شتانە هەر نەما، جا چ لەوە خۆشترە گەنج بی و، تفەنگ و ئەسپ و تاجیت هەبێ و، ڕاوە کەروێشک هەبێ و، کەس بەرگریت نەکا و، وڵاتیش کەس بە کەس نەبێ؟!!

هاتوچۆ و تێکەڵاوی خەڵک و ئازادیی بەیان و، سەربەستی و بێ ترسی لە گفتوگۆدا هەموو جۆرە باسێکی دەهێنا گۆڕێ، ڕۆشەنبیر و گەورە پیاو و شارەزاکان وا دەبوو لە میرە کوردەکانی وەک: شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحمودی نەمر، سمایل خانی سمکۆ، دەدوان کە دەتوانم بڵێم هەتا ئەو کاتە ئەو گەنجانەی لە تەمەنی مندا یان باوخۆشتریش بوون ئەو شتانەیان بەگوێ نەگەییبوو، لەبەر ئەوە بۆیان تازە و سەرنج ڕاکێش بوو.

بەتایبەتی شەڕەکانی سمکۆ لەگەڵ میری کە ئەو کاتە هێشتە کۆن نەببوو، زۆر کەسی وا هەبوو خۆی بەچاو دیبووی، ئەم چەشنە چیرۆک و بەسەرهاتانە بۆ گەنجەکان زۆر هەست بزوێنەر بوون و، تێیان دەگەیاندن کە بەڵێ شتێکیش بە ناوی کوردایەتی هەیە و، باپیرانی ئێمە لەسەر ئەو ڕێگە ڕۆیشتوون.

کێ هەبوو شەڕی سمکۆی لە مەحمودکانی مەهاباد لەگەڵ هێزەکانی میری بۆ بگێڕنەوە و مچوڕکی پێدا نەیە و دڵی گەرم نەبێ؟ کێ هەبوو پارچە هەڵبەستێکی کوردیی وەدەس کەوێ و بە گریانەوە نەیخوێنێتەوە و دەست بە دەست نەڕوا؟ هەرچی کوڵ و کۆی سەردەمەکانی پێشووش هەبوو ئەو کاتە دەیانڕشت، بەڵام چاپەمەنیی کوردی نەبوو، مەکۆیەک، بنکەیەک، شوێنێک بۆ یەکگرتن و دەربڕینی هەستی نەتەوایەتیش هەروا.

ئەو کەم و کوڕیانە بە ئاشکرا هەموو کەس لەو کاتەدا هەستی پێ دەکرد و، کەسیش بۆ لابردنیان هەنگاوی نەدەنا، یان ئەو هەنگاوە هاوێژرابوو و ئاشکرا نەببوو نازانم، بەڵام ئەوەندەی دەزانم لە زۆر شوێن سرتە سرت و کەین و بەینەیەک هەبوو، زۆربەی خەڵک نەیاندەزانی چییە و، تەنیا ئەوانەی دەیانزانی لە یەکتر ئاگادار بوون و ئیشی خۆیان بە نهێنی و بە دڵسۆزی بەڕێوە دەبرد.

لەو بارەوە زۆر شت هەبوو نەدەگوترا و، زۆر شت نەبوو دروست دەکرا لێک کردنەوەشیان زۆر هاسان نەبوو، ئەگەر کەسانێکی وا بووبن کە ئەو ڕێکخراوە، یانی (کۆمەڵەی ژ.ک)

بۆ پەرەپێدان و بەهێزکردنی خۆی پەیوەندی پێیانەوە بووبێ، زۆر کەسی واش هەبوو کە خۆی بە دوای دۆزینەوەی کلیل و چاوساغێکەوە بوو کە سەرێک لەو هەورایە هەڵکا و، خۆیان بگەیەنێتێ کە من لەو دەستەیە بووم و ئاخری ئەو گرێیە بە دەستی برایەکی خۆم کراوە کە هەموو ئێواران پێکەوە بۆ گەڕان و پیاسە وەدەر دەکەوتین و، بە کەیفی خۆمان لەو شتانە دەدواین، دوای بەینێک دەرکەوت کە ئەو خۆی ئەندامی کۆمەڵەیە و، نەیهێشتوە ئێمە بزانین و، پێی دەکرێ ڕێگە بۆ منیش پاک کاتەوە.

هێند لەسەر ئەو باس و خواستە ڕۆیشتین هەتا خۆی پێشنیازی ئەوەی کرد بەو کارە هەستی، ئەو ڕۆژە کە لەسەر ئەوە پێک هاتین منیش بۆ وەرگرتنی ئەندامەتی لەگەڵی بچم بۆ ئەو ناوەندە کە بە نهێنی بەو کارە هەڵدەستێ، گوتی:

سبەی هیچ، دوو سبەی ئێوارێ هەردووکمان پێکەوە دەچین.

ئەو دوو ڕۆژەش وەختیان لەگەڵ دیاری دەکەم، هەر واش بوو، دوای دوو ڕۆژ ئێوارێ وەپێشم کەوت بۆ خانوویەک لەسەر شەقامی شێر و خورشید کە ئەو شەقامە لایەکی رووبارە و لایەکەی تری شارە، ئەو خانووە کە زۆریش بچووک نەبوو دەرگایەکی بە دیوی شەقامدا و، دەرگایەکی تری لە پشتەوە لە ناو کۆڵاندا هەبوو، کە ئێمە لێ هالاینەوە بۆ ئەو دەرگایە، لەو مەیدانەوە کەپێی دەڵێن چوارچرا هەتا گەیشتینە ئەو خانووە بە ترس و ئاوڕدانەوە و، چاوەچاو چووین نەوەک کەسێک بمان بینێ، کە وەژوور کەوتین دیاربوو ئەویان دەناسی، لەو خانووە بێ هەست و خوستەدا یەکێک هات و بە ئەسپایی دەرگایەکی تری بۆ من کردەوە و گوتی: فەرموو.

لەو ژوورە بچکۆلەدا کە پەنجەرەیەکی بە دیوی حەوشەدا هەبوو قازی محەممەد نەبێ کەسی تری لێ نەبوو لە پشت مێزێک دانیشتبوو، هێندێ کاغەز و کەرەستەی تری نووسین و، قورئانێکی لە پێش بوو، لە پشت سەریشی پەشتەماڵێک بە دیوارەوە هەڵاوەسرابوو، بە گەرمی بەخێری هێنام و ئەحواڵی پرسیم.

(ڕەنگە ئەو روون کردنەوە لێرەدا پێویست بێ کە بنەماڵەی ئێمە لەبەر ئەوە کە خزمایەتیی سەبەبیمان لەگەڵ ماڵی قازیان هەبوو و، کیژێکی (سیف القضات) یانی خوشکی حەمە حوسێن خانی وەزیری جەنگی کۆمار لە ماڵی ئێمەدا بوو پێش ئەو دەمیش





ناسیاویمان هەبوو).

قازی محەممەد کە دەزانین ئەو دەم هێشتە عینوانی پێشەوایی نەبوو لە بارودۆخی ئەو کاتە و ڕابوردووی کورد و پێویستیەکانی چالاکی و هەڵسووڕانی ئەو کاتە بەینێک قسەی کرد و، دوای ئەوە هەستا سەر پێ و ئەو پەشتەماڵەی لە پشت سەری بە دیوارەوە هەڵاوەسرابوو هەڵی داوە و، لێی پرسیم: دەزانی ئەو تابلۆیە چییە؟

عەرزم کرد بەڵێ دەزانم نەخشەی کوردستانە، ئەوجار لەسەر وەزعی جوگرافیای کوردستانی گەورە کە لە خەریتەکەی ئەودا دەگەیشتەوە سەر دەریای ڕەش بە هەموو بەشەکانییەوە بە دوور و درێژی بۆی باس کردم، لە تەواوی ئەو ماوەدا ئەوەندە بە شارەزایی قسەی دەکرد کە شوێنی دەکردە سەرم و، وەک قوتابییەک بە هەموو هۆشی خۆمەوە گوێم دەدا شیکردنەوەکانی.

دوای ئەوە فەرمووی: هیچ پرسیارت نییە؟ عەرزم کرد نەخێر، ئەوجار فەرمووی ئەوە بوو باری ئەوڕۆی کورد و، ڕابوردووی کورد و، جوگرافیای کورد کە بۆم باس کردی، جا لە دوای ئەو گۆڕانەی بەسەر وڵاتدا هاتوە ئەگەر ئێمەش بەپێی توانا هەوڵی ئەوە نەدەین بە ڕێگەی باپیرانی خۆماندا بڕۆین ڕەنگە نەتەوەکەمان لە داهاتوودا لێمان نەبوورێ، ئەو هەوڵەش دەبێ بە کۆمەڵ و، لە ڕێگەی ڕێکخراو و سازمانەوە بێ، چونکە دەستێک بە تەنێ تەقەی نایە، دیارە هیچ ڕێکخراو و سازمانێک بە بێ پشتیوانیی کۆمەڵ خۆی پێ ڕاناگیرێ و، هەرکەس مەبەستی خزمەتی گەل بێ دەبێ پاڵ وەڕێکخراوێکی نەتەوەیی بدا ئەگەر لە خۆی ڕا ببینێ، جا ئێستە کە لە هەموو شتێک روون بوویەوە من لە ئیختیاری تۆ دام، عەرزم کرد: من هاتووم ئەندامەتی وەرگرم.

فەرمووی: جا ئامادەگیت هەیە؟ هەموو شتێک لێک بدەوە، ئەو پەیمانە ڕاگرتنی زۆر هاسان نییە، عەرزم کرد ئەوکەسانەی بونە ئەندام و پێیان ڕاگیراوە چیان لە من زیاد ترە؟

ئەگەر ئەوەم گوت دەستی برد قورئانەکەی هێنا لە بەینی من و خۆیدا داینا و فەرمووی ئەگەر حازری هەرچی من گوتم تۆش بیڵێ و، بە دوای ئەوەدا فەرمووی بڵێ:

بەهەقی ئەو قورئانە هەتا من هەم خەیانەت بە کوردستان ناکەم.

منیش ئەو سوێندم دووپات کردەوە و، دەستم بە قورئانەکە دادا.

بە دوای ئەوەشدا بە سوێندەکانی تردا هات:

بەڵێ: بە هەقی ئەو قورئانە نهێنییەکانی حیزب لە هیچ هەل و مەرجێکدا نادرکێنم.

بەڵێ: بەرژەوەندی حیزب وەپێش بەرژەوەندی خۆم دەخەم.

بەڵێ: بەبێ ئاگاداریی حیزب ئەندامەتی حیزبی تر وەرناگرم.

بەڵێ: دەست و زمان و قەڵەمم بۆ خزمەتی کورد بەکار دێنم.

بەڵێ: خەیانەت بە هەڤاڵی خۆم ناکەم.

بەڵێ: فەرمانی حیزب لە هەموو مەرجێکدا ڕادەپەڕێنم.

من تەواوی ئەو سوێندانەم دووپات کردەوە و دەستم بە قورئانەکە دادا.

دیسان هەستا دەستی لە دەستی نام و یەکترمان ماچ کرد و، لە دوای ئەوە کە هێندێ ئامۆژگاریی لە مەڕ کاری حیزبەوە کرد لە لای هاتمە دەر، ئەوجاریش هەر بەچاوە چاو و ئاوڕدانەوە.

زۆر پێ نەچوو مەلا ئەحمەدی وەتەمیش کە گوندێک بوو لە جیرانی خۆمان بۆ کاروباری حیزب پەیوەندی پێوە کردم و، باوکم ئاگای لەو ئیشەی من نەبوو.

دروست بوون و، ماوەی حوکم و، رووخانی کۆمار و، باری ڕامیاریی وڵات و هەڵوێستی هێزە لاوەبییەکان و، بە دوای ئەوەدا کوشتن و لە داردانی ژمارەیەکی زۆر لە نیشتمانپەروەران هەر چەند کارەساتێکە زۆر نووسراوە و ئێمەش پێش ئێستە ئیشارەیەکمان پێکرد. بەشێک لە بیۆگرافیی گەلی زۆرلێکراوی کوردە نەک تەنیا هی من، بەڵام لێرەشدا کورتە ئاوڕدانەوەیەکی پێویستە، بە تایبەتی ئەو بەشانەی پەیوەندیان بە بەسەرهاتی خۆمەوە هەیە.

هەر پێش دروست بوون و کاتی دروست بوونیشی، کۆماری مەهاباد دۆستایەتیی بەرەی سۆسیالیستیی گرتە پێش و، ئەوەش شتێکی سروشتی بوو و هەر دەبوو وا بوایە، چونکە هێزی داگیرکەری ڕووسیا لە ئازەربایجان و کوردستاندا نەک هەر مەوجود بوون بەڵکو خۆشیان باش دامەزراندبوو، بە سوودی خۆیان بە تەواوی دەستیان لە کاروباری ئەو ناوە وەردەدا.





حکومەتی ناوەندی کە لە لای خوارووش بە دەست هێزە ڕۆژئاواییەکانەوە پێوە ببوو دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو پێشگیری لە کاروباریان بکا.

ڕووسەکان چاویان لە نەفتی ئێران بوو کە ئەو کاتە بە دەس ئنگلیزەوە بوو، جا بۆ ئەوە کە حکومەتی ناوەندی وا لێ بکەن بۆ داوخوازیەکانیان مل ڕاکێشێ، یان باشتر بڵێم ویستی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن دەستیان کرد بە قەڵسەگێڕان لە ڕژیمی ئەو کاتە و لە تەورێز و مەهاباد کۆماری تورک و کوردیان دامەزراند و پشتیان گرتن و، یارمەتییان دان کە خۆیان ڕاگرن هەتا کاتی خۆی!!.

لەبەر ئەوە کوردەکان بە تەواوی پشتیان بە بەرەی ڕۆژهەڵات بەستبوو، هەر سەردەمی کەس بە کەسیش لە کوردەواری (ئۆف) و (ئیزم) ئاشی پێ دەگەڕا.!

بەرەی ڕۆژئاوایان وا فرێ دابوو کە چاویان بە سینەما ئازادەکەشی هەڵنەدەهات کە لە ناوەڕاستی شەقامدا لە مەهاباد بۆ خەڵک پانیان دەکردەوە و، تێلی کارەباکەیان لێ هەڵدەبڕین کە کەس لێی نەڕوانێ نەوەک شتێکی سەرنج ڕاکێش یان ڕوون کرەوەی تێدا بێ و، وەک دەڵێن بۆ بارە لۆکە زەرەر بێ!!

کە کۆماری مەهابادیش دامەزرا هەتا ماوەیەک ئەو پەیوەندیانە لەگەڵ بەرەی ڕۆژهەڵات هەر بە هێزتر کرا و، لەگەڵ پشتگیری و نیشاندانی یەکیەتی هێندێ لاوی خوێندەواریشیان لە وڵاتی ئێمەوە بردە ئەو دیوی دیواری ئاسن (ڕووسیا) بۆ ئەوە کە زانستێک لەگەڵ خۆیان بێننەوە ئەو وڵاتە سەرمایەدارە! دواکەوتوە!! و خزمەتی گەلەکەی خۆیانی پێ بکەن کە یەکێک لەو لاوانە برایەکی من بوو بە ناوی حەسەن کە دەتوانم بڵێم ڕۆیشتنی ئەو لەو ڕۆژەوە ڕاستەوخۆ شوێنی لەسەر ژیانی من دانا و ئەویش شتێکی خستە سەر چەرمەسەری و ناڕەحەتیەکانی ترم، دوایی بادەدەمەوە سەری.

تارانی ئەو کاتە لە تاو و توێی باکور و باشووری وڵاتدا کە هەر یەکەی لە دەس بەرەیەک دابوون دەسووتا و، پەیتا پەیتا سەرەک وەزیری دەهێنا و لایدەبرد و ئاڵوگۆڕی پێ دەکردن هەتا دوایی (حکیم الملک) جێگەی خۆی دا بە (قوام السلطنه) و، ئەویش دەسبەجێ لەگەڵ ڕووسەکان کەوتە وتووێژ کە بە چەشنێکی ئاشتیخوازانە لەگەڵیان پێک بێ و، ئێرانیان پێ بەجێ بێڵێ، ئەوە بوو کە بەڵێنی نەفتی پێدان بەو مەرجە کە هێزەکانی

خۆیان لە ئێران بەرنە دەر بۆ ئەوە کە دەرفەتی ئەوە هەبێ لە هەموو جێیەک و لەگەڵ ئەو جێیانە لە ئازەربایجان و کوردستانیش هەڵبژاردنی پارلمان بەرێوە بچێ و نوێنەری هەموو جێیەک بچێتە پارلمان، جا ئەو کاتە لایحەیەک بدەن بەو پارلمانە کەقۆڵ لەسەر ئەوە بکێشێ نەفت بدەن بەوان لە جیاتی ئنگلیز کە بە قسەی خۆی هەردووک لا هەرلاوەیین و، بۆ ئێران هەر دەکا یەک.

ڕوسەکان بەو بەڵێنە هیچ و پووچە کە ئەوان نەبێ هەموو کەس دەیزانی درۆ و دۆلابە بۆ پێچانەوەی بارگە و بنەی خۆیان وا وە پەلە کەوتن کە کابرا گوتەنی لە جیاتی سەری وڵاخ کلکیان لغاو دەکرد و، ئیتر دۆستە دڵسۆزەکانی کورد و تورک نە دۆستیان لەبیر ما نە دوژمن و، ئەگەر قاچێکیان هەبوو کردیان بە دوو و تێیان تەقاند بۆ ناو بەهەشتەکەی خۆیان و کوردیان بۆ کارەساتەکانی دوایی بە تەنیا هێشت.

ئەوە بوو حکومەتی ناوەندیش دوای ڕۆیشتنی وان هێزەکانی خۆی هێناوە ئازەربایجان و کوردستان و لە هیچ کوێ پێشیان پێ نەگیرا و، لە جاری هەوەڵی خراپتر دەستیان بەسەر کوردەواریدا گرتەوە و کەلێن و قوژبن نەما ژاندرمە خۆی تێڕا نەکا.

بەو جۆرە دوایی بە کۆماری مەهاباد هات بەڵام دوایی بە کێشەی کورد نەهات و هەستی گەلی کورد جەنگەی ڕووخانی کۆمار هەر ئەو گەرمی و هەڵچوونەی هەبوو کە لە جەنگەی دامەزراندنیدا هەیبوو، ڕق و بیری تۆڵەشی لێ زیاد ببوو، ئەگەر حکومەتی کۆمار پێی نەکرا لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و، بەرەنگاری هێزەکانی میری بێتەوە هۆی تری هەبوو نەک بێ باوەڕی و بێزاریی گەل لەو حکومەتە ساوایە و، ئەو هۆیانەش هەر لە کاتی دروست بوونی حوکمەکەوە چ ئەوانەی پێویست نەبوو بکرێن و کران و، چ ئەوانەی پێویست بوو بکرێن و نەکران کەمتەرخەمیان لێ کرا و هەر وەک خۆیان مان و حکومەتی کۆمار کە هیوا و ئاواتی گەلی کورد بوو بەو چەشنە هات و ڕۆیی بەڵام زۆر پرسیار دوای ئەو ڕووخانە بێ وەڵام مانەوە.

هەتا ئێستە هەزاران کەس کۆماری مەهابادیان بە چلۆنایەتیی هاتن و دروست بوون و خۆ ڕاگرتن و ڕانەگرتن و ڕۆیشتنیەوە داوەتە بەر زەرڕەبین و لێی ورد بوونەوە و بە هەزار جۆر بیروڕایان لەسەری هەبووە کە هێندێکیان ئاگایان لە بنج و بناوانی کار هەبووە و،





هێندێکیان هەر بە خەیاڵی خۆیان قسەیان کردوە و کەمتر چوونە ناخی کێشەکەوە و، خۆیان لەوە نەداوە کە ڕاگرتنی حوکم زۆر عەوامیل و لایەن و ئەسبابی پێ دەوێ کە بەبێ وان دەسەڵاتداری ڕاناوەستێ با بەرێوەبەری حوکمیش سەرکۆمارێکی زۆر زانا و ئازا و لێهاتووی وەک قازی محەممەد بێ.

ئێستە ئەو پرسیارە دێتە پێش ئەوەی کۆماری دروست کرد، ئەوەی دەستە دەستە سەرۆک عەشیرەت و پیاوماقوڵی کوردانی دەبردە باکۆ بۆ ئەوە کە ئامادەیان بکا سەرەک کۆماریی کوردستان وەئەستۆ بگرن بێجگە لە بەرژەوەند و نیازی سیاسیی خۆی و، بێجگە لەو شتانەی خۆی پێویستی پێیان هەبوو پەڵپی لێ گرتبوون مەبەستێکی تریشی هەبوو، لە کوردەواری زەمینەی ئابووری و سیاسی و سوپاییشی پێک هێنابوو کە حوکمەکە پشتیان پێ ببەستێ و خۆی پێ ڕاگرێ و، هەر بەکزە بایەک وەک غەڵفی شلک بەو لا و بەو لادا نەچەمێ؟

باری ئابووری کە بناغەی ڕاوەستان و دامەزراویی حکومەت و کۆمەڵ و تەنانەت خێزانێکی پچووکیشە دابین کرابوو؟ بیریان لەوە کردبۆوە کە ئەو حکومەتە هەر لە بەینی مەهاباد و بۆکاندا دەسەڵاتی هەیە کە ناوچەیەکی زۆر پچووکە و، داهاتی ئەو ناوەندە ئەوەندە نییە حکومەتێک بە هەموو دەزگا و چەکدار و مووچەخۆریەوە خۆی پێ ڕاگرێ؟

لە هەموان گرینگتر داخوا ئەو هەست و ئیحساسە نەتەوەیییە گەرمەی گەلی کورد لەو سەر هەتا ئەوسەری کوردستان خرابووە قالبی تەنزیمێکی ڕێکوپێک و بە گیانێکی شۆڕشگێڕیی وا تەیار کرا بوو کە لە تەنگانەیەکی وادا خۆی بەبێ دەستی خاریجی گرانایی و ئەرکی ڕاگرتنی حوکم بخاتە ئەستۆی خۆی و، ئەگەر هاتو لە ڕووداوێکی وا چاوەڕوان نەکراودا بەڵێن و، دۆستایەتی و، پەیمان فیدای بەرژەوەند و درۆ و دەلەسە کراو و، خرایە ژێر پێ خۆی بەرەنگاری ملهوڕی و زۆرەملی بێتەوە؟

ئەوە هیچ چما گەلی کورد لە کوردستانی عیراق هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیلولەوە هەتا ئەوڕۆ کە حوکمی فیدراڵ دەگێڕێ کەم تووشی نسکۆ و هێرشی ماڵ وێرانکەر و، سووتمان و، هەڵات هەڵات و، ئاوارەیی بوو، سەرلەنوێ بەسەر وڵاتی کاول و، ماڵی کەلاوەدا گەڕاوە و چۆوە ناو سەنگەرەکانی پێشووی و بێ ئەوە تەسلیمی داگیرکەر و

دوژمنی خۆی بێ. هەر لەسەر بڕوای خۆی سوور نەبوو هەتا قسەی خۆی بردە سەر؟

ئایا لەوەدا بێجگە لە لێبوردوویی خۆی پەروەردەی حیزبی و زانستیە شۆڕشگێڕیەکان و ڕێنوێنیی ڕاست و دروستی ڕێبەری شوێنیان دیار و ئاشکرا نیە؟ ئەو زانستەی کە لە زەمانی کۆماردا نەناسراو و نەزانراو ما و، شیعاری سەرشەقام نەیتوانی جێگەی پڕ کاتەوە؟

داخوا کۆماری مەهاباد پێویستیەکی کاتی بوو، هەر بۆ ئەوەندە بوو هەتا بەڵێنی نەفت بە دۆستە برسیە چاو نەزیرەکەی دەدرێ یان حیسابێک بۆ گەلی کوردیش لەو ناوەدا کرابوو؟

داخوا گەلی کورد لەو بزووتنەوەدا و، لە ناو ئەو هەموو پیلان و فڕوفێڵەی دۆست و دوژمنەکانیدا لەسەر ئەو مەترسیە گەورەڕا کە لەسەر خۆی و دوارۆژی هەبو دەستەبەرێک بۆ پاراستن و مسۆگەر بوونی مافە نەتەوایەتیەکانی هەبوو یان هەر ئەوەندە بوو کرابووە داردەست و هیچی تر. ؟

هەر ئەو ڕۆژە کە هێزەکانی ڕژێمی شا لە کێوی قافلانکوۆە بەرەو مەهاباد بزووتن و کەس لە بەرانبەریاندا نەبوو وەڵامی ئەو پرسیارانەشیان لەگەڵ خۆیان بۆ گەلی کورد هێنا.

حکومەت کە وڵاتی بۆ سەقامگیر بۆوە زۆر پێ نەچوو دەستی بە چەک ئەستاندنەوەی خەڵک کرد و، لەوەشدا تووشی هیچ گیروگرفتێک نەهات و بێجگە لە هێزەکانی بارزان کە ئەو کاتە بەسەرکردایەتیی شێخ ئەحمەد و، مەلا مستەفا لە کوردستانا و، لە ڕووی سوپاییەوە پشتیوانێکی گەورە و بە هێزی کۆمار بوون، عەشایری تر بە بێ خۆ گرتن چەکەکانیان تەسلیم کردەوە و، هەر لە ماڵی ئێمە سی و یەک تفەنگیان بردە دەر کە یەکێک لەوان برنوە درێژەکەی من بوو کە ئەوجار لە جیاتی بەن قایشی تێ خرابوو بە دوای ئەویشدا هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی پارلمان دەستی پێکرا، کاتێک مەجلیس کرایەوە هەموو نوێنەرەکانیان تێگەیاند کە هەر کاتێک سەرەک وەزیر لایحەی نەفتی هێنایە مەجلیس لێی لە هەرا دەن و بیکەنە دەر و، هەر واشیان کرد، بەو جۆرە ڕوسەکان خەڵەتان و کڵاوێکی گەورەیان لەسەر نرا.

قەوامیش کە ئەو بەڵێنەی پێدابوون تاوانەکەی خستە ئەستۆی نوێنەرەکانی پارلمان کە





بڕیارەکەی ئەویان داوەتەوە دواوە و، وەک کەڵاشی مام ئاشەوان لەسەر زگی خۆی هەڵگرت و لەسەر زگی وانی دانا و، بەو جۆرە هێزی سوور پێی لە ئێران برا بێ ئەوە تنۆکێکی نەفت وەگیر بکەوێ، ئەگەر هەتا ئەو دەم نە کوردی هەبوو نە تورک، ئەوجار نە کوردی هەبوو نە تورک و نە نەفت.

ئیتر تەنیا کۆسپێک لەو ناوە کە لە بەرانبەر حکومەتدا مابوو بارزانییەکان بوون کە بە ماڵ و منداڵەوە لە هەموو شوێنی کوردەواریدا بڵاو بوون و، لە هەموو گوندەکان دابەش کرابوون.

پێش تێکچوونی کۆمار ئەوانەی چەکیان پێ هەڵدەگیرا زۆربەیان لە جەبهە بوون کە ئەو کاتە بەشی زۆری ئەو جەبهانەی کەوتبونە لای سەقز بەهۆی وان ئیدارە دەکرا و، زەخت و فشاری میریش هەر لەو لا بوو.

مەلا مستەفا بە دەرەجەی ژەنراڵییەوە سەرکردایەتیی ئەو هێزانەی دەکرد، حکومەتی شا کە پێش داگیرکردنەوەی وڵات و، ناردنەوەی ئەرتەش بۆ کوردەواری زەبری وانی لە جەبهەکان چێشتبوو، کاتێک هێزەکانیان هاتنەوە نەیاندەویست یان نەیاندەتوانی بە زۆری و ملهوڕی داوای چەک دانان لە بارزانی بکەن لەبەر ئەوە داوایان لێ کرد بچێتە تاران بەڵکو لە ڕێگەی وتووێژەوە لەو بارەوە بگەنە نەتیجەی دڵخوازی خۆیان.

بارزانی لە سەفەرەکەیدا بۆ تاران نەیگوت ئێمە چەک دانانێین هەتا خۆی لە چەنگ ڕزگار کردن و گەیشتەوە کوردستان، کە هاتەوە بە کاربەدەستانی حکومەتی گوت: من هەر دەسەڵاتی ئەو تەنیا تفەنگەم هەیە کە بە دەست خۆمەوە ئەگەر دەتانەوێ پێتانی دەدەم و، کەسی تریش بە قسەی من چەک دانانێ.

دوای ئەوە حکومەت زانی لەو گیروگرفتە بێ ئارەقە ڕزگاری نابێ و، لەبەر ئەوە هێزەکانی خۆی و عەشایری ئەو ناوەی دەنگدا وەخۆ کەون و بە تێکڕایی بەرەنگاری بنەوە، کە ئەو بەرەنگاربوونەوەش لە شنۆ و لاجانەوە هەتا سەر ڕووباری ئاراز بە شێوەی هەرە توند ئیدامەی هەبوو، لە هەوەڵ ڕۆژی ئەو بڕیارەی میریدا شەڕە پارتیزانییە مێژووییەکەی بارزانی دەستی پێکرد کە لە وتارێکدا بە هەڤاڵانی چەکداری خۆی گوت: من دەچم بۆ مردن هەر کەس ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵی خۆی دەوێ لەگەڵم نەیە بڕوا وە

دوای ژیانی خۆی بکەوێ و، لەگەڵ ئەوەش پێنج سەد و سی چەکدار مردنیان لەگەڵ ئەو هەڵبژارد و ژیانیان فڕێدا ئەو لا و، لەگەڵی وەڕێ کەوتن و لەوێوە هەتا سەر ڕووباری ئاراز «سنووری سۆویات» تووشی شەڕی زۆر خوێناوی و سامناک هاتن و بە سنووری ئێران و تورکیەدا کە هەردووکیان دوژمنی بوون لە هەل و مەرجێکی وادا خۆیان گەیاندە سۆویات کە بوو بە هۆی سەرسوڕمانی پسپۆڕەکانی سوپایی جیهان و کەس گومانی لە هەڵکەوتوویی ئەو قارەمانە کوردەدا نەما.

بارزانیەکانی تریش کە ماڵ و منداڵیان لەگەڵ بوو لەگەڵ شێخ ئەحمەد، برا گەورەی مەلا مستەفا گەڕانەوە شوێنی خۆیان لە عیراق، کە گەڕانەوەی ئەوان بۆ عیراق و ڕۆیشتنی مەلا مستەفا بۆ ڕوسیا و، هەروەها هاتنیان لە عیراقەوە بۆ ئێران هەر یەکەی چیرۆکێکی جیای دوور و درێژی هەیە کە هەتا ئێستە زۆر کەس لێی دواوە و لەسەریان نووسیوە بەڵام بە داخەوە هەموویان ئاوا ناتەواو و نیوە و نیوە چڵ بوون چونکە بارزانی کە خۆی قارەمانی کارەساتەکان بوە نە خۆی بیرەوەریەکانی خۆی نووسیوە و، نە ئەوانەی هاوسەنگەری بوون خۆیان بەو کارەوە ماندوو کردوە، لەبەر ئەوە هەرکەس لێی بدوێ هەر بە چەشنێکی گشتی دەتوانێ باسی بکا نەک بە وردی و بەو تەرزە کە بوە.

چلۆنایەتیی ڕوودانی شەڕەکان و، پێشهات و ئاڵۆزی و، هەڵوێستی بارزانی لە شوێنی زۆر حەستەم و تەنگانە و ترس و برسیەتی و ماندوویی زۆردا و، وەفای هەڤاڵەکانی کۆن و نوێی کە مردنیان لەگەڵ ئەو لە ژیانی بێ ئەو پێ خۆشتر بوو ئەو شتانەن کە هێشتە کەس نەیتوانیوە بەو چەشنە کە بوە بە تەواوی لەگەڵ باری ڕامیاریی ئەو سەردەمانە بێنێتە سەر کاغەز، هەتا مەولەوی گوتەنی: مەسنەوی هەفتاد مەن کاغەز شەوەد. دوای گەڕانەوەی هێزەکانی میری ژمارەیەک لە کاربەدەستانی کۆمار گیران و، بەندی کران و، خەڵکی تریش زۆربەیان گەڕانەوە سەر شوێن و کار و کاسبیی خۆیان بەڵام گەلێک لەو کەسانە کە بە چەشنێک یارمەتیی کۆماریان دابوو لە خۆیان دەترسان کە باوکم یەکێک بوو لەوان و، بێجگە لە ئەندامەتی ئەنجومەنی کوردستان بەینێک بە نوێنەرایەتی کۆمار لە سەقز دایاننابوو کە ئەو شارە لەبەر دەستی میریدا بوو، پێش گەڕانەوەی هێزی حکومەت لەوێ دەسبەسەر کرا و، لەو ماوەدا لە سەقز لەگەڵ سەرتیپ هومایونی فەرماندەی هێزەکانی حکومەت لە کوردستان ناسیاویی پەیدا کردبوو.





لە دەسبەسەریی ئەودا کە هێشتە جەبهەکان بەتاڵ نەکرابوون لە مەهابادەوە هاتم بچم بۆ لای، لە گوندی سەرا کە نیزیک سەقزە و، بە جەبهەکانی دەور و بەریەوە بە تەواوی لە ژێر دەسەڵاتی بارزانییەکاندا بوون گوتیان ڕێگەی هاتوچۆ بۆ سەقز نیە، ئەگەر بچی بۆ ئەوێ دەبێ مەلا مستەفا ڕەوانەت بکا دەنا ڕێت نابێ، لەبەر ئەوە داوای دیتنی بارزانیم کرد، منیان بردە ژوورەکەی ئەو لە ناو گوندی سەرا، خۆی هەر سبەینە زوو ڕۆیشتبوو بۆ سەردانی جەبهەکان و، لە ژوورەکەیدا قەرەوێڵەیەکی سەفەری و، فانۆسێک و، سەماوەرێکی پچووک هەبوو، پیاوێکیش کە دیار بوو خزمەتی دەکرد لەوێ بوو، پاش تاوێک ترومبیلێکی جیپ لە دەرگای ماڵەکە ڕاوەستا و، بارزانی بە جلکی ژەنڕاڵییەوە لەگەڵ حەرەسەکانی لێی دابەزی و هاتنە ژوور، پێش ئەو کاتەش من زۆر جار لە مەهاباد بارزانیم دیبوو، قسەم لەگەڵ کردبوو کە بە هەڵکەوت ڕۆژێک زۆر تووڕە بوو، جارێ حەز دەکەم بگەڕێمەوە سەر مەسەلەی ئەو تووڕە بوونە: کاربەدەستانی کۆمار دەستیان بەسەر ماڵ و دارایی ئاغایەکی مامەش داگرتبوو کە بە دژی کۆماریان دادەنا، لەگەڵ ئەو شتانەی دەستی بەسەر داگیرا بو ماینێک هەبوو کە دیار بوو خاوەنەکەی مارفاغای شاوەلێ دڵی پێوەی بوو، چوبوو عەرزی مەلا مستەفای کردبوو کە ئەو شتانەی لێم ئەستێندراوە هیچیان قەیدی نییە بەڵام حەز دەکەم لوتفم لەگەڵ بکەی و، ئەو ماینەم بۆ بستێنیەوە ئەویش بەڵێنی پێدابوو کە ئەو ماینەی پێ بداتەوە کە لە ژێر دەستی دەزگای سوپایی کۆمار بەشی (سررشتەداری)دا بوو، پیاوی ناردبوو کە ئەو ماینە تەسلیمی خاوەنەکەی بکەنەوە بەڵام مەسئولی ئەو بەشە کە ئەفسەرێکی کورد بوو بەناوی (خەلیل...) ماینەکەی نەدابۆوە گوتبووی: دەبێ حیزب دەستوور بدا.

بارزانی لەسەر ئەوە تووڕە ببوو و لە هەیوانی خانووی فەرمانداریی پێشوو کە ئەودەم کرابوە مەقەڕی حیزب پیاسەی دەکرد، من و خزمێکم بە هەڵکەوت ئەو کاتە ڕێگەمان کەوتە ئەوێ و، کە ئێمەی دی فەرمووی: ئێوە ترومبیلتان لەگەڵە؟

هەردووکمان عەرزمان کرد لەگەڵمان نییە و نابێ خۆت عاجز کەی، ئێمە دەچین ئەمری جەنابت بەجێ دەگەیەنین ئەوە شتێکی وا نییە، فەرمووی: نەخێر دەبێ ئەو ئەفسەرە خۆی هەوساری ماینەکە بگرێ و بە شەقامدا بیهێنێ هەتا ئێرە، ترومبیلم بۆیە دەوێ جەماعەت بنێرم، هەر واشی کرد جیپێکی سەر ئاواڵەیان هێنا، ئەمری کرد چوار کەس سوار بن بچن

بۆ قشڵەکە یەکێک لەوان ناوی وەهاب ئاغا بوو، ئێمە هەر لە خزمەتی دابووین کە ئەفسەرەکە پاش تاوێک لە شەقام پەیدا بوو، هەوساری ماینەکەی بە دەستەوە بوو، جێپەکەش لە پێشیەوە دەڕۆیشت، ماینەکوێت جوانوویەکی لەبەر بوو کە ئەویش هەر کوێت بوو، بە غاردان بە دوای دایکیەوە دەهات و دەچوو، وام لە بیرە پیاوی مارفاغا لەوێ حازر بوو ماینەکەیان تەسلیم کردەوە.

ئەو ڕۆژە کە لە گوندی سەرا چوومە ژوورەکەی بارزانی و پاش تاوێک لە سەردانی جەبهە هاتەوە، کە بەرچایان بۆ هێنا عەرزم کرد: بۆیە هاتووم بچمە سەقز بۆ لای حاجی حەمەداغا کە لەوێ ڕایانگرتوە و، پیاوێک نەبێ کەسی تری لەلا نییە، وا بزانم بۆ دەرباز بوونی ڕێگە پێویست بە ئەمری جەنابت دەکا، فەرمووی باشە، بارزانی حاجی حەمەداغای دەناسی یەکەم لەبەر ئەوە کە ئەندام بوو لە ئەنجومەنی کوردستان، دووهەم لەبەر ئەوە کە خانوویەکی بۆ دانیشتنی بارزانی تەرخان کردبوو کە ئەو ماوە لە مەهاباد ماڵی لەو خانووەدا بوو.

دوای چایی خواردنەوە کە هەستا ڕۆیشتە دەر فەرمووی تۆش وەرە، بە پێیان ڕووی کردە خانووی ئاغای گوند کە خۆی ماڵی لە تاران بوو خانووەکەی کرابووە مەقەڕی گشتی.

کە گەیشتە حەوشەی خانووەکە بە ئەفسەرێکی فەرموو: ئەو دوو مرۆڤە بەڕێ بکە با بچنە سەقز بۆ لای حاجی حەمەداغا، پیاوێکیشم لەگەڵ بوو بەناوی مراد.

ئەفسەرەکە سەلامی عەسکەری کرد و گوتی بەڵێ و، کشایەوە دواوە، ئیتر خۆی لە پلەکانەکان وەسەر کەوت.

دوای ئەو ئەفسەرەکە کە گوتیان ناوی (عزّت عبدالعزیز)ە گوتی: لێرەوە هەتا دەگاتە سەقز هەمووی جەماعەتی ئێمەی لێیە، بارزانی خۆی ئەمری کردوە هەرکەس بەو ڕێگەدا بڕوا تەقەی لێ بکەن، هۆی ئەوەش ئەوەیە خەڵکی ئەو ناوە کە ماست و پەنیر و ڕۆن و ئەو جۆرە شتە بۆ فرۆشتن دەبەنە سەقز هی وایان تێدا هەیە کە شوێنە گرینگەکانی ئێمە بۆ حکومەت ئاشکرا و دەستنیشان دەکەن و، ئەگەر فرۆکە دێ ڕاستەوخۆ لەو شوێنانە دەدا کە بە لای ئێمەوە گرینگە جا چونکە خۆی ئەمری کردوە کەس قسەی من تەنفیذ ناکا لەبەر ئەوە بەداخەوە لە زروفی ئێستەدا ئەو ئیمکانە نییە ئێوە بەڕێ بکەم، نە دەکرێ بە ڕێگەدا





بڕۆن نە دەکرێ لە ڕێگەش لادەن، وا بە باش دەزانم جارێ لەو سەفەرە بگەڕێن هەتا دەرفەتێکی تر.

ئێمە هێشتە لەو قسانەدا بووین فرۆکەیەک هات و لەگەڵ ئەوەش کە گوندەکە پڕ بوو لە پێشمەرگە و لەوێوە تەقەی لێ دەکرا ئەو بۆمبای هاویشتە ناو مێشەیەک لە قەراخ گوندەکە، دوایی گوتیان چەک و عیتادی لێیە.

من گەڕامەوە مەهاباد و دوای ماوەیەک باوکم ئازاد کرا و هاتەوە ماڵ، بەڵام نیگەرانی و دوودڵیی هەر هەبوو، بەینێک بە ڕۆژ لە ئاوایی دەچووینە دەر و، منیشی لەگەڵ خۆی دەبرد و، شەویش کە دەهاتینەوە ناو گوند لە ماڵی خۆمان نەدەخەوتین.

ڕۆژێک ترومبیلێکی عەسکەری لە بۆکانەوە هات، ئەفسەرێک و شەش سەربازی تێدا بوو، ئەفسەرەکە بە باوکمی گوت: تیمسار سەرتیپ هومایونی تۆی ویستوە بێیە بۆکان چاوی پێت بکەوێ.

هومایونی لە بۆکان باوکمی دیبوو و پێی گوتبوو: لێرە بمێنە هەتا دەچمە سەقز و دەگەڕێمەوە دوای ڕۆیشتنی هومایونی خزمەکان پێیان گوتبوو بە باشی نازانین لێرە بمێنی ئەگەر هاتەوە و دیسان تۆی ویست ئێمە خۆمان ئاگادارت دەکەینەوە بەڵکو هەر لە بیریشی نەمێنی.

ئیتر باوکم هاتەوە ماڵ و، بە دوایدا نەهاتنەوە بەڵام هەر لە خۆی خاترجەم نەبوو هەتا لێبوردنی گشتی لە لایەن حکومەتەوە دەرچوو و گرتن و زیندانی کردن تەواو بوو و ئێمەش وێڕای خەڵکی تر لە گوندی خۆمان لە کاروباری فەلاحەت و کشتوکاڵ هاڵاین.

میری بە دوای دەرکردنی لێبوردنی گشتیدا دەستی کرد بە سەرباز گرتن لە کوردستان و ئەو گەنجانەی ماوەی چوار ساڵ دەسەڵاتی نەبو بیانباتە عەسکەری و کەوتبوونەوە هەڵی پێچان، منیش لەگەڵ ئەوان بەینێکی زۆر هاتوچۆیان پێکردم هەتا دوایی دوکتور مصدق هاتە سەر کار و یاسایەکی دەرکرد هەر کەس مەبلەغێک پارەی دابا لە سەربازی تەرخان دەکرا منیش وەبەر ئەو قانونە کەوتم و لە سەربازی ڕزگارم بوو ماڵم پێکەوە نا و، ژیانی ئاسایی دەستی پێکرد.

ئەو بەینە، یانی لە ساڵی ٢٤ هەتا ٤٢ی هەتاوی کە دەربەدەریم دەستی پێکرد دەتوانم

بلێیم ژیانی هەرە باش و ئارامی من بوو هەر چەند ئەویش زۆر بێ خەم و گیروگرفت نەبوو، هەموو شتێک لەو لا ڕاوەستێ خەم و دەردی سەریی لە هەمووان گەورەتر ڕۆیشتنی ئەو برایەم لە وڵات بوو کە لەگەڵ هێندێ گەنجی تر ڕوسەکان بردیانن بۆ سۆویات و زوو زوو نووسراوی بۆ دەناردم و لە وەزعی خۆی و خوێندن و پێداویستیەکانی ئاگاداری دەکردم.

منیش بە نووسراو و برووسکە و تەلەیفون لە تارانەوە بێ وچان هەواڵی ماڵم پێ دەدا و هەواڵی ئەویشم وەردەگرت.

جارێک لەو جارانە کە چوبوومە تاران تەلەیفونی لێ بکەم و عومەری براشم لەگەڵ بوو ئەگەر هاتمەوە بە سەر ڕووداوێکی ناخۆشدا کەوتم، عەولاغای برام کوژرا بوو، خەڵکی موکوریان هەر بە جارێ هاتبوونە سەرەخۆشی و، لەبەر قەرەباڵغی ڕێی ڕێداری نەبوو.

بە دوای کوژرانی ئەو برایەمدا سەرەڕای ئەو کۆستە گرانە هەر لە باوکمەوە هەتا پچووکترین ئەندامی ماڵ تووشی تەحقیقات و لێکۆڵینەوە و ناڕەحەتیەکی وا هاتین لە لای حکومەتەوە کە هەتا ئەو دەم شتی وامان نەدیبوو، براکانم و ئەندامی ماڵ هیچ، تەنانەت باوکمیان چەند جار بە ناوی گومان لێکراو بردە مەهاباد، هەروەها من و براکانی تریشم.

ئەو هاتوچۆ پێکردن و هێنان و بردنە هەتا چەند ساڵ هەر نەبڕاوە و کەس نەما لێی وە شک نەکەون و، ئاخریش لەسەر کەس ساغیان نەکردەوە، بەینێک عوبەیدی برامیان گرت و دوایی هیچی لەسەر نەبوو بەریان دا.

هەزار جۆر قسە لەوەدا هەڵبەسترا، یەک دەیگوت کاری حکومەتە چونکە لە ڕوسیا هاتۆتەوە و پڕوپاگاندەی کمونیستی دەکا، یەک دەیگوت کاری خۆیانە و کەسی تر، یەک دەیگوت کاری خەڵکی گوند و مەسەلەی ناموسە، یەک دەیگوت کاری ناحەز و دەر و جیرانانە بەڵام بۆ ئەوانە هیچیان بەڵگە یان قسەیەکی وێچوویان نەبوو و، سەبەبێکیان پێ شک نەدەهات کە لەسەر یەکێک لەو بۆچوونانە ساغ بینەوە.

ژاندارمری ناوچەش کە گۆیا بە پێی یاسا لە هێمنایەتیی ناوچە و دۆزینەوەی دز و پیاوکوژ بەرپرسە بۆ ئەوەی تاوانی ڕووداوەکە لەسەر خۆی لادا، هەموو فشاری خۆیانی خستە سەر ئێمە کە خاوەن خوێن و خاوەن ماف بووین و، وایان لێ کردین لە جیاتی ئەوە





وەدوای ئیشەکە بکەوین سەرێکی لێ هەڵکەین و، بیر لەوە بکەینەوە بزانین کێ ئەوەی لەگەڵ ئێمە کردوە وامان زۆر بۆ هاتبوو هەر لە غەمی ئەوەدا بووین خۆمان بپەڕێنینەوە و، نەدەپەرژاینە سەر هیچی تر.

لەو مەسەلەدا هەرچی بە نیسبەت ئێمە کوڕەکان کردیان و گوتیان چ بۆ تاوان وەباڵدان و، چ بۆ لیکۆڵینەوە و پشکنین قەیدی نەبوو، بەڵام باوکم ئەو دەم لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا بوو و بگرە زیادتریش و، ئەگەر ئەو کوڕە کوڕی خۆشی نەبا هەر بۆ ئەوە نەدەبوو ئەو تاوانەی وەپاڵ دەن ئەویش بەو سروشت و ئاکارانەوە کە ئەو هەیبوو و بۆ هەمووکەسیش لە موکوریان بەو ڕەوشتانەوە ناسراو بوو، لەبەر ئەوە شک و گومانی ئەوە کە دەگوترا زۆر هێنان و فشاری حکومەت بۆ سەر ئەو ماڵە شتێکی ئەنقەستە و پەیوەندی بە ڕابوردوویانەوە هەیە بە هێزتر ببوو.

من هێندەی وەبیرم دێ قەت نەمدی حکومەت لە هیچ کێشەیەکدا هەق لە دوی ئێمە بدا هەر چەند ئێمە هەقیش باین و، هەر دژی ئێمە حوکمی دەدا تەنانەت لە دابەش کردنی زەوی و زاردا کە لێیان ئەستاندین بە بەلاش ئەو حوکمە بە ئاشکرا دەبیندرا، دەنا باوک و کوڕی خۆی بکوژێ؟ ئەویش ئەو باوکە، بەڵام واهاتو وا چوو من ئێستەش و ئەو دەمیش باوەڕم وا نییە کە حکومەت ئەوەی کردبێ ئەگەر بلێین کمونیستیش بووبێ، چونکە حکومەت دەسەڵاتی هەبوو و، دەیتوانی بیگرێ و محاکەمەی بکا و بە ئاشکرا هەرچی بە پێویستی بزانێ لەگەڵی بکا لە کوشتن و زیندانی کردن ئیتر بۆ بە دزی دەیکوژێ؟ دەمێنێتەوە شک و گومانی تر کە ئەوانیش هیچیان لەبەر بێ بەڵگەیی و بێ سەبەبی بە هیچ کوێ نەگەیشتن و نەتیجە ئەو کوژرانە هەروا چوو.

وا دیار بوو باوکم هێندێ شک و گومانی دەکرد بەڵام هەر خەیاڵ بوو... لە ناو براکان لە ناو خۆشماندا شک و دوودڵی پەیدا ببوو بەڵام دەرکەوت هەمووی پووچ و بێ پایە بون و، لێکدانەوەی تەسک و کەم بایەخ نەبێ هیچی تر نەبوو و، هۆی ئەو هەموو بیر و خەیاڵە ناڕەوایەش هەر ئەوە بوو کە هیچمان پێ لەسەر کەس سوور نەببۆوە و هەر ڕەش داگرتن و دڕدۆنگی بوو، ئەویش بە هەڵە.

هیوادارم ڕۆژێک لە ڕۆژان درەنگ یان زوو چلۆنایەتیی ئەو کارە لە شک و گومان دەرچێ و ڕوون بێتەوە و خوا دەستم بگرێ بۆ تۆڵەی.

دەمویست بە درێژی هەموو لایەنەکانی ئەو ڕووداوە شی کەمەوە بەڵام دەبینم لە دوای سی چل ساڵ بێجگە لەوە زۆر شتم هەر لە بیر نەماوە لە برین کولانەوەش زیادتر سوودی تری نییە، من هەر بەبێ ئەوەش برینی ترم کەم نییە و، قەت لەسەر دەرد و ئێش و ژان پەکم نەکەوتوە، جا ئەوەی بۆ بێتە سەر؟

ڕوسیای ئەو کاتە کە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بوو لە باری ئابووریەوە لە قۆناغێکی تایبەتدا بوو، لەبەر ئەوە هەر چەند ئەو قوتابیانەیان بردبوو کە لەسەر ئەرکی حکومەت لەوێ بخوێنن سەرەڕای ئەوەش زۆر شتیان دەویست کە دەبوو لێرەوە بۆیان بچێ ئەویش لە لایەکەوە بەینی ئێران و ڕوسیا لە دوای ڕۆیشتنی هێزی سوور لە ئێران و، درۆی قەوام، ڕۆژ بە ڕۆژ ناخۆش و ناخۆشتر دەبوو، شەڕی سارد بە هۆی ڕادیۆ و ڕۆژنامەی هەردووک لا دەستی پێکردبوو هەر بەرەو خراپیش دەچوو، هەتا وای لێهات کە کەس نەیدەوێرا بۆ ئیش و کاری ئاسایی خۆشی نیزیک باڵوێزخانە و کۆنسولگەری و بازرگانیی ڕوسەکان بکەوێ یان بە لایاندا بڕوا چونکە زۆر بە هاسانی تاوانی هاوکاریی ئەوانی وەپاڵ دەدرا و ناوی کلکەکانی ئەوانی لێ دەنرا و، هەر ئەوەندەش بەس بوو بۆ ئەو کاتە کە دوای بڕانەوەی کێشەی ئازەربایجان و کوردستان بوو لە بەندیخانە توندی کەن و ئەوی کارەساتە بەسەری بێنن و سەد هاواریش بە پولێک.

لە لایەکی تریشەوە هەر شتێک لێرەوە بۆ ئەوێ چوبا دوای گومرگی حکومەتی ئێران دەبوو لە لایەن ڕوسەکانیشەوە گومرگ بکرێ کە ئیدارەی بازرگانیی خۆیان بەو ئیشە هەڵدەستا و، ئەگەر وەرەقەی گومرگی وان لە ناو بەستەکەدا نەبوایە لە سنوور دەگەڕاوە نەدەگەیشت کە پێویست بوو بەستەکە هەر جارە لە پێنج کێلوش زیادتر نەبێ.

لەبەر ئەوە ساڵێ جارێک دووجار کە داوای شتومەکی دەکرد لانی کەم مانگێک و، وا دەبوو دوومانگ وەدوای ئەوە دەکەوتم هەتا لە تەورێز جلکم بە دروون دەدا و، کەلوپەلی ترم دەکڕی و، ئیش و کاری گومرگی ئێران و سۆویاتم جێبەجێ دەکرد کە لەسەرەتاوە هەر پێویستیەکانی خۆی بوو و، دوایی کە بوون بە دووکەس ئەشیای خێزانیشی ڕەگەڵ کەوت و، لە هەل و مەرجێکی وادا لە تەورێز کە کەس نەیدەوێرا هەر بەو کۆڵانانەشدا بڕوا کە ئیداراتی ڕوسەکانی لێیە من خۆم دەخستە مەترسییەوە و لە دەرفەتێکدا خۆم بە ژوورێدا دەکرد و، شتەکانم گومرگ دەکرد ئەویش بە دوو بەرابەری نرخی کەلوپەلەکە.





زۆر جار دەمگوت ئیتر پێوە بووم بەڵام خوای گەورە دەیپاراستم، ماوەی بیست ساڵ کە ساڵ هەبوو کەمتر و ساڵ هەبوو زیاتر بەو جۆرە هەموو پێداویستیەکی وانم جێبەجێ کرد بێ ئەوە پێیان بڵێم هەل و مەرجی ئێرە وایە.

باوکم نووسراوی بۆ نەدەنارد بەڵام لە وەزعی دەپرسی و ئەو ماوە کە چاوی پێی نەکەوتبوو بە پەرۆشەوە باسی دەکرد هەتا خوێندنی تەواو بوو و لە نووسراوی هەرە دوایی خۆیدا ئەوەی درکاند کە حەز دەکا بگەڕێتەوە ئەگەر ئیمکان هەبێ.

وا بزانم هاوینی ساڵی چلی هەتاوی بوو ئێوارەیەک لە لای باوکم دانیشتبووم ڕادیۆی تاران گوتی: (از طرف وزارت امور خارجه آقای علیقلی اردلان بسمت سفیر کبیر دولت شاهنشاهی ایران در شوروی منصوب گردید).

من و باوکم هەر وەک مەبەستێکی ئێمە لەوەدا هەبێ چاومان لێک کرد، من گوتم: ئەوە شتێکی باش بوو لەوانەیە ئەگەر پیاو بۆی بکرێ بیبینێ و، هەوڵی لەگەڵ بدا بۆ هێنانەوەی کەڵکی هەبێ، باوکم فەرمووی زەرەری نییە، کە زانیم ئەویش پێی باشە دوای دوو ڕۆژ بۆ تاران وەڕێ کەوتم، لەوێ چوومە وزارەتی دەرەوە و داوای دیتنیم کرد، گوتیان ئێستە لێرە نییە بەڵام هەموو ڕۆژێ دێ لەو فایل و پەروەندانە دەڕوانێ کە پەیوەندیان هەیە بە کاری ئەو و حکومەتی ڕوسیاوە، سبەینێ سەعات یازدەی پێش نیوەڕۆ وەرەوە.

سبەینێ کە چووم گوتیان: لێرە لە ژووری یازدەیە بەڵام بەبێ ئیجازە ناکرێ بچی بۆ لای، ئاگاداری دەکەین ئەگەر بانگی کردی ئەو دەم قەیدی نییە، لە نیو سەعات کەمتر چاوەڕوانیم کرد کە ڕێگەیان دام بچمە ژوورەکەی کە خۆی لەوێ تەنیا لە پشت مێزێک دانیشتبوو و نووسراو و پەڕتوکێکی زۆری لەبەردەستی دابوو.

نازانم تەمەنی چەند دەبوو بەڵام مووی ڕەش تەنانەت لە برۆشیدا نەبوو، زۆر بەڕێز و ڕووی خۆش وەریگرتم و لێی پرسیم: خەڵکی کوێی و چۆنە هاتووی؟ منیش خۆم ناساند و چیرۆکی ڕۆیشتنی براکەم لە هەوەڵ هەتا ئاخر بۆ گێڕاوە و گوتم: کە زانیم جەنابت بە باڵوێزی ئێران لە ڕوسیا دیاری کراوی لە وڵاتی خۆمانەوە بۆ ئەوە هاتووم داوات لێ بکەم بۆ هێنانەوەی ئەو برایەم کۆمەگم بکەی و، کارێکی وا بکەی لەوێ ڕزگار بێ و بێتەوە ئێران.

بە کوردی لێی پرسیم: تۆش کوردی باوە؟ گوتم بەڵێ، ، بنەماڵەی ئەردەڵان کوردی سنە و بۆ هەموو کەس ناسراون، دوای ئەوە دەفتەرێکی پچووکی لە باغەڵی خۆی دەرهێنا و، هێندێ پرسیاری لە من کرد و لە دەفتەرەکەیدا نووسیی، ناوی براکەم و باوکی و، کەی چوە، لەوێ چی کردوە، ئەو ماوە لە کوێ دانیشتوە، ئادریسی چییە، ئیش و کاری چییە؟ پاشان گوتی بەڵێنت پێ دەدەم هەر چەندی لە دەستم بێ بۆ هێنانەوەی هەوڵ بدەم.

ئاگاداری ویش بکە لەوێ بێ من بدۆزێتەوە، کە هەستام ماڵئاوایی لێ بکەم گوتم: بە ڕاستی زۆر لوتفت کرد، هیوادارم منیش خزمەتێکم لە دەس بێ بە جەنابتی بکەم، پێکەنی گوتی: من هیچم لە تۆ ناوێ ئەوەندە نەبێ ئەگەر هاتمە کوردستان ڕاوم لەگەڵ بکەی.

ڕۆژی دوایی براکەم بە تەلەیفون لە مۆسکۆ ئاگادار کرد و گوتم ئەگەر ئەو باڵوێزە هاتە وێ بچۆ لای و خۆتی پێ بناسێنە تا بزانین چۆن دەبێ.

نازانم چەند پێ چوو، سێ مانگ، چوار مانگ، کاغەزێکی هات نووسیبووی: ئەگەر ئەو باڵوێزە هات چوومە لای و زۆر ڕێزی لێ گرتم و، هەموو ئیش و کاری بۆ جیبەجێ کردووم و، ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە باڵوێرخانەی ئێرانەوە هەیە بۆ هاتنەوەی من هیچ شتێک نەماوە نەیکا، بەڵام ڕوسەکان ئیجازەم نادەن و تەگەری تێ دەخەن، ئەگەر وەزیری دەرەوەی ئێران خۆی داوایان لێ بکا ئەوانیش پێ داناگرن و ئیجازەم دەدەن.

بە دوای ئەو نووسراوەدا ڕۆیشتمە تاران بۆ دیتنی وەزیری دەرەوە کە ئەو دەم یەکێک بوو بە ناوی (عباس ئارام) چوومە وزارەتی دەرەوە گوتیان دەبێ ناوت بنووسی و لە نۆبەدا ڕاوەستی، بەینێکی پێ دەچێ.

یەکێک بە ناوی (دوکتور بەهرامی) ئەو کاتە لەوێ سەرۆکی کتێبخانەی وەزارەتی دەرەوە بو کە ناسیاویم لەگەڵی هەبوو چوومە لای ئەو و گوتم خۆت دەزانی من لە ڕێگەی دوورەوە هاتووم هەر چەند دەزانم ئەوە پەیوەندی بەکاری تۆوە نییە بەڵام ئەگەر دەکرێ کارێکی وا بکە ئەوڕۆ وەختم بدەنێ بچمە لای وەزیر بەڵکو زوو بتوانم بگەڕێمەوە، ئەویش پیاوەتیی کرد و هەستا لەگەڵم هاتە لای سەرەک دەفتەری وەزیر کە خانمێک بوو بەناوی (خانم پیراستە) و داوای لێکرد ئیجازەی دیتنم بۆ وەرگرێ. سەرەک دەفتەرەکە لەبەر خاتری دوکتور بەهرامی گوتی: ئێستە باڵوێزی (ئوتریش)ی لەلایە، با لێرە دانیشێ





ئەگەر ئەو هاتە دەر کارێکی وا دەکەم بانگی کاتە ژوور.

سەعاتێکی کەمتر پێ چوو، میوانەکان هاتنە دەر و خانم بە دوای ئەوەدا ڕۆیشتە ژووری وەزیر و پاش تاوێک هاتەدەر گوتی: کڵاوەکەت لێرە دانێ فەرموو بچو ژوور.

لە ژوورەکەیدا خۆی بوو، یەکێکی تریش لە تەنیشتی دانیشتبوو کە زۆری پێ نەچوو ئەویش خواحافیزی لێ کرد و ڕۆیی. ژوورێکی دوور و درێژ و مێزی کاری ئەو لەو شوێنە دوور بوو کە میوان لێی دادەنیشتن، دوای ڕۆیشتنی کابرا بە منی گوت: فەرموو بزانم چ کارێکت هەیە و، پەیوەندی هەیە بە کام وڵات؟

لە شوێنی خۆم کە لەو دوور بوو هەستام و چوومە تەنیشتی و، بەسەرهاتی براکەم و مەسەلەی هاتنەوەی بۆ ئێران و، گێچەڵی ڕوسەکانم هەموو بۆ گێڕاوە و دوای ئەوە کە قسەکانم تەواو بوون گوتی: ئەوکارەی تۆ پەیوەندی بە ئیدارەی دووهەمی ئەم وزارەتخانەوە هەیە، باڵوێزی ئێمەش لەوێ ئەوەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە ئەنجامی داوە ئەوەی تری دەبێ خۆت هەوڵی بۆ بدەی و جێبەجێی بکەی، گوتم من دوای ئەوە کە ئیدارەی دووهەمی سیاسی گوتیان هیچمان لە دەست نایە داوای دیتنی جەنابتم کرد، زەنگی لێدا گوتی سەرۆکی ئیدارەی دووهەمی سیاسی بانگ کەن کە ئەویش یەکێک بوو بە ناوی (ئەفراسیاب نوایی) و، زۆر جار لەو بارەوە مراجعەم پێ کردبوو، گوتم بێجگە لە ئیدارەی دووهەمیش ئەگەر تەرەفەکە تاجرێک یان مودیری شیرکەتێک یان کەسێکی تری لەو چەشنە بوایە هەر قەیدی نەبوو بەڵام تۆ بفەرموو من چۆن پەیوەند بە دەوڵەتی سۆویاتەوە بکەم؟ من هەقی برایەتیی ئەو کابرایەم لەسەرە و بەهەر جێگەیەک بگا وە دوای دەکەوم و، بەداخەوەم ئەگەر ئێرانییەک لە دەرەوە لێی بقەومێ تۆ کە وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەی ئاوها هەست بە مەسئولیەت دەکەی؟ گوتی من دەبوو چبکەم؟ گوتم تۆ دەبێ بزانی ڕوسەکان لەبەر چی بەرگری لە هاتنەوەی براکەی من دەکەن، ئەگەر دەڵێن ژنی ڕوسیی هەیە ئەوان کە بەقسەی خۆیان ئازادیخواز و بەشەردۆستن، ئەگەر ڕاست دەکەن لێی گەڕێن ئەو ژنەش لەگەڵی بێتە ئێرە، ئەگەر ئەو ئازادیخوازیە هەر بە قسەیە و بە کردەوە شتێکی ترە با ژنەکە لەوێ بگێڕنەوە و ڕێگەی براکەی منیش بدەن بێتەوە وڵاتی خۆی.

منداڵێکیان کە هەیە هەر چۆنی قانون حوکمی پێ دەکا و دەیدا بەهەر لایەک من پێی ڕازیم، بێجگە لەوەش من لە جەنابت دەپرسم تۆ کە وەزیری دەرەوەی ئێرانی دەتوانی بە

زۆر خەڵکی هەندەران لە ئێراندا ڕاگری و نەهێڵی بڕواتەوە وڵاتی خۆی؟

ئەگەر ئەوەم گوت ڕووی لە نەوایی کرد گوتی ڕاست دەکا، نامەیەک بۆ سەفارەتی شورەوی بنووسە بیهێنە من ئیمزای کەم، بنووسە بێجگە لەوە کە هەڵوێستێکی وەها دەربارەی ئێرانییەک جێگەی ئیراد گرتنە هەتا ئێستە چەند جار وا بووە هاووڵاتیی ئەوان ژنی ئێرانیی هەبووە و من لەسەر داوای ئەو ڕێگەم داون پێکەوە بڕۆن، تکا دەکەم ئەویش کارێکی وا بکا ڕێگەی ئەو ژن و مێردە بدەن بگەڕێنەوە.

بە سوپاسی زۆرەوە ماڵئاواییم کرد و، لەگەڵ نەوایی هاتمەدەر و لە ژوورەکەی ئەو دانیشتم هەتا نامەکەی نووسی و، ماشین کرا و، بردیە لای وەزیر ئیمزای کرد و مۆری وزارەتی دەرەوەی پێوەنا، کە نامەکەی بەڕێ کرد خوا حافیزیم کرد و هاتمە دەر.

شەوێ نامەم بۆ براکەم نووسی و دام بە پۆستخانە و ئەویشم لەو چلۆنایەتیە ئاگادار کرد و، دوای ئەوە گەڕامەوە بۆ وڵات، چەند مانگێک دوای ئەوە ڕۆژێک لە مەهاباد تووشی خزمێکی خۆم بووم (عومەری موفتی) کە ماڵی لە مەهابادە و، هەر لە ڕێوە داوای مزگێنیی کرد و بروسکەیەکی پێدام کە هی براکەم بوو، بە ئادریسی ئەوان ناردبووی و نووسیبووی: کاری هاتنەوەم جێ بەجێ بوە و ڕۆژی دووهەمی پوشپەڕ لە مۆسکۆوە بە قەتار وەڕێ دەکەوم بۆ تاران.

ئەو ڕۆژە کە دەبوایە بگاتە تاران لەگەڵ چەند کەسی تر لە خزمان لێی دابەش بووین نەوەک لە شوێنێک دابەزێ و ئێمە نەیبینین، کە قەتار گەیشتە جێ هەرچی ئەولاو ئەولامان ڕوانی نەماندۆزیەوە، ئیتر لێی بێ هومێد بووین، گوتم دیارە نەهاتوە، یان هاتوە و ئێمە نەماندیوە، یان نەماناسیوە چونکە لە مێژە ڕۆیوە، لەو دەمەدا کە خەریکی گەڕانەوە بووم دیتم کاک حەسەنی بابا تاهیری بە دوامدا دەگەڕا و بانگی کردم، زانیم شتێک هەیە، کە چومە پێش گوتی وەرە ئەوە لێرە لە لای پلیکانەکان ڕاوەستاوە چاوەڕێی تۆیە، چووم خۆش و بێش و بەخێر هێنانم کرد، یەکێکی تر کە لە لای ڕاوەستابوو و نەمدەناسی گوتی: بێ زەحمەت خوا حافیزی بکەن، بە منیشی گوت ئێمە دەڕۆین ناڕەحەت مەبە، سێ چوار ڕۆژی تر براکەت دەگەڕێتەوە بۆ لات.

دیار بوو ساواک هەر لە سنووری ئێران تەحویلی وەرگرتبوو، لەوێش نەیهێشت لە من





زیادتر قسە لەگەڵ کەس بکا و، تەنانەت بۆ هەڵگرتنی شتەکانیشی کە هەمووی چەمەدانێک و هێندێ شتی تر لە ناو پارچەیەکی برێزێنتیدا بوو نەیهێشت کەس یارمەتی بدا و گوتی دەبێ خۆی هەڵیانگرێ ئێوە دەستی مەکەنێ.

ئیتر لەو ڕۆژەوە کە ئەویان بردە زیندانی ساواک دەردی سەری بۆ منیش پەیدا بوو، هەرچی دەمکرد نەمدەزانی شوێن و جێگەشی چۆن بدۆزمەوە و، بچمە لای کێ، ئەو ئیشە بە دەست کێیە و؟ لە کوێیە؟ نە بە شوێنی ساواکم دەزانی نە ئەگەر دۆزیبامەوە هەروا بە هاسانی کەسم پێ دەبینرا، بێجگە لەوەش تاران لە سەد شوێن زیادتر ئیدارە و شوعبەی ساواکی هەبوو، ناچار دیسان ڕۆیشتمەوە بۆ ئیدارەی دووهەمی سیاسی لە وزارەتی دەرەوە کە ئیشوکاری وڵاتانی ڕۆژهەڵات هەمووی پەیوەندی بەوێوە هەبوو، ئەو بەینەش لەگەڵ سەرۆکی ئەو دایرە (ئەفراسیاب نوایی) ببومە دۆست و پیاوێکی باش بوو، چووم لەو مەسەلە ئاگادارم کرد و گوتم: بەلای منەوە ئەگەر نەتانهێنابایەوە باشتر بوو لەوەی بیهێننەوە و لێرە بیگرن و نەزانم هەر شوێنیشی کوێیە، باش بوو لەوێڕا نووسراوی دەهات، گوتی:

هیچ جێگەی ناڕەحەتی نییە، لەوە دڵنیا بە هەر کەس لەولا بێتەوە ماوەیەک دەیبەن و هێندێ پرسیاری لێ دەکەن و، دوای مانگێک ئازاد دەکرێ.

ناو و ئادریسی کابرایەکیشی دامێ لە ساواکی گشتی گوتی بچۆ لای ئەو پیاوە بڵێ ئەو ناردوومی، ئەو لەو بارەوە یارمەتیت دەدا.

ڕۆژی دوایی پێ و شوێنی کابرام گرت و دۆزیمەوە ئەویش ناردمی بۆ لای یەکێکی تر هەر لە تاران و لە ئیدارەیەکی تر، سێ ڕۆژ هاتوچووم کرد هەتا ئیدارەکەم دۆزیەوە و توانیم سەرۆکی ئەو دایرە ببینم کە ئەفسەرێک بوو بەناوی (سرهنگ مهراموز) من لە ژیانی خۆمدا کەسی لەو ئەفسەرە وریاتر و، هەڵسوڕاوتر و خاوەن سەرنجتر و پڕ نهێنی ترم نەدیوە، بێگومان هەر لەبەر ئەوەش بوو کە لە تەمەنی گەنجیدا و، بە پلەی سەرهەنگییەوە سەرۆکایەتیی ئەو دایرە گرینگ و گەورەیان پێ ئەسپاردبوو کە تەواوی ئەو ئێرانیانەی بە جۆرێک ڕێگەیان لە وڵاتێکی کومونیستی کەوتبا، کاروباریان دەهاتەوە بەردەستی ئەو و، چارەنووسیان ئەو ڕەقەمی لێ دەدا.

لە دوای چەند ڕۆژ هاتوچۆ و هەوڵدان ئاخری لە ئێوارەیەکدا ڕێگەی دام بچمە ژوورەکەی

و چاوم پێی بکەوێ. دیارە یەکەم داواکاریم ئەوە بوو ڕێگەم بدا بچمە لای براکەم و، ئەگەر پێداویستییەکی هەبێ بۆی بەرم، بەڵام کە ئەوەم گوت هێندەی پێ سەیر بوو هەر مەپرسە، جا چۆن دەبێ ئەو داوایەی لێ بکرێ، چۆن کەسێک تازە لە ڕوسیا هاتبێتەوە بەو زوانە کەسێک دەبێ بتوانێ بیبینێ؟

کە دەستی کرد بە قسە کردن لە وەزعی براکەم و دوای ئەویش دەربارەی خۆم هەر سەرم سوڕما، تەواوی ئەو نووسراوانەی کە لە ساڵێک لەوە پێشەوە من بۆ براکەم ناردبوو، یان ئەو لە منی نووسیبوو هەموویانی بە تاریخی نووسینەکەوە لەبەر بوو و، بۆی دەگێڕامەوە، من هەر واق مابووم، ئاخر چۆن شتی وا دەبێ؟ ئەو بۆ دەبێ ئەو شتانە بزانێ؟ لە کوێوە پێی گەییوە؟

بێجگە لەوە لەسەر ئەو هەموو کار و گرفتاریەڕا چۆن دەپەرژێتە سەر ئەو شتانە؟ چۆن لە بیری دەمێنێ؟ خۆ ئەو جۆرە کەسە یەک و دوو نین هەزاران کەس دەگرێتەوە، چۆن دەکرێ ئاوها ئاگاداری حاڵی ئەو هەموو خەڵکە بێ؟ لە وەڵامی داواکەمدا کە گوتی: هەتا سێ مانگی تر نە تۆ و نە هیچ کەسی تر ناتوانێ چاوی پێی بکەوێ. تەزوویەکی سارد بە لەشم داهات، دەستێکم کەوتە ئەو لا، دەستێکم کەوتە ئەو لا، دەسەڵات نەبوو ناچار دەستم کرد بە پاڕانەوە: من بیست ساڵە ئەو برایەی خۆم نەدیوە، تۆ چۆن بەوە ڕازی دەبی ئەو لە تاران بێ و، من لە تاران بم و نەتوانم بیبینم کە لەو ڕێگە دوورەوە لەبەر ئەو هاتووم، بێجگە لەوەش دیتنی من کۆسپێک ناخاتە سەر ڕێی ئێش و کاری تۆ بەنیسبەت ئەو و هەر چۆنی کە ویستی خۆتە و، هەر قەرارێکی بۆی بدەی.

– هەمووی پێنج ڕۆژ نابێ لە ئێزگەی قەتار دیوتە و قسەتان کردوە.

– لەوێ هەروەک ڕێبوارێک دیومە و نەمتوانیوە بیدوێنم، لە حاڵی بپرسم.

– دڵنیا بە حاڵی زۆر باشە، هیچ نارەحەتیی نییە.

– ئەوە داوایەکی نارەوا نیە لە تۆی دەکەم، ئاخر برای منە.

ئەو شێر و ڕێویە نیزیکەی سەعاتێک درێژەی کێشا کە هەمووم لە بیر نیە و، لە دوای ئەو هەموو پاڕانەوە دڵی بەوەندە نەرم بوو کە دوای پازدە ڕۆژی تر ئیجازەم بدا (٥) دەقیقە بچم بۆ لای و، بڕێک پارە و شتی تری بۆ بەرم لە باغی مهران، (سەڕاه





ضرابخانە)و، هەروەها گوتی: ئەگەر چووی لە دەرکی زیندان بە تەواوی خۆت بناسێنە، ئاگاداریان دەکەم لە کاتی دیاری کراودا ڕێگەت پێ بدەن، لە پارە و شتی تریش خۆی دیاریی کرد چیی بۆ بەرم.

بەم جۆرە یەکەم دیتنی من و ئەو لە ژووری سەرۆکی زیندان کە سەر گوردێک بوو پێکهات و، ئەویش بە ڕووی خۆش وەریگرتین و، کە ئێمە دانیشتین ئەو لە ژوورەکە ڕۆیشتە دەر، بەڵام میکروفۆنێکی زۆر بچووکی لەوێ وەکار خستبوو کە قسەکانی ئێمەی بە هۆی تێلێکی باریک دەبردە دەرەوە بۆ ضبط کردن، براکەم زۆر زوو ئەو میکروفۆنەی دیت، ئیتر بە دەست یەکترمان حاڵی کرد و زانیمان دەبێ چۆن قسە بکەین.

مانەوەی لە زینداندا لە مانگ و دوو مانگ و سێ مانگ تێپەڕی و بوو بە ساڵێک، ئەو ماوە منیش لە تاران نەهاتمەوە، مانگێ دوو جار ڕێگەیان دەدام بچمە لای و هەرچی پێویستی بێ بۆی بەرم، لە دوای ئەوە کە زانیم زیندانی بوونەکەی درێژە دەکێشێ لە هەوڵ و تەقەلای ئەوە کەوتم ڕێگەیەک بدۆزمەوە بۆ بەربوونی کە لە چەنگ وزارەتی دەرەوە چوبووە دەر و، دەسەڵاتی ساواکیش وا نەبوو کەس بتوانێ دەست لە کاروباریان وەردا.

هەموو ڕۆژێ بەبێ ڕۆژبوێر دەچوومە ئەو دایرەی ساواک کە پەیوەندی هەبوو بە ئێش و کاری ئەو و وەبنج و بناوانی ئەوە دەکەوتم بزانم چی لێ دەکەن و، چ قەرارێکی بۆ دەدەن؟

بەر دەبێ یان نا؟ ئەگەر بەر دەبێ کەی؟ ئەگەر بەری نادەن تاوانەکەی چیە؟ کەی لە قۆناغی لێکۆڵینەوە و پرسیار تێدەپەڕێ بیدەن بە مەحکەمە؟ بەڵام هەر چەندی هەوڵم دەدا ئەو ئەفسەرە کارێکی وای نەدەکرد شتێکم لێ حاڵی بێ، هەر دەهات و نیگەرانتر دەبووم، هەتا ڕۆژێک پێی گوتم:

تۆ نابێ بۆ بەربوونی براکەت پەلە بکەی، زۆر تاوانی وەپاڵ دراوە کە لە هیچیان بەری نییە، سەرەڕای ئەوەش ئەو کاتەی بارزانی لە ڕوسیا بوو پەیوەندی لەگەڵی هەبوە، خۆشت وەک من بزانم لەو باشتر نی! تۆ خۆت بپەڕێنیەوە لەو باشترە، دوای ئەوە باسی بارزانیی کرد و گوتی: ئەگەر خاوەن شکۆ یانی (شا) زوو وەخۆ نەکەوتبا ئەو... کوردستانی ئێرانی قووت دابوو.

ئەو کاتە ٦ مادە بڕیاری لەسەر درابوو بۆ دابەش کردنی زەوی لە ناو وەرزێران مەبەستی

ئەوە بوو ئەگەر شا زوو ئەو قەرارەی نەدابا و، خەڵکی لەو ڕێگەوە بۆ لای خۆی نەکێشابا کوردستان لە دەس چوبوو، گوتم:

بیرووڕای ئێوە دەربارەی براکەم هەرچی بێ ئاخری هەر دەبێ دەریبڕن، ئێستە حاڵی حازریش مەسەلەی ئەو لە گۆڕێدایە و زیندانییە ئەگەر ڕۆژێک پێویستی کرد دیفاع لە خۆشم دەکەم بەڵام من جارێ لە زینداندا نیم، کە لە لای ئەو هەستام ئەو جار بە تەواوی ترسی ئەوەم ڕێ نیشت بەڵایەکی بەسەر بێنن، یان هیچ نەبێ زیندانێکی دوور و درێژی بۆ ببڕنەوە و، ڕزگاری نەبێ.

هەر چەندی سەرم دێنا و دەبرد لە شا بەولاوە کەسی تر نەیدەتوانی قسە لە کاری ساواک بکا کە دیارە من دەستم پێی ڕانەدەگەیشت، چ بکەم، چ نەکەم؟

هاتمە سەر ئەوە دەبێ کەسێکی وا پەیداکەم لەو دەزگایە نیزیک بێ و، ڕێزی لە لایان هەبێ بەڵکو بە هۆی ئەو بتوانم شکوای خۆم بگەیەنم، بۆ ئەوەش کەس لە (محمد اغای عباسی) باشتر نەبوو کە ئەو کاتە نوێنەری پارڵمان بوو و، لە کاتی کۆماری مەهاباد هەموو گوندەکانی خۆی و لەگەڵ وانیش (سەرا)ی بەجێ هێشتبوو «کە پێش ئێستە گوتمان دیوەخانەکەی کرابووە مەقەری گشتی و لەوێ چاوم بە بارزانی کەوت بۆ ئەوە کە ئەمر بکا ڕێگەم بدەن بچمە سەقز» و هاتبووە تاران و لە دەزگای شادا ناسراو بوو. خۆشی دێبۆکری و خزمی ئێمە بوو.

چوومە لای داوام لێکرد لەگەڵم بێتە دەربار و لەوێ داوای دیتنی شام بۆ بکا، ڕۆژی دوایی لەگەڵم هات و پێکەوە چووینە لای سەرەک دەفتەرەکەی کە یەکێک بوو بەناوی (هیراد) و، مەبەستی خۆمان لەگەڵ باس کرد، ئەویش هێندێ پرسیاری کرد لە شوێنی دانیشتن و ناوچەی ئێمە و، دوایی گوتی: بۆ دیتنی خاوەن شکۆ یان ڕێگەت نادا بچی بۆ لای، یان ئەگەر ڕێگەت بدا هیچ نەبێ سێ مانگی پێ دەچێ، من بە باشی دەزانم نامەیەک بنووسی و بیهێنی، بەڵێنت دەدەمێ خۆم نامەکەی پێ بدەم و، وەڵامەکەی لێ وەرگرمەوە و بیدەمە دەستت.

منیش ئەوەم زۆر پێ باش بوو، دیارە ئەویش ئەوەی بۆ هەموو کەس نەدەکرد، شەو نووسراوێکم بە ناوی باوکم لە لاپەڕەیەکدا نووسی و، بە کورتی هاتنەوەی لەو لا و گیرانی





بە هۆی ساواک چۆن بوە خستمە بەرچاوی و، داوام لێکرد دەستور بدا ئازادی کەن.

سبەینێ نامەکەم برد لە کۆشکی مەڕمەڕ دام بە سەرۆک دەفتەرەکەی، گوتی:

دوای حەوتەیەک وەرە جوابەکەی وەرگرەوە، بە دەستی خۆم دەیدەمێ.

دوای حەوتەیەک چوومەوە کە دانیشتم گوتی ژمارەی ئەو نامە بێنن کە دەربارەی (حیسامی) نووسیمان بۆ (وزارەتی جەنگ)، کە هێنایان گوتی ئەو ژمارە بەرە و بچۆ لای سپەبود نەقدی (ئەوکاتە وەزیری جەنگ بوو)، بڵێ ئەوە ژمارەی نامەی دەربارە بۆ ئێوەی ناردوە وەڵامەکەی چییە؟.

گوتم دەکرێ لوتف بکەی بفەرمووی بزانم چیتان نووسیوە؟ گوتی ئەمری کردوە (نسبت بەپروندە حسن حسامی ضمن کمک های لازم دقیقاً رسیدگی و نتیجەرا اطلاع دهید) ئەو کاتە ساواک سەر بە وزارەتی جەنگ بوو و خۆی وەزیری نەبوو کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی پێوە بکەن، دوایی ئەو ئیدارە سەربەخۆ کرا و بوو بە وزارەتخانە.

ڕۆژی دوایی ڕۆیشتم بۆ وزارەتی جەنگ و لەوێ داوای دیتنی سپە بود نەقدیم کرد، ڕەییسی قەرارگا کە سەرگوردێک بوو گوتی: ئەوڕۆ تیمسار لێرە نییە، سبەینێش هەینییە، دووسبەش ٢١ ئازەرە و تەعتیلە، دوای سێ ڕۆژی تر وەرەوە دەتنێرم بۆ لای چاوت پێی بکەوێ.

ئەگەر حەزیش دەکەی ڕژەی ٢١ ئازەر ببینی ئەو کارتە هەڵگرە ڕۆژی شەممە وەرە مەیدانی جەلالیە تەماشای ڕژە بکە لە شەقامی مهراباد.

ئازەر مانگی سەرماوەزە و بە بۆنەی داگیرکردنەوەی ئازەربایجان و کوردستان کە لە ڕۆژی ٢١ی ئەو مانگەدا بوو هەموو ساڵێ ئەرتەش ڕژەی دەدا. دوای دیتنی ڕژە و تێپەڕبوونی ئەو چەند ڕۆژە چوومەوە لای سەرگوردەکە و، ئەویش دوای ئەوە چەند جار تەلەیفونی کرد بۆ قاتی سەرەوە هەر گوتی دانیشە جارێ، ئاخر جار کە تەلەیفونی کرد گوتی: فەرموو با بڕۆین بۆ سەرێ، سپەبود نەقدی کە من چوومە ژوور دوای بەخێر هێنان هەستا گوتی: من بۆ ئیشی پێویست دەبێ بڕۆم بۆ دەربار، تیمسار کاری تۆ جێ بەجێ دەکا، بە دەست ئیشارەی بە ئەفسەرێکی تر کرد لەوێ کە دەرەجەی سەرتیپ بوو، گوتیان معاونیەتی و ناوەکەی نایەتەوە بیرم.

ئەو ئەفسەرە کە زانیی لە کوردەوارییەوە هاتووم لە وەزعی وێی پرسی و، شوێنی خۆم کوێیە و، کارم چییە، دوایی گوتی: فەرموو بزانم چ کارێکت هەیە؟ منیش ژمارەی نامەی دەربارم پێدا گوتم: من برام لە زینداندایە و، نامەی دەربار بۆ ئێوە هاتووە کە ئەوە ژمارەیەتی، دەمەوێ بزانم لێرە چ هەنگاوێکتان ناوە بۆ ئازاد کردنی؟

ناردی ڕەئیسی دەفتەر هات ئەویش گوتی: ئێمە وێنەی نامەی دەربارمان ناردوە بۆ ئیدارەی ساواک و خۆشمان نووسراوێکمان لەگەڵ خستوە کە بەم ئیشە ڕابگەن و لە ئەنجامەکەی ئاگادارمان بکەنەوە.

تیمسار پێی گوت: ژمارەی نامەی ئێمە بۆ ساواک بێنە بیدە بەو ئاغایە، بە منیشی گوت ئەو ژمارە بەرە لەگەڵ خۆت ئەگەر بتوانی ڕەییسی ساواک (سرلشکر حسن پاکروان) ببینی هەموو کارێک لە بەردەستی ئەو دایە.

منیش کە نەمدەویست دیسان ئیشەکە بچێتەوە ساواک و، لە گیروگرفتی ئەوێ ئاگادار بوم گوتم ئەگەر ئەو ئیشە بە خۆم جێبەجێ ببوایە، یان ساواک ویستبای بۆ منی جێبەجێ بکا هەتا ئێستە لە مێژ بوو تەواو ببوو، ئەو ئیشەیان بە ئێوە ئەسپاردوە پێی هەڵسن منیش هەر ئەو چاوەڕوانییەم لێتان هەیە، لەوەدا زۆر لەسەری ڕۆیشتم و، لە ئاخریدا گوتم ئەگەر ئێوە خۆتان لەو بارەوە هەنگاوێک نەنێن دیارە بۆ ئەوەیە ئیشەکە لە کۆڵ خۆتان کەنەوە، سەرتیپەکە گوتی: ئەو بڕیارە تەنیا بە سەرۆکی ساواک دەدرێ و کەسی تر، چونکە لە ڕۆژی گەڕانەوەی هەتا ئێستە هەر ئەوان لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردوە، ئەوانیش دەزانن لە چ قۆناغێکدایە، ئەوانیش دەزانن تاوانەکەی چییە و، چ هەڵدەگرێ، تۆ ئەو ڕێگە تاقی بکەوە ئەگەر پێویست بوو دیسان وەرەوە ئێرە بزانین چیمان پێ دەکرێ.

ناچار خوا حافیزیم کرد و هاتمە دەر، ڕەییسی قەرارگا کە ئەو ماوە لەوێ هەر لە پشت سەری سەرتیپەکە ڕاوەستابوو لەگەڵم هاتەوە خوارێ و، لەوێ گوتی: باش بوو تیمسار لێت توورە نەبوو، تۆ هەر بۆت هەبوو داوای وەڵامی نامەکەت بکەی نەک ڕێ و شوێن بۆ تیمسار دانێی...

لەو سەعاتە بەدواوە وەهەوڵ و تەقەلای ئەوە کەوتم ئیدارەی ساواک وەختم بۆ دیاری بکا چاوم بە سەرۆکەکەی بکەوێ کە سەرلەشکرێک بوو بەناوی (حسن پاکروان) و، یاریدەدەری ئەو کاتەی سەرتیپ مەنسور پور بوو، کە لە دوای سێ چوار ڕۆژ هاتوچۆ ئەو





ڕێگەی دام بچمە لای و، بەڵێنی پێدام یارمەتیم بدا بۆ ئەوە کە چاوم بە پاکڕەوان بکەوێ.

لەگەڵ ئەوە کە ئەویش هەوڵی دەدا هەر ڕۆژە بیانوویەکیان دەگرت، یان دەیانگوت ئەورۆ نەهاتوە، یان دەیانگوت میوانی هەیە، یان دەیانگوت چۆتە سەفەر، لە ئاخریدا دوای بیست و هەشت ڕۆژ هاتو چۆ و هەوڵدان ڕێگەیان دام پازدە دەقیقە لە سەعات هەشتی ئێوارەدا بچمە لای کە ئەویش تەرتیبیاتێکی تایبەتیی هەبوو، من یەکەم جار بوو شتی وام دەدی، شوێنەکەی خۆی لەو خانووە گەورەدا کە لەسەر شەقامی زاهدی بوو ئەوەندە بێ هەست و خوست بوو ئەگەر مێش فڕیبا پیاو هەستی پێ دەکرد.

کاتێک منی ویست لە ژووری چاوەڕوانییەوە یەکێک وەپێشم کەوت و لە دالانێک تێپەڕی ڕۆیشتە ژوورێکەوە دەرگای کردەوە گوتی فەرموو، لام وابوو لەو ژوورە دایە بەڵام چاوم گێڕا کەسی لێ نەبوو، دیسان دەرگایەکی تری کردەوە کە ئەو دوو دەرگایە هەردوکیان لەبەر ئەوە لە تەختە و دیکۆڕدا بوون و هەتا میچەکەی هەر دیواری دار و ئەویش بێ درز و کون بوو دەرگاکان نە کەم نە زۆر شوێنیان دیار نەبوو و بەبێ شارەزا (پێم وایە بە دزەکانی هەولێریش نەدەدۆزرانەوە).

پێش ئەوە بچمە ژوور خۆم وام دانابوو مبالاتم پێ ناکا، بە ئیفادەوە و، زۆر بە کورتی وەڵامێکم دەداتەوە و بەڕێم دەکا، چونکە پازدە دەقیقە ئەوەندە نییە کارێکی تێدا بکرێ.

کە دەرگای دووهەمی کردەوە دیسان گوتی فەرموو، ژوورێکی گەورە بوو، ڕوانیمە لای سەرەوە کە پێم وابوو دەبێ لەوێ دانیشتبێ، بەڵام کەس لەوێ دیار نەبوو، لە لای چەپی دەرگاکەوە کە من چاوم لێی نەبوو یەکێک ڕاوەستا بوو، سڵاوی کرد و گوتی ئاغای حیسامی؟ گوتم بەڵێ و، دەستی دامێ و گوتی فەرموو، نە ئەگەر چووین لەسەر مێزەکە دانیشین وەپێشم کەوت، نە ئەگەر لەوێ دانیشتین وە لای سەرو کەوت کە مێزێکی شوشە لەوێ چوار سەندەڵیی لەو لاو لەو لای داندرابوو.

دوای ئەوە کە جگەرەی بە من دا و خۆشی هەڵیگرت، گوتی: فەرموو بزانم ئیشی تۆ چییە؟

لە پێشدا بۆ ئەوە کە ئیجازەی پێداوم بچمە لای سوپاسم کرد و، دوای ئەوە گوتم: تیمسار، لە وڵاتانی تر ئەگەر کەسێک پیاوی چاک نەبێ و، زیانی هەبی بۆ کۆمەڵ لە

وڵات دەری دەکەن و، دووری دەخەنەوە و، بە جۆرێک لە کۆڵ خۆیانی دەکەنەوە، ئێوە ئەگەر ئەو برایەی من پیاوێکی باش نەبوو بۆچی هێناتانەوە لە ڕوسیا، ئەگەر پیاوێکی باشە بۆچی ئەوە هەشت یا نۆ مانگە گرتوتانە و بەری نادەن بێ ئەوە کە تاوانێکی هەبێ؟

بە منداڵی لێرە ڕۆیوە و تێکەڵاوی هیچی نەکردوە و، لەوێش هەتا ئێستە دەرسی خوێندوە و، ئێستەش بۆ ئەوە وەک دوکتورێک خزمەتی هاووڵاتیانی خۆی بکا ژن و منداڵی خۆی لەوێ بەجێ هێشتوە بێ سەرپەرشت و خۆشی لێرە لە جیاتی تەقدیر زیندانی کراوە و، هیچ ڕوون نییە چیشی بەسەر دێ، من پێم وابوو جەنابت بەوە ڕازی نابی لەبەر ئەوە وەختی تۆم گرت، تکات لێ دەکەم ئەمر بکە ئازادی بکەن و، منیش لەو ناڕەحەتیە ڕوحییە ڕزگار کە کە بوومە هۆی هێنانەوەی بۆ ئێران.

هەشت ماه، نە ماه، هەشت ماه، نە ماه، دوو سێ جار ئەوەی دووپات کردەوە، دوایی زۆر بە وردی لە چلۆنایەتیی ڕۆیشتن و، دەرس خوێندن و، ئەو شوێنانەی دەرسی لێ خوێندوە پرسیاری کرد کە وەڵامم داوە، دیسان گوتی: هەشت ماه، نە ماه معنی ندارد، ئێمە ئەو کەسانەی لەو لا دێنەوە مانگێک دوو مانگ ڕایاندەگرین، هێندێ شت هەیە لێیان دەپرسین، دوای ئەوە لێیان دەگەڕێین بچن وە دوای ژیانی خۆیان بکەون، زەنگی لێدا گوتی: سەرهەنگ کەسرای بانگ کەن، (ڕەئیس دەفتەری بوو).

کە هاتە ژوور پێی گوت: بلێ بە بیست و چوار سەعاتی تر پەروەندەی ئەو ئاغایە بێنن بۆ لای من دەستووری لەسەر بدەم، ژمارە تەلەیفونی خۆت و منیشی بدەیە بۆ ئەوە کە بتوانێ دەربارەی کارەکەی پەیوەند بە تۆوە بکا و، هەر کاتێکیش حەز بکا وەختی بدەیە بێتە لای من.

بە منیشی گوت: تۆ لەگەڵ جەنابی سەرهەنگ پێ و شوێنی ئیشەکە بگرە و، پەیوەندیتان هەبێ نەوەک من لە بیرم بچێ.

لەگەڵ سوپاسی زۆر ماڵئاواییم لێ کرد و هاتمە دەر کە ئەو حەیس و بەیسە ٣٥ دەقیقەی درێژە کێشا، ئیتر لەوێوە چوومە ژووری سەرهەنگ هێندێ دەربارەی پەروەندە کە ڕوونی کەمەوە ئەویش وای دانابوو تیمسار لە قسەی من دەرناچێ و لەبەر ئەوە هەرچی دەمگوت هەر دەیگوت بەسەر چاو.





سێ ڕۆژ دوای ئەوە تەلەیفونم بۆ سەرهەنگ کرد، گوتی: داوای پەروەندەکەم کردوە هێشتە نەیانهێناوە، حەوتەیەک پێ چوو هەر وای گوت، بیست ڕۆژ، مانگێک کە دەمگوت بۆچی نەیانناردوە دەیگوت جارێ تەکمیل نەبووە.

زانیم ئەوە زۆر شت دەگرێتەوە و بیانوە، دەنا قسەی پاکڕەوان کە لە لای خۆم دەستوری دابوو هێندە ئەوڕۆ و سبەی پێ ناکرێ، یان قەرارێکی وای بۆ دەدەن کە چاوەڕوان ناکرێ، یان شتێکی تری پێوە دەبەستن.

بۆ ئەوەش کە ئەوانی تر بە شکایەتی دانەنێن و لێم بە ڕقدا نەچن داوای دیتنی سەرۆکی ساواکم نەدەکردەوە، لە تەواوی ئەو ماوەدا کە خۆم لە لای ئەم و ئەو دەهاویشت لە دایرەکەی تایبەتی خۆشی هەر غافل نەبووم کە لە هەوەڵەوە بردبوویانە ئەوێ و، لە پێشدا باسم کرد و سەری ئەوێشم هەر دەدا کە بزانم ئیشەکە بە کوێ دەگا.

لە ژووری چاوەڕوانیی ئەو دایرەدا هەتا ڕەئیسەکەی دەهات خەڵکی تریش هەبوون وەک من مراجعەتیان دەکرد بۆ کاری خۆیان و لەوێ دادەنیشتن، بەڵام یەکێک لە تایبەتیەکانی دایرەکانی ساواک ئەوە بوو خەڵک لەوێ نەیاندەتوانی پێکەوە قسە بکەن، ڕۆژێک من و چەند کەسی تر کە لەو ژوورە چاوەڕوان بووین هاتن پێیان گوتین: ئەوڕۆ ڕەئیس نایە لە خۆڕا دامەنیشن.

ئێمەش هەموو هەستاین وەدەرکەوتین، لەسەر شەقام یەکێک لەوانە لە منی پرسی: من لە مێژە تۆ دەبینم هاتوچۆی ئەو ئیدارە دەکەی و زۆر مات و ناڕەحەتی، پێم ناڵێی هۆی چییە؟

گوتم برایەکم لە ڕوسیاوە هاتۆتەوە ئەوە نیزیکەی ساڵێکە گرتویانە ئازادی ناکەن هیچ کوێ نەماوە سەری پێدا نەکەم هیچ فایدەی نەبووە، نازانم چبکەم؟.

گوتی دیارە تۆش بە دەردی من گرفتار بووی، منیش کە لە ڕوسیا هاتمەوە ئەو دەردەیان دامێ، بەینێکە ئازاد کراوم بەڵام هێشتە کاروبارم تەواو نەبوە لە مەڕ جەوازی کار و ئەو شتانەوە و، ئەوە هەر هاتو چۆم پێ دەکەن، نیزیکەی ساڵێک گرتیانم دوایی بەریان دام، ئیتر دەستی کرد بە دەردی دڵ و قسە هەڵڕشتن، کە زانیم ئەویش هاودەردی منە و ئەو دەورەی دیوە هەر چەند هەوڵی دا نەمهێشت بۆ نیوەڕۆ بڕوا و بردمە ڕستورانی (هتل

نادری) هەر مەبەستیشم ئەوە بوو هەر شارەزاییەکی هەیەتی لەو بارەوە لێی وەرگرم کە ئەویش لەوێوە هاتۆتەوە، لەسەر نان خواردن تەواوی بەسەرهاتی خۆی گێڕاوە و، لە دواییدا گوتی: بە وتەی ڕوتینی و تەشریفاتی دڵنیا مەبە، مەسرەفی لێ بکە، ئەو برایەی تۆ دوکتورە لەوێ بێتە دەر پارە پەیدا کردن بۆ ئەو هاسانە، گوێت لە شتی وا نەبێ، خۆت بۆ سەرگەردان دەکەی؟

من ئەوەم زۆر پێ سەیر بوو، گوتم:

– تۆ چۆن ئەوە دەڵێی؟ دڵنیای شتی وا دەکرێ؟

– بۆ ناکرێ، ئەگەر لێبڕانت هەبێ زۆر چاک دەکرێ.

– ئاخر چۆن دەبێ، من نە کەس دەناسم، نە وەسیلەم هەیە، نە دەکرێ خۆم ڕێ و ڕاست ڕووی لێ بنێم و پێی بڵێم. خۆت نازانی چ میر غەزەبێکە؟

– وایە بەڵام دەبێ دڵ و جەسارەتت هەبێ. هەتا تۆ بەو جۆرە و لە ڕێگەی ڕەسمیاتەوە و لە ئیدارە بچی بۆ لای ئەویش وەڵامێکی ڕەسمیت دەداتەوە و بەڕێت دەکا، بچۆ خۆی لە ماڵێ باوێ مەهێڵە کەس بزانێ خۆ ناتکوژێ، کێ لە خۆت باشترە؟

– ئادریسی ماڵەکەت هەیە؟

– من نیمە بەڵام برایەکم هەیە ڕەنگە ئەو هەیبێ، ئەگەر ویستت بچی کاغەزی بۆ دەنووسم پێت بدا، یان ئەگەر نەیبێ هەوڵت بۆ بدا پەیدای کا.

– هەر ئێستە بۆی بنووسە دەچم دەیدەمێ.

ئێواری ڕۆیشتم کابرام دۆزیەوە کە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک بوو لە مەیدانی ئەرکی تاران، نیزیک بازاڕی گەورە و ناوی (سیروس میر فخرایی) بوو، نامەکەم پێدا ئەویش بەدوودڵی لێی وەرگرتم و، پاش تاوێک مینگە مینگ عنوانەکەی لە پارچە کاغەزێک نووسی و گوتی: لە ڕێگەی خوادا کەس نەزانێ من ئەو ئادریسەم بە تۆ داوە، حەز ناکەم قسەی براکەم بشکێنم، لە مێژ نییە گەڕاوەتەوە لامان بەڵام ئەگەر ئەو ئەفسەرە بزانێ من پێم داوی تووشی کێشە دەبم، من ماڵ و منداڵم هەیە، ئەو بەڵێنەم پێ دەدەی؟ گوتم سەد جار ئەو بەڵێنەت پێ دەدەم، شەرتە کەوڵم کەن لە زارم دەرنەچێ لەوە خاترجەم بە، من





دەمویست داوات لێ بکەم ئەگەر ناسیاویت لەگەڵی هەیە خۆت لەگەڵم بێی، سەرێکی ڕاوەشاند و خواحافیزیی کرد و گوتی: ئەوەی گوتم لە بیرت نەچێ.

ئەو کەسەی نامەی پێدام بۆ سیروس ناوی (دوکتور میر فخرایی) بوو ئەویش خوێندنی لە ڕوسیا تەواو کردبوو کە ئەو ڕۆژە وا بە هەڵکەوت لە ئیدارەی ساواک تووشی یەک هاتین و ناسیاویمان پەیدا کرد و، چەند ساڵێک دوای ئەو بەسەرهاتە و دوای بەربوونی براکەم کە شۆڕشی کوردستانی عیراق تێکچوو گەڕامەوە ئێران، جارێکی تریش بە هەڵکەوت ئەو دوکتورەم لە کەرەج دیت و، دیسان ئەو باسە خرایەوە گۆڕێ.

سێ ڕۆژی تەواو بەو ناوونیشانەوە کە سیروس پێی دابووم دەچووم شوێنەکەم هەڵدەنا کە لە تاران لە مەیدانی فەوزیە لە کۆڵانێکی بن بەست دابوو، دیارە من زۆر لە ماڵەکە نیزیک نەدەکەوتم بەڵام زانیم کەوتۆتە کوێ و، دەبێ لە کوێوە بۆی بچم.

شەوی چوارەم دیسان خۆم حازر کرد و پێش سەعات دوازدەی نیوە شەو بە تاکسی بۆ ماڵەکە وەڕێ کەوتم. هێشتە مابووی سەعات ببێتە دوازدە و نیوی شەو لە نیزیک ئەوێ دابەزیم، بڕێکی تر خۆم خافڵاند بۆ ئەوە کە درەنگتر بێ و هاتوچۆ کەمتر و کەس نەمبینێ.

ڕاست لە سەعات دوازدە و نیودا چوومە ناو کۆڵانەکە و، بێ هەست ڕۆیشتم هەتا دەرگای خانووەکە، چەرخەکەم هەڵکرد بزانم ناوی لە کارتی بەر دەرگا نووسراوە یان نا، بەڵام هیچی لێ نەنوسرابوو، خانووەکانی دەستی چەپی کۆڵانەکە پەنجەرەیان بە ڕوکاری حەوشەی ئەو دابوو، من کە دەمڕوانییە کارتی دەرگاکە لە پشتەوە گوێم لە دەنگی ژنێک بوو لە پەنجەرەکانەوە سرتەی لە گەڵ یەکێکی تر کرد، کە ئاوڕم داوە دیار بوو سەیری منیان دەکرد، لە ڕادە بەدەر پێم ناخۆش بوو کە منیان دیوە وەک دزیم لێ ئاشکرا بووبێ وا بوو بەڵام چارە نەبوو تازە دیتبوویانم دەرچوبوو، ناچار لێم پرسین:

ماڵی سەرهەنگ مهراموز ئێرەیە؟ بە هێدی و بە ئیشارەی دەست گوتیان: خۆیەتی، ئیتر کشانەوە دواوە.

منیش دەستم بە زەنگی دەرگاوە نا و خۆم دایە پەنای دیوارەکە کە دارتێلێکیشی لێ نیزیک بوو، مەبەستیشم ئەوە بوو ئەگەر تەقەم لێ بکا خۆم باوێمە پەنای دارتێلەکە، دوو دەقیقە پێ نەچوو خۆی هات دەرگای کردەوە گوتی: کێیە؟

من کە پاڵم بە دیوارەکەوە دابوو هاتمە پێش سڵاوم کرد گوتم منم.

کە منی دی ئیتر فێ گرتی و دەرهەڵ بوو.

– تۆ بەو نیوە شەوە لەبەر دەرگای من چدەکەی؟

– کارم بە جەنابتە هاتوم عەرزت بکەم.

– تۆ ڕۆژ نییە لە ئیدارە من نەبینی، چ کارت بێرەیە؟ ئەوەی ماڵی منی بە تۆ نیشان داوە پیست لەسەری دەکەمەوە، تۆ چۆن ئیجازەی خۆت داوە بەو نیوە شەوە بێیە دەرکی من؟

– تۆ خۆت لە مەسەلەی من ئاگاداری لەبەر ناچاری هاتووم.

– چارەی هیچ کارێک لێرە ناکرێ، ئێرە جێی ژن و منداڵە، بڕۆ لێرە مەوێستە، هەر کارێکت هەیە بە شوێنەکەم دەزانی وەرە لەوێ قسەی خۆت بکە، من ئەو ماوەیە لە خەڵکی زیادتر ڕێزم لەتۆ گرتوە هەتا داوای دیتنی منت کردبی جوابم نەکردووی.

– ئەوە ڕاستە، بەڵام خۆ من زۆرم نییە هێندێ قسەم هەیە ئیجازەم بدە بێمە ژوور عەرزت بکەم ئەگەر بیستت باشە و ئەگەر نەشت بیست هەر باشە، ئەو جۆرە قسانە بۆ ئەوە نابێ لە کۆڵان بگوترێ، دەر و جیران گوێی بدەنێ، وای دانێ من میوانێکم، کێ دەرگای لە میوان داخستوە؟

تاوێک ڕاما، دوایی زۆر بە نابەدڵی گوتی: الحکم لله، فەرموو، خانوەکەی دوو قات و میوانخانەکەی لە نهۆمی سەرەوە چۆل بوو، منی لەوێ دانا و، خۆی دیسان ڕۆیشتەوە خوارێ و، پاش تاوێک هاتەوە لەگەڵم دانیشت، هێشتە سەعات نەببوو بە یەکی پاش نیوە شەو کە من چوومە ژوور و، هەتا سەعات چوار و نیوی بەیانی لەگەڵ ئەو کابرایە سەر و کەللەم لێکدا و کێشەم کرد و، من دەمگوت و ئەو نەیدەبیست، خوا دەستی گرتم بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو حەزبایە پەکم نەدەکەوت و، لە جێی خۆیدا قسەم بۆ دەهات.

چونکە بێجگە لەو هەموو دەسەڵاتەی هەیبوو زۆرزانی و وریاییەکەی وا نەبوو بێچارەیەکی وەک من لەگەڵی ڕاست کاتەوە و کورد گوتەنی بیبەستێتەوە.

لەسەر ئەوەشڕا لە ماوەی ئەو سێ سەعات و نیوەدا چەند جار کەوتە مەرجیکێ واوە کە





بلێ: «عجب گیری افتادم» چۆن پێوە بووم، هەر پیلە و کێشەی ئەو شەوە ئەگەر بە تەواوی بنووسرێ داستانێکی تەواوە بەڵام نە من هەمووم لە بیر ماوە، نە پێویست بەوەش دەکا. کەچی نە هیچ بەڵێنی دەدا نە دیاریەکەی! لێ وەردەگرتم. لاساری، وەزیفە، ئەرک، کەللەڕەقی، نازانم خۆی چ ناوێکی لێ نابوو، بەڵام هەرچی دەمکرد و دەمکراند پێی لەوە نەدەنا خاترم بگرێ و ملی نەدەدا ئەو دیاریەش کە لە ناو زەرفێک دابوو و گوتم باوکم بۆی ناردووی و نازانم چیی تێدایە و ئەمانەتێکە لە لای من چەند جار پێم دەدا و دەیداوە دواوە و زۆر بەشێوەیەکی سەیر و سەرسوڕمانەوە تەماشای دەکردم و، دەیگوت: بە ڕاستی تۆ مرۆڤێکی عەجابیی ئاخر تۆ چۆن ئەوە بە من دەڵێی، چۆن ئەو داوایە لە من دەکەی؟ تۆ بەو نیوە شەوە لە ماڵی خۆم منت بۆچی تووشی ئەو بەزمە کردوە؟ گوتم تۆ خۆت بینە جێی من، ساڵێک لە تاران دانیشە، هەموو کار و ژیانی خۆت لەو لا دانێ، برات لە زیندان دابێ، باوکێکی پیرت هەبێ هەموو ڕۆژێ بلێ من کوڕەکەم دەوێتەوە، هیچ ئیدارەیەکیش نەمابێ سەری پێدانەکەی ئەوجار دەزانی ئەو بەزمەم بۆچی بە تۆ گرتوە، هەتا بەڵێنێ ئازاد کردنیشی نەدەی لەو ماڵە ناچمە دەر، جا خۆت چی بە باش دەزانی وا بکە ئەگەر بزانم هەر لەسەر قسەی خۆشت سووری دەچمە لای خانم چونکە دەڵێن دایک زۆر بەڕوحمە، بێگومان ئەو ڕێگەی ئەوە نادا ئەو زوڵمە لە من بکرێ.

کە ئەوەم گوت دەستی کرد بە سوێند خواردن کە ئەو هەر نازانێ من چ کارەم و، هەر بە شوێنی کاریشم نازانێ.

«بەینێک دوای ئەوە کە لە میوانخانەکەی دانیشتین کیژەکەی دەهات شەربەت و چای دەهێنا، هەتا ئەو لەوێ با بێدەنگ دەبوو، دوای ئەو دەستی دەکردەوە بە قسە» گوتم ڕاستە ڕەنگە نەزانێ بەڵام من هەموو شتی بۆ ڕوون دەکەمەوە لە کار و شوێنی تۆ با نەهێڵێ من لەوە زیادتر ماڵوێران بم، هەستم پێکرد بەوە قسەی گۆڕا و نەرمتر بوو بە دوای ئەوەدا دیسان گوتم، من ئەوە سێ سەعات و نیوە دەستەوداوێنی تۆ دەبم هەر گوێت لێ نییە، ئەوەی بزانە هەرچی تریش لەوەدا پێویست بێ دەیکەم، من ئیشم لە گیردایە چارەم نییە، هەر کەسی تریش بێ هەر وا دەکا.

ئەو جار بە نەرمی وەک ئامۆژگاری هێندێکی تر لەسەری ڕۆیشت: تۆ ئەگەر وەزعی خۆت لێک دەدەیەوە ئیشی حەساس و ناسکی منیش لەبەر چاو بگرە، من لە بارەی

کوردەوە زۆر شتم بیستبوو بەڵام ئەوشۆ بە چاوی خۆم دیتم، دەسەڵاتی منیش سنووریکی هەیە، گوتم ئەوانە هەمووی بەجێی خۆی ئیش و کاری تۆ پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە و من سەرم لێی دەرناچێ، ئەوەی من لە تۆم دەوێ تەنیا ئەوەیە براکەم ئازادکەی، دەبێ ئەو بەڵێنەم پێ بدەی و ئیجازەم بدەی بڕۆم چونکە ئەوە وڵات ڕووناک دەبێ، با کەس نەمبینێ کە لێرە دەچمە دەر، لەو کاتەدا هەستامە پێ و دەستم لە دەستی نا و زەرفەکەم لەسەر مێزەکە دانا ئیتر نەیداوە دواوە.

کە هات بەڕێم کا گوتی: بە شەرەفم ئەوەی نەمدەویست بیکەم پێت کردم، بەڵام مادام تۆ ئەو کوڕەی بە دڵنیایی بڕۆ، خاترجەم بە، پاش حەوتەیەکی تر وەرە لە شوێنی جاران چاوم پێت بکەوێ بزانم چیم پێ دەکرێ، لەوڕۆش بەولاوە ماڵی من ماڵی خۆتە هەر سەعاتێک حەز دەکەی وەرە قەیدی نییە، سەعات تەواو چوار و نیوی بەیانی بوو کە لەوێ هاتمە دەر بەڵام بە دڵێکی خۆش و هەر لەوێوە چوومە ماڵی خزمێکم و لەوێ بەرچای سبەینێم کرد.

دوای حەوتەیەک لە کاتی خۆیدا چوومەوە لای، دوای هەموو کەس منی ویست گوتی: کارەکان خەریکن جێبەجێ دەبن پەلەی مەکە، ڕۆژی سێ شەممە ئێوارێ وەرە ماڵێ، ئەوجار ئیتر بێ ترس و لەرز و بە ڕاشکاوی وەژوور کەوتم و بەڕووی خۆش وەریان گرتم، لە کاتی ڕۆیشتنمدا هێندێ ڕێنوێنی کردم و گوتی:

بۆ ئەوە کە پەروەندەکە لە کومیسیۆنێک تێپەڕێ ئەو کارانە ئەنجام بدە کە ئەوانیش تەرتیب دانی هەدیە بوون و لە ماوەی دوو سێ ڕۆژێکدا دەستورەکەم بەجێ گەیاند و دوای ئەوەش هەموو ڕۆژێ دەچووم بۆ ئیدارەکەی بزانم کار بە کوێ گەییوە.

ڕۆژێک کە چووم خۆی لەوێ نەبو جێگرەکەی کە ناوی (فداکار) بوو گوتی: هەموو ڕۆژێ زوو دەهاتی ئەوڕۆ نەبێ کە ئاغا کاری پێت بوو و خۆی ڕۆیشتە سەرێ و گوتی ئەگەر هات پێی بڵێ بێتە باغی مهران، ئەو شوێنەی کە براکەم لێی زیندانی کرابو.

زانیم شتێک هەیە، وەڕێ کەوتم کەچووم لە دەرگای زیندان سەربازەکانی تێگەیاندبوو پێشیان پێ نەگرتم و چوومە ژووری حەوشە، کە دار و درەختێکی زۆری تێدا بوو لەوێ پیاسەم دەکرد کە سەری لە ژوورێک هێنایە دەر منی دیت گوتی: لەوێ بە، ئێستە دێم





براکەت تەسلیم دەکەم.

(لەو ژوورە کە ئەو سەری هێنایە دەر دەنگی لێدان و هاوار هاوار دەهات کە بەقسەکردنی ڕا دیار بوو کورد بوو بەڵام نەمزانی کێیە).

ئەو سەعاتەی کە براکەمیان بە ئەشیاکانییەوە هێنایە دەر بۆ ژووری ڕەییسی زیندان و، گوتیان ئیتر دەتوانن بڕۆن، تەواو ساڵێک پێنج ڕۆژ کەم بوو کە گرتبوویان، لەگەڵ ماڵاوایی ئەو پارەشیان هێناوە کە کاتی گەڕانەوەی بۆم بردە زیندان و لە لای خۆیان دانابو و نەیانهێشت خۆی لێم وەرگرێ و هەمووی سەرف نەببوو.

لە دوای ڕزگار بوونیشی مانگێکی تر بۆ نواندنی شەهادە و بەڵگەی خوێندنی لە وزارەتی فەرهەنگ و وەرگرتنی ئیجازە بۆ هاتنەوەی وڵات لەوێ مامەوە دوایی گەڕامەوە، ئەویش دوای سەردانی ماڵێ و خزم و دۆست. لە تاران دەستی بەکار کرد، بەڵام هەمیشە لە ژێر چاوەدێریی ساواکدا بوو، بە چەشنێکی وا کە هەرکەس چووبایە لای ون نەبوو و، هەتا ڕادەیەکی وا مەترسیی لە خۆی دەکرد دیسان بیگرنەوە.

پاییز و زستانی ٤٢ی هەتاوی لە وڵاتیشدا مەجالێکی وا درابوو بە خەڵک دەتوانم بڵێم هەموو کەس بێ ترس و واهیمە دەیتوانی بیروڕای نەتەوایەتیی خۆی دەربڕێ و، کەسیش کاری پێی نەبوو، لەبەر ئەوە لە زۆر جێ و زۆر کەس کەینە و بەینەیان دەس پێکرد، ئەویش سیاسەتی تایبەتی ساواک بوو ماوەیەک دەرفەتی دەدا بە هەموو کەس خۆی دەربخا و دوای ئەوە کە کەشف دەبوون دەستی دەکرد بە گرتنیان.

بەهاری ساڵی ٤٣ی هەتاوی بوو ڕۆژێک لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد ڕاوەستابووم خوا لێخۆشبوو (حسین ئاغا عەلی یار) لەو لاوە هات گوتی: ئەوە بۆ لێرە ڕاوەستاوی؟

گوتم والله بۆ هیچ هەر وا بە ئیشتیا، گوتی بۆ تۆ نازانی دەستیان کردوە بە گرتنی خەڵک و ئەوشۆ لەو شارە ئەو هەموو خەڵکەیان گرتوە (ناوی چەند کەسی برد) تۆ لێرە چ دەکەی بڕۆ فەوری لە شار بچۆ دەر.

هەر ئەو ڕۆژە پێش نیوەڕۆ وەڕێ کەوتم بۆ میاندواو، لەوێشەوە بۆ ماڵ، کە ئەو شتانەم بۆ حاجی حەمەد ئاغا گێڕاوە نەیهێشت شەو لە ماڵی خۆمان بخەوم جێگەشی بۆ سبەینێ لە شاخێک بۆ دیاری کردم کە ئەشکەوتی هەبوو، ئیتر ئەوجار هەر بە چەند ڕۆژ جارێک

جێگەکەمی دەگۆڕی و، کوێی بەباش زانیبا لە چیا و شوێنی نادیار و نەناسراو پیاوی دەنارد دەیگوت بگوێزنەوە بچنە ئەوێ.

ماوەیەک بەو چەشنە ڕابرد، شەوێک لە دوی ناردم گوتی بەینێکە کەس تۆی لێرە نەدیوە نەوەک بیکەنە دەنگۆ بلێین هەڵاتوە ئەو شەو لێرە بمێنە و، سبەینێش کارێکی وا بکە خەڵکی ئاوایی چاویان پێت بکەوێ هەتا ئێوارێ، جا دوایی بچۆوە شاخی.

سبەینێ دوای چا خواردنەوە پیاوەکان هەرکەس بە لایەکدا ڕۆیشت و، منیش لەبەر هەیوانی دیوەخانەکە پیاسەم دەکرد بۆ ئەوە خەڵک ببینن، دوو سوار هاتنە بەر دەرکێ چوومە خوار بزانم کێن، هەردووکیان دەمانچەیان بەستبوو و، جلکی سیوێلیان لەبەردا بوو گوتم فەرموون دابەزن یەکیان لێی پرسیم. خالید ئاغا لە ماڵە؟ گوتم نازانم، دەچم بزانم لە ماڵە، گوتیان ئەتۆ کێی؟ گوتم من چاپەزم، ئەسپەکانم لێ وەرگرتن فەڕاشەکە لەو لاوە دەهاتەوە پێم گوت ئەو وڵاخانە بەرە بیانبەستەوە، ئەگەر ئەو ساواکیانە پرسیان لە کوێیە بڵێ تراکتۆری بردۆتە مەهاباد بۆ چاک کردن باوکیشم لە ناو باخ ئاگادار بکە، منیش جارێ لە گوند دەچمە دەر، سوارەکانیش هەتا دوای نیوەڕۆ گوتبوویان چاوەڕێی دەبین بەڵکو بێتەوە دوایی ڕۆیشتبوون، گوتبوویان قەیدی نییە دوایی دێینەوە بۆ لای!.

وەنەبێ من کارێکی گرینگم کردبێ، یان بەڵگەیەکم بە دەستەوە دابێ، یان شتێکم لەسەر سوور بووبێتەوە، بەڵام کێ هەبو ئەوە لە من بسەلمێنێ؟ لە دوای شۆڕشی ئیلول کێ هەبوو لەبەر خۆیەوە قسەیەکی نەکردبێ و هەستێکی دەرنەبڕیبێ؟ جا خۆ ئەگەر لەوەدا ڕابوردویەکیشی هەبوایە.

لەو ڕەشبگیرەدا کە لە کوردەواری دەستیان پێکرد زۆر کەسی بێ تاوانیان گرت و، زۆر کەسی وا کە ئاگای لە هیچ نەبوو هەڵات و خۆی لە گرتن ڕزگار کرد. ڕۆژ نەبوو خەبەر نەیە فلانە کەس لە سنوور ئاوا بوو.

باوکم لەو ماوەدا سەفەرێکی بۆ بۆکان کرد و لەوێ بە هەموویان تەرتیبی ڕۆیشتنی من و براکەمیان بۆ عیراق دابوو و چلۆنایەتی ڕۆیشتنەکەشیان دیاری کردبوو، تەنانەت بە چەند قۆناغ و لە کوێوە بۆ کوێ و، بە چ شوێنێکدا، ئاگاداری براکەمیان کردبوو کە لە تاران بوو لە چ کات و لە چ شوێنێک من و ئەو یەکتر بگرینەوە، کە هاتەوە ماڵێ منی





لەوە ئاگادار کرد، بەپێی قەراری باوکم و خزمەکان من لە شوێنی دیاری کراو بووم کە ئەویش لە تارانەوە بەینێک بە فڕۆکە بۆ تەورێز و، هەتا میاندواو بە ترومبیل کە شوێنە دیاری کراوەکەش (گوندی سەوزی) لە نیزیک ئەوێ بوو هاتە ئەوێ.

سەعات ١١ ئەو شەوە بە سواری وڵاخ لە گوندی سەوزی وەڕێ کەوتین، پێنج شەو و ڕۆژ لە ڕێگەدا بوین چونکە هەر بە شەو بە ڕێگەدا دەڕۆیشتین و کە دەبوو بە ڕۆژ لە شوێنە دیاریکراوەکان دەماینەوە هەتا دیسان شەو بەسەردا دەهات، چەکی ئێمەش تەنیا دەمانچەیەک بوو کە لە ئێرانیش هەمیشە لە گیرفانی چاکەتەکەمدا هەڵم دەگرت و، دە فیشەکی لەگەڵ بوو. لە ماڵی (ڕەشید خانی بۆبکتانەوە) (ڕەشید خانی ڕوستەمی) وەڕێ کەوتین لەوێ بێجگە لەوە کە وڵاخی پێداین بۆ سواربوون و پیاوی لەگەڵ خستین خۆشی پیاوەتیی کرد و هەتا نیوەی ڕێگا بۆ بەڕێ کردن لەگەڵمان هات یاخوا ماڵی ئاوا بێ.

قۆناغی دواییمان لە ئێران گوندێک بوو بە ناوی (سیوچی) لەوێش دوای ئەوە ئاغای گوندەکە بە ناوی (عبدالله خان شهیدی) ڕێگەی ماڵی خۆی پێ نەداین هەتا ئێوارێ هەر لە مەزرایەک بووین و، نوێژی شێوان هاتینە ناو گوندەکە دوو هێسترمان بەکرێ گرت بۆ دیوی عیراق، ڕێگەی ئەو شەوە هەتا سبەینێ کە لە دوو گوندی (بڵەسەن) و (ئەنجێنە) تێدەپەڕی و، نوختەی حکومەتی ئێرانی لێ بوو، ڕێگەی هەرە ناخۆشی ئەو سەفەرە بوو، شەوێکی زۆر تاریک و هەوراز و لێژی زۆر ڕژد، ماندوویی و ناشارەزاییش لەوێ ڕاوەستێ بە تایبەتی پەڕینەوە لە ئاوی ڕووبارەکە کە لە ئاخری مانگی بانەمەڕدا بوو، جەنگەی ئاو زۆریی ڕووبار بوو.

خاوەنی هێسترەکان (ئەحمەدی پورەفات) هەر کە لە سیوچی وەڕێ کەوتین گوتی دەبێ بۆ سەر ڕووبارەکە شارەزایەک لەگەڵ خۆتان بەرن بۆ ئەوە دەراوتان نیشاندا دەنا ئاو دەتانبا، جا کێ هەیە لەگەڵمان بێ و شارەزا بێ؟ گوتی مام ئەحمەدێک لە مێژ ساڵە لە نیزیک ئەوێ لە چارداغێکدایە و شارەزایە، ئەو بەکرێ دەگرین کە لەوێ نیزیک بووینەوە پارشێو بوو، چوو مام ئەحمەدی لەگەڵ خۆی هێنا، بەڵام کە چووینە سەر ڕووبارەکە وڵات هەر تاریک بوو، ئەویش هێشتە خەو بەری نەدابوو هەر جێیە ئەو گوتی دەراوە ئاو وەسەر کورتانی هێستر دەکەوت و، وڵاخەکە لەسەر پاشوو دەگەڕاوە دواوە، هەتا چەند جار لە ئاخریشدا هەر چەند ئاو وەسەر کورتانەکە هەر دەکەوت بەڵام هێندەی شوێنەکانی تر قووڵ

نەبوو و هێسترەکەم دەنگ دا ڕۆیشتە ئەوبەر، لەو بەری ڕووبار کە خاکی عیراق بوو هەتا چاییمان لێنا و بەرچاییمان کرد ولاّتیش ڕووناک بوو قاچاغچی دەهاتن لە ڕووبارەکە دەپەڕینەوە ئاو لە تەنگەی ولاّخەکانی نەدەدان چونکە ئەوان شارەزای دەراو بوون.

(گوندی شهاب الدین) یەکەم ئاوایی بوو کە ئێمە لە دیوی عیراق چووین و، نوختەی پێشمەرگەی لێ بوو. (لەوە دەگەڕێم کە لێکدانەوەی ئەو پێشمەرگانە دەربارەی شۆڕش و بارزانی چۆن بوو، ڕەنگە لە دواییدا ئەو باسە دیسان بێتەوە گۆڕێ بەلاّم هەر لەوێوە دەرکەوت کە بە داخەوە ناکۆکی و دووبەرەکی لە ناو شۆڕشدا هەیە).

هێسترەکانی ساڵە لە شەهابەدینەوە ئێمەی بۆ شەو گەیاندینە گوندی (کەناروێ)و لەوێ ڕوومان کردە چاخانەی گوند کە گەڕانگەڕی ژوورەکەی سەکۆی لێ دروست کرابوو، خەڵکێکی زۆری لە پێشمەرگە و ئەهالی لێ دانیشتبوون، پاش تاوێک چاییچی لەگەڵ پێشمەرگەیەک سرتەیەکی کرد و پێشمەرگەکە ڕۆیشتە دەر، زۆر پێ نەچوو هاتەوە بە ئێمەی گوت: فەرموون کاکە بڕۆین بۆ ماڵی (کاک قادر) ئیستراحەت بکەن، گوتم ئێرە باشە هەر لێرە دەبین بەلاّم نەیبیست گوتی: نابێ، ئێرە جێی ئێوە نییە.

شەوێک خەوی ئارام و ئاسوودە و، جێگای بێ گرێ و گۆڵ و، خانەخوێی ڕووخۆش حەسانەوەیەکی باشی بە دواوە بوو، ماندوویی چەند ڕۆژەی ئێمەی دەرکرد.

خوێنەری خۆشەویست هەر لە سەرەتای نووسینی ئەو بیرەوەریانەدا دەمزانی بەسەرهاتی من مەبەستی تۆی تێدا وەگیر ناکەوێ، نازانم باوەڕت کرد یان نا؟ جا ئێستە فەرموو بە دوای سەرەتا و، ناوەند و، ئاخری دەربەدەریمدا.

ڕێگەی ئێمە لە شارۆچکەی (چوارتا) تێدەپەڕی کە مەقەڕی هێزی لێ بوو، دەبوو خۆمان ناساندبا، لەبەر ئەوە چووینە لای (عقید نوری). کە ئەو کاتە لەوێ ئامیر هێز بوو، ئەویش گوتی: من خۆم ناتوانم قەرارێک بۆ ئێوە بدەم بارزانی بە بێتەل ئاگادار دەکەم، چی ئەمر کرد پێتان ڕادەگەیەنمەوە.

هەر ئەو ڕۆژە پێش نیوەڕۆ پێی گوتین: مەلا مستەفا فەرموویە بیاننێرە سولەیمانی بۆ لای (فخرالدین) ئەویش لەوێوە لەگەڵ خۆی بیانهێنێتە سەنگەسەر بۆ لای من. ئێوە بڕۆن بۆ سولەیمانی من فەخرەدین ئاگادار دەکەم، فەخرەدین بارزانی ئەو کاتە مەسئولی شۆڕش بوو لە سولەیمانی.





سەیارەیەکی جیپ ئێمەی لە سولەیمانی دابەزاند و، دوای تاوێک حەسانەوە و، نانی نیوەڕۆ من وەدوای کەلاّش کڕین کەوتم، لە بازێڕەکە دەگەڕام یەکێک هاتە پێش سلاّوی کرد گوتی: ئێوە بۆ شەو میوانی منن چاوەڕێتان دەبم، من ناوم قادر تەگەرانییە، پیاوێکیشی لە لای ئێمە بەجێهێشت بۆ ماڵەکەی شارەزاییمان بکا.

شەو بێجگە لە ئێمە نیزیکەی دە کەسی تریشی لێ بوو لە قسەکردنیان دەردەکەوت کە هەموویان پێشمەرگەی ناو شار بن، شەو درەنگانێ پێش خەوتن یەکێک هاتە ژوور هەموویان بە حورمەتەوە بە خێریان هێنا، پاش تاوێک گوتی: ئێوە کەرەم کەن لەگەڵ من وەرن، ئێمەش بێ ئەوە پرسیاری لێ بکەین بۆ کوێ هەردووکمان هەستاین لەگەڵی چووینە دەر، لە دەرێ ترومبیلێکی لەندروری گەورە کە شەش پێشمەرگەی بە چەکەوە تێدا بوو ڕاوەستابوو، خۆشی لەگەڵ ئێمە سوار بوو ترومبیلەکەی لێخوڕی، دیارە ئێمە شارەزای شار نەبووین بەلاّم سەیارەکە لە زۆر کۆلاّن و شەقام لێ هالاّوە و تێپەڕی هەتا گەیشتە جێیەک کە بەو شەوە وێدەچوو قەراغ شار بێ، لەوێ لەسەری کۆلاّنەکان هەر یەکە پێشمەرگەیەکی لێ دابەزاند و، ترومبیلەکەی لە دەرگای ماڵێک ڕاگرت کە حەوشەیەکی بچووک و دیوارێکی گڵی نەوی و، دەرگایەکی داری کۆنی هەبوو.

بە دەست دەرگاکەی کوتا خاوەن ماڵەکە هاتە دەر فەخرەدینی ناسی و، لە دوای خۆش و بێش گوتی فەرموونە ژوور، فەخرەدین پێی گوت ئەو دوو برایە ئەو شەو لە لای تۆ دەبن هەتا کاتی خەوتن لە لایان دانیشە کە ئەوان خەوتن خۆت مەخەوە، وەرە لەبەر دەرگا حەرەس بە، بە ئێمەشی گوت ئەگەر شتێکی واتان پێیە بیدەن بە من لەگەڵ خۆم دەیبەم هەتا سبەینێ سەعات حەوتی بەیانی دێمەوە بۆ لاتان هەتا ئەو کاتە ئێوەش حازر بن دەتانبەم بۆ سەنگەسەر بۆ لای بارزانی، ئێمەش جانتایەکی دەستی کە هێندێ پارە و کاغەز و شتی وای تێدا بوو پێماندا و، ڕۆیشت، خانەخوێکەمان هەتا درەنگ وەخت باسی شەڕی پێشمەرگە و حکومەت و ئازایەتیی پێشمەرگەی بۆ دەکردین:

هەر لەو شاخەی ئەزمڕ جارێک حکومەت هێرشی هێنایە سەر ڕەبیەکانی پێشمەرگە دەبابەیەک لوتی لە کەندالّەکە چەقیبوو نەدەهاتەوە دەر، پێشمەرگەیەک خۆی هاویشتە سەر دەبابەکە و بە خەنجەر مەنجەڵی دەبابەکەی داگرت، هەر چەند گوتیان کوڕە خەنجەر چۆن دەبابە دەبڕێ، دەیگوت دایکێی... خەنجەری من چۆن دەبابە نابڕێ، هێندی لە

مەنجەڵی دەبابەکە دابوو دەمی خەنجەرەکەی هەڵکشابوو و چووبوە ناو دەسکەکەی و دوو پەنجەی ئەویشی هەڵبڕیبوو بەڵام وا گەرم داهاتبوو بە خۆی نەدەزانی.

من ئەو کاتە لەو بارەوە کە بۆچی فەخرەدین ئەو شەوە نەیهێشت لە ماڵی خانەخوێکەمان (قادر تەگەرانی) بخەوین و ئێمەی هێندە بەناو کۆڵان و شەقامی شاردا گێڕا هیچ پرسیارم نەکرد، بەڵام ساڵێک دوای ئەوە ڕۆژێک لە قەڵادزە فەخرەدینم لەگەڵ کاک لوقمان بارزانی دیت و ئەو پرسیارەم لێ کرد، گوتی: لە ناو ئیدارەی ئەمنی سلێمانیدا برادەری وا هەیە هاوکاری لەگەڵ ئێمە دەکەن ئەو ڕۆژە ئێوە هاتنە سلێمانی ئەوان هاتن بە ئێمەیان گوت: دوو کەس لە ئێرانەوە هاتوونە ئەو شارە، حکومەت بە دوایاندا دەگەڕێ بیانگرێ ئەگەر سەر بە ئێوەن ئاگادار بن، ئەگەر پەیوەندیشیان بە ئێوە نییە ئەوە شتێکی ترە منیش هەر ئەو کاتە قادر تەگەرانیم نارد کە بۆ شەو بتانهێنێتە ماڵی خۆی و، نەهێڵێ بچنە هوتێل چونکە قادر پێشمەرگەی خۆمانە و حکومەت نەیدەتوانی لەوێ بتانگرێ.

لەبەر ئەوەش نەمهێشت شەو لە ماڵی قادر بخەون لە نیزیک ماڵی ئەو قەرار بوو ئەو شەوە چەند کەسێک بگرین کە گومانی سیخوڕییان لێ دەکرا و، دیارە دەبوو بە تەقە و ئێوەش کە لە ڕێوە هاتبوون و ماندوو بوون حەزم نەکرد لەوێ بن و پێتان نەکرێ بخەون لەبەر ئەوە ئێوەم بردە ماڵی ئەو پێشمەرگە کە شوێنێکی ئارام بوو، لە دەوربەری ماڵەکەی ئەویش حەرەسم دانا هەتا سبەینێ.

سبەینێ سەعات حەوت فەخرەدین بە ترومبیلی خۆی و دوو کەسی ترەوە هاتەوە و ئێمەش لەگەڵی سوار بووین بەرەو سەنگەسەر، لە ڕانیە تاوێک دابەزین بۆ جگەرە کڕین تووشی خوا لێخۆشبو (شێخ لەتیف شێخ مەحمود) هاتین فەرمووی بەسەری باوکم دەبێ بۆ نیوەڕۆ لە لای من بن ئێوارێ بچن بۆ لای مەلا مستەفا، ئەو درەنگ لە خەو هەڵدەستێ، هەر چەند فەخرەدین هەوڵی دا و گوتی دەبێ بڕۆین گوتی ئەگەر تۆ حەز دەکەی بڕۆ من خۆم ئێوارێ دەیاننێرم ناچار ئەویش مایەوە و گوتی دەبێ خۆم بیانبەم.

من جاری یەکەمم بوو بە خزمەت شێخ لەتیف دەگەیشتم و دیار بوو لەگەڵ دوکتور حەسەن لە ڕوسیا ناسیاوییان پەیدا کردبوو، ئێوارێ لە ڕانیەوە زوو گەیشتینە سەنگەسەر





کە مەقەڕی بارزانی لەوێ لە مەکتەبێکدا بوو، ئێمە لە ناو خێوەتی حەرەسەکان لە حەوشەی مەکتەب دانیشتین هەتا نیزیک نوێژی شێوان کە یەکێک هات ئێمەی بردە لای بارزانی و، پێش کاری ئەو کاتەی ئەفسەرێک بوو بەناوی (عقید بامڕنی).

نیزیکەی بیست ساڵ لەو کاتە تێدەپەڕی بو کە لە ئێران بارزانیم دیبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەش گۆڕانێکی وای لە قەڵافەتیدا بەسەردا نەهاتبوو کە زۆر پێیەوە دیار بێ، بەساڵا چوو بوو بەڵام هەر لەسەرەخۆ بوو و، تەندروستیی زۆرباش بوو.

ئەو ماوەیە کە ئێمە لە خزمەتی دابووین میوانی تریان نەهات، یان ڕێگەیان نەدابوو، بێجگە لە حەرەسەکانی خۆی کەسی تر نەدەهاتە ژوور.

ئەو ڕۆژە لە قسەی ئاسایی و، هەواڵ پرسین و، هێندێ جار باسی ڕوسیا زیاد تر کە بارزانی دەیگێڕاوە باسی هیچی تر نەکرا، بەڵام ئەو وتەی ئەو ڕۆژەی بارزانی کە نیشانەی سروشتی بەرزی ئەو بوو هەر لە بیرمە کە فەرمووی (من ئەگەرچی ئەوەی تاران بە هەتیوەیەک دەزانم بەڵام لەبەر زروفی ئێستا دەبێ هاتنی ئێوەی پێ بڵێم) کە مەبەستی لەوە شای ئێران بوو.

هەر وەک یەکەم پرسیاریشی لە ئێمە ئەوە بوو: ئێوە خۆتان حەزتان کرد بێن یان سەبەبێکی تری هەبوو؟ کە ڕاستیەکەی چبوو عەرزی کرا.

ئێمە بەینێک بوو دانیشتبووین کە یەکێک لە حەرەسەکانی (حاچک محەممەد) هاتە ژوور گوتی: ئەو ڕۆژنامەچییە داوای جگەرەیەک لەو جگەرانە دەکا کە خۆت بە دەست دەیپێچیەوە، فەرمووی ئەگەر بۆ تیجارەت نەبێ جگەرەی منی بۆ چییە، بچۆ چەندی دەیەوێ جگەرەی پاکەتی بدەیە، ئەوە دەبا ڕەسمی دەکێشێ و لە بنی دەنووسێ ئەم جگەرە مستەفا بە دەستی خۆی پێچاویەتەوە.

وا دیار بوو ئەو ڕۆژنامەنووسەکە ئێمە نەماندیت و نەمانزانی کوێندەرییە لە پێش ئێمەدا هاتبوو چاوی بە بارزانی کەوتبوو و پرسیار و وەڵامی تەواو ببوو و لەسەر ڕۆیشتن بوو.

سەنگەسەری ئەو کاتە لە ئاخر و ئۆخری بەهار و سەرەتای هاویندا و زۆر گەرم و ناخۆش بوو و، هەر دەهات و گەرم تریش دەبوو و، بێجگە لە مەقەڕی بارزانی جەماعەتێک ئێرانیش لەوێ بوون کە هێندێکیان لە زوەوە لەوێ بوون و چەکدار و مەقەڕی جیاجیایان

هەبوو وەک ئەحمەد تۆفیق و هەڤاڵەکانی تری کە دەبێ بڵێیم ئەو کاتە ئەحمەد تۆفیق زۆر سەرنجی بارزانیی ڕاکێشابوو و، لێی نیزیک بوو، لە ڕاستیشا زۆر چالاکیی دەنواند و، بە هۆی دەرخستنی گۆڤار و هەڵسووڕانی تری خزمەتی شۆڕش و هەڤاڵەکانی تری خۆی پێی دەکرا کە لەوێ بە ناوی حیزبی دیموکرات ئیشیان دەکرد و بارزانی باڵی بەسەر کێشابوون و ڕێزی لێ دەگرتن.

لە هێرشی دوایی حکومەتی ئێرانیشدا بۆ سەر نیشتمانپەروەران لە ئاخری زستانی ساڵی ٤٢ و بەهاری ٤٣ی هەتاویدا لەو دیو لە شارستانی و لادێیی زۆر کەس پەڕیوەی کوردستانی عیراق بوون و لەوێ هەڵاتن لەگەڵ ئەوانە ژمارەیەک دێبۆکری و (مامەش) بوون کە بەشێکیان لە ناوچەی پشدەر و سەنگەسەر و، برێکی تریان لە ناوچەی باڵەک گیرسابوونەوە.

گەرمای سەنگەسەر وای کرد بە ئیجازەی بارزانی لەوێوە بۆ گوندی داودیە و، دوایی لە داودیەوە بۆ گوندی (هێرۆ) بگوێزمەوە کە لەو گوندە ژمارەیەکی تریش دێبۆکری لێ بوون و، لەو دیوەوە هاتبوون.

کوردەکانی عیراق بە تێکڕایی بە دارا و نەداریانەوە وێنەیەکن بۆ دڵفرەوانی و جوانمێری بە تایبەتی بۆ لاوەیی و خەڵکی هەندەران و هەموو شوێنێکی وڵات ئەو ئاکارە بەرز و پیاوانەی پێوە دیارە، ئەو یاسایە ناوچەی پشدەریش نەک هەر دەگرێتەوە بەڵکو ئەوان وێنەیەکی هەرە ڕوون و ئاشکرای ئەو سروشتە مێرانەن.

٦ - ٧ مانگ ژیان لە گوندی سەر سەوز و زەنوێری هێرۆ و، تێکەڵاوی لەگەڵ هۆزی میراودەلی، بە تایبەتی هەر چوار کوڕی مەحمود ئاغای هێرۆ: حاجیاغا، بابەکراغا، کاک مستەفا، سمایلاغا. کە خۆیان هەر لەو گوندە بوون و بەو بۆنەوە دەرفەتی دیتنیان زیادتر هەبوو ئەو ڕاستیانەی بۆ من باشتر دەرخست، ئێستەش لە هەموو جێیەک و، لە هەموو کاتێکدا یادی وان بەرێزەوە دەکەم.

لە هێرۆ بووم کە بارزانی براکەی منی لەسەر داوای خۆی نارده دەرەوە، لەگەڵ ئەوەش کە لە زروفی ئەوکاتەی شۆڕشدا مانەوەی لێرە پێویست بوو بەڵام پەڵپی گرت و، لەبەر ئەوە جارێک کە عبدالرحمن عارف ڕەئیسی ئەرکانی جەیشی ئەو کاتەی عیراق هاتە خزمەت





مەلا مستەفا پێی فەرموو لە بەغدا ئیش و کاری ڕۆیشتنی بۆ دەرەوە بۆ جێبەجێ بکا و ڕەوانەی بکا بۆ ئالمانی ڕۆژئاوا کە ئەو کاتە ئاڵمان دوو کەرت بوو.

من ئەو وتەی بارزانیم لە بیر ناچێ کە لە دوای ڕۆیشتنی دوکتور حەسەن ڕۆژێک لە دیلمان ڕووی تێ کردم، فەرمووی: خالد، حەسەن نەیگوت منیش وەک مستەفا.

دیارە لە زروفی ئەو کاتەی شۆڕشدا هێندێ کەس ئەگەر ویستبایان خزمەتی پێشمەرگەیان لە باری داو و دەرمان و برین پێچانەوە پێدەکرا، تەنانەت هی بارزانی خۆیشی کە بۆ ئەو شتانە باوەڕی بە هەموو کەس نەدەهات.

من لەوە زیادتر کە عەرزی بکەم: قوربان هەر ئەوەندەی لە دەست هات هیچ وەڵامی ترم نەبوو.

چەند مانگی تریش پێ چوو لە پاییزی ئەو ساڵەدا بارزانی مەقەڕی خۆی لە (دێرێ) لای بیتوێن و، دەفتەری کاریشی لە ڕانیە داندرابوو کە معاون شێخ ڕەزا گوڵانی پێش کاری بوو، شەڕ لەگەڵ حکومەت ڕاگیرا بوو کە لە پێش ئەوەدا وتووێژێک لە بەینی شۆڕش و میریدا هەبوو بەڵام بە ئەنجام نەگەیشتبوو، من چوومە ڕانیە و لە دەفتەری بارزانی خۆم ناساند و، گوتم عەرزی بکەن من لە هێرۆ نامێنم و لە هەر شوێنێک ئەمر دەکا واجبی پێشمەرگەیەک دەبینم، گوتیان باشە بۆی دەنووسین حەوتەیەک دە ڕۆژ پێ دەچێ هەتا وەڵام دێتەوە.

دوای بەینێک وەڵامی بارزانی هاتەوە نووسیبووی: من پێم باشە بچێتە قەڵادزێ و واجبی قایم مەقامی ببینێ، ئەگەر مەکتەبی سیاسیش پێیان باش بوو با بەو کارە هەستێ.

ئەو کاتە هێندێک لە شارە گچکەکان لە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا بوون کە قەڵادزێ و ڕانیە لەو جێیانە بوون و لە بیرم نییە کوێی تریش.

مەکتەبی سیاسی کە ئەو کاتە ئەویش هەر لە ڕانیە بوو نووسینی ئەو قەرارەی جێ بەجێ کرد و، لەو ڕۆژە ئیتر ژیانی پێشمەرگایەتی منیش دەستی پێکرد.

چەند مانگ دوای ئەوە (م. س) ئیشی منی لە قەڵادزەوە گوێزتەوە بۆ ڕانیە.

لە ئاخری زستانی ئەو ساڵەدا هێزەکانی حکومەت ناوچەی ڕانیە و، لە بەهاردا قەڵادزەشیان گرتەوە.

سیاسەتی شۆڕش ئەوەبوو جەنگەی شەڕ لە شارەکان بچێتە دەر بۆ ئەوە کەس تووشی زەرەر و زیان نەبێ. ئەگەر هێزەکانی میری بۆ ئەو ناوە بزووتن لەسەر ئەمری سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگە لەو شارانە چوونە دەرەوە و، هیچ پێشیان پێ نەگرتن و، لە بەهاری ساڵی ٦٥ زایینیدا مەکتەبی سیاسی لە هەڵشۆی پشدەرەوە و بارەگای بارزانی لە بیتوێنەوە هاتنە ناوچەی باڵەک و لەو ڕۆژەوە هەتا کاتی پیلانی شا و سەددام لە ئەلجەزایر ئەو ناوچە بە ئیستراتژیی گرینگی خۆیەوە هەر لە دەست شۆڕشدا مایەوە و، پێش ئەو کاتە ئەگەر لە هەموو جەبهەکانی کوردستان شەڕی پارتیزانیی (لێدە و بڕۆ) باوتر و سەرکەوتووتر بوو لەو ناوە شەڕی جەبهەیی دامەزرا و لەگەڵ ئەوەش میری بۆ وەرگرتنەوەی ئەو ناوچە کە هۆی دابین کردنی بەشێکی زۆر لە پێداویستیەکانی شۆڕش و هێزی چەک هەڵگری کوردستان بوو بە هەموو توانا و هەموو جۆرە چەکێک هەوڵی دەدا لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا هێزی پێشمەرگە ئەو مەجالەیان پێ نەدان لە ڕەواندز هەڵکشێن تەنانەت بستێک و، لە هەموو شوێنێک لە بەرانبەریاندا وێستان و، سەرەڕای ئازایەتی و کارامەیی پێشمەرگە یارمەتیی سروشتیش کە بە هەموو تواناوە دەس بەکاری داڕشتنی شاخە ڕژد و چڕەکانی- هەندرێن، کوڕەک، بێخاڵ، زۆزک، سەری حەسەن بەگ لە دەوری ڕەواندز بووە نابێ لە بیر بکرێ کە هۆیەکی گەورە بوون بۆ خۆ ڕاگرتن و ڕاوەستانی پێشمەرگە و هەسدانەوە و بەزاندنی میری لەو ناوچە.

شەڕەکانی گەڵیی عەلی بەگ کە ئەویش هەر شوێنێکی حەستەمە و دەکەوێتە خوار ڕەواندز بە لای هەولێردا پێش ئەو کاتە ڕووی دابوو زیانی هێزەکانی میری لەوێش لە ڕادە بەدەر بوو، بەڵام توانیبووی ئەو گەڵیە بگرێتەوە کە ڕێگەی ڕەواندز بۆ هەولێر بەوێدا تێدەپەڕێ.

باش لە بیرم نییە ئەو کاتە مەقەڕی بارزانی لە چ شوێنێک بوو، قەسرێ؟ یان جێیەکی تر بەڵام ئەو شەوە من لە ناوپردان دیتم کاک ئیدریس و، کاک مەسعود لە لای بوون کە فەرمووی: بۆتەوە شەڕی ئێمە و حکومەت لەبەر ئەوە ئیدارەی شارەکان بە ئێمە ناکرێ، تۆ بچۆ لە ئیزگەی ڕادیۆ ئیش بکە، من لەو دیو ئیشم هەیە، دەبێ ئەو لەشکرە ئیدارە بکەین





بەڵام ناکرێ تۆ بنێرمە ئەو دیو، ئیدریس کاغەز بنووسە بۆ ساڵح یوسفی (لێپرسراوی ئیزگە بوو) لەوێ جێگەی پێ بدەن، لە مەخزەنیش بنووسە دوو بەتانیی بدەنێ.

ئیزگەی ڕادیۆ یەکێک لەو جێگایانە بوو کە لە دوای دەس پێکردنەوەی شەڕ، شۆڕش بە پێویستی دەزانی دەس بە کار بێتەوە و، وەزعی جەبهەکان و، لایەنی ڕامیاریی شۆڕش بۆ خەڵک ڕوون کاتەوە کە ئەو کاتە (عبدالسلام عارف) سەر کۆماری عیراق بوو.

بارزانی وا دەبوو خۆی دەهات سەری لە ئیزگەی ڕادیۆ دەدا و لەگەڵ جەماعەت دادەنیشت و ئامۆژگاریی پێویستی بۆ دەکردن کە: ئێمە دوژمنی هیچ گەلێک و هیچ حیزبێک نین و پێویستیمان بە دۆستایەتیی هەموو کەس هەیە، ئێمە ئەگەر حیزبی خۆمان لەلا بەڕێز بێ دەبێ ڕێز لە حیزب و پارتیی تریش بگرین ئێوە کە لەسەر ڕادیۆ شت دەنووسن و دەیخوێننەوە دەبێ ئەو شتانە بزانن، ئێمە تەنیا دوژمنی ئەو حوکمەین کە لە بەغدا حوکم دەکا و هەقی ئێمە نادا.

بەینێک بوو لە ئیزگە ئیشم دەکرد ڕۆژێک تووشی کاک ئیدریس بارزانی بووم گوتی:

حکومەتی ئێران داوای تۆی لە مەلا مستەفا کردۆتەوە و، زۆر فشاریان بۆ هێناوە تۆیان تەسلیم کاتەوە. ئەویش فەرموویە لێرە نەماوە، هەوەڵێ هاتە ئێرە و دوایی لێرە ڕۆیشتوە و ئێستە نازانم لە کوێیە، لەبەر ئەوە پێویستە کارێکی وا بکەی لەسەر جادە و شەقام خەڵک نەتبینن، ئەگەر ئیشت هەبوو پێداویستێکت هەبوو پێشمەرگە بنێرە لە گەڵاڵە بۆت بکڕێ خۆت مەچۆ، ئەگەر زانیت بارزانی میوانی لە لایە تۆ مەچۆ هەتا دەڕۆن، ماوەیەکی زۆر نازانم چەند مانگ ئاوا ڕابورد و هەر شوێنێ زانیبام کەسێکی وای لێیە نەدەچووم بە تایبەتی ناو شار و سەر جادەکان کە هاتوچۆی ئێرانیەکانی پێدابوو.

هەر لەبەر ئەوەش لەو ڕۆژەوە لە ئیزگە هەڵبەستی خۆم بە ناوی هێدی دەخوێندەوە کە گۆیا شوێنە ونکەی بکەم کە لە پێشدا ناوی (شێواو)م بۆ شیعری خۆم هەڵبژاردبوو، دیارە ناکرێ ژیان ئاڵۆز بێ و، ناو ئاڵۆز نەکا.

هەتا ڕۆژێک دیسان هەر کاک ئیدریس پێی گوتم: ئەوجار هەر شوێنێ حەزت کرد بچۆ قەیدی نییە چونکە ئێران هەر لەسەر داواکەی خۆی سوور بوو و مەلا مستەفاش پێی گوتن: لێرەیە و هاوکاریی ئێمە دەکا و تەسلیمیشی ناکەینەوە،جا تۆش مقیّد مەبە بە کەیفی خۆت بکە.

لە ئاخری مانگی بانەمەڕدا بارزانی هات سەر لە ئیزگە بدا لە ئەشکەوتی سەردێمان ناوچەی باڵەک و، وا بزانم ساڵی ٦٧ بوو، ساڵح یوسفی بەڕێوەبەری ئیزگە خێوەتێکی بۆ خۆی لە خوار ئەشکەوتەکە لە پاناوکێک هەڵدابوو، ئەو ڕۆژە ئاگاداری هەموو جەماعەتیان کرد بچنە خوارێ لای خێوەتەکەی ئەو ئەگەر بارزانی هات لەگەڵی دانیشن، ئێمەش هەموو لەوێ وەکۆ بووین، پاش تاوێک کە حەرەسەکانی لە شاخەکانی دەوروبەر وەدیار کەوتن زانیمان زۆر پێ ناچێ خۆشی دەگاتێ، ئێمە لەبەر دەرگای خێوەتەکە ڕاوەستابووین کە بە پێیان هات و تفەنگی خۆی لە شانی دابوو کە ئەو کاتە برنوی درێژی هەڵدەگرت نازانم ئەو ڕۆژە بۆچی تووڕە بوو، هەر گەیشتە ئەوێ فەرمووی: ئێوە بۆ بەپیر منەوە هاتوون؟ منیش پێشمەرگەیەکم وەک ئێوە ئەگەر هاتمە ژوورەکەتان سەلامم کرد ئێوەش جوابی سەلامەکە بدەنەوە. من کە لە پێشەوە ڕاوەستابووم عەرزم کرد: ئەزبەنی بەپیر تۆوە نەهاتووین، ئێمە هەر شتێک بنووسین پێش ئەوەی بیخوێنینەوە دەیهێنین بۆ لای ساڵح یوسفی چاوی پێی بکەوێ ئەویش خێوەتەکەی لێرەیە بۆیە هاتووین، ئیتر هیچی تری نەفەرموو و کورسییەکمان بۆ لە پێش خێوەتەکە دانا و، لەسەری دانیشت، ئێمەش هەموو لەسەر گیا لە دەورەی دانیشتین، دیسان ئەگەر دانیشت ڕووی لە جەماعەت کرد فەرمووی: ئەوە کێ بوو جوێنی بە من دا... دوای ئەوەش فەرمووی بە منی گوت مامۆستا؟، تەماشای یەکترمان کرد، ئاخر ئێمە هەموو دەمانزانی بەو وتەیە تووڕە دەبێ لەبەر ئەوە کەس نەیدەوێرا وا بلێ، دوای تاوێک کاک جەلیل فەیلی کە تازە لە بەغداوە هاتبوو، لە ئیزگە بە زاراوەی عەرەبیی ڕیفی قسەی دەکرد و شارەزای ئەوەش نەبوو، بە تووڕە بوونی بارزانیش پەشۆکا بوو، گوتی: من بووم مامۆستا!!.

مەلا مستەفا هێندەی تریش تووڕە بوو و بە کاک جەلیلی گوت: ئاخر هەتا کەی بە ئێوە بلێم من مامۆستا نیم، من ورچ نیم، بەراز نیم، من ناوم هەیە، مستۆ دەڵێی بلێ مستەفا دەڵێی بلێ.

ئێمەش هەموو گوتمان ئەزبەنی لێی مەگرە تازە هاتۆتە ناو شۆڕش شارەزا نییە، ماوەیەکی زۆر کەس نەیدەوێرا هیچ قسە بکا، هەر کەس لە تەنیشت خۆیەوە لەگەڵ ئەوی تر سرتەیەکی دەکرد، بارزانی جگەرەیەکی داگیرساند و چایەکیان لە پێش دانا و هێندێ پرسیاری کرد، ساڵح یوسفی جوابی دەداوە وردە وردە دەهات تووڕە بوونەکەی تەواو بێ





گوتی: ئەرێ (بدرالدین علی) کە جاران متصرفی کەرکوک بوو ئێستە لە کوێیە؟ داخوا ماوە؟ دیسان جەلیل فەیلی گوتی: بەڵێ مامۆستا ماوە ئەوە لە بەغدایە.

مەلا مستەفا فەرمووی: قەیدی نییە کاکی خۆم تۆ جوێنی خۆت هەر بدە.

بەڵام ئێمە هەموو پێمان گوت مادام نازانی قسە بکەی هەستە بچۆوە ژوورەکەی خۆت ئەویش ناچار هەستا ڕۆیی.

دوو ڕۆژ پێش هاتنی بارزانی ئەو تۆپەی لەسەر ئیزگە دایانبەستبوو تەقەی لە فڕۆکەیەک کرد کە ئیلیۆشنێکی گەورەی ڕوسی بوو لە ناوچەی باڵەک لە پشت گوندی دەربەند کەوتە خوار و، تۆپچییەکە کە کوڕێکی کەرکوکی بوو هاتە خزمەت بارزانی و خۆی ناساند، جەماعەت عەرزیان کرد ئەو کوڕە لەسەر تۆپی تەیارەشکێنە و فڕۆکەی خستوە بۆ ئەوە کە خەڵاتی بکا. مەلا مستەفا فەرمووی: کوردستان خستوویە کاکی خۆم، دیارە ئەگەر ئاوا تووڕەیان نەکردبا تەشجیعی دەکرد بەڵام تێکیان دا.

من جارێکی تریش بارزانیم لە سەنگەسەر بە تووڕەیی دیبوو، کاتێک لە لای هەستام فەرمووی کە دەچییە دەر ئەم جاشە بنێرە ژوور کە هەر خەڵکی ناوچەکە بوو و پێویست نییە ناوی بەرم و، خۆی لەبەر دەرگا چاوەڕوانی ئەوە بوو بانگی بکەنە ژوور کە ئەوم ناردە ژوور خۆم لەبەر دەرگا گوێم لەوە دەبوو چیی پێ دەگوت، کابرا هەر پێش ئەوە بچێتە ژوور لە ترسان سپی هەڵگەڕا بوو کە ڕۆیشتە ژوور ئیتر هەر بەیەکجاری لاڵ بوو و قسەی پێ نەدەکرا.

ئەو ڕۆژە کە هاتە لامان بۆ ئیزگە پێش نیوەڕۆ فەرمووی دەڕۆم، (شەوکەت عەقراوی) کە ماوەیەک لە دەرەوەی عیراق نوێنەری شۆڕش بوو بەینێک بوو ئەویش گەڕابۆوە ئیزگە عەرزی کرد: ئەزبەنی حەز دەکەین فراوینێ لێرە بکەی، شیوێ دروست دەکەین «هەر لە خۆوەش ئەوەی گوت و هیچی وامان نەبوو بیکەینە شیو». مەلا مستەفا فەرمووی: ئەگەر ئیشم نەبا لێرە دەبووم، بەڵام ناکرێ دەبێ بڕۆم، من بچمەوە گۆشت بۆ ئێوە دەنێرم.

ئەو کاتە ئیمکاناتی شۆڕش زۆر باش نەبوو، لەگەڵ ئەوە کە جەماعەتی ئیزگە چاوەدێریشیان لێ دەکرا و، هەموویان مامۆستا!! بوون دیسانیش کەم و کوڕیی خواردەمەنی بە تایبەتی گۆشت هەر زۆر بوو و، مەگەر جارێک بە هەڵکەوت دەنا لە مەقەڕ

گۆشت هەر لێ نەدەندرا، ئەگەر لێش نرابا هەر ناوی هەبوو و خۆی دیار نەبوو.

یارمەتیش ساڵێ جارێک یان دوو جار هەبوو ئەویش ٣ دینار کە وە بەر هیچ پێداویستێک نەدەکەوت، ئەوە بەرێچوونی شازی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بوو لە ئیزگە و، چلک و، ئەسپێ و، ڕشکی ناو باخەڵیش هەر باسی نەکەم چاترە و، ڕابواردنی بەسەر داکەوتوەکانی ئەوڕۆش ئێوە لە من چاکتری دەبینن.

سبەینێ پیاوێک لە لای دیلمانەوە هات جوانەگایەکی زۆر گەورە و قەڵەوی هێنا گوتی: ئەو جوانەگایە مەلا مستەفا بۆ جەماعەتی ئیزگەی ناردوە بۆ کوشتنەوە. (خدر مەنگور) کە خۆی و منداڵەکانی بۆ شیو لێنان و ئاو هێنان و خزمەتی جەماعەتی ئیزگە گیرابون دوای نیوەڕۆ خۆی لە جوانەگا زەرد هەڵکرد کوشتیەوە و، کەوڵی کرد و تەیارە لێمان پەیدا بوو، کاک غالب کە ئەندازیاری ئیزگە و خەڵکی سلێمانی بوو ئاگری کردبۆوە چای بۆ میوان لێنێ و لەو دەمەدا تەیارە هات و دوکەڵەکەی دیت گەڕاوە دەسرێژێکی لێ کرد ئاگرەکەی تێک دا و کەتریەکەشی تێک شکاند، پێش ئەوەش فڕۆکە زۆر جار دەهات و لە دەوروبەری ئیزگە دەگەڕا و بۆی کەشف نەدەبوو، بەڵام ئەو ڕۆژە وا ڕێک کەوت، لە دوای ئەو دەسرێژە کە لە لای ئێوارەدا بوو، جەماعەت کە لە دەوروبەری ئیزگە بڵاو ببون و هەرکەس خەریکی کار و نووسینی خۆی بوو خڕ بوونەوە و هاتنەوە ناو ئەشکەوتەکە کە ئیزگەش لەوێدا بوو، کەس نە جوانەگای لە بیر ما و نە گۆشت و هەتا نوێژی شێوان فڕۆکە هاتوچۆی هەر هەبوو و، شەوێ مودیری ئیزگە هەموومانی ئاگادار کرد کە سبەینێ ئێرە بۆمباران دەکرێ دەبێ پارشێوێ هیچ کەس لێرە لەو مەقەڕەدا نەمێنێ و بڕۆن لەو شاخانەی دەوروبەر دامەزرێن هەتا شەو بەسەردا دێ. لەبەر ئەوە هەر تاریک بوو کە جەماعەت هەستان و هەر کەس بە لایەکدا ڕۆیشت، منیش هاتم بچم بۆ شاخەکەی ئەوبەری ڕووبار، یانی (مامەڕووتە)، دەبینم ئەوە جوانەگا لەسەر ڕێگەم کەوڵ کراوە و دەستی لێ نەدراوە، دەمزانی فڕۆکە دەرفەتی ئاگر کردنەوە نادا بەڵام ئەوەندە تامەزرۆ بوم هەر ئەوەندە بوو هار نەدەبووم.

دەسرەکەم لەبەر پشتێنم دەرهێنا و لە گۆشتی ڕانەکەی پڕم کرد و ڕۆیشتم، لە شاخی ئەوبەر وەسەرکەوتم پاڵم وەتاشە بەردێک دا هێشتە هەتاو هەڵنەهاتبوو چوار فڕۆکە هاتن ئیزگەیان داگرت هەتا لەوێ ناپاڵمێکی دەهاویشت لەوبەرە لە بن سەری من گڵ دەوەری





کە ڕێگەی نیو سەعات زیادتر بەینیان هەیە، من هەر چاوەڕێی ئەوە بووم فڕۆکەکان لەسەر ئیزگە بڕۆن و منیش ئاگرێک بکەمەوە بۆ گۆشت برژاندن و، هەر واشم کرد دوای ئەوە هەرچی پێیان بوو فڕێیان دا و ڕۆیشتن منیش هەستام سێ چوار چیلکەم هێنا وەک شیشە تاشیم و، هێندێ دار و پووش و پەڵاشم وەکۆ کرد و لە بن ڕەوەزەکە لە پەنای تاشە بەردێکی گەورەدا کە سەرێکی بە شاخەکەوە بوو و بنەوەی پەسیو بوو ئاگرم پێوە نا، دوکەڵی لێ بڵێند بوو و تەیارە گەیشتە سەرم. هەر ئەوەندەم پێ کرا هەستم پێ ڕە ئاگرەکە خەم و بیکوژێنمەوە دیسان دانیشتم هەتا ئەوجاریش لە بۆمباران دەبنەوە و دەڕۆن بۆ ئەوە کە ئاگرەکە هەڵکەمەوە بەڵام ئەوجاریش کە ڕۆیشتن هەتا چیلکە و گەڵای ترم هێنا و ئاگرم پێوە نا دیسان فڕۆکە هاتنەوە و ئاگرەکەم کوژاندەوە.

بۆ جاری سێهەم کە نیزیک ببۆوە لە نیوەڕۆ لە جارەکانی پێشوو درەنگتر هاتنەوە و وا دیار بوو ئەوانیش خەریکی نان خواردنی نیوەڕۆ بوون بەڵام هەتا هاتنەوە و، زرم و کوتیان دەس پێ کردەوە ئاگرەکەی من ببوە ئاگر و دوکەڵی نەمابوو کە ئیتر ئەوجار گۆشتەکەم برژاند و تێر و پڕم لێ خوارد بەڵام بێ شوشتنەوە و بێ خوێ، خوا خێری خاوەنی بنووسێ.

تۆپێکی تەیارەشکێن کە دابوویان بە ئیزگە و لەوێ دایانبەستبوو، دە ڕۆژ زیادتر فیشەکی لێ بڕابوو، لەو جەنگەدا کە فڕۆکەی بەغدا ئاگریان کردبۆوە هەر چەند تۆپچییەکە هاواری کرد فیشەک هەر نەبوو کە دەبوایە لە خانەوە بینێرن یانی (پیرانشهر) کە هەمووی ڕێگەی سەعاتێک لە شوێنی ئێمە دوور بوو، ئیتر ئەوجار فڕۆکە نە بەشەو نە بەڕۆژ هەدای پێ نەدەداین، شەو نورئەفگەنی دەهاویشت و ڕێگەی سەعاتێک دەوروبەری ئیزگە وا ڕووناک دەبوو هەر شتێک جولاباوە دیار بوو.

ئێوارێ کە لەو شاخە گەڕامەوە هێشتە نەحەسابوومەوە مودیری ئیزگە لەسەری کردین کەس لێرە لە مەقەڕدا نەمێنێ ئیتر ئەوە بوو بە شەو ئێرە بۆمباران دەکرێ.

هەموو دەبێ بڕۆن بۆ گەڵێی (وەڵاش) کە گوندێکە لە ناوچەی باڵەک بە بناری شاخەوە و لە لای سەروی ئەو شوێنە هەڵکەوتوە کە ئیزگەی لێ بوو، ڕێگەشی زۆر هەوراز و بەردەڵان بو.

کەڵاش لەسەر گیا بنی لوس دەبێ و عەرز ناگرێ، ئەو شەوە بە تاریکی هەتا وەڵاش

جەماعەت هەر کەوتن و هەستانەوە هەتا گەیشتینە جێ، لەوێش کە لای بەیانی بو هەرکەس جێگەیەکی بۆ خۆی دیتەوە و خۆی تێدا مات کرد، منیش توشی پنچکێک تودڕک هاتم گەڵا و بژی هەبوو و بنەوەشی جێگەی منی دەبوو، گوتم ئێرە باشە گەڵای هەیە و نابیندرێم، لەوێ درێژ بووم، هێشتە خەوم لێ نەکەوتبوو فڕۆکە هات دەستی کرد بە هاتو چۆ بۆ سەر و خواری گەڵی و، دوای ئەوە کە هیچی نەدۆزیەوە، ڕۆیشت، زۆر پێ نەچوو هاتەوە دیسان دەستی کرد بە گەڕان و لە پشت سەری من دەستی بە تەقە کرد، نەمدەزانی جەماعەت لە کوێن و چۆن دامەزراون لەبەر ماندوویی کەس ئاگای لەوی تر نەبوو، خۆم وام دانابوو خێزانی خدر مەنگور چووە ئاو بێنی و نان حازر کا، جلکی سووری لەبەردابوە و فڕۆکە دیویەتی و دەسڕێژی لێ کردوە، کەسیش پێی نەدەکرا لە جێی خۆی هەستی بێتەدەر بزانێ چییە، ئێوارێ نیزیک ڕۆژئاوا کە چووم تەماشای شوێنی تەقەکەم کرد سەگێک بە ڕێگەی بەینی وەڵاش و مێرگەدا هاتبوو لێی دابوو کوشتبووی.

ئەو ڕۆژە کە لەو گەڵییە هاتینەوە تەیارە ئیزگەی بە جارێک وێران کردبوو، لە ناو ژوورەکاندا کە هەرکەس کەمێک نەفتی هەبوو بۆ فانۆس و هێندێ داریان لەبەر دەرگانیان هەبوو بۆ چایی لێنان ئەوانیش ئاگریان گرتبوو، لە هێندێ جێ تەنیا دیوارەکان بە حەواوە مابوون و میچەکە داتەپیبوو، لە هێندێ جێ دیوارەکەش ڕوخابوو و تەنانەت داری لێڕەوارەکەش هەرچی لە دەوروبەری ئیزگە بوو بە تیزاب سووتابوو.

بە دیوی ڕێگەی گەڵاڵەدا بۆ قەسرێ ناپاڵمێکی لە شانی گردەکە دابوو ئاوی لێ وەدەرخستبوو.

ئەو شەوە مودیری ئیزگە ڕایگەیاند کە ئیتر نابێ کەس لێرە بمێنێ هەتا دەچین لە شوێنێکی تر ئیزگە دادەنێینەوە، تۆپە تەیارەشکێنەکەمان لەبەر یەک دەرهێنا و هەر پارچەی لە بن تەڕاشێک شاردمانەوە و، ئیزگەمان لەوێوە بە شان بردە سەر جادەی قەسرێ و خستمانە ناو ترومبیلێکەوە.

پێش ئەوە بچینە گەڵیی وەڵاش من نوێنەکانی خۆم بردە ناو ئەشکەوتی ئیزگە کە تەلیسە گڵی لەبەر دەرگا هەڵچندرا بوو و ڕێگەی ئەوەی گرتبوو ڕاکێت بچێتە ژوور، ئەو شەوە لە گوندی سایە وڵاخێکم بەکرێ گرت و نوێنەکانم لێنا بۆ مەقەڕی شێخان.

چەند ڕۆژێک دوای ئەوە دیسان ئیزگە لە شوێنێکی سنور داندرایەوە کە لە بن عەرزدا





جێگەیان بۆ هەڵکۆڵیبوو و، جەماعەتیش لە نیزیک ئەوێ بە نیو سەعاتە ڕێ لە ماوەتان مەقەڕیان کردەوە و، ئیزگە دیسان دەستی بە ئیش کردەوە.

هەتا ڕۆژێک بارزانی هات فەرمووی: قەرار وایە وتووێژ بکەین لەگەڵ حکومەت بەڵێنم پێداون ئیزگە ڕابگرین لە ڕۆژی ...... ئیشی ئیزگە دەبێ بوەستێ.

خۆی ڕۆژەکەی دیاری کرد بەڵام من نایەتەوە بیرم، وا بزانم یەکی مانگی دەی دانا. پێش ئەوە مەلا مستەفا ئەوە بفەرموێ هێرشی فڕۆکە لە ناوچەی باڵەک هەستی پێدەکرا کە کەمتر بوە، کە میری هەموو هێزی خۆی لە پێش ئەوەدا بۆ گرتنەوەی وێ تەرخان کردبوو لەبەر ئەوە کە:

١- ئەو جادە ڕەگی حەیاتی شۆڕش و، ڕێی دابین کردنی چەک و ئەرزاق و پۆشاکی پێشمەرگە بوو بەگشتی.

٢- بارەگای سەرکردایەتیی بارزانی و، مەکتەبی سیاسی و، مەخزەنەکانی چەک و تەقەمەنی و، شتی گرینگی تری شۆڕش و لەگەڵ ئەوان ئیزگە و چاپخانەش لەو ناوچە بوون سەرەڕای هێزێکی ئەستووری پێشمەرگەی مەیدانی کە مەترسییەکی گەورە بوون لەسەری.

لە ساڵەکانی دواییدا ئەو هێرشە هەواییيانە شێلگیر تر ببوون بە چەشنێکی وا کە تەواوی گوندەکانی ناوچەی باڵەک بە تایبەتی ئەوانەی دەکەونە سەر جادە چۆڵ کرابوون و، خەڵک پەنایان بۆ ناو ئەشکەوت و شاخ و ناو باخچەکان بردبوو، ژیانی ئاسایی خەڵک تەنانەت ڕەنێو هێنانی توتن و دەغڵ و دان و میوەش ئیمکانی نەبوو، دروێنە بەشەو دەکرا، گەڵاڵە کە ناوەندی ناوچەی باڵەکایەتیە هێرشی هەوایی توندتری لەسەر بوو، چاییخانەی سەر پردی گەڵاڵە کە دوایی کەوتە بەر هێرشی هێزی هەوایی و زیادتر لە ١٥ کەس لەت و پەت بوون و، سەر و قاچیان وا تێکەڵ ببوو کەس نەیدەزانی کامە سەر هی کامە لەشە و، کێهە دەست و قاچ هی کەسێکن، تەنیا شوێنێک بوو کە ڕێبوار و پێشمەرگەی دەوروبەر لێی دەحەسانەوە و، هەموو ڕۆژێش چەند جار فڕۆکە بە سەریدا دەهات و ئەگەر کەسی لێ دیبایە تەقەی لێ دەکرد.

ڕۆژێک لەوێ بووم فڕۆکەیەکی مێک هات و تێپەڕی، ئەوانەی لەو چاییخانە بوون

هەمـوویان چوونە بن بەردێک کـە جـێگەی ٦-٧ کـەسی لێ دەبۆوە و، وەک ئەشکەوت هەڵکەوتبوو و گولله نەیدەگرتەوە. پێشمەرگەیەک لە پێش هەموو کەسدا ڕۆیشتە بنەبانی ئەشکەوتەکە و لەوێش هەر ناڕەحەت بوو و دیار بوو زۆر دەترسا، فـڕۆکە زو تێپـەڕی و هەموو لە بن بەردەکە هاتنەوە دەر بەڵام ئەو پێشمەرگە نەدەهاتەوە دەر ئەوانی تر لەوە کە هێندە ترسا بوو بەسەری ڕۆیشتن، گوتی: من لە پێشدا لە فڕۆکە هەر نەدەترسام، بەینێک لەوە پێش من و هەڤاڵێکم پێکەوە هاتین بچـینە حاجی ئۆمـەران لە ڕێگەدا لە نیـزیک دەربەندی ڕایەت فڕۆکەیەکی هانتر گەیشتە سەرمان و دەسڕێژی لێ کردین هەڤاڵەکەم وەبەر هات و شەهید بوو، منیش بە هەر حاڵێ بوو لە تەنیشت جادەکە قوڵکەیەکم بۆ هەڵکەند و بڕێکم گڵ وەسەر کرد، تازە لە شاردنەوەی ببوومەوە کە فـڕۆکەیەکی تر هات و منی لەوێ دی ساروخێکی هاویشت دیسان وەگۆڕی هەڤاڵەکەم کەوت و هێنایەوە دەر، ئەوجار ئیتر لەت و پەت ببـوو، ئێسـتـەش ئەگـەر فـڕۆکـە دێ ئەو دیمەنە دێتـەوە بەرچاوم و ترسم ڕێ دەنیشێ.

لەسـەروبەندی ئەوەدا کـە پیـاوی حکومـەت لە هاتوچۆی لای شۆڕشـدا بوون بۆ ئەوە کـە ڕێگەی وتـوویژ خـۆش کـەن، یەکـێک لەو نێـردراوانەی حکومـەت بە نـاوی (زەید ئەحـمـەد عـوسمـان) داوای لە بارزانی کردبوو ئیجازەی بدا چاوی بە جەماعـەتی ئیزگە بکەوێ و، ئێوارەیەک کە هەموومان لە زارکی ئەشکەوتی ئیزگە لەگەڵی دانیشتبووین پێشمەرگەیەک بانگی کـردم گـوتی وەرە مـیـوانت هاتوە، ئەگـەر چووم دوو برادەری جـەمـاعـەتی ئێـرانی: (سەعید کوێستانی) و(شێرزاد) ناوێک بوون و گوتیان کاک سەدیق (سەدیقی هەنجیری) ئەوشۆ لێـرە مـیـوانی تۆ دەبێ و ئێـمـە دەڕۆین دوایی دێینەوە لە دوی کـاک سـەدیقم بردە ژوورەکەی خۆم و، پێش ئەو دەم ئەو سەدیقەم نەدیبوو، بەڵام دوایی کە دەستی بە قسە کرد دەرکەوت کە ئەندامی حیزبی دیموکراتی ئێرانە و، تازە لەو دیو ڕا هاتۆتە عیـراق و، لە کار و کردەوەی ئەحمەد تۆفیق زۆر ناڕازییە و، دەیویست گۆڕان و ئاڵوگۆڕ لە بەڕێوەبەرایەتی حیـزبەکـەدا بەدی بێنێ و بە قـەولی خـۆی ئەحـمـەد تۆفـیق لغـاو کـا کـە ئاوی بێ لغـاوی خواردبۆوە! ئەو کـاک سـەدیقـە دوو شـەو لەوێ بـوو، ڕۆژی هەوەڵ کـتـێبـێـکی دەست دایە و گوتی دەچم لەو بن دارانە دەیخوێنمەوە و ئەگەر بکرێ جلکەکانیشم دەشۆم «ئەگەر چاکم لە بیر مابێ».





ڕۆژی دوایی داوای توتن و پێـڵاوی لاسـتیـکی کـرد و کە هات وەدەرکەوێ لێم پرسی بۆ نیوەڕۆ دێیەوە؟ گوتی ئەگەر هاتمەوە هاتمەوە دەنا تۆ نانی بخۆ.

لەو یەک دوو ڕۆژەدا لەگـەڵ باسی چلۆنایەتیی کـاری حیـزبی دێمـوکرات و هەڵوێست و بڕوای خۆی ئەوەشی گوت کە بۆیە هاتۆتە ئەو ناوە بچێتە لای سەرۆک بارزانی لە دیلمان و هێندێک موشکیلاتی حیزبی خۆیانی لەگەڵ باس بکا.

دوای ڕۆیشـتنی ئەو هێندە پێ نەچوو دوو پێشـمـەرگـەی جەمـاعـەتی ئێـران لە مـەقـەڕی شێخانەوە (عەولای مام سەعـید) و، یەکی تر کە ناوی ویم لە بیر نیـیە هاتنە مەقەڕی ئیزگە و گوتیـان جەماعەت گوتوویانە لە مێژە نەماندیوە وەڕەزیمان کردوە، دەبێ بچی لەگەڵ خۆت بیهێنی دوو ڕۆژ لێرە بێ، منیش گوتم قەیدی نییە ئیجازە لە ساڵح یوسفی وەردەگرم دوای نیوەڕۆ دەچین.

کە بوو بە نیـوەڕۆ وەختی نان خواردن هاتن پرسیاریان کرد نانی چەند کەستان بۆ بێنین، من گـوتم نانـی چوار کەس، عـەولای مـام سـەعـید گـوتی بۆ چوار کەس ئێـمـە سێ کەسین، گوتم سەدیقی هەنجیری لێرەیە و پێش ئێوە وەدەرکەوت ناشزانم دێتەوە یان نا بەڵام ئەگەر هاتەوە با بێ نیوەڕۆ نەبێ، گوتی کوڕە خوا دەزانێ سەری خۆی بۆ کوێ هەڵگرتووە باوەڕ مەکە بێتەوە، گوتم ئەگەر نەهاتەوە با نانەکەی بەرنەوە.

ئێـمـە سێ کـەس نیـوەڕۆمـان کـرد و حـازر بـووین بڕۆین بۆ شـێـخـان و کـاک سـەدیق نەهاتبـۆوە. لەبەر ئەوە نانەکـەی ویمان لەگـەڵ قـاپ و کـەوچکەکـانی تر لە دەرەوە لەبەر دەرگـای ژوورەکـە دانا و دەرگـامـان داخـست و ڕۆیشـتین بۆ شـێـخـان، دوایی سـەعـیـد کوێستانی هاتەوە هەواڵی پرسی گوتم ڕۆیوە نەهاتۆتەوە ئەویش ڕۆیی.

کاک سەدیق لەو ڕۆژەوە بێ سەر و شوێن چوو کەس نەیزانی چی لێهاتوە، بەینێک دوای ئەوە گـوتیـان باوکی لە مـەهابادەوە هاتووە بەپێ و شـوێنیـەوە و، چۆتە لای بارزانی و وا دیار بوو ئەویش سەری لێ هەڵنەکردبوو.

ئەو دواییانە کەریمی حیسامی لە بیرەوەریەکانیدا لە مەڕ ون بوونی سەدیقی هەنجیری هێندێ شک و گـومانی لە زمانی چەند هەڤاڵی خۆیەوە بڵاو کردۆتەوە کە من لێرەدا ئەو بەشانە لە نامەی هەڤاڵەکانی کە پەیوەندیان بەو ڕووداوەوە هەیە دێنم بۆ ئەو کەسانە کە

بیرەوەریەکانیان نەدیوە و، لەگەڵ ئەویش ڕوون کردنەوەیەکی پچووک هەر چەند وتەکە نرخی وەڵام دانەوەشی نییە.

جارێ لە پێشدا بانگەوازی کەریمی حیسامی بۆ هەڤاڵەکانی بۆ ئەوە کە هەرکەس لە مەڕ ون بوونی سەدیقی هەنجیری ئاگاداریەکی هەبێ بەهۆی نامە ئاگاداری بکا، ئەویش لە دوای سی ساڵ بێ سەر و شوێن بوونی:

«لە کوردستانی ئێران مەشهورە دەڵێن: لە نێو مەنگوڕان بادانەوە عەیب نییە، هێندێ مەسەلە هەن مرۆڤ ناکرێ بۆیان با نەداتەوە، مەسەلەی کوشتن و بێ سەروشوێن کردنی تێکۆشەر و زانا کاک سەدیقی هەنجیری یەک لەو مەسەلانەیە کە نابێ بخرێتە پشت گوێ.

لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ هیچ پەیوەندی بە منەوە نەبوو و، هیچیشم لەسەر نەدەزانی لە بەرگی سێیەمی بیرەوەریەکانمدا باسی نەهاتبوو، پاش بڵاوبوونەوەی بەرگی سێیەم چەند نامەم پێ گەیشتن ڕەخنەیان گرتبوو کە بۆچی باسی کوشتنی کاک سەدیق نەکراوە؟

جارێکی دیکە ڕەشنووسی یادداشتەکانم پشکنی، نامەیەکی دوکتور قاسملوم دیتەوە کە زستانی ١٩٦٦ بۆی نووسیبووم.

دوکتور قاسملو لە نامەکەیدا پاش چاک و خۆشی و، ڕێنوێنی بۆ نووسینی وتار بۆ ڕۆژنامەی کوردستان دەنووسێ: (کاکە خەبەرێکی زۆر ناخۆش و سەیر. کاک نوری ئەحمەد تەها لێرە بوو باسی ئەوەی دەکرد کە چەند مانگ لە مەوبەر لە ڕایەت بووە. لەوێ تووشی باوکی سەدیقی هەنجیری بوە کە لە کوڕەکەی دەگەڕا. پاش ماوەیەک لە (سولەیمانی موعینیی) پرسیوە سولەیمان گوتویەتی: بەڵێ هەنجیری چەند مانگە ون بوە و دیار نییە و ئێمە بۆمان دەرکەوتووە کە ئەحمەد تۆفیق لە بەینی بردوە، گۆیا سولەیمان زۆر بە پەرۆشەوە ئەو مەسەلەی باس کردووە، ئەحمەد تۆفیق ئێستە لە لای شێخ ئەحمەدی بارزانە)».

پاشان کاک سەعید کوێستانی کە لە نێو جەرگەی تێکۆشان دابووە و لە نیزیکەوە لەگەڵ کاک سەدیق و برادەرانی تر ژیاوە لە تەئریخی ١٩٨٩/١/١٥ لەم بارەوە نامەیەکی بۆ ناردم کە دەقی نامەکەی کاک سەعید لێرەدا بڵاو دەکەمەوە.

پاش دیتنەوەی نامەی دوکتور قاسملو نامەیەکم بۆ کاک (حەمەدئەمینی سیراجی) نووسی و داوام لێکرد بە سیفەتی ئەوە کە ئەو خۆی لە کوردستانی عیراق لە نێو شۆڕش





بووە و پەیوەندی بە کاک سەدیقەوە هەبووە و لە نیزیکەوە لە جەرەیان دابووە ئەوەی لەو بارەوە دەیزانی و ئاگادارە بۆم بنووسێ.

لەگەڵ سوپاس بۆ وەڵام دانەوەی کاک حەمەد ئەمینی سیراجی ئەوە دەقی نووسراوەکەی ئەو کە ١٩٨٩/١/٦ بۆی ناردووم بڵاوی دەکەمەوە:

(ئەوجار نامەی حەمەدەمینی سیراجی بۆ کەریمی حیسامی): کە پیلەی ناوخۆیانی لێ دەردەکەوێ و......... دەڵێ لە بارەی مەسەلەکانی داوات کردبوون. مەسەلەی کاک سەدیق چۆن لە ناوچوە:

(شەهید سەدیق لە ساڵی ١٩٦٤ چوە کوردستانی عیراق و لەو کاتەدا ئەحمەدی پێ فیدل کاسترۆیەک بوو، لە کۆنگرەی دوو بە ئەندامی ڕابەری هەڵبژێردرا و بۆ وتوویژ بە مەبەستی یەکگرتنەوە لەگەڵ شەهید سولەیمان و شەهید نوح پاشایی. کاک ئەمیری قازی و، ڕەشە لە لایەن کۆنگرەوە دیاری کران، پاش وتوویژ و ڕێککەوتن لەسەر چەند خاڵ دەستەی نوێنەرایەتی بە گشتی و شەهید سولەیمان و کاک سەدیق بە تایبەتی کەوتنە بەر پلار و هێرشی ئەحمەدەوە. شەهید سولەیمان و کاک سەدیق و نحۆ لێی دوورکەوتنەوە و بۆ لای ئێمە قۆڵی پێشکەوتووی حیزب هاتن.

ئەحمەد وەک تووڕەیی و زیز بوون ئیستیعفای کرد، هێندێ لە لایەنگرانی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و بنکەی شێخانی لە نیزیک دەربەندی باڵەکایەتی کردە ناوەندی کاروباری خۆی. مەودای نێوان دۆستەکانی دوێنێی ئەحمەد و بەرهەڵستکارەکانی ئەوڕۆی هەر لە زیادیی دەدا، ڕاست لەو کاتەدا بەرەو کانی ماسی دوور خرایەوە.

ئێمە هەوڵی بەستنی کۆنفرانسێکمان دەدا کە دەسەڵاتی کۆنگرەی پێ بدرێ و سەرلەنوێ ڕابەری هەڵبژێریتەوە کاک سەدیق لە لایەک لەو هەوڵە دابوو و پەیوەندی بە ڕابەری پارتیەوە دەگرت (حەبیب محەمەد کەریم)و، لە لای تر نەخشەی پەیوەندی سازکردنەوەی لەگەڵ دۆست و ناسیارەکانی ناوخۆی وڵات هەبوو.

دوای دوور خستنەوەی ئەحمەد، بنکەی شێخان بە کردەوە هی لایەنگرانی ئەحمەد بوو.

لە ناوخۆی وڵاتیش (مراد) و چەند نوێنەری ئەحمەد تۆفیق بە تایبەتی لە لاجان خەریکی کۆکردنەوەی یارمەتی بوون و هەڕەشەیان لەم و لەو دەکرد، (سوارە سەکر)

یەکێک لەو کەسانە بوو کە لەو پەیوەندییەدا دەهات و دەچوو، تفەنگ و تەقەمەنیش لە بنکەی شێخانەوە دابین دەبوو، گۆیا کاک سەدیق ئەم مەسەلەی لە لای (سەدیق ئەفەندی) و (فەڕانسو) درکاندوە و هەر لەبەر ئەوەش سوارە سەکر گیراوە و دراوەتەوە بە ئێران.

ئەو کارە بە گوێی ئەحمەد دەگاتەوە و تەندووری تووڕەیی دەهاروژێنێ و بڕیاری کوشتنی دەدا، حەسەنی برازای ئەحمەد جێبەجێ کردنی ئەو کارەی دەخرێتە ئەستۆ.

لە هاوینی ١٩٦٦ تەنیا سێ ڕۆژ دوای ئەوە لە لێوژە بە یەکەوە لەگەڵ کاک سەدیق و سالار و مەلا سەید ڕەحمان و سەعید نانی نیوەڕۆمان خوارد و ئەو بۆ دیتنی حەبیب بەرەو قەسرێ. جێگای ڕادیۆی شۆڕش چوو بوو بە دەنگۆ کە کاک سەدیق نانی نیوەڕۆی بەجێ هێشتوە و نەگەڕاوەتەوە، ماوەیەکی زۆر شایعەی سەیر سەیر لەم بارەوە بڵاو دەکرایەوە، پەیگیری و دواکەوتن بە دوای ئەو ڕووداوەدا نیشانی دا دوای ئەوەی حەسەنی برازای ئەحمەد تۆفیق لە جەماعەتی ڕادیۆی شۆڕش دووری خستۆتەوە و بەرەو (وەسان) هەڵکشاون ئیتر سەدیق بە زیندوویی نەبینراوەتەوە، حەسەن گۆیا حاصل، محەممەد حەرەس و دوو کەسی تریشی لەگەڵ بووە.

کاک هەژار ئەگەر لە بیری مابێ و حاشای لێ نەکا خۆی ساڵی ١٩٧١ باسی چاوپێکەوتن و هەرەشە و گورەشەی ئەحمەدی کرد کە ئەگەر وابێ و وا بکرێ وەک سەدیقی کە (تۆپاندوویەتی) بەرهەڵستکارانی تریشی دەتۆپێنێ، چەند مانگ دوای بێ شوێن بوونی کاک سەدیق برادەرانی (حشع) لاشەیەکی سەربڕاویان لە چەم دۆزیبۆوە کە پێیان وابوو دەبێ کاک سەدیق بێ.

ئەوجار نامەی سەعید کوێستانی، بۆ کەریمی حیسامی:

برای بەڕێز کاک کەریمی حیسامی، وێڕای سڵاو هیوادارم هەر شاد و کەیف خۆش بی، بەرگی سێیەمی بیرەوەریەکانت کە پشتەکەشت ئیمزا کردبو گەیشت سوپاست دەکەم.

کاکە گیان لە لاپەڕەی هەوەڵدا داوات کردوە کە ئەگەر کەسێک لەسەر ڕوداو، یان شەهید بونی کەسێک ئاگاداری هەیە بۆم بنێرێ تۆماری دەکەم و بە چاپی دەگەیەنم، پێم خۆشە وەک شتێکی زۆر پێویست لەسەر کاک سەدیقی هەنجیری ئازەر چەند دێڕێک بنوسم هیوادارم بتوانی یادێک لەو برادەرە شۆڕشگێڕ و تێکۆشەرە بکەی.





ساڵی ١٩٦٤ کاک سولەیمان موعینی نامەیەکی بۆ نووسی کە بێتە کوردستان و، تاران بەجێ بێڵێ و بێ. لە نامەکەدا داوای لێ کردوە کە بێت بەڵکو لەو سەردەمە مێژووییەدا بتوانێ نەخشی بنەڕەتیی هەبێت و ناکوکێ نێو حیزب چارە بکات. کاک سەدیق دێتە مەهاباد و لەوێڕا برادەرانی حیزبی دەیگەیەننە سونێ.

............. کاک سەدیق بۆ یەکیەتی و پتەویی حیزب لە هەموو دەرفەتێک کەڵکی وەردەگرت و دڵسۆزانە خەریکی کار و بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی حیزبی بوو.

کاک سەدیق بۆ ئەوەی هێندێک دەستی ئەحمەد تۆفیق کورت کاتەوە هاتە باڵەکایەتی لە گوندی دەربەند لە دۆڵێکدا خانوویەکمان گرت و دوور لە پێش چاوی دوژمنان پێکەوە لەوێ دەژیاین و، کادرەکانی حیزبی و برادەرانی کومەیتەی ناوەندی جاروبار ئەگەر کارێکی زەروریان هەبایە دەهاتنە دەربەند و، پاش وتوێژ دەگەڕانەوە بۆ لای سونێ.

هاوینی ١٩٦٦ بۆ مەسەلەیەکی گرینگی دەرون حیزبی کە مەبەست پتەوکردنی حیزب و نیزیک بوونی زیادتر لە پارتی بوو، سەفەرێکمان بەرەو لێوژە کە دەفتەری سیاسیی پارتی لەوێ بوو ڕێک خست، لەوێ لەگەڵ حەبیب محەممەد و هێندێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی قسەی کرد و بەرەو دوا گەڕاینەوە، شەوێ گەیشتینە مامەڕووت.

مامەڕووت چەند تەپکێکە لە نێو جەنگەڵ و چەند ئەشکەوتێکی تێدایە، لەوێ ئێزگەی ڕادیۆی کوردستانی لێ بوو کە ئێواران هەواڵەکانی شۆڕشیان لێ بڵاو دەکردەوە.

لە مامەڕووت شەوێ میوانی کاک خالیدی حیسامی بووین، بۆ شەوێ کاک سەدیق دەبوایە بمێنێتەوە چونکە بەیانی قەرار بوو بچێتە لای مستەفا بارزانی بۆ هێندێک وتوێژ لە مەڕ وەزعی حیزب و ئەو وەزعەی کە پێک هاتبوو، هەروەها لە مەڕ ئەو مەترسیانەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ بۆ کادر و ئەندامانی حیزب پێک دەهات.

دەبوایە منیش بگەڕێمەوە بەرەو دەربەند بۆ هێندێ شت کە دەبوایە بکرێن و، وردە وردە جێگاکانمان بگوێزینەوە و نیزیک سنوور و جادەکان چۆل کەین.

قەرار وا بوو کاک سەدیق پاش دیتنی بارزانی بگەڕێتەوە بۆ دەربەند بەڵام تا سێ ڕۆژ خەبەرێکی نەبوو، من دوای سێ ڕۆژ چوومەوە مامەڕووت لای کاک خالیدی حیسامی و پرسیاری کاک سەدیقم لێ کرد، وەڵامی دامەوە کە چۆتە لای بارزانی و هاتۆتەوە ئێرە و

نەهاری خواردوە و، کیسەکەم بۆ پڕ کردوە لە توتن و ڕۆیشتوە، وەپاش چەند ڕۆژ جارێکی دیکە چوومەوە بۆ پرسیار ئەوجار قسەکەی پێشووی لە بیر نەمابوو و گوتی: کاک سەدیق لیباسەکانی خۆی لەسەر چۆمی شوشت و گوتی سەفەرێکی دوورم لە پێشە و زۆرم پێ دەچی زۆرم نان بۆ دانێ، بەهەر حاڵ کاک سەدیق لە مامەڕووت سەری تێدا چوو تەنیا کاک خالیدی حیسامی دەزانێ قاتلی کاک سەدیق کێیە..

پاش ماوەیەک برادەرانی حیزبی شیوعی عیراق لە چۆمی نێوان گەڵاڵە و دەرگەلە کەلاکێکی بێ سەریان دیتبۆوە لە نێو و نیشانەکانی دەردەکەوت کە دەبی کاک سەدیق بێ کوژرابێ.

پێم خۆشە ئەوەشت عەرز بکەم کە کاک سەدیق کەوتبوە بەر ڕق و تووڕەیی ئەحمەد تۆفیق چونکە بەڕاستی پیلانەکانی ناوبراوی بە تەواوی تێک دابوو و، لێی هەڵوەشاندبۆوە و باڵی چەپی حیزبی هێندێک بەهێز کردبوو.

........................................................................... کاکە گیان جا ئەوە گۆشەیەکی بچووک لە بەسەرهاتی کاک سەدیقە هیوادارم ببێتە مایەی ئەوە کە شتێکی لەسەر بنووسی و یادێکی لێ بکەی. ئیتر خۆشیت برات سەعید کوێستانی ١٥/١/٨٩).

...... یەک دوو تێبینی لەسەر ناڕاست بوونی وتەکانی سەعید کوێستانی هەیە کە نابێ لێرە بەسەریاندا باز دەم: یەکەم هەر سەدیق میوانی من بووە نەک ئەویش کە دەڵێ شەو میوانی ئەو بووین، دووهەم: لە جارێک زیادتر بە دوای هەواڵی سەدیقدا نەهاتۆتەوە کە دەڵێ جاری دووهەم چووم، ئەو جارەش چۆن هاتوە و چۆن ڕۆیوە هەموم دەق و دوغری پێ گوتوە. سێهەم: سەدیق هەر لە منی نەویستوە نانی زۆر بۆ دانێم و نەشیگوتوە سەفەری دوورم لەبەرە و، ئەگەر گوتباشی لەو بن بەردانە من هیچ تەبەکە نانم لە لا نەبوو لەبەردەستی دانێم و هیچی واشم لە لا نەبوو پزووی ڕێگەی پێ بکێشم و بۆی نیزیک کەمەوە و ئەوانە هەر ڕاش نەبوردوون و هەمووی سەعید خۆی سازی کردوون و، هەرچی ئەویش گوتویە کەریمی حیسامی بەبێ ئەوە بزانێ ڕاستە یان درۆ، یان بیر لەوە بکاتەوە کە ئەوە دەبێتە ماڵ لەسەری بۆی چاپ کردوە و لەگەڵی بۆتە هاودەنگ و تەشقەڵەی پێوە دەکا.





بە دوای نامەی سەعید کوێستانیدا کەریمی حیسامی دەڵێ:

شەوی ١٩٨٩/٣/٢٦ لە شاری لین شوپینگ لە ماڵی حامیدی گەوهەرێ بووم، مەلا حەسەنی ڕەستگار و دوو سێ برادەری تر هاتنە ئەوێ، بەو سیفەتە کە مەلا حەسەن کاتی شەهید بوونی کاک سەدیق لەو ناوچەیە بووە و، لەگەڵ جەرەیانی سیاسیی ئەو دەمدا بوە و دۆستی کاک سەدیق بوە بە دەرفەتم زانی کە باسی بێ سەر و شوێن بوونی سەدیقی هەنجیری لەویش بپرسم، کاک مەلا حەسەن لە وەڵامی پرسیاری مندا گوتی: کە خەبەری ون بوونی سەدیقمان زانی وەدوای کەوتم چوومە لای خالیدی حیسامی لە ڕادیۆی شۆڕش چونکە سەدیق لە کن خالیداغا نانی نیوەڕۆی خواردبوو، خالیداغا گوتی: سەدیق لای من بووە دوای نان خواردن کتێبێکی وەرگرتوە چوە لەو سەرە بیخوێنێتەوە و ئیتر نەهاتۆتەوە، بەڵام ڕاستی!! نەدەکرد.

پاشان بڵاو بۆوە کە حەسەنی برازای عەوڵای ئیسحاقی کوشتوویەتی و، گۆیا حاسڵ و ئەوانیشی لەگەڵ بوە، پێشتر دەمانچەیەک بە حەسەنی برازای (ئەحمەد تۆفیق) بووە کە دەمانچەی مرۆڤێکی بەڕێز و ناسراوی کورد بوە.

لێم پرسی ئەو مرۆڤە ناسراوە کێیە من دەیناسم؟

مەلا حەسەن گوتی: عەوڵای مام سەعیدییە. جارێک لێشم پرسی ئەو دەمانچەی تۆ بۆ بە حەسەنی ئیسحاقی بوە؟ چرژا و، تێکچوو و گوتی (ڕاستە ماوەیەک دابووم بە حەسەنی ئیسحاقی).

مەلا حەسەن لە کۆتاییدا گوتی: (بێ شک خالیدی حیسامی ئاگای لە کوشتنی سەدیقی هەنجیری هەیە).

پاش ون بوونی سەدیقی هەنجیری بابی بەدوای سەر و شوێنیدا وە دوای کەوتبوو بۆ کوردستانی عیراق، ناوچەی شۆڕش و، چەند جار چووبوە لای مەلا مستەفا، بەڵام هیچ سوراغی نەکردبوو و، تا ئێستاش بە تەواوی ڕوون نەبۆتەوە کە کاک سەدیقی هەنجیری بۆچی و لەسەر چی کوژرا و سەر بەنیست کرا؟.

لێرەدا دەبێ پیرۆزبایی ئەو کەشفە گەورە لە کەریمی حیسامی و حەسەنی ڕەستگار و هەڤاڵە دڵسۆزەکانی!! تری سەدیقی هەنجیری بکەم منیش وەک وان هەر ئەوەم پێ باشتر

بوو کە لە شرت و گوم بوونی سەدیقی هەنجیری گەڕێن هەتا بیست سی ساڵێک پێدەچی و دوایە بەسەر کەسێکی دابێنن و لێی گەڕێن بەو شەرتە کەس نەپرسێ: ئەرێ کاکە ئەوە چۆن بو ئێـوە ئەو مـاوە دوور و درێژە گـوێی خـۆتان لێ ئاخنی بوو و، ئەورۆ لە نوێ هەڵەسونتان هێناوەتەوە و فرمێسکی بە درۆی بۆ هەڵدەوەرێنن؟

کێ ڕێی لێ گرتبوون ئەگەر لە جەنگەی ون بوونەکەیدا هاتبان و هەر لە ئیزگەوە هەتا ئەو جێیە کە لێی بزر بوە لێتان کۆڵیباوە و، زانیباتان ئەو کەلاکەی حیزبی شیوعی دۆزیویەتەوە و، بە داخەوە بۆتە بەرماوی قەل و داڵ و گورگ و ڕێوی کێیە و، چۆن کوژراوە و، چیی وای پێوە نیشانی بدا ئەوە سەدیقە یان نا کە ئەو دەم شوێنی تاوان و تاوانباریش چاکتر هەڵدەگیرا چونکە نوێ بوو، یان دەترسان لەوەدا پێی خۆتانی «لە باڵەکانی ڕاست و چەپی حیزب» بێتە نێوێ و ڕیسواتان کا؟

دیارە شک و گومانی وان بەڵگە و مەدرەک و هەبوونی سەبەب و هۆکاریشی لەسەر گومان لێکراوەکان پێویست نییە و، هەر تەنیا قسەی خۆیان بۆ بە هەڵەبردنی خەڵک و داپۆشینی گەندەڵکاریەکەیان بەس و، باوەڕ پێکراوە!!.

خۆ ئەوان باش دەزانن کە سەدیقی هەنجیری لە عیراق نە دوژمنی هەبوو و نە کەس دەیناسی نە بە چاک و نە بە خراپ و، منیش هەروەک ئەو خەڵکەی تر هەتا ئەو ڕۆژە نەهاتۆتە ئیزگە نە قەتم دیوە، نە هەڤاڵ حیزبیم بوە، نە وردە حیسابم لەگەڵی بووە، نە شەریکە ملکم بووە، نە خەڵکی شارێکیش بووین کە شتێکمان لە بەیندا بووبێ ئیتر من بۆ دەبێ ئاگام!! لە کوژرانی سەدیقی هەنجیری بووبێ ئاخر نابێ ناوێکی هەبێ؟

من لە ئەشکەوتی سەردیمانی باڵەکایەتی بەخۆم و دەمانچەیەکەوە ئەگەر ئاگام لە کوژرانی سەدیقی هەنجیری لەسەر ڕووباری دەرگەلە ڕێگەی سێ چوار سەعات دوور هەبێ دەبێ بۆ چوون و هاتنەوە باڵم گرتبێ و کڵاوی سەخرە جندیم لەسەر نابێ بەڵام ئەگەر واش بێ وەڵامی ئەو پرسیارە هەر دەمێنێ کە ئەنگیزە و هاندەری من لەو باڵ گرتنەدا دەبێ چی بووبێ؟

هەموو کەس دەزانێ لە کوردەواری کەس نیە میوان ڕووی تێ نەکا، هەرکەس لە قەدەر خۆی و کەسیش هەر قسە و هەستان و دانیشتنێکی میوان کردی ناینووسێ و لەبەری ناکا





بۆ ئەوە کە سبەینێ بیکاتە بەڵگە و، من کەشف و کەراماتیشم نەبوو کە سەدیق ون دەبێ هەتا کەنگێ هاتوە و کەنگێ ڕۆیوە و چیی گوتوە هەمووی لەبەرکەم و دوایی بۆ خەڵکی بگێڕمەوە.

هەر ئەسڵی خۆی هاتن و ڕۆیشتنی ئەو وەک ڕووداوێک بۆ من گرینگ نەبوو هەتا خۆم بەوەوە ماندوو کەم، میوانێکە هاتوە و ڕۆیوە، من شتی زۆر لەوە گرینگترم لە بیر چوە و ئێستە پێویستم پێیان هەیە وەک بیرەوەری بیاننووسم و بۆیان داماوم و نایەنەوە بیرم هەر لە وتەی پیاوی گەورەوە بگرە هەتا ڕووداوی گرینگ لە ژیانی خۆمدا.

لەبەر ئەوە من هەر چەند تاوانی ون بوونی سەدیقی هەنجیری ناخەمە ئەستۆی کەسێکی تایبەت بەڵام بە دڵنیاییی دەڵێم کە ئەندامانی حیزبەکەی خۆی نەبێ کەسی تر دەستی لەوەدا نییە و، کوشتنی سەدیقی هەنجیری هیچ دەرد و ئیحتیاجێکی هیچ کەس چارە ناکا ملمـلانەی حیزبیی لێ دەرچێ جا ئەگەر لەبەر شێوەی بیرکردنەوەی، ئەگەر لەبەر ئەو زانستەی پێیانەوە شک دەبرد و ئەگەر ئەوانە هەردووکیان بێ.

هەڤاڵەکانی سەدیق پاشەڕۆژی چالاکیی سەدیقیان لە کوردستانی عیراق بەو زانستەوە لەبەر چاو بوو و، دەیانزانی زۆر پێ ناچێ دەستی نەخوێندەوار و لێنەهاتوەکان دەبەستێ و هەڵیان دەپەسێرێ و ئەو دەم پەژیوانی دادیان نادا، جا بۆچی بێڵن وای لێ بێ و، کار!! بدەنە دەست خۆیان؟ هەر ئەو ئەنگیزە و خەیاڵەی کە چەند ساڵ لەوە پێش بوو بە هۆی ئەزیەت و ئازاری کـاک هێـمن و لەو ڕێگایەدا و لەو بوارەدا هیچ مەخسەرە و گۆسامەندێک نەما بەسەری نەهێنن، بەڵام باش بوو ئەو ئازا بوو و هەر چۆنی بوو سەری خۆی لە ناو دەرکردن و لە خێر و بێریان چوە دەر و لە داخان چوو بوو بە نۆکەری عەجەمان بە نانە زگی و، هەتا مرد لە ورمێ لە ژێر سایەی واندا دانیشت و کوردستانی بەجێ هێشت.

سەرەڕای هەموو هێزی ئەو بڕوایەش من نە لەسەری پێ دادەگرم و نە منەتیشم بەوە هەیە حەسەنی ڕەستگار و سەعید کوێستانی ئەو ڕاستیانە دەسەڵمێنن یان نا و، لە قەدەر تێگەیشتنی خۆیان هەر چۆنی حیسابی دەکەن با بیکەن، من باوەڕم بە خۆم و کردەوە و ڕابوردووی بێ دڵۆی خۆم هەیە، حەسەنی ڕەستگار با بشڵێ: خالیدی حیسامی ئاگای!!

لە کوژرانی سەدیقی هەنجیری هەیە، بێ شکم ڕاست !! ناکا و ئێوەش دڵنیا بن کە ئەوە کەلاشی مام ئاشەوانیە لەسەر زگی خۆی هەڵیدەگرێ بەلام با لەسەر زگی یەکی وای دانێ کە چەپەڵکاریی لێ بوەشێتەوە وەکو خۆی. سوپاس بۆ خوا من نە چاوبەستن و درۆ و دەلەسە دەزانم نە نەخۆشیی خۆ سەپاندنم هەیە و، نە هەست بە کەمبودیش دەکەم.

دڵسۆزیی کەریمی حیسامی بۆ کاک سەدیق (کە هەر ناوی فامیلمان وەک یەک کەوتوە دەنا خزمایەتیمان نییە) جێی سوپاسە، هەر بێجگە لەوەش تەواریش کەریم لە خزمەتی هەڤاڵەکانی تریشیدا قسوری نەکردوە و لە هەموو گەشتێکیدا کە لە کوردەواری بەناوی چالاکی و ڕاپەڕاندنی کاروباری حیزب پێی هەستابێ ئەگەر ڕێی کەوتبێتە ماڵی هاوڕێ و هەڤاڵە حیزبیەکانی خۆی لە دەرفەتێکدا دەستی مەرحەمەتی بۆ کابانی ماڵیش درێژ کردوە و دواییش ڕاستیی لە خۆی گوتوە بۆ ئەوە کە شانازیی پێوە بکا، یان باشتر بڵێم بە ڕووی خانەخوێکانی داداتەوە، کە من پێم وایە هەر ئەو بەشە لە بیرەوەریەکانی کە جێی شانازیی خۆیەتی بۆ ناساندنی ئەو قارەمانە!! بەسە و ئیتر پێویستی بە کاغەز ڕەشکردنەوە و ڕیس و گوریسەکانی تر نەدەکرد.

دیارە خاوەنی ئەو ئەخلاقە نە خۆی نرخی دەبێ نە قسەکانی جا با کۆنە گزیریش بێ.

بە داخەوە کاک کەریمی حیسامی ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕێڕەوی ڕێبازی پێشەوا و سەدری قازی و سەیفی قازی و پارێزەری ناموس و کەرامەت و شەرەفی کورد!!! لە مستەوای ئەندامی بەناو کومیتەی ناوەندیدا لەو ئەزموونە سادە نمرەی تەنانەت لە خوار سفریشی لە کۆمەڵ وەرگرت و گەل ئەو چاوەڕوانیەی لێی نەبوو، یانی ئەوەی نەدەبوو لەگەڵی بکا لە داوێن پیسی و بێ ئەمەگی لەگەڵی کرد و بە سەرشۆڕیی خۆی تەواو بوو، ئەوەی دەبوو بۆی بکا لە خزمەت و تێکۆشان پێی نەکرا و بۆی بوو بە بەڵگەی لێنەهاتوویی و بێکارەیی، دیسان بەداخەوە.

لە دوای ڕاوەستانی ئیزگە ئیشی من کەوتە سەر چاپخانە کە ئەو کاتە لە ناوچەی باڵەک لە گوندێک بوو بە ناوی (سوورەبان)و، دوو گۆڤاری (دەنگی پێشمەرگە) و (ڕۆژنامەی خەبات)ی دەردەکرد، ئەو گوندە لە دیلمان (شوێنی دانیشتنی مەلا مستەفا) نیزیک بوو، زۆر جار دەرفەتی دیتنی دەهاتە پێش، ڕۆژێک کاک مەسعود بارزانی لە دیوەخانەکە





شاهنامەیەکی بە دەستەوە بوو دەیخوێندەوە گوتی: حەز دەکەم بزانم چیرۆکەکانی شاهنامە و شەڕی ئەو پاڵەوانانە چۆن بووە بەلام باش سەرم لە فارسی دەرناچێ، حەز دەکەم هێندێک لەو شەڕانە بە کورتی ئەگەر بۆت کرا بیکەیە کوردی، ئەگەر ماوەم هەبوو دەیخوێنمەوە، عەرزم کرد زۆر باشە، کتێبەکانم لەگەڵ خۆم بردە سوورەبان کە لە حەوت جلد دابوو.

حەوتەیەک یان دوو حەوتە بەشێکم لێ وەردەگێڕا و بۆم دەنارد، نازانم مەلا مستەفا ئەوەی لە کوێ بیستبوو، ڕۆژێک لە دیلمان فەرمووی: تۆ ئەم إتاعەتە چییە کردووتە؟ شانامە چۆن تەرجومە دەکرێ؟ عەرزم کرد وەختی بێ کاری خەریکی دەبم ڕێگەی هیچ ئیشێک ناگرێ، فەرمووی نەخێر ڕازی نیم، کە چوویەوە دەبێ کتێبەکانی بۆ بنێریەوە ئەمە لە توانای کێدا هەیە؟ دیارە منیش ئەمرەکەم بەجێ هێنا و نەک هەر لەوەدا کە پێی وابو بە وەرگێڕانەکەیەوە ماندوو دەبم و پێی ناخۆش بوو بەڵکو لە تەواوی ژیانی دەربەدەریمدا هەستم بە لوتف و دڵسوزیی و ڕێزی ئەو ڕێبەرە گەورە دەکرد کە لە سەرانسەری ئەو ماوەدا بە هیچ شێوەیەک بێ دڵێی منی نەکرد تەنانەت یەک جاریش، کە من خۆم شیاوی ئەو هەموو لوتف و ڕێزە نەدەزانی و، بێگومان ئەوەش لەبەر لێوەشاویی من نەبوو بەڵکو پێویستی گەورەیی خۆی بوو کە لەگەڵ هەموو کەس بە جێی دێنا و لەگەڵ من زیادتر.

فەرقی بارزانی لەگەڵ باوکم هەر ئەوە بوو کە باوکم وا دەبوو لێم تووڕە دەبوو بەلام ئەو قەت لێم تووڕە نەبوو و، وەک باوکیش بە هەموو خەمی منەوە هەبوو و، هەر ئەو لوتفەی ئەویش بۆتە سەرچاوەی تەقدیری تەواوی خانەوادەکەی بەگەورە و گچکەوە کە ئەو ڕابوردوە ڕەچاو دەکەن و من لە وەفا و ئەمەگ زیادتر نازانم ناوێکی تری لێ بنێم.

نازانم چەند مانگ لەسەر چاپخانە بووم، وام لە بیرە لە ساڵێک کەمتر ڕۆژێک لە مەکتەبی سیاسییەوە ئاگاداریان کردم لە چاپخانە بگوێزمەوە بۆ مەکتەبی سیاسی و لە بەشی دارایی ئیش بکەم کە ئەو کاتە مەکتەب لە ناوپردان بوو، بەشی عەسکەری و دارایی و، پاراستن و، ئیدارە هەر یەکە بە جیا و لە ژێر چاوەدێریی مەکتەبی سیاسیدا ئیشیان دەکرد، (م. س) ئەو بڕیارەی بەبێ ئاگاداری من دابوو، دەبێ لێرەدا پێ لەوە بنێم کە لەسەرەتای کاری پێشمەرگایەتیمدا مەلا مستەفا منی فەرز دەکرد و لەو زیادتر کەس منی نەدەناسی، ڕاکردووی تری وەک من لە کوردستانی ئەو دیوەوە زۆر بوون و دیارە



هێدی لە خزمەت شێخ عوبەیدوڵلای
نەخش بەندی‌دا لە گوندی زینوێ


منیش هەر حیسابی یەکێک لەوانم بۆ دەکرا بەڵام لە ماوەی کاری ئەو چەند ساڵەدا لەگەڵ شۆڕش جەماعەتیش دەرفەتی هەڵسەنگاندنیان پێ درابوو، ئەوجار ئیتر بە بێ ئەمری بارزانی و، تەنانەت بەبێ ئاگاداریی خۆم لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ئیشی منیان دەگۆڕی چۆنی بە باشیان زانیبا.

کوردستان بە دوو بەشی سۆران و بادینان دادەندرێ کە بەشی بادینان لەسەرێ قەندیلو، لە خوارێ ڕووباری (موسا کاوێ) کە لە سنووری ناوچەی باڵەک و بارزانەوە تیرەی دوڵۆمەری تێدەپەڕێ لێکیان جودا دەکاتەوە، لە نیزیک ڕەواندز ئەویش دەڕژێتە ناو (زێ)ی گەورە و، ئەو سنوورە بە زێی بادینان دەسپێرێ هەتا دەگاتە دەجلە و بەشی بادینان هەموو هەرێمی لیوای موصل دەگرێتەوە بە لای سوریا و تورکیادا.

ناوچەی سۆران هەروەک بەرفرەوانترە هێزی پێشمەرگەشی زیادتر تێدا بوو، لە ڕوانگەی ڕێک و پێکی و تەنزیمی سوپاییییەوە هەر چەند بێ کەم و کوڕیش نەبوو بەڵام زۆر لە ناوچەی بادینان باشتر بو کە هێشتە لەوێ لە کاروباری لەشکریشدا هەر ڕێ و شوێنی







لای ڕاست: هێدی
لای چەپ: شێخ مستەفای نەخش بەندی گوندی زینوێ

عەشایری ڕەچاو دەکرا و ئەوەش زۆر بە پێچەوانەی ویستی مەکتەبی سیاسی بوو و، ئەسپاردەی پێشەکیشی بۆ من لەو ئاڵوگۆڕەدا بێجگە لە پێکەوە بەستنەوە و، پەیوەندی ماڵی، لابردنی ئەو کەم و کوڕیانە لەو ناوچە و، ئەرک ناسین و هەست بە لێپرساوی کردنی هەموو جەماعەتێک لەو چوار هێزە بوو کە فەرماندەکانیان:

١- ئەسعەد خۆشەڤی بارزانی، مزوری هێزی مەتینا لە قومری، دوایی گۆڕا بو بە لەشکری یەک.

٢- عیسی سوار بارزانی، تیرەی مزوری، هێزی زاخۆ لە گوندی(ئەرمشت).

٣- عەلی خەلیل بارزانی، تیرەی مزوری هێزی دهۆک لە گوندی (گەڵ ناسک).

٤- حسۆ میرخان بارزانی، تیرەی دوڵۆمەری هێزی ئاکرێ و شێخان لە گوندی (باصفر).

پێش ئەو دەم بۆ کاروباری سوپایی و ماڵی ئەو چوار هێزە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە

بارەگای بارزانییەوە هەبوو.

محەممەد مەحمود عەبدولڕەحمان کە لە دواییدا لە لایەن بارزانییەوە بە وەزیری ئاوەدان کردنەوەی کوردستان دیاری کرا ئەو کاتە لێپرسراوی بەشی دارایی بوو، لە یەکەم سەفەرمدا بۆ بادینان هێزی ئاکرێ و شێخان تووشی ئالۆزی هاتبوو، نیزیکەی دوو سەد و چل پێشمەرگە لە عەشیرەتی مزوری لەگەڵ غازیی حاجی مەلۆ بە چەکەوە نافەرمانییان کردبوو، لەبەر ئەوە ئامیر هێز (حسۆ میرخان) نوێنەرێکی لە جێی خۆی دانابوو و خۆشی لەگەڵ پێشمەرگەی تر چووبوون دەورەیان لەو جەماعەتە دابوو کە نیازی دەرچوونیان لە هەرێمی هێز هەبوو.

بۆ ئیدارەکردنی ئەو پێشمەرگانە لە جەبهە کە ژمارەشیان زۆر بوو هێز پێویستی بە مەسرەفی زۆر هەبوو بەڵام مەکتەب ئەو تێبینییەی نەکردبوو. ئامیر هێز کە لە دوای سێ ڕۆژ لە جەبهە هاتەوە گوتی: بەبێ سەرفی ئەو إعتبارە یارمەتی وەرناگرین، ناچار بە بێتەل عەرزی بارزانیم کرد کە ئەویش فەرمووی: ئەو پارەی پێتە لەوێ بەجێی بێڵە و خۆت بگەڕێوە.

لە دوای ئەو ئەمرە ئامیر هێز کە لە باری تەنزیمەوە هێزەکەی تووشی ئالۆزی و بێ سەر و بەری ببوو گوتی: لێرە کەس بۆ دابەش کردنی یارمەتی و لێک کردنەوەی جاش و باش و ساغ کردنەوەی لیستەکانی هێز نییە و، بەبێ کۆمەک ناکرێ بە تایبەتی لەو کاتەدا کە ئەو جەماعەتە ئالۆزییان خستۆتە هێزەکەوە، لەبەر ئەوە داوات لێ دەکەم هەتا ئەو کارانە ئەنجام دەدرێن لێرە هاوکاریم بکەی.

کە دیارە لەبەر ئەمری بارزانی من نەمدەتوانی ئیتر لەوێ گیر بم و، کە گوتم ئەوە دەبێتە بێ ئەمری و بە من ناکرێ ئەویش دیسان داوای ئیجازەی مانەوەمی لە بارزانی کرد کە بە دوای ئەوەدا بارزانی بە بروسکەیەک فەرمووی: لە بارزانی بۆ خالیداغا. خۆت یارمەتیی هێزی ئاکرێ و شێخان دابەش کە و، بۆ پێکهێنانەوەی هێز یارمەتیی حسۆ بدە و، ئەگەر ئیشتان تەواو بوو بگەڕێوە.

چەند ساڵ هاتوچۆ و ماندوویی و شەکەتیی ناو ئەو شاخ و داخە ڕژد و چڕەکە لە باڵەکایەتییەوە بۆ سنوورەکانی سوریە و تورکیە بە پێیان بە دە ڕۆژ و جار دەبوو بە دوازدە ڕۆژ دەمبڕی و، لە ناوچەکانی: باڵەک، بارزان، زێبار، نەهلێ، شەمکان، خازر، ئەترووش،





مزوری، دۆسکی، زاخۆ، سندی، گولی. تێدەپەڕی و دوایی لە ڕووباری خابور دەپەڕییەوە کە لە سوریاوە دێتە ناو خاکی عیراق و، لەوێوە دەهاتەوە ناوچەی بەرواریی باڵا و پایین و، لەوێوە ئەو ڕێگە بە ئامێدی و دەشتی زێیەدا دەگەیشتەوە بارزان و زێی گەورە. ئەگەر هیچ کەڵکی تری نەبووبێ ئەوەندەی هەبوو تاڵ و سوێریکی زۆری پێ چێشتم و، بیرەوەریی زۆر و زەوەندی بە دواوە بوو کە لە هەموویان شیرینتر زیارەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی بوو لە گوندی بارزان یان (پایتەختی بارزان).

لە مێژ بوو ئەو ئاواتەم هەبوو دەستی نەدەدا، ساڵێک پێش ئەوەش لە گوندی ڕێزان کە بە هەڵکەوت کاک ئیدریس و کاک مەسعودیش لەوێ بوون بۆ ئەو مەبەستە دەمویست ڕێگەیەک بخەمەوە بارزان کە ڕێبازی منیشی زۆر نەدەگۆڕی، بەڵام کاک ئیدریس ئەو کاتە هەر چەند لەڕێوە دەری نەبڕی ئەمما گەیاندی کە: جەماعەت لە مێژە چاوەڕێت دەکەن، لەو وتە ئەوەم خوێندەوە کە ئەو زیارەتە دەبێ بکەوێتە هەلێکی باشتر کە ئەو دەم دڵۆیەک لەو لا هەبوو.

ساڵێک دوای ئەو ڕۆژە لە گوندی بارزان شێخ عوسمان کوڕی شێخ ئەحمەد من و چوار پێشمەرگەی تری هاوڕێمی بە ڕووی خۆش و ڕێزەوە وەرگرت و، هەر ئەو کاتە چوو عەرزی شێخ ئەحمەدی کرد کە من بۆ زیارەتی ئەو چووم، کە ئەو تەشریفی هێنایە دەر بۆ دیوەخان شێخ عوسمان لە ژوورەکەی خۆیەوە لەگەڵم هات چووینە خزمەتی، بەڵام ئەو دانەنیشت و گەڕاوە ژوورەکەی خۆی کە لە پەنای دیوەخانەکە بوو، لەوێ بە ئیش و کاری خەڵک ڕادەگەیشت.

کورسییەک لە لای سەرووی دیوەخانەکە بۆ شێخ ئەحمەد داندرا بوو لەگەڵ مێزێکی گچکە کە ئەویش چەقۆیەک و دوو سێ چیلکەی لەسەر داندرا بوو، پڕ بە دیوەخانەکەش خەڵکی تر ڕاوەستابوون.

شێخ ئەحمەد منی لە تەنیشت خۆی دانا و، زۆر لوتفی لەگەڵم کرد و، تاوێک دوای ئەوە کە خۆی لەسەر سەندەڵییەکەی دانیشت ئیجازەی دانیشتنی بە جەماعەتیش دا و فەرمووی:

(ڕونینە خوارێ) کە هەموویان بارزانی بوون و ئەوانیش هەر بۆ زیارەتی شێخ هاتبون،

ماوەی ئەو دوو سەعاتە «پێش نیوەڕۆ» کە لە دیوەخانەکە دانیشت بەشی زۆرتری لەگەڵ من دەدوا و، هەر لەوەزعی خۆم بگرە هەتا عەشیرەتی دێبۆکریی ئەو دیو و، چاندنی دەغڵ و دان و، حاڵ و ئەحواڵی ئاغاکانی دێبۆکری کە هێندێکیانی دەناسی وەک مەحمود ئاغای ئێلخانی زادە و، ڕاوی بەراز و، هەروەها ئەسپ و ماینی ڕەسەن کە وەختی خۆی لە موکریان چاوی پێیان کەوتبوو پرسیاری دەکرد، منیش ئەوەی دەمزانی جوابم عەرز دەکرد.

لەو ماوەدا هیچ کەس لە خۆیەوە لە ڕووی ئەودا قسەی نەدەکرد هەتا خۆی نەیدواندبا لەو بەینەدا بارزانیەک هاتە ژوور کە دوو بێچوە ورچی گرتبوو و هێنابوونی لە چلۆنایەتیی ڕاوکردنی ئەوانیش پرسیاری کرد، یەکێکی تریش هات شکایەتێکی کرد کە شکایەتەکە و وەڵامەکەشی کە زۆر کورت بوو، شێخ فەرمووی «بە خودێ ئەڤە کاری شەیتانییە»، هەردوکیان سیاسی بوون و داستانێکی هەیە کە پەیوەندی بە وەزعی ناوخۆی ئەو کاتەی بارزان و خورشید ناوێکەوە هەیە.

نیزیک نیوەڕۆ شێخ لە ناو جەماعەت هەستا و بەمنی فەرموو: ئیستراحەت بکە جارێ.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە کە لەگەڵ شێخ عوسمانیش بە پیاسە بۆ کۆڵانی باخەکان ڕۆیشتین باسی مەسەلەی زۆر گرینگی هێنا گۆڕێ کە لە گەڕانەوەمدا بۆ دیلمان هەموویانم عەرزی مەلا مستەفا کرد، لەو دانیشتنەدا کە هەر من و ئەو بووین مەلا مستەفا زۆر بە وردی و بەسەرنجەوە ماوەی سێ سەعات لەو شتانەی دەکۆڵیەوە کە من لە شکایەتی کابرا و وەڵامی شێخ ئەحمەد و، قسەکانی شێخ عوسمان عەرزم کرد بوو و زۆری گرینگی پێدان و بڕوای خۆی لەسەر دەردەبڕین و، هێندێ شتی ڕوون دەکردەوە و دەگەڕاوە بۆ سالانی ڕابوردوو، بەڵام لەبەر ئەوە کە ئەو شتانەی چ لەگەڵ شێخ عوسمان و، چ ئەوانەی بە دوای ئەودا لەگەڵ مەلا مستەفا باسم کرد لە نهێنییەکانی ئەو خانەدانەن لێرەدا لێیان تێدەپەڕم ئەویش لەسەر ئەمری خۆی کە فەرمووی:

(إحتفاظ بەم شتانە بکە).

کە دوای ئەو دانیشتنە هەستاین بڕۆینە دەر مەلا مستەفا ئەو شیعرە فارسیەی خوێندەوە:

(مردباید کە در کشاکش دهر      سنگ زیرین آسیا باشد).

(پیاو دەبێ لە گێرە و کێشەی زەمانەدا وەک بەرداشی بنەوەی ئاش بێ).





سبەینێی ئەو ڕۆژە کە لە بارزان بە هۆی شێخ عوسمان داوای ئیجازەی ڕۆیشتنم لە شێخ کرد لەگەڵ ئیجازەکە چوار دارجگەرەشی لوتف کردبوو.

هەتا پێکهاتنی ١١ی ئازار لە بەینی شۆڕش و حکومەتی عیراقدا من لەسەر ئەو ئیشە مام و، لە ماوەی ئەو چوار ساڵ هاتو چۆ و ڕەزالەتەدا نە لەسەر پردی موسا کاوێ کەوتمە ناو ڕووبارەکە کە لە بەرزایی بیست میترەوە دوو داریان لەو بەری شاخەکەوە بۆ ئەو بەری شاخ بەسەر ڕووباردا ڕایەڵ کردبوو بێجگە لەوە کە هەردووک دارەکان پەخ بوون و مایل بوون بە لای ڕاستەدا و بە هاسانی قاچ لەسەری گیر نەدەبوو، هەر قاچت دەنایە سەری دەشبوو بە جۆلانە و وەک ئیسپرینگ هەڵدەستا و دەنیشتەوە و، شانسی خۆشم! لە ناوەڕاستی پردەکە هەڵیش خلیسکام چونکە بێجگە لەوە کە بنی پێڵاوە لاستیکەکانم لووس ببوون بارانیش باریبوو دارەکانی سەر پردی هێندەی تر لووس کردبوو ڕووباریش لە خوارەوە هەر هاڕەی دەهات و کورد گوتەنی ماری دەپساند و، ئەگەر تێ کەوتبام ئەو لە فڕۆکە گورجتر دەیگەیاندمە ناوەڕاستی (شط العرب).

ئێستەش من نازانم ئەو ڕۆژە چۆن خۆم لەسەر ئەو پردە چەقاندەوە کە هەردووک دەستم بە کیفی پارە و چەکەوە گیرابوو و گرانایی وان و فیشەک و ساجور هێندەی تریش دایان دەگرتم بۆ لای خوارووی پردەکە و ناو ڕووبار کە هێندێک چرپیی تەڕیشی بەسەرەوە بوو ئیتر ئەو بە یەکجاری کارەکەی خراپ کردبوو و، بڕستی لێ بڕیبووم.

پێشمەرگەی مەقەڕی شێخان (جەرجیس) کە بۆ شارەزایی لەگەڵ ئێمە هاتبوو هەرچی کردمان و حەولمان لەگەڵ دا لە خۆیڕا نەدی بێتە سەر ئەو پردە و، هەر لەوێوە گەڕاوە بۆ مەقەڕ، بەڵام هەڤاڵەکەی تری (شمس الله) بە دوای مندا لە پردەکە پەڕیەوە.

هەروەها نە لەکەڵەکی زێی گەورەشدا کەوتمە ناو ئاوی زێیە کە لە خوار گوندی شڕە و سەرکەڤرێوە هەتا گوندی ڕێزان ماوەی بیست و پێنج دەقیقە منی بەناو ئەو لافاوە لێڵ و خوڕەدا کە ئەو دەشتەی هەموو داگرتبوو و، کۆلکە دار و تەختە سەهۆڵی لەگەڵ خۆی دێنا و دار و پنچکی بەری ڕێزان و گوندی بلێی وەبن خۆی دابوو، کەڵەک بەسەریاندا دەڕۆیشت و هەر لۆنگەشی نەکرد کە بە لایەکدا بکەوێ و خولۆرم کاتەوە بۆ ناو ئەو قوڕاو و کەفەو.

نە بە داخەوە لە دەسڕێژی فڕۆکاندا لە بیر و باصفران گوللەیەک بۆ لای من هات کە ماوەی پەنجا و پێنج دەقیقە لە ناکاو هاتن ئێمەیان دایە بەر بە هەموو پێشمەرگەکانی مەقەڕەوە کە نیزیکەی سەد کەس زیادتر ئەو ڕۆژە لەوێ بون و، لەوە زیادتر کە خۆم لە ناو شێوەردی پێش مەقەڕەکە لە عەرزی دەم هیچی تر نەدەکرا و، لە هەموو دەسڕێژێکی فڕۆکەکاندا قابوغە فیشەکەکان بەسەر مندا دەهاتنە خوار کە زوربەی هێرشەکەیان بۆ سەر دۆشکەکانی هێز بوو کە لەو سەر و سەری گوند ئەوانیش تەقەیان لە فڕۆکەکان دەکرد و ئەگەر شانس !! هێنابای قابوغێکیش منی ڕزگار دەکرد.

هەروەها نە بەداخەوە جاشەکانی حکومەت لەسەری پیرس فیشەکێکیان هەبوو!! لە گورچوی منی دەن کە ڕێگەی هاتوچۆی ئەو چەند ساڵەم بەو هەموو پارەوە بەبەر دەمی واندا بوو، لانی کەم هەموو جارێ ڕێگەی سێ چوار سەعات دەبوو بە ناویاندا تێپەڕم و، سەر و بەری ڕێگەی تاقی کەمەوە هەتا لە شاخی پیرس ئاوا دەبم بە دیوی نەهلێدا، یان لە گوندی چاربۆتەوە بۆ لای گوندی نەپاخی و گەلیی نیێی تێدەپەڕیم کە ئەو گەڵیە گلاوە نووسینی ناوەکەشی وەک پێدا ڕۆیشتنەکەی ناخۆشە یاخوا وێران بێ و نە لە ڕەوەزەکانی چیای شەهێ لە ناو زێباریان هێسترەکەم نسکۆیەکی برد کە سەرەنگرێ بێ بۆ خوارێ و سەری منیش بە گاشە بەردێک دادا مێشکی سەرم بە کونە تفنکمدا بێتەوە دەر.

بەڵێ لەو بەلایانە لە هیچیاندا هیچم بەسەر نەهات و، ئەو هەموو ماندوویی و، برسیەتی و، ترس و، بێ خەویە لەگەڵ من هیچیان پێ نەکرا و هەر مام بۆ ئەوەی هومێدی خۆم بە دەستی خۆم بنێژم و، کەساسی دوای بارزانی ببینم و، ئەو ژیانە چەرمەسەرێیە درێژە پێ بدەم.

تەنانەت نەخۆشیش پێم نەوەستا کە سەردەمێک وام لێ هاتبوو کاتێک لە ڕێگە دەڕۆیشتم بە هەر لایەکدا ئاوڕم داباوە بەلادا دەهاتم و دەکەوتم، ڕۆژێک کە لە مەکتەبی سیاسی لە ناوچەی شارۆش بێ هۆش بووم ڕەوانەی لای دوکتور حیکمەتیان کردم لە گوندی (بۆڵێ)، ئەویش گوتی لەجەر بوە دەبێ بەینێک خواردنی هەبی بیخوا و بێتەوە سەرەخۆ هێندێک دەرمانیشی پێدام کە بەڕاستی زۆر کەڵکیان هەبوو و خۆم پێ گرتەوە.

ئەو سەردەمە لە هاوینی ساڵی ٦٥ زایینی یانی ٤٤ هەتاویدا کە لە گەلالەی ناوچەی





باڵەکایەتی بووم لەبەر ئەوە کە هەموو شوێنێک لەبەر بۆمباران چۆڵ کرا بوو ماوەی ٥-٦ مانگ خواردنم ئەگەر ڕۆژێک باش بوایە نان و تەماتە بوو، ئەگەر تەماتەش نەبوایە نان دەماوە بەتەنێ و، هیچ شتێکی تر وەگیر نەدەکەوت مەگەر کەسێک ماڵی خۆی هەبا و، هەرکەسیش بە ماڵ و منداڵی خۆیەوە لە شاخێک یان لە ئەشکەوت و بن بەردێک خزیبوو.

خوێنەری خۆشەویست ئەو ڕۆژانەش نایەنە ژماردن کە بێجگە لەوە بە برسیەتی دەمامەوە جگەرەیەکیش نەبوو بیکێشم و زۆریش ڕازی بووم، ئاخر دەمگوت بۆ کوردستانە.

کاتێک بەیانی ١١ی ئازار دەرچوو شۆڕش و حکومەت پێک هاتن و ناوچەی باڵەک کە هەتا ئەوکاتە هەر سەرکردایەتی شۆڕشی لێ بوو و شوێنی شەڕی هەرە قورس بوو ئەو جار گرانایی سیاسەتی هەموو عیراق کەوتە ئەوێ و، هەر لە دیاری کردن و دانانی وەزیر و کاربەدەستی گەورەوە هەتا مووچەخۆری ژێرا تری ئیدارات و، گاردی سنوور هەمووی بە ئەمری بارزانی جێبەجێ دەکرا و، هاتو چۆی کاربەدەستە گەورەکانی حکومەت بۆ دیتنی مەلا مستەفا بە عەرز و حەوادا پسانەوەی نەبوو، کە ئەوجار بێ ترس و بەڕاشکاوی دەیانتوانی چاویان بە سەرۆکی قارەمانی گەلی کورد، سوڵتانی شەڕی پارتیزانی بکەوێ و، ئەو ناوچەیان بەپێ و قەدەمی خۆیان ئاوەدان کردبۆوە، کە هەتا ئەو دەم ماوەی نۆ ساڵ لەبەر دەسڕێژی تۆپ و فڕۆکە و بۆمبارانی وان مێش لەو ناوە نەیدەتوانی بفڕێ و، لە گرمە و، تەقە و، زرمەی بۆمبا و، ڕاکێت و ڕەشاش زیادتر هەستی ترت گوێ لێ نەدەبوو، زیندەوەر هاتوچۆی پێ نەدەکرا.

پێ بەپێی ئەو کاربەدەستانەش کە هەر لەوەزیر و سەرۆک ئەرکانی جەیش هەتا پیاوانی گەورە و ناسراوی بێ لایەن لە ناویاندا هەبوو سەرۆک جاشە کوردەکان بەتاسە و گەرمیەکی زۆرترەوە ئەو ڕێگەیان بۆ زیارەتی بارزانی دەپێوا کە هەر لە سایەی سەری ئەو بوو ئەگەر پاروە نانێکیان لە جاشەتی وەگیر دەکەوت و، ئەوانیش هەست و دڵسۆزی خۆیان!! بەرانبەر بە گەلی کورد و ڕێبەرە قارەمانەکەی دەردەبڕی و داوای لێبوردنیان دەکرد کە گوایە وەنەبێ دڵسۆز!! نەبن بۆ گەلی کورد و سەرۆکەکەی بەڵام بەرژەوەندی وان لەوەدا بوە پێشمەرگە بکوژن و ماوەی سێزدە ساڵ بچن لە بن پیلی حکومەتەوە، ئەو سەرکردە و، ئەو شۆڕشە و، ئەو گەلە بە شەڕی نەخوازراوی خۆیانەوە خەریک کەن.

سەرکردایەتی بە دڵێکی فرەوانەوە و، بە گیانی لێبوردنەوە گەورە و گچکەی ئەوانی بە ڕێزێکی زۆرەوە وەردەگرت و، تەنانەت داوخوازی و گیروگرفتی وانیشی لە هەموو ڕوویەکەوە چارەسەر دەکرد لێرەش گەورەیی کاری خۆی دەکرد و وا دەبوو خەڵاتیشیان لە سەرۆکی گەلی کورد وەردەگرت کە دیارە: (چنین کنند بزرگان که کرد بایدکار).

پێشمەرگەش وێڕای سەرۆکە عەزیزەکەیان هەستیان بەسەربەرزی و شانازی دەکرد کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵە کوێرەوەری و شەڕە دژوارانەدا خزمەتی کوردستان و گەلەکەی خۆیان بە هەموو تواناوە کردبوو و، هیچ کەم و کوڕی و نالەباری و ناتەواویەک سەری بەوان نەچەماندبوو، بێ ئەوەی بۆ ئەو خۆبەختکردنە چاوەڕێی تەقدیر و سوپاسیش بن حازرن لە قۆناغی داهاتوشدا ئەرکی گەلپەروەری بگرنە ئەستۆ لە هەر سەنگەرێکدا پێویست بێ.

ئەو ماوە کورتەی لێ دەرچێ کە لە سەرەتای کاردا لە ناوچەی پشدەر و بیتوێن بووم دەتوانم بڵێم ماوەی تری پێشمەرگایەتیم مەگەر سەفەری ناو هێزەکانی بادینانم کردبا دەنا هەمووی لە ناوچەی باڵەک تێپەڕی کە ئیزگە و مەکتەبی سیاسی و چاپخانەش کە شوێنی ئیش کردنی من بوون هەرسێکیان مەقەڕیان لەوێ بوو و، لەبەر ئەوە دەرفەتی شارەزا بوون و ناسراویی زیادترم لەسەر ئەو ناوچە و خەڵکی ناوچەکە هەبوو.

ئەو ناسیاوییە لەگەڵ هێندێک لە بنەماڵەکانی ئەو ناوە هەر لە پلەی ناسیاویشدا نەما و بوو بە دۆستایەتی و ئۆگری و تێکەڵاوی، وەک ماڵی شادڕەوان ئەحمەد ئاغای کوڕی حەمەد ئەمین ئاغای ناوپردان و، کاک ئەحمەد و کاک مەحمود لە گوندی شێخان نیزیک شوێنی مەقەڕی (م. س)، کە پێم وایە پێشمەرگە قەرزداری خزمەت و، دڵسۆزی و ماڵی سەر ئاواڵەی وانە.

لەوێ هەورازتر بە لای سنووردا گوندی زینوێ هەبوو ناوەندی حەسانەوە و پاڵدانەوەی ناسراو و نەناسراو بەڕێز و خزمەتێکی واوە کە بە درێژایی ئەو هەموو میواندارییە نەک هەر کەمی نەدەکرد بەڵکو ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادی دابوو و، چ ئەو میوانانەی کە لەوێ وەک خانەخوێیان لێ هاتبوو هێند لەوێ مابوونەوە و، چ ئەو میوانانەی بە ڕێبواری ڕێگەیان لەوێ دەکەوت هەموویان بیرەوەریی خۆش و لە بیر نەکراویان لە پەزیرایی ئەو ماڵە شێخە هەیە کە بە دڵخوازی خۆیان نە لەسەر گۆشت و پلاوی چەور و نەرم پەکیان دەکەوت نە





لەسەر گاڵتە و نوکتە و پێکەنین و، هەمیشە کاک شێخ مستەفا کوڕی گەورە و جێگری شێخ کە یادی بەخێر ژمارەیەک لەو کەسانەی لە لابوون کە پێکەنینیان دەخولقاند و، لەوەدا مامۆستا بوون وەک مەلای ڕەشی مەشهور و، کەسانی تری وەک ئەو کە بە داخەوە ناوی هەموویانم لە بیر نەماوە.

جەنابی شێخ عوبەیدیللا باوکی کاک شێخ مستەفا لەو تەمەنەدا و، بەو کەسایەتییە گەورەی خۆیەوە تەنیا لەبەر ڕێزی میوان لەو هەموو گاڵتە و جەفەنگە ڕووی تێک نەدەنا هەر چەند زۆربەی ئەو فشە و فشقیاتەش وا دەکران کە ئەو ئاگای لێ نەبوو، هەر بەڕاستی ڕووی لای ویشیان نەبوو، بەڵام کاک شێخ مستەفا لێیان تێر نەدەبوو، مەلای ڕەشی دەنگ دەدا و بە خەڵکیەوە دەنا جا هەرکەس ویستبای و خۆشی پێیان پێ دەکەنی، هەر چەند خۆشی پێ نەدەپارێزرا لە چەنگ پلاری ئەو مەلاڕەشە، ڕیش درێژە، جنێو فرۆشە، ڕەقەڵە، ددان شاشە، چاو زەقە، داڵ گۆشتە، سەحەت سوکە.

سەرەڕای ئەوە گوندی زینوێ دوکان و بازاڕەکەشی دەورێکی هەبوو لە پێکهێنانی پێداویستیەکانی پێشمەرگەی ئەو زەماندا کە دەستیان نەدەگەیشتە بازێڕە گەورەکان بەڵام هەرچی بێ گوندی (زینوێ) ئەگەر ناوی هەیە لە سایەی ڕێز و ڕابوردووی ئەو بنەماڵەیە نەک لەبەر دوکان و بازاڕ و مەسەلەی داهاتی کەم و زۆری گوند و، نووسینی ئەو چەند دێڕەش لە داب و دەستور و ناوەندیەتی ئەو ماڵە لێرەدا شتێکی وا نییە تەنیا هەر من بیزانم بەڵام گۆشەیەک بوو لەو شتانەی کە لەمەڕ باڵەکایەتی باسیان دەکرا وەک لایەنی ستراتیژییەکەی کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا لێی دواین دەنا خەڵکی ئەوە دەزانن کەسێک میوانداریی مەلیکی پێ بکرێ ڕێزگرتن و خزمەتی میوانی تری لە لا هاسانە، ئەوەش هیچ کە هەر نەریتی خۆیان ئەوەیان بەسەردا فەڕز دەکا.

لە دوای ڕاوەستانی شەڕ و بڕانەوەی گرم و هۆڕی تۆپ و بۆمبا ڕۆژێک لە مەکتەبی سیاسی لە دویان ناردم گوتیان: ئەوە ئێمە لەگەڵ حکومەت ڕێک کەوتووین و ئەو چەند ساڵە ئێمە ئەگەر نەمانتوانیوە لە عیراق بۆ ناو شار و بازێڕ بچین بۆ ئەودیو چووین بەڵام تۆ نە لێرە و نە لەو دیو نەتتوانیوە بچی، لەبەر ئەوە دوو مانگ ئیجازەت هەیە لەسەر حیسابی ئێمە بۆ هەر جێیەک خۆت حەز دەکەی بچی.

گوتم: باشە دەچمە بەغدا، دوکتور مەحمود گوتی زۆر باشە ئەگەر بچیە ئەوێ بێگومان

ئەحمەد تۆفیق بزانێ تۆ لەوێی دێ بۆ لات بزانە ئەوە چ هەڵەیەک بوو تووشی هات، لە دوای ئەو هەموو خزمەتە هۆی چیە پاڵی وە حکومەت داوە؟.

ماوەیەک بوو ئەحمەد تۆفیق لە ناوچەی بەرواریی باڵاوە لەگەڵ سێ هاوڕێی خۆی چووبوە بەغدا و حکومەت بە پەناهەندەی سیاسی وەری گرتبوون و مەعاشی بۆ بڕیبوونەوە.

وا دەزانم بۆ زوربەی خوێنەران ئەحمەد تۆفیق کە کوردێکی تێکۆشەری ئێران بوو، لە عیراق ماوەیەکی زۆر چالاکی و خەباتی دژی ڕژێمی شا هەبوو نەناسراو نییە کە خزمەتی زۆری بە هەڤاڵەکانی خۆی و شۆڕشی ئەیلول هەبوو لەبەر ئەوە لە ناساندنی ئەو و، خەباتی و، هۆی ڕۆیشتنی بۆ عیراق و، بەسەرهاتە تاڵ و ناخۆشەکەی دەگەڕێم کە چیرۆکێکی دور و درێژ و پڕ ماجەڕای هەیە و، دەزانم ئەگەر ئەو گلۆڵەیە هەڵوێزنم لە زۆر جێ تووشی گرێ و گرفنچک دێم کە دەبێ بکرێنەوە و، ئەگەر بکرێنەوە سەری لێ هەڵدەبێ و دەبێ بە دوایدا بڕۆم کە بێگومان ئەو هەودایە زۆر باریک دەبێتەوە و دەگاتە جێی ناسک و، لەو چارەنووسەدا کە تووشی هات پێی هێندێ لە هەڤاڵەکانی خۆشی دێتە نێوێ کە دیارە کەسیش ئەو پارێزگاری و گێچەڵ کرینەی نەخستۆتە ئەستۆی من و، بێ لایەنێک هەر بۆی نییە دەست لە کاروباری حیزب وەردا و، دڵی زیندوو بێشێنێ بۆ مردوو، ئەو کێشە پەیوەندی بە هەڤاڵەکانی خۆیەوە هەیە کە لەوەدا شارەزایی لە من زیادتریان هەیە و ئەرکی وانە پێی هەستن «ئەگەر هەڤاڵی هەبێ».

لە ون بوونی سەدیقی هەنجیریدا با بە ڕواڵەتیش بێ ئەو شینگێڕی و تەشقەڵانەیان بەم و بەو کرد و، بۆ ئەو پیلانەش کە لەسەر ئەحمەد تۆفیق کرا و سەری تێدا چوو کەس هەر مێشێکی میوان نەبوو و لە کولەکەی تەڕیشدا باسی نەکرا کە هیچ نەبێ ئەویش هەر لە ڕەشڕا بەسەر کەسێک دابێنن و هەقی هەڤاڵەتی بێننە جێ، بەڵام بۆ ئەو تەنانەت ئەوەندەشیان نەکرد، خۆ ناکرێ بڵێن ئەو باڵی ڕاست بوە دەبێ خۆی زیندوو بێتەوە و خەمێ لە خۆی بخوا، خوا بکا ئەو ماستە هیچ مووی تێدا نەبێ!!

(هوتێل بێخال) لە بەغدا لە شەقامی جمهوری مەکۆی کوردەکانە کە زوربەیان دۆست و ناسیاو بوون و خاوەنیشی کوردێکی خەڵکی سلێمانی بوو، لەبەر ئەوە منیش لەوێ جێی خۆم کردەوە و، هەر ڕۆژە بە شەقام و گەڕەکێکی شاری هارونە ڕەشید و باڵوڵ و ئەمین و





مأموندا دەڕۆیشتم و چاوم دەگێڕا کە هەتا ئەو ڕۆژە هەر لە چیرۆکدا ناوم بیستبوو، دایە پیرە هەر حیکایەتێکی شەوانە وەختی نوستن بۆی دەکردین سەرەتاکەی هەر ئەوە بوو: سوڵتان مەحمود و هەیاسی خاس و حەسەن مێمەندی شەوێک لە شاری بەغدادا دەگەڕان، بێجگە لەوە کە نازانم سوڵتان مەحمود لە بەغدا چی دەکرد و، بۆچی هەموو شەوێ لە غەزنەین و هێڕاتەوە دەگەیشتە بەغدا و لە کۆڵانان دەگەڕا و چۆن دەگەیشتە وێ، من بە پێچەوانەی سوڵتان مەحمود ئێواران کە وڵات فێنک دەبوو لە شاری بەغدادا دەگەڕام و، هەر لە شەقامەکانی: ئەبو نەواز و، سەعدون و، ڕەشید و، جمهوری و، باغی وەحشەوە هەتا موزە و، تاقی کیسرا و باب الشیخ یانی بارەگای حەزرەتی غەوث (قدس الله سره العزیز) و پارکی گشتی. ئەوەندەی لە دەستم دەهات دەگەڕام و، هیچ وەک سوڵتان مەحمود سەریشم بە دەرک و پەنجەرەی خەڵکدا نەدەگرت و خۆم لە بن دیوارانیش مات نەدەکرد، ڕاستە و ڕاست بە شەقامدا دەڕۆیشتم و، لە جیاتی جلکی دەروێشیش چاکەت و پانتوڵێکی پاک و خاوێنم لەبەر کردبوو.

گەرمای شاری بەغدا ئەو کاتە کە مانگی جۆزەردان بوو لە جەنگەی نیوەڕۆدا دەگەیشتە پەنجا و جارجار یەک دو پلە کەمتر بوو کە بۆ لاوەیی بە تایبەتی خەڵکی کێوپارەکانی کوردەواری توێنەرەوە بوو و ئیتر لە تاو هەڵاتەوە هەتا لای ئێوارێ دەبوو هەر چۆنێ بێ لە ناو هوتێل ڕاببرێ، بەڵام شەوانە بایەکی هەتا ڕادەیەک فێنک دەهات کە دیارە ئەویش هەوای ئاوی دیجلە بوو کە بە ناوەڕاستی شاردا تێدەپەڕی.

شەقامی ئەبو نەواز کە دەکەوێتە سەر دەجلە لەبەر هاتوچۆی پاپۆڕ و لۆتکە و دیمەنی تر لە شەقامەکانی تری بەغدا دڵگرترە.

هەموو سبەینەیەک پێش ئەوە لە خەو هەستم ئەحمەد تۆفیق دەهاتە لام و هەتا ئێوارێ لەوێ و لە دەرەوە هەر پێکەوە بووین، لەو بەینەدا چەند هەڤاڵی تریشی کە ڕابوردوویەکیان پێکەوە هەبوو هاتنە بەغدا و هەموو ڕۆژێ ڕاز و گلەیی و پیلە دەستی پێدەکرد بەڵام لەبەر ئەوە کە قسەکانیان هەموو هەر شێو و وەرد دانەوەی حیکایەتی ڕابوردووی بەینی خۆیان بوو کەس نەیدەتوانی لە ناویاندا لەسەر شتێک ساغ بێتەوە و بەلایەکدا قەرارێک بدا، بەڵام ئەوەندە ساغ دەبۆوە کە لە تاوان وەپاڵدانی یەکتری قسور ناکەن، ئەو شەڕە دندوکە هەتا من ڕۆیشتم بۆ ئوروپا هەر درێژەی هەبوو بێ ئەوە هیچیان

ببەزن یان سوودێکی لێ وەرگرن.

ئەو برادەرانەی بە چەشنێک پەیوەندیان بەو ئیشەوە هەیە دەزانن مەبەستم چیە و لەچی دەدوێم، ئەگەر بۆ خوێنەری تر ڕوون نییە هەر مەسەلەکەش لە بنەڕەتدا بۆ وان گرینگ نیە، بە تایبەتی کە ئێستە نیزیکەی سیی ساڵ لەو کاتە تێپەڕیوە و، ئاڵوگۆڕی گەورە لە هەموو بارێکەوە لەو شتانەدا لەو دیوە و دیو و هەر بەتێکڕایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕووی داوە و، ئەوە لە بیرەوەریەکی بچووک بەولاوە هیچی تر نییە.

بەڵام ئەحمەد تۆفیق بۆچی پەنای بۆ حکومەتی بەغدا بردبوو؟ هەر چی لەو ماوەدا دۆزیم و سەر و بنم کرد هەوەڵ و ئاخری قسەی هەر ئەوە بوو کە: دەترسام ئەسعەد خۆشەڤی تەسلیمی ئێرانم کاتەوە.

(ناوچەی بەرواریی باڵا شوێنی دانیشتنی ئەو دواییەی ئەحمەد تۆفیق لە هەرێمی لەشکری یەکدا بوو کە ئەسعەد خۆشەڤیی بارزانی فەرماندەی بوو) بەڵام من کە تاڕادەیەک لە ڕابوردووی ئەو ئاگادار بووم و دەمزانی بارزانی خزمەتەکانی ئەوی لەبەر چاوە نەمدەتوانی ئەوە بسەلمێنم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو مەترسیە لەسەر ئەو هەبێ، چونکە نە بارزانی بەوە ڕازی دەبوو نە ئەسعەد خۆشەویش بەبێ ئەمری ئەو شتی وای دەکرد، کە ئەو یانی ئەسعەد خۆشەڤی کەسێکی واش نەبوو سەری بەجێیەکی ترەوە بەند بێ و شتێکی وا بکا و لە لای مەلا مستەفاش ناوێکی تری لێ بنێ کە ئەو دەم کەم کەس دەستی دەیگەیشتێ شکوای خۆی پێ بگەیەنێ.

بێجگە لەوەش بارزانی لە زۆر سەفەردا کە لە بادینان دەهاتمەوە بە وردی لە ژیانی ئەحمەدی دەپرسی و نەیدەویست کەم و کوڕی لە ژیانیدا هەبێ، تەنانەت لە خەمی ئەوەشدا هەبوو ماڵی بۆ پێکەوە نێ و ڕۆژێک فەرمووی: ئەگەر زانیت ئەحمەد حەز بەوە دەکا ژن و ماڵی هەبێ مەسرەفی لێ بکە.

دوای ئەوە کە ماوەیەک لە بەغدا بووم ڕۆژێک بە تەلەیفون قسەم لەگەڵ ئەو برایەم کرد کە لە ئاڵمانی ڕۆژئاوا لە شاری بڕلین بوو، گوتی: من دێم بۆ بەغدا دەبێ تۆش لەگەڵم بێیەوە ئێرە خۆت معاینە بکەی و بەینێک لێرە بی و دوایی بگەڕێیەوە، من کە ئەو ئیجازەم وەرنەگرتبوو گوتم: بەبێ ئەمری مەلا مستەفا ناتوانم بێمە وێ بەڵام ئەو گوتی من





هەر دێم تۆش ئەو بەینە هەتا من دێم عەرزی بارزانی بکە ئەگەر ئیجازەی دای ئەوە پێکەوە دەگەڕێینەوە، ئەگەر ئیجازەشی نەدا چەند ڕۆژێک پێکەوە دەبین دوایی من دەگەڕێمەوە، بچۆ سەرێ عەرزی بکە، من سێ ڕۆژی تر دەگەمە وێ.

ئەو کاتە مەلا مستەفا لە حاجی ئۆمەران بوو، گەڕامەوە ئیجازەم لێ وەرگرت، ئەمری کرد: نامە بنووسن بۆ کاک سامی لە بەغدا کە ئەو کاتە وەزیری ئاوەدان کردنەوەی کوردستان بوو پاسپۆرتم بۆ وەرگرێ بۆ ماوەی دوو مانگ و ڕەوانەی دەرەوەم کا، ئەویش لە ماوەی سێ چوار ڕۆژدا ئەو ئیشانەی جێ بەجێ کرد و، ئەگەر لە حاجی ئۆمەران گەڕامەوە بەغدا دوکتور حەسەن لە هوتێل بێخاڵ بوو و چاوەڕوانیی منی دەکرد، ئیتر دوای ئەوە بە چەند ڕۆژ سوار بووین بۆ بڕلینی ڕۆژهەڵات کە شیرکەتی فڕۆکەی هانترفلوگ سەر بەوان بوو، ئێمە بلیتی ویمان هەبوو.

لەوێوە بۆ بڕلینی ڕۆژئاوا وەڕێ کەوتین و شەو گەیشتینێ، ئەو فڕۆکە سەعات دەی بەیانی لە بەغدا هەستا و، لە ڕێگەدا جارێک لە دیمەشق و، جارێک لە نیکۆزیای پایتەختی قبرس نیشت و بێنزینی هەڵگرت و دوای ئەوە بە درێژایی دەریای مەدیتەڕانەدا (بحر أبيض متوسط) هاتەوە سەر خاکی فەڕانسە و، لەوێوە چۆوە بڕلینی ڕۆژهەڵات کە ماوەی شەش سەعات زیادتر هەر لەسەر ئەو دەریایە فڕی و تەواو نەدەبوو لەگەڵ ئەوەش کە فڕۆکەکە جێتی چوار موتوڕە بوو، ئیتر من لەو بەینەدا خەوم لێ کەوت و، لەسەر شاری پاریس کە نوێژی شێوانێکی درەنگ بوو وەخەبەر هاتم چرای شار دیار بوون و ئەگەرچی پاریس کەوتۆتە لای ژوورووی فەڕانسە بەڵام لەوێوە دیسان گەڕاوە بۆ بڕلینی ڕۆژهەڵات کە دەبێ بەسەر ئاڵمانی ڕۆژئاوادا تێپەڕێ و بێتەوە بڕلین لە بەشە ڕۆژهەڵاتەکەی ئاڵماندا. کە ئەگەر من شوێنی هاتوچۆی فڕۆکەکانی ئەو شیرکەتەم دیاری کردبا بە فڕۆکەوانەکەم دەگوت:

هەتیو!! لە قبرسەوە بەسەر یۆنان و، یۆگوسلاوی و، ئوتریش و، چکوسلۆواکیدا بڕۆ و لە ئاڵمانی ڕۆژهەڵات بنیشە، ئیتر تۆ چت بەوە داوە دە سەعاتی تەواو بەسەر درێژایی دەریایی مەدیتەڕانەدا هەر بڕۆی و تەواو نەبێ، بۆ بەسەر پانایییەکەیدا ناڕۆی هەر دەسبەجێ لەوێ خۆت بە عەرزی دادەی؟

هەر لە ناو فـرۆکە دانیشـتم مـیوانداری فـرۆکە هات جەعبـەکەی پێش منی کردەوە و، چەترێکی لێ دەرهێنا کە قایش و قروشێکی زۆری پێوە بوو، ماوەیەکی زۆر هەر گوتی:

ئەگەر ئەو فرۆکە سووتا یان لەبەر هۆیەکی تر کەوتە خوارێ ئەو قـایشە لێرە ببەسـتە و ئەوەیان لێرەت توند کـە و، ئەوەش لێرە گـرێ دە و، ئەوەشـیـان لێرەت قـایم کـە و، بەناو لینگت دا بیـهـێنەوە هەتا ئێـرە و، کـە ئەویشت بەست ئەوجـار لەو دەرگـایەوە کـە لە بەرانبەرتە خۆت فڕێ دە خوارێ، گوتم: ئەوەی پێ ناوێ من نەک هەر لە ناو فرۆکەدا ئەگەر بسـووتێ و بکەوێتـە سـەربەقـولات لێـدان، ئەگـەر لە ناو ژوورێکیـشـدا دانیـشم بە دوو سـەعـات ئەو قـایش و قـروشـەم پێ نـابەسـترێ جـا خـۆت مـاندوو مـەکـە، هەر وەختـێک فرۆکەش کەوتە خوار لێی گەڕێ با بکەوێ و منیش لەگەڵ خۆی بەرێ کە بە داخەوە ئەویش نەکەوت کە هیچ نەبێ خوێندنەوەی ئەو هاتەران پاتەرانەش لە کۆڵ ئێوە بێتەوە.

برلین بە پێـچـەوانەی پـاریس شـارێکی ڕۆناک نەبوو و، ئەوە شـتـێکە ڕێبـوار لە ڕێوە هەستی پێدەکا بە تایبەتی ئەگەر لە شەودا بگاتە جێ.

یەکەم کـارم لە شاری برلین فەحس و ئازمایشی گشـتیی خۆم بوو کە جار جار دڵم لێی دەدا سەرەڕای لێدانی سروشتی خۆی و، زۆرتریش ئەو لێدانە لە کاتی ئیسـتڕاحەتدا دەبوو، خۆم پێم وابوو ئەگەر وەزنم زیاد دەبێ ئەو لێدانە دەس پێدەکا.

منیـان بردە ژووری موعایەنە و لە پێش دەزگایەک ڕایانگرتم و، دوای ئەوە هەمـوو لەشم هەر لە سـینگ و پشت و ڕان و، شـان و دڵەوە هەتا باسک و بەلەکم گـوێچکەی ئاسنی بچووکیان پێوەنا ئیتر کابراش خۆی لە ژوورەکە ڕۆیشـتە دەر و، دیار بوو لە ژوورێکی تر نەتیجەی بە دەستەوە دەدا، بەڵام هەرچی بێ دوای معاینەکە بە منیـان گوت لە دەوروبەری دڵ هێندێ ڕەگ و عـەسـەب و ئەوانە هەن هەر یەکـەی کـارێک ئەنجـام دەدەن یەکـێک لەو ڕەگانەی دڵی تۆ واجبی خۆی نابینێ، نابێ تۆ جگەرە بکێشی.

ئەو کاتە بە دوکتورەکەم گوت من جگەرەی خۆم دەکێشم ئەویش واجبی خۆی دەبینێ یان نابینێ کـەیفی خـۆیەتی، بەڵام چەند سـاڵ دوای ئەوە بۆم دەرکـەوت کە ئەو ڕەگـەش لەوێدا وەک خـۆم دەسـتی لاساریی هەیە و، هەتا مـن جگەرە پتـر بکێـشم ئەو توندتر لێـدەدا و، ناکرێ هیچی تر ئەو دوکەڵە بە با کەم و دەستم لێ هەڵگرت بەڵام ئیتر درەنگ ببوو و ئەو





زەرەری دەبوو بیدا دابووی و دەرچوبوو، ئێسـتە تۆڵەی ئەو ناشیگەری و لاساریەی خۆم بە دەرمان خواردن دەکەمەوە کە دیارە چارەی ناکەم و تازە سوودی نییە.

ناو کـۆمـەڵ و سـەرتاپای ژیان لە ئوروپا بۆ خـەڵکی لاوە هەمـووی سـەیر و تازەیە بەڵام سـەرنج و دقت و داب و دەسـتـوری ئاڵـمـانیـەکـان زۆر تر سـەرنج ڕادەکـێـشێ و لە هەمـوو ئاکاری ژیانیاندا فەن و، هونەر و پوختەکاری و زانین شوێنی دیارە، هەر لە ئیدارە و، شار و، بازێڕ و، وەسـیلەی هاتوچۆ و، کـارخانەجاتەوە بگرە هەتا حـاجەتی ناو مـاڵ و مۆبل و دەرک و پەنجەرە و هەسـتان و دانیشتن و ڕێزگرتن لە ئازادیی خەڵکی تر کە بۆ وێنە دەبێ بڵێم مـاوەی دوو مـانگ لە برلین دوکـتورێک ژوورەکەی بە تەنیشت ژوورەکەی منەوە بوو نە ئەگەر لە هاتوچۆدا دەرگای دەکردەوە گوێم لە دەنگی دەرگاکەی دەبوو، نە ئەوەندەی لەو ماوەدا موزیک و گۆرانیی لێدەدا دەیهێشت دەنگەکەی بگاتە من.

لە شەڕی دووهەمی جیهـانیـدا ڕۆژنامـەکان زۆر جار لە کۆشکی (ڕایشـتاک) دەدوان کە هێتلەر لەوێوە سەرکردایەتیی هێزەکانی ئاڵمانی دەکرد و، ژەنڕاڵەکانی وەک:

گـۆدریـان، براوخـیـچ، ڕۆمـێل، یۆدل، کـاتیـل، پاوڵوس. شـەڕی قـارەمـانانەیان دەکـرد، بەتایبەتی ڕۆمێل کە لەشەڕی سەحرای ئەفـریقـادا ناوی بە (روباه صـحـرا) دەرکـرد ئەو کۆشکە یەکێک لەو شوێنانە بوو کە لە برلین لە پێش شوێنی تردا ڕۆیشـتم بۆ دیتنی بەڵام هەر توانیم لە دەرەوەڕا بیـبـینـم چونکە چۆڵ بوو و کـەسـی تێـدا نەبوو، لە دەرەوەش جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ خانوەکانی تری دەوروبەری خۆی نەبوو.

بورجێکی تر لە برلینی ڕۆژهەڵات کە بەرزایی سەد و پازدە میترە بۆ دیتن دەبێ، کە خۆی ئانتێنی تەلەڤزیۆنە بەڵام سەری ڕەستۆرانە و، بە کارەبا بە دەورەی خۆیدا دەگەڕێ و پیـاو هەسـتـیـشـی پێ ناکـا و، هەتا لە نان خـواردن دەبیـەوە ئەویش جـارێک بە دەورەی خـۆیدا دەسـووڕێ و هەمـوو لایەکی برلین لەو سـەرەوە دەبیندرێ، بەڵام نۆبە وە دەست هێنـانی ئاسـانسـۆڕ بۆ سـەرکـەوتن و پەیداکـردنی سـەندەڵیی بەتاڵ بـۆ دانیـشتن و نـان خـواردن ماوەیەکی دەوێ کە ڕمێنێکی زۆری لەسەرە.

دوایی دەگەمە ئەو باسە کە وەسیلەکانی پەیوەندی گشتیی ئاڵمان ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن لەو سەردەمەدا کە دوای دەرچوونی بەیانی ١١ی ئازار و پێکهاتنی شۆڕش و حکومەتی بەغدا

بوو دەربارەی شۆڕشی کوردستان و ڕاپەڕینەکانی پێشووی بارزانی و، هەر بە تێکڕایی ڕابوردووی حکومەتەکانی عیراق و هەموو قۆناغەکانی شەڕ ڕاوەستان و دەس پێکردنەوەی شەڕ و، وەزعی کوردستانی ئەوڕۆ چیان بڵاو دەکردەوە و چۆن لە کەسایەتیی هەڵکەوتووی بارزانی دەدوان.

لە ئاخر و ئۆخری ئەو سەفەرەدا کە لە دوو مانگ نیزیک ببۆوە ڕۆژێک لە بڕلین (کاک جەمال عەلەمدار) کە کوردێکی عیراقییە و، ئەو کاتە سەرپەرستی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا بوو هاتە لام گوتی: پێوەین کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا بگرین کە ئەو ساڵ لە ئوستوکهۆڵم (سوێد) دەگیرێ و، بیستم تۆ لێرەی هاتم داوات لێ بکەم بێی بەشداریی کۆنگرە بکەی.

گوتم واللە زۆرم پێ خۆش بوو بەڵام بەداخەوە لەبەر سێ شت بۆم ناکرێ بێم دەبێ لێم ببووری، یەکەم ئیجازەم تەواو بوە دەبێ بگەڕێمەوە، دووهەم بلێتی فڕۆکەم وەختی هاتوە ئەگەر لە کاتی خۆیدا کەڵکی لێ وەرنەگرم دەسووتێ، سێهەم خۆم حازر نەکردوە و هیچم بەو بۆنەوە نەنووسیوە، گوتی: هەرسێک دەلیلەکانت بۆ ئەوە دەبن پیاو بیانسەلمێنێ مادام ناکرێ قەیدی نییە، ماڵاوایی کرد و ڕۆیی.

کاک جەمالم لەوە پێش لە ناوپردانی عیراق دیبوو کە مەکتەبی سیاسی لەوێ بوو.

ڕۆژی دوایی لە ئێوارەدا ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری کوردی سوریا و تورکیا و عیراق کە لە بڕلین بوون هاتنە لام و ئەوانیش گوتیان بۆ ئەوە هاتووین تۆش بێی لە کۆنگرەدا بەشدار بی، گوتم: دوێنێ کاک جەمال هات و هێندێ کۆسپ بۆ هاتن هەیە عەرزم کرد و، ئەویش سەلماندی و ڕۆیشت، گوتیان بەڵێ ئاخر ئەگەر ئەو هاتەوە بە ئێمەی گوت نایەتە کۆنگرە و ئێمە بۆیە هاتین بلێتی فڕۆکە لەسەر ئێمە لە شیرکەت تاریخی فڕینەکەی دەگۆڕین بۆ هەر کاتێک لە سوێد گەڕایەوە و حازر بووی بۆ چوونەوە ئەگەر شاعیریش بی هەتا دەگەیە وێ شتێک حازر دەکەی بۆ خوێندنەوە، لە لای مەلا مستەفاش چۆن خۆت دەپەڕێنیەوە کەیفی خۆتە، بەڵام دەبێ بێی.

گوتم مادام وابێ قەیدی نییە، قەرارمان دانا هەموولایەک لە کاتژمێری دیاری کراودا لە شوێنێک یەکتر بگرینەوە و بە قەتار بڕۆین، وا بزانم سەعات ١١ی پاش نیوەڕۆ بوو کە





ئێمە **٢٢** کەس بەرەو سوێد وەڕێ کەوتین کە لە ناو ئەوانەدا هەر ناوی، (حسین کیکی) لە بیرم ماوە کە خەڵکی سوریا بوو.

دەمزانی دەریای بالتیک دەکەوێتە سەر ڕێیە بەڵام وام دانابوو لەسەر دەریا قەتار دەگەڕێتەوە و، لەوێوە بە پاپۆڕ دەڕۆین بۆ سوێد کەچی لەسەر دەریا قەتارەکە خۆی بەبار و ڕێبوارەوە ڕۆیشتە ناو کەشتییەکە و، لە خاکی سوێد دیسان قەتار لە کەشتی هاتەوە دەر و لەسەر ویشکانی خەتی خۆی گرتەوە بۆ ئوستوکهۆڵم و یەکەم شاری سوید کە دەکەوێتە سەر ڕێی قەتار ناوی (مالمۆ) بوو، لەو شارەوە قەتاری ئێمەیان گۆڕی کە عادی بوو و کردیانە سریع السیر.

لەناو دەریای بالتیک لە کاتی تاو هەڵاتن من لە ناو کوپەی قەتارەکە خەوتبووم دوکتور عبدالرحمن قاسملو کە لەگەڵم لە کوپەدا بوو هەڵی ئەستاندم گوتی:

هەستە ئەو دیمەنە جوانە ببینە، تۆ شاعیری نەوەک جارێکی‌تر شتی وا بۆ تۆ هەڵنەکەوێتەوە، ڕاستیشی دەکرد وا بوو، وات دەزانی هەتاو هەر لە ناو ئاوەکە دێتە دەر چونکە لە هیچ کوێوە ویشکانی دیار نەبوو و لەو جێیەوە کە هەتاو هەڵاتبوو هەتا بن پاپۆڕەکە شوێنێکی لەسەر ئاوی دەریا کێشابوو و شەوقی لە ئاوەکەدا دیاربوو کە بە ڕاستی جوان بوو.

لەگەڵ دەست پێکردنی کار ساڵۆنی کۆنگرە لە ئوستوکهۆڵم نازانم بڵێم چەند کەسی تێدا بوو بەڵام شوێنی بەتاڵ نەبوو و هەر لە خوێندکاری کوردەوە تا کوردەکانی تری دانیشتووی ئورووپا کە ئەوانیش بۆ بەشدار بوونی کۆنگرە بەرگرییان لێ نەدەکرا لە ناویاندا هەبوو بە هەموو بەشەکانی کوردستان و کوردی لوبنانەوە.

بەرنامەی کاری کۆنگرە لە پێشدا وتاری إفتتاحی بەهۆی سکرتێری پارتی کاک حەبیب فەیلی و، بە دوای ئەودا خوێندنەوەی هەڵبەست لە لایەن هێدی نوێنەری ئیزگەی دەنگی کوردستانی عیراقەوە ڕاگەیەندرا کە خۆم دەمویست ئەو ڕۆژە بەسەر جاشەکان بڕۆم و سەرکۆنەیان بکەم و، بۆ ئەوە کە لەگەڵ کاک حەبیب قسەم کرد گوتی: ئەوە پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە هەرچی بە باشی بزانی بەڵام من پێم وایە ئەگەر باسی جاش بکەی ئەوە دەگەیەنێ کە هێشتە جاش ماون کەچی هەمووش دەزانین نەماون و ئیتر خۆت دەزانی

«لەگەڵ کاری کۆنگرە لە ڕۆژەکانی دوایی دا دەرکەوت ئەو وتە ڕاستە» و، لەو کۆنگرەدا دوو کەس دژی سەرکردایەتی دەدوان کە یەکیان ناوی یوسف زۆزان و، ئەوی تریان ئەورۆ ئەندامی پارلمانە لە کوردستان.

لەبەرئەوە پارچە هەڵبەستێکی ترم خوێندەوە بەناوی (گوڵی خوێناوی) کە باش سەرنجی کۆنگرەی ڕاکێشا و، چاوەڕوانیی ئەوەم نەبوو هێندە پێشوازیی لێ بکەن و بێجگە لەوە کە لەسەر چەند شریت وەریاندەگرت دوایەش بە چەند زمان وەریانگێڕا و، هەتا لە خوێندنەوەیان بوومەوە لێکدا لێکدا ڕەسمیان دەگرت.

سەفیری عیراق لە سوێد کە ئەویش کورد بوو و لە کاتی کرانەوەی کۆنگرەدا لەوێ حازر بوو دەعوەتی کردم بۆ ئێوارێ کە سکرتێری پارتی و نوێنەری تەلەڤزیۆنی سویدیش لەو دەعووتەدا بەشدار بوون و، لە دوای میوانداریەکە باڵوێزی عیراق لە بەرێ کردنم دا گوتی: حەز دەکەم پێش ئەوەی لە سوێد بڕۆی جارێکی تر چاومان پێک بکەوێتەوە، گوتم باشە، بەڵام دوایی کە ئەوەم لەگەڵ سکرتێری پارتی باس کرد گوتی: مەلا مستەفا ئەوەی پێ خۆش نابێ، چونکە ئەوە دیپلۆماتێکە پێم وا نیە هیچی چاک بەتۆ بڵێ، منیش گوتم ئەگەر وا بێ پێویست نیە و لێی گەڕام.

کۆنگرە لە دوای کرانەوەی کاری ئاسایی خۆی دەست پێکرد و نیزیکەی حەوتەیەک درێژەی کێشا کە: لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتی پڕوپاگاندە و، ڕامیاری و ئابووری و، بە دوای ئەوانیشدا سمینارێک گیرا دەربارەی کوردی ئێران کە لە لایەن بەشدارانی کۆنگرەوە پرسیار دەکرا و، من و دوکتور قاسملو وەڵاممان دەدانەوە.

کاتێک کۆنگرە لە کاری خۆی بۆوە و، خەڵک بڵاوەیان کرد، کوردەکانی دانیشتووی سوێد بەو بیانوە کە ئەو چەند ڕۆژە لەبەر ئەوە کە کاری کۆنگرە بەردەوام بوە تۆمان وا نەدیوە، گوتیان حەوتەیەکی تر نابێ لێرە بڕۆی و دەبێ میوانی ئێمە بی کە لە ناویاندا خوێندکاری عیراق و سوریایی و تورکی هەبوو، دیسان سەفەرەکە هێندێکی تریش درێژ بۆوە کە ئەو چەند ڕۆژە دەتوانم بڵێم زۆر بە خۆشی ڕابرد و، ماوەی دیتنی شوێنە مێژووییەکانی شار هەبوو.

هەر ڕۆژی دوای تەواوبوونی کۆنگرەش حکومەتی سوێد هەشت ئوتوبوسی بە شارەزاوە





خستە بەردەستی کۆنگرەچیەکان کە لە ناو ئوستۆکهۆڵمدا بگەڕێن و شوێنە دیدەنییەکان ببینن کە یەک لەو جێیانە کۆشکی پادشای سوێد بوو و بە هەڵکەوت ئەو ڕۆژە نۆبەچیەکانی کۆشکیان دەگۆڕی و، تەشریفاتێکی زۆر زۆر سەیری هەبوو.

ئەو کاتە کە نیوەڕاست مانگی هاوین یانی گەلاوێژ بوو لە سەعات ١١ی ئێوارەدا لە ئوستۆکهۆلم ڕۆژئاوا دەبوو، سەعات یەک و نیوی پاش نیوە شەویش و بەڵکو زووتر دەبوو بە ڕۆژ و «چۆلەکە لە دەرێ دەستیان دەکرد بە جریوە جریو».

بەو چەشنە ڕۆژی درێژ و شەوی کورت ماوەی گەڕان و دیتنی زۆر جێی پێ دەداین.

سروشت خۆی لە یارمەتیدانی ئەو وڵاتەدا بە دیمەنی جوان و شاز و، لێرەواری چڕ و پڕ و، ئاوی زۆر و، هەوای فێنک و، لە هەموویان گرینگتر کیژۆڵەی قژ زەرددا دڵاوایی کردوە و وای ڕازاندۆتەوە هەر مەگەر هەوارەکانی کوردستانی خۆشەویست ئەوەندە دڵگر بن، سەرەڕای ئەوەش خەڵکی سوێد خۆیان هێندەی تریان جوان کردوە و بەدەور و بەریدا هاتوون بە چەشنێکی وا سەعدی گوتەنی (کە برکند دل مرد مسافر از وطنش).

ئەو ئازادیانەی لە سوێد دیتم هەر لە ژیانی کۆمەڵایەتی و، گۆڤار و، فیلم و، عەکس و، کەس بە کەسیی ترەوە هەتا دەربڕینی بیروڕای سیاسی و عاملاندنی منداڵ هەر وا باشە باسی نەکەم و، جارێ بای بای لەو تەمەدون و پێشکەوتنە سەیرە بکەم کە بەشێکی لەگەڵ بیروڕا و لێکدانەوەی وڵاتی ئێمە یەکتر ناگرنەوە و، بەشێکی تری هەر ئێمە سەرمان لێی دەرناچێ و وا باشە هەر خۆمی پێوە ماندوو نەکەم.

لەشاری مالمۆ لەو بەینەدا هەتا بلێتی قەتاریان بۆ ئێمە گۆڕی ژمارەیەک منداڵی ٧-٨ ساڵانم دەدیت لە تەنیشت باخێکی بێ پەرژین تۆپێنیان دەکرد و، دارەکانی ئەو باخە کە گێلاس و، قەیسی و، سێو بوون هێندیان پێوە بوو لک و پوپیان داهاتبوو، بێجگە لەوە میوەیەکی زۆریش لەگەڵ با وەریبوو لە بن دارەکان کەوتبوو، ئەو منداڵانە کە هیچیان تەمەنیان لە دە ساڵ تێنەدەپەڕی نەمدی یەکیان دەست بۆ ئەو میوە درێژکەن، یان دەنکێک لە بن دارەکان هەڵگرنەوە، کە دیارە ئەگەر منداڵە نەعاملاوەکانی ئێمە بان دەچوونە سەر دارەکان و دوای ڕنینی دارەکە لقەکەشیان دەشکاند و پاشان بنی دارەکەشیان دەکردە ئاودەست.

پۆلیسی ئاڵمانی ڕۆژهەڵات لە گەڕانەوەدا هەموومانی زۆرباش پشکنی کە لەو سەر یانی کاتێک دەچووین بۆ سوێد کاری بە کەس نەبوو، دیار بوو لەو ڕەسمە سیکسیانە دەگەڕا کە لە سوێد زۆر وەگیر دەکەوتن و، هەرکەس لەو عەکسانەی پێبا لێیان دەستاند و دەستیان بەسەردا دەگرت.

زیادتر لە دە ڕۆژی تر ئەوجاریش لە ئاڵمان گیرۆ بوومەوە و، لەو بەینەدا جارێکی تر دەرفەتی گەڕان بۆ ئەم لاو ئەو لای بەشی ڕۆژهەڵاتی برلین دەستی دا کە جاری دوایی کوڕی ڕەش (عەلی قازی) لەگەڵم بوو و لە کافەیەک لە برلین تووشی کوردێک هاتین دیار بوو پێکەوە ناسیاوییان هەبوو و ئێمەشی پێک ناساند: جەلال بەگ باڵوێزی عیراق لە ئاڵمانی ڕۆژهەڵات، ئێواریێ لە خوا حافیزیدا کوڕی ڕەش پێی گوت: دوو سبەی دێمەوە ئەو بەرە ئەگەر لە فڕۆکەخانە گەڕامەوە لە کوێ دەبی بتبینم؟

گوتی ئەگەر بۆ بەڕێ کردنی ئەو برادەرە دێی منیش حەز دەکەم لەگەڵی بێم بۆ مەتار شوێنێکی دیاری کرد گوتی لەوێ چاوەڕوانتان دەبم لەڕێوە وەرنە ئەوێ، کە چوین دوای ئەوە لەوێ لەسەر داوای ئەو ئێوارەمان پێکەوە کرد بۆ فڕۆکەخانە وەڕێ کەوتین کە دەبێ بەینێک لە برلینی ڕۆژهەڵاتەوە بۆی بڕۆی هەتا دەگەیەی سەعات یازدەی شەو فڕۆکە لە فرودگای برلین هەستا و ئەوجار نە دەریام دەدی نە ویشکانی و نە فڕۆکە ئیفادەی هێنا لە هیچ کوێ لادا، هەتا من وێژینگێکم دا ئەو لە بەغدا هەڵیڕشتم و، بڵێسەی گەرما لە جاری هەوەڵێ چاکتر بە پیرمەوە هاتبوو و ئەوەندەی لەوێ بووم قەتیش بەجێی نەهێشتم هەتا گەڕامەوە ناوچەی باڵەک و من کە هێندە بە هێنانەوەی دووربینەوە ماندوو بووم و لە ترسی ئەوە کە دەستی بەسەر دادەگرن لە گیرفانی باڵتەم نابوو بە هەڵکەوت لە مەتاری بەغدا هەر چاویان لە جانتاکانی من نەکرد، دەسبەجێ شتێکیان لێ نووسی و گوتیان بڕۆ هەڵگرە هەمبانەت.

ماوەی ئەو پازدە ڕۆژەش کە دیسان لە بەغدا مامەوە هێندێ دیاری بچووکم بۆ هەڤاڵەکانی پێشمەرگەم و کاک ئەحمەد تۆفیق هێنابوو پێم گەیاندن و، ئەو بەینەش هەموو ڕۆژێ دەمدیت و، هەڤاڵەکانی تری کە گوتمان لە لاوە ڕا هاتبوونە لای بۆ بەغدا هێندێکیان بڵاوەیان کردبوو، دیار بوو نەگەیشتبوونە ئەنجامێکی دڵخواز و، چەند ڕۆژێک دوای ئەوە بەرەو کوردستان و ناوپردان لە بەغدا و بەغدایی ماڵاواییم کرد.





ئەو کاتە بارزانی لە حاجی ئۆمەران دادەنیشت و، شێخ محەممەد هەرسین بەردەستیی دەکرد، ئەو ڕۆژە کە عەرزیان کرد ئەوە لێرەیە و لەو ژوورەی ترە، فەرمووی بڵێن بێتە ئێرە و، زۆر زۆر لوتف و گەورەیی کرد و بە پێکەنینەوە فەرمووی:

تۆ چیت گوتوە من دەیزانم و بۆت دەڵێم بزانە وا بوە، ئەوجار قسەکانی منی گێڕاوە کە لە سوێد گوتبووم و عەرزم کرد بەڵێ وا بوو ئەزبەنی.

دیار بوو کاک حەبیب فەیلی لە پێش مندا لە ئوروپا گەڕابۆوە و ئەو بۆی گێڕابۆوە و زۆری پێ خۆش بوو کە ڕۆژێک لە ئوستۆکهۆلم لە پشوودانی کۆنگرەدا کە تاوێک هەموو بۆ حەسانەوە هاتنە دەر برادەرێک سەری هەڵێنا و تەماشای خانووی جێی کۆنگرە و باخچە و چیمەنی دەوروبەری کرد کە کۆشکێکی ٢٢ نهۆم بوو گوتی:

کوردستانی ئێمە بە سەد ساڵی تریش وەک ئەوڕۆی ئێرەی لێ نایە، گوتم منیش دەزانم کوردستان کوڕی وەک تۆی بێ بە هەزار ساڵی تریش وای لێ نایە.

جا ئەو کاتە ئەو کوردانەی لە ئوروپا بوون ڕەنگە ئێستەش هەر وابێ پێیان وابوو ئوروپا ئەوان دروستیان کردوە و شانازییان پێوە دەکرد کەچی ئەوانەی لەوێ دانیشتوون لەسەر ئەو هەموو چەوسانەوەش ڕا هەر نانە زگ دەکەون و هەر وەک لەوێ پێم گوتن ئەگەر سەد ساڵ لێرە پاشەکەوت بکەن لە دواییدا هەر بەشی ئەوەندەتان دەبێ جێگەی قەبرێک بکڕن و تێی دا بتاننێژن.

ڕاسپاردەی کوڕی ڕەش (عەلیی قازی) کوڕی پێشەوا قازی محەممەد لەو شتانە بوو کە ئەوڕۆژە عەرزی مەلا مستەفام کرد و، وەڵامەکەم بۆ ناردەوە کە بە پێچەوانەی داوخوازیەکەی ئەو بوو بۆ هاتنی کوردستانی عیراق.

لە ناوپردان مەکتەبی سیاسی لە شوێنێک بە ناوی قەیماسان چەند ژوورێکی دروست کردبوو پێش دەرچوونی بەیانی یازدەی ئازار و دوای دەرچوونیشی من لەو ژوورانەدا بووم و پێشمەرگەیەکم لە لا بوو بەینێک دوای ئەوە کە لە ئوروپا گەڕامەوە شەوێک لەو ژوورانەدا کە دەوروبەری دارستان و لێڕەوارە هاتنە سەرم و من و پێشمەرگەکەم لێیان چووینە دەر بەڵام خۆیان لە ناو مێشە و داردا ون کرد، هەر چەندە بە دوایاندا گەڕام و خۆم داگرت لە هیچ کوێ هەستیان نەبوو، دیار بوو هەڵاتبوون، هەر ئەو کاتە زانیم

مووچەخۆرەکانی ساواکن لە ناو شۆڕشدا بەڵام نەمزانی کێیە و، دوایی بۆم ڕوون بۆوە بە هۆی کێ کراوە.

سبەینێ ئەو ڕووداوەم بۆ کاک ئیدریس و کاک مەسعود بارزانی گێڕاوە کە ئەو کاتە هەردوکیان پێکەوە لە گوندێک بەناوی (قەسرێ) کاریان دەکرد.

دیار بوو چاوەڕوانیی شتێکی وایان نەدەکرد، کاک ئیدریس گوتی: ئەو وڵاتە بێ دەرک و دەروازە هەموو چەشنە جەماعەت و تاقمێکی تێدایە کە لێک کردنەوەیان زۆر هاسان نییە لەبەر ئەوە ئەگەر تۆ پاراستنی خۆت وە ئەستۆی خۆت دەگری ئەوە لە هەر شوێنێک دانیشی قەیدی نییە، بەڵام ئەگەر پاراستنی خۆت دەخەیە سەر ئەستۆی ئێمە دەبێ لەو شوێنە دانیشی کە بۆت دیاری دەکەم، گوتم بۆ من فەرقی نییە تۆ هەر شوێنێک دیاری بکەی، ئەویش بارزانییەکی بانگ کرد (محەممەد عیسی) ناردیە گوندی (دێڵزێ) لە ناوچەی باڵەک کە مەقەڕی بارزانیانی لێ بوو و مەسئولی وان یەکێک بوو بەناوی (شێخ ئۆمەر) کە لەگەڵ مەلا مستەفا چوبوە ڕوسیا، پێی گوت لەوێ لە تەنیشت مەقەڕی خۆیان جێگەی بۆ پەیدا کەن و بیگرنە ژێر چاودێری.

حکومەت چوار ساڵی دانابوو بۆ (فترة إنتقال)، یانی لە ماوەی چوار ساڵدا دەسەڵاتی حوکمی زاتی لە لایەن حکومەتەوە بدرێتە دەست کاربەدەست و بەڕێوەبەرانی حوکمی زاتی لە کوردستان.

کە ئەو ماوە من بەینێک لە گوندی دێڵزە و، دوای ئەو لە گوندی خەلان بووم و، جارێکی تر ماڵم پێکەوە ناوە کە هەموو مەسرەفەکەی، بارزانی کردی.

حکومەت هەتا زیادتر لە ماوەی گوێزتنەوەی حوکم تێدەپەڕی لە جیاتی بەجێهێنانی قەرارەکە زیادتر بڕو بیانووی دەگرت و دهۆ و دۆلاب و بێ چاو و ڕوویی گەیاندە جێیەک کە وەدووی سەری سەرکردایەتی کەوت و، ژمارەیەک موچەخۆری لە جلکی مەلایاندا بە بۆمبای سەعاتی و، ڕاکێت و تەقەمەنیی ترەوە بە ناوی وتووێژ بۆ لای بارزانی ناردە حاجی ئۆمەران کە لە کاتێکی مناسبدا دینامیتەکان بتەقێنن و بە ئاواتی پیسی خۆیان بگەن.

بۆ خۆ ڕزگار کردنی دوای ئەو عەمەلیاتەش هەتا لە ناوچەی ڕزگارکراو دەچنە دەر هەموو





کار قایمیەکی خۆیان کردبوو، ساروخیان لە پشت ترومبیلی سواریدا داستبو کە ئەگەر کەسێک لە ڕێگەدا وەدوایان بکەوێ ئاگری دەن و ئەویش لەناوبەرن.

بەڵام خوا نەیویست ئەو پیلانە سەربگرێ و، ئەو دینامیتەی کابرا لە خۆی بەستبوو. لە جەنگەیەکدا تەقاندی کە خزمەتکارێک چای لە پێش مەلا مستەفا دادەنا و لەو دەرفەتەدا کە بارزانی چاوی لێی نەبوو دەستی برد سەری ئەو دوو تێلەی کە لە ناو هەردووک دەلینگی شەڵوارەکەیدا بوون گەیاندنیە یەک و بۆمباکەی تەقاند.

خزمەتکارەکە دەسبەجێ کوژرا و کابرا خۆشی هەر لەتکەی بە لایەکدا ڕۆیشت، هێندێ ڕیخۆڵەی بە میچی خانوەکەوە نووسابوو، موبل و سەندەڵیی ناو ژوورەکە لەتوپەت ببوون بەڵام خوا بارزانیی پاراست و لەو دهۆیە ڕزگاری کرد و، سبەینێ خۆی چلۆنایەتی ئەو کارەساتەی گێڕاوە و فەرمووی:

هاتن منیان ئاگادار کرد کە دە دوازدە کەس میوان هاتوون لە خوارووی عیراقەوە و یەکیان مەلایەکە کە ناوی (أعظمی)یە کە لە پێشدا ناسیاویم لەگەڵی هەبوو، گوتم بیانبەنە دیوەخان منیش تاوێکی تر دێمە لایان کە هاتم لە دیوەخان لەگەڵیان دانیشتم یەکیان لە تەنیشت من لەسەر موبل دانیشت کە أعظمی بوو، ئەوی تر لە بەرانبەرم دانیشت، هەڤاڵەکانی تریان نەهاتبوونە ژوور، أعظمی دەستی بە قسە کرد گوتی: وا دیارە بەینی تۆ و حکومەت خەریکە ناخۆش دەبێتەوە، خەڵکی عیراقیش حەز بەوە ناکەن بە تایبەتی جەماعەتی ئێمە، لەبەر ئەوە هاتووین بزانین هۆی ئەو ڕێک نەکەوتنە چییە؟ ئەگەر ئەو ئاڵۆزییەی ئێستە هەیە سووچی شۆڕش بێ ئێمە دژی دەوەستین و، پروپاگاندە و تەبلیغاتی لەسەر دەکەین، ئەگەر سووچی حکومەتیش بێ هەروا لە دژی دەوەستین. هێشتە ئەو قسانەی تەواو نەکردبوو چاییچی چای هێنا و لە پڕ گرمەیەک هات نەمزانی چییە، لام سەیر بو ئەگەر تەیارە با لە پێشدا دەنگی دەهات تۆپیش ناگاتە ئێرە، لەوەدا چاییچی لەوێ کەوتە عەرز و میوانەکەی بەرانبەرم دیتم هەر لەتکەی بە لایەکدا ڕۆیشتوە و بۆتە تەپ و تۆز، هەستام بچمە دەر دیتم هەڤاڵێکی ئەوانە نارنجەکی بە دەستەوە بۆ لای من دێ کە بیتەقێنێ، منیش قرتەی دەمانچەکەم ترازاند تەقەی لێ بکەم مەحمود دەستی گرتم (مەبەست دوکتور مەحمود عوسمان)ە گوتی شەڕی نارنجەک بە دەمانچە ناکرێ و، بە دەرگای تردا ئێمە لەو ژوورە چووینە دەر و، لە ناو خێوەتێک دانیشتین، من لەوێ هەستم

پێ نەکرد بەڵام دوایی لەماڵەوە کە دەستنوێژم هەڵگرت زانیم ساچمەیەک وە نێوچاوانم کەوتوە «جامەدانیەکەی بە دەستی هەڵێنا دیار بوو برێک قرینجابوو» ، ترومبیلەکەی تریان کە ئەویش تەقەمەنیی تێدا بوو لە پشت ئەو پەنجەرە ڕایانگرتبوو کەمن لێی دادەنیشم، جەماعەتیش لە دەرەوە هەڤاڵەکانی ئەوانیان دایە بەر و هیچیان لێ دەرنەچوو.

دوای ئەوە ترومبیلەکانی ئەو جەماعەتەیان هێنا لە ناوپردان هەرچی تەقەمەنی و بۆمبای سەعاتی و ڕاکێتی تێیاندا هەبوو لە ناویان دەرهێنان و ملازم یوسف ناوێک کە خۆی ئەندازیاری تەقەمەنی و مەسیحی بوو بەو کارە هەستا و هەمووی لە کار خستن لەگەڵ ئەوەش بارزانی ئەو مەسەلەی بە گرینگ نەگرت و هەر دەیفەرموو بەرژەوەندی میللەتی کورد لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە، بەڵام حکومەت هەر بەوەندەش ڕانەوەستا و ئاڵۆزی و ئاژاوەی تری دەس پێکرد هەتا وای لێ هات لە زۆر شوێن هێزەکانی شۆڕش و میری پێکدا دەهاتن و تەقەیان لێک دەکرد، ئەگەرچی دیسان وتووێژێک لە هەردووک لاوە دەستی پێ کردبۆوە بەڵام سوودی نەبوو و ئەوجاریش کوردستان کەوتەوە بەر هێرشی دڕندانەی حکومەتی ناوەندی و، دەستی کردەوە بە ئاگر و ئاسن هەڵڕشتن بەسەر کوردی لاشەڕ و ئاشتی خوازدا کە هەر بە تاوانی ئەوە کە کوردە بە درێژایی مێژوو لە ژێر ئەو چەپۆک و کوشتن و بڕینەدا بوە و، بێ بەزەیی لێی کوژراوە و، دەربەدەر کراوە و، گیراوە کە بەداخەوە دەبێ بڵێم خۆشی سەرەڕای ئەو هەموو دەردە هەر دەردی لە خۆی گرانتر کردوە و، بە نارێکی و ناتەبایی خۆی هێندەی تریش هۆی ماڵوێرانی خۆی پێک هێناوە و، ئێستەش کە ئێستێیە هەر لەسەر ئەو پێ و دانە دەڕۆن و هەموو شوان و گاوانی کورد دەزانن بە یەکیەتی نەبێ ئەو گەلە بە هیچ کوێ ناگا بەڵام گەورەپیاو چاو لەو ڕاستیە دەقوچێنن و، نە ئێستە و نە لە دوارۆژدا پاکانەی خۆیان لەو تاوانە گەورە پێ ناکرێ و، لەوەدا هیچ شتێک نایان پەرێنێتەوە کە مێژوو ئەورۆ خزمەتی گەلی کوردی لەو قۆناغە ناسکەدا خستۆتە سەر شانی وان.

لە هەڵگیرسانەوەی شەڕی ئەوجاردا کە شۆڕش لایەنی سوپایی و کۆمەڵایەتیی بە هێزی هەبوو حکومەتی عیراق باشتر وە پەلەقاژە کەوت و سەرەڕای توند و تیژی لە جەبهەکاندا لە دەرەوەی وڵاتیش سەری بە هەموو کونێکدا دەکرد و، دەستی کرد بە فێڵ و تەڵەکە و هەزارە و دوولایی هەتا لە زستانی پەنجا و سێی هەتاویدا ئەو دۆڵابەیان لەگەڵ شای گۆڕ





بەگۆڕ لە ئەلجەزایر گێڕا و، هەموو لایەک دژی شۆڕش دەستیان دایە دەستی یەک و شۆڕشیان بەوە ناچار کرد چەک دانێ کە دیارە ئەو کارەساتەی لەو قۆناغەدا بەسەر گەلی کوردی ئازا و نەبەزی عیراق هات لە کەس شاراوە نییە کە کەمتەرخەمی کاربەدەستانی شۆڕشیش لە پێش ئەو پیلانەدا نابێ لە بیر بکرێ، لە دوای بەستنی ئەو پەیمانە کە چارەنووسی شۆڕشی کوردی بە تەواوی گۆڕیبوو، بارزانی سەفەرێکی بۆ ئەودیو کرد کە زۆری پێ چوو و وای لێ هات خەڵک نیگەران بوون و لە زۆر جێ و لە زۆر ئاوایی خێریان دەکرد و حەیوانیان دەکوشتەوە بۆ گەڕانەوەی کە ماوەیەک دوای ئەوە گەڕاوە و هەموو کەس هەستی بە وەزعی نالەباری ئەو کاتە کردبوو و کەسیش نەیدەزانی بە کوێ دەگا و سەرکردایەتی هەڵوێستی چیە لە داهاتوودا.

بارزانی ئەو کاتە ماڵی لە کوێستانێک بوو لە بەرانبەری حاجی ئۆمەران بە ناوی (کۆدۆ) ئەگەر کەسێک داوای دیتنی کردبا دەبوو لە پێشدا لە حاجی ئۆمەرانەوە تەلەیفون بکا، ئەگەر ئیجازەی پێدرا جا بچێتە سەر، کاتێک بارزانی لەو دیو گەڕاوە چووم لە حاجی ئۆمەرانەوە داوای دیتنم کرد و هاتن منیان بە سەیارەیەک بردە سەر.

ئەو ڕۆژە هەر چەند میوانی دوورە دەست کەم بوو و بێجگە لە دوو سێ مەلا ئەوانی تر هەر جەماعەتی خۆ جێیی و بارزانییەکان بوون بەڵام لە شوێنێک زیادتر کە ئەویش جێی دانیشتنی بارزانی بو سەندەڵیی بەتاڵ نەمابوو.

دوای ئەوە کە مەلا مستەفا هات لە جێی خۆی دانیشت هەتا ماوەیەکی زۆر کڕی و بێدەنگی ئەو کۆڕەی داگرتبوو و هیچ کەس نەیدەویست ئەو بێدەنگیە تێک بدا بەڵکو بارزانی خۆی بە گوێرەی ویستی ئەو کاتە شتێک بڵێ و هەڵوێستی خۆی بە دوای ئەو ڕووداوە ناخۆشەدا دیاری بکا، ئەویش ماوەیەکی زۆر خەڵکی لە چاوەڕوانیدا ڕاگرت و دوای بەینێک سەرەتای قسەی کردەوە فەرمووی:

کاتێک من بۆ ئەو شۆڕشە لە بارزان وەدەرکەوتم پەنجا و چوار کەسم لەگەڵ بوو کە لە ناو ئەوانەدا یەکێکم کردە بەرپرسی مەسرەف و ئەرزاق، ئەگەر خۆم پێڵاوەکانم دڕابان دەبوو ئەو بۆم بکڕێ دەنا خۆم پێم نەدەکڕدرا، بە گوێرەی وەزع و زروفی ئەو کاتەش لە هەر ناوچەیەک باین هەر شەوە لە گوندێک دەبووین و لە ناو گوندیش نەدەکرا هەمووومان هەر لە ماڵێک

بین لەبەر ئەوە لە ماڵەکان دابەش دەبووین و سێ چوار کەس پێکەوە دەچووینە ماڵێک.

ماوەیەک پێ چوو ڕۆژێک لە گوندێک گوێم لێ بوو ژنێک هات لە جەماعەتی پرسی ئەرێ مەلا مستەفا کێهەیە؟ گوتیان لەو ژوورەیە، کە هاتە ژوور گوتی تۆی مەلا مستەفا؟ گوتم بەڵێ منم چ ئیشت هەیە؟ گوتی: ئەو شەو جەماعەتی تۆ لە ماڵی ئێمە بوون سندوقێکم هەبوو شکاندوویانە و هەرچی تێی دابوو بردوویانە، گوتم سندوقەکە چیی تێدا بوو؟ گوتی: دوو گەز خام و، ئەنگوستیلەی کیژەکەم و، ناڵێکی هێستر، بێجگە لەوە دوو تەنەکەش جۆمان هەبوو ئەویشیان بردوە داویانە بە وڵاخەکانی خۆیان، بە جەماعەتم گوت ئەم شتانەم دەوێتەوە دەبێ بیانهێنن بیانبینم، کە هێنایان دەبینم ئەنگوستیلەکە ئەگەر کەسێک لە ناو شار منداڵێکی خۆشەویستی خۆی لەگەڵ بێ و گڕنەی لێ بگرێ و زۆر بە مەجبوری بیکڕێ هەر سێ عانە، بیست فلس دێنێ، زیادتر ناهێنێ، ناڵی هێسترەکەش جارێک لێدراوە و لێ بۆتەوە و کەڵکی جارێکی تریشی هەیە، کە لێم کۆڵیەوە ئەوەی من دامنابوو لەسەر مەسرەف و ئەرزاق، شەو لەو ماڵە خەوتبوو، شتەکانم دایەوە دەست ژنەکە و لە جیاتی جۆیەکەش ناردم چوار تەنەکە جۆی تریان بۆ کڕی.

ئەو کاتەش هەر ئەوەندەم لە دەست هات ئەو مرۆڤەم لەسەر ئەرزاق و مەسرەف لابرد یەکێکی ترم لە جێی ئەو دانا.

چەند ساڵی تر پێچوو شۆڕش وردە وردە پەرەی گرت، پێشمەرگە لە هەموو جێیەک هەبوون و، بەلای خۆیەوە داب و دەستور و ڕێ و شوێنێک داندرابوو، ئەو کاتە خۆم لە ڕانیە بووم و، لە بیرمە دوازدە هەزار دینار پارەم هەبوو.

ڕۆژێک لە مەقەڕ دانیشتبووم یەکێک هاتە حەوشە کە جووتێک زەنگاڵی هەڵکێشابوو سڵاوی لە جەماعەت کرد گوتی: کوا مەلا مستەفا؟ جەماعەت گوتیان چ ئیشت هەیە؟ منیش لە ژوورەکەوە گوتم لێی گەڕێن با بێتە ئێرە، کە هاتە ژوور سەلامی کرد گوتی تۆی مەلا مستەفا؟ گوتم بەڵێ منم، کەرەم کە بزانم چ ئیشت هەیە، گوتی: قوربان من لە دەربەندی ڕایاتەوە بارێکم توتن پێبوو دەهاتم لە کۆیە فەحسی بکەم (ارزیابی) گەیشتمە چۆمان پێشمەرگەیەک هاتە پێشم گوتی: ئەوە چییە؟ گوتم توتنە، دەیبەمە کۆیە فەحسی دەکەم، گوتی قەیدی نیە وەرە گومرگ بدە جا بڕۆ، منیش زۆرم پێ خۆش بوو کە ئەوە





عەسکەری کوردە بەسەر وڵات ڕادەگا، گوتم بەسەرچاو گومرگی چەندە؟ گوتی سەد فلسە، گوتم فەرموو، قوربان پارەکەی لێ وەرگرتم و ئەو کاغەزەی پێدام، کە ڕوانیمە کاغەزەکە نە ناوی کەسی لێ نوسرابوو، نە تاریخی هەبوو، نە دیار بوو کێ وەریگرتوە، لە بن کاغەزەکە خەتێکی خوار و خێچی پێدا هاتبو وەک منداڵی ساوا شوێنێک لەسەر کاغەز بکێشێ و هیچی تر، کابرا گوتی: قوربان لەوێوە هاتم گەیشتمە پردی بەرسیرین پێشمەرگەیەک لە کۆڵیتێک هاتە دەر ئەویش گوتی: بارەکەت چییە؟ بۆ کوێ دەچی؟ گوتم توتنم پێیە دەیبەمە کۆیە، گوتی وەرە گومرگی بدە جا بڕۆ. گوتم لە چۆمان گومرگم داوە، پێشمەرگەکە گوتی: ئەوەی چۆمان ساختەچییە شەرتی منم، گوتم باشە گومرگی چەندە؟ گوتی ڕوبعێکە گوتم فەرموو، ئەویش ڕوبعەکەی وەرگرت و ئەو کاغەزەی پێدام، (ئەویشی لە پێش من دانا هیچی لێ نەنوسرابوو). قوربان لەوێش وەڕێ کەوتم هاتم بۆ لای کۆیە لە شاخی هەیبەسوڵتان وەسەر کەوتم (شاخێکە لە ڕۆژهەڵاتی کۆیە) خۆم و هێسترەکەم لە ئارەقەدا ڕەش ببووین، لەسەر شاخەکە پێشمەرگەیەک هاتە پێشم گوتی: ئەوە چییە، بۆ کوێ دەچی؟ گوتم توتنە دەیبەمە کۆیە فەحسی دەکەم، گوتی وەرە گومرگی بدە جا بڕۆ، گوتم کاکە دوو جار گومرگم داوە خۆ تالانم ناکەن، لێم هاتە پێش زللەیەکی خۆشی لێدام، گوتی: ئەو زەمانەت بۆ هێندە درێژە گومرگ بدە جا بڕۆ، قوربان ئەویش نیو دیناری لێ ئەستاندم و ئەو کاغەزەی دامێ (ئەویشی لە پێش من دانا) گوتم: کاکە فەرموو ئەوە سەد فلسەکەی چۆمان، ئەوە ڕوبعەکەی پردی بەرسیرین، ئەوەش نیو دینارەکەی هەیبەسوڵتان، فەرموو زللەکەشم لێ دەوە، ئەگەر من شۆڕش نەکەم کەسیش بە ناوی من و شۆڕش نایە غەدرێ لە یەکی وەک تۆ ناکا، ئەو خەتایە هەموو دەگەڕێتەوە بۆ من، کابرا ماڵی ئاوا بێ زللەکەی لێ نەدامەوە پارەکەی هەڵگرت و لێی دا ڕۆیی.

من هەموو شتێکم پێ بکرێ إنسانم پێ دروست ناکرێ، من لەو ڕۆژەوە چەکم پێ هەڵگیراوە هەتا ئێستە قەت لە دوژمنی خۆم نەترساوم، من هەر لەو کەسە دەترسم کە بەناوی دۆست لەگەڵم ئیش دەکا و، لە بنەوە دوژمنی منە و، خەڵکم لێ دەکاتەوە و، دزی دەکا و، غەدر دەکا، من بچم لە کوێی ترەوە خەڵک بێنم و لێرە کاری بدەمە دەست؟ کێ ما ئاڵوگۆڕی پێ نەکەم و، لەسەر کار لای نەبەم و یەکی تر لە جێی ئەو دانەنێم؟ هەر ئەوی دوایی لەوی پێشوو خراپتر بوو.

پەلێک پێشمەرگە دەنێرن بچێتە جەبهە لە ڕێگەدا دەچێتە ماڵی پیرێژن ئەگەر گیسکی هەبێ پێی دەکوژێتەوە جا دەڕوا، سەرلقێک لە گوندێک هەبێ ئەگەر کەسێک کیژی جوانی هەبێ بە غەدر لێی دەستێنێ، ئەوانە هەمووی بەناوی من تەواو دەبێ و هەر دەڵێن پێشمەرگەی ئەوە هەر چەند من لەو کارانە بێزارم.

من قسەکانی ئەو ڕۆژەی مەلا مستەفام هەر ئەوەندە لە بیر ماوە بەڵام ئەوە هەمووی نییە و، لەسەر لێنەهاتوویی و خەیانەتی لێپرسراوانی شۆڕش زۆر مەسەلەی تری هێناوە و، فەرمووی: ئەو شتانە هەمووی دۆستەکانی من بە دوژمنایەتی لەگەڵ منیان کرد کە ئەوە دەتوانێ پەندێک بێ لە داهاتوودا بۆ هەموو کەس بە تایبەتی جێگرەکانی خۆی و نەهێڵن هیچی تر ئەو ئیشە دووپات بێتەوە و، بۆ دەسرەیەک قەیسەرییەک ئاگر تێ بەرنەدەن و، میللەتێکی بە قوربانی دوو سێ دز و درۆزن نەکەن. کە ئەوانە ئەو خەیانەتەی لە دۆستایەتیدا پێیان دەکرێ لە دوژمنایەتیدا لە دەستیان نایە و، هەر بۆیەش پاڵ وەشۆڕش دەدەن نەک بۆ خزمەت و دڵسۆزی.

دە پازدە ڕۆژێک پێ چوو ئەو هەواڵە بە هەموو کەس گەیشت کە بارزانی ئەمری کردوە پێشمەرگە بەرەو دوای یەک لە جەبهەکان بکشێنەوە و، شوێنەکانی خۆیان بەردەن.

هەواڵێکی ناخۆش بوو بەڵام ڕاست بوو، ئیتر لەو کوردەواریەدا بوو بە شین و شەپۆڕ و لە خۆدان، هەر پێشمەرگە بوو کلاشینکۆفی ماچ دەکرد و لە ناو ڕووباری داویشت، یان فڕێی دەدایە گۆڕستان، یان لە ناو ئەشکەوت و چاخانەکان بە ڕەختەوە بەجێی دەهێشتن و خۆی ڕووی لە لایەک دەکرد و سەری خۆی بۆ لای سنور هەڵدەگرت.

پشێوێنی وای لێ هات لەبەینی گوندی ئازادی و دەربەندی ڕایات کە نیزیک مەقەڕی سەرکردایەتی بوو خەڵک ڕووت دەکرا، شۆڕش دەسەڵاتی نەما، حکومەتیش لەو ناوە هەر لە هەوەڵەوە وجودی نەبوو، کەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوە، لە حاجی ئۆمەران تفەنگی برنویان دەدا بە حەوت تمەن کەس نەیدەکڕی.

نەهاتی و لێقەوماویەکی گەورە کوردەواریی داگرت و لە هەموو کەسیش لێقەوماو تر من بووم کە نە دەمویرا بێمەوە ئێران، نە دەمتوانی لە عیراق بمێنم هەتا جەیش دێ و دەست بەسەر وڵاتدا دەگرێتەوە و خۆم تەسلیمی چارەنووس بکەم.





چونکە هیچ نەبێ تەسلیمی ئێرانیان دەکردمەوە کە نێوانیان دوای پەیمانی ئەلجەزایر دۆستانە و خۆش ببۆوە، مەترسی تەشقەڵەی خۆشیان لەوێ ڕاوەستێ و، نە شوێنێکی تریشم بێجگە لەو دوو جێیە شک دەبرد ڕووی تێ کەم، نەمدەزانی چبکەم، هێندێک پێشمەرگەی ئەودیوی ئێران کە لە ناو شۆڕشدا بوون لەو بەینەدا هاتنە لام گوتیان ئێمە ناچینەوە تۆش لەگەڵ ئێمە بمێنەوە، هەتا ئێمە هەین بە کۆڵ دەتگێڕین هەر ئەوەندە بڵێن ئەویشیان لەگەڵە و لەوەدا دەستیان کرد بەگریان.

گوتم: من بڕوام بە ئێوە هەیە بەڵام شتێک بە مەلا مستەفا نەکرێ خۆ ماندوو کردنی من و ئێوە بێ فایدەیە و، ئاخریەکەی لە بن بەردێک سەرما دەمانکوژێ یان لە شاخێک لە برسان دەمرین و تەواو دەبێ.

چەند ڕۆژێک بوو منداڵەکانم بۆ ئێران بەڕێ کردبوو، ناوماڵەکەشم لە خەلان هەر لە ناو خانوەکەدا بەجێهێشت، گوتم هەر کەس دەیەوێ بیانبا بۆ خۆی و چوومە حاجی ئۆمەران کە لەوێش گوندەکە چۆل کرابوو لە هۆدەیەکدا کە پێش ئەو دەم شوێنی هێندێک لاوەیی بوو، برادەرێکی ناسیاویش بە هەڵکەوت لەوێ بوو جێی خۆم کردەوە، لەو کاتەدا سەری هەموو کێوانم لێ وێک هاتبو نەمدەزانی چبکەم، ڕوو لە کوێ کەم؟ چیم بەسەر دێ؟، سێ ڕۆژ، چوار ڕۆژ هەر دەهات و وەزع ناخۆشتر دەبوو، بەو پێیەش چارەنووسی من پتر لە مەترسی دەکەوت.

شەوێک سەعات هەشتی ئێوارە دیتم سەیارەی بارزانی هاتە بەر دەرگاکەم و شوفێرەکەی (کەماڵ محەممەد) دابەزی و هاتە لام گوتی: سەرۆک بارزانی ئەمری کرد من دەڕۆم بۆ ئەو دیو، بچۆ پێی بڵێ ئەویش لەگەڵ من بێ ڕوحی ویش وەک ڕوحی من، ئیتر من چم دەویست لەوە زیادتر لەو کاتەدا؟ چۆن هەتا هەم ئەو گەورەییە لە بیر بکەم کە لەو لێقەوماوییەدا باڵی بەسەر کێشام.

که سواری سەیارەکە بووم ئەو شیعرانەی حافزی شیرازیم وەبیر هاتەوە کە دەڵێ:

نەهرکە چهرە بر أفروخت دلبری داند
نەهرکە آینە سازد سکندری داند

نەهرکە طرف کلە کج نهاد وتندنشست
کلاە داری وایین سروری داند
تو بندگی چو گدایان بشرط مزد مکن
کە خوا جەخود روش بندە پروری داند
وفا بەعهد نکو باشد ار بیاموزی
وگرنە هرکە توبینی ستمگری داند

لە نێوان حاجی ئۆمەران و شیوەڕەشدا خانوویەک هەبوو کە کاتی خۆی وا بزانم بۆ میوانی لاوەیی دروست کرابوو، لەو سەر و بەندەدا بارزانی لەوێ دادەنیشت، لە بیرم نیە سەعات چەند بوو کە ئەو شەوە لەوێوە ئەو کاروانە وەڕێ کەوت، نوێنەری حکومەتی ئێران هەتا شیوەڕەش بەپیریەوە هاتبوون کە دیارە بۆ ئێمە ناسراو نەبوون.

مەلا مستەفا دابەزی لەگەڵیان قسەی کرد و، ئەوجار ئەوانیش لەگەڵی وەڕێ کەوتن هەتا گەیشتینە شاری نەغەدە.

لەبەر دەرگای خانوەکەی بارزانی (دخانییە) خێوەتێکی گەورەیان بۆ من هەڵدا جێگەی منیان ئەوێ دیاری کرد.

ئەو کاربەدەستانەی حکومەت کە شەو بە پێشوازیەوە هاتبوون سبەینێ هاتن بۆ خوا حافیزی، مەلا مستەفا یەکێک لەوانەی جیا کردبۆوە چەند هەنگاوێک لەو لای خێوەتەکەی من قسەی لەگەڵ دەکرد و، جارجاریش تەماشای منی دەکرد کە لە دەرگای خێوەتەکە ڕاوەستابووم، نەمدەزانی باسی منی لەگەڵ دەکا، کابرا باڵتۆیەکی عەسکەریی لەبەردابوو کە بارزانی قسەی دەکرد ئەو دەستی بە عینوانی ئیحترام هەڵدێنا و دوای قسەکەی ئەو دەستی دەهێناوە خوار و بەوەڕا دیار بوو ئەفسەر بوو.

دوای بەینێک مەلا مستەفا بە دەست ئیشارەی منی کرد بچمە پێش، کە چووم فەرمووی: ناوی حاجی حەمەد ئاغام لە بیر ماوە ناوی گوندەکەتانم لە بیر نییە، عەرزم کرد: ناوی گوندەکەمان (شێخاڵی)یە ئەزبەنی، فەرمووی باشە، هەر بۆیەم بوو، کە دەگەڕامەوە بێمەوە بۆ لای خێوەتەکە گوێم لێ بوو بە کابرای دەگوت: ئێوە وەک من





نایناسن دەنا ئێوە لە من خۆشترتان دەوێ، بۆیە دەبێ کەڵکی لێ وەرگرن، حەز دەکەم ئێوە ئەوە بزانن.

کە خوا دەیزانی من حەزم نەکرد بارزانی دەربارەی من ئەو قسەی بەو کابرایە گوت چونکە دەمزانی ئەوان ئەو فەرموودەی ئەو بە گرینگ دەگرن و لە دوارۆژدا لێم دەکەنە بەڵگە و بڕو بیانووی پێوە دەگرن، ئیتر نەیاندەزانی ئەو گەورەیی خۆی بەجێ دێنێ و من هەر شیاوی ئەو هەموو لوتفە نیم.

ڕۆژی دوایی لە تارانەوە دیسان نوێنەری حکومەت بۆ بەخێرهێنانی مەلا مستەفا هاتە نەغەدە، بارزانی کە بەو بەسەرهاتەی تێکچوونی شۆڕش بە پێچەوانەی ئەوانی تر هیچ نەشێوابوو یەکێک لەو نوێنەرانەی حکومەت (سەرتیپ منصور پور) لەسەر نان خواردنی نیوەڕۆ عەرزی مەلا مستەفای کرد گوتی: ئەوە بۆ هەموو کەس دەرکەوت کە تۆ وەک خەڵکی تر دروست نەکراوی و، ئەو ئیرادە و ئەعسابی تۆ هەتە خەڵکی تر نیەتی، بارزانی فەرمووی: من هەر عادەتم وایە نە بەشتی خۆش زۆر کەیفخۆش دەبم، نە بەشتی ناخۆش زۆر تێکدەچم.

هەر ئەو سەرتیپەی باسکراو ئەو ڕۆژە دوای نان خواردن داوای لە بارزانی کرد بروسکەیەک بۆ شا بنێرێ و هاتنی خۆی بۆ ئەو دیوە پێ ڕابگەیەنێ کە ئەویش فەرمووی قەیدی نییە و، من لە بروسکەکەدا دوای پێشەکی نووسیم لە فڵان سەعاتدا گەیشتمە ئەو دیوە، کە خۆێندمەوە سەرتیپ منصور پور گوتی ئەوەشی لێ زیاد کە بنووسە خۆشبەختانە لە فلان سەعاتدا و بارزانی بۆ ئەوە هیچی نەفەرموو بروسکەکەیان بردە تەلەگرافخانە کە مخابەرەی بکەن.

(شمس الدین موفتی) نوێنەری پێشووی شۆڕش لە تاران لەو دانیشتنەدا حازر بوو.

ئەو کاتە کە دوکتور حەسەنی برام لە تاران لە زیندان دابوو لەگەڵ ئەو سەرتیپ منصور پورە ناسیاویم پەیدا کردبوو کە خۆی کورد بوو و ئەو دەم معاونی سەرۆکی گشتیی ساواک (سەرلەشکر حەسەنی پاکرەوان) بوو، دوو سێ جار لە تاران لە شەقامی زاهیدی چوومە لای بۆ ئەوە کە کارێکی وا بکا چاوم بە سەرلەشکر پاکرەوان بکەوێ و ئەویش بەڵێنی پێدام و هەر چەند ئەویش هەوڵی دەدا هێشتە لە مانگێکی زیادتر پێ چوو هەتا توانیم بیبینم.

ئەو سەرتیپە دوای ئەو جارەش وا دەبوو بۆ سەردان دەهاتەوە ماڵی بارزانی و لەوێ یەکترمان دەدیت بەڵام دەرفەتی نوێکردنەوەی ئەو بیرەوەریانە کەم بوو، تەنیا دەری دەخست کە ئەو ڕابوردووەی لە بیرە و بە گەرمی دەیدواندم و لە ئەحواڵی دەپرسیم و، جاری یەکەم ئەگەر دیتمی ڕووبوسیمان کرد.

٥-٦ مانگێک ماڵی بارزانی لەگەڵ خەڵکێکی زۆری تر هەر لە ئوردوگای نەغەدە بوون کە خەڵکەکە لە ناو خێوەتدا دەژیان و لەو ماوەدا لە کاری نووسیندا لە بەینی پەناهەندەکان و حکومەت کە دەبوو بە فارسی بوایە یارمەتیی کاک ئیدریسم دەدا. ڕۆژێک کاک ئیدریس هاتە خێوەتەکەم گوتی: مەلا مستەفا فەرمووی لێرە وەدەر نەکەوێ، ئەگەر جلکی ئەفەندیی هەیە لەبەری کا، حازر بێ هەتا من دێمە دەر.

من خۆم حازر کرد و لەوێ چاوەڕوانی بووم بەڵام مەلا مستەفا هاتە دەر و خۆی بۆ شوێنێک ڕۆیشت کە نەمزانی کوێ بوو، منی لەگەڵ خۆی نەبرد، دیار بوو پێی باش بوو هەر خۆی قسەیان لەگەڵ بکا و پێویستی منی نەزانیبوو.

لە مێژ نەبوو هاتبوومە نەغەدە ڕۆژێک لە ناو خێوەتەکەم دانیشتبووم کوڕێکی جحێڵ هاتە ژوور سڵاوی کرد و لە دەرکێ ڕاوەستا، بەخێر هاتنیم کرد و لە هەواڵیم پرسی و گوتم چۆنە هاتووی؟ تۆ کێی؟ گوتی من کوڕی تۆم، ئەوجار نەمدەزانی کامیانە، گوتم: ناصری یان مظفر؟ گوتی ناصرم، کە کاتێک من لە ماڵێ ڕۆیشتم ئەوە تەمەنی سێ ساڵ بوو و مظفریش دوای ڕۆیشتنی من پەیدا ببوو، ئەوم هەر نەدیبوو لەبەر ئەوە نەمناسیەوە، کاتێک پەناهەندەکان لەگەڵ بارزانی هاتنە ئەو دیو و بە شارەکانی ئێراندا بڵاو بوونەوە لە لایەن هەموو کوردەکانی ئێران بە تایبەتی خەڵکی مەهاباد پێشوازیەکی گەرم و دڵسۆزانەیان لێ کرا و، بە دڵێکی فرەوانەوە بە هەموو خزمەت و پێویستێکیان هەڵدەستان.

حکومەت لە هەوەڵەوە قەرار بوو شارۆچکەیەک بۆ بارزانی دروست کا و لەگەڵ پەناهەندەکانی تر بچنە ئەو شارە کە لیستەیەکمان بۆ ئەوە کرد نیزیکەی دوازدە هەزار کەس، دوایی گوتیان ئەو ساڵ تازە درەنگ بووە ئەو شارە تەواو نابێ، دوو سێ جێگەیان لە تاران و کەرەج دیاری کرد کە بارزانی لە کێهەیان حەز بکا جێگەی خۆی و





جەماعەتێکی بۆ بکەنەوە هەتا بەهاری داهاتوو جا شارۆچکەی بۆ دروست بکەن و، داوایان لێ کرد خۆی بچێ چاوی بەو شوێنانە بکەوێ و بڕیاری لەسەر بدا کە وام لە بیرە ئەو شوێنانەش دوو گەڕەک لە تاران بەناوی (تاران پارس) و (شهرک غرب) و، (عظیمیە) لە کەرەج بوو، ئەویش لە ناو ئەو جێیانەدا عظیمیەی هەڵبژارد و، لەبەر ئەوە لەو گەڕەکە سەد خانوویان بۆ کڕی کە خۆی و هەر کەسی تریش حەز بکا لەگەڵ خۆی بیانهێنێ و لە پاییزی ساڵی ٥٤ هەتاویدا ماڵی بارزانی هاتە کەرەج بەڵام هەتا ماوەیەکی زۆر من خانووم وەبەر نەکەوت کە بەرە بەرە حکومەت خانوەکانی تەسلیم دەکرد، لەبەر ئەوە من ئەو ماوەیە هەر خۆم تەنیا لە کەرەج لە ماڵی بارزانی بووم و، ماڵەکەشم لە نەغەدە بەجێما هەتا خانوو وەبەر منیش کەوت و ئەوانیش هاتن.

کاک ئیدریس نەیدەویست من خۆم دوای ڕۆیشتنی ئەوان لە نەغەدە بەجێ بمێنم و دیار بوو لە هەڵوێستی حکومەت نیگەرانیی هەر مابوو کە دەزانین ئەو دەم زەمانی شا بوو.

پێش هاتن و دوای هاتنم بۆ کەرەج ئەوەندەی لە دەستم هات لە خزمەت و ڕاپەڕاندن و ئەنجامدانی کاری پەناهەندەکاندا هەر لەو کەسانەوە کە گیروگرفتیان لە لای بارزانی دەکرایەوە هەتا پێکهێنانی پێداویستیی ماڵی و، دەرمانی نەخۆش و بریندار و، کاری ئیداراتی حکومەت درێغیم نەکرد، لەگەڵ ئەوانەش کاری نووسەریی بارزانی لەگەڵ دەزگای ئەو کاتە کە ژمارەیەکی زۆر پەناهەندەی لەگەڵ هاتبوو، دیارە هەموویان دامەزراندن و، کار و، بەڕێ چوون و، خوێندن و مەکتەبیان دەویست و ئەو پەیوەندیانەش لەگەڵ حکومەت بە نووسین دەکران.

پێم وایە بارزانی ئەو شانازیەی هەر بە من دابوو کە نووسینی منی بەبێ خوێندنەوە ئیمزا دەکرد کە بۆ شوێنی زۆر بەرز و گرینگ نەبا خۆی نووسراوی نەدەنارد و، کوڕەکانی بەو ئەرکە هەڵدەستان.

لە کەرەج کاربەدەستانی حکومەت بە منیان گوت ئەگەر تۆ ئێرانی و تەرکی تابعیەتت نەکردوە دەبێ بەڵگەت هەبێ و لە ئیدارەی ئامار (نفوس) شناسنامە وەرگریەوە چونکە بەلای ئێمەوە حیسابی ئێرانی لەگەڵ پەناهەندەی لاوە جودایە، منیش بە هۆی نووسراوێک کە چەند کەسیش مۆریان کردبوو داوام لە ئیدارەی ئاماری کەرەج کرد کە دیسان شناسنامەم پێ بدەنەوە، ئەوانیش نووسراوەکەی منیان بۆ مەهاباد نارد و دوو سێ مانگ

دوای ئەوە دیسان هەویەیان پێدامەوە و، دوای ئەوە بژیویان بۆ بڕیمەوە.

زۆر جار پیاوی حکومەت (ساواک) دەهاتە ناو پەناهەندەکان و پێی ڕادەگەیاندن کە ئەو بژیوە هەتا سەر نامێنێ و دوای چەند ساڵی تر دەبڕدرێ، لەبەر ئەوە هەر کەس بۆی دەکرێ گوێی کارێک بگرێ کە بۆ دوایی بۆ بەڕێ چوونی خۆی دانەمێنێ، بە دوای ئەو قسەدا هەر کەس بەپێی توانای خۆی وەدوای ئیشێک کەوت و، منیش لە سەرەتاوە لەبەر ئیشی بارزانی و پەناهەندەکان دەرفەتی کارکردنم نەبوو، دوای ساڵێک ئیجازەم لە کاک ئیدریس وەرگرت لە حکومەت داوای ئیش بکەم، گوتی نووسراوێکیان بۆ بنووسە و بیهێنە من بیبینم جا بیان دەیە، ئەو نووسراوەم نووسی و پێم دان و گوتم من بۆیە هاتوومەوە ئەگەر خزمەتێکم لە دەست بێ بیکەم حەز دەکەم ئێوەش ئەو دەرفەتەم پێ بدەن، لە جوابی ئەوەدا سەرۆکی ئیدارەی ئەمنی کەرەج کە نامەکە بۆ ئەو بوو گوتی: بەڵێ بەڵێ دوای ئەوە هیچ چارەی ترت نەماوە و بە ناعیلاجی هاتوویەوە، ئێستە دەڵێی هاتوومەوە خزمەت بکەم، من کە ئەوەم زۆر لێ گران هات گوتم مادام ئێوە وای دادەنێن با وابی، هەر قەرارێکیش بۆ منی دەدەن بە کەیفی خۆتان بکەن و، ئیتر لەوێ وەدەرکەوتم. لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێم کەمن بە مەلا مستەفا پشت ئەستوور بووم و دەمزانی بە هیچ جۆر من بە دەست ئەوانەوە نادا لەبەر ئەوە لێیان بێ منەت بووم و، دەمگوت زۆر زۆر ئەوەندەیە ئیشم نادەنێ ئەویش قەیدی نییە.

ئەو ڕۆژە ئێوارێ لە ماڵی مەلا مستەفا «کە وام لە بیرە خۆی لە سەفەر» بوو ئەو قسانەم بۆ کاک ئیدریس گێڕاوە گوتی: کاک خالید ئاغا، مەلا مستەفا دەسەڵاتی جارانی نەماوە تۆ لەو وڵاتە دەژی دەبێ لەگەڵیان ڕێک کەوی ڕەجات لێ دەکەم ئەو توورە بوونە دانێ، پیاو دەبێ لەگەڵ زەمان بگەڕێ، کە کاک ئیدریس ئاگای لەوە نەبوو ساواک داوای ئەو ڕێککەوتنەی لە من کردبوو و پێم نەکرابوو، هەر چەند خورماشی زۆر هەڵڕشتبوو، تووڕەیی وانیش هەر لەسەر ئەوە بوو، ڕەنگە ئەو ئیشەی من لە ڕەفزی داواکەی واندا بۆ هاوکاری ژیرانەش نەبووبێ بەڵام هەر چی بێ پێم لە چاوشۆڕی و سیخوڕی و خەیانەت باشتر بوو و لەبەر ئەوە بە کاک ئیدریسم گوت: ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێوەش پشتی من بەردەن هێشتە هەر لێیان بێ منەتم، هەرچی بە باشی دەزانن با بیکەن.

نازانم چەند پێچوو، دوو مانگ، یان کەمتر ڕۆژێک هاتمەوە ماڵ، کاک ئیدریس





نامەیەکی بۆ ناردبووم نووسیبووی ئەوڕۆ لە تاران تەلەیفونیان کردوە ڕۆژی........ سەعات هەشتی بەیانی بچیە لای مودیری ڕادیۆ و تەلەڤزیون بۆ کاری دامەزران، لەبەر ئەوە لە کاتی دیاری کراودا بچۆ ئەوێ چاوەڕوانت دەبێ.

لە کاتی خۆیدا چووم و بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنم دیت بەڵام لەجیاتی ئەوە بڵێ چ کارێکت پێ دەکرێ و، چ دەزانی زۆرتر دەگەڕاوە بۆ ڕابوردووی من:

– هەتا ئێستە لە کوێ بووی؟

– گوتم: لە عیراق بووم

– لەوێ چت دەکرد؟

– گوتم پێشمەرگە بووم، کارت چ بوو؟ گوتم هەرچی مەلا مستەفا ئەمری پێ کردبام دەمکرد، «من دەمزانی کە ئەو شتانەیان هەموو پێ گوتراوە و لە من باشتر دەزانن ئیتر هاشاکردن سوودی نییە».

– ئێستە چدەکەی؟ گوتم ئێستەش هەر هاوکاریی وان دەکەم. بۆ دەوڵەتەکەی خۆت هەتا ئێستە چت کردوە؟ گوتم بەداخەوە خزمەتێکم بۆ ئێوە لە دەست نەهاتوە دوای ئەوە کە لەو جۆرە پرسیارە بۆوە بە سکرتێرەکەی خۆی گوت:

تەلەیفون بکە لە بەشی زاراوەکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیون لە شەقامی جۆردەن بڵێ دەسبەجێ بانگی کەن بۆ موقابەلە کە بتوانێ زوو بگەڕێتەوە کەرەج و، بۆ شارەزایی ڕێگەش هەتا ئەوێ (یانی شەقامی جۆردەن) هێڵێکی بۆ بکێشە و، بە منیشی گوت ئەگەر کاری مصاحبە تەواو بوو بۆ چلۆنایەتی کار دەمێنین من و تۆ، مودیری ئەو کاتەی ڕادیۆ و تەلەڤزیونی ئێران یەکێک بوو بەناوی (محمود جعفریان) کە لەو ڕاپەڕینەدا کە لەسەر ڕژیمی شا کرا ئیعدامیان کرد.

خوێنەری خۆشەویست پێویستە ئەوەش بزانێ کە ماکە و سەرچاوەی ئەو نووسینە ئەو بیۆگرافیەی خۆمە کە کاتی گەڕانەوەم لە عیراق بۆ ئێران دوای تێکچوونی شۆڕش ساواکی تاران لێی ویستم و، بۆیان دیاری کردم کە هەر لە زەمانی منداڵیمەوە کە لە مەکتەب بووم هەتا ئەو ڕۆژە کە لە عیراق گەڕاومەوە بۆ ئێران هیچ شتێک بەجێ نەهێڵم، من ئەو بیۆگرافیەم نووسی و پێم دان بەڵام هێنایانەوە گوتیان:

ئەوە تەواو نییە و زۆر شتی تێدا نییە دەبێ هەمووی بنووسی، جاری دووهەم دیسان نووسیمەوە ئەو جاریش گەڕاندیانەوە بە بیانووی ئەوە کە دیسان کەم و کوڕی هەیە، جاری سێهەم نووسیم و پێم دانەوە و ئەوجار نەیانهێناوە بەڵام ئەگەر هاتبا و ناردباشیانەوە هیچی ترم نەبوو بیخەمە سەری لەبەر ئەوە هەرچی لەو نووسینەدا هەبێ لەو بیۆگرافییەی مندا هەیە کە لە لای ساواکە (هێندێک شتی لاوەکیی لێ دەرچێ کە دوایی لەگەڵی کەوتوە). بەڵام هەرچی لە بیۆگرافیەکەی لای ساواکدا هەبێ لێرەدا نییە.

هەروەک دەزانین نووسینی بیۆگرافیەکە لە زەمانی ڕژێمی شا دابوو، لە کاک ئیدریس بارزانی زیادتر هیچ کەس تەنانەت براکانی خۆشم ئاگایان لەو نووسینە نەبوو.

یەکێک لەو شتانە کە نە کاک ئیدریس ئاگای لێ بوو نە ئەو دەم خۆم دەکرا بینووسم ئەو کورتە چیرۆکە بوو کە ڕۆژێک لە ماڵی مەلا مستەفا لە کەرەج کارمەندێکی ساواک بەناوی (بەیاتی) جیای کردمەوە و ژمارە تەلەیفونێکی دامێ گوتی: لە ساواکی تاران داوایان کردوە بەو ژمارە تەلەیفونە پەیوەندیان پێوە بکەی، بێدەنگێکی بچۆ بزانە چیان دەوێ.

ئەو شەوە هەتا سبەینێ هەر فکرم لەوە کردەوە کە دەبێ منیان بۆچی بێ، ئەگەر ئیشێکی ئاسایی بێ ئەوە لێرەش ئیدارەی ساواکی لێیە ئیتر چ پێویست بەوە دەکا من بەرنە تاران؟ لەوە دەترسام بەڵایەکم بەسەر بێنن و نەهێڵن کەسیش بزانێ لەبەر ئەوە ئەگەر بۆ تاران وەڕێ کەوتم ژمارە تەلەیفونەکەم بۆ ماڵی خۆم بەجێهێشت و گوتم: من دەچمە تاران ئەگەر هەتا ئێواری نەهاتمەوە ئەو ژمارە تەلەیفونە بدەن بە کاک ئیدریس و پێی بڵێن ئەو تەلەیفونەی ساواک بانگی کردوە بۆ تاران و نەهاتۆتەوە.

هەر گەیشتمە تاران لەگەڵ ئەو تەلەیفونە قسەم کرد، دوای خۆش و بێشی ئەوەی قسەی دەکرد شوێنێکی لە تاران دیاری کرد کە ڕیستۆرانێکە بەناوی (چهل ستون)و کەوتوتە سەر مەیدانێک بەناوی (وەنەک) کە ئەویش بێتە ئەوێ و یەکتر ببینین، بەڵام پێش ئەوەی شوێنی دیتنەکە دیاری بکا بە تەواوی پرسیاری لە چلۆنایەتیی شکڵی خۆم و ڕەنگی ئەو جلکانە کرد کە لەبەرم دایە و، هەروەها جلکی خۆشی بە من گوت، چونکە نە ئەو ئەمنی دیبوو نە من ئەوم دەناسی و گوتی: لەبەر دەرگای ڕەستۆرانەکە پیاسەی بکە منیش ئێستە





دەگەمێ، زۆر پێ نەچوو یەکێک بەو ناوونیشانە کە خۆی گوتبووی لە ترومبیل دابەزی و ڕووی لە من کرد، دەستی دامێ و گوتی (مهران).

چ ئەو ڕۆژە و چ ڕۆژانی دووهەم و سێهەم کە ئەو ڕەستورانەمان دەکردە جێ ژوان ئەوەندەی پێکەوە بووین هەتا لێک هەڵبڕاین نەیهێشت من تەنانەت یەک کەلیمە چیە قسە بکەم و نۆبەی نەدام، تەنیا قسەبێژ هەر خۆی بوو، ئەگەر من دەمویست لە وەڵامی ئەودا شتێک بڵێم دەستی هەڵدەهێنا و خۆی لەسەر قسەکانی دەڕۆیشت کە ئەویش هەمووی هەر پێ هەڵگوتنی خاوەن شکۆ و، ئەرکی پیرۆزی!! ساواک بوو، ڕۆژی چوارەم گەیشتە سەر ئەو مەبەستە کە چۆنە وا منی بردۆتە تاران و چیی لە من دەوێ و، گوتی: جا لەو دوو سێ ڕۆژەدا ڕەنگە خۆشت بۆی چووبی کە بۆ پڕ کردنەوەی بەتاڵایی و کەموکوڕیی ڕابوردوت دەمانەوێ لەو دەرفەتەدا هاوکاریی ئێمە بکەی.

گوتم: منیش دەمەوێ هاوکاریتان بکەم بۆیە داوای ئیشم لە ئیدارەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن کردوە کە ئیمکاناتی خۆم لەو ڕێگەوە بۆ خزمەتی ئێوە بەکار بێنم، زۆر بە سەیری چاوێکی لێ کردم و، گوتی: تۆ دەزانی ئیشی ئێمە ئەوە نییە، ئیشی ئێمە پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە، ئەگەر بەڵێنیش بدەی ئێمە نەک هەر لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن لە هەر ئیدارەیەکی تر کە خۆت حەز بکەی دادەمەزرێنین، چەندی خۆت بڵێی مەعاشت بۆ دەبڕینەوە و، لە ماوەی سێ ڕۆژدا تەلەیفونیش بۆ خانوەکەت ڕادەکێشین. گوتم: ئەوەی من لەسەر ڕادیۆ و تەلەڤزیون دەینووسم و دەیخوێنمەوە خزمەتی هەموو لایەکە بە گشتی و، دیارە خۆ ئێوەش لەو خەڵکە جودا نین، ئەو کارەی ئێوە بۆ من لەبەر چاوتان گرتوە لەبەر ئەوە کە من تێکەڵاویم لەگەڵ خەڵک کەمە و، وا دەبێ بە چەند ڕۆژ هەر لە ماڵێ وەدەر ناکەوم و کەس نابینم هەواڵێکی لێ وەدەست بێنم دەزانم نەتیجە شەرمەندەی ئێوە دەبم و سوودم بۆ ئێوە نابێ.

مهران گوتی: ئێمە لە بارزانی و کوڕەکانی زیادتر هەواڵی کەسی ترمان لە تۆ ناوێ کە تۆش لەگەڵیان دەژی و، لەگەڵیان هەڵدەستی و دادەنیشی و، لەبەر ئەوە دەشزانی کێ دێتە لایان دەیانبینێ لە وەزیر و نوێنەری پارلمان و، لیدری حیزبەکان و هەروەهاش لە عەشایر و شارستانی، ئێمە حەز دەکەین بە هەموو شتێکیان بزانین تەنانەت خواردنیان، ئەو کەسانەی دێنە لایان بۆچی دێن، چ دەڵێن؟

گوتم: ئەوەی کە من لە مەلا مستەفا و کوڕەکانی دەیزانم هەر ئەوەیە کە پێم دەڵێن نامەیەک بنووسە بۆ فلان جێ، جا لە خاوەن شکۆوە هەتا سەرەک وەزیر و، وزارەتەکانی تر و، ئیدارەی ئەتباعی بێگانە، ئەو نامەیە بۆ هەر ئیدارەیەکی حکومەت بێ نوسخەیەک بۆ وزارەتخانەکە دەنێرم و نوسخەیەکیشی لە لای خۆم هەڵدەگرم، ئەوانیش هەموو مەوجودن ئەگەر دەتەوێ دەچم نوسخەی تەواوی ئەو نووسراوانەت هەموو بۆ دێنم لەو ڕۆژەوە کە بارزانی هاتۆتە ئەو دیوە هەتا ئەوڕۆ بەڵام ئەو کەسانەی لە سیاسی و غەیرە سیاسی کە بۆ دیتنی بارزانی و کوڕەکانی دێن نە لەلای من دادەنیش نە من دەزانم باسی چ دەکەن نە من هیچ کارەم، تەنیا من بەو ئیشە دەزانم کە پێم دەڵێن نامەی بۆ بنووسە و هیچی تر و، ئەوانیش هەموو نوسخەیان لە لای خۆتان مەوجودە حەز دەکەم لەوە دڵنیا بی. دەبوو ئەوەش بڵێم کە سەرۆکی گشتیی ساواکی ئەو کاتە لە ئێران ژەنڕاڵێک بوو بەناوی (سوپەبود نەسیری) کە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی ئێران تیرباران کرا.

ئەگەر ڕژێمی شا گۆڕا کاک ئیدریس هاتە ماڵێ و تەواوی ئەو نووسراوانەی کە پەیوەندیان بە حکومەتی شاوە پێوە کرابوو هەموویان لە ماڵێ ئێمە بوون لەسەر داوای خۆم لەگەڵ خۆی بردنیەوە.

ئەو دیتنە، یانی دیتنی مهران هەر بەوەندەش نەبڕاوە و، دوای ئەوەش زیادتر لە دە جار بۆ ئەو قسانە منی ڕاکێشی تاران کرد و، جارەکانی هەرە دوایی یەکێکی تریشی لە دایرەی ساواکی مەرکەزەوە لەگەڵ دەهات کە ئێستە ناوی ویم لە بیر نەماوە و، پێکەوە داوخوازیەکەی پێشوویان دووپات دەکردەوە، لە دواییدا هەڤاڵەکەی مهران (نەک مهران خۆی) هەڕەشە و گەفیشی لەگەڵ شێر و ڕێویەکانی تری دەخست و، ڕۆژی ئاخری کە زانیان وەڵامی من هەر ئەوەیە کە ڕۆژی هەوەڵ گوتوومە، گوتیان: مادام وایە تۆش لەوڕۆ بەو لاوە وەباڵی خۆت بە ئەستۆی خۆت و، خوا حافیزیان کرد و ڕۆیشتن کە لەوەدا دیار بوو مەبەستیان بەڕێ چوون و حاوانەوەی خۆم بوو نەک هەڕەشەی تر.

هیوادارم ئاغای مهران بە شێوەیەک ئەو نووسینەی بگاتە دەستی و بزانێ زەحمەتەکەی بە فیڕۆ نەچوو ئەگەر لە تاران پایتەختی کورشی گەورە نەیتوانی لە خشتەم بەرێ و بمخاتە سەر ڕێبازی سەرشۆڕی و حیزەبخۆیی، ئاخری لە هەولێری پایتەختی کوردستانی خۆشەویست ناوی خۆی خستە ناو دەفتەرەکەم و، ئەوەندەش نەبێ پاداشتی ترم نەبو بۆی





بنێرم و، ڕەنگە هەر ئەوەندوکەش بۆ وی بەس بێ کە لێم سوورە دوای بڵاو بوونەوەی لە ماوەیەکی کەمدا دەست و پێوەندەکانیان بۆیان دەڕفێنن و، ئەگەر زۆریش بە دڵیان نەبوو با لێبووردنێکیان هەبێ، من هەر ئەو دەم دەمزانی مهران لەو داوخوازیەی خۆیدا لە لای ترەوە چێشتە کراوە! بۆیە وا چێیە، بەڵام ئەویش دەبوو ئەوەندەی بزانێ: هەرچی گوێز بێ خڕە بەڵام هەرچی خڕ بوو گوێز نییە!!

ئەو ڕۆژە دوای ئەوە مهران و هەڤاڵەکەی ڕۆیشتن گەڕامەوە کەرەج و ئیتر کارکردنی منیش لەسەر ڕادیۆ و تەلەڤزێون بە شێوەی ڕەسمی و کارمەندی کە دەبوو ساواک قۆڵی لەسەر بکێشی سەری نەگرت چونکە ئەو مەرجەی ساواک داینابوو نەهاتە جێ و بەشێوەی (خرید خد ماتیش) خۆم وەلام نا.

من نەمهێشت کاک ئیدریس بەو حەیس و بەیسە بزانێ و لەوەشدا هیچ تێبینیم نەبوو ئەوەندە نەبێ کە دەمگوت ئەگەر بۆی بگێڕمەوە نەوەک وای دانێ من لەوەدا کە حکومەت وەرم دەگرێ و من ئەوان بەپارە و پلە ناگۆڕمەوە منەتێکی داوێمە سەر.

کاک ئیدریس ئاگای لەو حیکایەتە نەبوو کە ئەو ڕۆژە گوتی: ڕەجات لێ دەکەم کاک خالید ئاغا ئەو تووڕەییییە دانێ، مەلا مستەفا دەسەڵاتی جارانی نەماوە، تۆ دەبێ لەگەڵ ئەو حکومەتە بژیی، دەبێ لەگەڵیان ڕێک کەوی.

من ئێستەش لەوەدا بە شکم کە پێداچوونەوەی ئەو بیرەوەریانە دوای هێندە ساڵە پێویستە یان نا، بەڵام لەوەدا شکم نەماوە کە زەرەرم کردوە و، چاوەڕوانیی ئەوەشم لە خوێنەر نییە کە هەرچی کردوومە پێی باش بێ، یان هەرچی نووسیومە پێی خۆش بێ، حەز دەکەم خوێنەریش چاوەڕوانیی ئەوەی لە من نەبێ درۆی بۆ بکەم، یان کەوڵی کەسی بۆ ئاواژۆ کەمەوە، یان لە ناساندنی کەسدا سەری لێ بشێوێنم.

ئەو کارەی من هەڵە بوو هەڵەی گەورەتریش تووش هاتوم کە ئەگەر خوا ڕاست بێنێ لە داهاتوودا پەنجەیان دەخەمە سەر، چونکە هەر لە کەرەج چەند کەس (کە دیارە ئەوان لە من ژیرتر بوون) ئەو هەل و مەرجانەی ساواکیان قبوڵ کرد و هەموو ئەو شتانەیان وەرگرت کە من بە چاوشۆڕیم دەزانی و، سەرەڕای ئەوەش هەر عەزیز بوون و، نە ئەوان ئەو سەرشۆڕیەیان وەڕوی مویارەکی خۆیان دێنا نە کەسیش وەڕووی دەدان، وەی دەستیان

خۆش بێ، دیارە من هەر بەو چەند کەسەم دەزانی بەڵکو لەوەش پتر بووبن و من لە گوێی گادا نوستبم! ڕەنگە ئەو ڕوونکردنەوە لێرەدا پێویست بێ کە ئەو قایمەی شۆڕش لە ئێران لەو کوردە عیراقیانە بڵاوی کردەوە کە لەوێ ببوونە ساواکی ناوی ئەو چەند کەسە بەڕێزەی!! تێدا نەبوو چونکە ئەوان دوای دەرچوونی ئەو لیستە ئەو ڕێگە پیرۆزەیان!! گرتە بەر و، نە ئەو چەند کەسە لە دوای ئەو هەنگاونانە پیاوانە!! هیچ لە ڕێز و پڵاو و گۆشتیان کەمی کرد، نە ئەوانەی ناویان لە قایمەکەی پێشووشدا هەبو کەس پێی گوتن پشتی چاوت برۆیە، جا تۆ هەر بڵێ خەیانەت خراپە.

ئەگەر ڕێک کەوتنم لەگەڵ ساواک سەری نەگرت و نوێنەرەکانیان بە نارەزایی ڕۆیشتن دوایە نەک هەر ئیشی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنم لە کیس چوو کە دەبوو ساواک قۆڵی لەسەر بکێشێ کەوتمە بەر بێگار و کەم لوتفی و تووڕەیی تریش و، ئەو وردە نووسراوە کوردیانەی لە کوردستانی عیراقەوە سیخوڕەکانیان بۆیان دەهێنان و کەمیش نەبوون هەر بەچاوزەقکردن و مۆڕ بوونەوەیەک و، بە بەلاش پێیان تەرجومە دەکردم بە فارسی و نەشم دەوێرا بڵێم پێم ناکرێ چونکە بیانوویەکیان پێ دەگرتم و تووشی نارەحەتیی لەوە خراپتریان دەکردم، ئەو وەرگێڕانە بەرپرسێکی ساواکی تاران بە ناوی (تاجداری) فەرزی دەکرد کە ماڵی خۆی هێنابوە عەزیمیەی کەرەج بۆ ناو پەناهەندەکان و پێش ئەوەی ئێمە بچینە کەرەج ساواک پارەیەکی چاکی بۆ وەرگێڕانی ئەو شتانە سەرف دەکرد ئەمما کە ئێمە چووین ئاوا بە خۆڕایی بۆیان تەواو دەبوو، ئەوەش کارمەندێکی ساواکی کەرەج بە ناوی (بەیاتی) بە منی گوت دەنا نەمدەزانی.

ئەو نووسینانە کە هەمووی لە کوردستانی عیراقەوە دەهاتن هەر لە بەیاننامەی حیزبەوە بۆ لق و مەڵبەندەکان بگرە هەتا بروسکەی جەبهەکان و، پەروەردەی حیزبی و ئاگاداری و هەموو هەڵوێستەکانی تری حیزبەکانی تێدا بوو هەر لەوێوە ئەگەر دەهاتن بۆ ئەوە کە جێگەی کەم بگرن و بەهاسانی بۆیان بگاتە ئەو دیو دێڕەکانیان بەکارەبا ئەوەندە ورد دەکردەوە کە چاو هەتەری لێ نەدەکردن و ناچار بۆ ئەوە چووم لە بازێڕ زەڕرەبینم کڕی و پێم دەخوێندنەوە و دەم کردنە فارسی و، لەبەرئەوە هەرچی لەو دیوە قەومابا و هەر ڕووداوێک ڕووی دابا لە ئێران پێش هەموو کەس من دەمزانی تەنانەت پێش حکومەتیش چونکە خۆیان کوردییان نەدەزانی هەتا من بۆم وەرنەگێڕابان.





سەیر لەوە دابوو ئەو نووسراوانە کەمیان فوتوکۆپی بوون و، هەر عەینی ئەو نووسراوانەی مەکتەبی سیاسیی حیزبەکان بۆ مەڵبەند و لقەکانی خۆیانیان دەنارد و هەر یەکەی بە ناوی خۆیان شەختی لێ دەدا دەهاتەوە تاران بە تایبەتی لە لقی کەرکوکەوە و ئەوانیش بۆ منیان دەنارد. من ئەگەر ئەو ڕۆژە تێبینیم هەبا و لەو نووسراو و وەرگەڕاوانە نوسخەیەکم لە لای خۆم هەڵگرتبا ئەوڕۆ بۆ ناساندنی ئەو کەسانە باش بوو کە بەناوی تێکۆشەر وا وەپێشیان کراوە و، لەو خاینانەی ئەو دەمیش لە ناویاندا هەیە بەو ڕابوردوە جوانەیانەوە!! بەڵام بەوەش باش بوو هەڵم نەگرتن لەسەر خەیانەت و فسۆسی ڕوویان لە کێ تێکناوە هەتا حیساب و کیتاب لەگەڵ ئەوانە بکەن؟ هەرچی ڕۆیی ڕۆیی. باسی ئەوڕۆ بکە، ئەو نانە نانە ئەوڕۆ لە خوانە.

لەو چەند مانگەدا هەتا ئەو ڕیس و گوریس و بێنە و بەرەی ساواک دوایی هات و قەراری خۆیان دا من لەوەرگێڕانی ئەو کتێبە ببوومەوە کە شا نووسیبووی بەناوی (بسوی تمدن بزرگ) کە بە کوردی دەبێتە (بەرە و شارستانیەتی مەزن) و، ئیدارەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن شانازیی!! وەرگێڕانەکەی لە فارسیەوە بۆ کوردی دابوو بەمن کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەشە کوردیەکانی ڕادیۆ تاران و کرماشان و سنە بڵاو بێتەوە کە وەرگرتنی ئەو شانازیەش هەموو کەس داوخوازی نەبوو چونکە هەڵەیەکی بچووک یان ئاڵۆز بوون و شێوانی ڕستەیەک لەسەر وەرگێڕەکە بە گران دەوەستا و دەکرا بیانووی پێوە بگرن. بەڕاستی لە ناو کۆمەڵێکدا کە پیاو بەچەند فلسێک پلەی بەرەو ژوور دەچێ و، بەبێ ئەو چەند فلسە دێتەوە خوارێ من چۆن بەسەر ئەو کەسانە بڕۆم کە شەرەف و غیرەتی خۆیان بۆ ئەو چەند فلوسە دەخەنە ژێر پێ و، بەبێ ئەقڵی و تێ نەگەیشتنی ئەو کەسانە پێ دەکەنن کە پێیان وایە پاکی و پیاوەتی و سەربەرزی حیسابی بۆ دەکرێ و نرخی بۆ دادەندرێ. ئەو سەردەمە ڕۆیی کە دەیانگوت: ئەو ئاوە مەخۆ کە ئابڕووی پێوە دەچێ.

خوێنەری بەڕێز لە لاپەڕەکانی پێشوودا بە کورتی باسێکی ناتەواو و نیوە و نیوەچڵ ئەوەندەی لە دەستم هات لە چلۆنایەتیی هاتن و ڕۆیشتنی کۆماری مەهاباد کە تێیدا بەشدار بووم و، پێکهاتنی کۆمەڵەی ژ. ک کە ئەندامی بووم و، هەروەها دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە و ڕووداوەکانی ئەو دەم دواین، شۆڕشی ئەو دواییەی کوردستانی عیراقیش (گوڵان) جارێ ماویەتی بیگەینێ و، ڕەنگە بکەوێتە ئاخری ئەو بیرەوەریانە، کە وابوو

ئێرە جێیەتی یادێکی شۆڕشی ئەیلول بکەم کە تێیدا بەشدار بووم و لەگەڵ ئەویش گۆشەیەکی بچووک لە شێوەی کاری سەرکردایەتیی بارزانیی نەمر، یان باشتر بڵێم هەوڵێک بۆ بەیانی ئاکاری ئەو ڕێبەرە گەورەی گەلی کورد کە هاوکار و یاوەر و، لە ڕۆژانی تاڵ و بەترس و حەستەمدا شاهیدی قارەمانەتیەکانی بووم، هەر چەند لێم سوورە لەو ناساندنەدا من بەو ڕاوێژ و دەم و پلەی خۆمەوە سەرکەوتوو نابم و دەزانم ئەو کارە قورسە لە توانای مندا نییە و، هەتا ئێستە زۆر کەسی زانا و بە توانا و بەزمانتر لە ئێمە لەو مەیدانەدا ئەسپی خۆیان لینگ داوە و بەهیچ کوێ نەگەیشتوون، چونکە ئەو ڕێبەرە گەورە نەک هەر کار و کردەوەی لە سەرتاسەری ژیانیدا، تەنانەت نەمانیشی لەگەڵ خەڵکی تر جیاوازیی هەیە و، خەڵکی تر ئەگەر سەری ئاوا بوو وردە وردە فەرامۆش دەکرێ و لە بیر دەچێتەوە بەڵام بارزانی بە پێچەوانەی ئەوان دوای نەمانیشی هەر دێ و گەورەتر دەبێ و، هەر ڕۆژە ڕازێک و گۆشەیەک لە ڕابوردوی پڕ لە شانازیی ئەو بۆ خەڵک دەردەکەوێ کە نەک هەر دۆست تەنانەت دوژمنیشی ئەوە دەزانی لەبەر ئەوە لەوەدا شکم نییە کە بارزانی هێشتە نەناسراوە و بەو زوانەش ناناسرێ. جا مەگەر ڕۆژێک دار و بەرد و شیو و دۆڵی ئەو کوردستانە هەمووی وەدەنگ بێن گوێی ئێمە ئاودەن و لاپەڕەکانی مێژووش باخێن چونکە هەر بەردێکی ئەو کوردستانە کە بارزانی پێی لێ نابێ چیرۆکێکی لە قارەمانەتی و نەترسیی ئەو لەلایە و، ئەو نووسینە و یادی ئەو لەو بیرەوەریانەدا بۆ دەرخستنی باری هەڵکەوتوویی ئەو هەر پەلەقاژەیەکی پچووکە و هیچی تر و ناشزانم ئەو پەلەقاژە چۆن دەست پێ بکەم و، لە کێهە لاوە بۆ ئەو ئەفسانەی سەردەم بچم؟

چونکە هەر کەس شەخسیەتی هەڵکەوتوویەکی وەک بارزانی و، یان قارەمانێکی تری لەو پلەدا بخاتە بەر سەرنج ئەگەر هەر لە لایەنێکەوە بۆی بێ و، لایەنەکانی تری شەخسیەتی ئەو لەولا دانێ پێم وایە نەتیجەی دڵخواز لە کاری خۆی وەدەست ناهێنێ چونکە لایەنی سیاسی بەبێ عەسکەری و، لایەنی عەسکەری بەبێ لایەنی کۆمەڵایەتی و ئایینی و، هەموو ئەو لایەنانە بەبێ زانستی شەخسی خۆی لە بەکارهێنانی بەجێی ئەو لایەنانەدا دەبنە هۆی کەم و کوڕی لە قورساغی ئەودا و هەر ئەو کۆمەڵە تایبەتی و ئیمتیازانەشن کە لە فەردێکدا کۆ دەبنەوە و شاز و دەرکەوتوو و هەڵکەوتووی دەکەن لە ناو خەڵکی تر دا.





بە بڕوای من ئەو سەرنجدانە لەسەر هەر کەس بکرێ نابێ پێهەڵگوتن و چاو و ڕاوی تێدا بێ چونکە پێهەڵگوتن و پێوەنانی شتی زیادی ڕاستەقینە و حەقیقەت بزر دەکا و ئەگەر حەقیقەتیش بزر بوو زیان لە شەخسیەتەکە دەکەوێ و لە جیاتی سوودی پێ بگەیەنێ زیانی لێ دەکەوێ و، بێجگە لەوەش نە هیچ قارەمانێک پێویستی بە چاووڕاو هەیە و نەکەسی لێ نەهاتووش بە چاووڕاو دەبێتە پیاو.

مێژووی قارەمان چۆن دەس پێدەکا ؟ چۆن شکڵ دەگری؟ چۆن دەبێتە ئارمان و هیوایە و ڕوئیا بۆ خەڵکی تریش؟

ئەو پرسیارە وەڵامی زۆر هەیە نازانم ئێمە تووشی دێین یان نا...!

هەر بەڕاستی مەلا مستەفا پێش ئەوەی ببێتە ئەو شەخسیەتە گەورەی ئەوڕۆ و گەلی کورد ڕێبەرایەتی وی بسەلمێنێ و، پێش شۆڕشەکانی ساڵانی **٤٣** و **٤٥** لە گوندی دوورەوە کەوتوو و لاپەڕی بارزان وەک سەرۆک عەشیرەتێک چ هێز و ئیمکاناتێکی لە ڕەئیس عەشیرەتەکانی جیران و دەوروبەری خۆی زیادتر هەبوو وا دەستی دەدا ئەو کارە قورسانە و بەگژ حکومەتی ناوەندیدا دەچۆوە؟

چما ئەگەر غەدرێک لەو گەلە دەکرا تەنیا لەو دەکرا و هەموو عەشیرەت و تایفەکانی تریشی نەدەگرتەوە؟

با باشتر بڵێم بارزانی خۆی وەک هاووڵاتیەک چ گیروگرفتێکی شەخسیی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەبوو ئەگەر مەسەلەی کورد نەبا ؟

ئەو لێبڕانە لە پێناو چی دا بوو کە سەرکەوتن و تێشکانی نەدەناسی و چ دواڕۆژێک بوو ئەو چاوی تێ بڕیبوو کە لە ڕێگەی ئەودا کەوتن و هەستانەوەکەی لێ خۆش دەهات؟

دیارە بارزانی هاووڵاتیەکی عیراقی بوو و، ئەگەر بە دوای ڕاپەڕینە نەتەوایەتیەکانیدا حکومەتی عیراق پەیوەندی وتووێژی پێوە دەکرد بۆ هێور کردنەوەی وەزع و گێڕانەوەی هێمنایەتی بۆ ناوچە و لە داوخوازیەکانی دەکۆڵیەوە سەیر نەبوو، هەروەها دەوڵەتی بریتانیاش کە وەختێک بەڕێوەبەری ڕاستەقینەی ئەو وڵاتە بوو ئەگەر بەپێی ئەرکی خۆی و بەڵکو بڕێکیش لەو زیادتر پشتگیریی لە سەرکەوتنی هەوڵ و تەقەلای حکومەتی ناوەندی دەکرد (کە بەڵگەی ئەو پەیوەندیانە هەموو مەوجود)ە. لە جێی خۆیدا بوو کە ئەنجامی

ڕاپەڕینەکانی دەخوێندەوە و دەیزانی ئاخری بەکوێ دەگا، بەڵام هەوڵ و پەیوەندی حکومەتەکانی تری جیران و دەوروبەری عیراق، تەنانەت هێزێکی گەورەی ئەو کاتەی جیهان بۆ وەدەست هێنانی دۆستایەتیی ئەو سەرۆک عەشیرەتە گەنجە کوردە و ڕاکێشانی سەرنجی ئەو چ بوو؟!

ئەو تایبەتمەندییە شازانە چ بوون کە لەو شەخسیەتە کوردەدا پێیان شک دەهات و، لە کەسی تردا نەبوو و ئەو لایەنانەی وا لێ کردبوو بۆیان سەلماندبوو، کە: ئەو لە خەڵکی تر جیایە، کارامە و پێکراو و نەترسە و بەرژەوەندی کاتی و تەنانەت دوارۆژی خۆشیان لە دۆستایەتیی ئەودا بەدی دەکرد....؟!!

دەڵێم: نەکا ئەو تایبەتییانە هەر ئەو هێزە نادیارانە بن کە ئێمە لەوەپێش لە خۆمان پرسی: دەبێ چ بن و، وەڵامان نەدۆزیەوە... هێزە شاراوەکان، هێزەکانی ناو دڵ و دەروون و ڕەگ و خوێن، ئەو هێزانەی کە بە چاو نابیندرێن و لە کار و کردەوەدا نەبێ وەدەر ناکەون...!

لە هەر جێیەک باسی شەخسیەتی بارزانی بکرێ، یان بنووسرێ بە هەموو لایەنە بەرزەکانییەوە پێش هەموو شت لایەنی عەسکەریی وی خۆی دەنوێنێ کە دیارە بەڵگەش بۆ ئەوە زۆرە هەر لە وردە چیرۆکی زەمانی گەنجیی خۆی و ڕووداوی جۆر بە جۆری عەشیرەتییەوە هەتا شۆڕشەکانی ساڵانی ٤٣ و ٤٥ و، دوای ئەوان بەشداری و چالاکی لە جەبهەکانی کۆماری مەهاباد و، پەڕینەوە گرینگ و بەناوبانگەکەی لە ڕووباری ئاراس و، دەرباز بوونی بەناو هێزی سێ حکومەتی نەیاردا و زۆر بەسەرهاتی تر لە ڕوسیا کە ئەوانیش خۆیان هەر یەکە داستانێکن و سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول بەو جەبهە بەربڵاو و چەکە سامناکانەوە کە دژی وی بەکار دەهێنران و، هەزاران وردەکاریی قارەمانانەی تری نەگوتراو و نەنووسراوی بەینی ئەو شۆڕشانە و جەنگەی ئەو شۆڕشانە، تەنانەت لە زەمانی منداڵیی خۆیدا کە من بەشێکی زۆریانم لە خۆی بیستوە، تێکڕای ئەو ڕووداوانە و هەر هەموو شێوەی سەرتاسەری ژیانە پڕ لە شانازیەکەی لە هەڵکەوتوویی ئەودا جێگەی شک و گومانیان بۆ کەس نەهێشتۆتەوە.

سەرکردایەتیی شۆڕشی گەورە و بەربڵاو و درێژخایەنی ئەیلول «بە هەموو گیروگرفت و





ئاستەنگەکانی ناوخۆ و دەرەوەیەوە» تەنیا یەکێک لە کردەوەکانی شۆڕشگێڕانەی ئەو قارەمانە مەزنە بوو.

ڕێبەری و سەرکردایەتیی بارزانی تەنیا هەر عینوان و ئیسم و ڕەسمێکی تەشریفاتی و کاغەز مۆرکردن نەبوو و بە کردەوە و ڕاستەخۆ چاوەدێریی هەبوو بەسەر وەزعی کۆمەڵدا، تەنانەت کاروباری بەینی عەشایر و شکایەتی غەدر لێکراو و، دەستگرتنی فەقیر و نەدار، بە تایبەتی ئیدارە کردنی جەبهەکان لە جەنگەی شەڕدا کە سەعات بە سەعات هەڵوێستی لە هەموو هێزەکان وەردەگرت و لەبەر ئەوە کە خۆی شارەزایی تەواوی ستراتیژیی لەسەر هەموو ناوچەکان بە چیا و گەڵی و هەموو شوێنەکانی تریانەوە هەبوو بەپێی ئەو بروسکانەی کە لە لایەن ئامیر هێزەکانەوە لە جەبهەکان بۆی دەهات دەیزانی شوێنیان چلۆن هەڵکەوتوە و، چ هەڵدەگرێ و بەبروسکە فەرمانی پێ دەدان و ڕێنوێنیی دەکردن کە چ بکەن، یان هەوڵی گرتنی چ شوێنێک بدەن، یان ئەگەر بە پێویستی زانیبا چلۆن پاشەکشەی کاتی بکەن بۆ ئەوە کە کوژراوی زۆر نەدەن.

بارزانی زۆربەی یارانی هاوسەنگەری خۆی بە ناو دەناسی و، تێکچوون و شێوانی بارزانی لەو شەڕە قورسانەدا تەنیا کاتێک هەستی پێ دەکرا کە هەواڵی کوژرانی یەکێک لەوانەی پێ دەگەیشت... من قەت ئەو کاتە ناخۆشە لە بیر ناکەم کە لە جەبهەی ڕەواندزەوە بروسکەی کوژرانی (میرە شێرۆکیی) بۆ هات و بارزانی لە ئەژنۆی خوێ دا و بەو هەموو سەنگینی و بێ باکییەوە پەژارەی کوژرانی ئەو جەنگاوەرە بە ناوەی پێوە دیار بوو (پێویستە ئەوەش بڵێم کە (شێرۆک) گوندێکە لە ناو دۆڵەمەریان لە ناوچەی بارزان).

هەر بەینێک دوای ئەوە، یانی لە ساڵی ٦٧دا بوو کە حکومەت داوای وتوویژی کرد و نوێنەری هاتە لای بارزانی لە قەسرێ و، دوای ڕۆیشتنی وەفدەکە بارزانی فەرمووی: سوڵحی شۆڕش و حکومەتیش بکرێ شەڕی من و سەعید حەمۆی هەر دەمێنێ (ئەو سەعید حەمۆبە ئەفسەرێکی کورد بوو لە سوپای عیراقدا و، بەینێکی زۆر فەرماندەی هێزەکانی میری بوو لە ڕەواندز و، بێجگە لە ئەرکی عەسکەریی خۆی کە دیارە کەس بۆ ئەوە گلەیی لێی نەبوو زۆر دژی کورد و شۆڕش و بارزانی دەوەستا و لەبەر ئەوە بارزانی ڕقی لێ هەڵگرتبوو)..

نەک هەر سەرەتای شۆڕش زۆر ساڵیش بەسەر شۆڕشدا تێپەڕیبوو پێشمەرگە چەکێکی وای نەبوو بەرەنگاریی ئەو هێزە گەورە و پڕچەکەی حکومەتی پێ بکا لە دڵ و جورئەتی خۆی و باوەڕ بەسەرکردەکەی زیادتر کە هەر ئەو چەکەش لە هەموو شت زیادتر بەکاری هات و، لە هەوەڵ هەتا ئاخری ئەو شۆڕشە درێژخایەنە هەوڵی میری بۆ یەک لا کردنەوەی کاری شۆڕش بە هۆی کردەوەی سوپایی سوودی نەبوو، و بەڵکو هەر هات و پەرە گرتوو تر بوو و وای لێ هات لە سەرتاسەری کوردستان جێگەیەک نەما نەبێتە جەبهە و شەڕی لێ نەبێ، جا لە هێندێ جێ شەڕی سەخت و دژوار و لە هێندێ شوێن بڕێک لەوە سووکتر و، نیزیکەی ۳۵ هەتا ٤٠ هەزار پێشمەرگە «ئەگەر چاکم لە بیر مابێ بەپێی لیستەی مەعاش» لەو پەڕ و پەڕی کوردستان لە ڕێزی هێزەکانی: باڵەک، هەڵگورد، کاوە، سەفین، دەشتی هەولێر، ڕزگاری، خەبات، قەرەداغ، بێتواتە، ئاکرێ و شێخان، دهۆک، زاخۆ، مەتینا و، چەند بەتالیۆنی تری سەربەخۆ. حەسانەوەیان بە هێزەکانی میری نەهێشتبوو.

کوردستانی ئەو کاتە بۆ دابین کردنی چەک و بژێوی پێشمەرگە هیچ سەرچاوەی داهاتی ناوخۆی نەبوو لە سەرکردەیەکی لێهاتوو زیادتر کە دابین کردنی ئەوەش لایەنی هەرە گرینگ و دژواری بەڕێوەبردنی شۆڕش بوو، لەو شەڕە دوور و درێژەدا چ کۆمەڵ و چ هێزەکانی چەکهەڵگر هەمیشە لە مەترسیی برسیەتی و نەبوونی سووتەمەنی، (نەفت و بانزین) و هەموو پێداویستیەکی تری ژیاندا بوون، لە ناوچەی بادینان کە لە دەروازەی ناوچەی باڵەک دوور بون زۆر جار نرخی تەنەکەیەک نەفت هەتا ١٥٠ دینار دەچوو.

هێرشی هێزی هەوایی میری کە شەو و ڕۆژ پسانەوەی نەبوو ڕێگەی ئیش و کاری فەلاحەتی و کشتوکاڵی بۆ کەس نەهێشتبوو، ئەگەر کەسێک ڕیسکی کردبا و پێی کرابا لە ژێر ئەو زەغت و فشارەدا بستە زەوییەک داچێنێ دەبوو شەوانە بچێ بیدروێتەوە، ئەگەر ڕەز و باخچەیەکی وا مابوو بوردومان نەکرابێ لەبەر هێرش و دەسرێژی فڕۆکە خاوەنی ڕێگەی نەبوو میوەکەی بەرێتە بازێڕ بیفرۆشێ و، کەلێنێکی پێداویستیی خێزانی خۆی پێ پڕ کاتەوە، بەڵام ئەو دەم خەڵک لە ناو ئەو هەموو تۆپ و بۆمبایەدا هەر سەری خۆیان دەرکردبا بەهەموو شتی تر ڕازی بوون.

با لێرەدا ئەو کورتە چیرۆکە بۆ خوێنەری خۆشەویست بگێڕمەوە کە هەتا ڕادەیەکی زۆر دیاردەی دەس تەنگی و بێ دەرەتانیی کۆمەڵی ئەو کاتەیە، هەر چەند پەیوەندی بە





مەبەستی ئەسڵیی ئەو نووسینەوە نییە:

لە گوندی شێخان لە ناوچەی باڵەک مەقەڕێکی پێشمەرگەی لێ بوو کە دوای ئەوەی ڕادیۆی شۆڕش لە ئەشکەوتی سەردیمانی ناوچەی باڵەک بۆمباران کرا هەتا دیسان ڕادیۆ لە سنووری ئەو دیو دامەزراوە من و ئەحمەد تۆفیق ماوەیەک لەوێ بووین و جەماعەتەکە هەموویان ١٥ کەسێک دەبوون و، ئەوەش کاتێک بوو کە شەڕێکی توند سەرتاسەری کوردستانی داگرتبوو، جوڵانەوە و هاتوچۆ لەبەر دەسرێژی فڕۆکە هەر نەمابوو بەتایبەتی لەو ناوچە کە هێڵی پەیوەندی شۆڕش بو لەگەڵ ئەو دیو.

ڕۆژێک بە ئەحمەد تۆفیقم گوت: ئێستە جەنگەی میوەیە، ئەو پێشمەرگانەی ئێرە خۆیان ناچنە هیچ کوێ و دیارە شار و بازێڕ هەر نییە و دەستیان بە هیچ کوێ ڕاناگا، ئەگەر ئێمە جار جارێک هەوڵی بڕێک میوەیان بۆ نەدەین و لەوەدا چاوێکمان لێیان نەبێ زۆر مەغدورن. ئەوە لە ئەستۆی ئێمەیە، هەستە با هێسترەکە بەرین لەو ناو ڕەزە ئەگەر میوەی لێ بێ بۆیان بکڕین.

بەهەڵکەوت باخچەیەکی بوردومان نەکراو لە قەراخ گوند هەبوو، من و کاک ئەحمەد هەردوکمان چووین، خاوەنەکەی (مام ئەحمەد) بەرەوپیرمان هات، لێمان پرسی میوەی فرۆشتنت هەیە؟ گوتی: هەرمێم هەیە، وەرن بیبینن ئەگەر پێتان باش بوو لێم بکڕن. بە کورتی هەرمێکانی کە زۆریش باش بوون لەسەر عەرزی ڕۆ کردبوو و گەڵاداری بە سەردا دابوو، گوتم: باشە ئەوانە چۆن دەفرۆشی؟ بە کێشانە یان بە گۆترە؟ گوتی: بە کێشان نییە سەد هەرمێ دەدەم بە سەد فلس!!!

باوەڕم نەکرد دیسان لێم دووپات کردەوە و، گوتی: بەڵێ بەڵێ سەد هەرمێ بە سەد فلس دەدەم، خۆتان لێیان بژمێرن، ئەوجار سەد هەرمێی گەورەمان لە تێڕەکە کرد و لە هێسترمان نا و هاتینەوە مەقەڕ و سەد فلسمان دا بە مام ئەحمەد.

دیارە ئەو ڕووداوە ساڵی شەست و حەوت بوو، بێجگە لەوە هەر بە تێکڕایی شتی تریش وەک ئەوڕۆ گران نەبوو بەڵام نەک بەو ڕادەش هەرزان و، لەوەدا بە ئاشکرا شوێنی شەڕ بەسەر کەسادیی بازاڕی بەرهەمی وەرزێر و فەلاحەوە دیار بوو، شتێکی تریشی دەخستە سەر وەزعی نالەباری ئەو کاتەی کۆمەڵ.

ئەو ئەحمەد تۆفیقە کە پێشووتریش لەگەڵ جەماعەتی ئێرانیەکان ناوی هات ئەو کاتە لە ناوچەی باڵەک بەناوی بەرپرسی ح. د. ک. ئێران ئیشی دەکرد و، لەو سەردەمانەدا کە مەقەڕی بارزانی لەلای سەنگەسەر و ڕانیە و بیتوێن بوو لەبەر ئەوە کە کوڕێکی دڵسۆز و هەڵسووڕا و بوو سەرنجی بارزانیی ڕاکێشابوو و زۆر عەتفی لەسەری هەبوو هەتا ساڵی ٦٨ کە حکومەتی عیراق پەیوەندی پێوەکرد و لە ناوچەی بەرواریی باڵاوە بردیە بەغدا و زۆر پێ نەچوو لەوێ گرتیان و لە گرتوخانەیان کرد و ئیتر نەهاتەوە دەر، دەنگۆی ئەوەش هەبوو کە هەڤاڵە حیزبییەکانی خۆی کە لە بەغدا بوون لەو پێوەکردن و تێداچوونەی ئەودا دەوریان هەبوە و «ئەویش خوا دەزانێ».

سەرەڕای تەنگوچەڵەمەی شەڕ و ئەو هەموو سیاسەتە دوژمنکاریانەی دژی شۆڕش لە کار دەکران و، ئەو پیلانانەی بۆ بێ هێز کردنی دەنرانەوە، سەرکردایەتیی شۆڕش بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەموو دژایەتی و ئاژاوەیەک و نەهێشتنی کەم و کوڕیی کۆمەڵ و هێزی چەکهەڵگر چ بۆ پڕ کردنەوەی کەلێنی ژیان و لایەنی ئابووری و چ بۆ پاراستنی گیانی شۆڕشگێڕی لە ئاستێکی بەرزدا هەنگاوی دەنا، بەڵام دەبێ پێ لەوە بنێم کە بۆ هاندانی هەست و کردەوەی شۆڕشگێڕانە ئەگەر سەرتاسەری کوردستان پڕ بوو لە حەماسەت و کاری قارەمانی وتەی سەرکردە و دیتنی سەرکردە و ئاکاری سەرکردە بەرزترین شوێنی لە بزواندنی هەستی نەتەوایەتی و گەرم داهێنانی پێشمەرگە لە گۆڕەپانی شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی دوژمندا هەبوو.

بارزانی دۆستێکی ئەمین بوو بۆ خەڵک و، خەمخۆرێکی دڵسۆز بوو بۆ هاوکار و، هەڤاڵێکی بەوەفا بوو بۆ پێشمەرگە و، سادە بوو لە ژیانی ئاساییدا و، لە جلک و لیباسیدا لەگەڵ حەرەسەکانی خۆی لێک نەدەکراوە.

وا بوە پێڵاوی کۆن و پانیە خوار و دوو جار چۆغەی پینەکراوم لەبەردا دیوە و لەسەر ئەو دەست ڕۆیشتن و زاکونەشڕا خۆی لە کەس بە گەورەتر نەدەگرت، چەند نامەی بارزانیم لە جوابی عەریزەی پێشمەرگاندا دیبێ باشە کە بە دەستی خۆی وەڵامی بۆ دەنووسینەوە و، لە بنیشی دەنووسی: خزمەتکارت بارزانی مستەفا، بەڵێ بارزانی مستەفا چاکم گوت، بە دوای ئەویشدا ئمیزاکەی (مصطفی)یەکی پەتی.

ئەو مستەفا خۆشەویستەی کە بە درێژایی شۆڕشی ئەیلول بە کردەوەی قارەمانانەی خۆی





نەک هەر ڕۆژهەڵاتی ناوەند بەڵکو هەموو جیهانی تووشی سەرسوڕماوی کرد و، لە شەڕە سەخت و خوێناویەکانی کوردستاندا هەر لە شەڕی گەلیی عەلی بەگەوە هەتا شەڕەکانی: پیرس و، هەندرێن و، سەری حەسەن بەگ و، دەشتی هەولێر و، ڕەواندز، گۆڤار و ڕۆژنامەکانی دەرەوە پەیتا پەیتا ناویان لێ دەگۆڕی و، ڕۆژێک پێیان دەگوت (سوڵتانی شەڕی پارتیزانی) و ڕۆژێک ناویان دەنا (هەڵۆی کێوپارە) و، ڕۆژێک گوتیان (بەبری ڕاپەڕیو).

ئێمەی کورد ئەگەر یادی بارزانیی ڕێبەر و سەرکردەمان کرد زۆر زۆر ئەوەندەیە دەڵێین: بارزانیی قارەمان، کەچی پسپۆڕ و زاناکانی غەیرە کوردی دەرەوە کە لە ئێمە باشتری دەناسن پێیان وایە وشەی قارەمان بۆ بارزانیی کەمە و بارزانیی لە قارەمان بەرزترە.

ئەگەر شەڕ ڕادەوەستا دانیشتن و دەردی دڵ لە لای بارزانیی چ ئەو دەم لە لای سەنگەسەر و بیتوێن و دیلمان بوو چ ئەو دەم هاتە باڵەکایەتی هەتا ساڵەکانی هەرە دوایی کە ئەرکی قورس و گرانی کاروباری شۆڕش لەو مەجالەی کەم کردبوو، هەموو کاتێک و بۆ هەموو کەس و هەموو چینێک بەبێ جیاوازی و بەهاسانی ئیمکانی هەبوو مەگەر ئەو کاتە لە خەو و ئیستراحەت دابوایە دەنا نە حەرەس و حیمایەکانی کەسیان دەگێڕاوە نە خۆی بەوە ڕازی دەبوو، ئەو ئازادی و سەربەستییەی لە دیتن و هاتوچۆی لای ئەودا هەبوو بێگومان کارێکی پیرۆز و پێویست بوو بە سوودی کۆمەڵ و بە تایبەتی چینی هەژار بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباریان بە شێوەیەکی عادڵانە و، ئەگەر زۆربەی وەختی سەرۆک لەوەدا سەرف دەبوو لە لای تر بەشێکی زۆری گیروگرفتی خەڵکیش لە لای ئەو دەبڕاوە و، لەبەر ئەوە کە خەڵک دڵنیابوون هەر کارێک بگاتەوە لای خۆی ناهێڵێ غەدری تێدا بێ، زۆر شتی وایان دەهێناوە لای ئەو و پیلەیان پێ دەگرت کە هیچ پەیوەندی بەوەوە نەبوو، یەک لەوانە شکایەتی ژنێک بوو کە شەوێک نیزیک سەعات هەشتی ئێوارێ هاتە مەقەڕ لای بارزانی کە لە کەپرێک دابوو لە نیزیک حاجی ئۆمەران و هەتا سەعات نۆ و نیوی شەو لەسەری ڕۆیشت و دەیگوت: نۆبە ئاوی من بوە نەیانداوە بە من و داویانە بە یەکی لە من زۆردارتر و منیش دەغڵەکانم لە تینوان وشک بوون (بەداخەوە ناوی گوندی ژنەکەم لە بیر نەماوە). هەرچەند بارزانی دەیفەرموو: من لەوە ئاگادار نەبووم دەنا نەمدەهێشت و، ئەوە واجبی کوێخای گوندە بە ئیشەکانتان ڕابگا و ئیتر ناهێڵم جارێکی تر نۆبە ئاوت بەسەر

بچێ، ژنەکە هەر نەیدەبیست و هەر لەسەری دەڕۆیی و گەیاندیە ڕادەیەک کە ئەوانەی لەوێ دانیشتبووین هەموومان بێزار ببووین بەڵام مەلا مستەفا هەر ناوچاوانیشی تێک نەنا و، زۆر لەسەرەخۆ وەڵامی وتەکانی ژنەکەی دەداوە کە زۆریش بەڕێ و جێ نەبوون و هەتا پێی نەسەلماند کە لەوەدا ئەو سووچی نەبوە و، دڵنیای نەکرد کە لەوەودوا ئیتر ئەوە دووپات نابێتەوە نەیهێشت بڕوا و ئەوجار ژنەکە کە دیار بوو قەناعەتی هاتبوو و ڕازی بوو لە کاتێکا دوعای بە خێری بۆ دەکرد ئیزنی ڕۆیشتنی لێ خواست و هەستا وەدەرکەوت.

هەر بۆ بیستنی ئەو جۆرە سکاڵایە بارزانی زۆر جار هەتا سەعات دو، یان سێی پاش نیوەشەو نەدەنوست و، سبەینێ لای چێشتانێ تۆڵەی ئەو ماندوبونەی دەکردەوە، و نیزیک سەعات یازدەی بەیانی بەرچای دەکرد و، دیسان دادەنیشتەوە بۆ دیتنی هاووڵاتیان و، حەرەس و خوڵام و خەربەندەکانیشی وەک خەڵکی تر دەهاتن لە دیوەخاندا دادەنیشتن و، کاتێک چاییچی چای دەهێنا لە لای دەرگا و لە پێشەوە پێدا دەهات و لە هەر جێیەک نۆبە دەگەیشتە بارزانی چای لە پێش ئەویش دادەنا و، ئیتر وا نەبوو بڵێی لەبەر ئەوە کە سەرکردەی شۆڕشە لە پێش خەڵکی تردا چای لە پێش ئەو دانێن.

کەم وا هەبوو وتەی بارزانی ئایەت و حەدیسی تێدا نەبێ، نوێژی لە وەختی خۆیدا دەکرد و، نەیدەهێشت وە درەنگی بکەوێ، ئەو شوێنانەی لەبەر حوکمی ئەودا بوون لە مانگی ڕەمەزاندا چاوەدێریی توندیان لە فرۆشتنی خواردن و خواردنەوەدا بە ڕۆژ دەکەوتە سەر.

ڕەشبەڵەک لە هەموو جێ هەڵگیرابوو، لەوانە لە هەمووان گرینگتر لە لای بارزانی تەعدای ناموس بوو کە بە هیچ جۆر لێی نەدەبورد و، دەبوو مەسەلە لە بنە کرێ و، دوای سووربوونەوە تاوانبار بە سزای خۆی هەر بگا کە سزاکەش قەت لە کوشتن کەمتر نەبوو. زانایانی ئایینی لەلای مەلا مستەفا ڕێز و پلەیەکی تایبەتیان هەبوو، مەگەر بە دەگمەن دەنا قەت وا نەبوو مەجلیسی ئەو مەلا و ئەهلی زانستی لێ نەبێ لە مەسایلی دینی و شەرعیدا سەرەڕای شارەزایی خۆی کەڵکی لە زانست و ئاگاداریی وان وەردەگرت و، زۆر جارم دی لە فتوای ئیمامەکاندا دەیانکردە کێشە و پیلە بەڵام قەت وا نەبوو بارزانی دەنگ هەڵێنێ و کارێکی وا بکا دەنگی ڕەسەر دەنگی مەجلیس و حازریان بکەوێ و، نیشانەی فەرزکردنی ڕەئی خۆی پێوە دیار بێ.





پێکەنینی قەت بە قاقا نەبوو و لە زەردە تێنەدەپەڕی و، جارجار نەبی ددانی وەدەر نەدەکەوت، کەم تووڕە دەبوو بەڵام ئەگەر تووڕە دەبوو هێندەی تری بەسام دەکرد، من دوو جار تووڕە بوونی بارزانیم دیوە و، لەو حاڵەتەدا کەم کەسی وا هەبوو لێی نیزیک ببێتەوە و، نیشانەی تووڕە بوون بەر لە هەموو شت لە چاوی و، لە ڕوانینی تیژی وەدەر دەکەوت.

قەت بارزانیم نەدی ڕەخت و دەمانچەی پێوە نەبێ و خەنجەری لەبەردا نەبێ چ لە ماڵی خۆی و، چ لە مەقەڕات و، لەگەڵ خەنجەرەکەی دارجگەرەشی لەبەر پشتێنی دابوو و خۆی پەڕەسیغاری دەپێچاوە و، لە ناو قوتوویەکی قایشی دەخست و لە باخەڵی چۆغەکەی دەنا.

لە ساڵەکانی دواییدا دوکتوران پێیان گوت نابێ جگەرە بکێشی و، ئەو جگەرە نەکێشانە بۆ ئەو کە لە مێژ ساڵ بوو دەیکێشا و لەگەڵی ڕاهاتبوو زۆری وەڕەز کرد بوو، جارجار لە کەرەج ئەگەر میوان دەڕۆیشتن و هەر خۆیی دەمانەوە دەیفەرموو: کوڕینە دەڵێن چی نیوە جگەرەیەک بکێشم؟ هێندێک دەیانگوت بکێشە و هێندێک دەیانگوت خراپە مەکێشە و، من کە دەمزانی زۆر وەڕەزیی کردوە عەرزم دەکرد: ئەزبەنی نیوە جگەرەیەک ئەوەندەی زەرەر نابێ نارەحەتت کا و، ئەویش کە خۆی حەزی لێ بوو دایدەگیرساند.

سەنگینی و ئەدەب و حورمەتی بارزانی لە دانیشتن و قسەکردن و تەنانەت لە ڕێگە ڕۆیشتندا قەت تێک نەدەچوو، هەر کەس دەهاتە خزمەتی بەو هەموو ڕێزەوە کە لێی دەگرت و، بەو هەموو ئەدەب و نەزاکەتەوە کە لەگەڵی دەدوا هەستی بە شەخسیەت دەکرد و، ڕمودەی ئەو سروشت بەرزیە دەبوو، زۆر کەسی وام دیت کە بارزانی وەپێشیان نەدەکەوت لە کاتێکا هەموو کەس دەیزانی خۆی لە هەموو ڕوویەکەوە بەسەر وانیدا هەیە، ئەو ئەدەب و حورمەتەی بارزانی لە چوارچێوەی بنەماڵەی خۆیاندا لەوەش بەرە ژوورتر دەچوو، شێخ بابۆ برا گەورەی بارزانی لە دیلمان هەستا لە مەجلیس بچێتە دەر، کە ئەو لە مەجلیسەکە هەستا بارزانیش هەستا پێ و، کاتێک شێخ بابۆ بۆ لای پێشخانە چوو کە پێڵاوەکانی لە پێ کا بارزانی لەگەڵی هات و لە ناو ئەو هەموو دەست و پێوەندەدا کە لەوێ حازربوون خۆی پێڵاوەکانی شێخ بابۆی هێنا و بۆی دانا و، قۆڵیشی گرت هەتا لە پێی کردن و ڕۆیشتە دەر، ئەوجا بارزانی هاتەوە دیوەخان و لە جێگەی خۆی دانیشتەوە، ئەویش لە جەنگەیەکدا کە سەرەک کۆماری عێراق لانی کەم مانگێک هەولی دەدا هەتا

مەلا مستەفا بەوە ڕازی دەبوو بێتە جێیەکی کوردستان و لەوێ چاوی پێی بکەوێ.

من نازانم ناوی ئەو کردەوەی بارزانی بنێم: نەجابەت و، ئەسالەتی فەردی و فامیلی، زانستی کۆمەڵایەتی، یان ئەو ئیمتیاز و تایبەتیە شاز و بەرزانەی کە لە فەردێکی هەڵکەوتووی ئاوهادا خۆ دەنوێنێ و، خەڵکی ئاسایی لێی بێ بەشن و زۆربەیان چ لە لانی ماڵی و، چ لە لایەنی پشت و پلەوە هەر تۆزێک دەستی خۆیان دی ئیتر چاویان لەوەیە گەورە و گچکە کوڕنشیان بۆ بەرێ.

لەمەڕ ڕاگرتنی گەورە و گچکەیی و، پاراستنی ڕێز و، نرخ دانان بۆ خەڵک لە ناو ئەو بنەماڵەدا وێنەی بەرزی تری وام زۆر دیوە کە خەڵکی تر ئەو شێوە هەڵسوکەوتە نە دەزانن و نە پێیان دەکرێ و، نە لە خۆیانی دەگرن و ئەوە دەچێتەوە سەر نەجابەت و ئەو تەربیەت و پەروەردەکردنەی لە مەکتەبی خانەوادەدا دەکرێ و بە کاری ئەو کەسانە دێ کە بە کاری کۆمەڵ دێن.

لە وەفاتی شێخ بابۆدا لە کەرەج، بارزانی خۆی جەنازەکەی لەسەر شانی دانابوو لەگەڵ جەماعەت و دەمدیت فرمێسک لە چاوی دەهاتە خوار، ئەوە لە کاتێکا ئەو دەم تەمەنی لە سەروی حەفتا و پێنج ساڵیدا بوو.

بەڵێ بارزانی بە هێز بوو و بە دەسەڵات بوو، دەشیزانی شوێنی بەکار هێنانی ئەو هێز و دەسەڵاتە کوێیە و کەنگێیە و، حکومەتەکانی ناوەندیش لە بەغدا هەرکەس دەهاتە سەر حوکم بارزانییان دەناسی یەک لە یەک چاتر، هەر وەفدێکی میری کە لە پلەی وەزیرەکانیاندا بۆ وتوویژ دەهاتنە کوردستان بەر لە دانیشتن و هەر لە ڕێوە دەکەوتنە پرسیار و تاووتوێی ئەوە کە چلۆن کارێکی وا بکەن بارزانی تووڕە نەبێ و، ئەو هەموو هاتن و چوونەی میری لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا نەیتوانی شتێک بەسەر بارزانیدا فەرز کا کە ویستی خۆی نەبێ لە هەوەڵ هەتا ئاخر بارزانی هەر ئەو بارزانییە بە هێز و، بە دەسەڵات و لێبڕاوە بوو کە هەبوو، هیچ هێزێک پێی نەکرا گۆڕانی بەسەردا بێنێ.

ئەوە بارزانی بوو کە بۆ پێشمەرگەی کوردستانی دەنووسی: خزمەتکارت بارزانی مستەفا، بەڵام کاتێک لە ناوپردان هاتن پێیان گوت: ئەوە سەددام هات، لە کەپرەکە نەهاتە دەر و هەر ئەوەندە فەرمووی: با بێ و، تەنیا ئێمە کە لە خزمەتی بووین هەستاین و





جێمان بۆ سەددام چۆڵ کرد. (بۆ زانین ئەو کاتە سەددام معاونی ڕەئیس جمهور بوو نەک (ڕەئیس جمهور) و، لەبەر ئەوە کە پردی سەر ڕووبارەکەی ناوپردان خراپ ببوو سەیارە بەسەریدا نەدەڕۆیی سەددام لە جادەوە بە پێیان هات هەتا ئەو کەپرەی بارزانیی لێ بوو و تفەنگێکی کلاشینکۆفی (سپی)شی پێ بوو کە عەسکەرێک بە دوایەوە بۆی هەڵگرتبوو و، زۆر بە ئەدەبەوە لەوێ پێشکەشی «سوڵتانی شەڕی پارتیزانیی» کرد، ئەوجار لە لای دانیشت.

ئەو ڕۆژە پێش هاتنی سەددام حوسێن، بارزانی لەو کەپرە باسی ئەو سەفەرەی خۆی دەکرد کە بۆ قەرەداغ کردبووی، بۆ ڕوون بوونەوەی خوێنەر لەو سەفەرە دەبێ بڕێک بگەڕێمەوە دوایە.

بەینێک پێش ئەو دەم بارزانی بۆ سەردانی هێزی قەرەداغ و هێزەکانی تری ئەو ناوچە لە ڕێگەی چیاوە و، بە پێیان و بە سواری هێستر لە باڵەکایەتیەوە لە پێشدا بۆ ناوچەی پشدەر و لەوێوە بۆ قەرەداغ چوبوو، دوای سەردانەکە کە وەزع هەتا ڕادەیەک لەبەر ئەو وتوویژەی لە بەینی شۆڕش و حکومەتدا هەبوو هێور ببۆوە و شەڕ ڕاوەستابوو، لە جیاتی ئەوە دیسان بە چیادا بگەڕێتەوە ئەوجار بە جادەدا و لە ڕێگەی سولەیمانییەوە گەڕاوە، جا ئەگەر خۆی ویستبووی و ئەگەر لە لایەن هاوڕێکانییەوە پێشنیازی پێ کرابوو، بەڵام هەرچی بوو تەرتیبی ئەو هاتنەوە بەو جۆرە بوو کە شێخ حوسێنی بۆسکێن کە لەگەڵی چووبوو لە هاتنەوەدا وەرەقەی لە حکومەت وەرگرتبوو کە خۆی و حیمایەکانی بە چەکەوە و بە سواری سەیارە بێن و بەجادەی سولەیمانیدا تێپەڕن بڕۆنەوە بۆ سەرەوە، بارزانیش لەگەڵ ئەوان بەناوی حیمایەی شێخ حوسێن لە پشت سەیارەیەکی پیکاب سوار دەبێ و، لە سەیتەرەکان لەبەر ئەوە کەوەرەقەیان پێ دەبێ ڕایانناگرن، دوای ئەوە کە ئەوان دەگەنە سەرێ و لە هەموو سەیتەرەکان دەرباز دەبن حکومەت پێ دەزانێ کە بارزانی لەگەڵ ئەو جەماعەتە بوە و بە جادەدا هاتوە و تێپەڕیوە، ئەوجار تەفتیشێکی توند دەخەنە سەر خەڵک و دەست دەکەن بە پشکنینی ڕێبواران بەڵام بارزانی تازە گەیشتبۆوە ناو پێشمەرگە و نەجاتی ببوو، ئەو پشکنینە هەتا ماوەیەکی زۆر هەر مابوو لەبەر ئەوە ئەو ڕۆژە بارزانی فەرمووی: حکومەت پێی وایە جارێکی تر مستەفا دەچێتەوە بەردەستیان و، هەر ئەو ڕۆژەش بوو کە لە باسی وتوویژی بەینی شۆڕش و حکومەتدا ڕووی تێ کردم فەرمووی:

حکومەت دەڵێ ئەگەر تۆ بێتو بێی سەردانێکی بەغدا بکەی مێژوو بە ئاوی زێڕ دەینووسێ و من عەرزم کرد: بالعکس ئەزبەنی ئەگەر نەچی مێژوو بە ئاوی زێڕ دەینووسێ نەک ئەگەر بچی کە پێم وایە وەڵامەکەی پێ خۆش بوو و بزەیەکی هاتێ.

هەموو دیتن و هاتوچۆ و گلە و گازندەیەکی لای بارزانی تەنیا لە حاڵەتێکدا بوو کە شەڕ ڕادەوەستا و، لە گەڵ دەست پێکردنەوەی شەڕ ئیتر نەکەس پێی دەکرا بارزانی ببینێ و نە بارزانی کاتی ئەوەی بۆ دەمایەوە، هەر یەکەم ڕۆژی شەڕ و بگرە چەند ڕۆژ پێش ئەویش ئابداریە پچووکەکەیان بۆ دەخستە سەر پشتی هێسترێک لەگەڵ دوو بەتانی و باڵنجێک و کەتریەکی ڕەش و قوپاو و جیهازێکی بێتەل بۆ سەرکردایەتیی ڕاستەوخۆی جەبهەکان ڕێگەی چیای دەگرتەبەر، کێ دەیزانی ئەورۆ لە هەرێمی چ هێزێکە؟ کێ دەیزانی جێگەی حەسانەوەی ئەورۆی چ بن بەردێک، یان چ ناو تەراش و چ ئەشکەوتێکە؟ کێ دەیزانی ئەورۆ (عەبدولڕەحمان عەلی بەرواری) کە لە زۆربەی شەڕەکانی کوردستاندا بۆ ئیدارەی بژێوی لەگەڵی بوو، (یاخوا عومری درێژ بێ بۆ ئەو خزمەتەی بە خۆشەویستی گەلی کوردی دەکرد) لەو چیا و چۆڵە بژیوێکی وەدەست کەوتوە لە پێشی دانێ یان نا؟.

بەڵێ ئەوە پێویستیەکی ڕێبەری بوو، ئەوە ئەرک بوو، سپاردە بوو، ڕەمز و ڕازێک بوو نە سیخوڕ پەی پێ دەبرد، نە لە فڕۆکەی بۆمباهاوێژ دیار بوو، نە تۆپی دوورزەن دەیگەیشتێ، ئەوە تاکتیک بوو، دەرفەت هێنان بوو زەربەت وەشاندن بوو، دەست پێشخستن و تێکشکاندنی دوژمن بوو، ئەوە بەڵگەی فیدایی بوونی بوو لە ڕێگەی کورد دا، ئەوە پشتیوانی بوو لە پێشمەرگەی کوردستان، جا ئەگەر جێگەی بن بەرد بوو، ئەگەر ئەشکەوت، ئەگەر بن تەراش، چما هەموو هەر لانی بەبری ڕاپەڕیو نەبوون؟

بەڵێ ئەوە بەرژەوەند بوو، ئەوە فەرمانی ڕێبەرانی ڕابوردووی نەتەوەی ئێمە: شێخ سەعید، شێخ عوبەیدیللا، شێخ مەحمود، پێشەوا قازی محەممەد بوو، کە کوردستانیان بەو ئەسپاردبوو و دەبوو پارێزگاریی لێ بکا، ئەوە فەرمانی مێژوو بوو.

گوتم: تەنانەت چەند ڕۆژ پێش شەڕ و پێش ئەوەی ئاڵۆزی و تەقە لە جەبهەکان دەست پێ بکاتەوە و هێشتە نیازی حکومەت بۆ دەسدرێژیی نوێ و هەڵگیرساندنەوەی شەڕ هەر لە قۆناغی خەیاڵدا بوو کە بارزانی لێی ئاگادار دەبوو ئەویش بۆ بەرگری و هەس دانەوەی





هێزەکانی میری وەخۆ دەکەوت و کارقاییی خۆی دەکرد، بەڵام چۆن بوو کە پێش وەخت بارزانی هەستی بە نیازی حکومەت دەکرد، هێندێک دەیانگوت: بارزانی لە ناو دەزگاکانی میریدا دۆست و لایەنگری دڵسۆزی خۆی هەیە و لە وەختی خۆیدا بەو کارە هەڵدەستن.

هەبوون دەیانگوت: سەفارەتی حکومەتەکانی دۆستی بارزانی لە بەغدا، یەک لەوان باڵوێزخانەی یۆگۆسلاوی کە خۆی لەگەڵ (تیتۆ)ی سەرەک کۆماری یوگۆسلاوی زۆر دۆست بوو لە کاتی وادا پەیوەندی پێوە دەکەن و ئەوە بە خزمەتێک دادەنێن کە بە بارزانی دۆستی خۆیانی دەکەن، بەڵام هەرچی بێ ئەوە ڕاستیەک بوو کە هەبوو و باوەڕ ناکەم لە بارزانی زیادتر کەسی تر لەو بارەوە هیچ بزانێ.

ئەوەندە هەیە ئەو دەنگۆیانە چ ڕاست بن و چ ڕاست نەبن ئیتر بە دوای نیازی میریدا شەڕی پارتیزانیی (لێدە و بڕۆ) هەمو ناوچەکانی دادەگرت و، دڵنیایی و ئارامی نە لە کوردستان دەما و، نە بۆ سەرباز و، ئیدارات و، نادی و، قشڵە و هاتوچۆی کاروانی عەسکەریی حکومەت. کە پێشمەرگە لە هەموو کەلێن و قوژبنێک دەیاندۆزینەوە و دەستیان لێ دەوەشاندن، تەنیا لە ناوچەی باڵەک ئەو شەڕە شێوەی تری بە خۆیەوە گرتبوو، لە جیاتی شەڕی پارتیزانی لەوێ لە شەڕی جەبهەیی هەرە سەخت و خوێناویدا پێشمەرگە ببوونە دیوارێک لە پێش هێزەکانی حکومەت و، هەتا کاتی تێکچوون و چەک دانانی شۆڕش هەموو هەوڵێکی میری بۆ تێکشکاندنی ئەو دیوارە بێ سوود بوو کە هەڵکەوتی ستراتیژیی ئەو ناوچە بۆ هەردووک لا لەوپەڕی گرینگی دابوو و، دیارە خوێنەر هۆی ئەو گرینگیە هەست پێ دەکا، شانۆی ڕاگرتنی شەڕ و دەست پێکردنەوەی دووبارەی شەڕ لە لایەن میریەوە زۆر جار نیشان دەدرا، بەڵام هەمووی هەر بە سوودی خۆی و، بۆ تەیار کردنەوەی هێزە شپرزە کراوەکانی خۆی بوو نەک بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکە لە ڕێگەی ئاشتی و برایەتییەوە و، ئاخریش هەتا دەستەوداوێنی حیلە و دەهۆی تر نەبوو لە ڕێگەی سوپاییەوە هیچی پێ نەکرا.

بارزانی ڕێبەرێکی نەتەوەیی ئاشتیخواز بوو و هەر کاتێک پێشنیازی سوڵح و پێکهاتنی پێ کرابا بە گەرمی پێشوازی لێ دەکرد و دەیفەرموو: (ئێمە بۆیە چەکمان هەڵنەگرتوە کە حەزمان لە شەڕ و خوێن ڕشتن بێ، ئێمە دەستمان داوەتە چەک کە لەو

ڕێگەوە بگەینە سوڵح و ئاشتی و، مافە ڕەواکانی گەلی کورد).

بەڵام بەداخەوە حکومەتی ناوەندی قەت ئەوەی لێ نەبیست و، باشترین زمان کە ئەوان تێی دەگەیشتن هەر زمانی گوللە بوو، بۆیە دوای هەموو وتووێژێک دیسان هەر گوللە بوو کە پەیامی پێشمەرگەی بۆ دەبردن.

ئەوەی ڕاستی بێ من لێرەدا پێم نەکرا وەک کوڕی مەلای کۆیە بارزانی لە خەڵک بشارمەوە و ناوی بنێم سەرۆکی چەکداران!!! و دەمزانی لەوەدا سەرکەوتوو نابم چونکە بارزانی ماوەی حەفتا ساڵ لە مێژووی پڕ کارەساتی گەلەکەیدا دەوری قارەمانەتی و ئازایەتیی هەبوە و، هەتا ئێستە هەزاران منداڵی خۆشەویست و ڕەسەن و نازداری کوردی بەناو کراوە لەو منداڵە ڕەسەنانەی کە بنەچەکەی خۆیان نەگۆڕیوە و، شانازی بە گەلی خۆیان و قارەمانەکانیانەوە دەکەن نەک بە خوێنخۆرەکانی گەلەکەیانەوە.

کوڕی مەلا محەممەد ئەو ناو لێ گۆڕینەی لە گەشتی ژیانیدا دوو پاتە و، دە پاتە و، بیست پاتە کردۆتەوە، بەڵام هەر لەگەڵ ئەو ناوگۆڕینەی ڕێبەری مەزنی کورد پڕ بە زاری ناوی خوێنخۆری وەک: نازم گزار، عبدالسلام عارف، فیصل انصاري، ڕەشید مصلح، طه الشیخلي، ناجي طالب، صالح مهدي عماش، عارف عبدالرزاق و بەعسیەکانی تری هەڤاڵی دەبا و ئەگەر جارێک وا بوو بێ بە هەزار تکا و ڕەجا ڕێگەی لای خۆیان دابێ بە ئاب و تاب بە ڕووی خوێنەریدا دەداتەوە و شانازیی پێوە دەکا و ئەوەندەی نەبوە ئەوەندەی تریشی پێوە دەنێ.

من ئەگەر دەڵێم کوڕی مەلای کۆیە دەزانم لە یاسای ئەدەب لام داوە و، ئەوە مەرجی دواندنی پیاوی موحتەڕەم نییە و، سەرەڕای ئەوەش داوای لێبوردنی لێ ناکەم هەر بۆ ئەوەی کە لەو داهێنانە بێ تامەی خۆی بڕێکیشی وەبەر خۆی بکەوێ و لێی بچێژێ، ئەگەر ئەو بۆی هەبێ بەو شێوە بە وتەی سارد و سڕ و لێ نەوەشاوە ناوی خەڵک بەرێ دیارە خەڵکی تریش بۆی هەیە و، ئیتر ڕێی گلەیی نامێنێ، بەڵام من دەڵێم ئەو بەناوی پارێزەر ئەگەر هەقی ڕێبەری کورد و پێشمەرگەی کورد ئاوا بنێتە ژێر پێ و پێی ڕێ خا دەبێ هەتا ئێستە لەو پارێزگەریە ناشیانەی خۆیدا ماڵی چەند هەزار کەسی تری کاول کردبێ و لەسەر ساجی عەلیی دانابێ؟





پێشمەرگەی کوردستان لەوە بەڕێزترە و، پلە و پایەی لەوە بەرز ترە کە یەکی وەک کوڕی مەلا ناوی چەکداری لێ بنێ و بە کەمی بگرێ، فەرهەنگی بەعسیایەتی وای لە کوڕی مەلا کردوە و، وای لە کۆمەڵی کوردەواری پچڕیوەتەوە تەنانەت ئەوەشی لە بیر بردۆتەوە کە چەکدار ناوێک بوو بۆ ئەو کەسانەی چەکی حکومەتیان لە شاندا بوو، بەکرێیان گرتبون شەڕی پێشمەرگەی کوردستان بکەن، هەر وەک ئەوڕۆش لە ناو هێزە سیاسیەکانی کوردا ئەگەر لایەنێک ئەو وشە بۆ لایەنەکەی تر بەکار بێنێ بۆ بەکەم دانانە نەک بۆ ڕێز لێنان، هەموو کەسیش ئەوە دەزانێ، با ئەویش بزانێ کە چەکدارەکان پێشمەرگە بوون نەک چەکدار و، چەکیان بۆ ڕزگاریی کورد هەڵگرتبوو نەک بەو مەعنایەی ئەو دەڵێ و، سەرۆکەکەشیان ناوی (بارزانی مستەفا) بوو، سەرۆکی چەکداریش نەبوو، ڕێبەری سەلمێندراوی گەلی کورد بوو، کوڕی مەلا محەممەدی کۆیە نابێ ئەوەی لە دڵی گران بێ.

کوڕی مەلا لەبەر پێهەڵگوتنی بەعسیان هەر نەپەرژاوە لە سەتا یەکێکی زانست و شەخسیەت و، ڕێزی کۆمەڵایەتی مەلای باوکیشی باس بکا هەرچەند مامۆستای باوکی حەوجێی بەپێهەڵگوتنی کەس نەبوە و نییە و لەو دیوە و دیوی سنوور زانستی وی وای دەنگ دابۆوە و، وڵاتی وا داگرتبوو کە هەموو کەس لە کوڕەکەی خۆی چاکتری دەناسی و، هەر بۆیەش نەیتوانیوە هەقی خۆی بداتێ و، ناچار بەسەریدا باز داوە و، چووتە سەر باسی ئەوە کە بۆتە وەزیر!! جارێ چلۆن کراوەتە وەزیر و، بە چ ڕێگایەکدا؟ ئەوە خۆی باسێکی جودایە و، زۆر پرسیار و گومانی تێدایە، بەڵام ئەوە هیچ گومانی تێدا نیە کە حکومەتەکانی بەغدا بە تێکڕایی و، بەتایبەتی حکومەتی بەعسی هەتا لە کەسێک خاترجەم نەبن کە ئاڵقەی خوڵامەتی خۆیانی لە گوێ دایە و، بۆ خزمەتی وان کورد گوتەنی پانیەی لە شلکەی گوێی دەدا نەک وەزیرایەتی گوێلکەوانیشی نادەنێ، کەچی کوڕی مەلا شانازی بەوەشەوە دەکا و، واشی دادەنێ کە گۆیا سەرۆکی چەکداران!! بەوە ڕازی بوە و، تەنانەت جارێک دەستی لەبەر پشتێنی ناوە و لێی پاڕاوەتەوە لە وەزیرایەتی ئیستیقالە نەکا، جا وەرە ئەو سەیرەی مەلا مستەفا و لەبەر خەڵکی بپارێتەوە. دەیەوێ خوێنەر بۆی بسەلمێنێ کە ئەگەر ئەو لە وەزیرایەتی ئیستیقالەی کردبا بە جارێک ئیش و کاری عەرەبوستان و کوردستان ڕادەوەستا و، کەسی تر نەبوو جێی وی بگرێتەوە و، نەتیجە عێراق دەبوو بە چێوی خەمی و، هەموو شتێک لە گرێژەنە دەچوو.

حەز دەکەم کوڕی مەلا لەوە دڵنیا بێ کە خەڵک بە کورد و عەرەبییەوە هیچی لە گوێی گادا نەنوستوون و، وتەکانی ئەو بەپێی ناسیاریی خۆیان لەسەر بارزانی سەرۆک و ڕێبەری نەمری کورد هەڵدەسەنگێنن و، زۆربەی خەڵک بەتایبەتی ئەو کەسانەی بە درێژایی سی چڵ ساڵ لەگەڵی هەستاون و دانیشتوون و هاوکاری بوون و دەیناسن چ من و چ خەڵکی تر سوور دەزانین بارزانی دەستی لەبەر پشتێنی نەناوە چونکە ئەو قەت پیاوی پاڕانەوە و ئیلتیماس و تکا و ڕەجا نەبوە نەک هەر لەبەر ئەوە بەڵکو لەبەر هیچ کەسی تر و بۆ هیچ مەبەستێک و بەسەدان جارم دیوە لەگەڵ موستەشار و گەورەپیاوی تری کورد کە وەزیفە و پلەی بەرزیان لە دەزگای میریدا بووبێ ئەگەر لەگەڵیان کردبێتە پیلە و هەرکەس قسەی خۆی کردبێ قسەی بارزانی هەر ئەوە بوە: کاکی خۆم تۆش دەزانی ئێستە شەڕی کورد و حکومەتە لەسەر هەقی ئەو خەڵکە ڕووت و هەژارە ویجا تۆ کێهەیان بە ڕاست دەزانی لانی ئەو بگرە، ئیتر ئەوە چۆن بوو بارزانی زیاد لە هەموو کەس دەستی لەبەر پشتێنی کوڕی مەلا ناو لەبەری پاڕاوە؟ ئەویش بۆ ئەوە کە لە وەزیرایەتی ئیستیقالە نەکا نەک بۆ شتێکی گرینگ و پێویست.

بە ڕاستی ئەو قسە زۆر سەیرە، من نازانم ئەگەر کوڕی مەلا بە بڕیاری سەرکردایەتیی شۆڕش کرابوە وەزیر و، نانی پێشمەرگەی کوردستان بوو ئەو لە بەغدا دەیخوارد و قرپی لەسەر دەهێناوە و، لە سایەی سەری پێشمەرگەوە ئەو ئیشە گرینگەیان پێدا بوو ئەدی چۆنە دڵی بەرایی نادا، یان باشتر بڵێم بێزی نایە ناوی ئەو وەلی نیعمەتەی خۆی بەزاریدا و بە قەڵەمیدا بێ؟ کە خۆی قوربانی ئەو و کەسانی تری وەک ئەو کردوە و، چۆن دڵی دێ پلەی ئەو بەڕێزە هەتا ڕادەی چەکداری بێنێتە خوار؟

یان ئەگەر لەسەر بڕیاری سەرکردایەتیی شۆڕش و ڕێبەری کورد و، بە نوێنەرایەتی پێشمەرگە نەبوە و خۆی پیاوی بەعسییان بوە و، بۆ بەڕێ چوونی خۆی چوە دەستی بە کەلێن و کولێنان دا کردوە و، (دوایی دەگەینە بەڵگە بۆ ئەوە)، حکومەتیش بۆ بەرژەوەندی کاری خۆی بۆ ئەولا و ئەولای کوردستان هەڵیداشتوە و زانیویانە چونکە کوردە لە سەرەوە لە عەرەبێک چاکتر وەردەگیرێ، ئیتر سەرکردایەتیی شۆڕش لە پێناو چیدا و، لەبەر چ بەرژەوەندێکی کورد و پێشمەرگە دەست لەبەر پشتێنی کوڕی مەلا دەنێ و لەبەری دەپاڕێتەوە ئیستیقالە نەکا؟





بێجگە لەوانەش چما ئەگەر کوڕی مەلا نەبێ کوردستان چۆڵ و وەجاغ کوێرە و، لەناو ئەو هەموو خەڵکەدا و، لەسەر ئەو هەموو شار و دێهاتەڕا کەسی تر نازانێ وەک ئەو بچێ لە مەلها دانیشێ و...؟

(گەشتی ژیانم) ناوی ئەو کتێبە ڕەزا گرانەیە کە کوڕی مەلا گۆیا بۆ ژیننامەی خۆی نووسیویەتی بەڵام لە ڕاستیدا بەعسی نامەیە و بەینی عەرز و عاسمانیش خۆ هەڵکێشان و خۆ بەزل گرتن. ئەویش زۆر ڕستەی وای تێدا وەگیر دەکەوێ کە لە باری مەعنا و جوملە بەندییەوە بێ هەڵە و کەم و کوڕی نین، جا ئەگەر ئەو هەڵە و ناڕێکیانە سووچی چاپ و هەڵەچن بن و ئەگەر سووچی نووسەر و، ئەگەر سووچی هەردووکیان بن، بەڵام هێندێ لە ڕستەکانی ئەو کتێبە هەر چلۆنی بخوێندرێتەوە هەر مەعنایان نایە و، پێویست نییە بۆ ئەوەش کەس لە پێشدا لێم مۆڕ بێتەوە و کوتەکم لێ بەدەستەوە گرێ، کتێبەکە بخوێننەوە ئەگەر لە خوێندنەوەی بوونەوە جا وەرن پیلەم پێ بگرن، کە دەزانم نایەن چونکە بوختانی پێ ناکەم و نووسەرەکەشم هەر نەدیوە و ناوم بیستبو دەمگوت دەبێ ئەو گومبەزە چ شەخسێکی تێدا بێ، ئەگەر خوێندتانەوە دەزانم ئێوەش هەر قسەی من دەکەن، جا با کوڕی مەلاش نووسیبیەتی.

ئێستە مادام لەوەدا پێک هاتین با چەند دێڕێک لەو کتێبە بۆ ئەو خۆشەویستانە بگوێزمەوە، ئێرە کە نەیاندیوە لەو دێڕانەی کە بە ئاشکرا بە کەم گرتنی پێشمەرگە و سەرکردایەتی شۆڕشی پێوە دیارە و، دژی بیرکردنەوەیەکی نەتەوەییانەی ڕاست و، دژی داب و دەستور و ڕێز و ئەدەبی کوردێکی ڕەسەنە.

من بەدرەنگێکەوە، یانی لە جەنگەی نووسینی ئەو دێڕانەدا چاوم بەو کتێبە کەوت و هێشتە چاکم نەپشکنیوە، بەڵام وا دیارە بەر لە منیش لە گۆڤار و پەڕتوکی تردا لەو چەشنە وتووێژە لەگەڵ نووسەرەکەی کرابێ و من ئاگام لێی نەبوە، چونکە خۆی دەڵێ: (ناوە ناوە وردە گلەییم بۆ دێتەوە لە هەندێ باس و خواستی ناو گەشتەکەم کە جێی ڕەزامەندیی ئەم و ئەو نابێت و... ئەوەندەی قسەی ناڕەوا لە بارەی منەوە بڵاو کراوەتەوە کە هێندێکیان بە قانونیش سەزایان هەیە! پترە لە تێکڕای ئەو شتانەی من لە بارەی خەڵکەوە نووسیوتم، کە بە چ نیازێکی دوژمنایەتیش!! لێم نەبیستراوە).

بە ڕاستی گۆڤاریش جێی ئەو ڕاز و گلەییانەیە نەک پێداچوونەوەی بیرەوەری بەڵام من یەکەم لەبەر ئەوە کە سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی یانی ئەندامی هیچ حیزبێک نیم و جاری وا بۆ پارێزگاری لە شەخسیەت و کەرامەتی پێشمەرگایەتیی خۆم گۆڤار و ڕۆژنامەم بە دەستەوە نییە نووسراوی بدەمێ و دووهەمیش لەبەر ئەوە کە ئەویش ئەو وتانەی لە گەشتی ژیانی خۆیدا خستۆتە گۆڕێ کە ئەویش هەر دەکا بیرەوەری، منیش ڕێگەی ئەوەم بە خۆم دا لێرەدا بەو چەند وشە لەگەڵ ئەو نووسەرانەی تر کەوم کە پێش من گلەییان بۆ کوڕی مەلا ناردوە و پیلەیان پێ گرتوە و عەرزیان بکەم دەستخۆش (کلوخ أنداز را پاداش سنگ است).

بەڵام ئەوە کە دەڵێ من ئەو شتانەم بە دوژمنایەتی نەگوتوە کەس لێی ناسەلمێنێ چونکە بەپێچەوانەی ئەوە سەرتاسەری نووسینەکەی پڕە لە بوغز و غەرەز و دوژمنایەتی و، لێرە بە دواوە وردە وردە دەگەینە هێندێک لەو بەڵگە پچووک و مەعنادارانە کە ئەگەرچی خۆیان مشتێکن بەڵام نموونەی خەڵوارێکن، هەرچەندە هەر هەموو جێی نووسراوەکەی ئەو دیاردەی پێوە دیارە کە هەتا پێی دەکرێ دەیەوێ یەخەی خۆی لە کورد دادڕێ و، پاڵ وە دوژمنەکانی بدا، خۆ ئێمەش ڕێی ئەوەی لێ ناگرین و ناڵێین ئەو یەخەی خۆی دانەدڕێ چونکە کراسێکە بە پارەی خۆی کڕیویەتی و بۆ خزمەتی کەسێکیش لەبەری کردوە کە ئێمە ڕابردوویەکی تاڵ و ناخۆش و پڕ لە خوێن و فرمێسک نەبێ چی ترمان لەگەڵی نەبوە، ئیتر هەقمان چیە یەخەی خۆی دادەدڕێ یان دایناڕدێ، چ خێرێکی هەتا ئێستە بۆ ئێمە هەبوە کە لێرە بە دواوە لێمان ببڕێ؟

ئەگەر قسەیەک هەبێ لەوە دایە کە ئەگەر هاتو ڕۆژێک لە ڕۆژان لەلای یابەکان شەرتی پەڕی و جێی پێ لەق بوو ئەوەندەی تێدا هێشتۆتەوە لە لای چەکداران!!! خۆی گوتەنی ڕووی دانیشتنی هەبێ؟ جا ئەوجار چەند دێڕێک لە «گەشتی ژیانی» کوڕی مەلا: لە لاپەڕە٣١٣دا لە دێڕی٩ بەدواوە دەڵێ: مەجلیسی نوێنەران هەڵوەشێندرا، سەرەک وەزیرانێکی غەیری جەمالییان هێنا کە هەڵبژاردنێکی تازە بۆ مەجلیسی نوێ بابەت ڕاپەڕێنێ، من چ ئاگام لەوە نییە کە بەرەیەکی ڕێکوپێکی پانوپۆڕ لە ناو پارتیدا بە دەوروبەری چەند و چۆنی کاروباری خۆیانەوە دژی من پێکهاتوە، دژی من و، نیابەتەکەم و، ڕەفتاری سیاسیم!!!.





لەو وتەی کوڕی مەلادا دەردەکەوێ کە پارتی و شۆڕش نە لە ڕەفتاری سیاسیی ڕازی بوون و نە بە نوێنەرایەتیەکەی لە بەغدا، بەڵام دوایی کوڕی مەلا ئەو وتەی خۆی لە بیر دەباتەوە و، لە لاپەڕە ٤٧ دێڕی ٢٠ بەدواوە دەڵێ: لە دەسەڵاتداریی کوردم!! داوا کرد ڕێم بدا لە پێویست دا!! ئیستیقالە بکەم، دەستی گەیاندە کەمەرم گوتی: تکات لێ دەکەم جارێ ئیستیقالەی مەکە، تا ئێستاش تێ نەگەیشتم ئەو پەرۆشەی لە چیەوە بوو، بەڵام لەو دەمەدا وەها بە دڵ قسەکەی کرد هەموو کەلێنێکی لە ئیستیقالەم گرت و، پەکی خستم!!

جا فەرموو خوێنەری خۆشەویست لێرەوە بۆ وتەیەکی تری کوڕی مەلا لە مەڕ تاوانبارکردنی خۆی لە دوای ئەوە کە سەرۆکی چەکدار!! لێی دەپاڕێتەوە ئیستیقالە نەکا.

لەلاپەڕە٣١٣ دێڕی ٩ بەدواوە گوتی: حیزب بڕیاری دا یەکێکی تر لە جیاتی من تەرشیح کا چونکە لە ڕەفتاری سیاسیم! ڕازی نەبوون. هەرچەندە لە دڵدا هەتا بڵێیی خۆم بە مەغدور دەزانی چونکە هەڵوێستەکە تاوانبارکردنی منی تێدا بوو!!! نەک لە بەر خودی تەرشیح نەکردنم، دیسانەوە بایی موویەک! بەسەرخۆم نەهێنا و بڕیاری حیزبم سەلماند وەک کە هیچی ناڕەوای تێدا نەبێ. کاکە زیادی حەماغا گوتی: منیش پار لەسەر بڕیاری حیزب وازم لە تەرشیح هێنا، پێم گوت ئەوەی تۆ بۆت بە چاکە و پیاوەتی نووسرا و ئەوەی من تاوانبار کردنە!! فەرقیان زۆرە!!!

ئاخر مادام دەستیان لەبەر پشتێنی نای و لەبەرت پاڕانەوە ئیستیقالە نەکەی و تۆ هێندە دڵسۆز و باوەڕ پێکراو بووی لەبەرچی هاتن یەکی تریان لە جیاتی تۆ تەرشیح کرد و، تۆ بۆچی تاوانت وە پاڵ درا؟ ئەدی بۆ باسی تاوانەکەشت نەکردوە تا خەڵک بزانێ چبوو؟.

لەلاپەڕە ٤٤٥ لە دێڕی یەکەم بە دواوە دەڵێ: لەو کۆبوونەوەدا بڕیارم لەسەر دەربڕینی ڕایەک بوو دەریببڕم، داوای قسەم کرد، عەریفی کۆبوونەوە ڕێی دام، گوتم و ڕووشم لە سەرۆکایەتی بوو: ئەو خەڵقەی لە هەندەرانەوە هاتوون و ئەوانی دیکەش لەبەر گەلێک تێبینی، ناتوانن ڕازی دڵی خۆیان بە ئاشکرا لە ناو ئەو عالەمولڵایەدا دەربڕن من کە سەڕاحەت بەکار دێنم وێڕای تەبیاتی خۆم نە عەشیرەتم هەیە نە حیزبم بە دواوەیە!!! نە

هیچ پەیوەندییەک دەستم دەبەستێ، خەڵقەکەی دیکە وەها نین بۆیان دەس نادا دڵی ئەم و ئەو!! برەنجێنن، وا پەسند دەکەم سەرۆکایەتی مۆڵەتی دوو سێ ڕۆژ بەو خەڵکە بدا تا ئەوەی بیەوێ بە تەنیا، یان بە تاقم لەگەڵیدا کۆببنەوە و، ڕێیان بدات و لەگەڵیان بدوێ و، لە تێکڕای قسەکانیان هەڵوێست و ڕەفتارێک بژاردە بکات.

من لە قسە نەببوومەوە سەرۆکی چەکدار!! داوای قسەی کرد لە دڵدا گوتم: یا حافیز!!!

ئاخر مادام پێش ئەودەم لەبەرت پاڕابۆوە و دەستی لەبەر پشتێنی نابووی بۆ گوتت یا حافیز و، لە چی دەترسای؟

ئەگەر کوڕی مەلای بۆ من و بۆ ئەو کەسانەی تر کە خوێندەوارێمان باش نیە مەعنای ئەو ڕستەی خوارەوەش لێک بداتەوە خێری دەگاتێ، کە لە لاپەڕە ٤٠٤ دێڕی ١٨ بە دواوە دەڵێ:

ڕاستییەکەی ئەگەر وردبینی لە دیارکردنی مێژووی ڕووداو دەبێ سەرەتای شێواوی و!! ئاژاوە و!! بگرە ببەستە لە هەستانی مەحمودەوە!! (دەبێ مەبەستی شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر بێ)، دەست بێ بکات نەک یازدەی ئەیلول ئەو ڕۆژە دەستنیشانەی ئەیلول سەرەتای بزووتنەوەی لەشکر و فرۆکەکانی حکومەتە! ڕەنگە یەکی حوزەیران لە بار بێت بۆ ئەو مێژووە!.

ئەگەر خۆی پێی مەعنا نەکرا خوا یار بێ ئاخری ئێمە وەک مەتەڵۆکە هەڵیدێنین.

لە قسەکانی کوڕی مەلا زۆریان بۆ سەرنج دان و بیر لێ کردنەوەی خوێنەر دەبن و، زۆریان بۆنی بە کەم دانانی خەڵکی تر و بێزار بوون لە کوردیان لێ دێ. خۆ ناشکرێ نووسینەکەی هەر هەموو بگوێزینەوە ئێرە بەڵام چەند دێڕێکی لێ هەڵدەبژێرین لەو دێڕانەی کە بە تەواوەتی فکر و بیروڕای خۆشی تێیاندا دەخوێندرێتەوە و ڕەنگە هەر پێویستی بە لێکدانەوەش نەبێ. لاپەڕە ٤٥٠ دێڕی ٤: ئەوە داوخوازیی میللەتێکە لە ڕێگای سەرۆکی چەکدارەوە!! بۆ حکومەت، ئەنجا ئەبێ لە حاڵی ڕەت کردنەوەیدا دەست بکرێتەوە بەشەڕ!!

لە لاپەڕە ٤٤٩ دێڕی ٢٨دا دەڵێ: نووسراوێکی ئیمزا کراویان لە لایەن سەرۆکی چەکدارەوە دامێ کە ڕێکخرابوو بەناوی داوخوازیەکانی کورد لە حکومەتی عێراق کە خوێندمەوە دیتم هەڕەشەی قورسی تێدایە و، دەتگوت هی شەڕ پێ فرۆشتنە!!!





«بە قسەی کوڕی مەلا سەرکردایەتی شۆڕش هەڕەشە و گەفی پێ لە حکومەتی عێراق دەکرا. بەڵام لەگەڵ ئەو هیچی پێ نەدەکرا و ناچار لەبەری دەپاڕاوە و دەستی دەگەیاندە کەمەری!!!»

لە لاپەڕە ٤٥٤ دێڕی ١٩دا دەڵێ: من چوومە سەفەرێکی لای ڕانیە، لە دانیشتنێکی دوو قۆڵیدا سەرۆکی چەکداران!! گوتی: کە چوویتەوە بەغدا سەرەک کۆمار عبدالسلام دەبینی لە زاری منەوە پێی بڵێ فلان!!! سەلامی هەیە.

لە لاپەڕە ٥١٥ دێڕی ٢١دا دەڵێ: بێ ئەوەی خۆم ڕۆژ و مانگی بزانم، دیدەنیەکم لەگەڵ (نازم گزار) مودیر ئەمنی عامی مەشهور بۆ ڕێک خرا!!! (ناشڵێ چی دەویست ڕەنگە بۆیەی بووبێ نوێژێکی بە جەماعەتی لە پشتەوە بکا).

لە لاپەڕە ٤٥٦ هەتا ئاخری لاپەڕە ٤٥٧ بۆ ئەوە دەبێ خوێنەریش لەگەڵم پێدابێتەوە، لاپەڕە ٤٥٦ لە دێڕی ١٨دا دەڵێ: کە گەڕامەوە بەغدا ڕۆژێک کەریم قەرەنی هاتە لام گوتی ئەم ڕۆژانە سەرەک وەزیران بە دواتدا دەنێرێ بۆ وزارەت، کەریم قەرەنی دۆستی فەریق تاهیر یەحیا بوو و، بێ پرس دەچوە لای... چەند دێڕێک دوای ئەوە دەڵێ: دوو ڕۆژی پێ چوو تاهیر یەحیا داوای کردم، کە چووم گوتی تەعدیلی وزاری دەبێ و وەهامان پەسند کردوە بە وەزیری دەولە بۆ (شئون الشمال) لەگەڵماندا بی، سوپاسم کرد لەسەر ئەو متمانەی پێی کردم بەڵام گوتم هەتا کوردەکان نەبینم ناتوانم وەڵام بدەمەوە، ویستی بیسەلمێنم کە بەیانی وزارەت دەربچێ ئەنجا بڕۆم بۆ سەرەوە نەم سەلماند، گوتی ئێستە بە تەیارە بڕۆ بۆ کەرکوک، لەوێشەوە بە کۆپتەر بۆ ڕانیە بەڵکو بە زوویی بتوانی وەڵامم بدەیتەوە، گوتم پار ئەو ڕۆژانە بوو بە دەستی بە کەلەبچەوە لە تەیارەی حکومەتدا بووم بەرەو بەغدا دەهێنرامەوە، چ مجێزم!! لە تەیارەی حکومەت نییە.

خولاسە ئەو سەلماندی و بەیانی دامەزراندنی وەزیران هەڵگیرا هەتا لە سەفەری خێری دێمەوە!! کە گەڕامەوە ئوتێل مەرحوم کەماڵی حاجی مەجید گوتی ڕەنگت گۆڕاوە خۆ نەساغ نیت!!، گوتم تەکلیفێک کراوم هەتا بڵێی سەغڵەتم!! ئیتر وەزعەکەم تێ گەیاند و، بەرەو کۆیە ڕۆیشتم، لە کۆیەوە چوومە ڕانیە نیوەڕۆژم بەڕادان!!دا لای خاڵە خدرم تا ئەگەر دیدەنیی پێویستم جێبەجێ کرد بگەڕێمەوە لای ئەو، چوومە سەرکەپکان لای سەرۆکی

چەکدار!! حیکایەتی ڕوولێنانی فەریق تاهیر یەحیام بۆ باس کرد، زۆری پێ خۆش بوو، نیوەڕۆژم هێناوە لای خاڵە خدرم، بیستم ئەندامە زلەکانی!! مەکتەبی سیاسی لە خدران میوانی کاکە زیادن، پێش عەسر چوومە خدران، ئەحمەدی حەمەد ئەمیناغاش لەوێ بوو، گوتیان سبەینێ وەڵامت دەدەینەوە، شەو هاتمە کۆیە، سبەینێ نیوەڕۆ کاڵ ببوو!! ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی هات گوتی: ئێمە بەرهەڵستیمان نییە بڕیار بۆ خۆت بەجێ دێڵین بەڵام بەرپرسی هیچ شتێکیش نابین کە لەو هەنگاوەدا سەر هەڵدات (ئەو بیر هێنانەوە پێویستە کە نیوەڕۆ بەرەو کامڵ بوون دەچێ نەک بەرەو کاڵ بوون).

ئەو شەوەش لە کۆیە مامەوە سبەینێ بە کاوەخۆ سەفەرم کرد لای مەغریب گەیشتمەوە بەغدا، بڕیاری موافقەتی!! سەرەوەم پێ گوت و هی خۆشم، ئیتر بەشەو لە ڕادیۆ تەشکیلی وزارەتی نوێ بڵاو کرایەوە و باسیان کرد کە لەو سێ ڕۆژەدا هێندێ کەس کە ناویان لە لیستەی حکومەتدا هەبوو گۆڕابوون و ناوی تریان لە جێی وان دانابوو.

کوڕی مەلا دەڵێ: خوێنەر هەقیەتی بپرسی بڵێ مادام هێندەی پێ سەخڵەت بووم بۆچی سەلماندم ببمە وەزیر؟ ئەوەی دەستی منی دەبەستەوە مەنتیقی خۆم بوو، من کە بەگەرمی بۆ ئاشتی خەریک ببم!! دەبێ بە تەماش بم بە کوردێکی سەر بە چەکداران!! ببێتە وەزیر. (کە پێش ئەوە گوتی: ئەندامی مەکتەبی سیاسی پێی گوتم ئێمە بەرپرسی کاروباری تۆ نین وەباڵی خۆت بە ئەستۆی خۆت)، هەروەها لە لاپەڕە ٣١٣دا خۆی گوتی من نە حیزبم لە پشتە و نە عەشیرەتم هەیە و...، (لێرەش خۆی بە کوردی سەر بەچەکداران!!! دادەنێ) ئەنجا کە خۆم پێی ڕازی نەبم دەبێ داوا لە هەموو کەس بکەم پێی ڕازی نەبێت.

(کەس نەبوو پێی بڵێ جا مادام تۆ نوێنەری کەس نی چ پەیوەند و عەلاقەتی بە تۆوە هەیە کە بە خەڵک بڵێی ڕازی بە، یان ڕازی مەبە)؟ بەو پێیە دەبێ بە دەستی خۆم دیوارێک برمێنم کە خۆم شاگردیم لە هەڵنانیدا کردوە.

(خوا هەڵناگرێ هیچ دیوارت نە بۆ ئاشتی و نە بۆ کورد هەڵنەناوە و بوختانیش بە خۆت مەکە).

سەغڵەتیشم ئەوە بوو کە دەمزانی گوزەران و حاوانەوە لەگەڵ جۆری بیرکردنەوەی حکومەت و دەسەڵاتداریی سوپا بۆ یەکی وەک من هاسان نییە، جگە لەوەش کە لایەنی





بەهێز هەیە بڕکەدار! دەخاتە بەرچەرخی عارەبانەی ئاشتییەوە، بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی لە بزووتنەوەدا دەست ڕۆیشتوون حەزیان نەدەکرد لە لاوە! وەزیر بەناوی ئەوان قوت ببێتەوە!! کوردی بەغداش تێیاندا هەبوو زۆریش نەک کەم کە حەزیان بە غەیری من دەکرد، وەکو کتێب گرەوەش دواڕۆژێکی نیزیکم دەخوێندەوە کە لە وزارەت دەردەچم و ئابووریم وەها شل بۆتەوە کە گوزەرانم زەحمەت بێ. (ئەوە پێی لە مەبەستە سەرەکیەکەی خۆی نا).

لێرەدا ئەوەی باشە کوڕی مەلا هەر خۆی پێ لەوە دەنێ کە هەر بە دوای باش کردنی باری ئابووری و گوزەرانی خۆیەوە بوو، خەمی گەورەی ئەو گیرفان بوە نەک مەنتیقی دیوار دروست کردنی خەیاڵی یان قەرار و بڕیاری سەرۆکی چەکدار و ڕازی بوونی ئەم و ئەو، بۆیە هەرچەند ژمارەیەکی زۆریش لە کوردی بەغدا حەزیان دەکرد یەکی تر لە جیاتی ئەو ببێتە وەزیر و، لە لایەکی تریش ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە پێشدا پێی گوتبوو تۆ سەر بە ئێمە نی و، وەباڵی خۆت بە ئەستۆی خۆت و، لە لایەکی تریش بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی لە بزووتنەوەدا قسە ڕۆیشتوو بوون حەزیان نەدەکرد لە لاوە! وەزیر بەناوی ئەوانەوە قوت ببێتەوە بەڵام سەرەڕای ئەوانەش ئەو دەستی پێ لە خزمەتی دەزگاکە هەڵنەگیرا و خۆی هەر تێڕاکرد، ئەوەش قەیدی ناکا بەڵام ئەو دیوارەی کوڕی مەلا خۆی تێیدا ببوە شاگرد بۆ هەڵنانی با ئێمەش بزانین چ دیوارێک بوو؟ ئەو دیوارە لە کوێیە، بۆ کەس نەیدی؟

کوڕی مەلا هەروا بە گەشتی ژیانیدا دێ و دەگاتە لاپەڕە٤٧١ دێری یازدە و دەڵێ: بەناوی دۆزینەوەی چارە (ناشڵێ چارەی چی) کۆبوونەوەیەکی دوو ڕۆژی بەسەرپەرشتی کردنی ڕەشید مصلح لەوزارەتی دیفاع گیرا، چەند وەزیرێک و سەرۆک ئەرکانی جەیش و قائد فیرقەکان و ئەفسەری دیکەش بەشدارییان تێدا دەکرد، پاش وتوویژێکی زۆر و لێکدانەوە و هەڵگێڕ و وەرگێڕ لێم داوا کرا بچم بۆ دیتنی کاربەدەستی چەکداران!!

جارێ لە پێش هەموو شتێکدا کوڕی مەلا دەبوو ئەوە بۆ خەڵک ڕوون کاتەوە مادام شۆڕش و پارتی یەخەی خۆیان لەو دادڕی و، پێیان گوت: ئێمە بەرپرسی کاروباری تۆ نین و، ئەو کوردانەی لە بەغداش دادەنیشن و، هەروەها زۆربەی ئەو کەسانەی لە بزووتنەوەشدا قسە ڕۆیشتوو بوون خۆی گوتەنی هیچیان بەوە ڕازی نەبوون ئەو ببێتە

نوێنەریان، یان وەکـیلیـان، ئەو بەناوی کێ و، بە چ عـینوان بەشـدارییی لە کـۆبـوونەوەی بەعـسـیـاندا دەکـرد ئەگـەر خـۆی ئاڵقـەی خـولامـەتیی وانی لە گـوێیـدا نەبوو؟ ئەویش لە وزارەتی دیفـاع و، لەگـەڵ ئەفسـەران بۆ نەخشـەکـێشـانی شـەڕ دژی کـورد ئەوە چۆن ئەو دڵنیاییەی میری لە کوڕی مەلا گەیشتە جێیەک کە لە وەزیر وەزیر و، لە نایب نایب و، لە ئەفسـەر ئەفسـەر بێ و، بۆ هیچ شوێن و دەزگـایەکی حکومـەتی بەعسـی پەردەی لەبەر نەبێ؟

ئەو وەزیرە کوردانەی کە بەپێی پێکهاتنی شۆڕش و حکومەت دوای بەیانی یازدەی ئازار لەسەر ئەمری سەرکردایەتی شۆڕش بە نوێنەرایەتی گەلی خۆیان لە بەغدا دەستیـان بەکار کرد بۆچی ڕێی ئەو شوێنانەیان نەبوو کە کـوڕی مەلا وەخت و بێـوەخت لەوێ سەری پێدا دەکرد و دەستی دەکرد بەڕاز و نیاز و دوایی دەستی دەدا جانتاکەی بۆ لای کاربەدەستی چەکداران!! چما ئەوانیش کورد نەبوون و وەزیر نەبوون؟

دەبێ بەو حـاڵەوە کـاربەدەستی چەکـدار!! مـەلا گـوتەنی و، مـەکـتـەبی سیـاسی و ورد و درشتی ئەو وڵاتە کەس نەیزانیبێ کوڕی مەلای بۆ کێی دادەتاشێ؟ هەر بەڕاستی سەیرە.

کوڕی مەلا لە هێندێ جێ هەر چەند دەکا تووڕەیی خۆی لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد پێ ناشـاردرێتـەوە و، ناچار ئەو خـۆ دۆڕاندنە بۆ خـەڵـک دەخـاتە قـالبی فـەلسـەفـەوە و لە لاپەڕە ٨٣ دێڕی ١٦ بەدواوە دەڵێ:

ئەو وەتەنیـەتەی لەبەر تیشکی بەرژەوەندی قەومی پێی خەسار بێ قوربانیی بێ لزوم بۆ سـوودی بزووتنەوەی مـیللەتانی ئەفـریقـا و ئەمـریکای جنوبی بدرێ (کـەناشلێ کێ پێی خەسـارە و پێی ناکـرێ دیاری بکا) دەبێ پێـشی خـەسـار بێ، هەزاران قـوربانـی بدرێ لە پێناو ئامانجی لە توانا بەدەر و!! موستەحیل!!! (کە لەوەدا مـەبەستی ڕزگاربـوونی کوردە) دوای ئەوە دەڵێ: ئەگەر ڕابەرانی بزووتنەوەی سەر بە قەومایەتی! دەتوانن لە ماوەی دەیان ساڵدا سەرپەرشتی لە کـاری سەختی بێ ئەنجام!! و بە ئەرک و سفت و سۆ بکەن! دەبوو بتـوانن سـەرپەرشـتی لە سـیـاسـەتی کـوردپارێزیش!! بکـەن بۆ ڕۆژێک کـە هەل و دەرفـەت پەیدادەبێ!! (ناشڵێ ئەو دەرفـەتە کـەنگێیـە و باسی ئەو دەرفـەتانەش ناکـا کـە لە کـیس چوون چونکە بۆی گرینگ نین).





بەدوای ئەوەدا دەڵێ: هەڵبەت دەزانم قسەی ئەوتۆیی بەلای کەسێکەوە لەبەر تیژڕۆیی خۆی!!! یان بە هەڵەچوونی خۆی! حەز بە مەلەی ناو گۆمی خوێن دەکا بایی فلسێکە.

جا دەبێ ئەوڕۆ کە کورد ڕزگارە و دەرکەوتووە کە ئامانجەکە «کوڕی مەلا گوتەنی» نەک هەر لە توانا بەدەر و موستەحیل نەبوو بەڵکو زۆریش (حیل!!!) بوو، کوڕی مەلا لە ناو یابەکانەوە داخوا ئەگەر بێتو ڕێی لە کوردستانی (گۆمی خوێن) بکەوێ بێژینکی هەیە بە ڕووی خۆیەوە گرێ لە ڕاست ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی کوردیان ڕزگارکرد و ئەو ناوی لێ نابوون چەکدار؟

کـوڕی مـەلا ئەگـەر لەوەدا شـتـێکی ڕاسـتی گـوتبێ هەر ئەوەیە کـە دەڵێ: لە لای ئەو کەسانەی تیـژڕۆن و بە هەڵەچوون قسـەکـەم بایی فلسـێکە. (بەڵام نازانم ئەو بە هەڵەچوە یان تێکڕای گەلی کورد؟)

هەروەها لە بەخۆ هەڵگوتنەکەیدا دەگـاتە لاپەڕە ٣٨٨ و دەڵێ: عـبـدالکریم قـاسم پاش وتووێژێکی هەمـەلایەنە و فـرە بابەت لێی پرسـیم چەند سـاڵە لە حقـوق دەرچووی؟ گـوتم شازدە سـاڵە، گوتی شـازدە ساڵ ماوەیەکی مناسبە بۆ محامی کە ببێتە وەزیری عەدل، ئەو ڕۆژانە وزارەتی عەدل بێ وەزیر بوو و بەتاڵ مابۆوە، من لە وەڵامدا گوتم،( سیادة الزعیم) نامـەوێ مخـالفی خـوایشـتت بم، زۆریشت سـوپاس دەکـەم لەسەر لوتف و متـمـانەی پێم دەکەی بەڵام ئەگەر بەخوایشتی خۆم بێ وەها بەباش دەزانم لە دەقی ئێستاکەمدا بمێنمەوە تا بتـوانم بەرەهایی! بجـوڵێم!! عـبـدالکریم بەڕوویدا دیار بوو چاوەنۆڕی ئەو وەڵامـەی نەدەکـرد، بەڵام هیچ ئیلحـاحی نەکـرد و، بۆ مـەسـەلەکـە نەگـەڕاوە، من لـەو وەڵامـەم ئەوە نەبووم وزارەت بەهێند هەڵنەگرم، بەڵام لێم سـوور بـوو کـە ببم بـە وەزیر لە نەزەر خـەڵکدا منیش دەبمە حکومەت و متمانەی جارانم!! پێ ناکرێ.

(هەمـوو خـەڵکی عێـراق بە کـورد و عـەرەبەوە ئەوە دەزانـن کـە ئەگـەر بێتـو بەنیـسبـەتیش بۆیان دانێی و ئاکار و کردەوەی ئەو حکومەتانەی لە بەغدا هاتوونە سەر کار لە بەرانبـەر یەکدا ڕایانگری حکومەتی کەریم قاسم لە چاو ئەوانی تر معتدل تر بوو هەر چەند هەموو شتیشی باش نەبووبێ. لێرەدا ئەو پرسیـارە دێتە پێش لە کوڕی مەلا ئەگەر ڕاست بکا و، ئەو دەم وزارەتیـان دابێـتێ و لەبەری چووبێـتــە دەر ئەی چۆنە ئێـسـتــە بۆ وزارەت و

پارلمانتاریی بەعسە فاشیستەکان ملی خۆی ڕەچەقۆی دەخا و، دەرگا نەماوە سەری پێدا نەکا؟ دەڵێم نەکا نهێنییەکی وا لەوەدا هەبێ کە کوڕی مەلا نایەوێ پێمان بڵێ و دەیشارێتەوە؟ ئەستەغفیروڵڵا، ئەو قانونە دەبێ چ قانونێک بێ لە حوکمی کەریم قاسمدا ئەو بگرێتەوە و ئەگەر بیێتەوە وەزیر داینێن بە پیاوی حکومەت و خەڵکی بڕوایان پێی نەمێنێ بەڵام لە حکومەتی بەعسدا ئەو قانونە نەیگرێتەوە و ئەگەر بێتو بیکەنە وەزیر خەڵک بەچاوی فریشتە لێی بڕوانن؟!!»

جا ئێستە با بچینە سەر بەراوردێک یان پرسیارێک:

ساڵی ۱۹۸۹ (دوکتور فاضل بڕاک) مودیر ئەمنی عامی حکومەتی بەعس کتێبێکی لە ۳۵۳ لاپەڕەدا لە بەغدا چاپ کرد و ناوی نا (مصطفى البارزاني الاسطورة والحقيقة)، ئەو کتێبە کە باوەڕ ناکەم کوڕی مەلاش نەیدیبێ بە سەرنج و وردەکارییەکی زۆرەوە نووسراوە و، نووسەرەکەی لە زۆر شوێن و گۆڤار و دەزگای جاسوسیی دەرەوە و ناوخۆوە بەڵگەی وێنەداری کۆکردۆتەوە هەمووشی بۆ ئەوە کە بەخەڵک بسەلمێنێ بارزانی خاینە (دیارە خاین لە ڕوانگەی حیزبی بەعس و حکومەتی بەغداوە و، خزمەت لە ڕوانگەی کورد و پێشمەرگە و شۆڕشەوە، چونکە هەروەک حوکمی بەغدا خۆی کورد بڕاندنەوە لە پێناو سەپاندنی حوکمی بەعسدا بە خزمەتی عێراق و هەموو عەرەب دادەنێ گەلی ئێمەش هەر کەس بەرەنگاری ئەو کوشتار و سەرکوت کردنە بیێتەوە و هەسی داتەوە بە خزمەتی کوردستان و گەلی کوردی دەزانێ جا ئەو کەسە چ بارزانی بێ و چ قارەمانێکی تری کورد و، هەر لەو خۆڕاگرتنەدا و لەو ڕێبازە سەخت و پیرۆزەش دایە کە قارەمان دروست دەبێ و بە دوای ئەویشدا مێژوو). لێرەدا بڕێک لە مەبەست دوورکەوتمەوە کە لە کارەکەی دوکتور فاضل بڕاک دەدوام و خەریک بووم بڵێم ئەو دوکتورە لەسەر ئەو هەموو هەوڵە کە داویەتی جا لە کارەکەی خۆیدا چ سەرکەوتوو بووبێ و چ نەبووبێ و، بەڵگەکانی چ ڕاست بووبن و چ داتاشراو، پێی نەکراوە لەو ڕاستیە لادا کە بارزانی ئەفسانەیە و حەقیقەتیشە و لە هەموو جێ بە ڕاشکاویش ناوی بردوە، بەڵام کوڕی مەلا بەهاسانی پێی کراوە بەسەر ئەو ڕاستیەدا باز دا و قەڵەمبازی بەسەردا باوێ و لە ناو هێنانی خۆی ببوێرێ، دەبێ کینە و غەرەزی کوڕی مەلا لەگەڵ بارزانیی ڕێبەری کورد و هەر لەگەڵ تێکڕای گەلی کورد لە فاضل بڕاکی سەرۆکی ئەمنی بەعسیانیش توندتر و شەدید تر بێ کە پێی نەکراوە تەنیا





جارێکیش ناوی بێنێ؟ فازیل بەڕاک ۳۵۳ لاپەڕەی لە تاوان وەپاڵ دانی ناڕەوا و شتی هەڵبەستراو بۆ بارزانی پڕ کردۆتەوە و پێ بەپێی بوختانەکانی لێهاتوویی و لێوەشاوەیی ویشی نەشاردۆتەوە و بێ ئەوە خۆی بزانێ یان ئەوە مەبەستی خۆی بووبێ نرخی هەر بەرەو ژوور بردوە و باری قارەمانیەتی و هەڵکەوتوویشی هەڵسەنگاندوە و هەوڵی ئەوەی نەداوە پلەی هەتا ڕادەی سەرۆکی چەکدار بێنێتە خوار بەڵام کوڕی مەلا لە خۆی ڕادیوە ئەو هەڵەیە بکا.

دوکتور فازڵ بەڕاک ئەگەر سەرتاسەری نووسینەکەی هەڵە و بوختان و ناڕەوا بێ عینوانی کتێبەکەی(مصطفى البارزاني الأسطورة والحقيقية) ڕاستە و من هەر هەڵە و هەڵبەستراوێک لە نوسراوەکەیدا هەیە بەو ڕاستیەی دەبەخشم چونکە بارزانیی ناسیوە، بەڵام هەڵەی کوڕی مەلا چۆن پینەکەم؟ ئەگەر نەڵێم ئەوە دەچێتەوە سەر ئەرک و سپاردەی خۆی، هیوادارم خوێنەریش لێی نەگرێ چونکە دەڵێن (المأمور معذور). ڕەنگە ئەویش لە من نەگرێ چونکە خۆی دەڵێ: کپ کردنی قەڵەمی نوسەر وەک زمان بڕینی مرۆی قسەکەر وایە ئەگەر باخەڵ فەراخی!! (ڕەنگە مەبەستی دڵفرەوانی بێ و بۆی نەهاتوە!!)، لە خوێنەرانەوە یاخود لە خاوەن عەلاقانەوە بەکار نەیە دەبێ هیچ کەسێک هیچ ڕووداوێک و بیروباوەڕێک بڵاو نەکاتەوە، لاپەڕە ۲۲۸: گەشتی ژیانم. جا لە دوای ئەو حەیس و بەیسە ئەگەر لە دژایەتی گەلی کوردا نابەرابەریەکیش لە بەراوەردی نێوان کوڕی مەلا و دوکتور فاضل بڕاک لە تای تەرازوودا هەبێ و کوڕی مەلا گرانتر دەرچێ ئەوە پارسەنگێک بۆ کاک دوکتور فازیل دادەنێین بۆ ئەوە کە لە کوڕی مەلا کەمتر نەیەتەوە و زگی بەخۆی نەسووتێ.

من بۆم نییە دەس لە بیروڕای کەس وەردەم و ڕێ و شوێنی بۆ دانێم، هەرکەس قەراری کار و کردەوەی خۆی بە دەست خۆیەتی، بەڵام بۆم هەیە وەک پێشمەرگەیەک لەسەر کەرامەتی خۆم وەدەنگ بێم و کەسیش پێی ناکرێ ڕێگەی ئەوەم لێ بگرێ، لە دەرفەتی تردا زیادتر لەسەر ئەوە دەڕۆم و، ئەگەرچی سەرم نائێشێ بەڵام لە پێناو پاراستنی کەرامەت و ڕێزی پێشمەرگەدا قەیدی نییە ئەوەندە پرێسکەی لێ دەبەستم.

من لەبەر ئەم لاو ئەولاکانی تری نووسینەکانی گەشتی ژیان هەر لە بیرم چوو ئەوەندەش لە کوڕی مەلا بپرسم داخوا چ ناوێکی لە ڕێبەرەکانی تری کورد وەک: شێخ مەحمود و،

قازی محەمەد و، شێخ عوبەیدیللا و ئەوانی تر ناوە؟ ئایا سەرۆكیی چەكدارانی وەك مەرحەمەتێك! بەوانیش ڕەوا دیوە، یان ناوی وان نازانێ؟

جا دوای ئەوەی لە چەنگ ئەو كێشە لابەلاییە ڕزگارم بوو كە هات یەخەی گرتم و، بێ ئەوەی خۆم بمەوێ لە مەبەستی سەرەكی لایدام و ئەو چەند لاپەڕەی لێرەدا داگیر كرد، ئەگەر خوێنەری خۆشەویست ئیزنی لەسەر بێ دەچمە سەر كورتە چیرۆكێك كە لاوەییەك بۆ لاوەییانی تری بڵاو كردەوە بێ ئەوەی دەستی كورد یان لایەنگرێكی ئەم لاو ئەولای تێدا بێ و دەری دەخا كە ئەوانیش وەك ئێمە و بەڵكو لە ئێمەش زیادتر ڕێز لە پیاوانی هەڵكەوتووی گەلانی تر دەگرن، ئەو داستانە بەكەڵكی ئەو كوردانە دێ كە لە ڕاست قارەمانەكانی گەلی خۆیان چاو دەقوچێنن و لەگەڵ وانیش كوڕی مەلا.

ساڵی ۱۹۷۰ كە دەزانین ساڵی پێكهاتنی شۆڕشی كورد و حكومەتی بەغدا بوو لەسەر حوكمی ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان و، دوایی میری قسەی خۆی خواردەوە و دیسان بۆوە بە شەڕ ئەو دەم بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئاڵمانیش هێشتە نەببوونەوە یەك و دیوارەكەی بەینیان هەڵنەگیرابوو.

ڕۆژێك لە برلین تەلەڤزیۆنی ئاڵمانی ڕۆژئاوا لە ئێوارەیەكدا فیلمێكی نیشان دا كە هەر لە ڕێوە و لە سەرەتای فیلمەكەدا بێ پێشەكی كامیرایان لە دەشتێكدا وە دوای مارمێلكەیەك خستبوو، بۆ ئێرە، بۆ ئەوێ، بۆ هەر جێییەك مارمێلكە چووبا ئەویش دەچوو، لەگەڵ ڕاوەستانی ئەویش ڕادەوەستا و، لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەویش دەڕۆیی، ئەگەر سەرنجی دابایە بن پنچكێك یان لە دەوروبەری خۆی ڕوانیبای لە چاوی كامیرا ون نەدەبوو، بەینێكی باش هەر مارمێلكە ڕۆیشت و كامیرا بە دوایدا، هەتا مارمێلكە گەیشتە گۆمێلكە ئاوێك و بینی پێوەنا بۆ ئاو خواردنەوە هەتا تاوێكی چاك، لەو بەینەدا وێژەری تەلەڤزیۆن لە وەزعی جوغرافیایی و چلۆنایەتیی ئاو و هەوا و سنوورەكانی عێراق دەدوا و، ئەو كودتا و ئینقیلابانەی لە عیراق كرابوون و، ئەو كەسانەی لە بەغدا حوكمیان بە دەستەوە گرتبوو و ناوی هەموویانی لەگەڵ ڕۆژی هاتنی بۆ سەر حوكم بە وردی دەگێڕاوە، لە دوای ئاودانی مارمێلكەكە كە خوا خێری بنووسێ هەر لەو دەشتە پان و بەرینەدا ڕۆیی هەتا گەیشتە مێگەلە وشترێك كە لە دەشتەكەدا دەلەوەڕان و چەند منداڵێكی عەرەب لەبەریان بوون و، پێكەوە خەریكی كایە و قوماری منداڵانەی خۆیان





بوون: هەپك. هەپك. هەدار. هەدار، جارجاریش تەلەڤزیۆن بە قەد چاوتروكاندنێك پاڵاوگە و لوولە نەفتەكانی كەركوكی وەك برووسكەیەك نیشان دەدا و، ون دەبۆوە.

لێرەدا لەبەر ئەوە كە وشەی (هەپك) و( هەدار،) كە تایبەتی قومار و كایەی منداڵانن بۆ زۆربەی ئەو خوێنەرانەی ڕێیان لە لادێ نەكەوتوە نەناسراون و، نازانن مەعنایان چییە جارێ بۆ ڕوون كردنەوەی واتای ئەو وشانە لەسەر چیرۆكەكە لادەچم و دوایی دەگەڕێمەوە سەری:

«ئەم منداڵانەی لە دەشت و كێو لەبەر بەرغەل، یان گوێرەگەل، یان لەبەر وشتر و مەڕ و ماڵاتی ترن بۆ كایە و قومار لێك وەكۆ دەبنەوە، هەر كەس داردەستی خۆی دێنێ و لەسەرعەرز درێژی دەكا بە جۆرێك كە بە ئەندازەی جێ پێیەك بەینیان هەبێ، ئەوجار هەر كەس لە نۆبەی خۆیدا بە هەنگڵەشەلە (یانی لەسەر قاچێك) لەو سەر هەتا ئەو سەر بەناویاندا دێ و پێیەكی دەخاتە بەینی دارەكان و نابێ بێڵێ قاچی وەدارەكان بكەوێ دەنا تێ دەكەوێ (دەیدۆڕێنێ) و هەر جارێكیش قاچی لە ناو دارەكاندا دانا جارێكیش لەگەڵ پێ دانانەكە دەبێ بڵێ (هەپك).

جاری دووهەم دیسان لەو سەر هەتا ئەو سەری دارەكان پێیاندا دێتەوە. ئەوجار دەبێ تاقە قاچەكەی بخاتە سەر دارەكان دەنا تێ دەكەوێ و، هەتا جارێكیش لاقی لە سەردارێك دانا دەبێ لەگەڵ لاق دانانەكە بڵێ (هەدار)، یانی جاری دووهەم دەبێ پێ لەسەر هەموو دارەكان دابنێ بە نۆرە بە پێچەوانەی جاری یەكەم كە نابێ بێڵێ قاچی وەدارەكان بكەوێ.

منداڵەكان خۆیان ئەوە دیاری دەكەن كە دۆڕاندنەكە لەسەر چییە و هەروەها پێش دەستپێكردنی یاریەكە پشك لەوەش داوێن كە كێ «مەڵلایە» و كێ «قڕەیە» بۆ وەپێش كەوتن و دواكەوتن لە دەست پێكردنی قومارەكەدا.»

فیلمی تەلەویزیۆنەكە ئەوجار هاتە باسی داهاتی باشووری عیراق و خورما و، لۆكە و، بەینێكی زۆریش بۆ ئەوە كامیرای لە ناو دارستانی خورما و زەویەكانی تری كشتوكاڵ گێڕا، لەوێوە لووتی كامیرای بەرەو هەوراز و كێو و شاخ كرد و هاتە ناو چیا و كێوپارە و هەر دەهات و وێنەی ڕێگاوبانی ڕێبازی خۆی نیشان دەدا هەتا گەیشتە ناحیەی گەڵاڵەی

باڵەکایەتی کە ئەو دەم سەرکردایەتیی شۆڕش لەو ناوچە لە گوندی ناوپردان بوو.

لە بازاڕی گەلاڵە خەڵک بە کاری کڕین و فرۆشتن و ژیانی ئاسایی خۆیانەوە خەریک بوون، لەو تەلەڤزیۆنەدا بە دیتنی ئەحمەد ناوێکی ناسیاوی خۆم لە بازاڕی گەلاڵە خۆشحاڵ بووم کە لە دوکانێک خەریکی شووتی کڕین بوو لەوێ ناسیمەوە.

کابرا ئەگەر لە گەڕانی ناو بازاڕی گەلاڵە بۆوە رووی کردە ناوپردان و، لەو بەینەدا لەگەڵ باسی ئابووریی کوردستان باسی شۆڕشی چەکدارانەی کوردیشی هێنا گۆڕێ کە لە سەرەتاوە چۆن هەڵگیرسا و، چ ساڵێک گفتوگۆی لەسەر کرا لەگەڵ حکومەت و، چەند جار ئەو گوفتوگۆیە کرا و دیسان شەڕ هەڵگیرساوە و، لەو بەینەدا هاتە سەر چاوپێکەوتنی بارزانی کە لە شوێنێک دانیشتبوو و یەکێک پرسیاری لێ دەکرد و ئەویش وەڵامی دەداوە، ئەوجار هاتە سەر باسی ئەو ڕاپەڕینانەی بارزانی دژی حکومەتی عێراق کردبوونی و سەرنەکەوتبوون و، ماوەیەکی زۆر وێنەی بارزانیی دەهێنا سەر شاشەکە و لە هەموو لایەکەوە یانی لە تەنیشتی ڕاست و چەپ و رووبەڕوو لە گوفتوگۆکەدا بە ئەنقەست وای نیشان دەدا کە خەنجەرەکەی باش ببیندرێ و، جارجارەش کە دەستی دەخستە سەر خەنجەرەکەی ئەویش چاوی کامیراکەی تێ دەبڕی، دوای ئەوە کەوتە سەر ڕابوردوو و ژیانی بارزانی و، هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی ماندوویی نەناس و بێ پسانەوەی هەتا ئەو ڕۆژە و، لەوەدا تەنانەت زەمانی منداڵیشی بەجێ نەهێشت.

لە ئاخری ئەو گەشتەدا کە نیزیکەی چل دەقیقەی پێ چوو فیلمەکەی بەو وتە دوایی پێ هێنا و گوتی: (وشەی قارەمان بۆ مستەفا بارزانی کەمە بەڵام بەداخەوە ئێمە لە زمانی ئالمانیدا وشەیەکی لەوە باشترمان بۆ ئەو قارەمانە نییە).

ئەوە هەستی لاوەییەکی نەناسراو بەرانبەر بەڕێبەر و پێشمەرگەی کورد و ئەوەش ناو لێنانی کوڕی مەلا، جا نازانم نووسەری گەشتی ژیان بەو هەڵوێستە ناشیرنەی لە ڕێزی پێشمەرگە و نرخی شۆڕشی سەرکەوتووی کوردی کەم کردۆتەوە یان شەخسیەتی خۆی بردۆتە ژێر سوئال و لاوازتری کردوە؟ بێگومان هەتا ئێستە کۆمەڵ ئەو وەڵامەی داوەتەوە.

***

چاپی یەکەمی دیوانی شیعرەکانم لە تاران و هەروەها چاپی دووهەمیشی لە هەولێر





هەردووک جاران بێجگە لە بیرەوەریی خۆش و ناخۆش ناڕەحەتی و دەردی سەریەکی زۆریشیان پێوە بوو بەتایبەتی چاپی یەکەم لە تاران کە سەرەڕای هاتوچۆ و ماندووبوونێکی زۆر لە ئاخریدا لایەنی (خوف و ڕجا) یان باشتر بڵێم ترس و تکاشی لێ زیاد ببوو.

دیارە ئەو چەشنە نووسینە کوردیانە لەوێ هیچ چاپخانەیەک ڕاستەوخۆ وەریان ناگرێ و چاپیان ناکا دەبێ ئەویش بەڕێگای خۆیدا بێ و، لە پێش هەموو شتێکدا دەبێ ئیجازەی وزارەتی ئیرشاد هەبێ لەگەڵ نووسینەکە تەسلیمی چاپخانەی بکەی، جا ئەوجار ئەگەر لەسەر لایەنەکانی تری وەک دەرچوون و جۆری کاغەز و بەرگ و ئەو شتانە پێکهاتن چاپخانە وەری دەگرێ و بەڵێنی چاپ کردنی دەدا.

منیش هەر بەو ڕێگایەدا و بەهۆی واسیتەیەک بەناوی (حسین نفیسی فر) سەرەتای کارم دەست پێکرد کە لە کاری چاپ و ئۆفسێتدا دەستی هەبوو، دۆستێکی خۆم (مامۆستا ئەحمەدی قازی) پێی ناساند بووم و، ئەو پێش من کتێبی دابوویە بۆ چاپ کردن و لێی ڕازی بوو. منیش لەگەڵی پێکهاتم چوار هەزار جلد لەو دیوانە بە کاغەزی ٨٠ گەرەمی و حروفی مرواریدی مام ناوەندی و بەرگی شومیز چاپ کا و بە حازری بیداتەوە دەستم، هەر جلدی لە قەراری ٢٧ تمەن و، وەرگرتنی ئیجازەی وزارەتی ئیرشادیش لە ئەستۆی خۆی بێ بۆ چاپکردنی و، لە ماوەی ٣ مانگدا کتێبەکان بە حازری و چاپکراوی بداتەوە.

ئەگەر هاتو شیعرەکان لە ٢٢٠ لاپەڕە زیادتر دەرچوون پارەی ئەویش بە نیسبەت بخاتە سەر ٢٧ تمەنەکە و لێی زیاد کا و، ئەگەر هاتو کەمتریش دەرچوون هەروا بەپێی کەم کردنەکە لە ٢٧ تمەن دەری کا کە نرخی جلدێکی کتێبەکە بوو.

ئەو چیرۆکە و ئەو نرخە پەیوەندی هەیە بە ساڵی ١٩٨٤ زایینی یانی ساڵی ١٣٦٣ هەتاوی لە تاران کە نرخی جلدێکی کتێبەکە دەبێتە (دینارێک و ٣٥٠ فلس) ئەگەر دینار بیست تمەن بێ، دەنا لەوەش کەمتر دەکا.

بۆ سەرف کردنی پارەکەشی لەسەر ئەوە پێکهاتین کە سەرەتای دەستپێکردنی تایپ پەنجا هەزار تمەن و، دوای تەواو بوونی تایپەکەش پەنجا هەزار تمەنی تری بدەمێ و، لەوەدا کاغەزمان لە بەینی خۆماندا نووسی و ئیمزامان کرد و هەروەها شاهیدیشمان گرت و لە

وەختی دیاری کراودا یانی لە دەستپێکردن و تەواو بوونی تایپی کتێبەکەدا تێکڕا سەد هەزار تمەنەکەی وەرگرت، بەڵام بۆ چاپ کردنەکەی پێی نەکرا ئیجازە لە وزارەتی ئیرشاد وەرگرێ و بەینێکی زۆر بۆ ئەوە هاتوچۆی پێکردم و هەر ڕۆژە وەڵامێکی دەدامەوە ئاخری دەرکەوت کە لە توانایدا نییە ئیجازەی وزارەتی ئیرشاد وەرگرێ و قەرارەکەی خۆی بەرێتە سەر.

حیسابم لەگەڵ کرد لەو پارەی وەریگرتبوو بیست و پێنج هەزار تمەنی دەکەوتەوە سەر دەبوو بیداتەوە بەڵام پارەی نەبوو، ناچار چەکم لێ وەرگرت کە بە قیست هەر مانگەی بڕێک لە بانک وەرگرم، لە بانکیش پارەکەی پێ هەڵنەدەسوڕا لە وەختی خۆیدا لەوێ داینێ ناچار دەبووم لێی ڕاوەستم، بەو جۆرە ماوەیەکی زۆر تەفرەی دام هەتا دوای چەند مانگ شکایەتی دادگا و وەکیل گرتن ئەوجار دادگا پارەکەی لێ ئەستاند دوای ئەوە کە وەختێکی زۆری بەو جۆرە کوشت و کارەکەی وە درەنگی خست ناچار لەگەڵ خزمێکی خۆم (کاک حەسەنی بابا تاهیری) کە ئەویش هەر لە تاران دەژیا لە جیاتی ئەو بۆ وەرگرتنی ئیجازەی چاپ چووینە وزارەتی ئیرشادی ئیسلامی و کتێبە تایپ کراوەکەمان تەسلیم کردن گوتیان باشە دەیخوێنینەوە ئەگەر بۆ چاپ کردن بێ ئاگادارتان دەکەینەوە و، ئیجازەی چاپی دەدەین.

نیزیکەی ٥-٦ مانگ هەر هات و چۆی وزارەتم کرد و وەڵامی نەبوو، دەیانگوت داومانە بە بەشی زاراوەکان پێیدا بچنەوە هێشتە وەڵامیان نەداوەتەوە، لەو بەینەدا داوای دیتنی وەزیری ئیرشادم کرد گوتیان خۆی لێرە نییە معاونی لێرەیە ئەگەر ئیشت هەیە بەو بڵێ.

معاونی وەزیر گوتی: من ئاگام لە شتێکی وا نیە، داوای کتێبەکە دەکەم دەیبینم و دەشپرسم بزانم بەشی زاراوەکان چ قەرارێکی لەسەر داوە وەختێکی دیاری کرد گوتی فلان ڕۆژ وەرەوە بەڵکو نەتیجەیان لێ وەرگرم، دیسان لە ڕۆژی دیاری کراودا چوومەوە لای و ناردی کتێبەکەیان هێنا، بەشی زاراوەکان لەسەری نووسیبوو: چاپ کردنی پێشەکیەکەی قەیدی نییە، بەڵام شیعرەکان لەبەرئەوە کە ناسیۆنالیستیەکی توندن و، پڕن لە مەسایلی نەتەوەیی و میللی چاپکردنیان شتێکی پێویست نییە و، هیچ سوودی ئێمەی تێدا نییە.

معاونی وەزیریش کتێبەکەی دامەوە دەست و ئەویش هەر قسەی بەشی زاراوەکانی





دووپات کردەوە و گوتی چاپکردنی ئەو کتێبە هیچ سوودی حکومەتی تێدا نییە و، ئەگەر حەز بکەی ئیجازەی چاپکردنی پێشەکیەکەت دەدەینێ.

من ئەوەندەی توانیم ئەو ڕۆژە ڕوونم کردەوە کە ئەو نووسینانە هەموویان ڕوویان لە حکومەتی بەعسی عیراقە کە برا و کەسوکاری ئێمەیان کوشتوە و، خوێنیان ڕشتوون، تەواوی ئەو کتێبە بپشکنە بزانە ئەگەر، لە جێیەک ناوی ئێران و حکومەتی ئیسلامیی تێدا هەبوو ئەوە قەیدی نییە ئیجازەشی نەدەنێ، بەڵام ئێوە چۆن ڕەوا دەبینن بەعسی کەسوکاری ئێمە بکوژن و ئێمە نەتوانین تەنانەت بە قسەش بڵێین ئەو ئیشە خراپە؟

زۆر لەسەر ئەوە ڕۆیشتم و زۆر بەڵگەی ئەوەم هێناوە کە کورد هەموو تایبەتیەکی فەرهەنگی و خوێنی و، نەژادیی لەگەڵ فارس یەکە و، لەگەڵ عەرەب لێک جیان و، ئێوە دەبێ ئەو پێکەوە بەستراویە هەست پێ بکەن و بە سوودی ئێران کەڵکی لێ وەرگرن، کورد لایەنی هاوبەشیان لەگەڵ عەرەب تەنیا لە ئاییندا هەیە، بەڵام لەگەڵ فارس وەک دەبینی ئەو هەموو پەیوەند و لایەنە هاوبەشەیان پێکەوە هەیە، کە پەیوەندی کۆن و لە مێژینەی مێژوویییان لەوەش پتەوترە و، هیچ ڕووداوێک نەیتوانیوە ئەو پێکەوە بەستراوەیە لێک هەڵبڕێ کە بناغەی لە نەژاد و خوێنەوە دەست پێدەکا.

هەرچەند لەگەڵ قسەکانی من سەرێکی دەلەقاند بەڵام دیار بوو بە گوێیدا نەچووبوون و وێدەچوو ئەو شتانە بۆ ئەو هەر گرینگ نەبن و، بە دوای ئەوانەدا کە گوتی: ئەوانە هەمووی بەجێی خۆی بەڵام چاپکردنی کتێب و پەڕتوکی نەتەوایەتی و هێنانە گۆڕێی ئەو مەسەلانە کار دەدەنە دەس ئێمە و پێمان ناکرێ گێچەڵ بۆ خۆمان ساز کەین و لەگەڵ ئەو قسەش دەستی درێژ کرد و کتێبەکەی داوە دەستم ئیتر دڵنیای کردم و، منیش لە لای هەستام و خواحافیزیم کرد و، لە دایرەکە گوتم با بزانم لەو بەینەدا ئەو کابرای قەراردادی لەگەڵ من نووسیبوو کە ئیجازەی چاپ لە وزارەتی ئیرشاد وەرگرێ داخۆ چ جار چوتە ئەو ئیدارە و موراجەعەتی پێکردوون یان نا، گوتیان ئێمە هەتا ئێستە کەسێکی وامان نەدیوە بۆ چاپی ئەو کتێبە سەر لە ئێمە بدا.

بۆ جاری یەکەم کە من خۆم چوومە وزارەتی ئیرشاد ئەویش لەگەڵم هات و، دیار بوو پێش ئەو دەم نەچووبوو کە ئێمە زۆر جار کە دەچووینە لای و داوای جوابی وزارەتی

ئیرشادمان لێ دەکرد هەر ئەوڕۆ و سبەی پێدەکردین و هەمووشی درۆ بوو.

دوای ئەوە کە وزارەتی ئیرشاد بۆ چاپی دیوانەکەم خاترجەمی کردم کە چاپی ناکەن بە ڕاستی زۆر نارەحەت بووم و پەژارە دایگرتم و، لە بیری ئەوە کەوتم واسیتەیەک پەیدا کەم بەڵکو لە وزارەتی ئیرشاد قسەی لێ ببیستن و خاتری بگرن و ئیجازەی چاپی بدەن، هەر کەس قسەیەکی دەکرد و هەبوون دەیانگوت بە بەلاش خۆت ماندوو مەکە چاپی ناکەن هەوڵی جێیەکی تر بدە.

ئەوە گیروگرفتی هەموو نووسەرێکی کوردە لەو دیو کە نووسەر ئەگەر بۆ خەڵک بنووسێ حکومەت چاپی ناکا و، ئەگەر بۆ حکومەتیش بنووسێ خەڵک نایخوێننەوە و لەو ناوەدا نووسەری بێچارە سەری لێ دەشێوێ نازانی چبکا و بە چ ڕێگەیەکدا بڕوا.

ئەو ئاقڵ ئاقڵێن و چ بکەم چ نەکەمەش بەینێکی چاکی گرت و هەتا ڕۆژێک باسی (دوکتور محەممەدی موکری) کرا کە سەفیر کەبیری حکومەتی ئێران بوو لە دەوڵەتی شورەوی و تازە لەوێ هاتبۆوە، ئەودەم زەمانی سەرەک وەزیری ڕەجایی بوو و هێشتە ئیشی تریان نەدابوویە، گوتیان ئەو پێی دەکرێ ئیجازەی چاپی وەرگرێ و زۆر قسەی دەڕوا ئەگەر بتوانی بیبینی ئەوە ئیشی ئەوە.

ئەو دوکتور موکرییە کورد بوو بەڵام موکریانی نەبوو و، پێش ئەو دەم لە هەڵبژاردنی سەرەک کۆماریی ئێراندا خۆی بۆ پلەی ڕەییس جمهوری کاندیدا کرد بەڵام ڕەئی نەهێنا و، بەنی سەدر تەرەفەکەی تری بوو بە سەرکۆمار و، لە زەمانی شادا هەر ئەو دوکتور موکرییە لە مەهاباد خۆی بۆ نوێنەرایەتیی پاڕلمان تەرشیح کرد و، من و جیرانێکی ترمان (عبداله خان زولفقاری)، لەگز ڕەئی هەموو گوندەکانی خۆمان و دەوروبەرمان بۆ ئەو لە سندوق هاویشت بەڵام لەویشدا دەنگی تەواوی نەهێنا و نەچوە پاڕلمان و لەبەر ئەوە ناسیاویەکی ئەو دەمم لەگەڵی هەبوو، گوتم لەسەر خوا ئەویش تاقی دەکەمەوە بزانم چۆن دەبێ.

چووم داوای دیتنیم کرد، وەختیان دیاری کرد کە لە دایرەیەک بە شێوەی کاتی ئیشی دەکرد، لە وەختی دیاری کراودا چوومە لای و دوای ئەحوال پرسی خۆم پێ ناساند و گوتم من لە وەختی خۆیدا جەنابت کارت بە من بوو لە ناوچەی مەهاباد کاندیدای پاڕلمان بووی و منیش هەرچەندی پێم کرا بۆ سەرکەوتنی جەنابت هەوڵم دا و دەنگی گوندەکانی





دەوروبەری خۆمانم هەموو بۆ جەنابت تێ هاویشت و، ئەوڕۆش من ئیشم بە جەنابتە چاوەڕوانیی ئەوەم هەیە تۆش بۆ من قسوری نەکەی.

پێویستە بڵێم کە لەگەڵ ئەوەش خۆی کورد بوو بە فارسی قسەی دەکرد، لێی پرسیم فەرموو بزانم ئیشەکەت چییە؟

گوتم کتێبم هەیە چاپی بکەم و وزارەتی ئیرشاد ئیجازەی چاپکردنی نادا و، زۆر هاتوچۆم کردوە بۆ ئەوە فایدەی نەبوە، ئەگەر جەنابت ئەمری تێدا بکەی وا دیارە چاپ دەکرێ و، من زەحمەتێکی زۆرم لەگەڵ ئەو نووسینە دیوە ئەگەر چاپ نەکرێ هەموو زەحمەتەکەم بە فیڕۆ دەچێ.

لێی پرسیم بۆچی چاپی ناکەن دەڵێن چی؟

گوتم واللە بیانوویان ئەوەیە دەڵێن مەسایلی میللی و نەتەوایەتیی تێدا هاتووە بەڵام من هەموو شتێکم بۆ ڕوون کردوونەوە کە ئەو شیعرانە هەموو پەیوەندیان بە شۆڕشی کوردستانی عیراقەوە هەیە کە من لەوێ پێشمەرگە بوم و هەر لەو دیویش نووسراون و هیچ ڕەبتیان بە هیچ کوێی ترەوە نیە و، ئەوە بیانوە. حەز دەکەی بیانخوێنەوە، کتێبەکەی لێ وەرگرتم هێندێک پەڕەکانی هەڵداوە و هەر وا سەرسەرەکی تەماشایەکی کردن بێ ئەوەی هیچیان لێ بخوێنێتەوە، گوتی: ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەگەر مەسایلی نەتەوایەتیی تێدا بێ منیش پێم باش نییە چاپی کەن.

ئەگەر زانیم ئەویش دەردێکی منی پێ دەرمان ناکرێ گوتم وا باشە منیش لێرە قسەی خۆم بکەم جا بڕۆم و گوتم: قەیدی نییە مادام جەنابیشت پێت خۆش نەبێ چاپ کرێ منیش لێی دەگەڕێم بەڵام جەنابی دوکتور دەزانی ئەو مەسایلەی نەتەوایەتی چۆن دروست دەبێ و دێتە گۆڕێ؟ گوتی نا، چۆن؟ گوتم ئەو مەسایلە هەموو کاربەدەستان و بەڕێوەبەرانی وڵات کە لە مەرکەز دادەنیشن و حوکم دەکەن دروستی دەکەن، گوتی چۆن؟ گوتم چاک ئەگەر کوردێکی خەڵکی مەهاباد بزانێ لەگەڵ فارسێکی خەڵکی تاران یان شیراز فەرقی ناکرێ قەت ئەو شتانە نایەنە گۆڕێ، تۆ مرۆڤێکی خوێندەواری و شەهادەی بەرزت هەیە بچۆ بە کوردستاندا بگەڕێ بزانە لە هیچ کوێ کارخانەیەک، شوێنێک، ناوەندێکی وا هەیە کارگەرێکی فەقیر بچێ کاری تێدا بکا و خێزانی خۆی پێ بەخێو کا؟

بزانە ئەو ئاوەدانی و تەعمیر و ڕێگاوبانی لە شوێنەکانی تری ئێران هەیە لە کوردستانیش هەیە؟

عەمەلەیەکی فەقیری کورد دەبێ لە مەهابادەوە هەستێ بێتە تاران یان شوێنێکی لەوێش دوور تر ببێتە عەمەلە و ئەگەر ڕۆژێ حەفتا تمەنی هەقی عەمەلەیی بدەنێ پەنجا تمەنی هەر لەوێ بخواتەوە و، ئەگەر بیست تمەنی لە زاری خۆی گرتەوە ئەوجار بۆ ماڵ و منداڵی بینێرێتەوە مەهاباد.

هەروەها گوتم: تەنیا لەو وڵاتە بە قانون غەدر لە خەڵک دەکرێ و فەرق و جیاوازی لە ناو خەڵکدا دادەندرێ، بۆ دەبێ سوننییەکی لێهاتوو بۆی نەبێ ببێتە کاربەدەست و سەرەک کۆمار بەڵام شیعەیەکی لێنەهاتوو بۆی هەبێ، ئایا لێرە ئەو زانست و شعورە لە خەڵکدا نابینن کە هەست بەو غەدرانە بکا؟.

گوتی دەزانم تۆ لەوە توورەی کتێبەکەت چاپ ناکرێ، من خۆشم ئێستە لە بارەی چاپی کتێبەوە گیروگرفتم لەگەڵ وزارەتی ئیرشاد هەیە بەڵام پەلەی مەکە ئەو موشکیلاتە حەل دەبن و ئەو دەم کتێبی تۆش چاپ دەکرێ.

ئەو دەم ئەو دەنگۆیە هەبوو دەیانگوت ڕەجایی لە سەرەک وەزیری دەڕوا و یەکی تر دێتە جێگەی ئەو و، ئەو قسەی ئەو ئیشارەی بەو ئاڵوگۆڕە بوو کە چاوەڕوانی دەکرد.

بەڵام هەرچی بێ من بە دڵشکاوی لە لای ئەو دوکتورە کوردە هەستام و کە هاتمە دەر لە داخان نەمدەزانی لە پلیکانەکان چۆن دێمە خوار چونکە نەخۆشیی دڵم هەبوو و پێم وا بوو هێندەم بەبەرەوە نەماوە و وەزعم لە ئێستەش خراپتر بوو، دەمگوت شەوێک لە جێگەدا ویشک هەڵدێم و دوایی کەسیش گونم بۆ لە خمی نادا!!! نە بۆ خۆم و نە بۆ شیعرەکانم، کێ هەیە دوای من سەری خۆی بەو بەیت و باللورەوە بێشێنی و، ئەو ڕیس و گوریسە باوێتەوە سەر یەک و، ئەوەتا خۆشم دەستم بە هیچ کوێ ڕاناگا و، هەمیشە و لە هەموو جێیەک ئەو پەژارەم هەر لەگەڵ بوو، بیرم لەوە دەکردەوە هەر چۆنێ بێ ڕێگەیەک بۆ ئەوە بدۆزمەوە، بەڵام کوا ڕێگە؟

گۆڤاری سروە بەینێک بوو لە ورمێ چاپ دەکرا و، کاک هێمن کە ئەو دەم خۆی سەرپەرشتیی نووسینەکانی ئینتیشاراتی سەلاحەددینی دەکرد یەکەم ژمارەی ئەو گۆڤارەی





ڕۆژێک لەگەڵ خۆی بۆ هێنامە ماڵێ لە کەرەج، هیچ باوەڕم نەدەکرد کە دەزگای بڵاوکردنەوەی سەلاحەددینیش بۆ ئەو ئیشەی من کارێکی لە دەست بێ چونکە گیروگرفتی من وەرگرتنی ئیجازەی چاپ بوو نەک لایەنەکانی تری وەک دەرچوون و ئەو شتانە.

گۆڤاری سروە زۆر زوو جێی خۆی لە ناو ڕۆشنبیران و هەموو کۆمەڵدا کردەوە کە بێجگە لە لایەنی بەرزی ئەدەبی و کاکڵ و ناوەرۆکی هەر لەبەر ئەوە کە خۆی پەدیدەیەکی نوێ بوو کۆمەڵ لەو دیو پێش ئەو دەم شتی وای بە خۆیەوە نەدیبوو کە گۆڤارێکی سەربەخۆی کوردی لە ناوەندێکی تایبەتی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی کوردی دەرچێ برەوێکی زۆری لەسەربوو. نووسەرە کوردەکان بە تایبەتی لە مەهابادەوە نووسراوی بە پێزیان بۆ دەنارد و کاک هێمن خۆشی لایەنێکی هەرە گرینگ و قورسی دەرکردنی ئەو گۆڤارە بوو کە بەڕاستی ڕێکوپێک و وەستایانە دەیانڕازاندەوە و هەر وەرزەی ژمارەیەکیان لێ چاپ و بڵاو دەکردەوە.

هەر وەک گوتم من لە چاپکردنی دیوانەکەم بێ هومێد ببووم و لەوە خاترجەم بووم کە حکومەت ئیجازەی چاپی نادا و لەبەر ئەوە منیش لە هەوڵ و تەقەلا کەوتبووم چونکە ئەوەی پێم دەکرا کردبووم و سوودی نەبوو ئەو بەینە کە بۆ وەرگرتنی ئیجازە لە هاتوچۆی وزارەتی ئیرشاددا بووم و دوای ئەویش کە چوومە لای دوکتور موکری خەڵک بەو حەیس و بەیسەیان زانیبوو و هەرکەس تووشی دەبووم هەواڵی ئەوەی لێ دەپرسیم کە: چاپی شیعرەکان بە کوێ گەیشت؟ و منیش ڕاستیەکەی چبوو پێم دەگوتن و خەڵک وا دیار بوو بە پەرۆشەوە حەزیان دەکرد چاپ کرێ و بیبینن بزانن ئەوە چییە و چیی تێدا وا حکومەت بە هیچ جۆر لێ ناگەڕێ چاپ کرێ، ئەوە لە لایەک و، لە لایەکی تریش هەتا ئەو کاتەی ئێمە باسی دەکەین کتێبێکی شیعری کوردیی لەو بابەتە لە وڵاتی ئێمە چاپ و بڵاو نەکرابۆوە ئەویش هۆیەکی تری ئەوە بوو کە خەڵک بە تاسەی دیتنیەوە بوون.

لەو سەر و بەندەدا گۆڤاری سروە لە ژمارەیەکی خۆیدا کە وام لە بیرە بەهاری ساڵی ١٩٨٣ زایینی بوو چەند دێڕێکی لە ناو چوارچێوەیەکدا چاپ کردبوو نووسیبووی: ئەو نووسەر و شاعیرە کوردانەی پەرتوک و نووسراوی کوردییان هەیە و هەتا ئێستە لەبەر هەر هۆیەک پێیان چاپ نەکراوە ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیی سەلاحەددین لە ورمێ لێیان وەردەگرێ و بۆیان چاپ دەکا و هیچ شەرت و مەرجیش بۆ

ئەوە دانانێ ئەوەندە نەبێ کە دەبێ دەستەی نووسەرانی ناوەندی بڵاوکردنەوەی سەلاحەددین پەسندی بکا و بڕیاری لەسەر بدا.

بەڕاستی مزگێنیەکی خۆش بوو بۆ من و هەرچەندە زۆر لەوەش دوودڵ بووم کە لێم وەردەگرن یان نا و، ئەگەر هاتو لێیان وەرگرتم ئیجازەی چاپیان پێ وەردەگیرێ یان نا، بەڵام دڵخۆشییەکی زۆری هەر تێدا بوو، لەبەر ئەوە دوای دووسێ ڕۆژێک نوسخەی تایپ کراوی شیعرەکانم هەڵگرت و دە لینگانم وەرێنا بۆ ورمێ ناوەندی بڵاوکردنەوەی سەلاحەددین و لەپێش هەموو شتێکدا کاک هێمنم دیت و تەواوی ئەو ڕاستیانەم بۆ گێڕاوە و گوتم ئەوە ئێوەش شتێکی واتان لە سروەدا نووسیوە منیش بەپێ و شوێنی ئەو نووسینەی ئێوەوە هاتوم و نوسخەی شیعرەکانم هێناوە نازانم ئێوەش چاپی دەکەن یان نا؟ کاک هێمن هەر لە ڕێوە و بێ ئەوە پرسی ئەوانی تر بکا گوتی: چۆنی چاپ ناکەن ئەگەر ئەو شیعرانە چاپ نەکەن دەبێ ئەو دەزگایەش وەخڕ کەن، چیی لەوە چاک تریان بۆ دێ کە چاپی کەن؟ باوەڕ کە هێشتە من لەسەر ئەو قسانەی کاک هێمنیش ڕا هەر دڵنیا نەبووم چونکە بەرپرسی ئیداری و مەسئولی تریان لە تاران هەبوو دەمگوت ئەوان چەتی تێ دەدەن دەنا دەمزانی ئەوەی کە پەیوەندی بە بڕیاری دەستەی نووسەرەکانەوە هەیە هەر ڕەئی کاک هێمن شەرتە و هەمویان بڕیاری وی دەسەلمێنن.

کاک هێمن دوای ئەوە فەرمووی: ڕێگەی ئەوەمان پێ دەدەی نیزیکەی دە ڕۆژێک پێیدا بچینەوە و بیخوێنینەوە؟

عەرزم کرد هەر چەندی بۆ خوێندنەوە و پێداچوونەوە وەختی بوێ دەسەڵات بەخۆتانە هەر ئەوەندە بەڵێنی چاپکردنم پێ بدەن.

کاک هێمن شیعرەکانی لێ وەرگرتم گوتی نیزیکەی دە پازدە ڕۆژێکی تر سەرێکم لێ بدەوە لەو بەینەدا دەیانخوێنمەوە و پێیان دەڵێم بزانم دەڵێن چی و، ئەودەم دەینێرین بۆ تاران بۆ وزارەتی ئیرشاد و، دوای ئەویش دەیدەین بە چاپخانەیەک بۆ چاپکردن، منیش دەفتەرەکەم تەسلیم کرد و چوومە بۆکان بۆ بووک گواستنەوەی حاجی سمایلاغا کە ژنی بۆ قادراغای کوڕی دەهێنا.

لەسەری وەعدەدا دیسان چوومەوە ورمێ بۆ خزمەت کاک هێمن بۆ ئەوە کە بزانم چیی





کردوە، کاک هێمن گوتی ئیشەکان زۆریانم جێبەجێ کردوە، ئەوەی ڕاستی بێ ئیدارە و لەشکری شەست و چواری ورمێ لەسەر هەندێک لە شیعرەکان و یەک لەوان لەسەر دوو شیعر لە پارچە هەڵبەستی (ڕزگاری)دا و شیعرێکی تر لە ناو پارچە هەڵبەستی (نامەیەک بۆ کاوە)دا تێبینی و ئیرادیان هەیە کە دوو شیعرەکەی ناو پارچە هەڵبەستی ڕزگاری بۆنی ئەوەی لێ دێ پێی لایەنێکی سیاسی تر بگرێتەوە و، لە شیعرەکەی ناو هەڵبەستی نامەیەک بۆ کاوەدا بە ئاشکرا ناوی حکومەتی عەجەمی بردوە و، لە باسی گەلی کورددا دەڵێ: تورک و عەرەب وعەجەم لە چەند جێ، ماف و هەقی وان دەنێنە ژێر پێ.

ئەو شیعرانە نابێ چاپ کرێن بەڵام ئەوانی تر قەیدی نییە، منیش پێم گوتوون باشە.

گوتم ئەگەر هەر ئەو دوو پارچە شیعرە بێ هەردووکیان هەر لە دیوانەکە دەرداوێم و ئەوانی تر چاپ دەکەین، کاک هێمن گوتی بۆ دەری داوێی، حەیفە بیانگۆڕە بە شێوەیەکی تر و بەیانێکی تر هەر ئەو مەعنایە بڵێوە ئەوان نازانن، شیعرەکانم گۆڕی کە ئەو شیعرەی ناوی عەجەمی تێدا بوو وای لێ هات:

دەوروبەر ئەوەی لە دەستیان دێ          ماف و هەقی وان دەنێنە ژێر پێ

دام بە کاک هێمن و لە جێی شیعرەکانی تر دانان و، ئەو جار گوتیان باشە و بە منی گوت دیوانەکە دەنێرین بۆ تاران و دوایی تۆش ئاگادار دەکەینەوە، «ئەو بەرە سیاسیەی کە شکی لێ دەکرا ئەو دوو شیعرەی باسکراو ڕووی لەوان بێ لەناو لەشکری ٦٤ ورمێدا لایەنگریان هەبوو» دوای گۆڕینی ئەو شیعرانە لەناو ئەو دوو پارچە هەڵبەستەدا هیچ خوێنەرێکیش هەستی بەو گۆڕینە نەکرد نەک هەر لەشکری ٦٤ و بەڕێوەبەرایەتیی ئیدارە.

نیزیکەی مانگ و نیوێک کەمتر یان زیاد تری پێچوو لە ئینتیشاراتی سەلاحەددینەوە ئاگاداریان کردم گوتیان دیوانی شیعرەکانمان داوە بە دەزگای ڕۆژنامەی (اطلاعات) لە تاران بۆ چاپکردن و ئیجازەی وزارەتی ئیرشادیشمان وەرگرتوە، تۆش بچۆ سەردانیان بکە بۆ چاوەدێریی چاپەکە و ئاگات لە چلۆنیەتیی هەبێ. (دیارە ئەوان هەر ئەوەندە بە وزارەتی ئیرشادیان گوتبوو ئەو کتێبە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە ئیجازەی چاپی بدەن ئیتر دەسبەجێ ئیجازەیان بۆ نووسیبوو، ئەوانیش لەگەڵ دەفتەری شیعرەکان هەر لەوێ تەسلیمی ڕۆژنامەی اطلاعاتیان کردبوو، ئەوە دەزانین کە بەڕێوەبەرانی ئیدارەی ئینتیشاراتی

سەلاحەددین لە ناو حکومەتدا زۆر دەست ڕۆیشتوون و لە تاران قسەیان دەڕوا جا هۆی ئەوە هەرچی بێ).

من بەپێی ڕاسپاردەکەی ئەو ناوەندە چوومە ئیدارەی ڕۆژنامەی اطلاعات لە تاران بۆ ئەوە کە هەواڵێکی چلۆنایەتیی چاپکردنی کتێبەکەم بزانم، لەوێ ڕێنوێنییان کردم بۆ لای کارمەندێک بەناوی (ئاغای جولایی) گوتیان ئەو شتانە پەیوەندیان بەو هەیە، ئەو کارمەندە کە خۆی تەنیا لە غورفەیەکی پچووک دابوو و پەڕتوک و کۆنە کاغەزێکی زۆری لە دەوروبەری خۆی بڵاو کردبۆوە بە ڕووی خۆش وەریگرتم و، دوای ئەحوالپرسی گوتم بۆ ئەوە هاتووم بزانم دیوانێکی شیعر بەناوی (کاروانی خەیاڵ) لە لایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی کوردیی سەلاحەددینی ورمێوە لێرە داندراوە بۆ چاپکردن هەتا ئێستە چیتان کردوە و لە چ قۆناغێکدایە.

کابرا گوتی والله هیچمان لێ نەکردوە و هەروەک خۆیەتی، گوتم لەبەرچی هەروەک خۆیەتی؟ کابرا گوتی ئینتیشارات کتێبەکەی هێنا لێرە داینا و هەر ئەوەندە بە ئێمەیان گوت کارێکی باشمان لێتان دەوێتەوە و ڕۆیشتن و ئیتر ئەوەی پێویست بوو بۆ چاپی کتێبەکە نەیانکرد و، دوای ئەویش نەهاتنەوە و نەیانپرسیوەتەوە و لەبەر ئەوە ئێمەش چاپەکەمان ڕاگرتوە هەتا خۆیان دێن، گوتم چیی پێویست بوو بیکەن و نەیانکردوە؟ گوتی زۆر شتە دەبێ پارە بدەن بۆ کڕینی کاغەز، دەبێ لەسەر جۆری کاغەزەکە پێک بێین کە چەند میلی گەرەمی بێ، کاری تریشی هەیە وەک صحافی و جڵدبەندی کە ئەوانە هەموو دەبێ حیسابیان بۆ بکرێ و، هەر وەختێک ئەو ئیشانەیان کرد ئێمە دەست دەکەین بە چاپی کتێبەکە.

گوتم ئەگەر من لە جیاتی وان بەو ئیشە هەستم چۆنە؟

کابرا گوتی بۆ ئێمە فەرقی نییە تۆ ئەو ئیشانەی وان بکەی یان خۆیان بیکەن گرینگ ئەوەیە لە پێشدا پارە دانێن بۆ کڕینی کاغەز و دوایی قایمەی هەموو دەرچوونێکی تریشتان بۆ دەنێرین، گوتم پارەی چەند پێویستە بۆ کڕینی کاغەز؟

دوای ئەوە کە هێندێک حیسابی کرد چەند ڕۆڵی دەوێ و، هەر ڕۆڵی بە چەندە و، ڕۆڵێک چەند لاپەڕەی تێ دەبێ، گوتی لانی کەم شەست هەزار تمەن.





من کە لە چاپکردنەکەی زۆر بە پەلە بووم و دەمزانی ئیجازەی وزارەتی ئیرشاد هەر هەتا نەورۆزە و (ئەو حیکایەتە لە زستانی ساڵی ٦٤ی هەتاویدابوو)، ئەگەر لەو بەینەدا کتێبەکە چاپ نەکرێ و بکەوێتەوە ساڵی تازە ئیجازەکە إعتباری نامێنێ و دەبێ وزارەتی ئیرشاد سەرلەنوێ ئیجازەکە نوێ کاتەوە دەنا بە ئیجازەکەی ساڵی پێشوو چاپخانە چاپی ناکا و، پێشم وا بوو وزارەتی ئیرشاد جارێکی تر ئیجازەکەی نوێ ناکاتەوە و، نەتیجە ئەگەر ئێستە پارەیان بۆ دانەندرێ دەبێ دەست لە چاپکردنی کتێب بشۆی چونکە ئینتیشارات گوێی خۆی لێ ئاخنیوە و خوا دەزانێ کەنگێ وەبیریان دێتەوە.

ناچار ئەو ڕۆژە هیچ، ڕۆژی دوایی شەست هەزار تمەن پارەم بۆ برد و ڕەسیدم لێ وەرگرت و، داوام لێکرد کە کاغەزی ٨٠ گەڕەمی بۆ بکڕێ، بەڵام کابرا گوتی: هەتا ئێستە بۆ چاپی کتێبی تر زۆر هەوڵم داوە کاغەزی ٨٠ گەڕەمی وەدەست نەکەوتوە، بۆ ئەو کتێبە ئەگەر کاغەزی ٧٠ گەڕەمیمان وەدەست بکەوێ تۆ دەبێ زۆر ڕازی بی و، لەسەر ئەوە قەرارمان دا ئەگەر ئەو نەبوو ئەوی تریان بکڕێ و، خەریکی چاپکردنەکە بێ و هەموو دەرچوونەکانی تریش بکاتە قایمە و تەسلیمم کاتەوە.

بە کورتی هێشتە زستان مابووی تەواو بێ کە دەزگای ڕۆژنامەی اطلاعات لە چاپی کتێبەکە بۆوە و، قایمەی دەرچوونەکانی تەسلیمی من کرد کە تێکرای دەبوو بە سەد و چل و چوار هەزار ١٤٤٠٠٠ تمەن بە هەموو پارەی کاغەز و، چاپ کردن و، صحافی و، بەرگ تێگرتن و هەموو شتێکەوە بۆ ٤٠٠٠ چوار هەزار جڵد کتێبی کاروانی خەیاڵ لە ٢٨٠ لاپەڕەدا کە لەو چوار هەزار جڵدە سێ هەزار و پێنج سەد جڵدی بەرگی (شومیز) یان مقەبای تەنک و ٥٠٠ پێنج سەد جڵدیش بەرگی زێڕکفت و مقەبای ئەستوور کە قەرارمان لە پێشدا لەسەر کردبوو.

بۆ نرخ دانانی کتێبەکان کارشناسی ئیدارەیان بانگ کرد لێیان پرسی نرخی ئەو کتێبانە بەو بەرگە زێڕکفتەوە چەند بێ باشە و بەو بەرگەی تری مقەبای تەنکەوە چەندی هەڵدەگرێ.

کارشناسەکە بە وردی تەماشای هەردووک جڵدەکانی کرد و، ئەو دیوە و دیوی کردن و دوایی گوتی:

لەبەر ئەوە کە خۆی کاغەزەکەی بە نرخی بازاڕ کڕیوە و، حکومەت کاغەزی پێ نەداوە ئەوەی بەرگی زێڕکفتە ١٢٠ سەد و بیست تمەنی لێ بنووسن و، ئەوانی تریش کە بەرگیان مقەببای تەنکە هەشتا تمەنی لێ بنووسن نرخێکی مام ناوەندیە، یانی نە کەمە و نە زۆرە و، چاپخانەش لەسەر قەراری ئەو بەو پێیە نرخی لەسەر بەرگی کتێبەکان نووسی و حازر بوون بۆ ئەوە کە تەسلیمی ئینتیشاراتی سەلاحەددینیان بکەنەوە.

ئەوەش لێرەدا بڵێم باشە کە من خۆم نیزیکەی سی ٣٠ جڵدێکم لەو کتێبە بۆ دۆست و ناسیاوی خۆم پێویست بوو هەتا پارەکەم نەغد نەدانێ کتێبەکانیان پێ نەدام.

ئەوە هیچ، دوای ئەوە کە کتێبەکان حازر بوون من چوومەوە ورمێ و ناوەندی ئینتیشاراتم لەوە ئاگادار کرد کە کتێبەکان حازر بوون بنێرن وەریانگرنەوە، دەستیان کرد بەلێکۆڵینەوەی ئەوە کە چۆن ئەوان ئاگایان لە چلۆنایەتی ئەو کارە نییە و چاپیش کراون گوتم من هەرچی پێویست بوو لە جیاتی ئێوە کردوومە و چونکە ئێوە کەستان نەچۆوە بە دوایدا و لێی نەپێچاوە ناچار من ئەوەی بۆ چاپکردنی لازم بوو بکرێ کردوومە بۆ ئەوە کە چیتر وەدرەنگی نەکەوێ.

بەڵام ئەوان کە زۆر بەو دەست تێوەردانەی من ناڕەحەت بوون خستیانەوە باری یاسا و قانونی مطبوعات و گوتیان ئەوە لە ڕوانگەی قانونەوە سەزای هەیە، تۆ دەستت لە کاری حکومەت وەرداوە و نەتهێشتوە ئێمە خۆمان قەراری خۆمان بدەین ئیجازەی چاپی ئەو کتێبە ئێمە وەرمانگرتوە و، ئێمە داومانە بە چاپخانە و دەبێ ئێمەش بە چاپخانە بڵێین چ بکا و چ نەکا، تۆ دەبێ محاکەمە بکرێی و ئەو ئیشە بچێتە دادگا، گوتم زۆر باشە با بچێتە دادگا خۆ من پیاوم نەکوشتوە کتێبی خۆمە بە چاپخانەم گوتوە چاپی کەن هەر سەزایەکی هەیەتی با دادگا قەراری لەسەر بدا، ئێوە دەبوو زۆرتان پێ خۆش بێ کە من زەحمەتێکم لە کۆڵ ئێوە کردۆتەوە و لە جیاتی ئێوە پارەم داناوە و هاتوچۆی بەینی ورمێ و تارانیش لەوێ ڕاوەستێ کە دەبوو چەند جار بچن و بێنەوە و ئەو ڕێگایە ببڕن، بەڵام هەرچی من دەمگوت ئەوان نەیاندەبیست.

زۆر لەوەدا هەوڵم دا کە من مەبەستم هیچ دەست تێوەردانێکی تایبەت نەبوە و بەنیازێکی دۆستانە و لە جیاتی ئێوە ئەو ئیشەم کردوە و حەز دەکەم بەوە باوەڕ بکەن





نەیانبیست و هەر لەسەر ئەوە دەڕۆیشتن و ئەو کێشە درێژەی کێشا هەتا کارەکەیان گەیاندەوە لای ئوستانداری ورمێ (محافظ) و، چلۆنایەتیی حیکایەتەکەیان بۆ گێڕابۆوە.

ئوستاندار لێی پرسیبوون بۆچی وای کردوە بیانووی بۆ ئەوە چییە؟ گوتبوویان هیچ نییە ئەوەندە نەبێ کە دەڵێ من لە جیاتی ئێوە ئەو ئیشەم کردوە نەک بە نیازێکی تر و، ڕەنگە واش بێ بەڵام هەرچۆنی بێ ئیشەکە هەر بەو ڕەوا نییە و نەدەبوو بیکا.

ئوستاندار پرسیبووی ئەوەی ئێوە باسی دەکەن کێیە؟ گوتبوویان شاعیرێکە و خەڵکیش قبوڵیانە.

ئوستاندار گوتبووی مادام خەڵک قبوڵیانە بچن لەگەڵی پێک وەرن. من ئاگام لەو شتانە و هەروەها لەو وتووێژەی وان لەگەڵ ئوستاندار نەبوو و هەمووی لە هەوەڵ هەتا ئاخر کاک هێمن بۆی گێڕامەوە کە لەگەڵ وان لە چلۆنایەتیی کێشەکەدا بوو.

دوای ئەوە کە لە لای ئوستاندار (محافظ) هاتنەوە گوتیان: ئێمە بۆمان دەرکەوتوە کە تۆ بە نیازێکی خراپ ئەو ئیشەت نەکردوە هەرچەند هەر نەدەبوو بیکەی بەڵام مادام وای لێ هات ئێستە بۆ کاری فرۆشتن و، گوازتنەوە و عەمبار کردنی کتێبەکان تۆ لە سێ لا سەرپشک بە: یان ئێمە لەبەری دەچینە دەر و هەموو کارێکی لە ئەستۆی خۆت بە سوود و زیانەوە لەگەڵ ئەوانە کاری فرۆشتنیش، یان تۆ لەبەری بچۆ دەر هەموو شتێکی لە فرۆشتن و گوازتنەوە و عەمبار کردنی لە ئەستۆی ئێمە، یان لە نێوەڕاستیدا پێکەوە شەریک دەبین لە سوود و زیاندا و، هەموو کاری هێنانەوە و فرۆشتن و بڵاو کردنەوەشی لەسەر ئێمە. کاک هێمن کە لەوێ حازر بوو گوتی بڵێ ئەوەم دەوێ لەگەڵ ئەو قسەش هاتە بن گوێم بە سرتە پێی گوتم ئەگەر خۆت بیانفرۆشی زۆری پێ ناچێ وەخڕی دەکەنەوە چونکە هێشتە نەیانزانیوە ئەو کتێبە چییە، بەڵام ئەگەر خۆیان بیفرۆشن تازە دەردەچێ و کەس وەخڕیان ناکاتەوە لەسەر ئەوە پێک هاتین و قەرارمان لە بەینی خۆماندا نووسی کە ئەوان هەموو کارێکی فرۆشتن و حەمل و نەقڵ وە ئەستۆی خۆیان بگرن لە مقابیلدا هەر سوودێکی لە فرۆشتنی کتێبەکان وەدەست کەوت بە نیسبەتی ٣/٢ بەشی کەین، یانی سێ بەش بۆ ئینتیشارات دو بەش بۆ نووسەر.

هەموو کاری پاککردنی حیساب و بگرە و بدەی پارە تەواو بوو ئەوجار کێشەی نرخی

کتێبەکانیان هێنا گۆڕێ کە گوتمان ئەوانی زێڕکفت ١٢٠ تمەنیان لێ نووسیبوون ئەوانی تر کە بەرگیان مقەبای تەنک بوو ٨٠ تمەن بوو، بەڵام ئەوان بەو نرخە ڕازی نەبوون و دەیانگوت ئەو نرخە زۆرە و نابێ لەسەر حیسابی حکومەت تۆ کتێبی گران بدەیە دەست خەڵک و لەوەشدا هەرچەندە پیلەم لەگەڵ کردن کە ئەو نرخە یەکێکی شارەزا لەسەری داناون کە سەری لەو کارە دەردەچێ و، کارشناسی دەزگایەکی گەورەی وەک ڕۆژنامەی اطلاعاتە و بێجگە لەوەش ئەورۆ پاکەتێک جگەرە لە بازاڕ بە سەد تمەنە کە بیست تمەنیش لە نرخی کتێبێک زیادترە بە گوێیاندا نەچوو، ئاخری لە دوای کێشە و پیلەیەکی زۆر هەر بەقسەی خۆیان کرد و سەرلەنوێ ئەو چوار هەزار کتێبەیان بردەوە ژێر چاپ و نرخیان گۆڕی و ئەوانی زێڕکفتیان لە سەد و بیست تمەن کردە هەشتا تمەن و، ئەوانی تریان لە هەشتا تمەن کردە پەنجا و پێنج تمەن کە دەبێتە دوو دینار ڕوبعێک کەم بە پارەی ئەو دەم کە دینارێک بیست تمەن بوو، هێندەی من ئاگام لێ بێ کاتی تەوزیعی کتێبەکە بەسەر مەکتەبەکاندا سەهمیەی عیراقیان بەجودا دانا کە گوتیان لە سەتا پەنجای بۆ وێ تەرخان دەکرێ و چونکە ڕێگەی دوورە و حەمل و نەقلی زەحمەتە لە مەکتەبەکانی تر کەمتر پارەیان لەوان وەرگرت بەپێی نووسراوی بەرگی کتێبەکان.

بەپێی ئەوە کە ئەو دەم سەدی پەنجای ئەو کتێبانە بۆ ئەو دیوە هاتوون دەبوو لێرە لە زۆر جێ و، لە زۆر ماڵدا نوسخەیان هەبا بەڵام لە کەم جێ وەگیر دەکەون و وام لە بیرە گوتیان ئەوانیش لەگەڵ شەڕی ئەو دیوە لە شوێنێک تووشی سووتان هاتبوون، ئەگەر ڕاست بێ.

لە جەنگەی چاپکردن و پێش چاپکردنی ئەو کتێبانەدا هێندیان بێنەوبەرە پێکردم و هێندیان چەت تێ خست کە ئەو هاتوچۆیە ماوەیەکی زۆری پێ چوو لەو بەینەدا ئەوەش بە گوێی خەڵکی گەییبۆوە کە ئەو کتێبە خەریکە چاپ دەکرێ و حکومەت ئیجازەی چاپ کردنی پێ نادا لەبەر ئەوە پێیان وابوو شتێکی گرینگە و، ئیتر دوای ئەو ماوە دوور و درێژە کە وا بوو چاپ کرا برەوێکی زۆری کەوتە سەر و وەبەر نەدەکەوت.

مەکتەبەکان زۆریان پێش بڵاوبوونەوەی دیارییان کردبوو کە ئەگەر هاتو گەیشتە ورمێ چەند جڵدیان بۆ دانێن و، هێشتە دوو مانگ بەسەر بڵاوبوونەوەیدا تێنەپەڕیبوو کە کتێبەکە لە بازاڕدا کەم یاب ببوو و، وەدەست نەدەکەوت.





بێگومان حکومەت خۆی بەو هەموو دەستی و دەیکەم و نایکەمە کە لە کاری چاپکردنەکەیدا کردی بوو بەهۆی ئەو ڕمێنەی دوایی لەسەر کتێبەکە و وەبرەوی خست.

قسەی خۆمان بێ هەرچەندە لە پێشدا لە لای وان دەمگوت لە فریای ئەوە ناکەوم کتێبەکەم چاپ کەم و نەخۆشی ئەوەندەم ماوە نادا بەڵام فێڵم لە وزارەتی ئیرشاد کرد کتێبەکەشم چاپ کرد و، نەشمردم و ئێستە کە شازدە ساڵ دوای چاپکردنی چاپی هەوەڵی کتێبەکەیە ئەوە لە ماڵێ دانیشتووم چای دەخۆمەوە و، سوپاس بۆ یەزدانی مەزن هەر نازانم دەوری چ پادشایەکیشە!!

ئەوە بوو داستانی کتێب چاپکردنی ناوەندی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیی سەلاحەددین لە ورمێ، بەڵام داستانی کتێب چاپ نەکردنی ئەو ناوەندەش چیرۆکێکی تری هەیە کە ئەویش کتێبێکی (مێژووی کورد و کوردستان) بوو، نوسەرەکەی (واسیلی نیکیتین، کۆنسولی حکومەتی ڕوسیای تەزاری بووە لە شاری ورمێی ئێران)، جا ئەگەر خۆش بێ و ئەگەر خۆش نەبێ ئەویش بیرەوەریەکە و بەسەریدا باز نەدەم باشە.

بۆ ناساندنی نووسەری ئەو مێژووە بە خوێنەرانی خۆشەویست پێویستە بڵێم واسیلی نیکیتین کونسولی پێشووی ڕوسیای تەزاری لە ساڵی ١٩١٥ هەتا ١٩١٨ لە شاری ورمێی ئێران و:

ئەندامی ئەنجومەنی ئاسیایی و ئەنجومەنی ڕەگەزناسیی پاریس و.

ئەندامی دایمیی دەزگای مرۆڤ ناسیی ناو گەلان و.

ئەندامی سەر بە کۆڕی سیاسیی ناوگەلان.

بێجگە لەوە کە خۆی ماوەیەکی زۆر لە ناو کورداندا ژیاوە و، زۆر شتی لە داب و دەستور و نەریت و فەرهەنگی کوردان بە چاوی خۆی دیوە و، لەگەڵ کوردان هەستان و دانیشتنی بووە، لە نووسینی ئەو کتێبەدا یارمەتیی لە نووسین و شارەزایی ڕۆژهەڵاتناسانی تریش وەرگرتوە لە ڕوسی و ڕۆژئاوایی و کەسانی تریش و سەرەڕای بۆچوونی خۆی زانست و بڕوای وانیشی لە بواری کوردناسیندا کۆ کردۆتەوە دەتوانم بڵێم شتێکی زۆر تەواو و ڕێکوپێک و هەمەلایەنەی پێکەوە ناوە و، چاپی کردوە.

ئەگەر دەڵێم هەمەلایەنە مەبەستم هەموو گۆشە و کەلێنێکی داب و دەستور و، جلک و،

گۆرانی و، زەوی کێلان و، چادرنشینی و هەوار و قشلاغ کردن و، کێشەی قەومی و عەشیرەتی و، تەنانەت لەو مێژووەدا لایەنی جوگرافیایشی بەجێ نەهێشتوە ئەویش بە شێوەیەکی ورد و شارەزایییەکی تەواوی ئەوتۆوە کە ئێمەی کورد کەمتر ئەو شارەزاییانەی ئەومان لەسەر ولاتەکەی خۆمان هەیە.

هەر لە گەرمێن و کوێستان و چیا و دەشت و گۆم و ڕووبار و کۆچی عەشایر و داهاتی دێهات و، سەرچاوەکانی ئاو و ڕووبار و، ماسیی ناو ئەو ڕووبارانە و، هەڵکەوتی دوو گۆماوی ورمێ و وان لە کوردستان و دەوری سروشتیی وان لە ژیان و بەڕێ چوونی دانیشتوانی کوردی دەوروبەری خۆیاندا هیچ شتێکی بەجێ نەهێشتوە.

نووسەر لەگەڵ ئەوە کە خۆی ڕوسە کتێبەکەی بە زمانی فەرانسە نووسیوە و دیارە هەتا ئێستە بە زۆر زمان وەریانگێڕاوە و، لەگەڵ وانیش بە زمانی فارسی لە لایەن ڕەوان شاد وەرگێڕی بە توانا و لێهاتوو (جەنابی محەممەدی قازی)یەوە.

جیاوازییەکی تری ئاشکرا و مومتازی ئەو مێژووە لەگەڵ نووسراوی مێژوونووسەکانی تر ئەوەیە کە ئەوانی تر یان تەسنیفن و لەلایەن خودی نووسەرەوە هاتوونە سەر کاغەز و تەنیا شارەزایی و زانستی خۆیەتی، یان تەئلیفە و لە سەرچاوە و ناوەند و کانگەی ترەوە وەکۆی کردوون، بەڵام ئەو مێژووە هەردووک لای گرتوە، یانی هەم تەسنیفە و پشتی بە شارەزایی و دیتن و ئاگاداریی خۆی بەستوە، هەم تەئلیفە و کۆکراوەی لێکۆڵینەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسانی زانا و بەناوبانگە ئەویش بەهۆی پسپۆڕێکی لێزان و بە دەسەڵات.

من پێش خوێندنەوەی ئەو کتێبە مێژووی تری کوردم لە لایەن نووسەرانی ترەوە دیبوو یەک لەوان (کورد و تورک و عەرەب)ی (ئیدمۆندز)ی ئینگلیزی و، مێژووی ئایەتوڵڵا مەردوخ و، (کورد و پیوستگی نژادی و تاریخی او)ی ڕەشیدی یاسەمی بەڵام سەرەڕای نرخی هەموو مێژووەکانی تر ئەو مێژووە لە هەموو ڕوویەکەوە لەوانی دی زیادتر سەرنجی منی ڕاکێشا. لە ناو ئەو مێژووانەدا نووسینەکەی (سیسیل. جی. ئیدمۆندز). لەبەر ئەوە کە نووسەر پێی نەکراوە ئەمانەتی مێژوونووسی ڕاگرێ و لەبەر ئەو ئەرکە گرینگ و سەرەکیە چۆتە دەر و، مەبەستی شەخسی و سیاسیی تێدا ڕەچاو کردوە زیانی زۆر لە نووسینەکەی خۆی داوە و لە وەزنی کەم کردوە و، هاوسەنگی مێژووەکانی تر نایەتەوە.





مەبەستە شەخسی و تایبەتییەکانی ئەو مێژوونوسە بەتایبەتی لەو شوێنانەدا کە باسی هاوکارەکانی شێخ مەحمودی نەمر دەکا ئاشکرا دەبێ و، غەرەزی نووسەری لێ دەردەکەوێ.

ئەوەش هیچ کە بڕوای بەچارەنووسێکی مسۆگەر و دابینکراو بۆ گەلی کورد نییە کە گەلانی بەشخوراو لە مێژووی نەتەوایەتیی خۆیاندا هەر بە دوای ئەو بەشە لە بیرکراو و ژێر پێ خراوەدا دەگەڕێن و بەبێ ئەو بەشە و بەبێ ئەو باسە مێژوو بە چیرۆکێکی دروستکراو دەزانن بۆ بەرژەوەندێکی تایبەت نەک گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتە ڕاستەقینەکانی زەمانی کۆن و سەردەمی نوێی گەلان.

واسیلی نیکیتین بە پێچەوانەی ئیدمۆندز لە نووسینەکەی خۆیدا لەو جێیانەدا کە ڕووی لە گەلی کوردە دڵسۆزی و خۆشەویستی خۆی لە خوێنەر ناشارێتەوە و لە زۆر جێدا بە ڕاوێژێکی دۆستانە ئەوە دەردەبڕێ کە من کوردم خۆشدەوێ و سەرەڕای ئەو هەستەش ئەگەر ئیرادێکی لەسەر شەخسیەتێکی کورد، یان لایەنێکی کۆمەڵایەتیی کورد بووبێ لەبەر ئەو خۆشەویستیە نەیشاردوتەوە و، خستوویەتە ڕوو.

ئەو ڕاستگۆیییانەی مێژوونوس هانیان دام بۆ ئەوە کە لە بیری وەرگێڕانی مێژووەکەی بکەوم لە فارسیەوە بۆ کوردی و، هەر لە خوێندنەوەی تەواو بووم ئەو وەسوەسە کەوتە سەرم و خۆم بۆ حازر کرد، بەڵام وەرگێڕان تەنیا لایەکی ئەو ئیشە بوو و، دەبوو بیر لە چاپکردنیشی بکەمەوە بۆ دوایی، داخوا حکومەت ڕێگەی ئەوە دەدا و، یان باشتر بڵێم بەکاری چاپەکەشی هەڵدەستێ یان نا؟

بۆ دڵنیایی لەو لایەنەشەوە ڕێگەی ورمێم گرتە بەر بۆ ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگو ئەدەبی کوردیی سەلاحەددین بۆ ئەوە کە قسەی وان، یان باشتر بڵێم ئیجازەی وان وەرگرم بۆ کاری چاپکردنی دوای وەرگێڕانەکە.

هەرچەند وام دانابوو لە ڕوانگەی حکومەتەوە گیروگرفتی بڵاوبوونەوەی نابێ چونکە پێش ئەو دەم بە ماوەیەکی کەم نوسخە فارسیەکەی چاپ و بڵاو کرابۆوە بەڵام مەسەلەی دەرچوونی چاپ کردنەکەی هەر دەما کە منیش لەو پرس و ڕا کردنەدا زۆرتر مەبەستم هەر ئەو بوو. بەبێ دەستەبەر بوونی لایەنێک یان جیهەتێک خۆم ئیمکانی مەسرەفەکەم نەبوو

کە سەربەخۆ و بەبێ یارمەتیی ئەو ناوەندە کتێبەکە چاپ کەم.

باش بوو بەرپرسی ئەو کاتەی ئینتشارات کاک (سەلمان محدث حسینی) هیچ تەگەری نەخستە بەر و گوتی: هەر کاتێک تەرجومەت کرد ئێمە مانعمان نییە چاپی دەکەین بەڵام لە جێیەکی ئەو مێژووەدا باسی عەشیرەتێکی دانیشتووی شنۆ دێتە پێش کە ناوی ئەو عەشیرەتەی بە (کەرخۆر) بردوە و، لەسەر ئەو ناوە قازیی شنۆ ئیرادی گرت و بەیێنێکی زۆر نەیدەهێشت نوسخە فارسیەکەی بڵاو کرێتەوە، بۆ ئەوە کە ئەوجاریش ئێمە تووشی ئەو گیروگرفتە نەبینەوە تۆ ئەو چەند دێڕەی کە ئەو باسەی تێدا دەری باوێ و وەری مەگێڕە ئەوی تریش قەیدی نییە چاپی دەکەین.

من و کاک سەلمان لەو قسانەدا بووین کە بەرپرسێکی تری ئەو ناوەندە بەناوی (کاک مورتەزا) کە لە تاران دادەنیشت هاتە ژوور کە دیار بوو لە ڕێوە دەهات، لە دوای خۆش و بێشی گوتی: ئەوە باسی چدەکەن؟

منیش گوتم مەسەلەی وەرگێران و چاپکردنی مێژووی کورد و کوردستانی واسیلی نیکیتینە بە کوردی کە قەرار وایە من تەرجومەی کەم و، بۆ ئەوە هاتووم قسەی ئێوە وەرگرم بۆ چاپکردنەکەی دوای وەرگێران، کاک سەلمانیش ڕێگەی داوە بەو شەرتە کە ئەو چەند دێڕەی لێ دەراوێم کە باسی عەشیرەتی کەرخۆرانی کردوە لە شنۆ بۆ ئەوە کە دوایی وەک نوسخە فارسیەکەی ئیرادی لێ نەگیرێ و لە بڵاو بوونەوەیدا گیروگرفت نەیەتە پێش، کاک مورتەزا گوتی: بەڵێ بەڵێ وەریگێڕە، ئێمە چاپی دەکەین و ئەو چەند دێرەشی با هەر تێدا بێ و، لێی فرێ مەدە بۆ ئەوە کە نەڵێن حکومەت لە چاپی ئەو کتێبەدا دەستی تێوەرداوە و سانسۆری خستۆتە سەر.

تۆ خۆت ئەگەر بۆچوونێکی ترت لەوەدا و، لە چلۆنایەتیی ئەو ناو لێنانەدا هەیە بینووسە ئێمە ئەویشی لەگەڵ چاپ دەکەین و، هەرسێکمان لەسەر ئەوە پێک هاتین.

من کە پێش ئەو دەم و ئێستەش هەر باوەڕم وا بوە هەر کەس کە توانای نووسینی لە هەر بابەتێکدا هەبێ خۆی شتێک بنوسێ و پێشکەشی کۆمەڵی بکا لە وەرگێڕان باشترە و، ئەو وەرگێڕانە وتەی کەسێکی ترە و لە زەمانێکی تردا و بۆ خەڵکێکی تر گوتراوە و، لەوانەیە کۆمەڵی ئەورۆ و فەرهەنگی ئەورۆ و پێداویستی ئەورۆ جیاوازیی لەگەڵ





فەرهەنگی ئەو چاخە هەبێ کە ئەو شوێنەوارەی تێدا خوڵقاوە.

ئەوەش هیچ کە کاری وەرگێڕان لە دەست هەموو کەس دێ و کەم کەس هەیە پێی نەکرێ جا هەر یەکە بەپێی خۆی و لە مستەوای خۆیدا، لە جیاتی ئەوە کە نووسەر وتەی کەسێکی تر بۆ خەڵک بگێڕێتەوە، دەردی دڵی خۆی بۆ کۆمەڵ هەڵڕێژێ سوودی زیادتر و بە نرخ ترە. کەچی سەرەڕای ئەو بڕوایەی خۆم هێندێ لایەنی شیرنی ئەو مێژووە دەیکێشام و هانی دەدام بۆ ئەوە کە بەو بیانوانە خۆم لە وەرگێڕانی نەبوێرم، کە مێژوو وتەی هەموو سەردەمێکە و، یاسای زەمان و مەکان نایگرێتەوە.

ئاخریش ئەو هاندانە بەسەر بیروڕاکانی ترمدا سەرکەوت کە هەمیشە پیلەم لەسەر کردووە و، دوای ئەو بەڵێن و پێکهاتنەی ورمێ چوومەوە ملم لەبەر ملی وەرگێڕان نا.

پێویستە ئەوەش بڵێم کە سەرەڕای ڕەوانی و ڕێکوپێکیی وەرگەڕاوەکە لە زۆرجێ نارێکی لە ڕستە و مەعنای چاپە فارسیەکەیدا پەیدا ببوو کە ئەو ئاڵۆزیانە بەهاسانی نەدەچوونەوە سەر یەک و، کاری وەرگێڕانیان وەزەحمەت دەخست.

ئەو ئیرادانە ڕەنگە لە خوێندنەوەدا زۆر هەستیان پێ نەکرێ بەڵام لە جەنگەی وەرگێڕاندا بە زەقی دەردەکەون، کە لەو وەرگێڕانەدا یەکەم ئەو بەشەی ڕستەکانی تێکچوە و پاش و پێش بوون، دووهەم لە بەشی حەیران و لاوکە کوردیەکاندا هەتا کەوتنەوە سەر دەقە کوردیەکەی خۆیان ماندووبوونیان زۆر تێدا بوو ڕەنگە ئەو ئیرادە لە نووسەر نەگیرێ ئەگەر حەیران و لاوکەکان شێواو و ئاڵۆز بوون، چونکە جارێک یەکێکی ڕوس بە زمانی فەرانسە نووسیویەتی و، جاری دووهەم یەکێکی تر لە فەرانسەوە وەریگێڕاوەتە سەر فارسی کە هیچیان سەریان لە ئاهەنگ و ڕیتم و فەرهەنگی حەیران و لاوک دەرناچێ و ناکرێ ئەوە بە کەم پێزی و لاوازی نووسینەکە دانێین.

بەڵام هەرچی بێ نیزیکەی شەش مانگێک پێ چوو کە وەرگێڕانەکە لە **٤٣٥** لاپەڕەی گەورەدا تەواو بوو و بەو بۆنەوە لە ماڵێ پڵاو و گۆشتێکی چاکیان دەرخوارد دام!! بەزیاد بێ! بەڵام ئەوەشیان لێ زیاد کرد کە ئیتر هەتا وەرگێڕانێکی تر لە نیسک و، ماش و، بروێش زیادتر بە تەمای هیچی تر مەبە!

بە دوای تەواو بوونی وەرگێڕانەکەدا نوسخە خەتیەکەم هەڵگرت و، بردم بۆ ورمێ بۆ

ناوەندی ئینتیشاراتی سەلاحەددین لەسەر قەرارەکەی پێشوویان بۆ ئەوە کە چاپی بکەن و، نوسخەیەکی فۆتۆکۆپییشم لە لای خۆم هەڵگرت بۆ ئەوە کە نەوەک نوسخە دەستیەکە لەوێ شتێکی بەسەر بێ، یان لە ناو بچێ با شتێکم بە دەستەوە بێ. دیارە ئینتیشارات لێی وەرگرتم و لەوێ لە جێیەک دایان نا، بەڵام دانان هەر ئەو دانان بوو و ئیتر نەیانهێناوە دەر و کەس دەستی لێ نەدا.

من جارجار دەچووم وەبیرم دەهێنانەوە دیارە لە ڕێوە نەیاندەگوت چاپی ناکەین بەڵام ئەو کۆسپانەی ئەوان لە ڕێی چاپ نەکردنیدا دەیانئەژمارد، ئەگەر ڕاست و ئەگەر خۆبواردن بۆ ئەوە دەبوون کە بلێی هەر نیازی چاپ کردنیان نییە، یەک لەوان نەبوونی پارەی پێویست بە بیانووی ئەوە کە هەر پارەیەکی هەیانبوە بۆتە کتێبی چاپ کراو و ئەوانیش نافرۆشرێن، بەڵام پارە بۆ چاپ کردنی چاپەمەنیی تر هەبوو.

ئاخریش ئەو بۆچوونەی کە بە تەمای چاپکردنی نەبوون ڕاست دەرچوو، دوای نیزیکەی دوو ساڵ کە زانیم هەر چاپی ناکەن کتێبەکەم لێ وەرگرتنەوە ئەویش بە خاک و خۆڵێکی زۆرەوە کە لەوێ دەرخواردی درابوو.

نازانم خوێنەری بەڕێز سەرنجی داوەتە ئەوە یان نا کە ئەگەر ژنان پێکەوە چاک و خۆشی دەکەن یەک لەو دوعایانە کە بۆ یەکتری دەکەن ئەوەیە دەڵێن: (کارت ڕاست بێ)، بە ڕاستی دوعای چاکە و کار ڕاست هاتن دەورێکی گرینگی هەیە لە سەرکەوتندا و، بە پێچەوانەی ئەویش کار ڕاست نەهاتن. کە من لەو بەشەی دواییم و، بە عومری خۆم هەرچی کردوومە کارم ڕاست نەهاتوە نەک هەر لەو شتانەدا کە باسمان کردن و پەیوەندیان هەبوو بە چاپی کتێب و وەزارەتی ئیرشاد و ناوەندی فەرهەنگی کوردیی سەلاحەددینەوە. هەر لە هەموو کارێکی ژیانی ئاسایی خۆمدا ئەو کار ڕاست نەهاتنە پێ بە پێ لەگەڵم هاتوە و، قەت وا نەبوە بەجێم بێڵێ، جا ئەو کارەی من چ گرینگ بووبێ و چ نەبووبێ، تەنانەت لە شت کڕینی ئاسایی بازاڕدا کە خەڵک زۆر بە هاسانی هەرچی دەیەوێ دەچێ دەیکڕێ و دێتەوە بەڵام ئەگەر من پێویستیەکی بە پەلەم بە حاجەتێکی کارەبایی، یان شۆفار، یان بۆڕیەی ئاو، یان شتێکی تری لەو چەشنەی ناو ماڵ هەبێ، یان وەستایەکم بۆ چاک کردنی ئەو شتانە بوێ ئەگەر چوومە بازاڕ دوای ئەوە کە لە چەند دوکان هەر لەوێ دەمنێرن بۆ ئەوێ و هەڵم دەدێرن و دەڵێن ئەوی تر هەیەتی لە ئاخریدا ئەگەر گەیشتمە ئەو





دوکانەی حاجەتەکەی هەیە دەبینم کابرا دوکانی داخراوە و جیرانەکەی دەڵێ مردووی لێ مردوە لە مزگەوت سەرەخۆشیی داناوە هەتا سێ ڕۆژی تر نایەتەوە.

دەچمە دایرەیەک بۆ دیتنی کەسێک کە ئیشی فەوتی و زەروریم پێی بێ، دەڵێن نەخۆش کەوتوە بردویانەتە بەغدا دەبێ ڕاوەستی هەتا دێتەوە.

جلک دەدەم بە خەیات بیدروێ ئەگەر دەمداتەوە دەبینم سەقەتی کردوە و هەر بە کاری ئەوە نایە لەبەری کەی، ئەگەر قەراری دیتنی کەسێکم هەبێ و وەختی دیاری کردبێ سوار دەبم دەچم لە ڕێگەدا سەیارە پەنچەر دەبێ و، نەتیجە لە کاتی خۆیدا ناگەمێ و، ئیشەکەم لێ پووچەڵ دەبێ.

لەو جۆرە کار ڕاست نەهاتنانە زۆرم بەسەر هاتوە و وێنەیان زۆرە بەڵام لە جیاتی ئەوە کە هەموویان بگێڕمەوە هەر ئەوەندە بڵێم کە قەت کارم ڕاست نەهاتوە ڕەنگە بەس بێ. بەڵێ قەت کارم ڕاست نەهاتوە تەنیا جارێکیش چیە و، لە هیچ شوێن و قۆناغێکدا ئەو نەهاتییە یەخەی بەرنەداوم و، دوعا دەکەم ئێوە وا نەبن و کارتان ڕاست بێ، یاخوا دوعاکەشم گیرا بێ.

تایبەتیەکی تری من کە ئەویش هەر لە نەهامەتی نیزیکی دەکاتەوە یان هیچ نەبێ لە لایەن زۆر کەسەوە بە کەم و کوڕی دادەندرێ ئەوەیە کە بە پێچەوانەی هەموو شاعیر و نووسەرانی تر من نە پەپوولەم پێ جوانە نە دەنگی بولبولم پێ خۆشە دیارە کەم شیعر و پەخشانی کوردی و زمانەکانی تریش هەن کە دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی تایبەتیەکانی ئەو دوو باڵندەیان تێدا نەبێ و جوانیی پەپوولە و دەنگی بولبول نەبوبێتە کاکڵی شوێنەواری بەرزی ئەدەبی و هەستی شاعیری نەجولاندبێ، بەڵام من لەوە شەرمەندەم کە هەستم بەو لایەنە جوانەی سروشت نەکردوە و لێی بێ بەشم وەک لە زۆر شتی تریش هیچم پێ نەبڕاوە و بە ڕاشکاوی ئەوە دەڵێم کە نەک هەر خۆم، لەوەشدا بە شکم کە خەڵکی تریش پەپوولەیان پێ جوان بێ یان دەنگی بولبولیان پێ خۆش بێ و هەر ئەوەندەیە لە خەڵکی تریان بیستوە وای گوتوە و ئەویش چاوی لەوان کردوە.

زۆر کەس لەوانەی دەڵێن دەنگی بولبول خۆشە هەر قەت گوێیان لە دەنگی بولبول نەبوەو، نەیان دیوە و، هەروەک عورف و عادەت وتەی خەڵکیی دووپات کردۆتەوە و

هیچی تر و، جارجار بە کاری کەلێن پڕکردنەوەی نووسینیش هاتوە. دەنا پەپوولە وەک تۆزێک مقەبا لێرە هەستی و لەوێ بنیشێ جوانیەکەی چییە؟

بەتایبەتی کە زۆربەیان بێجگە لە چاوی خۆیان دووچاوی تریش لە لای ڕاست و چەپی باڵەکانیاندا پەیدا دەبێ و لەبەر ئەوە چوار چاویش دەردەچن و، ئیتر هیچ جوانییەک ئەگەر هەشیان بێ تێیاندا نامێنێ.

هەروەهاش خوێندنی بولبول کە هەر بە حاستەم جوکەیەکی لێ هات لە خۆڕا سەد ناوی لێ دەنێن، یەک دەڵێ بەستەیە، یەک دەڵێ غەزەلە، یەک دەڵێ حەیرانە!! کەچی هیچیانیش نییە و جیاوازیەکی ئەوتۆشی لەگەڵ جیکەی چۆلەکە نییە کە فەرقی پێ بکرێ و، هەر لە سایەی ئەوەندە جروکەوە ئەو هەموو خزمەتەی دەکرێ و، ئەو هەموو دان و ئاوەشی پێ دەدرێ. چۆلەکەی بێچارەش!! کە ڕۆژێ لەبەر جیکە جیک نان و ئاوی لە خۆی حەرام کردوە ئەگەر خۆشی لە جێیەک بنیشێ بۆ چینە سەد بەردی لێ ڕادەوەشێنن و ناچاری دەکەن دانەکەی بەجێ بێڵێ و سەری خۆی هەڵگرێ بڕوا، دیارە ئەویش بە هات و نەهات و بۆ نیشتن کەوتوە!!

بەڵێ کاکە ئەوە قرمەی ڕەشاشی پێشمەرگەیە هەست دەبزوێنێ و خەیاڵ لە گەڵی باڵ دەگرێ نەک دەنگی بولبول.

ئەو دەنگەیە هاوار دەکا ئەو خاکە خاکی کوردە و، ئەوە کوڕی کوردە چەکی بۆ پاراستنی هەڵگرتوە و خۆی لەسەر بە کوشت دەدا و هەر ئەویشە ئیلهامی شیعر و شانازی لەگەڵ خۆی دێنێ نەک جریوەی ئەو باڵندە بەستەزمانە بەند کراوە.

***

بەهاری ساڵی ٩١ دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی کوردستان لە کەرەجەوە بۆ دیتنی کاک مەسعود هاتمە ئەو دیوە کە ئەو دەم مەقەڕی لە شوێنێک بوو بە ناوی (ساڕداو) لە ناو دۆڵەمەریان، بەڵام کاک مەسعود سەفەری بەغدای کردبوو، کاک نێچیرڤان لە جیاتی ئەو لەوێ بوو نیزیکەی دە پازدە ڕۆژێک لەوێ بووم و گەڕامەوە کەرەج، لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا لە پێشدا چوومە دیتنی سەدی بێخمە، کە لەو دیتنەدا دۆست و هەواڵی بەڕێز کاک (دوکتور سەعید ئەحمەد)یشم لەگەڵ هات و بەهەموو شوێنەکانی ئەو سەدە گەورەدا





گەڕاین و زۆر شتی وامان لە مەکینەجات لە ناو تونیلەکاندا دیت کە بۆ یەکەم جار بوو شتی وا ببینین و هەر نەماندەزانی ئەوە چیە و بە کاری چی دێ و چۆنی کار پێدەکرێ.

دیارە کاتێک ئێمە چووین ئەو سەدە تالان کرابو و شتی زۆر لەوانە بە نرخ تر و سەیرتری تێدا بوو کە خەڵکی ناوچەکە بردبوویانن، هەر لە مەکینەجات و ئەشیای تری ناو ماڵ و شوێنی ژیانی ئەو ئەندازیارانەی لە سەدەکەدا کاریان دەکرد و، سەر بەسێ چوار حکومەتی جیا جیا بوون، هەر بینەرێک سەردانی ئەو سەدەی دەکرد داخ و پەژارەی ئەوە دایدەگرت کە ئەگەر ئەو سەدە هاتباو وا تالان نەکرابا و لێیان گەڕابا بەپێی نەخشە و خەریتەی دیاریکراوی خۆی تەواو بێ چەند سەرچاوە و ناوەندێکی گرینگ و بە نرخ دەبوو بۆ تەولیدی وزەی کارەبا و سوودی تری هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی بەڵام کار لە کار ترازابوو وا پرەپاڵ کرابوو داری لەسەر بەردی نەمابوو. لەگەڵ دیتنی ئەو سەدە ڕێگەمان بەناو گوندەکانی سورچیان دابوو کە کاک دوکتور سەعیدی شادڕەوان لەگەڵ هێندێکیان دۆستایەتی و ناسیاویی هەبوو و لە لایان چاییمان خواردەوە و هێندێ باسی کار و کاسبی و وەزعی کۆمەڵایەتی و تەنانەت پەیوەندیان بە ئیداراتی حکومەتەوە و فرۆشتنی داهاتی گوندەکانیان هاتە گۆڕێ کە وتەکانیان بۆ من زۆر سەرنج ڕاکێش بوو بەتایبەتی لەوەدا کە دەیانگوت: ئێمە بۆ فرۆشتن و کڕینی ملک و زەوی و زاری خۆمان تاپۆمان نییە و هەر شاهیدی ناو گوند تاپۆی ئێمەیە و ئەگەر کەسێک پارچە زەویەک بکڕێ یا بفرۆشێ چەند کەس لە گوندەکە بە شاهید دەگری و ئەگەر لە دوارۆژدا کێشەیەک بکەوێتە نێوانیان ئەو شاهیدانە دەچن شاهیدیی خۆیان دەدەن و، ئەگەر هاتوو یەکێک لەو شاهیدانە مرد پێش ئەوە بمرێ خەڵکی تری گوند بانگ دەکا و پێیان دەڵێ ئەگەر من مردم ئەوەندەم شاهیدی لەکنە ئێوە بزری مەکەن و هەر شاهیدیەکی لە لای هەبێ بەوانی دەڵێ بۆ دوارۆژ. دوای گەشتەکە بە گوندی سرێشمەدا گەڕاینەوە کە من بیرەوەریەکم لە ئەحمەد شابازی خەڵکی ئەو گوندە هەیە.

لە ساڵەکانی ٦٠دا ئەو ئەحمەد شابازە لە کوێستانەکانی ئێران مێگەلە مەڕیان بەبێ ئیجازە لە سنوور پەڕیبوەوە و لەبەر ئەوە حکومەتی ئێران لەگەڵ هەواڵێکی تری بەناوی حەمید گرتبوونی و لە مەهاباد لە گرتوخانەی کردبوون.

من لەو سەروبەندەدا برایەکم بە ناوی (عوبەید) هەر لەوێ لە زیندان دابوو و لەگەڵ

سەردانی براکەم لەگەڵ ئەویش ناسیاویم پەیدا کرد و ئەو ماوە کە لەوێ لە زینداندا بوون ئەگەر شتێکیان پێویست با بۆم دەبردن و حاجی حەمەداغا خۆی دیاریی بۆ دەناردن و بە منیشی فەرموو بوو هەرچی پێویستیان بێ وەک عوبەید بۆیان بەرە و لە بیریان مەکە.

مام ئەحمەد قسە خۆش بوو و هەتا دەچوومە سەردانی براکەم بەینێکی باش لەگەڵ ئەو دادەنیشتم، دوایی وا ڕێک کەوت حکومەت ئازادی کردن و گەڕانەوە ئەو دیوە و ئەو ڕۆژە کە ئێمە بە گوندەکەیدا تێپەڕین مام ئەحمەد دەمێک بوو نەمابوو و لەبەر ئەوە لە هیچ کوێ ڕانەوەستاین.

دوای دیتنی سەدی بێخمە کاک نێچیرڤان گوتی: ئەگەر حەز دەکەی دهۆک و زاخۆش ببینی ئەوە سەیارەت بۆ تەرتیب دەکەم بچۆ ئەوێش ببینە، منیش عەرزم کرد زۆرم پێ خۆشە چونکە نە دهۆکم دیبوو و نە زاخۆ و بە تایبەتی حەزم دەکرد پردە مێژووییەکەی زاخۆ (پردی دەلالێ) ببینم کە لە مێژووی کورد و کوردستاندا چیرۆکی ئەو پردەم خوێندبۆوە.

سبەینێ لەگەڵ دوو پێشمەرگە و سایقێک بۆ لای دهۆک و زاخۆ وەڕێ کەوتم و لە دهۆک لە پێش هەموو شوێنێکدا دایرەی ئەمنی حکومەتم دیت کە شێوەی دروست کردن و بەر دەرک و ژوور و هەموو جێی لەگەڵ بینای تر جیاوازیی هەبوو و هەروەها شوێنەکانی تری ناو شار و گەڕەکەکانی تری کە هەرچەند ئەو دەم دهۆک لایەنی ستراتیژی و مەرکەزییەت و بازاڕ و ئالوویری ئەورۆی نەبوو بەڵام هەر شارێکی خۆش و دڵگر بوو، ئەو دەم هەستم بەوە کرد کە هەرچەند شار پشتی بەشاخەوە بەڵام لە چاو شوێنە شاخاویەکانی تری کوردستان برێک بە لای گەرمی دا بوو.

دوای دیتنی ئەو شوێنانە چوومە دیتنی پردی زاخۆ کە لە ڕواڵەتی ڕا مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ گەلێک ساڵ لەوە پێش و دیارە ساڵ و زەمانێکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە و بێ ئەوەی دەستی تێ درێ و کەڵتە بکرێتەوە هەر لەسەر دەقی خۆی ماوەتەوە.

ئەو پردە لەو شوێنانە بوو کە من ئاواتی دیتنیم هەبوو و مێژوونووسی ڕوس (واسیلی نیکیتین) لە مەڕ دروست کردنی ئەو پردەوە لە زمان قەشە پول بیداری کەلدانی دانیشتووی موسڵ دەگێڕێتەوە کە لە کتێبی دەستوری زمانی کوردی لاپەڕە ٣٦ هەتا ٣٨دا نووسیویە دەڵێ:





ئەو دەم پردە گەورەکەی زاخۆیان دروست دەکرد کاتێک کاری پردەکە گەیشتە تاق لێدان وەستاکە هەرچی دەیکرد تاقی پردەکە ڕانەدەوەستا، هەر وەستا دایدەنا و تاقەکە دەڕووخاوە، ناچار وەستا ئەو مەسەلەی بە ئەمیری زاخۆ گوت کە زۆرجار وا دەبوو دەهاتە سەردانی دروست کردنی پردەکە و پێی گوت: ئەو پردە پێویستی بە یەکێکی زیندوو هەیە کە لە ناو کڵی پردەکە بندرێ دەنا سەری تاقەکە وێک نایەتەوە و هەر دەڕووخێتەوە.

ئەمیر کە دەیویست هەر چۆنی بێ ئەو پردە تەواو بێ، کە دەیزانی سوودی گشتی هەیە و بێجگە لەوەش ناهێڵێ ناوی ویش کوێر بێتەوە فەرمانی دا یەکەم کەس کە لە شار بێتە دەر و بێتە سەر پردەکە بیگرن و بە زیندوویی لە کڵی پردەکەی خەن و مۆری حکومەتیشی بە بن ئەو فەرمانەوە نا.

ئەمیر خۆی کیژێکی تاقانە و زۆر لەبەر دڵانی هەبوو کە هەتا بڵێی خۆشی دەویست و ناوی (دالە) بو.

دالە دەیزانی باوکی چەندی ئاواتی تەواو بوونی ئەو پردە هەیە و، حەزی دەکرد لە جەنگەی تەواو بوونی پردەکەدا لەوێ حازر بێ، نیزیک نیوەڕۆ لەگەڵ سەگەکەی لە شار وەدەرکەوت و بۆ لای پردەکە چوو، ئەمیر کە چاوی بە کیژەکەی خۆی کەوت و دیتی سەگەکەی وەپێش خۆی خستوە لە خۆشیان بزەیەکی هاتێ، کیژەکە بەوە تێکچوو و وای دانا باوکی تیزی پێدەکا کە ئەو سەگە گلاوەی وەپێش خۆی خستوە لەبەر ئەوە سەگەکەی وەدوای خۆی خست و خۆی وەپێش سەگەکە کەوت و هەتا سەر پردەکە هات.

پەژارە و سەرسورماویەکی سەیر هەموو لایەکی داگرت و، بە داخەوە تەماشای یەکتریان دەکرد، ئەمیر خۆشەویستیی باوک و فرزەندیی خستە ژێر پێ و فەرمانی دا کیژەکە لە کڵی پردەکە خەن، کیژەکە بۆ بەجێ گەیاندنی ئەمری باوکی کوڕنشێکی برد و لە ئەلف هەتا بێ هیچی نەگوت، ئارام و هێدی هاتە بەردەستیان کە چۆنی حەز دەکەن وا بکەن.

بەو جۆرە دالەی زۆر خۆشەویستیان لە کەلێنی تاقەکە خست، کە دەهات بەردی هەرە ئاخری لەسەر چاوی دانێن بە ئیشارە سەلامی لە باوکی خۆشەویست و دڵڕەقی خۆی کرد و دو تنۆک فرمێسک لە چاوی باوکی هاتە خوار و کارەکە تەواو بوو.

ئێستەش ئەو پردە هەر بەناوی ئەو کیژە هەڵدەدەن، (پردی دەلالێ) یان (پردی دالەی).

سەفەرەکەم لە دهۆک و زاخۆ دوو سێ ڕۆژێکی پێچوو، ئەگەر هاتمەوە سارداو کاک مەسعود هێشتە لە بەغدا نەگەڕابۆوە، لەبەر ئەوە سبەینێی ئەو ڕۆژە گەڕامەوە کەرەج و کاک مەسعودم نەدی، بەڵام دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی عیراق کە کاک مەسعود کەرەجی بەجێ هێشت و زۆربەی دۆست و هەڤاڵەکانی تریشی بۆ کاری پێشمەرگایەتی لەگەڵ خۆی هێناوە ئەو دیوە ئیتر کەرەج خۆشیی جارانی نەمابوو و پیاو لێی وەڕەز دەبوو.

ماوەیەک بەسەر ئەوەدا تێپەڕی و کاک مەسعود دوای گەڕانەوەی لە بەغدا نامەیەکی بە کاک دلۆڤانی کوڕی کاک ئیدریسدا بۆ ناردم کە لەگەڵ نواندنی گەورەیی و لوتفێکی زۆر و هێندێ جەفەنگ و قسەی خۆش گلەیی ئەوەشی کردبوو کە سەریان نادەم و بیریان ناکەم «چنین کنند بزرگان کە کسرد باید کار».

منیش هەروەک لە پێشدا باسم کرد لەگەڵ ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی کوردیی سەلاحەددین لە ورمێ بۆ چاپی کتێبەکانم نەتیجەم وەرنەگرتبوو و گوتم ڕەنگە ئەگەر بچمە سەردانی کاک مەسعود دەرفەتی چاپکردنی کتێبەکانیشم وەگیر بکەوێ و، لەبەر ئەوە دوای بەینێک خۆم حازر کرد کە وەک دەڵێن بە تیرێک دوو نیشان بشکێنم و لەگەڵ کاک سیداد بارزانی کە ئەویش بە هەڵکەوت لەو دەمەدا دەهاتە ئەو دیوە وەڕێ کەوتین و هاتینە عیراق.

پێش ئەوەی من بێمە ئەو دیوە هەڵبژاردنی پارلمانی کوردستان لە مێژووی ٩٢/٥/١٩ کرابوو بەڵام پارلمان هێشتە نەکرابۆوە و کاک مەسعود مەقەڕی لە سارداوێوە هێنابوە مەسیف سەلاحەددین و هەر ئەو ڕۆژە کە گەیشتمە مەسیف بە خزمەتی گەیشتم و باسی زۆر شت و، یەک لەوان چاپکردنی کتێبەکانیشمان کرد و بەڵێنی دا و، دوای ئەوە جێگەیان لە هوتێل کاروخ بۆ حەسانەوە بۆ دیاری کردم و، یەک دوو ڕۆژ دوای ئەوە کە چوومە ئەو هوتێلە کاک سیداد بارزانی هاتە دیتنم و دەمانچەیەکی چاردەخۆری لە لایەن کاک مەسعودەوە بۆ هێنابووم لەگەڵ دوو پێشمەرگە بۆ حیمایە بە ناوی (میرخان محەممەد گەردی) و (سەمەد عوسمان بارزانی) کە هەردووکیان سەر بە (مام حالیی دۆڵەمەری) و حیمایەی کاک مەسعود بوون و لەگەڵ وانیش سەیارەیەکی تۆیۆتا لەگەڵ شوفێرێک کە ناوی ویش (ئەحمەد مستەفا بارزانی) بو و بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ دەعوەتی کردم بۆ مەقەڕی م.س.





من لە هوتێل جێگیر بوم و دیارە ئەو دەم کە جەنگەی دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ و کردنەوەی پارلمان و دانانی دام و دەزگایەکی تر بوو لە کوردستان کاری گرینگ و پێویست زۆر لە پێشدا هەبوو کە دەبوو بکرێن و وەدوا نەکەون.

من لە مەسیف بووم کە پارلمانی کوردستان ڕۆژی ٩٢/٦/٤ لە هەولێر بە بەشداری هەردووک حیزبی سەرەکی کوردستان پارتی و یەکیەتی لەسەر ئەساسی پەنجا پەنجا افتتاح کرا کە پارتیە کوردستانیەکانی تریش هەر یەکە بەپێی خۆی لەو پارلمانەدا نوێنەری خۆیان هەبوو.

کرانەوەی ئەو پارلمانە یەکێک لە ئاواتە کۆنەکانی منی پێک هێنا، ئاواتێکی کۆن و لە مێژینە کە لەگەڵم گەورە بوو و لەگەڵم پیر بوو و دەکرێ ناوی بنێم وەدی هاتنی خەونێکی خۆش.

من ماوەیەکی زۆر لە مەسیف مامەوە و لە هەموو دەرفەتێکدا چاپکردنی دەفتەرەکەم وەبیر کاک مەسعود دەهێناوە و، ڕۆژێک عەرزم کرد ئیتر وەختی ئەوە هاتوە ئەمر بە کەسێک بکەی سەرێک لەگەڵ چاپکردنی ئەو کتێبانە بێشێنی بزانین چاپخانەکان دەڵێن چی، فەرمووی بۆ خۆت لە هەمو کەس باشتری بزانە چۆنی چاپ دەکەن و چەندی هەڵدەگرێ و ئاگادارم بکەوە.

من بۆ تاقی کردنەوەی چاپخانەکان سەرم بە هەموو جێیەک داکرد و، تەنانەت بۆ ئەوە چوومە سلێمانیش، لە زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر کە ئەودەم دوکتور فازیل قەفتان لێی بەرپرس بوو تەحقیقاتێکی تەواوی لەوەدا کرد کە چەندیان کاغەز دەوێ و، بە کاغەزی ٧٠ گەڕەمی چەند دەکەون و، بەکاغەزی ٨٠ گەڕەمی چەند تەواو دەبن و، لە ئاخریدا ئەو حیساباتەی کردە لیستە و دای بە من و گوتی ئەگەر بەو پێیە ئامادەگیت هەبوو سەرم لێ بدەوە چاپیان دەکەین کە بە گوێرەی لێکدانەوە و حیسابکردنەکەی ئەو دەرچوونی چاپی (مێژووی کوردستان) و (دیوانی کاروانی خەیاڵ) هەردووکیان پێکەوە بە کاغەزی ٧٠ گەڕەمی بە سەد و پەنجا هەزار دینار و بە کاغەزی ٨٠ گەڕەمی دوو سەد و دە هەزار دینار تەواو دەبوون.

دوای تەسلیم کردنی ئەو قایمە بە ڕێک کەوت کاک مەسعود لێکدا لێکدا گرفتاری و کاری گرینگی درێژ خایەنی تری وەک کۆبوونەوەی بەرەی بەرهەڵستکار (معارضە) و

سەفەری دوور و درێژی بادینان و بە دوای ئەواندا سەفەری ئەمریکای کەوتە بەر و لەوەدا ئیشەکە کەوتە پشت گوێیان.

لەو بەینەدا من لە سێ کۆڕی شیعریدا بەشدار بووم کە یەکیان سەرەتای هاتنم بۆ ئەو دیوە بوو و ڕێکخراوی مەسیفی پارتی لە شەقڵاوە تەرتیبی دا و دوای خوێندنەوەی چەند پارچە شیعر وەڵامی هێندێ پرسیاری ئامادەبوانم داوە کە زۆربەی پرسیارەکان لە دەوروبەری کات و ساتی گوتنی شیعرەکان و ڕوون کردنەوەی ئەو شتانە بوون.

هەروەها بەبۆنەی یازدەی ئەیلولی ٩٢ یەکیەتی نووسەرانی دهۆک دەعوەتنامەیەکیان بۆ ناردم کە بچم لە ئاهەنگەکەیاندا بەشداری بکەم و ئەو کاتە هەر لە هوتێل کاروخی مەسیف بووم و مامۆستا عبدالعزیز طیب پارێزگاری ئەو کاتەی دهۆک دەعوەتەکەی بۆ هێنام و منیش بە خۆشحاڵییەوە خۆم حازر کرد و چووم کە بە ڕاستی ئاهەنگێکی گەورە و بە شکۆ و جەماوەرێکی زۆر لە نووسەر و شاعیران و بەرپرسانی ئیداری و خەڵکی تر هاتبوون.

وام لە بیرە یەکەم کەس منیان بۆ خوێندنەوەی شیعر دیاری کرد کە هەرچەند ئەو ڕۆژە باشترین و حەماسی ترین شیعری خۆم خوێندەوە بەڵام دەمدی دەنگدانەوەی لە نێو جەماعەتی ئامادەبواندا کەم بوو جا نازانم سووچی زاراوەکەی من بوو کە بۆ وان بۆ هەموویان ناسراو نەبوو یان هەر شیعرەکان خۆیان وا هەست بزوێن نەبوون کە ڕەنگدانەوەیان لە ناو خەڵکەکەدا هەبێ.

لە دوای تەواو بوونی ئەو حەفلە تەلەڤزیۆنی دهۆک موقابەلەیەکی لەگەڵ تەرتیب دام کە زۆرتر لە دەوروبەری کاری ئەدەبی و هەتا ڕادەیەکیش لە مەڕ ڕابوردووی خۆم بوو و شەو بڵاوی کردەوە.

لەو سەفەرەشدا دیسان دەرفەتی دیتنی پردی زاخۆم بۆ هەڵکەوت و بەکاوەخۆ و بە شێنەیی هەموو لایەکی گەڕام و لەگەڵ پێشمەرگەکان لەوێ وێنەمان گرت کە بە هیوام پێم بکرێ لەگەڵ ئەو نووسراوە چاپیان کەم.

دوای ئەوە کە لە سەفەری دهۆک گەڕامەوە، کاک مەسعود سەیارەیەکی ئۆزمۆبیلی بۆ ناردم، پێش ئەوەی کاک مەسعود سەیارەم بۆ بنێرێ شوفێرەکەم (ئەحمەد مستەفا) گۆڕابوو





و لە جیاتی ئەو یەکی تر بە ناوی (مسکین ساڵح) بەسەیارەی خۆیەوە هاتبوو کە ئەویش هەر بارزانی بوو سەیارەی ویش هەر تۆیۆتا بوو.

ئەو جار کاک سیداد کردیە ئەرکی ناوچەی مەسیفی پارتی کە شوفێر و حیمایەم لەسەر مەسئولیەتی خۆیان بۆ دانێن بۆ ئەوە کە هەر لەگەڵم بن، ئەوانیش بۆ شوفێر یەکیان نارد بە ناوی (جەمال مەولود)، لەگەڵ دوو پێشمەرگە بەناوی (فاخر و کاروان) کە هەتا یەکجاری هاتمە هەولێر هەر لەگەڵم بوون.

ئەو ماوە لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە چ لە سەفەر و ئەو لا و ئەو لادا و چ لە مەسیف بیرەوەریی زۆرم هەیە و سەفەری خۆشمان پێکەوە بۆ دهۆک و، زاخۆ و، ئامێدی و، سلێمانی و، ئاکرێ و، ڕانیە و بێخاڵ کرد و ئێستە لەو کەسانەی کە گوتم حیمایە بوون (میرخان محەممەد گەردی) لە دایرەی ڕێکخستنی تایبەت لە مەسیف و مسکین ساڵح (سایق) لە سەری ڕەش لە مەکتەب سەرۆک ئیشی گرینگیان پێدراوە و پێکەوە وەفای جارانمان هەر هەیە، هەروەها جەمال مەولودیش لە ڕێکخراوێکی پارتیدا لە مەسیف ئەندامە و وا دەبێ سەردانم دەکەن.

من بەتێکڕا لە ئاکار و سروشتی ئەو پێشمەرگانەی هەڤاڵی خۆم ڕازیم و شتێکی وایان نەکرد لێیان لە دڵی بگرم، وا دیارە ئەوانیش لە من ڕازین و من زۆر هەوڵی ئەوەم دا نەهێڵم ئەوان ناڕەحەت بن.

من لە مەسیف بەینێکی زۆر لە هوتێل کاروخ بووم کە ملکی دۆستی خۆشەویستم کاک (مامەنداغا کەریم ئاغایە) و خۆی سەرپەرشتیی هوتێلەکەی دەکرد و ئەو بەینە نەک وەک هەر موسافیرێک لە فندق بەڵکو وەک دۆستێکی خۆشەویست ڕێزی لە من گرت و پێمەوە ماندوو بوو، چ خۆی و چ کوڕە باشەکانی: دلشاد، هیوا، هێمن، لە دڵسۆزی و خۆشەویستیدا قسوریان لەگەڵ نەکردم و من هەمیشە ئەو هەموو دڵسۆزی و ڕێزلێنانەی وانم لە چاویدایە و پێیان وەفادارم هەرچەندە خزمەتێکی وانم پێ ناکرێ و ئێستەش کە هەتا ڕادەیەک لێک دوور کەوتووینەوە لە هەموو دەرفەتێکدا ئەرکی برایەتی و دۆستایەتی خۆیان لەگەڵ من بەجێ دێنن و سوپاسگوزاریانم.

لەگەڵ باس و خواستی دروست بوونی بەرەی بەرهەڵستکار (ئەحمەد چەڵەبی)یەک هەر

له خۆڕا له مەسیف پەیدا بوو وەک لەو عەرزە هەڵقوڵێ و ٥-٦ عەرەبی لەگەڵ هێندێ دۆلار لەگەڵ خۆی هێنا بوو، نە کەس دەیزانی کێیە و نە لە پێش ئەو دەمدا کەس ناوی بیستبوو، لەگەڵ هاتنی ئەو لەو دەوروبەرە لە هەموو جێ بوو بە گرانی و پێش هاتنی ئەو ئەگەر کرێی چاوە خانوێک لە مەسیف هەزار دینار بوو لە سایەی دۆلارەکانی ئەو بوو بە سێ هەزار دینار و، شتی تریش هەر بەو پێیە گران ببوو و قورسایی دەکردە سەر شانی خەڵک، تۆ مەزانە کاکم!! کارمەندی بانک بوە و لەوێ پارەکەی بانکی پاشقول داوە و دوایی ئەویشی لە دەرەوەی وڵات خستۆتە تیجارەت و لەو ئاڵدم ساڵدمە سوودێکی زۆری وەدەست کەوتوە ئەوجا هەوای گەورەیی و سەرۆکایەتی لە سەری داوە و سەری خۆی کردۆتە گورز لەو ناوەدا، جا ئەوەی سەیرە ئەو کە بەو جۆرە هات و کەسیش نەیدەزانی لە چی دەگەڕێ، ناو هەر ناوی ئەحمەد چەڵەبی بوو هێندیان بەرز کردەوە قەڵانگیش نەیدەگەیشتێ و هیچ سەبەبەکەشی دیار نەبوو، هەتا دوایی باش بوو هەموو لا تێی گەیشتن کە نەخێر ئەوە کڵاودار نییە کڵاو بەردارە و بە هەر جۆر بوو لە ئێخەی خۆیان کردەوە دەنا وای لێ هاتبوو ئیشی پێشمەرگەی پارتی بە بیست ساڵ خزمەتەوە دەچۆوە بەردەستی ئەو و، دەتگوت ئەو خەڵکەی تر هەموو وەجاغ کوێرن و ئەو هاتوە بۆتە میراتگریان.

ئەویش شتێک بوو وەک مەسەلەی هاتنی پ.ک.ک. کە حیزبە کوردستانیەکان خۆیان فەرموویان کرد و ئەویش هات وەلای سەروو کەوت و ئەوجار بە ئازاز و کەرەمێ پێیان دەرنەکرا و، ئەگەر غەدر و ناڕەوا و کاری تریش لێی ڕوو دەدان و دایک و باب شکایەتی لێ دەکردن کە منداڵیان دەبەن و لە خلیسکیان دەبەن ئەوە حکومەتی هەرێم ناوێکی لێ دەنا و چونکە پێی دەرنەدەکران بۆی دەپۆشین و ئاخریش بەبێ خوێن پێی دەرنەکران و ئێستەش کە ئێستێیە کێشە و گرفتاریی پ.ک.ک لە هەموو بەشەکانی کوردستان کۆتایی نەهاتوە و ئەویش ناڕەحەتیەکی تری خستۆتە سەر ناڕەحەتیەکانی تری ئەو گەلە هەژارە و بەشێکی زۆر لە هێز و توانای پێشمەرگەی کوردستان دەبێ سەرفی ململانێی وان بکرێ، ململانێیەکی بێ سوود و بێ ئامانج و بێ هەدەف کە دڵخوازی کەس نییە و خێری کەسی تێدا نییە، نە ئەورۆ و نە دوا ڕۆژ و هەموو کەس دەزانێ کە پارتیەکانی کوردستانی خواروو خۆیان دەستی پ.ک.ک یان گرت و هێنایانە کوردستان و پ.ک.ک خۆی بە زۆر





و بە شەڕ پێی نەکراوە بێ بگاتە خانەقین و پێنجوین و، وەک مار لەوێ لە قاچی پێشمەرگە بهاڵێ.

جارێک لە گوندێک سێڵاو هاتبوو و خەڵکی گوندەکە لە دوورەوە دیتیان ئەوە لافاوەکە شتێک لەگەڵ خۆی دێنێ و هەر لە ناو ئاوەکەدا ون دەبێ و هەڵدەستێتەوە، کابرایەک وەیزانی ئەوە خیگەڕۆنە خۆی لە ناو ئاوەکە هاویشت و بۆی چوو بیگرێتەوە، ئەگەر لێی نیزیک بۆوە و دیتی خیگەڕون نییە و ورچە سێڵاو هێناویەتی ورچەکە هەر گەیشتە کابرای دەستی لە ئەستۆی کرد و مەچەکەی لێ ئەنگاوت بۆ ئەوە کە لەگەڵ ئەو خۆی نەجاتدا و لە سێڵاوەکە بێتە دەر، کابرا زۆری هەوڵ دا لە کۆڵ خۆی کاتەوە بەڵام ورچەکە دەستی لە ئەستۆی کردبو و بەری نەدەدا، لەو بەری ڕوبارەکەوە هەرایان لێ کرد و گوتیان ئەگەر بۆت نایەتە دەر بەری دە بۆ خۆت وەرەوە، کابرا دەیگوت: کورە ئەمن ئەوم بەرداوە ئەو ئەمن بەر نادا.

ئێمەش ئێستە پ.ک.ک مان بەرداوە ئەو ئێمە بەرنادا.

بەبۆنەی تێپەڕ بوونی حەفتا ساڵ بەسەر حکومەتی شێخ مەحمودی نەمردا لە ٩٢/١١/٣ هەتا ٩٢/١١/١٠ بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ میهرەجانێکی گەورە و بە شکۆ لە شاری سلێمانی گیرا کە زۆر لە کەسایەتیە ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرەکان و هەروەها چەند کەسێک لە ئەندامانی بەڕێزی بنەماڵەی شێخی نەمر تێیدا بەشدار بوون، دیارە پارتی لە پێکهێنانی ئەو میهرەجانەدا دەستی نەبوو، من خۆم ئەگەر زانیم ئەو فستیواڵە هەیە داوام لە کاک سیداد بارزانی کرد کارێکی وا بکا جێگەی ٥ کەسمان لە ئوتێل بۆ ڕاگرن کە منیش بتوانم بچم و بەشداریی ئەو میهرەجانە بکەم و ئەویش بروسکەی نارد و جەماعەتی لق هەتا ئێمە چووین لە فندق (ئەبوسەنا) جێگەیان بۆ ئێمە ڕاگرتبوو ئەگەر گەیشتمە سلێمانی پەیوەندم بە بەڕێوەبەرایەتیی میهرەجانەکەوە کرد بۆ ئەوە کە وەختم بۆ دیاری بکەن بۆ بەشدار بوون و شیعر خوێندنەوە چونکە من لە سەرەتای بەرنامە دانانی حەفلەکەدا لەوێ نەبووم ناوم لە لیستەی بەشداربواندا نەبوو، جەماعەتی بەڕێوەبەریش ڕۆژی دوو شەممەیان دیاری کرد کە دەبوو بە ڕۆژی حەوتەمی حەفلەکە و، ئەو ڕۆژە من و چەند کەسی تریش لە شاعیران شیعرمان خوێندەوە و، چەند کەسی تر لە ئامادەبوان بیرەوەریی خۆیان لە شێخی نەمر گێڕاوە کە یەک لەوان مامۆستا (ناهیدە شێخ

سەلام )و یەکی تریان مامۆستا (ئەحمەد خواجە) بوون. ئەوەی ئەو ڕۆژە لەو کۆڕەدا زۆر سەرنج ڕاکێش بوو ئەوە بوو کە (کاکە حەمەی بەکر) دوای ئەوە بیرەوەریەکانی خۆی لە مەڕ شێخ مەحمودی نەمر گێڕاوە، بەڕێوەبەری میهرەجان داوای لێکرد یەکێ لەو گۆرانیانەی کاتی خۆی بۆ شێخی گەورەی گوتوە لەو یادە پیرۆزەشدا دیسان بۆ ئامادەبوانی بلێتەوە و ئەویش داواکەی قبوڵ کرد و گۆرانیەکی ئەڵڵاوەیسیی بەو دەنگە خۆشەی خۆی لەو یادە پیرۆزەدا گوت کە بوو بە هۆی شادمانیی هەموو ئامادەبوان و، وا دیار بوو کە ئەوە یەکەمین جار بوو کاکە حەمەی بەکر لە ژیانی خۆیدا گۆرانی لە تەلەڤزیۆن بڵاو بکاتەوە و جەماوەر بیبینێ.

لە جەنگەی فیستیواڵەکەدا شانازیی دیتن و ناسیاویی چەند ئەندامێکی پایەبەرزی بنەماڵەی شێخی نەمرم وەدەست کەوت کە لەوان ناوی مامۆستا (نەورەس حەفید) و مامۆستا (درەخشان حەفید)م لە بیر ماوە کە هەستم بە لوتف و گەورەیی بێ قسوریان دەکرد لەگەڵ ئەو پچووکەی خۆیان.

ئەو ڕۆژە کە لە سلێمانی چوومە حەفلەکە، خانمێکی مامۆستای مەکتەبی ناوەندی بە ناوی (کوێستان خان) کە لە بنەماڵەی شێخەکانی کەسنەزان و هەروەها سەیدیشە بە پارچە شیعرێکی بەرز بە شێوەی نوێ بەخێر هاتنی کردم بۆ میهرەجانەکە و پارچە شیعرەکەی پێدام کە منیش کاتێک گەڕامەوە مەسیف لە وەڵامیدا ئەو پارچە شیعرەی خوارەوەم لە ٩٢/١١/٢ نووسی و لەگەڵ جلدێک (مولانا جلال‌الدین مولوی) بۆم نارده سولەیمانی کە خۆی زۆر بە دوای شیعر و نووسراوی عیرفانیدا دەگەڕا و هۆنراوەکانی خۆشی زۆرتریان هەر لە بواری عیرفاندا بوون، ئەو پارچە شیعرە لە چاپی دووهەمی دیوانی شیعرەکانم (کاروانی خەیاڵدا) هەیە و من بە یادی ئەو شاعیرە بەرز و بەڕێزە و وەڵامی هەستە پاک و خاوێنە ئەدیبانەکەی، لێرەشدا بە ناوی پێزانین و سوپاس لەو مامۆستا بەڕێزە دیسان چاپیان دەکەمەوە:





## کوێستان خان

هێدی ٩٢/١١/٢

غەڵفم زۆر دی تورت و تەڕ و شلک و نوێ
لە سەرچاوە و لە گوێی ڕووباری بڕوێ
خۆرکەوتنان زەردەی تاوێم بەدی کرد
بۆ سەیری کوردستان سەری هێنا سوێ
(کوێستان)ی بەرزم دی ئەویش لە گەرمێن
سەری سەوز و گوڵی لە سینگ و بەروێ
قومری و قەناریم دین تەڕی بەهارێ
نەغمەیان پێ بوو بەسۆز و تام و خوێ
نەگوڵێکم دی لە شیعری تۆ بە بۆنتر
نە بولبولێ بزانێ وەک تۆ بدوێ
دەمدی گوێ لە واژەی شیرنی تۆ دەگرن
پۆل پۆل پەری بە جوێ ئەستێرە بە جوێ
هەرچەند بولبول بە کوڵ دەیناڵاند ئەمما
هەڵبەستی تۆ لە کوێ بەستەی وی لە کوێ؟
نەیاری تۆ و، فەرهەنگی تۆ و، گەلی تۆ
یاخوا بەسەر سەردا بێ وا هەڵەنگوێ
وتاری تۆ سرودی جاویدانە
لە بەرزیدا لەگەڵ هەوران سەر دەسوێ
دایکی وەتەن تۆی هەر بۆیە پێگەیاند
گەنجینەی بۆ داخەی بە هەڵبەستی نوێ

له كوردستان نەبێ ئەرێ له كوێی تر
میوان وا جوان بەخێر دێنێ خانه خوێ
بالآت وەک ئالآ بێ ڕاست و هەڵكشاو
دڵی دۆستت شاد و دڵی دوژمن توێ
پەژارەی نامێنێ هەستی گڕ دەگرێ
(هێدی) ئەگەر ئاهەنگی تۆی دێتە گوێ
لای بیری وردی تۆ تەبعی من چیكا
گەر وەک ساوا له بێشكەی خۆیدا نەنوێ

دوای تەواو بوونی میهرەجانەکە و دیتنی ژمارەیەک لە نووسەران و دۆستانی سلێمانی و هەڤالآنی تێکۆشەری لقی ٤ پارتی دیموکراتی کوردستان و زیارەتی گڵکۆی پیرەمێردی نەمر و قارەمانان و شەهیدانی نەمری تری گردی مامەیارە و، هەروەها موقابەلەیەکی تەلەڤزیۆنی سلێمانی کە پرسیار و وەڵام و شیعر خوێندنەوەی گرتە خۆ و تەلەڤزیۆن بڵاوی کردەوە، سەفەرەکەمان کە ٥-٦ ڕۆژێکی پێ چوبوو تەواو بوو و بەو بیرەوەریە خۆش و هەڵکەوتە نادرانەوە بە تایبەتی زیارەتی پیرەمێردی فەیلەسوفی گەورەی کوردەوە گەڕامەوە مەسیف کە لە خزمەت پیرەمێردا وێنەی یادگاریشم گرت و ئەگەر خوا حەز کا لەگەڵ ئەو بیرەوەریانە چاپی دەکەم.

مانەوەم لە مەسیف هەر هات و درێژتر بۆوە و ئەو بەینەش جارجار نامەم بۆ منداڵەکان دەنارده کەرەج و ئەوانیش نامەیان دەنارد و لە هەواڵی خۆیان ئاگاداریان دەکردم و لە نامەی دواییدا داوایان کرد گوتیان هەتا خۆت لەوێی ئێمەش حەز دەکەین بێین سەرێکی ڕانیە بدەین کە دایک و براکانی لەوێ بوون و منیش نامەم بۆ ناردن گوتم ئەگەر وەسیلەیەکی باش هەبوو لەگەڵی وەرن و بچنە ڕانیەش.

دوای ماوەیەک ژن و منداڵی کاک سابیر بارزانی کە لە کەرەجەوە دەهاتنە مەسیف ئەویش خۆی حازر کرد و لەگەڵیان هات و ئەگەر هات و وەزعی خۆی باس کرد وا دیار بوو حکومەت پێی ڕاگەیاندبوو خانوەکە چۆل کا و بۆ ئەو ڕاگەیاندنە قایم مەقامی کەرەج خۆی





چوبوە دەرگای ماڵێ و ئەوەی پێ ڕاگەیاندبوون، دوای ئەوەش نووسراوی بۆ ناردبوون و، ماوەیەکی بۆ دیاری کردبوون کە ئەگەر لەو ماوەدا خانوەکە چۆڵ نەکەن ئەوە تەسلیمی دادگاتان دەکەین و منداڵەکان نووسراوەکەی حکومەتیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، دیارە منیش حەزم دەکرد ئەوانیش بێنمە ئێرە بەڵام هیچ جێگە و ڕێگەم نەبوو، هەرچەند جارێک کاک مەسعود خۆی فەرمووی: ئێمە لەو خانوانەی حکومەت لە هەولێر (مەبەستی خانوی وەزیرەکان بوو) سەهمیەی خۆمان هەیە و یەکێک لەو خانوانە دەدەم بە تۆ و بەناوی خۆتی دەکەم، تۆ نابێ خانوت لە خانوی من خراپتر بێ و، نابێ سەیارەت لە سەیارەی من خراپتر بێ بەڵام لەگەڵ کار و مەشغەڵەی گرینگتر ئەویش فەرامۆش بوو و، کاک سیداد ئەگەر مەسەلەی خانوەکەی ئەو دیوی زانی کە حکومەت داوای کردۆتەوە لە بیری خانوکڕین یان خانوگرتن کەوت و ئەویش ماوەیەک چاوەڕوانیی بەدواوە بوو.

وا بزانم لە پێشدا باسی ئەوەم کرد کە ئەو کاتە لە ناوپردان شەوێک هاتنە سەرم دوایی کاک ئیدریس لە باڵەکایەتی منی ناردە گوندی دێڵزێ و بە پێشمەرگەکانی ئەوێ (شێخ ئۆمەر)ی گوت لە لایەنی پاراستنەوە چاوەدێریم بکەن و، لە گوندەکە جیرانێکمان هەبو بە ناوی (مستەفا فەقێ محەممەد) کە هەر ئەویش چاوە خانوێکی لەوێ پێدابووم کە هۆدە نەبوو و لە ڕاستیدا تەویلەبوو بەڵام لایەکی بڕدابوو و تیغەی لێ کردبوو بۆ ئێمە و لایەکەی تری ماڵاتی تێدابوو. ئەو بەینە لە مەسیف هەواڵم زانی کە ئەو مستەفایە ئێستە ماڵی لە هەولێرە و ئەگەر منداڵەکان هاتنە مەسیف گوتم پیاو بێ وەفا نەبێ باشە با بچین سەرێکیان بدەین بزانین حاڵیان چۆنە، بە کورتی چووینە هەولێر بەپرسیار ماڵی ئەو مستەفایەمان دۆزیەوە و چووینە دیتنی و لە ئەحواڵی خۆی و ماڵ و منداڵیمان پرسی و، دیارە زۆریش کەیفخۆش بووین کە پاش هێندە ساڵە چاومان بە یەک کەوتۆتەوە و دوای نیزیکەی سەعاتێک خوا حافیزیمان کرد و کە هاتینە دەر دیتم لە دەرگای خانوەکەی نووسراوە ئەو خانوە بۆ فرۆشتنە.

منیش بەخێزانم گوت بێدەنگێکی لە خێزانی مستەفا بپرسە بزانە ئەو خانوە بۆ دەفرۆشن، ژنی مستەفا گوتبووی دەیفرۆشین قەرزی پێ دەدەینەوە، گوتم لێی بپرسە بزانە چەند قەرزدارن، ژنەکەی گوتبووی بیست هەزار دینار قەرزدارین، بە منداڵەکانم گوت ئەگەر چوویەوە دوو سەد هەزار تمەنم بۆ بنێرە لێرە بۆیان دەگۆڕمەوە بە دینار و دەیاندەمێ با

قەرزەکانی خۆیانی پێ بدەنەوە و خانوەکەیان نەفرۆشن چونکە منداڵەکانی لێرە دەخوێنن و خاوەن خێزانە و وەختی خۆی چاکەیان بۆمان بوە، منداڵەکان دوای ئەوە کە سەردانی ڕانیەیان کرد و چوونەوە ئەو دیو ئەو پارەیان بۆ من نارد «پێویست بەو ڕوونکردنەوە هەیە کە من کاتێک خۆم هاتمە ئەو دیوە هێندێک پارەی تمەنم هەبوو لە بانکدا خستمە سەر ناوی خێزانم و دەفتەرچەی حیسابی بانکم بە ناوی خۆی بۆ وەرگرت». کە ئەو پارەکەی بۆ ناردم لێرە گۆڕیمەوە هەر دینارێکی عیراقی بە ٧ تمەنی ئێرانی و لەگەڵ هێندێ پارەی تر کە لە لای خۆم هەبوو نیزیکەی چل هەزار دینارم پێدان گوتم ئەوی لە قەرزەکەتان زیاد بوو با یونس کرین و فرۆشتنی سەیارەی پێ بکا بەڵکو قازانجێکی بۆ ئێوە هەبێ بۆ بەرێ چوونتان و پێش ئەوەش یونس کە کوڕی مستەفا بوو هەر سەیارەی دەکڕی و دەیفرۆشتەوە.

با لێرەدا ئەو نوکتە خۆشە لە مەڕ ئەو ژوورەی مستەفا لە بیر نەکەم کە لە دێڵزێ بە ئێمەی دابوو، ئەو ژوورە هێندی مشک تێدا بوو کە گوزەرانی تێدا نەدەکرا و نەک هەر کەلێن و کولێنی دیوار بەڵکو میچی ژوورەکەش کە چرپی و ئالاش بوو و دارەڕا کرابوو، شەو و ڕۆژ لەبەر جیکە جیکە و غارغاردێنی مشکان ئیستراحەتمان نەبوو و خاک و خۆڵێکی زۆریان لە میچی ژورەکەوە بەردەداوە خوارێ، سبەینان ئەگەر لە خەو هەڵدەستام هەموو سەر و چاوم خۆڵ بوو لەبەر تۆز و خۆڵی مشکان قەت هیچ شتێکی خاوێنمان لە خواردن و نوێن و بان و حاجەتی تر لە ماڵیدا نەبوو و زۆر هەوڵی تەڵەیەکم دا نە لە بازاڕی چۆمان و نە لە گەلاڵە وەگیرم نەکەوت و ڕۆژێک ئەو مستەفایە گوتی چارە هەر ئەوەیە پشیلەیەک بێنیە ئێرە بۆ ڕاوێ، هەر ژوورێک پشیلەی تێدا بێ مشک یەکجار هێندە پێی لێ هەڵناهێنن و هەر خۆیان دەڕۆن.

منیش زۆرم پێ خۆش بوو و گوتم زۆر باشە ئەگەر پشیلە هەبێ دەیهێنین بزانین چۆن دەبێ، هێندە پێ نەچوو مستەفا ڕۆژێک پشیلەیەکی لەگەڵ خۆی هێنا و گوتم زۆر باشە هێندێ خواردنمان لە پێش دانا بۆ ئەوە کە فێر بێ.

هەر ڕۆژی هەوەڵ پشیلەکە ئەگەر گوێی لە هەستی مشکان دەبوو خۆی لێ دادەگرتن، ڕۆژی دوایی کە لە قولینچکی ماڵەکە خۆی مات کردبوو پڕی بە مشکێک داکرد و هەر لەوێ دەستی کرد بە خواردنی، ئێواری مستەفا هات گوتی: ئەرێ پشیلەکە چۆنە ڕاوێ دەکا؟ گوتم ئەرێ والله زۆر باشە پێش نوێژێ لەو قوژبنە مشکێکی گرت و لە پێش چاوی





من خواردی، مستەفا گوتی پێت خۆش بوو؟ گوتم ئەرێ والله هێندم پێ خۆش بوو دەتگوت بۆ خۆم دەیخۆم!

کاتێک منداڵەکان لە ڕانیەوە گەڕانەوە مەسیف و حازر بوون بڕۆنەوە ئەو دیو گوتیان ئەگەر لەوێ دیسان حکومەت دەسەرمان بۆوە بۆ خانوەکە چییان جواب بدەین، گوتم بەبێ ئەوەش لەسەرتان بنەوە ئێوە ئەگەر چوونەوە خۆتان وەخرکەن و ماڵەکەی تێک نێن هەر وەختێک بۆم ڕێک بکەوێ دەنێرم بۆ ماڵەکە و دەیهێنمە ئێرە و ئەگەر هاتوو حکومەتیش داوای خانوەکەی کردەوە هەر وایان جواب بدەن بڵێن باشە بۆتان چۆڵ دەکەین.

خۆشم یەک دوو مانگ دوای ئەوە کە لە فیستیواڵی ٧٠ ساڵەی حکومەتی شێخی نەمر لە سلێمانی گەڕامەوە و، دوای ئەوە کە ساڵێک لە مەسیف پیاسەم کرد و کەس کاری منی بە هێند نەگرت و گوێیان نەدایە، هەستام بە تووڕەیی مەسیفم بەجێ هێشت و من لەسەر هەموو شت پەکم بکەوێ لەسەر تووڕەیی پەکم ناکەوێ، مەعاشی حیمایەکان و شوفێرەکەشم خۆم پێم دان و بێ ئەوە کەس ئاگادار بکەم هاتمە هەولێر لە فندق هێرش ژوورێکم گرت و لەوێ دانیشتم، براکانی خێزانم کە ماڵیان لە ڕانیەیە و هەروەها خەسووم هەموویان زۆریان حەز دەکرد ماڵەکەی من و لەگەڵ ئەویش خوشکیان بێتە ئێرە و لە هەموو سەردانێکدا ئامادەیی خۆیان ڕادەگەیاند کە هەر وەختێک من بڵێم بچن ماڵەکەی بێنن، بەڵام ئەویش ئامادەگی و جێگا و ڕێگای دەویست کە من نەمبوو، دەبوو فکرێک بۆ ئەوە بکەم و هیچ نەبێ خانوێکی کاتی پەیدا کەم هەتا خۆم خانووم دەبێ و بەهۆی دۆست و ناسیاوی هەولێر کەوتمە هەولی ئەوە و یەک لەو دۆستانە کاک غەفوری کاک مامەندی دێڵزەیی بوو کە هەرئەوەم کە ماڵم لەو گوندە بوو دۆستایەتیم لەگەڵ باوکی هەبوو و ئەو بەینەش لە هەولێر لێک نیزیک بووین و خۆی پێوە ماندوو کردم و خانووی خزمێکی ئەو غەفوره (کاک حەمید سەعید گورگۆ) دوو غورفەی زیادییان لە نهۆمی سەرێی خانوەکەدا هەبوو کە خۆیان پێویستیان پێی نەبوو و بەهۆی ئەو خزمایەتیە ئەو غورفانەیان دا بە من و منیش ناردم ماڵەکەم هێنا و چوومە ناو ئەو خانوە، پێویستە ئەوەش بڵێم کە ئەو ماوە ئێمە لەو خانوەدا بووین کاک حەمید وەک برایەکی دڵسۆز بە هەموو کاری ئێمەوە ماندوو بوو، ئەگەر لە لایەنی جێگا و ڕێگا و ڕاگرتنی میوانیش ناتەواویمان هەبا ئەوان پڕیان دەکردەوە و نەیاندەهێشت کەم و کورتیمان پێوە دیار بێ و، چ خۆی و چ خێزانی کە

خوشکی کاک غەفور بوو لەوپەڕی دڵسۆزیدا بوون بۆ ئێمە و ئێستەش سوپاسگوزاری چاکەی ئەو ژن و مێردە بەڕێزەم.

من هەر لە هوتێل بووم و هێشتە ماڵم نەهێنابوو کە کۆنگرەی یازدەی پارتی لە ١٩٩٣/٩/١٦دا گیرا و میوانانی پارتی لە هەموو لاوە بۆ بەشدار بوون لەو کۆنگرەدا ڕویان لە هەولێر کرد و دەتوانم بڵێم لە کۆنگرە هەرە گەورە و بە شکۆکانی پارتی بوو.

پێش بەستنی کۆنگرە کارتی دەعوەتیان بۆ هێنامە فندق هێرش بەڵام من نەچووم و کاتێک کۆنگرە گیرا ڕۆژی یەکەمی کۆنگرە کاک سیداد بارزانی سەیارەیەکی بە ناوی کاک مەسعود لە دوا ناردم کە زابتێکی ئاسایشیشی بەناوی (جەبار حاجی) لەگەڵ ناردبوو کە بچم بەشداری کۆنگرە بکەم و منیش ئەمرەکەم بەجێ هێنا و هەستام چووم.

کۆنگرە لە تاریخی ١٩٩٣/٩/٢٦ سەرکەوتوانە لە کاری خۆی بۆوە و بڕیاراتی خۆی دا لە هەڵبژاردن و دەنگ وەرگرتن و دەتوانم بڵێم گۆڕانێکی وا لە ئەندامانی سەرکردایەتی و م.س. دا پەیدا نەبوو و هەر برادەرانی پێشوو ئەو جاریش دەنگیان پێدرا.

لەو کۆنگرەدا حیزبی پارتی گەل و چەند حیزبی تری هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی یەکتریان گرتەوە و، لەبەر ئەوە دوای تەواو بوونی کۆنگرە گۆڕان بەسەر ناوی حیزبی (پارتی دیموکراتی کوردستان)دا هات و بوو بە (پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو-عیراق)، کە ئەو ناو گۆڕینە زۆر جار لێر و لەوێ دیومە کێشەی لەسەر کراوە چونکە پارتی یەکگرتووە نەک کوردستانی یەکگرتوو و لەبەر ئەو تێبینییە ئەگەر نووسرابا (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانی عیراق) مناسبتر دەبوو، دیارە ئەوە عایدی حیزبە و ئەرکی حیزبە بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە حیزبیش عایدی گەلە و سەر بە گەلە و ئەوەش هیچ کە زۆر جار یاسای حکومەتانیش ئەگەر کەم و کوڕیی تێدا بوو دەستی تێ دەدرێ.

هێشتە نەبیوە ساڵێک ئێمە لەو خانوەدا بووین کە خاوەنەکەی بە تەمای فرۆشتنی کەوت کە قەرزی پێ بداتەوە و منیش لە هەوڵی گرتنی خانووی تر کەوتم بەڵام هێشتە بۆم ڕێک نەکەوتبوو لەو سەروبەندەدا ماڵێکی پەناهەندەی عیراقی کە خۆیان لە ئێران بون لە هەولێر خانوویەکیان کرییبوو لە ترسی ئەوەش کە ئەگەر بەکرێی بدەن دوایە ئەگەر





پێویستیان پێی هەبوو کرێچی لێی ناچێتە دەر، خاوەن خانوەکە خۆی هاتە لام گوتی من ئەو خانوەم لێرە کرییوە و خۆشم جارێ ماڵم لەو دیوە و ئێستە پێویستم پێی نیە ئەگەر تۆ حەز دەکەی بچۆ ناوی بەبێ کرێ هەتا من دێمەوە و ئەوەش کلیلەکانی.

بەو جۆرە ئەوجاریش گیروگرفتی خانوو حەل بوو و چوومە ناو ئەو خانوە کە ئەویش هەر لەو گەڕەکە لە نیزیک خانوی کاک حەمید و، لە گەڕەکی برایەتی بوو، لەسەر مەیدانێکی خاکی.

لەو خانوەدا زۆر ڕەزاڵەتی بێ ئاویمان کێشا و حەوتووی جارێک ئاو بۆ ئەو گەڕەکە دەهات جارەکەش سەعات یەکی پاش نیوەشەو و وا دەبوو لە کاتی ئەوەدا کە ئاو دەهات کارەبا دەبڕا و لەبەر ئەوە موتوری ئاو هەڵکێشان (مەزەخە) کاری نەدەکرد کە ئاوی پێ هەڵکێشین و نۆبەی ئاوەکەمان دەکەوتەوە حەوتەیەکی تر، یانی نۆبەی ئاو دەبوو بە پازدە ڕۆژ.

بێجگە لەوەش مەیدانێکی قیرنەکراوی پڕ لە خۆڵ و زبڵ و تۆز و کۆنە ئەشیای فڕێدراو لە پێش خانوەکەدا هەبوو کە ئەویش کەوتبوە سەر گیروگرفتەکانی تر و ڕۆژێ خاک و خۆڵێکی زۆر دەهاتە ژووری ماڵ و چارەشی نەدەکرا، بەڵام لەسەر ئەو لایەنە نەخوازراوانەی ئەو خانوە جیرانێکمان هەبوو بە ناوی (محەمەد ئەمین کەرڕە) کە ئەو ماوە جێگەی خزم و برای بۆ من پڕ کردبۆوە و، چ خۆی و چ منداڵ و کوڕ و کیژی بە هەموو کاری ئێمەوە ماندوو بوون و هەر ئیشێکم بەخۆی و سەیارەی و کوڕەکانی هەبوایە و بۆ هەر جێیەکم ناردبان بە شەو و بە ڕۆژ حازر بوون و بە ڕاستی کاروباری من بە هۆی ئەوان دەسووڕا بەتایبەتی ئەو بەینە کە نەخۆشمان دەبوو خۆی و خێزانی یەک لە یەک چاکتر هەمیشە لە خەمی مندا بوون.

ئەو کاک حەمەدەمینە کە گەڵابەی هەبوو بەینێک کاری سفرکرین و فرۆشتنی پێدەکرد، جارێک لە کەڵەکی یاسین ئاغا لە سەیتەرەی پارتی گەڵابەکەیان بە بارەوە لێ گرتبوو کە بارەکەی قاچاغ بوو و هەردووکیان لێ داگیر کردبوو، کارت و سویچی گەڵابەکەشیان لێ وەرگرتبوو و لە کنە خۆیان دانابوو.

نازانم چەند ڕۆژ بوو ئەو ڕوواوە ڕوویدابوو بەڵام من ئاگام لێ نەبوو و نەمدەزانی و

خۆشی هیچی بەمن نەگوتبوو، ڕۆژێک لەبەر دەرکی ماڵێ دیتم وەک ناڕەحەت و دەرفکر بێ وایە، خۆش و بێشم لەگەڵ کرد گوتم ئەوە چۆنە وا بێ ئیشی؟ گوتی واللە مەسەلە ئەوەیە کامیۆنەکەمیان ڕاگرتوە و سەنەوی و سویچیشیان لێ ئەستاندووم و ئەوە دەستم بەستراوە چەندیش موراجەعەتم پێکردوون نامدەنەوە، دەڵێن کاری قاچاغت کردوە دەبێ سزا بدرێی و ئەوە پەکیان خستووم، من ئەگەر باری کامیۆنەکەشم قاچاغ بێ خۆ کامیۆنەکەم قاچاغ نییە هیچ نەبێ گەڵلابەکەم بدەنەوە.

ئەو داوای ئەوەی لە من نەکرد کە بۆ وەرگرتنەوەی کامێونەکەی هەوڵ بدەم، بەڵام خۆم ئەگەر ئەوەم زانی هەستام چوومە کەڵەکی یاسین ئاغا و گوتم تۆش ئەگەر من چووم لەوێ بی باشە، لە پێشدا چوومە لای ڕێکخراوی حیزب و ئەوان ڕێنوێنییان کردم گوتیان گەڵلابەکە لە مەقەڕی کاک (غازی زێباری) ڕاگیراوە و سویچیشی لە لای ئەوە بەڵام کارتی سەنەویی لە لای جەماعەتی گومرگە و ئێمە دەستمان لە ڕاگرتنی ئەو سەیارەدا نییە.

ناچار هەستام چوومە لای کاک غازی زێباری کە مەقەڕی هەر لە دەوروبەری کەڵەک لە شوێنێکی تربوو و، گوتم هاتووم لوتفم لەگەڵ بکەی ئەو کامیۆنە مەرەخەس کەی، ڕاستە هی من نییە بەڵام هی جیرانێکمە وەک هی خۆم بێ وایە و زۆر حەز دەکەم بۆی مەرەخەس کەی.

لە پێشدا کاک غازی گوتی ناتوانم مەرەخەسی کەم یەکەم لەبەر ئەوە کە کاری قاچاغی کردوە دووهەم لەبەر ئەوە کە مەکتەبی سیاسیم لەوە ئاگادار کردوە و، لەسەر ئەمری وان گەڵلابەکەم ئەستاندوە، بەبێ ئەمری وانیش ناتوانم سەیارەکە بدەمەوە، دەبێ لێم ببووری، منیش بەو وەڵامە برێک ناڕەحەت بووم و هەستام بڕۆم گوتم ئەگەر ناکرێ قەیدی نییە لێی دەگەڕێین، بەڵام کاک غازی هەستی بە ناڕەحەتیەکەم کرد و ئەگەر وام گوت سویچەکەی لە پێش دانام و گوتی: فەرموو ئەوە سویچەکە هەرچی بێ با خاتری تۆ بێ و، لەگەڵ سوپاس لەوێ هەستام و هاتمەوە کەڵەکێ بۆ لای جەماعەتی گومرگ کە سەنەویەکەش لەوان وەرگرمەوە کە ئەویش لە لای وان داندرابوو.

کارمەندەکانی گومرگیش لە پێشدا ناڕەزایی خۆیان دەربڕی لەوە کە سەنەویەکە هەروا هاسان! بدەنەوە، بەڵام کاتێک کاک (ئازاد سادق عەبدوڵڵا) بەرپرسی ئەو کاتەی گومرگی





کەڵەک لەوە ئاگادار بوو پێی گوتن: ئێمە چۆن قسەی فلانکەسیمان پێ دەشکێ، شتی وا چۆن دەبێ، زوو سەنەویەکەی بۆ بێنن تەسلیمی بکەن و، دوای ئەو لوتفەش زۆر تەکلیفیان کرد بۆ نیوەڕۆ لە لایان بمێنم بەڵام خۆم پەلەم هەبوو و کامیۆنەکەم بە بارەوە و بە سەنەویەکەوە وەرگرتەوە و تەسلیمی خاوەنەکەیم کردەوە کە لەگەڵم هاتبوو.

هەروەک دەزانین لە مێژووی ١٩٩٤/٥/٢ شەڕ لە بەینی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیدا دەستی پێکرد و ئەو شەڕە تەنانەت لە ناو شاری هەولێریشدا زۆر بە توندی درێژەی هەبوو و لە چەند شوێنی شار وەک نەخۆشخانەی ڕزگاریی نیزیک ماڵی ئێمە و هوتێل شیراتۆن و چەند شوێنی تری ناو شار کە مەقەڕی پێشمەرگەیان لێ بوو شەڕێکی توند و خەست و درێژخایەن درێژەی هەبوو و شەوانەش تەقە ڕانەدەوەستا و، ئاسوودەیی و ئارامی لە هەموو شوێنی شار هەڵگیرابوو و ڕەشاش و تۆپ پسانەوەی نەبوو.

ئەو شەڕە لە دەوروبەری شاریش و شوێنی تری وەک زیارەت و دێگەڵە و سەفین و تەنانەت گوندەکانی دەوروبەری شەقڵاوەش کە لەسەری ڕەش شوێنی سەرکردایەتی پارتی نیزیکن و، هەروەها لەولاتریش بۆ لای هیران و نازەنین بە هەموو توانای هەردووک لاوە درێژەی هەبوو و پێشمەرگەی زۆر ئازا و ناوداری وەک عەمەراغای دۆڵەمەری و، عەلی شەعبان و، حالی دۆڵەمەری و چەندین کەسی تر لەو پێشمەرگە بە ناوانە لەو شەڕەدا شەهید بوون و لە ناو چوون.

پاش بەینێک یانی لە مێژووی ١٩٩٥/١/١دا دوای پێشکەش کردنی شەهیدێکی زۆر پێشمەرگەی پارتی لە هەولێر چوونە دەر و، بەو ڕۆیشتنە شار کە یەکلا ببۆوە هەتا ڕادەیەک هێمنی گەڕاوە ناو شار و هەر چەند بەتەواویش نا بەڵام لە زەمانی شەڕەکە هەر باشتر ببوو، لەو بەینەدا من جارێک بۆ سەرەخۆشیی دایکی کاک نێچیرڤان چوومە مزگەوتی مەسیف هەرچەند پێش ئەو دەم سەرەخۆشیی تر هەبوو من نەچووبووم بەڵام ڕاستیەکەی تەنیا لەبەر وەفاداری بۆ کاک ئیدریس نەمتوانی نەچم هەرچەند لە چوون و هاتنەوەی ئەو سەرەخۆشیەدا لە هەردووک سەر کەوتمە بەر پرسیار و لێکۆڵینەوەی توند و، ڕێگەی تەشقەڵەی تریش هەبوو.

بەینێک دوای ئەوە کە هێزەکانی پارتی لە هەولێر ڕۆیشتن، یەکێک بە ناوی کاک (زادوق ئادام) لە حیزبی دیموکراتی بەیت نەهرینی ئاشوریەوە کە خۆی ئاسورییە و ئەوان جەنگەی شەڕەکە و دوای شەڕیش کاری حیزبی خۆیان لێرە هەر بەڕێوە دەبرد هاتە ماڵێ و گوتی: لە مەسیف تەکلیفیان کردووم چونکە خۆیان ڕێگەیان نییە بێنە هەولێر من لە جیاتی ئەوان پەیوەندیت پێوە بکەم بۆ ئەوە کە بزانم تۆ لەسەرچی تووڕە بووی و چ ئیشێکت هەیە ئەوان بۆت جێبەجێ بکەن و حەز دەکەن تۆ لێرە نەمێنی و بێیەوە مەسیف و هەر پێداویست و ڕاسپاردەیەکیشت هەیە بە منی بڵێ من پێیان دەڵێمەوە و، لەبەر ئەوە کە کردوویانەتە ئەرکی من خۆشم حەز دەکەم وەڵامی موافقم پێ بدەی.

من بە کاک (زادوق ئادام)دا قسەی خۆم ناردەوە و دوای ئەو جارەش چەند جاری تر لە بەینی ئێمەدا هاتوچۆی کرد و خەریک بوو بگەینە یەک کە حەفلەی یۆبیلی زێڕین لە ١٩٩٦/٩/١٦دا لە مەسیف گیرا و کاک سیداد بارزانی خۆی بە نهێنی نامەیەکی بۆ ناردم کە بچمە مەسیف بۆ سەردانی و، من دەمزانی منی بۆ ئەوە ویستوە قسەی پێکهاتنەوە بکا نەک بۆ بەشدار بوونی حەفلەکە و، بە کورتی هەستام لە ڕێگەی کۆیەوە چوومە مەسیف بەڵام نەچوومە حەفلەکە و چوومە ماڵی (حاجی میرخان دۆڵەمەری) کە ماڵیان لە مەسیفە و هەر بنەماڵەیان زۆر دۆستی منن، کاک سیداد ئەگەر لەوە ئاگادار بوو من لەوێم ئەویش هاتە ماڵێ حاجی میرخان و لەوێ هەموو قسەیەکی خۆمان کرد بۆ هاتنەوە پێکهاتنی لەسەر ئەوە کە بچمەوە ماڵەکەم تێک نێم و ئەویش گوتی من جەماعەتی بزووتنەوەی ئیسلامی تەکلیف دەکەم ماڵەکە لە هەولێر بێننە دەر بە بیانووی ئەوە کە دەچێتە ڕانیە و لە ڕێگەدا لەو شوێنە کە لادەدا بۆ مەسیف بادەنەوە بۆ ئەو لایە و بە منیشی گوت حەز دەکەم تۆ خۆت نەچیەوە هەر ڕاسپێرە ماڵەکە تێک نێن و دواییش هێنانی لەسەر من، بەڵام من خۆم بەوە ڕازی نەبووم و دوای هەموو قسە و وتووێژێک لە مەسیف هاتمەوە هەولێر و بە منداڵەکانم گوت ماڵەکەی تێک نێن و حازر بن هەتا دێن بۆ ماڵەکە و ئەوانیش ماڵیان وەخڕکرد و هێشتە کەس نەهاتبوو ماڵەکە بار کا کە لە بەرواری ١٩٩٦/٩/٣١دا پێشمەرگەی پارتی دیسان هاتنەوە ناو شاری هەولێر و دەستیان بەسەر هەموو جێی ناو شاردا گرتەوە و، لەو هاتنەوەدا زۆر کەس هەر پێشمەرگەی پارتیش نەبوون بەس بە ناوی وان غەدریان لە خەڵک دەکرد و شتیان لە خەڵک دەستاند و،





سەیارەیان زەوت دەکرد و، ئەو حەمەدەمینەی جیرانم کە پێش ئێستە باسی کرا سەیارەیەکی سوپەری هەبوو و زۆریش لە خۆی ئەمین نەبو و گوتی ئەو سەیارە دێنمە حەوشەکەی تۆ ڕایدەگرم نەوەک بە ناوی پارتی بێن سەیارەکەم لێ بستێنن و منیش گوتم زۆر باشە بیهێنە و بە کورتی ئەو ڕۆژەی هێزەکانی پارتی هاتنەوە ناو شار بۆ ئێوارێ ترومبیلەکەی هێنا حەوشەی ئێمە و شەوێ لەوێ ڕایگرت بەڵام سبەینێ سەعات ٨ی بەیانی یەکێک بە ناوی (........) کە دەڵێن ماڵی لە دەوروبەری شەقڵاوەیە بە ناوی پێشمەرگەی پارتی هات و دوو کەسی تریشی لەگەڵ خۆی هێنابوو و گوتی هاتووم ئەو سەیارەی بەرم، من گوتم ئەو سەیارە هی منە و پارتی بەوە ڕازی نابێ تۆ سەیارەی من بەری و هەرچەند لەو قسانەم کرد نەیبیست و گوتی سەیارەی مەسعودیش بێ هەر دەیبەم و سەیارەی برد و ڕۆیی، کە ئەو سەیارەکەی برد خاوەن سەیارەکەش بەدوای کابرادا چوو بە هەڵکەوت لە ڕێگەدا لە سەیتەرەی بەینی هەولێر و مەسیف دەبینێ، کاک مەنسوری کوڕی کاک مەسعود ئەوە لەو سەیتەرە ڕاوەستاوە و لەو نەوعە کەسە دەکۆڵێتەوە کە ئاوا سەیارەیان لە خەڵک ئەستاندوە و داوای سەنەوی و بەڵگەیان لێ دەکا، حەمەدەمینی خاوەن سەیارەش دەچێتە پێش پێی دەڵێ ئەوە سەیارەی منە و لە حەوشەی هێدی ڕامگرتبوو کە لێم نەستێنن و ئەو کابرایە هاتوە لە حەوشەی ئەو هێناویەتە دەر و ئەوە خەریکە دەیبا.

کاک مەنسور ئەگەر ئەوە دەزانێ کابرای دەگرێ وەبەر شەقانی دەدا و، بەینێکی چاک هەر تێی هەڵدەدا، دوای تێهەڵدانێکی زۆر سەیارەکەی لێ دەستێنێتەوە و دەیداتەوە بە حەمەدەمینی خاوەنی.

لە مانگی یازدەی ١٩٩٦دا هەواڵی کۆچی (عوبەید)ی برام بە هۆی برادەرێک پێ گەیی کە ئەویش لە تەلەڤزیۆنی پارتی گوێی لێ ببوو و دیار بوو دایرەی پەیوەندیەکانی پارتی لەو دیوەوە هەواڵەکەی ناردبوو و تەلەڤزیۆن بڵاوی کردبۆوە و خۆم بە هەڵکەوت گوێم لەو هەواڵە نەببوو و بێگومان خەمێکی گران و بێ دەرمان بوو و ئەو خەمە گەورە هەتا ماوەیەکی زۆر دایگرتم چونکە عوبەید لە هەموو کاتێکدا مەرجی برایەتیی خۆی لەگەڵ من بە شێوەی هەرە باش بەجێ دەهێنا و برایەکی بەکارهاتوو بوو و بە هیچ جۆر شتێکی وای نەدەکرد من لێی ناڕازی بم، لەبەرە دایکی ئێمە ئەو لە تەمەندا لە دوای من بوو، خوای

گەورە لێی خۆش بێ و بیخاتە ژێر ڕەحمەتی خۆی.

نارەحەتیەکی تر کە لە دوای کۆچی عوبەید لەو خانوەدا تووشی ئێمە هات، عەمەلیاتی لاق برینەوەی منداڵەکان بوو کە پێش ئەو دەمیش لەبەر نەخۆشیی شەکر وا دەبوو بەبێ هۆشی دەمگەیاندە نەخۆشخانە و جاری دوایی کە ئەنجامەکەی بوو بە قاچ برینەوە هۆیەکەی ئەوە بوو کە لاقێکی سووتابوو و برینەکەی وەبنیدا و ماوەی مانگێک برینپێچێک کە خۆی کاری نەخۆشخانەی ڕزگاریی دەکرد هەموو ڕۆژێ دەهاتە ماڵێ و دەرمانی دەکرد بەڵام لەبەر ئەوە کە نەخۆشیی شەکری هەبوو برینەکەی چاک نەبوو و، دوکتورەکان گوتیان بیهێنە نەخۆشخانە با لێرە بکەوێ، بەینێکیش لەوێ خەریکی داو و دەرمانی بووین بەڵام چاک هەر نەبوو و وای لێ هات برینەکەی بۆنی کرد و نەتیجە هەموو دوکتورەکان قەراریان هاتە سەر ئەوە کە چارەی هەر ئەوەیە لاقی ببڕینەوە و لەبەر ئەوە ئامادەیان کرد بۆ عەمەلیاتی لاق برینەوە کە نەشتەرگەریەکەی بەڕێز (دوکتور صدرالدین) وە ئەستۆی خۆی گرت و دوای عەمەلیاتەکە لە نەخۆشخانە خستیان هەتا برینی جێی عەمەلیاتەکە سارێژ دەبێتەوە، بەڵام مانگێک و دوو مانگ و سێ مانگ برینی جێگەی نەشتەرگەریەکە هەر چاک نەبۆوە و لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا هەموو ڕۆژێ نەخۆشەکەم لە قاتی چوارەمەوە بە قەرەوێڵەوە بە ئاسانسۆر (مەسعەد) دەهێنا قاتی خوارێ کە لەوێ لە بەشی دەرمان و برینپێچان دەرمانی کەن و دیسان لەوێوە هەر بە ئاسانسۆر دەمبردەوە سەرێ بۆ ژوورەکەی خۆی و بەو جۆرە ماوەی سێ مانگ ئەو سەر و خوار و هاتوچۆیەم بەو نەخۆشە کرد و، هەموو ڕۆژێ دەرمانیان لێ دەگۆڕێ و ئەوەی پێویست بوو بۆیان دەکرد بەڵام برینەکەی هەر چاک نەبوو و لە ئاخریدا ترسی ئەوەم ڕێ نیشت کە جارێکی تریش عەمەلیاتی بکەنەوە و لاقی لە لای سەروتر ڕا ببڕنەوە لەبەر ئەوە ڕۆژێک لە دوکتورەکەیم پرسی گوتم: ئەرێ ئێوە بۆ ئەو نەخۆشەی من دەڵێن چی، چۆنی تێدەگەن؟ چیی لێ دێ؟، دوکتورە کە گوتی: واللە ئەوە جارێ لەگەڵی دەڕۆین، هەر ئەوەندە و هیچی تر و، نەیگوت چاک دەبێ، یان هومێدێک هەیە یان شتێک.

لە دوای ئەو وەڵامەی دوکتور ئەوجار ئیتر دوو دڵی و وەسوەسەی ئەوەم زیادی کرد کە ڕەنگە زۆر پێ نەچێ جارێکی تریش قاچی لە لای سەروتر ڕا ببڕنەوە و دوای ئەو عەمەلیاتەش ئەنجامەکەی دیار نیە چیی لێ بەسەردێ و چاک بوون و نەبوونی برینی





عەمەلیاتەکەی ئەوجاریشی زۆر مسۆگەر نییە و لەبەر ئەوە زۆر بە جدی لە بیری ئەوە کەوتم نەخۆشەکە بگەیەنمە بەغدا بەڵکو لەوێ تەگبیرێکی لە چاک کردنەوەی برینەکەی بکەن و پێویست بە عەمەلیاتێکی تر نەبێتەوە.

پێش ئەوە بڕۆمە بەغدا لێرە لە هەولێر پرسم بە دوکتورەکان و یەک لەوان بە (دوکتور عبدالرزاق) بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئەهلیی هەولێر کرد کە ئەگەر هاتو بۆ کارێکی وەها ڕێگەم کەوتە بەغدا بچمە لای چ دوکتورێک و کێ نەشتەرگەری چاکە. لە وەڵامدا گوتی: (دوکتور إبراهیم نائب) هەیە خۆی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی مستنصریەیە لە بەغدا هەم نەشتەرگەرێکی لێهاتوو و هەم زۆریش دۆستی منە و ئەگەر قەراری ئەوەت دا بچیە بەغدا من نامەی بۆ دەنووسم هەرچەند پێم وا نییە چوونت بۆ بەغدا پێویست بکا.

من گوتم قەرارەکە بەدەست من نیە ئەوە سێ مانگە برینی نەخۆشەکەم لێرە چاک نەبۆتەوە و هەر بەرەو خراپی دەچێ و زۆر لە ئەزیەت دایە و لەبەر ئەوە ناچارم بچم بۆ ئەوە کە ئەو بێچارە لەو دەرد و ئازارە نەجاتی بێ بێگومان لەوێ ئیمکاناتی چاکتر و جیهازی نوێ تر و پێشکەوتووتر هەیە کە لەوانەیە چاککردنەوەی ئەو نەخۆشە بۆ وان کارێکی سادە و هاسان بێ و بەبێ عەمەلیاتی تر چارەسەری بکەن کە من زۆر لێی دەترسم و حەز دەکەم لوتف بکەی نامەکەی بۆ بنووسی و ئەگەر چووم دەیدەمێ.

ئەویش پیاوەتیی کرد و نامەکەی نووسی و پێی دام و لەو سەروبەندەدا کە خەریک بووم خۆم حازر دەکرد بڕۆم بۆ بەغدا مامۆستا (سەعد عەبدوڵڵا) کە ئەودەم بەرپرسی لقی دووی پارتی بوو لە هەولێر ڕۆژێک هاتە سەردانم بۆ ماڵێ و باسی چۆنیەتیی حاڵی نەخۆشەکە کرا و گوتم قەرارم داوە بیبەمە بەغدا چونکە بێ هومێد بووم لە چاک بوونی، بەڵکو لەوێ چارێکی لێ بکەن، گوتی چۆنی دەبەی، گوتم سواری قەمەرەی دەکەم و لەگەڵی سوار دەبم گوتی نەخۆشی وا نارەحەت بۆ ناو قەمەرە نابێ، ئێمە ئامبولانسمان هەیە (ئیسعاف)، هەر وەختێک حازر بووی بۆ ڕۆیشتن ڕۆژی پێشووتر ئاگادارم بکە بۆت دەنێرم با نەخۆشەکەتان لەو ڕێگە دوورە تووشی نارەحەتی نەبێ و، لەسەر ئەو قەرارە ڕۆژی دواتر ناردمە لای بۆ ئامبۆلانسەکە و، سبەینێ سەعات ٧ی بەیانی لێرەوە لە هەولێر سواربووین و سەعات ٧ی تەواوی ئێوارێ گەیشتینە بەغدا و، لەبەر ئەوە کە سەیارەکە ئیسعاف بوو سەیتەرەکان لە ڕێگەدا ڕایاننەگرتین و لێیان نەپرسین ئێوە کێن و بۆ کوێ دەچن، پێش

ڕۆیشتنمان بۆ بەغدا ئادریسی ماڵی ناسیاوێکمان لەوێ وەرگرتبوو کە لە بەغدا شارەزاییمان بکا و بۆمان بیێتە دیلمانج، ئافرەتێکی خزمی نەخۆشەکەشمان لەگەڵ بوو بۆ خزمەتی نەخۆشەکە.

من هەر ئەو ڕۆژە کە گەیشتمە بەغدا سەعات ٧ی ئێوارێ چوومە موستەشفای موستەنسەرییە کە دوکتور إبراهیم نائب بەڕێوەبەری بوو و لەوێ هەواڵی ئەو دوکتورەم پرسی. گوتیان ئێستە لێرە نییە و سبەینێ سەعات نۆی بەیانی وەرەوە.

ئەو شەوە لە مەنزل ئیستراحەتمان کرد و شوفێری ئیسعافەکەم هەر ئێوارێ ئیجازە دا بچێتە جێیەکی تر بۆ ئیستراحەت و سبەینێ زوو لەوێوە بگەڕێتەوە بۆ هەولێر.

ڕۆژی دوایی لە کاتی دیاری کراودا پێش هاتنی دوکتور نەخۆشەکەم بردە نەخۆشخانە و لە سالۆنی نەخۆشخانەکە دانیشتم هەتا سەعات ٩ دوکتور إبراهیم هات و نامەی دوکتور عبدالرزاقم پێدا کە بۆی نووسیبوو و، کە نامەکەی خوێندەوە گوتی کوا نەخۆشەکە، گوتم ئەوەیە، ئیتر هەر لەوێ بەبێ ئەوە بچینە ژووری فەحس تەماشای نەخۆشەکەی کرد و، هێندێک پرسیاری کرد کە وەڵاممان داوە و، یەک لە پرسیارەکانی ئەوە بوو کە ئەو عەمەلیاتە کێ کردوویە و، منیش ناوی نەشتەرگەرەکەم پێ گوت کە پێویست نییە هەر جنێوێ ئەو لەوێ دای منیش لێرە دووپاتی کەمەوە، بەڵام هەتا بڵێی لە چلۆنایەتیی نەشتەرگەریەکە نارازی بوو و، بۆڵەبۆڵێکی زۆری کرد لەسەر ئەوە کە ئەو عەمەلیاتە چۆن ئاوا کراوە و چۆن ئێوە ئەو نەخۆشەتان لە بەردەستی ئەو دوکتورە ناوە؟

گوتم: دوکتور گیان خۆت دەزانی نەخۆش ئەگەر ڕۆیشتە لای دوکتور ئیتر لە دەس خاوەن نەخۆش دەچێتە دەر و هەرچی دوکتور بە باشی بزانێ هەر ئەوەیە.

بانگی سیستەرەکانی کرد گوتی: غورفەی ژمارە ١١ خاوێن کەنەوە بیدەن بەو نەخۆشە ئەو شەو لەوێ ئیستراحەت بکا، سبەینێ سەعات یازدە دەبێ عەمەلیاتی بکەمەوە!! ئەوە لە کنەخۆ من لە هەولێر لە ترسی ئەوە هەڵاتووم هاتومە بەغدا نەوەک جارێکی تر عەمەلیاتی بکەنەوە ئەو هەر لە ڕێوە و بەبێ سێ و دوو قەراری عەمەلیاتێکی تری بۆ دا و، نەخۆشی فەقیر ئەگەر ئەوەی زانی لە ناو ئەو خەڵکەدا لە سالۆن دەستی کرد بە گریان بەڵام چارە نەبوو و ڕێگەی تری نەبوو و ئەگەر بردبامە شوێنێکی تر لای دوکتورێکی تریش





عیلاجەکە هەر ئەوەبوو کە دیسان قاچی ببڕنەوە، ئەو ڕۆژە نەخۆشم لەگەڵ هاوڕێکەی لە نەخۆشخانە بەجێ هێشت و خۆم گەڕامەوە مەنزل، سبەینێ کە چوومەوە نەخۆشخانە و سەری نەخۆشەکەم دا تاوێک لە لای بووم هاتن بردیانە ژووری عەمەلیات و نیزیکەی سەعاتێک زیادتر پێ چوو کە لە عەمەلیاتەکە بوونەوە و قاچە بڕاوەکەیان لە پشت ئەژنۆیەوە لە ناو کیسەیەکدا هێناوە و تەسلیمی منیان کرد و دوایی چووم لە گڵم خست و نیوەکەی تری ئەو قاچەم لە هەولێر لە قەبرستانێک لە گڵی خستبوو کە ئەگەر بیرم لەوە دەکردەوە زگم پێی دەسووتا.

بەو ڕۆژەوە کە عەمەلیاتەکەی کرا و لەگەڵ ماوەی دەرمان کردن و چاوەدێریی نەخۆشەکە و ساڕێژ بوونی برینی هەمووی لە پازدە ڕۆژ کەمتری پێ چوو کە لە موستەشفا ئیجازەی دەرچوونیان پێدا و لیستەی دەرچوونی عەمەل کردن و دەرمان و خەوتن و شتی تریان بۆ هێنام و چووم تەسلیمی سندوقم کرد و، لە نەخۆشخانە هاتینە دەر، بەڵام دوکتور پێی گوتین چەند ڕۆژێک لە بەغدا بمێنن نەوەک نارەحەتی و یان شتێکی چاوەڕوان نەکراو بێتە پێش بۆ ئەوە کە لە حاڵەتێکی وادا ئاگادارمان بکەن و مەڵحەمێکی سەر برینەکەشیان پێداین کە جارجار پێی چەور کەین.

پێش ئەوەی بڕۆینە بەغدا لە هەولێر پارچە شیعرێکم دەست پێکردبوو بەناوی (پەرچەم) کە ئەگەر چووین تەواو نەببوو و لە بەغدا لە ١٠/١٢/٩٦ تەواوم کرد و بە دوای ئەودا غەزەلێکی ترم هەر لە بەغدا بە ناوی چاوەڕێ لە تاریخی ٢٠/١٢/٩٦دا تەواو کرد کە هەردووکیان لە چاپی دووهەمی دیوانەکەم (کاروانی خەیاڵ)دا هەن.

ئێمە ئەو چەند ڕۆژەش لەوێ خەریکی کڕینی عارەبانە و، شەق و شتی تری لەو بابەتە بوون و دوای ئەو ماوەش چوومەوە نەخۆشخانە و، وەرەقەی ڕەسمیم بە مۆری موستەشفا لە مودیر وەرگرت بۆ سەیتەرەکانی ڕێگە و بردنەوەی عارەبانەکە و شتی تر کە بزانن ئەو نەخۆشە لەوێ عەمەلیات کراوە و ئیجازەی ڕەسمیی هەیە و ڕێگەمان پێ نەگرن.

ڕۆژی گەڕانەوەمان لە بەغدا بۆ هەولێر سبەینێ زوو سەعات شەشی بەیانی سوار بووین و بە سەیارەیەکی تایبەت وەڕێ کەوتین بەرەو ماڵ و نانی سبەینە و نیوەڕۆمان لە چێشتخانەیەکی کەرکوک کردە یەک و ئیتر وەڕێ کەوتین و لە هیچ کوێ لە نوختەکانی

سەر ڕێگەش داوای هەویە و وەرەقەیان لێ نەکردین و ئێوارەیەکی زوو گەیشتینەوە هەولێر و نەخۆشەکە ئازار و ناڕەحەتیی نەبوو، نە لە ڕێگەدا و نە ئەگەر گەیشتینەوە هەولێر و، چەند مانگێک دوای عەمەلیاتەکەش قاچی دەستکردی هەر نەبوو چونکە چەند شوێن هەبوون بۆ ئەوە و لەسەر هیچیان ساغ نەبووینەوە کە لە لای کامیان دروستی بکەینەوە.

زۆر باسی شوێنێکیان لە دیانا دەکرد بەڵام ئەو لە ئێمە دوور بوو و لەو بەینەدا ناوی دەزگای خاچی سووری سویسریش لە هەولێر هات و زۆر باسی ئەوە دەکرا کە کاریان زۆر پوختە و، هەرچی دەیکەن زۆر بە سەرنج و زانستیانەی دەکەن و دوای لێکۆڵینەوەی تەواو قەراری ئەوەم دا نەخۆشەکەم بۆ دروست کردنەوەی لاق بەرمە ئەوێ و کە چووم و چاوم بە پسپۆڕەکان و کارمەندەکانی ئەو شوێنە کەوت بۆم دەرکەوت کە ئەوەندەی خەڵک پەسنی ئەو دەزگایەیان دەکرد و پێیان هەڵدەگوت هیچی چاو و ڕاو نەبوو لەوەش زیادترن کە ئێمە لە بارەی وانەوە بیستبوومان، هەر لە ڕێوە کە من چوومە ناو حەوشەی دایرەکە خەڵکێکی زۆر شەل و سەقەت و نوقسانی لێ بوو کە هاتوچۆیان بە قاچە دەستکردەکانەوە دەکرد و خۆیان ڕادێنا و، لە ناویاندا هەبوو کە قاچی هەرلە بنەبانەوە نەمابوو و لەوێ بۆیان دروست کردبۆوە.

لەلایەکی تر کارمەند و بەڕێوەبەرەکانیان لەگەڵ ئەو نەخۆشانەی دەچوونە لایان ئەوەندە بەڕێز و بە ئەدەب بوون و خۆیان پێوە ماندوو دەکردن و بەلایانەوە دەچوون کە بە ئاشکرا دڵسۆزی و خۆشەویستی بە ئاکاریانەوە دیار بوو، ئەو نەخۆشانەی لە دەرەوەی شار یان جێگەی دوورترەوە دەهاتنە لایان هەتا کاری لاق دروست کردنەوەکەیان تەواو دەبوو شوێنی حاوانەوە و خواردنیشیان بۆ دابین دەکردن و نەیاندەهێشت لە هیچیان کەم بێ و، نەخۆشەکەی ئێمەشیان هەروەک خەڵکی تر بەڕێزەوە وەرگرت و لە پێشدا دیتیان و ئەوجا بە نیسبەت ئەندازە گرتن و چلۆنایەتیی مەوادی دروست کردنی قاچەکە و، ئەو ماوەی بۆ ئەنجامدانی کارەکەیان پێویستە ئێمەیان ئاگادار کرد و دەستوری ئەوەیان دانا کە هەموو ڕۆژێ چ وەخت بچینەوە لایان و کەی بڕۆینەوە و، بەپێی دەستورەکە ئێمەش هەموو ڕۆژێ بەیانی دەچووین و هەتا لای نیوەڕۆ لەوێ دەبووین هەتا دروست کردنەوەی لاقەکە تەواو بوو کە نیزیکەی پازدە ڕۆژێکی پێ چوو و، ئەوجار دەبوو تەمرینی پێ بکەن هەتا لەگەڵی ڕادێ و دەتوانێ پێی بڕوا. دیارە ئەو تەمرین و خۆ ڕاهێنانەش ماوەی دوو مانگی پێ چوو





هەتا فێر بوو، لەو ڕاهێنانەدا لە شوێنی تایبەتی تەمرین کە هەر لە ناو خانوەکەدا بۆ ئەوە دروستیان کردوە خۆشیان یارمەتییان دەدا کە هێندێک نەخۆش بە چەند ڕۆژێک و هێندێکی تر بە چەند مانگێک فێر دەبوون کە بە قاچە دەستکردەکە بڕۆن، بەڵام چ زوو فێربان و چ دەرەنگ هەتا نەخۆشەکان نەیانتوانیبا بەبێ یارمەتیدان خۆیان بە لاقەکە بڕۆن و باش فێر نەبووبان قاچەکەیان تەسلیم نەدەکردن و ئیجازەیان نەدەدان دایرەکە یەکجاری بەجێ بێڵن و ئەوەی کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەبوو لە دوای هەموو کار دروستایی و، ڕاهێنانێک قاچێکی زۆر بەڕێ و جێ و مەزبوتیان بۆمان دروست کرد و لەوێ دەیتوانی خۆی پێی بڕوا بەڵام ئەگەر هاتینەوە ماڵێ لە لایەک هەڵی پەسارد و چەند سەعاتێک نەبێ کەڵکی لێ وەرنەگرت بۆ ئەو چەند جارەش دەبوو بیگرن دەنا خۆی نەیدەتوانی، یان نەیدەوێرا پێی بڕوا.

هەر زستانی ئەو ساڵە لە ئاخری مانگی دوودا م. س لە ڕێگەی لقی دووی پارتییەوە ئاگاداریان کردم کە بۆ یەکی مانگی ٣ لە بیرەوەریی بارزانیدا خۆم حازر کەم کە لە هەولێر لە هۆڵی میدیا دەگیرێ، ئەو ڕۆژە جەماوەرێکی یەکجار زۆر لە ڕۆشنبیر و مامۆستا و کاربەدەستانی حیزب و وەزیرەکان ئامادە ببوون و ساڵۆن جێگەی بەتاڵی نەبوو.

کاک مەسعود خۆی لەوێ بوو و دوکتور ڕۆژیش (سەرەک وەزیر) لە تەنیشت ئەو لە سەفی پێشەوە دانیشتبوو، مەڕاسیمەکە زۆر بەڕێک و پێکی بەڕێوە دەچوو و من بۆ ئەو ڕۆژە باشترین شیعری خۆم دانا بوو کە پێشکەشی بکەم.

کاتێک عەریف حەفلە ناوی منی خوێندەوە بچمە پشت تریبون هەستم پێکرد بێ دەنگیەک ساڵۆنەکەی داگرت من چووم دەستم بەخوێندنەوەی شیعرەکان کرد، لە جەنگەی خوێندنەوەی شیعرەکاندا دەمدی کاک مەسعود و دوکتور ڕۆژ پێکەوە جارجار قسەیان دەکرد و تەماشای منیان دەکرد بە خەیاڵ دەمگوت ڕەنگە باسی بەرز و نزمیی شیعرەکان بکەن، هەرچی بێ ڕەنگە واش نەبووبێ بەڵام ئەو ڕۆژە کە حەفلەکە تەواو بوو ڕۆژی دوایی مودیری إعلامی ئەنجومەنی وەزیران کاک (عبدالستار کەریم) هاتە ماڵێ گوتی: دوکتور ڕۆژ فەرموویە سبەینێ سەعات دەی بەیانی بێتە ئەنجومەنی وەزیران چاوم پێی بکەوێ، گوتم بەڵێ باشە سبەینێ دێمە خزمەتی، نازانی بۆ چیەتی؟ کاک عبدالستار گوتی واللە نازانم هەر ئەوەندەی بە من گوتوە و هیچی تر، من دوای ئەوە کە ڕۆیی بەینێک بیرم لەوە

کردەوە کە نەکا ئەو شیعرانەی من ئیرادێکیان هەبێ و لایەنی نەخوازراویان تێدا بێ بەتایبەتی ئەو جێیە کە لە تەواو بوونی شیعرەکاندا گوتوومە:

هەستان ڕاوەستان نەوەستان    ڕزگار کردنی کوردستان
بارزانییەکی تری دەوێ    نازانم کەی هەڵ دەکەوێ

ڕەنگە هەر ئەو مەسەلەش بووبێ کە لە جەنگەی بیرەوەریەکەدا خۆیان باسیان دەکرد، جارجاریش دەمگوت ئەوە نییە و ئیشێکی ترە ڕەنگە پەیوەندی بە کاروباری ئەدەبییەوە هەبێ.

سبەینێ لە کاتی دیاریکراودا چوومە ئەنجومەنی وەزیران و دیتم بە پێچەوانەی هەموو جارێک ئەوجار یەکێک لە دەرگای خوارێ بەپێشوازمەوە هاتبوو و ئەگەر چووم دەرگای بۆ کردمەوە و وە پێشم کەوت بۆ قاتی سەرێ و، لەوێ ڕێنوێنیی کردم بۆ ژوورێک گوتی فەرموو لێرە دانیشە هەتا دوکتور ڕۆژ تەشریف دێنێ و، چەند دەقیقەیەک پێچوو هاتەوە بانگی کردم بۆ لای دوکتور ڕۆژ و ئەگەر چووم دیتم حەفلەیەکی تەواوە و جەماعەتێکی زۆری لە دەزگاکانی ئەنجومەنی وەزیران و بەشی داد و ئاو و کارەبا و بەرپرسانی تری بانگ کردوە و شیرنی و نوشابەیان داناوە و ئەگەر من دانیشتم لە پێشدا برای دوکتور ڕۆژ مەقالەیەکی بۆ بەخێر هێنانم خوێندەوە و، ئەگەر ئەو تەواو بوو ئەوجار دوکتور ڕۆژ خۆی بە گەرمی بە خێرهاتنی کردم و دوای ئەحوال پرسی گوتی: ئەورۆ کورد شاعیری تری وەک تۆی نییە، ئێمە دەبێ قەدری تۆ بزانین و هەتا ئێستە قسورمان بوە و لەو ڕۆژ بەولاوە هەتا لە کوردستانی عیراقی هەموو ئیمتیازێکی وەزیری هەرێمی کوردستانت هەیە کە ئەو ئیمتیازە بەپێی فەرمانێکی ڕەسمی بە ئیمزای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دوایی بە من تەسلیم کرا لە إعتباری ڕۆژی دانیشتنەکەوە و هەروەها گوتی لە هیچ دایرەیەکی حکومەتیش نابێ قسەی تۆ ڕەد بێتەوە و ئەوە شتێکی پچووکە کە حکومەتی هەرێم بۆ تۆی دەکا و، بێجگە لەوانەش هەر ئیشێکت هەیە پێم بڵێ ئێمە ئامادەین ئەنجامی دەدەین، منیش دەگەڵ سوپاسی زۆر عەرزم کرد هیچ ئیشم نیە بەڵام من کتێبی چاپ نەکراوم هەیە ئەگەر ئیمکان هەبێ ئەمر بکەی بۆم چاپ کەن زۆر منەتی هەیە، هەر لەوێ دەسبەجێ تەلەیفونی لە زانکۆ سەلاحەددین لە دوکتور بەهرام کرد و پێی گوت ئەوە هێدی





دێتە لاتان کتێبی چاپ نەکراوی هەیە دەیەوێ چاپیان کا هەرچی گوتی بۆی بکەن و دەرچوونەکەی لەسەر من و، دوای ئەوە عەرزم کرد: گەڕەکەکەشمان زۆر بێ ئاوە و بە حەوتەیەک هەتا دە ڕۆژ جارێک نۆبە ئاومان دەگاتێ، ئەگەر ئیمکان هەبێ ئەمر بفەرموو بیرێکی ئاویشمان بۆ لێدەن کە لەو گیروگرفتەش ڕزگار بین و ئەگەر پێویست بێ ئێمەش دانیشتوانی گەڕەک هەرکەس بە پێی خۆمان یارمەتی بۆ لێدانی بیرەکە وەخرِ دەکەین، بە هەڵکەوت لەو کەسانەی ئەو ڕۆژە بۆ ئەو دانیشتنە بانگ کرابوون بەڕێوەبەری ئیدارەی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێریشیان لە ناودا بوو و کاتی ئەو قسانە لەوێ دانیشتبوو، دوکتور ڕۆژ هەر لەوێ ئەمری پێکرد بنێرە ئەورِۆ جێگەی بیری ئاوەکە دیاری بکەن و دەست بکەن بە هەڵکەندنی و هەتا ئاوی بیرەکەش دەردەچێ هەموو ڕۆژێ دەبێ لە دایرەی خۆتانەوە بە تانکێر ئاو بۆ ماڵی هێدی بەرن و ئەویش ئەو ئەرکەی وەئەستۆ گرت و دوای ئەوە هاتن لەو مەیدانە کە خانوەکەی ئێمەی لێ بوو شوێنی بیرەکەیان دیاری کرد و، بێجگە لەوەش هەموو ڕۆژێ، یان بە دوو ڕۆژ جارێک دایرەی ئاو بە تانکێر ئاوی بۆ دەناردمە ماڵێ و، ئیتر بۆ مەسەلەی بێ ئاوی کەم و کوڕیمان نەما و لەو بابەتەوە حەسابووینەوە و ئاوی تانکێرەکان هەموو جارێ لە خۆمان زیاد دەبوو و لە تانکییی جیرانانمان دەکرد، بیری ئاوەکەش لە مێژە تەواو بووە و ئاوی لێ هەڵدێنجن و، هەر چەند ئێمە ئێستە لەو گەڕەکە نەماوین بەڵام خەڵکی گەڕەک پێی حەسانەوە و دوعای بەخێر بۆ دوکتور ڕۆژ دەکەن.

ئەوجار بۆ مەسەلەی چاپکردنی کتێبەکان (مێژووی کورد و کوردستان) و (دیوانی کاروانی خەیاڵ) چاپی دووهەم سەری چاپخانەی زانکۆم دا بۆ ئەوە کە قسێکیان لێ بزانم و حیسابێکم بدەنە دەست بۆ مەسەلەی دەرچوون و، لایەنەکانی تری چاپکردنی ئەو کتێبانە و لە یەک دوو دانیشتندا لەگەڵ بەرپرسی ئەو کاتەی چاپخانەی زانکۆ بەڕێز (دوکتور دلێر هەقی شاویس) و هەروەها یاریدەدەرەکەی بەڕێز ئەندازیار (طیب عمر عبدالله) بە وردی و چەند جار هەموو لایەنەکانی مەسرەف و دەرچوونەکەیان لێکداوە و گوتیان بۆ چاپی چوار هەزار جلد کتێبی کاروانی خەیاڵ و دوو هەزار جلد مێژووی کورد و کوردستان بە کاغەزی چاک و هەقی کامپیوتێر و چاپخانە نیزیکەی چوار سەد هەزار دینار تەواو دەبێ کە ئەوەیان بە ئاگاداریی دوکتور ڕۆژ گەیاند و، ئەویش چەکی ئەو پارەی بۆ بەشی چاپخانەی زانکۆ نارد و لە دوای ئەوە ئەوانیش خەریکی کڕینی کاغەز و

کارسازیەکانی تری چاپکردنەکەیان بوون و، لە پێشدا دیوانی شیعرەکان کاروانی خەیاڵیان بردە ژێر چاپ و پیت چنینەکەیان دانا بە موناقەسە لە ناو کامپیوتێرەکاندا کە لە ناو ئەواندا کاک (عبدالرحمن بەهجەت عەلی) بردیەوە و، وە بەر ئەوکەوت و بۆ چاپی ئەو وێنە ڕەنگیانەی کە لە ناو دیوانەکەدا هەبوون زۆر هەوڵی ئەوەمان دا کە هەر لە هەولێر ئامادەیان بکەین بەڵام نەکرا و، ناچار ناردمانە بەغدا و، لەوێش لەگەڵ ئەوە کە زۆر بە زەحمەت سازیان کردن و چەند جار بردیانن و هێنایاننەوە ئاخریش سەرەڕای هەموو هەوڵ و دڵسۆزیی کارمەندانی چاپخانە و بەڕێوەبەرەکانی هەر زۆر خراپ و خێڵ و خوار دەرچوون و پەشیمان بوومەوە لەوە کە ناردبوومە بەغدا و هەر لێرە بە ڕەش و سپی چاپم نەکردن و لەوەدا زۆر زەرەرم کرد و، سەرەڕای زەحمەت و مەسرەفەکە ڕەسمەکانیش زۆر خراپ و شێواو دەرچوون تەنانەت لە ڕەش و سپیش شێواو تر و نادیار تر.

خوێنەری خۆشەویست ئەوە دەزانێ کە بۆ چاپکردنی وێنەی ڕەنگی لە پێشدا چەند ڕەنگ لە وێنەکەدا هەبێ هەر ڕەنگەی بە جودا دەیخەنە سەر کاغەزێکی تەنک و، دوایی ئەو ڕەنگانە دەبێ بە شێوەیەکی وا بخرێنەوە بەرانبەری یەک و لەسەر یەکتر دایاننێن کە لێک دەرنەچن و خوار نەبن بە هیچ لایەکدا، کە هەموو ڕەنگەکان بەرانبەری یەک ڕاگیران و ڕاست بوون و پێکەوە چەسپێندران ئەوجار ئامادە دەبێ بۆ چاپی ناو کتێب و، ئەگەر لە جەنگەی چاپکردنیشدا یەکێک لەو ڕەنگانە لە ڕەنگەکانی تر دەرچێ و بترازێ و بە لایەکدا زیاد و کەمی هەبێ وێنەکە شێواو دەردەچێ.

لە دوای ئەویش کێشەی هەڵگرتنەوەی هەڵەی پیت چنینی کامپیوتێر بوو کە بە جارێک و دوو جار و سێ جار تەواو نەدەبوو و لە پاش بێنەوبەرە و هاتوچۆیەکی زۆر لە ئاخریساڵی ١٩٧٧دا دیوانی (کاروانی خەیاڵ) بەتیراژی ٤٠٠٠ جلد و لە ٤٢١ لاپەڕەدا تەواو بوو، ئەو جار نۆبە گەیشتە چاپی (مێژووی کورد و کوردستان) کە زانکۆ پیت چنینەکەی ئەویشی هەر بە موناقەسە دانا و لەوێشدا کامپیوتێری هەمەوەند کە خاوەنەکەی یەکێک بوو بەناوی مەریوان موناقەسەکەی بردەوە و، لەبەر ئەوە کە ئەو مێژووە لە دیوانەکە زیادتر بوو دیارە زەحمەتی هەڵە هەڵگرتنەوەشی پتر بوو بەتایبەتی کە پیت چنینەکەی بێ سەرنج دەکرا و کەمتر گوێیان دەدایە ڕاست و چەوتی پیتەکان و بە ئیملای خۆی نەیاندەنووسی، نەتیجە وای لێ هات کە چوار جار هەڵەی ٨٧١ لاپەڕەی ئەو





مێژووەم ڕاست کردەوە و ناردمەوە بۆ کامپیوتێر و هێشتەش دوای ئەو چوار جارە وا نییە بڵێی هەڵەی هەر تێدا نییە و من زۆری لێ ڕازیم.

دوای تەواو بوونی ئیشی چاپخانە و وەرگرتنەوەی کتێبەکان کە لیستەی مەسرەف و دەرچوونیشیان پێدام دەرکەوت کە هەر جلدێکی مێژووی کورد و کوردستان کە گوتمان ٨٧١ لاپەڕە بوو سەد و هەژدە دینار کەوتوە کە دیارە ئەو مەبلەغە بۆ جلدێک کتێب پارەیەکی کەم نییە و، لە بازاڕدا بە نرخێکی لەوە هەرزانتریش سەرفیات و برەوی کەمە هەرچەندە داواخوازیشی کەم نییە.

لەبیرم چوو ئەوەش بڵێم کە چاپخانەی وزارەتی ڕۆشنبیری چاپکردنی بەرگی ئەو مێژووەی وە ئەستۆی خۆی گرت کە ڕەنگین بوو و چاپخانەی زانکۆ لە دەستی نەدەهات و لەو چاپخانەش گیروگرفتێکی پچووک هاتە پێش و پیت چنی کامپیوتێرەکە مێژووی چاپکرانی کتێبەکەی لەسەر بەرگەکە بە هەڵە چاپ کردبوو لە جیاتی ڕەقەمی ٢٦٩٨ی کوردی ڕەقەمی ٢٨٩٦ی لێدابوو و لە نەتیجەی ئەو هەڵە و ڕەقەم پاش و پێش کردنەدا مێژووی چاپکردنەکە ١٩٦ ساڵ وەپێش کەوتبوو کە هەڵەیەکی زۆر زەق و ئاشکرا بوو ناچار بووین بەرگی کتێبەکە هەر هەمووی بگۆڕین و ڕەقەمی ڕاستی لێدەین و سەرلەنوێ لە چاپی دەینەوە ئەوجار بە مێژووی ڕاست یانی: ٢٦٩٨ی کوردی و ١٩٩٨ زایینی، خۆشبەختانە لایەنەکانی تری بەرگەکە وەک خەریتەی کوردستان و ڕەنگ ئامیزی و دەس نوسەکانی نووسەر ئیرادیان لەسەر نەبوو.

لە کاری چاپ کردن و چاپکردنەوەی دووبارەی بەرگی ئەو مێژووەدا بەڕێز کاک (حاکم شاکر) سەرپەرشتی چاپخانەی وزارەتی رۆشنبیری ئەوپەڕی هاوکاریی لەگەڵ کردین و وەختێکی زۆری سەرفی ئەو کارە کرد و، پێیەوە ماندوو بوو.

پاییزی ئەو ساڵە لە سوئێدەوە بە تەلەیفون لە کۆچی دوایی دوکتور حەسەنی برام ئاگاداریان کردم کە بەینێکی زۆر بەو خەمەوە شێوام و، هەر لە جەنگەی گەیشتنی ئەو هەواڵەدا تەنگ و چەڵەمەی ژیانیشم کەم نەبوو، ئەویشی هاتە سەر بەڵام دەسەڵات نەبوو،

(هرآن قضا که خدای جهان کند تقدیر زماصبور نبودن درآن خطا باشد)

هەر ئەوەندەم پێ کرا کە بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە سێ ڕۆژ لە مزگەوت و دوای

ئەویش لە ماڵێ سەرەخۆشی دانیم و جەماوەری خەڵکی هەولێر بە گشتی و هەروەها زۆربەی کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم بە سەرەخۆشیی دڵسۆزانەیان بەسەریان کردمەوە و لە خەمیان سووک کردم.

بە ئەرکی خۆم دەزانی کە هەر چۆنی بێ تەرمەکەی لە ئاڵمانەوە بێنمەوە کوردستانی ئەو دیو و لەوێ لە گوندەکەی خۆمان بینێژم کە گۆڕی باب و باپیر و بنەماڵەی تریشمان لەوێیە بەڵام نەک هەر لە لایەنی ئیمکانی ماڵییەوە ئەو توانایەم نەبوو بەڵکو گیروگرفتی تریش لە ڕێگەی هێنانەوەی تەرمەکەیدا هەبوو لە لایەک وەرگرتنی ئیجازەی حکومەت، لە لایەکی تر ویستی ژن و منداڵەکەی لە ئاڵمان کە داخوا ئەوان بەوە ڕازی دەبن تەرمەکەی بگوێزینەوە ئێران یان نا؟ لەبەر ئەو کۆسپانە نەتیجە تەرمەکەی هەر لەوێ ما و پێم نەکرا ئەو ئەرکە بەجێ بێنم بەڵام سەرەڕای ئەوەش کە دەسەڵاتم نەبوو هەست بە قسووری خۆم هەر دەکەم و، خۆی هیچ، پێم نەکرا تەرمەکەشی بۆ جاری ئاخر ببینم.

هێشتە هەر لەو خانوەی گەڕەکی برایەتیدا بووم کە ڕۆژێک کاک بارز بارزانی برای کاک نێچیرڤان تەلەیفونی کرد گوتی: بەڕێز کاک نێچیرڤان گوتوویە هەواڵی بپرسە و بزانە چ ئیشی هەیە یان نا و، بێجگە لەوەش ئەمانەتێکی تۆ لێرەیە خۆت بۆی دەنێری یان من بۆت بنێرم؟ من گوتم دیارە ئەگەر خۆت بینێری زۆر سوپاست دەکەم و، ئێوارێ کاک سەلاح کەرکوکی کە لە دەفتەری کاک نێچیرڤان لە مەسیف ئیش دەکا هاتە ماڵێ و ئەمانەتەکەی لەگەڵ خۆی هێنابوو کە ئەویش پارەیەک بوو بۆ خانوو کڕین، بەڵام ئەو دەم هەولێر ئەوەندە ئەمین و ئارام نەبوو کە من بتوانم ئەو پارە لە ماڵی خۆمدا دانێم و خۆشم ئەو کاتە حیمایەم نەبوو ناچار پارەکەم لە ماڵی دۆستێکی خۆم بە ناوی کاک (عەلی حاجی مەحمود)، دانا کە ئەندامی سوپای دووە هەتا خانوو دەدۆزمەوە و دەیکڕم و، لە پاش بەینێک ئەولاو ئەولاو دیتنی خانووی جۆر بەجۆر لە ئاخریدا لەسەر خانوویەک ساغ بوومەوە لە گەڕەکی ئەفسەران کە ئاوێکی باشی هەیە، یانی هەر ڕۆژە نارۆژێک ئاوی هەیە لە ئێوارەوە هەتا سبەینێ ئێوارێ و، ڕۆژی دواییش هیچ ئاوی نییە و، بێجگە لە ئاوی بیر ئاوێکی تریشی هەیە بە ناوی ئیفراز کە ئەویش بۆ باخچە ئاودان و حەوشە شوشتن و شتی تر بەکار دێ و هاوینی ساڵی ٩٧ لە مانگی حەوتدا دوای ئەوە کە منداڵی مەکتەب دەرس و ئیمتیحانیان تەواو بوو خاوەن خانووەکە (عقید بختیار) کە خۆی لە





بنەماڵەیەکی شەقلاوەیی بوو لە خانوەکە ڕۆیشتە دەر و بە ماڵ و منداڵەوە ڕۆیشتە ئورووپا و ئێمەش دوای ڕۆیشتنی ئەو هاتینە ناو خانوەکە.

ئەو خانوە هەموو لایەنێکی باشی لە ئاوی چاک و گەڕەکی پاک و خاوێن و جیرانی باش و بەڕێز هەیە کە سەرەڕای بەڕێزی زۆریش دڵاوان و زۆر جار سمێڵم چەور دەکەن و!! لەو بابەتەوە زۆر ڕازیم نەک کەم!!، بێجگە لەو لایەنانەش خانووەکە هەر خۆی هیچ کەم و کوڕیی لە لایەنی حەوشە و غورفەی گەورە و کابلی تەلەیفون و کارەبا و جێگەی ئێرکۆندیشێن و حەمامی سەرێ و خوارێدا نییە و باخچەیەکی پچووکیشی لە حەوشەکەدا هەیە کە داری: هەرمێ، پرتەقاڵ، سندی، نارنگی و ترێی تێدایە و هەموویان بەریان هەیە.

مێوەکانیان خستۆتە سەر قایمەیەک کە نیسێ یەکی خۆشی لە حەوشەکە و لە جێگەی ڕاوەستانی سەیارە کردوە و بێجگە لەوانەش چیمەنێکی ڕێک و پێک و بێ پەڵەی لە حەوشەکەدا هەیە کە بەکەڵکی دانیشتنی ئێواران دێ لە هاویندا و ئێستە ئەگەر دوو بەرابەری ئەو پارەم بدەنێ کە پێم داوە هێشتە نایدەم دیارە نەک لەبەر هەل و مەرجی باشی خانوەکە بەڵکو لەبەر پڵاو و گۆشتی شازی جیرانەکانم کە پێم ناکرێ لە کیس خۆمی بدەم و بچمە شوێنێکی قاقڕ و ویشکەرۆ لەوێ دەم بە قووتەوە گرم.

ئەگەر هاتینە ناو ئەو خانوە دیسان زۆر پێ نەچوو منداڵان نەخۆش کەوتن و ناچار بووم بیاننێرمە بەغدا کە ئەویش ماوەی ٨-١٠ ڕۆژێکی پێ چوو و باش بوو زوو هاتنەوە و دەستووراتیان لە دوکتور وەرگرتبوو، نازانم باسی ئەوەم کرد یان نا کە هەر لەو دیویش ئەو منداڵانە زۆر ڕەزالەتیان بەدەست نەخۆشیی شەکرەوە دیت و چووینە لای زۆر دوکتوران و، لە تاران بۆیان دانا ڕۆژێ دوو جار دەرزیی ئانسولین لە خۆی دا و ڕێژەکەشیان بۆ دیاری کرد کە هەر جارێ چەندی لێدا سەرەڕای ئەوەش زۆر جار وا دەبوو تێک دەچو و، پێویستی بە دوکتور دەکرد و، هەروەها جاری پێشووش کە بۆ عەمەلیاتی لاقی بردمە بەغدا دوای ئەوە کە لە نەخۆشخانە وەدەرکەوتین لە شوێنێکی تریش بۆ فەحسی شەکر و وەرگرتنی دەستووری تەزریقی ئانسولین چووینە لای دوکتورێکی بەناوبانگ کە دەیانگوت بۆ نەخۆشیی شەکر لە بەغدا کەس لەو چاکتر نییە و هەتا ئێستە چەند کتێبی لە مەڕ نەخۆشیی شەکر و چارەسەر کردنیەوە نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە، ئەو دوکتورە بە پێچەوانەی دوکتوری تاران بۆی دانا کە ڕۆژێ دوو جار ئانسولینی سافی و خابت یانی

چل و سەد بە ڕادەیەکی دیاری کراو تێکەڵ کا و لە خۆیدا کە ماوەیەکی زۆر کەڵکی لەو شێوە تەزریقە وەرگرت و حاڵی زۆر باش بوو، بەڵام هەروەک دەزانین ئەو نەخۆشیە چاک بوونی یەکجاریی نییە و ئەگەر بێت و وەختێک بە لایەنی چاک بوونیشدا بڕوا کاتییە و مەترسیی تێک چوونەوەی هەر لە پێش دایە و، وا دەبێ ئەو تێک چوونەوەش زۆر لە ناکاو دەبێ.

پاییزی ساڵی ١٩٩٨ خۆشم تووشی پشت ئێشان و نارەحەتیی گورچیلە و دوای ئەوانەش تووشی زگ ئێشانی بێ ڕشانەوە بووم کە دیار بوو نەتیجەی سەرما بوون بوو چەند جار وێنەی گورچیلەم گرت ئیلتیهابی تێدا هەبوو و بەینێک لە ماڵێ دەرزیان لێدام جاری هەوەڵێ پشت ئێشانەکەم هەر لە ماڵێ بە دەرزی و دەرمان چاک بۆوە بەڵام دوای سێ چوار ڕۆژ دیسان پشتم ژانێکی تێ وەستا و ئەوجار نارەحەتیی گورچیلەشی لێ زیاد بوو و، هەروەها زگ ئێشانی شبە وەباش تووش هاتم کە زگ ئێشانەکە ڕشانەوەی لەگەڵ نەبوو و لەبەر ئەوە کە لە ماڵێ چارەی نەکرا ناچار چوومە نەخۆشخانەی ڕزگاری و نیزیکەی پازدە ڕۆژ لەوێ کەوتم.

ئەو بەینە بێجگە لە دەرزی و دەرمانی تر کە هەموو ڕۆژێ چەند جار لێیان دەدام پازدە جاریش زیادتر سیرۆمیان لێ گۆڕیم (مغزّي)، بەڵام دوای ئەو ماوە کە لە نەخۆشخانە هاتمە دەر نەمدەتوانی ئەوەندە بەپێوە ڕاوەستم هەتا دەست و چاوی خۆم دەشۆم و بەجارێک لە بڕە ببوومەوە، هەتا بەینێک ئەو بێ هێزیەم هەر مابوو و دوایی وردە وردە خۆم گرتەوە و چاکتر بووم.

هەر پێش ئەوە بێمە ئەو دیوە نارەحەتی دڵ و مەعدە و تصلب شرائین، یان ڕەگ گیرانم هەبوو کە لە تاران بۆ ئەو نارەحەتیانە دەرمانیان بۆ نووسیبووم و، هەتا ئێستە بۆ چارەی ڕەگ گیرانەکە چەند جار حەبەکانیان لێ گۆڕیوم و چاک نەبووم و جارجار نارەحەتیم هەر بەسەر دادێ و یەک لەو جارانە پاییزی ساڵی ١٩٩٨ بوو کە سەرەڕای بەکارهێنانی حەبی تی نورمین و ئاسپیرین کە هەردوکیان تایبەتی ئەوەن و پێکەوە هەردوکیانم سەرف دەکرد شەوێک پاش نیوە شەو سەعات ٤ی بەیانی وەرگەڕامە سەر تەنیشت و لەو وەرگەڕانەدا گێژیم بەسەردا هات و ماوەیەکی تەواو یانی ئەوەندە هەتا لە یەک ڕا دەژمێری بۆ پازدە یان بیست وا گێژ بووم هیچ ئاگام لە هیچ نەما و نەمدەزانی من لە کوێم و ئێرە کوێیە و





لەبەر ئەوە کە ژوورەکەش تاریک بوو نەمزانی چاویشم تاریک بوە یان نا و دوای ماوەیەک وردە وردە گێژیەکەم ڕۆیی و هاتمەوە سەرەخۆ و هەر ئەو شەوە بۆ جاری دووهەمیش دیسان گێژ بووم، جاری دوایی لە جاری هەوەڵ سوکتری گرتم جاری هەوەڵ زۆری لێ ترسام و گوتم ئەو سەکتە بێتو ئەوجار بێتەوە ئیتر کارەکە تەواو دەکا، بەڵام باش بوو هەرچەند تەشریفیشی هاتەوە!! سوپاس بۆ خوای مەزن تێگرتنی من ڕاست دەرنەچوو و تەواوی نەکرد و قرخەبڕی نەکردم هەر چەند ئەو ترسە لە دڵمدا هەرهەیە و یەکجاری بەجێی نەهێشتووم بەڵام ئەوە جارێ مۆڵەتی داوم.

ئەو شەوە نەنوستمەوە هەتا سبەینێ و بەیانی کە هەستام تەلەیفونم بۆ کاک سیداد بارزانی کرد و ئەو بەسەرهاتەم بۆ گێڕاوە، گوتی: ئێستە من پیاو دەنێرم لەگەڵی بچو موستەشفا لای دوکتوری خۆمان لەوێ فەحسی خۆت بکە بزانە ئەو شەو بۆ ئەوە دەبێ لە ماڵەوە بخەوی یان پێویست دەکا لە نەخۆشخانە بی هەتا من پەیوەند بە لیژنەی عەلاقاتی موسڵەوە دەکەم و، سبەینێ یان دوو سبەی ڕەوانەی بەغدات دەکەم بە دوای ئەوەدا هێندە پێ نەچو، (تەها ئاکرەیی) بەرپرسی تەندروستیی م. س هاتە هەولێر و پێکەوە چووینە موستەشفا ڕزگاری لای (دوکتور موزەففەر بارزانی) بۆ فەحس و ئەویش دەسبەجێ شریتی دڵی وەرگرتم و هەروەها پاڵەپەستۆی خوێن و شتی تر ئەوەی پێویست بوو کردی و گوتی: دەتوانی هەتا دەچیە بەغدا لە ماڵێ ئیستراحەت بکەی مەترسیەکی وام لێت نییە بەڵام ئەگەر هاتو نارەحەت بووی بنێرە ئاگادارم بکە، بە هەڵکەوت ئەو ڕۆژە کە من چوومە موستەشفا ڕزگاری بۆ فەحس پێنج شەممە بوو سبەینێ کە هەینی بوو کاک سیداد پێی نەکرا بو پەیوەندی بە لیژنەی موسڵەوە بکا کە وەسیلەی ناردنی بەغدام بۆ فەراهەم کەن و لەبەر ئەوە کەوتەوە ڕۆژی شەممە و، من ڕۆژی یەک شەممەی حەوتوی باسکراو لەگەڵ نوێنەری کاک سیداد و بە سەیارەی خۆمان بۆ موسڵ وەڕێ کەوتین و لەڕێگەدا دیار بوو بەرپرسی لیژنەی عەلاقاتی موسڵیش کاک (مەکی) سەیارەی هێنابوو لە شوێنێک لە نێوان موسڵ و کەڵەکی یاسین ئاغا چاوەڕێی ئێمە بوو، کە ئێمە چووین لەوێ ئیتر پێکەوە لەگەڵ ئەو وەڕێ کەوتین تەها ئاکرەیی و هەواڵەکانی ترم (حیمایەکان) گەڕانەوە بۆ هەولێر و، (دوکتور محەمەد ساڵح) بەناوی هاوڕێ و شارەزا لەگەڵم هات و بە سەیارەیەکی تایبەت بۆ بەغدا وەڕێ کەوتین.

لە موسڵ لە لایەن لیژنەی علاقاتەوە نامەی ڕەسمییان بە ئێمە دا بۆ نەخۆشخانەی جادریە لە بەغدا کە لەگەڵ پارتی قەرار داد و پەیوەندیان بۆ چاک کردنەوەی نەخۆش لە بەیندا هەیە و ئەو نەخۆشانەی سەر بە پارتین بۆ وێ بەڕێ دەکرێن و دوای عیلاج و چارەسەری لیستەی دەرچوونەکەیان بۆ پارتی دەنێرنەوە و بۆیان حیساب دەکرێ، لە ڕێگەی بەینی موسڵ و بەغدا کە دەبێ بڵێیم دەشتی ئەڵڵا بەرپانی و بڕانەوەی نیە دیار بو سەیارەکانی سەر بە لیژنەی عەلاقاتی موسڵ ناسراو بوون و لە سەیتەرەکانی حکومەت شوفێری سەیارەکە سەلامێکی دەکرد و ئیشارەیان پێ دەدا دەیانگوت تێپەڕە و ئیتر کەس لە من و هەواڵەکانی منی نەپرسی کێن و بۆ کوێ دەچن پێویستە ئەوەش بڵێیم کە من هەر لە هەولێرەوە ناسیاوێکی خۆم بە ناوی کاک (فازیل کەریم) بۆ دیلمانج لەگەڵ خۆم هێنابوو.

ئێمە نیزیک سەعات شەشی ئێوارێ گەیشتینە بەغدا و ئەو شەوە لەوێ لە هوتێل خەوتین و سبەینێ خۆمان بە مودیری نەخۆشخانەی جادریە ناساند کە ئەویش دوکتور (مەزهەر عەلی ئەمین) کوردێکی ڕەواندزی بوو و نامەی عیلاقاتی موسڵمان تەسلیم کرد و بە گەرمی وەریگرتین و، ژووری تایبەتی بۆ تەرخان کردین کە شوێنی خەوتنی هاوڕێشی هەبوو و، ڕۆژی دوایی کاری فەحس و پشکنین دەستی پێکرد و هەر لە گورچیلە و خوێن و ئیدرار و ڕێژەی شەکری خوێن و مسوڵدان و پڕوستاتەوە هەتا لێدانی دڵ و فەحسی ئەعساب یەکەم بەهۆی دوکتوری ناسراوی دڵ و مودیری موستەشفای دڵ لە بەغدا (دوکتور عومەر الکوبەیسی) و، دووهەم دوکتوری ناوداری پسپۆڕی ئەعساب (دوکتور عبدالمطلب عبدالکریم) دەستی پێکرد و هەرچی دوکتورەکەی دڵ بوو لە دوای دیتنی نەتیجەی فحوساتی دڵ و لایەنەکانی تری دەروونی ئەو کەپسولانەی لە تاران بۆ ناڕەحەتیی دڵ و بە قەولی دوکتوران (إختلال ریتم) بە ناوی دیزوپیڕامید ١٠٠ ملم بۆیان دانابووم و ڕۆژێ ٣ جار و هەر جارە دەنکێک سەرفم دەکرد لێی مەنع کردم و لە جیاتی ئەو چەشنە حەبێکی تری نووسی بە ناوی تڕازیکۆر ٤٠ ملم کە ڕۆژێ دوو جار سبەینێ و ئێوارێ دەنکێکی بخۆم کە ئەو حەبە لە بەغدا و هەر وەهاش لە کوردستان زۆر کەم وەگیر دەکەوێ و زەحمەتێکی زۆری دەوێ هەتا لێر و لەوێ و لە کەلێن و کولێن چەند پاکەت پەیدا دەبێ و لەگەڵ ئەویش بۆ کەم کردنەوەی ڕێژەی شەکری خوێن حەبێکی بۆ دانام بەناوی میت فورمین





٥٠٠ ملم ئەویش ڕۆژێ دوو جار و لەگەڵ وانیش نەوعێکی تر حەبی ویتامین (E) ڕۆژێ جارێک.

دەبێ ئەوەش بڵێیم کە لە پاش سەرفی ئەو دەرمانانە و، تەرکی کەپسولەکانی پێشوو کە لە تاران بۆیان دانابووم هەست بەوە دەکەم بە تێکڕایی حاڵەتی لێدانی دڵم باشتر و سروشتی ترە و هێندێک لێدانی ناڕێک و پێک کە جاران هەیبوو ئێستە یان نەماوە، یان زۆر کەمترە و، تەنیا شتێک کە جاران نەمبوە و ئێستە لەگەڵ خواردنی ئەو حەبانە لێم پەیدا بوە ئەوەیە کە دەگەڵ کۆخین قەفەزی سینگم توند بوون و ئێشانێکی کاتیی هەیە و لەگەڵ تەواو بوونی کۆخە ئێشانەکەش تەواو دەبێ و ئەو ئێشانەش ئەوەندە توند نییە کە پێیەوە ناڕەحەت بم، بەڵام دەزانم لە نەتیجەی سەرف کردنی ئەو حەبانەدا پەیدا بوە.

ئەوەی کە لە بەغدا بەلامەوە زۆر سەرنج ڕاکێش بوو موعاینە، یان فەحسی دوکتوری ئەعساب (عبدالمطلب عبدالکریم) بوو کە هەمووی هەر بە ئیشارە و بەبێ بەکارهێنانی جیهاز و تەنیا بە حەرەکەت و بزواندنی پەنجە و ڕوانین و گوازتنەوەی ڕوانین لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر و قامک هەڵگرتن لەسەر جێیەک و دانانی لەسەر جێیەکی تر بە گورجی و لە چەپەوە بۆ ڕاستە و هەروەهاش بە پێچەوانەوە و هەڵگرتنی ڕوانین لەسەرێوە بۆ خوارێ و لە خوارێوە بۆ سەرێ بوو، خۆشی ئەو حەرەکاتەی ئەنجام دەدا و بە نەخۆشەکەی دەڵێ: هەرچی من کردم تۆش بیکە و لە دوای فەحسی یەکەم کە زۆری پێوە بوو پێی گوتم: لە ناو مێشکدا نوختەیەک هەیە کە ئەو شوێنە جێگەی یەکگرتنەوە و، وێککەوتنەوەی بیستن و بیرکردنەوەیە و، ئەرکێکی گرینگی لە کاری ڕێک و پێک بوونی هۆش و بیری مرۆڤدا لە ئەستۆیە و دەوری لەوەدا زۆرە، دەترسم ئەو نوختە خەلەلی تێ کەوتبێ دەبێ بچی وێنەی کارەبایی لە مێشکت بگری بۆ ئەوە کە ئەو گومانە ڕوون بێتەوە، خوا بکا ئەوە نەبێ کە من بۆی دەچم. سبەینێ ئێوارێ چووم نۆبەم وەرگرت لەو شوێنە کە ئەو دەزگایەی لێیە و وێنەی کارەبایی لە مێشک دەگرێ و، لەبەر ئەوە کە نامەی مودیری موستەشفای جادریەمان پێ بوو بڕێک لە خەڵکی زووتر وەریگرتین و دەزگای ڕەسم گرتنەکە خۆی وەک سەللاجەیەک دەچوو کە لەسەر تەنیشت درێژ کرابێ بەڵام ناوەکەی لە سەللاجە زۆر سارد تر بوو و، منی درێژ کرد و سەر و ملی منی بە ڕووتی لە ناو ئەو دەزگایە نا کە زۆر لە ناو قەبریش ناخۆشتر بوو، چ لەبەر ساردیەکەی، چ لەبەر تاریکیەکەی و، هەرچەند گوتم من

هەرخـۆم نەخـۆشم و ژانە سـەرم لەگـەڵە و بەو سـەرمـایەش هێندەی دی نەخـۆش دەبم دوكتورەكە گوتی: ئەگەر ئاوا سارد نەبێ هەر وێنەیەكی بیگرێ بە كار نایە و كەڵكی لێ وەرناگیرێ.

نیـزیكەی چل و پێنج دەقیـقـە هەر ڕەسـمی سـەری منی گـرت لە لای ڕاست و چەپ و سەرێ و خوارێ و تەنیشت و پشتەسەر و نێوچاوان و ئەو ماوە سەر و ملی من هەر لە ناو ئەو دەزگایەدا بوو كە بە ڕاستی زۆر پێی ناڕەحەت بووم.

سبەینێ دوكتور عبدالمطلب كە هات و وێنەكانی دیت قامكە گەورەی دەستی ڕاستی بە عینوانی سەركەوتن بەرز كردەوە و، گوتی: ئەوەی من لێی دەترسام هیچ ئەسەری دیار نییە و، زۆر باشە.

ماوەی ئەو دە پازدە ڕۆژە كە لەو موستەشفایە مامەوە ئەو دوكتورە زۆر جاری تر هاتە دیتنم و فـەحسی كـردم هەر بەو شێـوە كـە باسم كـرد و، ئەو دەرمانانەی بۆی نووسیبـووم تەماشای دەكردن و لە دوای پرسیاری خەو و خواردن و گەڕانی بەپێیان دەڕۆیی.

لە هاتنەوەمدا دوو جۆر حەبی بۆ نووسیم كە یەكیان ناوی دی پیریدامۆڵ و ئەوی تریان نـاوی سـیـناریزینە و، هیـچ حـەبی بۆ توورە نەبوون بۆ نەنووسـیـم و بەوەش چاك بـوو نەینووسی چونكە لە هێندێك جێ توورە بوونیش زۆر چاك بەكار دێ و جێی خۆی دەگرێ و جێگەی وا هەیە بۆ پیاوی نەرمەلیقە و قسەپان نابێ، من ناڵێم نەرمی و پاڕانەوە هەر قەت باش نییە و، بەكاری هیچ نایە، ئەویش جێی خۆی!! هەیە!!

كە لە بەغدا بە تەمای هاتنەوە كەوتم پێی گوتم دوای شەش مانگی دی دەبێ بتبینمەوە و فـەحست بكەمـەوە بزانم شـوێنی ئەو دەرمـانـانە چدەبێ لەسـەر تۆ، بەڵام دوكـتـور عـمـر الكبیسی ئەگەر زانیی ئەو دوكتورە لە جیاتی حەبی ئاسپیرین حەبی پیریدامۆڵی داناوە پێی ناخۆش بوو و گوتی: ئەوەی بزانە حەبێكی ئاسپـیرین بەقەد دە حـەبی پیرپدامـۆڵی سوود هەیە و، دوكتور مەزهەر عـەلی ئەمین پرسیـاری كرد ناڕەحەتیی مەعدەت هەیە یان نا؟ گوتم هەمە، گوتی مادام وا بێ لە حەبی ئاسپیرین گەڕێ چونكە بۆ مەعدە خراپە و هەر ئەوانە بخۆ كە بۆیان داناوی.

شەش مانگ دوای سەرفی ئەو دەرمانانە دوكتورەكەی ئەعساب بەهۆی ناسیاوێكی خۆم





لە بەغداوە ڕای ئەسپارد كە بچمەوە بۆ لای و لەبەر ئەوە دیسان هەروەك جاری هەوەڵی و لە ڕێگەی لیـژنەی عـەلاقـاتی مـوسڵەوە سەفەری بەغـدام كرد و ئەوجاریش دەرمـانەكـانی جاری پێشووی تأیید كردەوە و گوتی هەتا بەینێكی تریش ئەو حەبانەی سیناریزین بخۆ و دوای ماوەیەكی تر ئەگەر زانیت چاكتری هەوەڵی لێیان كەم كەوە و، دوایی هەر یەكجاری دایاننێ و تەركیـانكە، بەڵام من جـارێك كـە بڕێك بە چاك لە خـۆم دەگـەیشـتم بۆ تاقی كردنەوە چەند ڕۆژێك ئەو حەبەم كەم كردەوە و لە ڕۆژی دوو دانە كردمەوە یەك و زۆر پێ نەچوو گـێـژیەكی سـووكم بەسـەردا هات و لەبەر ئەوە دیسـان حـەبەكـەم كـردەوە ڕۆژێ دوو دەنك وەك هەوەڵێ و ئێـسـتـەش هەر بەو پێ و دانە لەسەری دەڕۆم و لێرەش نەچوومـەوە لای دوكتورێك بزانم دەڵێ چی چونكە ئەو دەستورە دوكتورێكی دی داویەتی كە پسپۆریی لەو نەخۆشیەدا هەیە و ڕەنگە یەكی تر ئەو شارەزاییانەی ئەوی نەبێ.

سەروبەنـدی هاتنەوەم لە بەغدا مـودیری موستەشفا جادریّە دوكتـور مەزهەر عـەلی ئەمین لێی پرسـیم: كەنگێ دێیـەوە سەردانمان، گـوتم نازانم هەر وەختـێك پێویست بكا، گـوتی ساڵی داهاتوو زەرەری نییە ئەگەر سەرێكی ئەو لایە بدەیەوە و، كاتی نووسینی ئەو دێڕانە لەو وەعـدە تێپـەڕیوە كە ئەو بۆ چوونەوە پێی باش بـوو سەری بـدەم بەڵام من وام هەست بە ناڕەحەتی نەكردوە دیسان بچمەوە.

ئەگـەر لە بەغـدا هاتمەوە كـاك نێـچـیـرڤـان بارزانی هاتە مـاڵێ سـەردانی كـردم و، لە نەخۆشیـەكەی پرسیم و گـوتی: ئەگەر حەز دەكەی بۆ موعـالەجە بچیـە خارج ئەوە حازرت دەكـەم دەتنێرم بـۆ هەر شـوێنێك كە خـۆت حەز دەكـەی، من گـوتم: ئێـسـتـە حاڵم باشـە و باوەڕم وایە پێویست نەبێ و هەر كاتێك بە پێویستم زانی عەرزت دەكەمەوە.

گوتی: ئەگەر ئێستـەش ناچی هەر وەختێكی تر هەستت بە ناڕەحەتی كرد و، پێت وابوو لازمـە بـچی ئاگـادارم بكە و، یان لە پێـشـدا كـاك بارز ئاگـادار بكە دەسـبـەجێ ڕەوانەی دەرەوەت دەكەم.

كـاك بارزیش هەر لەگـەڵی هاتبـوو و لەوێ دانیشـتبـوو و، ئەو دەم ئەوان هاتنە سەردانم سـەیارەیەكی مـارسـیـدیس بێنزی كـوپەم هەبوو كـە ئەویش هەر خـۆی پێی دابووم، كـاك نێچیروان لەو هاتنەدا سەیارەیەكی لەندكروزەری مونیكای نوێی گران قیمەتی تری پێدام

که ئەو سەیارە لە خانوەکەم گرانتر کەوت.

هەر لەو حەوتوەدا کە کاک نێچیرڤان هاتە ماڵێ لە لای سەرۆک مەسعود بارزانی وەختیان بۆ دیاری کردم بچمە خزمەتی و، ئێوارەیەک سەعات چواری پاش نیوەڕۆ چووم لە مەسیف بە خزمەتی گەیشتم و وێنەمان پێکەوە گرت و، کاک نێچیرڤانیش لەوێ حازر بوو و سەرۆک بە وردی لە حاڵ و چلۆنایەتیی نەخۆشیەکەم و عیلاجەکەی پرسی و، بە هەڵکەوت ڕۆژی دوای ئەو دیتنەش بیرەوەریی وەفاتی بارزانی بوو کە ئەو ساڵە لە بارزان دەکرا و، من دوای ئەوە کە لە لای سەرۆک هەستام هەر لەوێوە وەڕێ کەوتم بۆ بارزان بۆ ئەوە کە بتوانم سبەینێ لە بیرەوەریەکەدا بەشدار بم.

ئەو ساڵە بیست و یەکەمین ساڵی بەشدار بوونی من بوو لە ساڵگەردی کۆچی بارزانیی نەمر و کاک ئیدریسی قارەماندا و، لێرەدا دەبێ پێ لەوە بنێم کە لە ماوەی ئەو بیست و یەک ساڵەدا سەرەڕای هەموو هەوڵێکم هێشتە نەمتوانیوە گۆشەیەکی زۆر پچووک لە شەخسیەتی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی ئەو دوو سەردارە گەورە بێنمە سەر کاغەز و بێگومان لە ساڵانی داهاتووشدا ئەگەر تەمەن و هەل و مەرج دەرفەت و شانازیی بەشدار بوونم پێ بدەن بەجێهێنانی ئەو ئەرکە لە توانای خۆمدا هەر نابینم و لەوەش دڵنیام کە زۆر لە لایەنەکانی هەڵکەوتوویی و سروشت بەرزی و لێبوردوویی وان هەر وا بە نەگوتراوی و لە پەردە داماوە و وا زووش بنەی نایە و مەیدانی بەیان بۆ وێژەر و نووسەر بەرینە ئەگەر پێنووسی زماندار هەبێ.

ئەو ڕۆژە کاک نێچیرڤان لەلای کاک مەسعود پێی گوتم بە کاک دڵۆڤانم گوتوە لە بارزان بۆ شەوێ جێگەت بۆ تەرتیب کا لە ماڵێک بۆ ئەوە کە وەک ساڵی پێشوو هێندە لە ڕێگەدا ماندوو نەبی، پێویست بە ڕوون کردنەوەیە کە ساڵی پێشووتر کە ئەو بیرەوەریە هەر لە گوندی بارزان کرا، کاک دڵۆڤان بارزانی برای کاک نێچیرڤان لە بارزانەوە تەلەیفونی لە مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا بەرپرسی لقی دووی پارتی لە هەولێر کرد کە ئەگەر چوو بۆ بەشداربوونی بیرەوەری منیش ئاگادار بکا و پێکەوە بچین و ڕۆژی بیرەوەریەکە ئێمە هەموو لەگەڵ جەماعەتی لقی دوو سبەینە زوو سەعات شەشی بەیانی بۆ بارزان وەڕێ کەوتین بەڵام پێش ئەوەی ئێمە بگەینە بارزان ڕێگا هێندی سەیارە تێدا بوو کە ئەگەر لەسەریان ڕاوەستابایین هەتا ئەو هەموو سەیارە تێدەپەڕین و ڕێگەی ئێمە دەبۆوە





هەتا نیوەڕۆی پێ دەچوو و نەتیجە وەختی مەڕاسیمەکەش تەواو دەبوو کە کاتی دەست پێکردنیان لە سەعات دەی بەیانییەوە دیاری کردبوو و ئێمە نەیدەگەیشتینێ، ناچار من و جەماعەت لە سەیارە دابەزین و بەپێیان لە هەورازەکانی خوار گوندەوە وەسەر کەوتین بۆ سەرێ کە نیزیکەی سەعاتێک شتێک زیادترم پێ چوو لەو ڕێگەدا هەتا وەسەرکەوتم و ئەگەر گەیشتمە ئەوێ بەینێک بوو مەڕاسیمەکە دەستی پێ کردبوو، کاتێک گەیشتمە جێ و پێشکەشیان کردم بۆ شیعر خوێندنەوە لەبەر ماندوویی بە زەحمەت قسەم پێدەکرا، بەڵام هەرچی بوو باش بوو لە وەختی خۆیدا حازر بووم و لەو ترسانە ئەوجار فێڵم کرد و ڕۆژی پێشتر چوومە بارزان کە دیار بوو کاک دڵۆڤان لە بیری مندا ببوو و جێگەی بۆ دیاری کردبووم و، شەوێ بردیانمە ماڵێک لە ناو گوندەکە و کاک دڵۆڤان خۆشی لەگەڵم هات و شوێنەکەی دیت و تاوێک لەوێ لەگەڵم دانیشت و دوایی ڕۆیی.

سبەینێ لەگەڵ دەستپێکردنی مەڕاسیمەکە و خوێندنەوەی بەرنامە من بەبێ ماندوو بون و شەکەتی حازر بووم و ئەو ڕۆژە لەگەڵ بیرەوەریی نەمران (بارزانی و کاک ئیدریس) یادی چەند هەڤاڵی بەڕێز و خۆشەویستی خۆم و هاوڕێ و هاوسەنگەری بە وەفای بارزانی یانی: دوکتور سەعید ئەحمەد شێروانی و، حاچک چەمی و، حسۆ میرخان دۆڵۆمەری خەردنی و، حالی دۆڵەمەریشم کرد کە زۆربەیان لە شەڕەکانی ناوخۆدا شەهید ببوون و هەموویان هەر لە گوندی بارزان و لە خزمەت بارزانیدا نێژراون.

ئەو یادکردنەی ئەو پێشمەرگە ناودارانەی کوردستان بەجێهێنانی ئەرکی هەڤاڵەتی و ڕێزگرتن لە ڕابوردووی پڕ لە شانازیی ئەو قارەمانانە دەزانم کە هەموو جێی کوردستان شاهیدی ئازایەتی و مێرانیی وانە و، من هەر ئەو دەم خۆم هەستم بەوە دەکرد کە ناوی عەمەراغا دۆڵەمەری لە ناو ئەو قارەمانانەدا کەمە و پێویست بوو ئەویش هەڵنەبوێرم بەڵام لەبەر ئەوە ئەو شیعرانەی کە من هەموو جارێ بەو بۆنەوە دەیانڵێم لە شوێنێک دەیانخوێنمەوە کە جەماوەرێکی زۆر وەکۆ دەبن و ئەگەر هەڵبەستەکان زۆر دوور و درێژ بن گوێگر و جەماعەتی حازریان لێی وەڕەز دەبن و، ئەو پارچە شیعرەش بەیادی ئەو چەند قارەمانە باسکراوە لە سەد و پازدە شیعر تێپەڕیبوون کە خوێندنەوەیان نیزیکەی نیو سەعاتی زیادتر وەخت دەویست و ئەگەر یادی عەمەراغاشی لەگەڵ کەوتبا لەوەش زیادتر وەختی دەویست لەبەر ئەو تێبینیە خۆم لێ بوارد.

بەینێک دوای ئەو مەڕاسیمە لێپرسراوی لقی یازدەی پارتی مامۆستا یونس ڕۆژبەیانی ئەو ئیرادەی لەسەر ئەو شیعرانە هەبوو و گوتی: ئەگەر ناوی عەمەراغاش لەگەڵ ئەو شەهیدانە بخەی کە باست کردوون ئەوە ئیتر هیچ هەقی عەمەراغاش لە ئەستۆی تۆ نامێنێ.

لەبەر ڕێزی ئەو داوایەی بەرپرسی لقی یازدە و، لەبەر ئەوە کە خۆشم هەستم بەو کەم و کوڕیە دەکرد داوام لە خزمەکانی عەمەراغا کرد کە هەر ئاگاداریەکیان لەو شەڕانە هەیە کە عەمەراغا تێیاندا بەشدار بوە لەگەڵ ناوی شوێنەکان بۆم بنێرن و ئەوانیش پیاوەتییان کرد و قایمەیەکیان بۆ نووسیم و هێنایان، منیش بەدوای ئەوەدا یادی عەمەراغاشم بەو شەڕانەوە کە بەشداریی تێدا کردوون لەو هەڵبەستانە زیاد کرد کە ئەو قارەمانە لەوەش زیادتری لێ دەوەشێتەوە، هیوادارم ئەوجار ئەو عەزیزە لە قسورم ببووری.

ڕۆژێک لە ئەنجومەنی وەزیران کاک نێچیرڤان بارزانی پێی گوتم حیمایەی بۆ خۆت دانێ، هەر کەست پێ باشە سێ کەسان دیاری بکە و، ئەگەر لەسەریان ساغ بوویەوە و قەرارت لەسەریان دا لە پێشدا ناوەکان بدە بەمن بیدەم بە ئیدارەی ئاسایش بۆ ئەوە کە لە ڕابوردوویان بکۆڵێتەوە و ئەگەر هیچیان لەسەر نەبوو و باوەڕپێکراو بوون دوای ئەوە بیانکە ڕەسمی، منیش لە بیری ئەوە کەوتم کە سێ کەس بۆ ئەوە بدۆزمەوە، یەکیان بە ناوی شوفێر و، دوو کەسەکەی تر بە ناوی حیمایە، لە هەولێر سێ برا هەبوون بە ناوی (خەیروڵڵا، سەیفوڵڵا، سۆران) کە کوڕی مرۆڤێک بوون بە ناوی (ڕەسول خدر) و، پێش ئەوەش ناسیاوی و تێکەڵاویمان لەگەڵیان هەبوو و، کە باسی ئەو مەوزوعە کرا ئەوان خۆیان گوتیان ئێمە حەز دەکەین لەگەڵ تۆ بین، ناوی ئێمە بنووسە دێینە لای تۆ، خۆشم ئاگاداریی ئەوەندەم لەسەریان هەبوو کە ڕابردوویان چاکە و باوکیان خزمەتی شۆڕش و پارتیی زۆر کردوە و، ئێستەش لە لیژنەی ناوچەی ڕانیەی پارتیدا ئیش و هەڵسووڕانی هەیە، منیش لەبەر ئەوە پێم خۆش بوو، ئیتر ناوی هەرسێکیانم دا بە کاک نێچیرڤان کە ئەویش ناردنی بۆ ئاسایش و دوای دوو مانگ ناوی هەرسێکیان هاتەوە و گوتیان هیچی خراپیان لەسەر نییە و، تأییدیان کردبوون و، لەو ڕۆژەوە هەر سێکیان هاتنە لای من و ئەرکی شوفێر و حیمایەیان دەدی، دوای ساڵێک سۆران ڕۆیشتەوە مەکتەب بۆ ئەوە کە درێژە بە خوێندن بدا، سەیفوڵڵاش دوای ئەو دوکانی کردەوە مەکینەجاتی کارەبا چاک دەکا





و دەیفرۆشێ و، لە جیاتی ئەوان دوو کەسی تر هاتن، لە زستانی ساڵی حەفتا و حەوتەوە کە ئەو پێشمەرگانە هاتوونە لای من هەتا ئێستە چەند جار گۆڕانیان بەسەردا هاتوە و ئەوانی پێشوو ڕۆیشتوون و پێشمەرگەی تر هاتوونە جێی ئەوان، بەڵام خەیروڵڵا کە برا گەورەی دووبراکەی تریشە هەر لەکنم ماوە و نەڕۆیوە و، من زۆر لەوی ڕازیم و پێم وایە ئەویش لەمن ڕازییە و بەڵێنی پێ داوم قەت بەجێم نەهێڵێ کە منیش زۆر حەزبەوە دەکەم و، دیارە لەبەر ئەوە کە لەو بەینەدا شارەزای یەکتر بووین و بێجگە لەوەش کوڕێکی ئەمین و دڵسۆزە هەر ئەو لەیەکی تازەهاتووی نا شارەزا چاکترە کە لەوانەیە ئاکار و کردەوەشی نەگاتە ئەو و واش لەگەڵم ڕێک نەکەوێ و مەعاشی ئەو پێشمەرگانەش م. س سەرفی دەکا، بەڵام خانووی خەیروڵڵا من بۆم دابین کردوە چونکە ژن و منداڵی هەیە و کرێ خانوو زۆرگرانە.

لە سەروبەندی ئەوەدا کە حکومەتی هەرێم لە بیری دامەزراندنەوەی کۆڕی زانیاریی کوردستان کەوت و وام لە بیرە هاوینی ساڵی ۲۰۰۰ بۆ بەڕێز مامۆستا سامی عبدالرحمان جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕۆژێک کاک بەدران ئەحمەد حەبیبی بەدوادا ناردم بۆ ئەنجومەنی وەزیران و لەوێ لە مەڕ دامەزراندنەوە و، هەروەها دانانی ئەندامانی کۆڕەکەوە بیروڕامان گۆڕیەوە کە کێ پێی دەکرێ لەو بوارە دا و لە زروفی ئەوڕۆی کوردستاندا خزمەت بکا، دیارە بە بڕوای من مرۆڤی لێهاتووی زانا بۆ ئەو ئیشە زۆر بوون کە ژمارەیەک لەوان لەو حکومەتە دوورن و، دەستیان نەدەگەیشتێ، یان ئەگەر دەستمان وێیان ڕاگەیشتبا ئەوەش مسۆگەر نەبوو کە ئەوان خۆیان ئەو ئەرکە وەئەستۆ دەگرن و دێنە هەولێر بۆ ئەو خزمەتە یان نا، هەرچی بێ لەوێ لەگەڵ ئەوە کە ناوی ئەو کەسانە هاتە گۆڕێ کە تێمانڕا دەدین ئەو کارە وەئەستۆ گرن و پێیان بکرێ، بەڕێز کاک سامی داوای لێ کردم لیستەیەک لەو ناوانە بگرم کە بە باشیان دەزانم و بیدەمێ بۆ ئەوە کە فکریان لێ بکاتەوە، هەروەها تەکلیفی ئەوەشی کرد کە هەوڵی پەیداکردنی خانوویەکی گونجاو بۆ دانیشتنی ئەو کۆڕە بدەم لە هەولێر، جا چ بۆ کڕین و، چ بۆ بەکرێ گرتن.

من دوای دوو سێ ڕۆژێک لە لیستەیەکدا ناوی چەند مامۆستام بۆ نارد کە پێم وابوو لەو بوارەدا کاریان پێدەکرێ، بەڵام بۆ دۆزینەوەی شوێنی دانیشتنی کۆڕەکە تەنیا جێیەک هەبوو کە لەگەڵ خاوەنەکەی پێک نەهاتین.

دوای ئەوە کە من چاوم بە کاک سامی کەوت و هەروەهاش دوای ئەوە کە قایمەی ناوەکانم پێشکەش کرد چەند مانگێک ئەو مەسەلە هەر بێدەنگیی لێ کرا و باسی نەبوو، دوایی بەپێی فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران کۆڕەکە دامەزرا و فەرمانەکەی ئەنجومەنی وەزیران کە بە ئەندامەکانی کۆڕەکە ڕاگەیەندرا مێژووی ٢٠٠٠/١٢/١٦ی پێوەبوو کە ڕەسمیەتی دا بە کۆڕەکە و ئەندامەکانی دیاری کرد و، ئێستە خانووی تایبەتی ئیش و دانیشتنی ئەو کۆڕەیان کڕیوە بەڵام لەبەر ئەوە کە خانوەکە پێویستی بەکەڵتە و دەستتێدان هەیە هێشتە کەڵکی لێ وەرنەگیراوە و، هەتا ئێستە هەر جارێک کۆڕەکە دانیشتنی بووبێ لە شوێنی وزارەتی مرۆڤایەتی دانیشتوە.

کۆڕەکە لە مێژووی دامەزرانیەوە هەتا ئێستە هێندێک ئیشی سادە و سەرەتایی کردوە وەک: دانانی لیژنەی ڕێزمان، دانانی لیژنەی ئەدەبی، دانانی لیژنەی واژە کە من لە هەرسێکیاندا ئەندامم و هەر وەهاش دانانی لیژنەی زاراوەکانی کوردی.

لیژنەی ڕێزمان حاڵی حازر لە کاری لێکۆڵینەوە و پشکنینی کتێبی ڕێزمانی کوردیی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی مەکتەب دایە بۆ هەڵسەنگاندنی پلەی ئەدەبیی کتێبەکە لە ڕوانگەی ناوەرۆکەوە و، ڕادەی لەبەرچاو گرتنی دەستووری نووسینی لە لایەن ڕێزمانەکەیەوە، ئەو کتێبە لە لایەن لیژنەیەکی شەش نەفەریی ترەوە نووسراوە و ساڵی ٢٠٠٠ لە مەکتەبەکانی کوردستان بە دەرس گوتراوەتەوە.

لەو مامۆستایانەی کە من ناویانم بە پێی لیستەیەک بۆ دیاری کردنیان لە کۆڕی زانیاریدا پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران کرد ئێستە دوو سێ کەسیان لە کۆڕەکەدا بەشدار کراون و، ئەوانی تر کە دانیشتووی هەولێر نەبوون نازانم داوای بەشدار بوونی ئەو کۆڕەیان لێ نەکردوون، یان خۆیان نەیانویستوە ئەو ئیشە وەئەستۆ بگرن و، لەبەری چوونەدەر.

دانیشتنی کۆڕەکە هەتا ئێستە دەتوانم بڵێم مانگێ هەر جارێک بوە، بەڵام ئەوەندەی هەیە نەبوونی جێگە و ڕێگە بۆ دانیشتن و ئیش کردنی جەماعەت شوێنی هەبوە بۆ کەم کاریی کۆڕەکە و هومێد هەیە بەو زوانە ئەو گیروگرفتەش نەمێنێ چونکە خانوەکە ئیشی لەسەر دەکرێ و پێوەن ئەشیای پێویستی بۆ دابین کەن وەک وەسیلەی پەیوەندی و وەسایلی پێشکەوتوی تر بەڵکو بکەوێتە سەر ڕەواڵی لێوەشاوەی خۆی.





مێژووی دانانی کۆڕی زانیاری یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پێشوو لە بەغدا کە ئەندامەکانی بە دوای هێندێک ڕووداو و تێکچوونەوەی بەینی شۆڕش و حکومەتدا لێک هەڵبڕان و تاق و واز کەوتن و نەتیجە کاری کۆڕ لە کردەوەدا ڕاوەستا و بەرهەمی پێویستی لێ نەدەکەوتەوە و، دانانەوەی سەر لە نوێی کۆڕ لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان نیازێکی رۆشنبیری و، ئەدەبی بوو کە حکومەت هەستی پێکرد و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری لەسەر دامەزراندنەوەی دا، هومێد هەیە لە داهاتوودا بەرهەمی بەکەڵکی بۆ کۆمەڵ هەبێ و، پێی بکرێ بۆ شوێنە فەرهەنگیەکانی دوورتریش پەڕ هەڵاوێ و سوود لە سەرمایە و ئەزموونی ناوەندە ئەدەبیەکانی ئەو گەلانەی تریش وەرگرێ کە لەوەدا ڕابوردووی کۆنتریان هەیە و کاری زیادتریان لەسەر کردوە.

لە بەهار و هەروەها هاوینی ساڵی ٢٠٠٠دا منداڵەکان دیسان لەبەر ناڕەحەتیی شەکری خوێن و زەغت و کار نەکردنی گورچیلە هاتوچۆی لای دوکتورانیان زۆر بوو و دەرمانی وەردەگرت و وا دەبوو دەرمانەکانی دەگۆڕی و دوکتورەکان بە منیان گوتبوو کە هەموو ڕۆژێ لە ماڵێ زەغتی خوێنی ئەندازە بگرم و بینووسم و دوایی بۆیان بەرم، دیارە لەگەڵ ئەوەش پارێزی توندیان بۆ دانابوو و هەر بەبێ ئەوەش خۆی کە لە مێژ بوو نەخۆشیی شەکری هەبوو پارێزێکی زۆر چاکی ڕادەگرت، وا بوو لە سەرەتای مانگی هەشتی دوو هەزاردا دیسان پێویستی بە دوکتور بۆوە و بردمە نەخۆشخانە لەوێ فەحسیان کرد گوتیان گورچیلەی زەعیف ئیش دەکا، گوتم خۆت حازر کە بچۆ بەغدا ئەوێ لێرە باشترە گوتی لە خۆم ڕانابینم بەو گەرمایە بچمە بەغدا هەر لێرە دەچمە لای دوکتور، لە نەخۆشخانە بە منیان گوت گورچیلەی زەعیف ئیش دەکا و، نەیانگوت ئیش ناکا و، ئەوەشیان پێ گوتین کە دوکتور (سامی ئاکرەیی) هەر لە هەولێرە و هەتا ئێستە چەند نەخۆشی وای چاک کردۆتەوە ناوی چەند کەسیان برد کە گۆیا ئەو چاکی کردوونەوە، بە کورتی منیش ئێوارێ نەخۆشەکەم بردە عەیادەی ئەو دوکتورە و لەوێ فەحسی کرد، گوتی: شتێکی وا نییە با دوو سێ ڕۆژێک لە نەخۆشخانە بێ و خۆم چاوم لێی بێ چاک دەبێتەوە، وەرەقەی بۆ کردین بۆ نەخۆشخانەی کۆماری کە لەوێ جێگەی پێ بدەن و سبەینێ بردمە ئەو نەخۆشخانە و لەوێ ژووریان پێدا، ئەو ڕۆژە دوکتورەکە لە شوێنێکی تر ئیشی هەبوو و نەهاتە ئەوێ و، نەیدیت، سبەینێ کە هات نەخۆشەکەی دیت گوتی: غەسلی گورچیلەی

دەوێ دەبێ گورچیلەی بشۆرێتەوە، لێم پرسی جا لە هەولێر دەکرێ؟ گوتی بەڵێ لێرە دوکتورێک هەیە دەینێرمە لای ئەو و پێویستی بە شوێنی تر نییە، منیش ئەوەم بە نەخۆشەکە گوت و چاوەڕوان بووم سبەینێ بێ و بینێرێتە لای دوکتورەکە بۆ شوشتنەوەی گورچیلە، ئەو ڕۆژە هیچ، ڕۆژی دوایی هات نەخۆشەکەی دیت گوتی: پێویست بە شوشتنەوەی گورچیلەش نییە و حاڵی باشە، ئەو شەو لێرە بێ سبەینێ با بچێتەوە ماڵێ منیش هەتا نیزیک نوێژی شێوان هەر لە لای بووم و نەخۆشەکەش لەگەڵ ئێمە جەفەنگی لێدەدا و پێ دەکەنی و هیچ نارەحەتی پێوە دیار نەبوو، کیژی براکەشی ئەو ماوە لە نەخۆشخانە هەر لە لای بوو و، ئەگەر ئێوارێ هەستام بچمە دەر گوتم چیتان دەوێ بۆتان بنێرم بۆ شەوێ نەخۆشەکە گوتی هیچمان ناوێ خواردنمان لە لایە و میوەش جێگەی نییە لێی دانێم و خۆشم سبەینێ دێمەوە پێویست نیە هیچ بنێری.

من وەدەرکەوتم هاتمەوە ماڵی و شەوێ سەعات چواری بەیانی تەلەیفون زەنگی لێدا ئەگەر هەڵم گرت هێرۆی برازای منداڵەکان بوو لە نەخۆشخانەوە قسەی کرد گوتی وەرە باجی ئامین حاڵی زۆر شڕە و، دەسبەجێ هەستام چووم دیتم زۆر نارەحەتە و هەرچەند دواندم و بانگم کرد جوابی نەداوە و، دوکتوری کێشکیش هەر لە هاتوچۆیدا بوو و دەرزی لێدەدا و ڕێژەی شەکری خوێنی ئەندازە دەگرت کە ئەو دەمە کە من لەوێ بووم ڕێژەی شەکری خوێنی بە جیهازێک وەردەگرت کە هەر هەتا شەش سەدی دەخوێندەوە و، ڕێژەکەی نەخۆش لە شەش سەد تێپەڕیبوو بەڵام نەیاندەزانی چەند لە شەش سەد زیاد ترە چونکە جیهازەکە نەیدەخوێندەوە و، هەروا لە حاڵی بێ هۆشیدا بوو کە سەعات شەشی بەیانی شەوی ٢٠٠٠/٨/٧ ئیتر بەداخەوە تەواو بوو و، ئەوجار خەریکی هێنانەوەی بووین بۆ ماڵێ و لە ماڵێش دوای حازر کردنی بەڕێم کردەوە بۆ ڕانیە کە خزم و کەسی لەوێن و توانیمان هەر هەتا نوختەی دێگەڵە سنووری پارتی و یەکیەتی لەگەڵ جەماعەتێکی زۆر لەگەڵی بچین بۆ بەڕێ کردنی و لەوێوە ئێمە هێندێکمان گەڕاینەوە و چەند کەسێکی تریش لە جیرانان کە دەیانتوانی بچنە ڕانیە لەگەڵی چوون و، جیا بوونەوەی ئەو ژنە کە نارەحەتی و ناخۆشیی لەگەڵ من زۆر دیبوو بۆ من زۆر گران تەواو بوو و، لە ڕۆژانی زۆر سەخت و نارەحەت و تەنانەت ترس و زەمانی شەڕی پێشمەرگە و حکومەتدا لە هەموو جێ لەگەڵم بوو و لەگەڵ من بوردومان کرا و هەر دەردی سەریەکی بەسەر من هات ئەویش





دیتی، بەڵام چارەنووس وابوو و لەوەدا هیچم لە دەس نەهات و دەبوو لێک جیا بینەوە.

هەر لەو هاوینەدا لە ١٨ هەتا ٢١ی مانگی ٩ فستیواڵێکی گەورە بۆ یاد و ڕێزی شاعیری ناودار و فەیلەسوفی کورد مەلای جەزیری لە شاری دهۆک لە هۆڵی محەمەد عارف جەزیری گیرا کە ژمارەیەکی زۆر لە رووناک بیران و نووسەران و شاعیران بە وتار و شیعر و لێکدانەوە لەو فستیواڵەدا بەشداریان کرد و، لە ڕوانگەی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سۆفیگەریەوە تیشکیان خستە سەر شەخسیەتی مەلای جەزیری و، بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی خۆی لەو فستیواڵەدا بە وتارێکی پوختە ڕێزی لەو کەسایەتیە گەورە کوردە گرت و لە کاتی دیاریکراودا میهرەجانەکە بە سەردانێکی ئامێدی لە لایەن ئامادەبوانەوە دوایی هات و، من ڕۆژێک پێش تەواو بوونی فستیواڵەکە لەبەر ئیشی تایبەتی خۆم گەڕامەوە بۆ هەولێر.

لە بیستەمی مانگی دوازدەیساڵی ٢٠٠٠دا کە بە هەڵکەوت مانگی ڕەمەزانیش بوو حەرەسەکان کە لە دەرکێ لە ناو کابیندا دەبن، یەکیان بەناوی (نەوزاد بەکر حەمەخان) سەعات دوازدە و نیوی پاش نیوەشەو کە من خەوتبووم و، کارەباش کوژابۆوە لە پەنجەرەوە بانگی کردم گوتی ئیشم پێتە کە هەستام دەرگام لێ کردەوە، گوتی: ئەوە دزێکم بە دەمانچەوە گرتوە هاتۆتە سەرمان و، لە ڕێوە کە هات گەفی لێکردین و گوتی: نەبزوون دەتانکوژم، منیش کلاشنکۆفم لێ سوار کرد و باوەشم پێدا کرد دەمانچەکەم لێ ئەستاند و نازانم بڵێم دزە یان پیاوکوژە؟ کوردیش نازانێ و، ئەو کاغەز و پەڕتوکانەشی پێ بوو لێم وەرگرتوە و، ئەوانیشی لەگەڵ دەمانچەکە تەسلیمی من کرد کە، دەمانچەکە چاردەخۆرێک بوو، بە تاریکی بڕێک لەو کاغەزانە ورد بوومەوە کە لێی ئەستاندبوو و هەموویان بە عەرەبی نوسرابوون، منیش گوتم لە ناو کابینەکەی کەن هەتا پارشێوێ کارەبا دێتەوە دەینێرم تەسلیمی ئاسایشی دەکەم بۆ ئەوە کە لەوێ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکەن.

پێشمەرگەکە دوای ئەوە کە دەمانچە و کاغەزەکانی تەسلیمی من کرد گوتی: ئێوارێش سەیارەیەک دوو سێ جار بە دەرکێدا هاتوچۆی کرد و هەر ئەو سەیارە نوێژی خەوتنانیش هاتەوە من ئیستم دایە ڕانەوەستا و، لەبەر ئەوە کە بەقسەی من ڕانەوەستا منیش تەقەم لێ کرد و، چەند فیشەکم پێوە نا و، ئەویش دەستی لە سەیارەکەی هێنا دەر و دوو سێ فیشەکی دەمانچەی بە منەوە نا و ڕۆیی، وا دیارە ئەو سەیارە هەڤاڵی ئەو دزە بوبن و

ئەویان لێرە دابەزاندوە و خۆیان ڕۆیشتوون.

ئێمە لەو قسانەدا بووین کە ئەفسەرێکی ئاسایش هاتە دەرکێ و سێ چوار کەسی تریشی لەگەڵ بوو دیار بوو بە دەنگی تەقەکەوە هاتبوون و چلۆنایەتیی ڕووداوەکەی بۆ گێڕانەوە و، دەمانچەی دزەکە و هەروەها ئەو کاغەز و پەڕتوکانەی لەگەڵ دەمانچەکە لێی ئەستاندبوو تەسلیمی ئەفسەرەکەم کرد و، پێش ئەوەی زابتەکەی ئاسایش بگاتێ دیار بوو دوو سێ قونداغە تفەنگیان لێدا بوو هەتا لە ناو کابینەکەیان کردبوو، ئەو دەم کە لەوێ ئێشی پێ گەیبوو گوتبووی لێم مەدەن من فلانە کەسم و ناوی خۆی گوتبوو و کە نوێنەری پەیوەندیەکانی حکومەتێکی هاوسێی کوردستانە و مەقەڕی لە هەولێرە. زابتەکەی ئاسایش لەگەڵ خۆی بردی و، دوایی بە ئێمەیان نەگوت چیان لێ کردوە و نوێنەری پەیوەندی حکومەتێک نیوە شەو لە دەرکی من چ دەکا و، بۆچی هەر لە ڕێوە هەڕەشەی لە حەرەسەکان کردوە، کە نەبزوون دەتانکوژم؟ و چۆنە ڕێی کەوتۆتە ئەو بەر دەرکە، چما ئێمە هێستری کەسمان ڕەواندۆتەوە؟!! بەڵام دیارە بەرژەوەندی گرینگتر لە گۆڕێدا هەیە.

پێش ئەو ڕووداوەش جارێکی تر لە جەنگەیەکدا کە حازر ببووم دەچوومە بەغدا، شەوێ دز هاتبوە ماڵێ و لە پێشدا لە دەرێ تێلی تەلەیفون و کارەبای ماڵێی هەڵبڕیبوو و، دوای ئەوە بەسەر دیواری حەوشەدا هاتبوە ناو حەوشە و شوشەی پەنجەرەی مەتبەخی کون کردبوو جا زانانم هاتبوە ژوور یان نا بەڵام هیچی پێ نەدزرابوو و، من کەسبەینێی ئەو ڕۆژە دەچوومە بەغدا منداڵەکان نەیانهێشتبوو بزانم و گوتبوویان هەتا لە بەغدا دێتەوە پێی مەڵێین و ئەگەر هاتمەوە پێیان گوتم شتێکی وا بوە، دیارە لەو کاتەوە حەرەسیاتم لە دەرکێ داناوە بۆ دڵنیایی زیادتر هەرچەند شارەکەش ئێستە زۆر لە جاران ئەمین ترە و ئەو شتانە زۆر کەم ڕوو دەدەن.

خوێنەری بەڕێز، ئەوە بەشێک لەو بیرەوەریانە بوو کە من لێر و لەوێ لە بیرم ماون و هەر یەک لەو بیرەوەریانە لەوانەیە وەخت و زەمانێکی زۆریان ویستبێ بەڵام لێرەدا بە کورتی و بە دوو سێ دێڕ تەواو بوون، بیرەوەری هەیە کە نووسینەوەی پێویست بوە و لە بیرم نەماوە، بیرەوەری هەیە کە لە بیرم ماوە و خۆم نایینووسم چونکە نە لە مستەوای نووسین دایە نە بە کەڵکی خوێندنەوەی خوێنەر دێ.





من نیوەی تەمەنم لە پێشمەرگایەتی و ناو مەقەڕاتدا تێپەڕیوە و، لەو بەینەدا سەدان جێگە و سەدان هەڤاڵ و هاوڕێم گۆڕیوە و، هەر یەکێک لەو هەڤاڵ و هاوڕێیانە دوو قسەم لەگەڵ کردبێ و، یان پێکەوە کەوتبینە هەڵوێستی مەترسی و بۆمباران کران و، یان گوللە تۆپمان بۆ هاتبێ ئەگەر نیوە و نیوە چڵێش بیاننووسم هێشتە دەبنە کتێبێکی تەواو و، ڕەنگە نووسینی ئەو شتانە هەر پێویست نەبن و، ئەگەر پێویست بن بیشیان نووسم دڵنیا نیم دەقی تەواوی قسەکە و هەڵوێستەکە بێ و گۆڕانی تێ نەکەوێ کە وا بوو نەبوونیان لە بونیان باشترە و ئەگەر ئەو دەفتەرە هیچ جێگەی بەتاڵی مابێ لە جیاتی ئەو وردەواڵە شتی پێویستتر هەیە بیکەمە پاشکۆی ئەو نووسینە و هەتا ڕادەیەک فکری خۆشم لەو لایەنەوە ئاسوودە کەم هەروەک دەزانین من لە مێژنیە دیوانی شیعرەکانم بۆ جاری دووهەم لە هەولێر پایتەختی کوردستان چاپ کردوە و، دوای چاپی دووهەمی هەتا کاتی نووسینی ئەو دێڕانە چەند پارچە شیعری ترم گوتوە کە لە چاپی دووهەمدا نین و، دیارە بۆ ئەوەندەش کە هەموویان بیست لاپەڕەیەک ڕەنگە بێن ئیمکانی چاپی سێهەمی دیوانەکەشم نییە لەبەر ئەوە ئەگەر بیرێک بۆ چاپی ئەو شیعرانە نەکەمەوە و بۆ ڕزگارکردنیان لە مەترسیی لە ناوچوون لە دەرفەتێکی وادا لە قوژبنێکیان نەپەستێوم و هەر وا بە پڕش و بڵاوی و بەدەسنووس لێرە و لەوێ بمێنن ئاخری تێدا دەچن و زەحمەتی من بە فیڕۆ دەچێ، جا لێرەدا دەڵێم کارێکی کەس نەکردوو بکەم، یانی ئەو شیعرانەی نەکەوتوونە چاپی دووهەمی کاروانی خەیاڵ بیانکەمە پاشکۆی ئەو بیرەوەریانە و ئەو خەمە لە کۆڵ خۆم کەمەوە کە ئەویش بەبێ ئیجازەی خوێنەری خۆشەویست نابێ، جا دوای ئیجازەکە تۆش خوێنەری بەڕێز سەرپشک بە: حەز دەکەی بیرەوەریەکان بخوێنەوە و لە شیعرەکان گەڕێ، حەز دەکەی شیعرەکان بخوێنەوە و لە بیرەوەریەکان گەڕێ، حەز دەکەی بیرەوەری و شیعرەکان پێکەوە بخوێنەوە و هیچیان بەجێ مەهێڵە، من بەهەر سێک لا ڕازیم هەر بەو شەرتە تۆی بەڕێز ناڕازی نەبی. ئیتر چیی تر لە دەست من دێ؟ جا فەرموو ئەوجار ئەوە تۆ و ئەوەش پاشکۆی بیرەوەری:

# دیسان کۆست

من سەرم سوڕماوە بۆ لەو شارە کەس پێ ناکەنێ
گەنجی ئێرە چۆن بناغەی خۆشەویستی دادەنێ
کاخ و کۆشکی بەرزی تێدا زۆر و زێڕی بێ ژمار
بۆ هەژار و ڕووت و برسی کەس دڵی ڕاناچەنێ
مەردی مێرخاس و چەلەنگ پاکی کەساسە و گۆشەگیر
هەر هەتیوەی هیچ نەدیوە خۆی لە جادەی ڕادەنێ
قارەمانە گەرچی پێشمەرگە بەڵام لەو ناوەدا
تا برای خۆی پێ نەکوژن ئافەرینی ناکەنێ
ڕایەڵ و پۆی شاعیرانەی من بەجارێ تێک چوە
بۆ (سەلاحەددین)*ی واژەم وا دەگێڕن شیوەنێ
من لە کەس نەمدیوە ئەو خوێن خواردن و خوێن ڕشتنە
جا مەگەر کێوی و دڕندەی لێڕەوار و بەندەنێ
بۆتە گاڵتە چارەنووسی گەل خوایە کەی دەبێ
تێگەیشتن بێ ڕەگ و ڕیشەی نەزانی هەڵکەنێ
قافیە وا تەنگ نەبایە (هێدی) ئەوڕۆ دوور نەبوو
بێ لە مەیدانی ئەدەبدا تێپەڕێنێ کەوشەنێ

هەولێر-گەڕەکی برایەتی ٩٧/١١/١٩

* سەلاحەددین کوڕی شێخ مستەفای زینوێ کە لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بوو.





# یادی نەمران

لە چەق و چۆی جودایيدا — لە قوژبنی تەنیاییدا
دەورەم پڕ لە ڕمۆزن و خێو — دیوار شکڵی دزێو دزێو
جێگەم چاڵێکی بەر تەنگە — ژیانم ماتە بێ ڕەنگە
کۆمەڵێک تارمایی نامۆ — پەرژین بەینی من و تۆ
بە منی نەکرد کۆنە هەڤاڵ — زیز بوو بەجێی هێشتم خەیاڵ
بینایيشم هەر لەو ساوە — لەگەڵ تۆ چوو نەگەڕاوە
بێگانە دەرگای گرتوە پێم — خۆبی ڕۆیوە نایەتە سوێم
پیلانیان ناوە ڕۆژ و شەو — هەر ئەو جێی بەتاڵ کرد بۆ ئەو
تەمەنیان بردم بە تاڵان — هاکا گەیشتمە هەڤاڵان
یادێکی پیرۆزم بەسە — ڕزگارم کا لە وەسوەسە
یادێکی دڵخواز و شیرن — هاوسەنگی بەهاری هێمن
سەرەتای نەشئەی مەستی بێ — بەس باسی خۆشەویستی بێ
یادێک یاری تێدا دیار بێ — وتەی ناسک شیعری سوار بێ
واژە بینە گوڵ بارانم — ئۆخژنێ بخەنە گیانم
بۆ ئیلهامی شیعر و هەڵبەست — بۆ وەدەست هێنانی مەبەست
بۆ بچمە ناو دەریای بێ بن — ڕێی دوور بۆ وەبەر خۆ دەم من
بۆ هەڵوەدای شار و کۆ بم — با دەستە و داوێنی تۆ بم
چونکە دەردی من لە تۆ ڕا — کە تۆم دی حاڵی من گۆڕا
تۆ هاوارت کرد: کوردستان — کوردەواریت لە خەو هەستان
تۆ ئەو وشەت خستە زارم — ئێستە پێوەی گرفتارم
کەی من پێش تۆ سەودام لێ بوو — بێ تۆ من خولیام لە کوێ بوو

تا لێم وەژان نەهات برین    قەڵەم کەی وەراندی ئەسرین
بۆتۆ نەبی باوکی نەمر    من کەی شیعرم کردە سیحر
تۆ بووی هاتی بوویە پیرم    چوویە ناو ئەندێشە و بیرم
من بێدڵ و نا شارەزا    ئەگەر جازیبەی تۆ نەبا
بەو دوو سێ وشە پەتییە    کەی دەمزانی ئەڤین چییە
تۆ ئەو ڕێیەت نایە بەر پێم    هەموو ڕێی دیت دابڕی لێم
تۆ یاسای ژێر دەستیت شکاند    تۆ دەستت لە دوژمن وەشاند
گوتت: با سەر لەسەر دار بێ    بەڵام کوردستان ڕزگار بێ
لێت وەکو بوون مێری ئازا    کۆسەی خەنجەران ترازا
گوتت: بۆ هاوڕێی من نابێ    کەسێک هیوای بە ژین مابێ
هەزاران ڕووداوی بەر چاو    داستانی تۆمار کراو
لە کردەوە و لە کارەسات    هەرکەس لە لایەکرا بۆی هات
زۆر ڕاسان و لەسەر وەشڕا    هیچ کەس هیچی پێ نەگوترا
کەس پەی بە ڕازی تۆ نەبرد    هەرکەس گومانێکی لێ کرد
هەرکەس بە زمانێ لێت دوا    بەڵام ئەفسانەی تۆ هەر ما
منیش وەک ئاوێنەی شکاو    وێنەی تۆم پێیە و ناتەواو
بەڵام «هێدی» دڵنیایە    هەتا دنیا بە دنیایە
کەس ئاوێنەی وا ناهێنێ    بەژنی تۆ تەواو بنوێنێ

***

دڵ ئەوڕۆ دەبوو ڕاوەستێ    دەرد هێند زۆرە پێی ناوەستێ
لایەک تونیەتی دەمکوژێ    لای دی پیاڵەم لێی دەڕژێ
نەشی درکاند زمانی لاڵ    شەرمەزار بێ لە من و خەیاڵ
نە زانیان دڵم چی تێدا    نە ناڵەم کەس ئاوڕی وێدا
تۆ قەسیدەی ژینی کوردی    پڕ لە ڕەمزی، بەرزی، وردی
سەرنج لە دیدە دەستێنم    ئەوەندی تێت ڕادەمێنم





نوختێکی تر هەڵناگری    تۆ شا بەیتی جەواهیریی
بۆ نەخشی تۆ لە ڕابوردوو    کە نەشتوانم ببمە مێژوو
دەبمە فەرهادی کۆهکەن    لەسەر بەرد بە بەردی وەتەن
ناوی شیرنی (مستەفا)    هەڵدەکەنم جودا جودا
تۆ سەروەری بێ ئەگەری    دروست بووی بۆ ڕێبەری
تۆ نە فریشتەی نە هومای    ئەرکی پیرۆزتریان پێدای
تۆ نە هەتاوی نە نووری    تۆ لە ئاوا بوون بە دووری
تۆ بەس (بارزانی مستەفا)ی    لەگەڵ هەموو عالەم جودای
بەڵام چون ئاوێتەی گیانی    لەگەڵ گیانی من جودا نی
تۆ قارەمانێکی کوردی    کورد پشتیوانیی لێ کردی
خۆت بەو پایە بەرزە گەیاند    لە ناودارانت تێپەڕاند
دیدە بێ و بە تۆ هەڵنەیە    ئەو دیدە عەیبێکی هەیە
دڵ بێ و بەتۆ ئاوا نەبێ    کەلاوەی وا هەر با نەبێ
بۆ پەسنی تۆ لاڵ وەزمان دێن    قەڵەم دەسوێن وە ئامان دێن
ئیتر من چم؟ چما من کێم؟    بێم لە گەورەیی تۆ بدوێم؟
نازانم من خەونم دیوە    هاتیم بەسەردا باریوە
یان تۆی (هێدی) هەڵدەبژێری    یادی خۆت بەوی دەسپێری

***

ئەوڕۆ لە جەمعی یاراندا    لە بیرەوەریی نەمراندا
لە باوەشی کوردستانا    لە کۆڕی کورد پەرستانا
بڵێ چرای دڵ خامۆش بێ    ئەگەر (ئیدریس) فەرامۆش بێ
وەرە ئازیز هەر وەک جاران    ببە نەسیمی بەهاران
ئۆگری تۆ بە ئەسپایی    دەگرین لە دەردی جودایی

| | |
|---|---|
| له یادی تۆدا واژه دێن | له دەورەم تێکەوە داوێن |
| هەر باسی کۆچ هاته نێوی | وێکرا سەریان لێ دەشێوێ |
| ئاڵۆز دەبێ هەودای خەیاڵ | نه وشه جێی خۆی دەگرێ نه خاڵ |
| نامەی من بۆیه خاڵییه | شایانی تۆ هیچم نییه |
| شیعریشم وەک خۆم دڵ پڕن | پیت و واژەم تێک دەخوڕن |
| تاسەی تۆ کەوته ناو بەستەم | چریکەم بوو بەلاوکی خەم |
| وەره دوور مەکەوه له من | مەبه هۆی هاوڕێ شێواندن |
| هەر چاوه و بۆته سەرچاوه | تۆ پێ بنێ سەر ئەو چاوه |
| که چاو لێڵ بێ و پێ نەزانێ | تۆ منەت لەسەر من دانێ |
| له هەوڵی ڕابوردوو چەندێ | له بڕیاری مێژوو بەندێ |
| بەسن بۆ بەرزیی ناوی تۆ | تا دنیای مابێ ماوی تۆ |
| (هێدی) پەژارەی تۆ چییه | خۆ بارزانی مەرگی نییه |

یاد و ناوی جاویدانه
هەر شانازیی کوردستانه

***

هەولێر- گەڕەکی ئەفسەران ۹۸/۲/۱۹





# یادی تۆ بابی سەروەرم

| | |
|---|---|
| له گوێم زەنگی قافڵه دێ | دەڵێن کاروان کەوتۆته ڕێ |
| دەنگی خۆش دێ ئاهەنگی ژین | بابێ تەنگ هەڵچنێ به شین |
| ئەو ئاهەنگه با کەم نەکا | کەس ئەوڕۆ باسی خەم نەکا |
| خەیاڵ هێنده پەڕ هەڵناوێ | ئەوڕۆ ورد باوێ هەنگاوێ |
| وشەی تەره بێنەوه لام | ببنه قاسید ببنه پەیام |
| بێنه کۆڕی خۆشەویستی | دڵ به گەرمی سەر به مەستی |
| بێن به شێوەی ئەڤینداران | ڕامووسن دەرک و دیواران |
| ببنه پارسەنگ بۆ وەزن و کێش | وه هاوار خەن دەفەی دەروێش |
| ببنه دیاری لەو دیاره | بۆ کور چەک بن بۆ کچ گواره |
| بولبول بڵێ بێ خۆی ڕانێ | من به زمانێ ئەو به زمانێ |
| هەتا کەی شێوەن بۆ گوڵێ | چەند به یاری خۆی هەڵدەڵێ |
| سروشت ئەو سامانەی پێدان | پیری عیشقن گەرچی ساوان |
| بابێ به چەند بەستەی به سۆز | ئاگر دا ئەڤینی پیرۆز |
| هەتا دەست له گیان هەڵگرم | تابۆ گراویی خۆم بمرم |

***

| | |
|---|---|
| بیرۆکەی خۆم ماڵی ئاوا | پەکم ناخا ڕۆژی ئاوا |
| زۆرم دیوه نیوه شەوێ | خەیاڵ تەنیا ڕێ دەکەوێ |
| نه زووی دەزانێ نه درەنگ | نه ڕێی دەگرن کۆسپ و ئاستەنگ |
| پەیام دێنێ و وەڵام دەبا | ئەو چالاکتر له بای سەبا |
| هەر ئەو کوردی به هاتو چۆ | پیت و وشەش دەکەونه خۆ |
| گەر من دەکەومه تەنگانه | بیریش وەک من پەرێشانه |
| هەر کەس بەردێکم پێدادا | ئەو داوێن دەکا به لادا |
| قەڵای کێ گرتنی دەوێ | دانامێنێ له منی کەوێ |

ڕازی زۆر سەیری تێدا بیر          بێی هەڵناکەن شا و و وەزیر
نە وەک نەسیمی بەیانە          نە وەک تەوژمی تۆفانە
تاوێکی هومای پیرۆزە          دەمێ کەڵافی ئاڵۆزە
تووڕە بی لێت وەبەر دێنێ          تۆ مات بی ئەو دەتبزوێنێ
هەم سەرکردەی مەیدانپەرست          هەم فەرمانبەری گوێ لە مست
بێ هەیکەل، بێ شان و باهۆ          بارێکی گران لە ئەستۆ
پێ دەکۆشکی هەرکەس دەنێ          کارێک ناکا کەس ڕاچەنێ
جێیە بەستەزمان و کلۆڵ          لە جێیە زۆرزان و پیتۆڵ
دەرگای سەرایان داشخرێ          ڕێی هاتوچۆی وی ناگرێ
دەمی گۆمی گەمی خنکێن          تاوێ ڕووباری کەف چڕێن
بەڕاستی ئەو بیرە چییە          وا خەڵک گیرۆدەی وییە
ئەو چییە با هەبێ بەڵام          من ئیتر لەوە دڵنیام
خەیاڵ کەحێلی بەزینە          خەیاڵ چەکی ڕاپەڕینە
بیر لە دەریا بەرینترە          لە دڵداری شیرنترە
بیر نە ڕووبارە نە گۆمە          سەرچاوەی هەڵبەستی خۆمە

***

مەڕوانە بە ئەژمار کەمن          گەلێک ڕاز لە ناو بەستەمن
ئەگەر بێچووی کەم تەمەنن          بە دایک و بابن ڕەسەنن
چون لە ئەڤین دەکەونەوە          هێند گەرم دێن سوور دەبنەوە
هەستن، ژانن، دەردی دڵن          نازن، خەمن، تەزوون، کوڵن
بە بڕگە و بەژن ئەگەر کورتن          بۆ پاراوی تەڕ و تورتن
فریشتەی بێ دەمامکن          چەندی بڵێی دڵ ناسکن
یاخوا کەس وا هەڵنەزەلێ          لە گوڵ کاڵتریان پێ بڵێ
ڕەمزێک هەیە لە وتەی مندا          خۆ دەرناخا لە گوتندا
لە وتەی تر گەر جیاوازن          بەو ڕەمزە بەرزەوە شازن





(هێدی) بەس وشە سوار دەکا          ئەو ڕەمزەیە هاوار دەکا
کەی هەودای بیر بوو بە گرێ          تەنیا بەو ڕەمزە حەل دەکرێ
هانای چاکە بۆ داماوی          جا چ خۆی بێ و چ ناوی

***

پاییز بۆ من وەرزی خەمە          گوڵیش پاییز بزەی کەمە
زریان دەیکاتە تۆز و تەم          لێم دەبێتە شمشاڵی خەم
دار بێ پەلک، پەلک بێ دار          ڕەنگ پەڕیو و زەرد و بێزار
لاو لاو توانای نیە هەستێ          پشتێنی سەروێ ببەستێ
باڵندە هەرچەند ئازادن          کە پاییز دادێ ناشادن
پەیامی پاییز لە ڕێوە          هەر هات و پەژارەی پێوە
دڵی سارد پاوانی تۆیە          وەرە چاوەڕوانی تۆیە
یادی تۆ با بێ سەروەرم          بێ گیان بێنێتەوە بەرم
یادی پیرۆزی تۆ هەلە          ڕۆژی خۆڕانانی گەلە
کورد ئەوڕۆ دیسان هەڵدەستێ          پەیمانی وەفا دەبەستێ
دێ بۆ دوو نەمری لە دەسچوو          مۆر دەکا لاپەڕەی مێژوو
ئەوڕۆ ئەرک گران دەبێ          زمان تووشی گیران دەبێ
ئەوجار خەیاڵ ڕووم تێ دەکا          ژانی شیعر دەس پێ دەکا
دەبزوون خۆشەویستی و وەفا          بەرەو (بارزانی مستەفا)
بەرەو ڕێبەری کوردستان          ڕووگە و پیری کوردپەرستان
سەربەرزی خۆ بەخت کردو          کوردی لە وەستان نەهاتو
چبکەم لەگەڵ جەوری گەردوون          هەموو ئیشی بەراوەژوون
بەری ڕۆژ دەگرێ بە هەورێ          تەم دێنێ دنیای پێ دەگرێ
شۆڕە سواری هەڵدەدێرێ          گەنج بە کەلاوەی دەسپێرێ
ئاش دەگێڕێ بۆ نەزانی          زاناش سەرگەردان بۆ نانی

هەر بە یاسای خۆی کرد سروشت — هەر گەنجی‌برد هەر مەردی کوشت
هەر لە نادر تا گیو و توس — کێی وەپاش خۆیدا چارەنووس

***

سەربازی ڕێی سەربەخۆیی — سەردارێک بوو هات و ڕۆیی
بڵێ هەتیو ژێر نەبنەوە — نازداری لە بیر بەرنەوە
شیوەنی وان بەدڵ و داو بێ — با شایستەی لێقەوماو بێ
پێشمەرگە سەر وە بەردی کەن — بارزانی بە خەو بەدی کەن
با کەس وەخۆی نەگرێ سەنگەر — ژەنگ هەڵێنێ دوخی خەنجەر
کەس لە مەیدانی مێرانی — ئیتر چەک نەکاتە شانی
کوردپاراستن با هەر بەو بێ — ئەو شانازیە هەر بۆ ئەو بێ

***

ئەورۆ من مەست و قەڵەم مەست — مەستێک مەستی‌کەوتۆتە دەست
خوایە تۆ بکەی ئەو مەستانە — ئەوەی بڵێن کە شایانە
کۆیلەی تۆ کردی بە گرۆ — لە مەڕ هێمای سەرووەریی تۆ
بێ هەنگامەیەک بەرپا کا — دیتی زانست تێی بڕ ناکا
گیان دەردەچێ بۆ دیداری — تا دەتبینم ساڵێ جاری
ئاخ ساڵ هەر ڕۆژێ یان دوو با — ئاخ ڕۆژ وا گران نەچووبا
هەتا ویستم تۆ بدوێنم — حەز دەکەم فەرهەنگێک بێنم
بەڵکو واژەی وای تێدا بێ — بۆ کەسی تر نەگوترابێ
وشێک بێ پەیام هەڵگر بێ — ئەو لە کورنش بە زمانتر بێ
وشێک بێ پڕ لە سەودا بێ — گشت هەستی منی تێدا بێ
واژێک لە هیچ کوێ لانەدا — هەتا دەگاتە بارەگا
هەتا دادەمرکێ تاسە — هەتا گڕ دەگرێ حەماسە
سەر بەرێتە بەر پێی ڕێبەر — تا سایەی ویم بێتەوە سەر

***





ئەو شتەی ناویان ناوە هەست — وا زاڵ بوە لەسەر هەڵبەست
سەر ناباتە سەر لاپەڕێ — لە ڕەگی شیعریش دەگەڕێ
ئەو دەم دڵ جێی خۆی کرد بەتاڵ — کێشەی من کەوتە دەس خەیاڵ
هەر نوختە و خاڵی هێنا و برد — ئاخری هیچی بە هیچ نەکرد
یان وشەی پێ بوو مات و کڕ — یان ڕستێکی پچڕ پچڕ
هەرچەندی کاروانی ڕا بەست — وێنەی ئیدریسی نەدا دەست
جا پێوەم شێوازێ بێنم — نازی شیعری پێ بشکێنم
بسووتێنم باڵی خەیاڵ — نە پەڕی پێ بێڵم نە باڵ
تەرمی ئەلف و بێ بنێژم — ئەوجار پەیکەری داڕێژم
پەیکەرێکی بەژن تەواو — سەد ئەوەندەی شیعر بەرچاو
نە هەتاو کاڵی کاتەوە — نە بارانیش بیشواتەوە
پەیکەرێکی وێچوو تەرز — سەر بەرز و سەرچاوە بەرز
لەناو گەلی سەران سەروەر — سەرتاپای گیانی هەر جەوهەر
لە دیمەندا شێری پرچن — سەودا لە ناو خوێنیدا ون
هەڵکەوتووی کەم وێنەی سەردەم — بەس گیانێکی لە (ئیدریس) کەم
هەتا چیتر تاسە و تەزوو — لە لەشمدا نەگرن چزوو
تا بێتەوە لای من و تۆ — بێتەوە زێدی سەربەخۆ
بێ دیسان بسووتێ وەک شەم — تەمەن بخاتە سەر بەرهەم
با بێ گیان لەگەل بخوازێ — بێ کوردستان پێی بنازێ

***

نەوەک لە دوا ڕۆژدا هەبێ — مێژووی وەک من لەبەر نەبێ
نەزانێ بارزانی کێ بوو — پەیامی بۆ گەل چ پێ بوو
با بێ گوێی لە دوانی من بێ — میوانی دیوانی من بێ
بێ تا مێشکی وا باخنم — پێی نەبێ بڕوا لە کنم

سەر بەرێتە سەر ئێخەی خۆی    تا شـــۆڕشـــان بژمـــێـــرم بۆی
لە کـــــارەســـــات و لە ڕووداو    وێنەیەکی بێنمــــــە بەر چاو
کـە دەست بە دەست و زار بە زار    بڕوا پڕ کـــــا شـــــار و بـازاڕ
چۆن بە بۆمـبـا و گـوللەی گـەرم    لێک دەهالآن گـــۆشت و چەرم
چۆن قـاچی ڕەش و پیلی ڕووت    قـــەتاریان بۆ دەکـــرا تابووت
کـەی بوو گـوللە تۆپ بەبرەو بوو    شـانی هێـســتـران جـدەو بـوو
لایەک فـــڕۆکــە و بۆمـــبـــاران    لای دی قـــورمـــە و توربێنی نان
چبـــوو ئەو هێـــزەی دابوو بەو    شـــۆڕش ئەڤین دەیکرد یان ئەو
لـەپـاش دیـرۆکـی چـوار چـرا    چۆن ئـەرکی وی دیـاری کــــــرا
بـوو بـە پـەرچـەم داری بـاوان    بۆ داهاتوو ســـورمـــەی چاوان
کـەی ئاگـری بلـێـسـەی سـەند    نە گـیـانـی ویست نە بەرژەوەند
بەسـەر چەند کـۆسـپـدا زاڵ بوو    وا بۆی لە ئەسـتـۆ دا مـێـژوو

چۆن نـاوی ئەو قـــــارەمـــــانە
بـوو بە ســـــرووودی زەمـــــانە

***

هەولێر- گەڕەکی ئەفسەران
١٩٩٩/٢/١٧





# بێ سنوور

ئاه و ناڵەی دەردەداریمە لە سـینەم سـەر دەکـا
ژانە هەڵناکـا لەوێدا ڕوو لە نێـو دەفـتـەر دەکـا
دڵ بەڵا وای دەورە داوە خـۆی زمـانی ناگـەڕێ
دێ پەنا بۆ شیعری من دێنێ خەمی پێ دەر دەکا
من لە دەس ئازاری پیری لەو کەلاوە دەچمە دەر
یادی گەنجی دێ لە سەحراش قوڕ بەماڵم وەردەکا
مـاڵی خەم ئاوا کـە چاوی لێمە ئەوڕۆ ئەو نەبێ
کێ لەسەر پەڕتوک و، جەستە و، بیری من سێبەر دەکا
من دەڵێم وا باشـە تەفـرەی تۆ سنوورێکی هەبێ
بۆ من ئەو چیـــرۆکی ئاوی ژین و ئەسکەندەر دەکـا
ڕازی هێند لێ ئاشکرا کردم خەیاڵم خسـتـە بەند
ئەو لە گـرتووخـانەکـەشـدا هێـشـتـە هاوار هەر دەکـا
سەر وەبەر کەس نایەنێ (هێدی) بەڵام بۆی هەڵکەوێ
چۆڕی ئاوی دیدە دێنێ و، سـەر وەپێی ڕێبـەر دەکـا

٩٩/٤/١٥: هەولێر گەڕەکی ئەفسەران
٧٨/١/٢٤ هەتاوی

***

# گراوی

خۆشەویستی دەرد و ژانی بێ ژماری پێوەیە
مەینەتی چۆل و چیا و، ڕیسوایی شاری پێوەیە
دوور دیارن ئەو کەسانەی عاشق و سەوداسەرن
ڕەنگ و ڕۆیان مۆری غەدری ڕۆژگاری پێوەیە
جێی وییە سەر هەر دوو دیدەم بۆیە هەر لایە دەچم
دار و دیواریش دەبینم نەخشی یاری پێوەیە
نەک نیگام سەر هەڵگرێ بۆ سەر گوڵی تر سەربەخۆ
چاوی من لە جیاتی پیلو پەردەداری پێوەیە
هەر لە بەژن و، بسک و، هەنیە و، گەردنی تا خاڵی ڕووی
پاکی بەڵگەی قودرەتی پەروەردگاری پێوەیە
نەمرێ وەستای گوارەکانت بەو زریزە ناسکەی
شاهکاری کردوە هێندی وردەکاری پێوەیە
سور دەزانم لەو قەرارە ڕۆژێ فیتنە ساز دەبێ
گەر دەبینم مانگی چاردە فیسی لاری پێوەیە
ئاشکرایە نازی گەر دەڕوا ڕوانینی بەڵام
چەند ئەوەندەی نازی ڕازی نادیاری پێوەیە
شیعری من بۆنی گراویی لێ دێ (هێدی) مەست دەکا
جا کە خۆی بێ چی بەسەر دێ سەد بەهاری پێوەیە

هەولێر – گەڕەکی ئەفسەران: ٩٩/٦/١٥

***





## بەناوی خوای تەنیا
## بە یادی قارەمانانی نەمر

ڕوداو دێن بیرم بەش دەکەن     دەردیش جێی خۆیان خۆش دەکەن
ئاگری دڵ و سەودای سەرم     دەمتوێننەوە نەرم نەرم
نە چارەی دەردم پێ دەکرێ     نەگیانیش بەرگەی ژان دەگرێ
دەردیان کردۆتە بەهانە     سرووەدەی خۆم لێم نەبانە
شیعری سواری پەیامهێنەر     ئاڵۆز دێن و بێ سەر و بەر
ڕێ دەرناکەن وشەی جوان     دێن و ناگەنە سەر زوان
تیپی واژە کە ڕابوردوو     چاویان لە فەرمانی من بوو
ئەوڕۆ گەر ئاگرم بەردەنێ     ناگەنە کوڕی شێوەنێ
وتەم گەر پوختەن گەر خاون     لە سینەمدا قەتیس ماون
لە پێ کەوتوە نامەبەر     کێ ڕازی من بەرێتە دەر
جا فەتا بێ یان سەودا بێ     خۆ خەم لەوەی پتر نابێ
تاڵی و، کەسەر و، برک و، ژان     بێ کەسیش سەرباری هەموان
نازانم چۆنە هەڤالان     سەرانسۆیم ناکەن وەک سالان
خۆ من هەڤاڵم گەلێکن     مەرد و ڕەند و ڕێکوپێکن
دڵاوان و، ڕاست و، دڵسۆز     بە هەڵوێست و بڕوا پیرۆز
ڕۆژی ترسێ سەر فیدا کەن     هاوڕێی خۆیان لە بیر ناکەن
کوانی (حسۆی دۆڵەمەری)     وێنەی شازی دلاوەری
کوڕی گەل کوڕی بە وەفا     پەروەردەی زانکۆ مستەفا
سەرکردەی ئازای لێهاتوو     لە کڵی شۆڕشان دەرکەوتوو
بۆ دۆست دۆستی مان و نەمان     لە تەنگانەیدا قارەمان
سروشت بەرزی هەڵۆ شێوە     گشت جێی مۆری شەرەف پێوە

کردەوە دیار و برین ون    سەرتاپای ئەندامی کون کون
سەری ئاکرێ، شوش و شەرمن    دینارتێ، شێروانی مەزن
مەیدان مۆریک، سەری بەردی    حسۆیان دی هەر بە مەردی

***





# سەعید ئەحمەد نادر

دڵ بۆ سەعید ئەحمەد تەنگە    بەینێکە لای ویم بێ دەنگە
نە ئەو لە بیری من دایە    نە تاسەی من لەو جودایە
بڵیمەتی خاوەن فەرهەنگ    شۆڕشگێڕی بە نرخ و سەنگ
پارتیزانی بێ سرەوتن    دۆستی گەل و کۆسپی دوژمن
هەر چەکێ بووی وەکاری خست    چەکی شانی و چەکی زانست
نەک هەر چەک لێی دەوەشاوە    چەک خۆی هەر بەو دەڕازاوە
ئێستەش ماوە پردی ڕێزان    شەڕگەی کوردستان پارێزان
ئێستەش ئەگەر بوو بە تۆفان    بوو بەبریسکە و گرمەی هەوران
بوو بە تەقە، بە هات و هەو    (سەعید ئەحمەد)ی دێتە خەو
چەم ئەوە دەڕوا بۆ ساڵێ    ئێستەش هەر دێ و بۆی دەناڵێ
یادی ئەودەم هێور و مەند    پارێزی لە وتارم ئەسەند
وەک واژەکان بێ هەست و خوست    گوێی لە ناڵینم هەڵدەخست
لە ژێر بەیداغی بارزانی    پێکەوە موکری و شێروانی
پەیمانێکی وایان هەبوو    بۆ یەک سەریان پێوە نەبوو

***

# حاچک چەمی

شان بە شانی کزەی شەماڵ　　بۆ لای حاچک دەکشێ خەیاڵ
نەوەک کۆسپ بخاتە ڕێم　　لە ڕووداوی کۆن دەگەڕێم
دەڕۆم دەڕۆم بەرەو گڵکۆی　　هەزار درووود دەنێرم بۆی
یادی ساڵی هەوەڵ دەکەم　　تەنیا هەر شەمێ هەڵدەکەم
کوڵ و کۆی خۆم هەڵدەڕێژم　　ئەوانیش لێرە دەنێژم
کەس لە خۆڕا دەرناکەوێ　　مێرانی کەرەستەی دەوێ
سەری بەرز فیدا کردن　　تاڵی چێشتن لە گیان بوردن
چ مەیدان و، چ ڕێ پێوان　　دەریانخست غیرەتی پیاوان
چیای پیرس گەرووی نەهلێ　　کۆن و لە مێژینەن گەلێ
ئەوان چیرۆکیان زۆر پێیە　　باش دەزانن (حاچک) کێیە
کەی بێ ئەزموون بوە مێرێ　　سەرۆک سەری پێ بسپێرێ

***





# حالی دۆڵۆمەری

بە دوای پەیکیدا دەڕوانم　　هەواڵی (حالی) بزانم
پەژارە وای دەورە داوم　　دیمەنی دێنمە بەر چاوم
خەیاڵ زۆر جار وێنەی دێنێ　　بەڵام تاسەی من ناشکێنێ
تا تەقە مابێ لە چیادا　　خۆ ئەو سەنگەرێ بەر نادا
هەر گەل شۆڕشی نایەوە　　تۆپی وی دەنگی دایەوە
گوللەی وی نەیاری تەزاند　　کۆشکی ڕووخاند قەڵای ڕماند
بۆ دوژمنان ئەو لە گۆڕەز　　کردیە مەرگی بە هەرەوەز
هەر لایە ئەو دابایە بەر　　تێکەڵی دەکرد قاچ و سەر
سەر لە خاوەن سەر شێوا بوو　　ئەوەی سەری پێوە مابوو
ئەو وای کرد لە شەڕی کۆڕێ　　ڕەوەندی شەڕێ بگۆڕێ
عەسکەر چەکی شۆڕ کاتەوە　　دەبابە دەست نەکاتەوە
بێتو (حالی) هەڵسەنگێنم　　دەبێ سەنگی خۆی زێڕ بێنم
دەمگوت بیری دەبیر دەکا　　نەمزانی من لە بیر دەکا
نەمزانی لای مەی بەرداوە　　پەیامێکی لێم وەچاوە

***

# عەمەراغا دۆڵەمەری

هەر چەند کات زوو دێن و دەڕۆن     شەوگار لە من بەکاوەخۆن
ڕاز و نیاز تێکەڵ دەبن     من بیر دەبزێوم بیر ئەمن
لاپۆرە جێ دەکەن بەتاڵ     هەر دەمێنین ئەمن و خەیاڵ
هەردووک سوێندی وەفا دەخۆین     دەستی یەک دەگرین و دەڕۆین
بۆ شوێنی بە ترس و حەستەم     بۆ ڕژد و هەڵدێران کەم کەم
لەو دیوە و دیوی کوردستان     بۆ سەنگەری کوردپەرستان
بۆ (قارەوا)ی ئەودیو جارێ     بۆ (مامەشا) بۆ (گۆجار)ی
بۆ (هەلەج)ی مەرگەوەڕێ     تا دیدە تێر تێی بگەڕێ
دەچمە سەر ڕووباری (ئاراز)     سەر دادەنێم بۆ بەردەباز
(شوش) و (شەرمن) (گردی ڕەمکان)     (گوندی مریبا) لە شەمکان
(لە ماخۆ بزنە) و (کۆمتان)ی     لە هەموو شەڕگە و مەیدانێ
شوێنی (عەمەراغا)ی لێیە     هەر نەمزانی خۆی لە کوێیە
ئەو ناودار بوو بە مێرانی     جێ چۆڵ ناکا بە هاسانی
کێو ببزوێ ئەو نابزوێ     گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێ
بەس لەبەر کردەوەی جوانی     چون لە بارەگای بارزانی
کەس نەبوو وەک ئەو بە ڕوو بێ     هەر دەبێ بۆ لای ئەو چووبێ

***





# ئیدریس بارزانی

ئەوڕۆ لەگەڵ کۆڕی گەرم     یادی یاران دای لە سەرم
کەچی نە ئەژماریان دەکرێ     نە دەفتەرم هەڵیان دەگرێ
گەردوون گەر وا نە گەڕابا     گەر خولێکی بۆ کورد دابا
ئەگەر گوێی دابا نزایان     نرخی دابا بە هیوایان
(ئیدریس)ی لە گەل نەدەستاند     قەڵای کوردی نە دەڕووخاند
بۆ سەروەری هەر دەماوە     گەل لەبەری دەحەساوە
هیند گرینگ هات و هەڵکەوت     هیند بە خێرایی سەرکەوت
گەردوون چاوی پێی هەڵنەهات     دایە بەر بەڵا و کارەسات
سەرداری وای نەدی و نەبیست     لە خۆی بەرزتری نەویست
یاسای ئەو بوون و نەبوونە     ناگۆڕێ بەڵام لێم ڕوونە
با تەمەنیش کورتی بێنێ     ناوی بەرزی هەر دەمێنێ
مێژوو گوێی لە تەمەن نییە     دێڕی زێڕی هەر بۆ وییە
لە ڕێبازی سەروەریدا     لە پێگەیاندنی ویدا
چەندی خۆی جەوهەری هەبوو     هێندەش مەکتەب دەوری هەبوو
ئەگەر قوتابی وریا بوو     مامۆستاشی زۆر زانا بوو
دەستی دەگرت لە هەموو جێ     لەگەڵ خۆی دەبرد پێ بە پێ
سایەی خۆی داویشتە سەری     دەیدایە دەرسی ڕێبەری
تا پایەی بەجێیەک گەیاند     ڕێبەر لەوێدا خۆی دەنواند

***

# بارزانی

گەر چیرۆکە و گەر ئەفسانە      سەرچاوەی هەموان بارزانە
کێ هەڵدەستێ ڕادەپەڕێ      کێ لە سەربەستی دەگەڕێ
کێ لە خەمی گەل دەکەوێ      کێ دوارۆژی کوردی دەوێ
کێ دێ شۆڕش لە نوێ دەکا      هەر لە وێڕا دەس پێدەکا
چما هەر لە بارزان نەبوو      لە وڵاتی سەربەرزان نەبوو
لەو جەنگەی وا سەخت و دژوار      بارزانیی مەزن کەوتە کار
لەسەر ڕێی پیرۆزی باوان      گڕی تۆڵە لە هەناوان
ئاگری شۆڕشی هەڵگیرساند      تەوژمی هەموو جێی هەژاند
داخ لە دڵ و خەنجەر لە دەست      پشتی بە غیرەتی خۆی بەست
ئەو پێشکەوت و کورد لە پشتی      هەنگاوێک بوو هات هاویشتی
هەر بارزانی بۆ گەل سووتا      شۆڕش هەر ڕیشەی داکوتا
بست بە بستی کوردەواری      لە پێدەشتی تا هەواری
ئەگەر لێرە ئەگەر کێوە      شوێنی پیرۆزی ویی پێوە
هەرچی بەردی ئەو چیایەن      هەر هێندەیە وە زمان نایەن
ڕاستە هەموو بەردن چیان      بەڵام بەڵگەی جیا جیان
لە ڕووداوی ئەو دەمانە      کە وێنەی کەم دین زەمانە
پیلەی گۆڕینەوەی ئاگر      ئەولا دەیکرد لەو لا چاتر
خوێن بۆ خەنجەر حەڵاڵ دەبوو      گەروو لە ترسان تاڵ دەبوو
تۆپ ڕقی خۆی دەخواردەوە      تا بەدیلی دەناردەوە
دۆشکە دەلەرزی و دەڕشاوە      هەرچی دەیخوارد دەیهێناوە
خوای شەڕی پارتیزانی      ناوێک بوو بەس بۆ بارزانی
سەنگەر کڕنشی بۆ دەبرد      ئەوجار لە ئامێزی دەکرد





تا من هاتم کۆڕێکم بەست      بیر کارێکم دەداتە دەست
دێ دەمخاتە دڵاو دڵێ      ئەرێ کێ هەیە پێم بڵێ
ئەوەی ناوداری جیهانن      قارەمانی ئەفسانانن
ئەوەی لە فریشتە چاترن      لە دایک دەبن و نامرن
لە ناویاندا ئەو سەرکردە      ئەو ڕێبەرە نەمرە کوردە
من لەگەڵ کێ بەرابەر کەم      کێ بەو پایە بەختەوەر کەم؟

***

هەولێر: ٢٣/٢/٢٠٠٠،
گەڕەکی ئەفسەران

# بە یادی محەمەدی مامڵێ

لەدەستی چوو هونەرمەندێک موکوریان   موکوریانی هەموو پێ کەوتە گریان
بە یادی مامڵێ هێشتە شەو و ڕۆژ   دەڕێژن ئاوی سوور و سوێر لە چاوان
ئیتر کیژان بەچی شایی بگێڕن   لە مەڕ دۆشین و سەر کانی و دەراوان
ئیتر ئەوجار لە ناو کۆڕی شەوانە   لە کێ بخوازن ئاهەنگێکی لاوان
هونەرمەند نامرێ ئەمما هونەر مرد   ئەگەر ئەو دابڕا ناوی لە ناوان
لەدووریی یەک ئەڤیندار گەر دەسووتان   گرێک بوو مامڵێ دەیخستە هەناوان
لە ناو دەریای هونەردا کێ بەدیی کرد   مەلی وا پێ بە پەردە بۆ شەتاوان
ئیتر کێ تازە وەک ئەو دادەڕێژێ   لە چوارچێوەی ئەدەبدا بەند و باوان
ئەگەر ئەوجار بێ گیان داوێنە بەر پێی   هەواداری (محەممەد) هێند دڵاوان

هەولێر-گەڕەکی ئەفسەران ٢٠٠٠/١/٢٧

***

تەمەن ڕۆیی و ئەمن هەر مام بە هیوات   نە هیواکەم وەدی هات و نە ئاوات
هەموو هەر دێن دەڵێن (هێدی) سەبر کە   لەسەر ئەو سەبرە من ئاوام بەسەر هات

هەولێر ٢٠٠٠/١/١





# نەخۆشخانەی جادریە

جادریّە ناوی ڕۆییوە بۆ هەموو باژێڕ و کۆ
دێتە پێشوازی نەخۆشان جا ئەمن بم یان ئەتۆ
گەر خەیاتێ دەستە جلکێکی دەدروێ بۆ کەسێ
(جادریّە) بۆ نەخۆشان لەش دەکا پینە و پەڕۆ
دەردەداری هێندە بۆ دێ و هیند سەقەت ڕووی تێ دەکەن
ڕۆژ لەبەر دەرکێ هەرایە و، شەو لە ژووران هاتوچۆ
چون بکەم یادێکی شیرن من لە (عبدالمطّلب)
دوکتوری ژیر و، بەڕێز و، مەردی بێ فێڵ و دهۆ
بەو سروشتە بەرزەوە هاتو لە خەڵکی تێپەڕاند
گۆی لە یاران بردەوە هەر هاتە مەیدانی گرۆ
با لەسایەی عیلمی خۆی پاڵداتەوە (دوکتور عومەر)
کەس نییە شانی لە شانی دا لە زانای ناوەخۆ
(هێدی) مەمنوونە لە دوکتور (مەزهەری) هاوخوێنی خۆی
سەروەری زانا و بە فەرهەنگ و، مودیری سەربەخۆ

بەغدا-٢٠٠٠/٢/١٩ نەخۆشخانەی جادریە

***

# فریو

دڵ پەرێشانه و بە تاسەی تۆوە بیرم ماندوه
من به گۆشەی چاوی تۆ زۆر جار فریوم خواردوه
هەر لە ڕێی تۆ دایه هەست و گەر نەبووبێ قاسیدیش
من به سروەی بای بەیانیدا پەیامم ناردوه
وەختی هاتوه کەس ئیتر لەو عیشقه سەرکۆنەم نەکا
تازه کاری من له ڕیسوایی و مەلامەت دەرچوه
یەک دەڵێ خاڵە لە ڕوویدا یەک دەڵێ پیرۆزەیه
گەنجی وی بازاڕی گەرمە ماڵی من وێران بوه
چاوی سەرچاوەی بەڵایه، فیتنەیه، ئاژاوەیه
بۆ خەیاڵ شێواندن و دێوانه کردن جادوه
چەند خەیاڵی من له دەوری بەژنی وی دێ و دەچێ
ڕازەکەی ناردوومە پێیدا هێشتە نەیدرکاندوه
یار بەڵێنی داوه پێم و دووره لێم جێ ژوانی کۆن
چون لەوێ زۆر جار پەریی شیعرم لە ئامێز گرتوه
قەت لە چاکەی من نەجاتی نابێ (هێدی) چونکه من
بوومه کۆیلەی ئەو کەسەی ئەو هێندە خۆشی ویستوه

هەولێر – گەڕەکی ئەفسەران ٣/١٢/٢٠٠٠

***

ئەو چەرخه بە سووڕان سەری لێ شێواندم    هەر سووڕێ کە دای شتێکی لێ ئەستاندم
بەو چەرخ و خول و گەڕانه وای گێژ کردم    نەمزانی بەری چبوو ئەوەی من چاندم

***

هەولێر–١٤/٦/٢٠٠٠





# یادی نەمران

شەماڵ کردیه تۆز له ڕێیه    به من هەواڵێکی پێیه
ئاهەنگی گۆڕانی وەرزه    یان پشووی کوێستانی بەرزه
دێو سینگ دەکوتێ لەدار و بەرد    دەنگێوێ گۆشەی ماه و زەرد
تا شەماڵ پەیامێک دێنێ    خەیاڵ له من دەشێوێنێ
دڵی گەرمی من دەبینێ    دەیکاته مەکۆی ئەڤینێ
یادی دۆست و سروەی شەماڵ    دێن دەبزیۆن من و خەیاڵ
خەیاڵیش هیند گرفتاره    تا ڕێ دادەگرێ دژواره
کاریش هەر بەو دەبڕێتەوه    گرێی من بەو دەکرێتەوه
خونچەش ئەگەر وێک هاتەوه    هەر نەسیم دێ دەیکاتەوه
دەبێ گوڵ بێن دەسته دەسته    جا پێکەوه ببنه بەسته
هۆنراوەی من سروشتییه    ڕێزکردنی وشه نییه
هەڵبەستی من سپاردەیه    واژەم هەموو بژاردەیه
منم واته دەکێشمه بەند    شیعری من پەیوەنده پەیوەند
وتەی من مەستی بێ بادەن    کەس نەڵێ بێ پێز و سادەن
هەرچەند بێ ئەزمان و کڕن    له کاکڵدا تێر و پڕن
بەسەرهاتی گەلی کوردن    ڕازاوه و، ناسک و، وردن
تێکۆشانی ئێسته و زووه    ڕووداوی کۆنی مێژووه
لێبڕاویی باپیرانه    ئەفسانەی قارەمانانه
چرپێکی وان بە ئەسپایی    هەنگاوێکه بۆ بەرزایی
پیت و ڕستەیان پێکەوه    بەلای یەکدا دەشکێنەوه
(هێدی) له بەرزی دەڕوانێ    حەسوودان به هیچ دانانێ
مەلەوانی گۆمی مەنده    چەندی ڕاسته هێندەش ڕەنده
وتەی کەلێنی پۆڵایه    شیعری وودمی له دەس دایه

دێڕی من نەخشی سەر بەردە چیرۆکی ئازار و دەردە
ئەو ڕازی لە سینگی ئەودا نە موتای دەکەن نە هەودا
شا بەیتی وان بارزانییە شیعریش بەو بێوەفا نییە
(بارزانی) چیرۆکی سەدە خولیای سەدها سەودازەدە
هەڵۆی سەر چیای بەرزی کورد خۆشەویستی درشت و ورد
ئەو کورد نەبێ نەبوو خەمی بە هیچ بایەک نەدەچەمی
بۆ گەل نەماڵی ویست نە سەر لە کێ دیار بوو ئەودەم ئەگەر
سەنگەر بە دڵی بە سۆیەوە ڕێکی دەکوشی بە خۆیەوە
کە دەسڕێژی دەکرایە سەر سینگی دەدایە بەر چەپەر
سەنگەر مەرگی بۆخۆی دەخواست ئەوی لە گولله دەپاراست
مات و کرڕ چەخماغی تفەنگ لە دەستانی دەهاتە دەنگ
ئەو دڵ بوو کوردستان لەش بوو بۆ کورد ئەستێرێکی گەش بو
پێی نەوەستان دهۆ و پیلان کوردی گەیاندە ناو گەلان
دیرۆک بۆ ئەو، ئەو بۆ دیرۆک هەردووک لا بۆ یەک ناورۆک
گەر لەوە دوودڵ بێ نەیار من و ئەو و، بەڵگە و ئەژمار
دەچم سەد وێنەی بۆ دێنم شەهیدەکان هەڵدەستێنم
بەڵگەی زیندو بەڵگەی نەمر بەڵگەی لە چیا گەورەتر
هەڤالانی هاوسەنگەری هاوڕێیانی هاوسەفەری
ئەوەی نیدای سەرۆکیان بیست ئەویان ویست و گیانیان نەویست
سنووری پاردان دەشکێنم هەر چیایە و بەردێک دێنم
هەر بەردێک و داستانێ لە کردەوەی قارەمانێ
گوێی نەیاریش هەروەک دیرۆک وەها داخنم بە چیرۆک
تا دێ و باوەڕی پێ دێنێ دێ سەری بۆ دادەنوێنێ
ئەرکێک تاراندوویە خەوم دەچم بۆی وەخۆ دەکەوم
دەبێ (ئیدریس)ی میوان کەم کوردستانی بۆ پاوان کەم
قەلای دڵ ئەگەر گاڵە بێ دەرگای بۆ وی ئاواڵە بێ





دەبێ لە دڵی خۆمی هاوێم هەنگاوێکی بێ ئەو ناوێم
ئەوە مەرجی من و ئەوە شەرتی مێرانە پێکەوە
شەرت بێ لە پەیمان نەچمەدەر شەرت بێ بەڵێنێ بەرمە سەر
جارجار دەڵێم ئەو بەو پایە بۆ ناو دڵی وا تەنگ نایە
خەیاڵیش بەو ئاڵۆزییە هەر شایستەی جێی ئەو نییە
بێ پێ بنێتە سەر سەرم ئاوا بکا بەختەوەرم
لەبەر چاوی دۆست و دوژمن ئەو شانازیە بدا بەمن
هەرچەند لە یاران دابڕام بیرم ناکەن خزم و برام
کەس نەڵێ (هێدی) بێ کەسە من بارزانیم هەبێ بەسە
کۆیلەیی من دژوار نییە چبکەم ئەوم لێ دیار نییە
ئەوڕۆ پەسنی وی نەکرا پێم بۆیە ئێستە لێی دەگەڕێم
تا خاکی بارزان سەرلەنوێ غەڵفێکی تری لێ دەڕوێ
سایە دەکا بەسەر هەردا باڵ دەکێشێ بەسەر کوردا

لەوێش دەرفەتێ دێنمەوە
دیسان بۆی تێ هەڵدەچمەوە

هەولێر: گەڕەکی ئەفسەران ٢٠٠١/٢/١٨

***

# پاوان

یار لە ماڵ بێتە دەرێ جێژن و چراخان ئەوەیە
بیمە قوربانی لەبەر پێی حەجی هاسان ئەوەیە
گەنجی هەڵدایەوە سەر سینگ و بەرۆکی داخست
شنە باش ڕێی نیە لێی تێپەڕێ پاوان ئەوەیە
لەرز و تای ماچێ منی کوشت و خەیاڵی ناشی
چوو بەگژ پەرچەمیدا هاتەوە شێوان ئەوەیە
ڕۆندکی دیدە ئەگەر تێپەڕی لە سنووری مژۆڵ
ڕوومەتی شوشت و، ڕژا کۆشەوە گریان ئەوەیە
شەرتی دڵداری وەفاداریە ئەڤیینداری هەژار
زوێڵە چەرمێکی هەبێ بەسیەتی پەیمان ئەوەیە
وێژەوانم دی هەموو وەک مەلەوانی دەریا
لێوەشاوەی وی نەیانبوو وشەیەک جوان ئەوەیە
بە قەڵای کۆن و لە مێژینە مەڵێ وێرانە
خۆشەویستی لە دڵا گەر نەبوو وێران ئەوەیە
ئەوە گرتن نییە واژەی پەتی دەگرن دەستم
سووچی هەنیەی وی کە فێس دەیگرێ گیران ئەوەیە
هۆش و بیر هەردو لە دووی خاڵێ لە (هێدی) تۆران
وەرە بیبینە بە تەنیایی پەرێشان ئەوەیە

هەولێر: گەڕەکی ئەفسەران ٢٠٠١/٣/٥





# گیرۆدە

کەی وتەی من وا بوە بێ یادی تۆ دەنگ داتەوە
کێ هەیە وەک تۆ بەخاڵێ دەفتەرێ پڕ کاتەوە
دڵ دەڵێی شێوەی وەفاداری لە زولفت فێر بوە
وا بە شێواوی سەری هێناوەتە ژێر پاتەوە
کەس نەبوو بۆ ئاوی دیدەی من سنوورێک دابنێ
تاکەی ئاخر هەر ئەمن بینووسم ئەو بیشواتەوە
هەر لە سایەی شەونمی گۆنات کە دەڕژێ جاروبار
خاڵی لێویشت لە ئاوی زمزمێ دەخواتەوە
گەرچی مەیدانی بەترس و سامی زۆر دیوە خەیاڵ
ئەوڕۆ ئەو بێچارە خۆی بەندە بەیەک هەوداتەوە
چەندی کردم بەڵکو تەسویری بزەی تۆ هەڵگرم
من بەدوی واژێکی شیرن دام کە خەو دەمباتەوە
دەردی سەرگەردانی هەر دەڕوا، دوایی هەردێ خەم
زۆری پێ ناچێ دەبینی (هێدی) ڕۆژی هاتەوە

هەولێر: گەڕەکی ئەفسەران ٢٠٠١/٤/٢١

# هەتوان

شێتانە بوو سەودای من و تێیدا زەرەرم کرد
دوورمام لە دڵی خۆم و لە خۆم بێ خەبەرم کرد
ناوی تۆ ئەگەر لەیلە، ئەگەر شیرنە هەر زوو
من کردمە هەتوانی دەروون و لەبەرم کرد
ئەودەم بەپشووی سروە کەمێک بسکی تۆ شێوا
هێندەی تری بازاڕی جوانی تۆ گەرم کرد
خۆ من گلەییم وەنییە لە خۆت هیچ هەبێ ئەما
ئەو خاڵە بەسەر لێوتەوە خاکی بەسەرم کرد
زۆر خەیاڵ وادەبوو کوێرانە نیشانەی دەبوارد
تاراندم و لەو داخە منیش شاربەدەرم کرد
هەر واژەیە زێڕوەشانی بەژنی تۆی پێ دەکرا
من چووم لە گوڵی سوێسن و نەسرین هەدەرم کرد
لەو ڕۆژەوە من کەوتمە ناو دەردی ئەڤینێ
یاریم بە وشەی ناسک و خوێنی جگەرم کرد
بیری تۆ بواری نییە دەریایەکە بێ بن
تێی کەوتم و زانیم سەفەرێکی خەتەرم کرد
ڕاستت دەوێ شیعری لە برەو کەوتبوو «هێدی»
من بووم کە بەیادی تۆ وەها بەختەوەرم کرد

هەولێر - گەڕەکی ئەفسەران ٢٩/١٠/٢٠٠١





# خۆزگە

شین و ناڵەی نیوەشەو ڕۆژی منی بەو ڕۆ گەیاند
بەو ئەڤینە توامەوە و ئەو شەرتی کردم نەم شکاند
هێندی من ڕازی دەرونی خۆم لە خەڵکی شاردەوە
ئاخری لێم ئاشکرا بوو ڕەنگی زەردم خۆی نواند
داستانی بێ وەفایی تۆم لە هەر کوێ خوێندەوە
هەر دڵی بێ چارە سوتا و دیدە ئەسرینی وەراند
چەند زگم سوتا بەهەستی ناسکی خۆم ئەودەمەی
واژەم ئاوێزانی بەژنی کرد و ئەو هیچ نەی دواند
خۆزگە بەو ڕۆژەی دەمەو ئێوارە هات و تێ پەڕی
بسکی وی دەبزوت بەبای و بۆنەکەی من دەم ڕفاند
پەنجەی ئەو پەریەم نەگاتێ تازە دەستم لێ بشۆن
کاری چاک و پیر نییە ئەو تیری ئەو لە منی وەشاند
(هێدی) شۆخی ناسک و گەردن بلور زۆرن بەڵام
ئەو گوڵە بۆ شیرنی تاکە و لەوانی تێ پەڕاند

هەولێر: گەڕەکی ئەفسەران ٢٠٠٢/١١/٤

## (ئەڤین)

گەر دزێو بێ دیمەنی ژینگە ئەڤین جوانی دەکا
خۆشەویستی سەد برینت لێ بێ دەرمانی دەکا
دەرد و ژانە ژین ئەگەر هیوایەکی تێدا نەبێ
گەر قەلآی دڵ سارد و سڕ بێ ڕو لە وێرانی دەکا
چۆن بوێرم من خەمی خۆم بێنمە ناو ئەو دەفتەرە
ناحەزم دەیبا بەهەردووک دیدە سەیرانی دەکا
تا خەیاڵ ویستی لە نیزیک باخی سینەی تێ پەڕێ
یار یەخەی خۆی دەگرێ لەو ڕێبوارە پاوانی دەکا
چەندی بەستەی ناسک و تەڕ دادەڕێژم بەدڵ و داو
یادی بسکی خاوی دەیگاتێ پەرێشانی دەکا
جوتە مەم هەرچەندی دو هاوسێی تەباشن پێکەوە
نۆبە دەگرێ خاڵ لە نێویاندا و سنوروانی دەکا
(هێدی) واژەی شیرنی هیند کۆ وە کرد لێرە و لەوێ
هەر ئەڤینداره و بەتاسە سەیری دیوانی دەکا.

هەولێر: گەڕەکی ئەفسەران ٢٠٠٢/١١/٢٩





## (سرودی بارزانی)

ئەی ڕێبەرم ئەی بارزانی    ئەی سرودی جاویدانی
ئەی ڕەمزی کورد ئەیهێمای کورد    ئەی پێشمەرگەی بەوەفای کورد
ئەی قارەمانی گەل پەروەر    ئەی سەرکردە ئەی تاجی سەر
ئەی دالّدە و پەنای هەژاران    ئەی هانای دڵ بریندارانی
تۆ بوی دژی ستەم هەستای    تا پشوی ئاخر نەوەستای
هەستەوە وا ولآتی تۆ    سەرکەوت بەخەباتی تۆ
تۆ هەڵکەوتوی تۆ نادری    من دڵنیام تۆ نامری
تۆ هەر بۆ کورد ژیای بۆیە    کورد هەر منەت باری تۆیە

سلآو لە گیانی پاکی تۆ
لە گشت ئاکاری چاکی تۆ

هەولێر: ٢٠٠٢/١٢/١٤

# چارەنووس

دەردی من هێندەی لە سینەمدا لە دەفتەردا نییە
دڵشکاوێکم بەدڵسۆزی کەسم هیوا نییە

من لەبەر ژانی برینم جارێ گەر هاوار دەکەم
بێدڵان وای دادەنێن دێوانەم ئەمما وا نییە

هەرچی دەیبینم هەتا دەتوانێ سەرکۆنەم دەکا
دەرکەوت لەو شارەدا کەس هێندەی من ڕیسوا نییە

ئارەزومە دیتنی جا با لە خەودا بێ بەڵام
بەختی من هەر چارەنوسیش خەونی وای تێدا نییە

شیعری من وێنەی کەدەگرێ سوچی ئەبرۆی کەج دەکا
بۆ جوانی ئەو دەنا تای شیرن و لەیلا نییە

نایەنە ئەژمار ئەوانەی دێن بە تاسەی دیتنی
هیچ ئەمیرێک بارەگای وەک دەوری وی قەوغا نییە

عیشق و سەرگەردانی واژەی تفت و تاڵن پێکەوە
پێک گەیشتن شیرنە و جارێ لە ناویاندا نییە

خاڵی وی لەو چاخەدا بازاڕی داگیر کردوە
خۆ دەنا بەو عومرەوە «هێدی» لە دوی سەودا نییە

هەولێر- گەڕەکی ئەفسەران
٢٠٠٢/٦/٩





# «داو»

وەختی هاتوە لەورۆ بەدواوە بەخۆمدا بێمەوە
تامنم تازە لە تای بسکان نەبێ نەدوێمەوە
لاڵ دەبم من تا لەوی دورم زمانم ناگەڕێ
هەر ئەوم لێ دەرکەوت هەرچی گوتم نایڵێمەوە
هەرچی کردی کاری دڵ بو ئەو بەڵایەم هاتە سەر
ئەونەبێ من بۆ لەناو ئاگری ئەڤین دەتوێمەوە
چەندی بۆی هاتم بە ئەفسونی غەزەل پێوە نەبو
ئەوڕۆ هەر ئەو داوە ئاڵۆزەم هەیە بینێمەوە
من ئەگەر کەوتونە جەستەم زام و ناسۆر و برین
شوێنی خەنجەر نین نیشانەی بێ وەفایین پێمەوە
ڕێبەرم تاما لە هیچ دەورانێ پشتی بەر نەدام
ئەوڕۆ ئالقەی ئەو هەمو دەست گرتنە بە گوێمەوە
واژە مانیان لێ دەگرتم « هێدی» وودمی پێ نەبا
بۆیە ئەو مەیدانە بەو دەسپێرم و من دەکشێمەوە

هەولێر: گەڕەکی ئەفسەران ٢٠٠٢/٧/١

# یادی نەمران

ڕێبواری ڕێی عیشق و وەفام / تازە لە نیوەی ڕێگە دام
هێشتە ماویە سەوداسەری / گیان فیدایی، کۆیلە گەری
هێندەم هەوراز هاتۆتە بەر / دەرنەچوە ماندویی سەفەر
بەوەی نییە زۆر دەناڵم / لە ئەڤیندا هێشتە کاڵم
ماویە ژێر خۆم لێ ببوێرن / خەڵک پەنجەم بۆ ڕادێرن
ماویە ببمە دێڕی دیرۆک / هێشتە ماویە ببمە چیرۆک
جارێ ماویە هەست و خەیاڵ / دەستە ملان بن ببنە هەڤاڵ
هێشتە ماویە یادی پیر کەم / لە کۆڕدا جێیەک داگیرکەم
ماویە بەستێکی وا بێنم / موچڕکی بەدڵاندا بێنم
ماویە بە ئەرکی خۆم ڕا بم / جارێ ماومە شارەزا بم
نە برین بە قسە دەشکێ ژانی / نە من و پلەی وێژەوانی
سەرگەردانی وێرانە ماڵ / دیداری دۆست بە مانگ و ساڵ
خۆزگە من گوڵ فرۆش دەبوم / بە بۆنی گوڵ سەرخۆش دەبوم
یادی تۆ وای مەست دەکردم / مەست دەژیام و مەست دەمردم

***

زۆرکەس هاتن لە کوردستان / بەرەنگاری دوژمن وەستان
گەلێک ڕووداو و کارەسات / بەسەر کوردی هەژاردا هات
گەلێک شوێن لەو کوردستانە / تێک دران بونە وێرانە
زۆر ڕەزە و هەر تۆزی ماوە / زۆر کۆشکە و بۆتە کەلاوە
گەر بڵێم وێنەیان دێنم / دەبێ بە دەرس بیان خوێنم
کوێ ما دوژمن تێی نەگەڕێ / نەیکاتە پێ خوستی شەڕێ؟
لەمێژ نییە لە کوردستان / بو بە شەڕی مان و نەمان
دەنگۆی قەلاچۆی گەلی کورد / قەندیل بۆ هەڵگوردی دەبرد
هەستابوە سەر پێ هەندرین / هاواری دەکرد لە سەفین





پیرس بۆ خۆ بزاوتنێ / تانەی دەدا لە شیرنێ
زۆر مێژونوس هات بەسۆوە / بە ڕابوردوی کوردا چۆوە
زۆر دەنگ بێژ دەنگی هەڵبڕی / بەسەر پێشمەرگەیدا چڕی
ئەو یاسایە خۆ نە نوێیە / دوژمنی کورد لە هەر جێیە
بستێک خاک بەدەست کوردەوە / هات خۆی لێ تاقی کردەوە
هەر شوێنێ کوردی لێ ژیا / ئەگەر دەشت و ئەگەر چیا
هەمو کەلێن و کەلەبەر / پڕبون لە لەش، پڕبون لە سەر
ئەو جار ڕاپەڕین گەل پەرست / قارەمانان خۆیان دەرخست
زۆر سەردار هاتن ڕۆیشتن / ناوی بەرزیان بە جێ هێشتن
گەل پەروەری دوژمن شکێن / مێژوی کوردیان نوسی بە خوێن
تا نۆبە گەییە بارزانی / ئەو ئەرکەی کەوتە سەرشانی
سەرکردایەتیی گرتە دەست / خۆی تەرخان کرد بۆ گەل دەربەست
هەر ئەو ڕۆژەی کۆمار ڕوخا / ئاڵای کورد وەدەست ئەو درا
ئەو ئاڵای گرتە ئامێزێ / هەرخۆی دەبو بیپارێزێ
کردەوەی چۆن هەڵسەنگێنم / ئەو زانستە لە کوێ بێنم
دڵ ڕازی ویی زۆر تێدایە / من وەک بوە وام بۆ نایە
هەر لە هەولێ بێ وچانی / هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی
تا زەبری دوژمن شکێنی / ناوبانگی سنور بەزێنی
چۆنە بچمە ناو سەنگەران / ناو پاردە و وارش و چەپەران
هەڤاڵی وی کەمیان ماون / بەبێ وی هیچیان نە ژیاون
بچم سەنگەران بدوێنم / بەڵکو ئەوان وە زمان بێنم
سەنگەر جێی ئەزمونی مێران / کۆشک و قەلای شۆڕشگێڕان
هەرچەند بە ڕواڵەت چەپەرن / ناوەندی دەنگ و خەبەرن
لەوێ قەرار دەبڕانەوە / داگیرکەر هەس دەدرانەوە
بۆ پاراستنی کوردستان / کورد گیانی نابوە سەر دەستان
دەنگۆی هەستانی بارزانی / شەماڵ دەیدا بە زریانی

هەردوکیان دەبونە تەتەر   دەگەییە هەمو جێ خەبەر
ئاخر فەرمانی ڕێبەر بو   هەرکەس ئەرکێکی لەسەر بو
نە فەرمان بوو گەڕانەوە   نە دەس ڕێژ و بڕانەوە
هێز لە ناوەند و پەڕاوێز   بارزانی بو سەرچاوەی هێز
تۆپ و دۆشکە بە کردەوە   خۆیان تاقی دەکردەوە
گوللە وا بێ شەرم دەبو   بە گژ هەموو کەسدا دەچو
تۆپ دەهات تۆپی بەشوێندا   گوللەی دەخنکا لە خوێندا
ئەو دەم ئاگر هاتوچۆی بو   پێشمەرگە هەر لە جێی خۆی بو
بەرد خۆی لە گوللە دەپاراست   پەنای لە پێشمەرگە دەخواست
دوژمن چیی پێ نەکرا بە زۆر   نە زۆر سودی دا  نە تیرۆر
ئەوجار لە بەری دانەواند   هەمو دنیا ئەوەی سەلماند
تا بارزانی لە ئارادا   کوردستان وەدەس کەس نادا

ئیدریس هەوکارو یاوەری   جەوهەر دەڕژا لە پەیکەری
هەم بۆ وی دەستێکی بە هێز   هەم بۆ گەل دۆستێکی بەڕێز
نەک دەست سەری لە ڕێی ئەودا   خۆشی بەوە هەر لە برەودا
تەنیا ئەو بو یەک لای دەکرد   کاری گەورە بە بیری ورد
زۆر جارم دی تەفرە بدرێ   هەر نەمدی فێڵی لێ بکرێ
دەربەستی پیلان هەر نەبو   بەرەو پیری ڕوداو دەچو
قوڵ و مەندی لە گرژیدا   شتێک بو لە شانی ویدا
سروشت بۆ وان وای هێنابو   یەک سەرچاوە یەک دەریا بو
خوا دەیویست: ئیدریس وابێ   بۆ کوردستان وا شەیدا بێ
ڕێبەر دەیویست: ئەو سەربەست بێ   هەست و نیستی ویی بەدەست بێ
دەیویست کار زۆریش دژواربێ   جێ پەنجەی ویی تێدا دیار بێ
گەل دەیویست: ئەو هەر بمێنێ   دوارۆژ سەری وەبەر بێنێ
خۆی دەیویست: ماوەی پێ بدرێ   بۆ گەل بژی و بۆ گەل بمرێ





«هێدی» دەیویست: ئەو نەمر بێ   هەر بژی و ئاڵا هەڵگر بێ
زەمانە وەفای نەبو بۆی   هەتا مێژو بردی بۆ خۆی
ئەو سەردارانە گەر نەمان   دڵنیابە کە لە بارزان
تا نەسلی بارزانی مابێ   کورد بێ هەڵکەوتوی وا نابێ

تا لەوان دوو کەس بمێنن
دایک هەر کوڕی وا دێنن

هەولێر – گەڕەکی ئەفسەران
٢٠٠٢/٢/٩



له چاوپێکەوتنێکی سەرۆک مەسعود بارزانیدا
لای ڕاست: هێدی لای چەپ: خەیروڵلا ڕەسووڵ





هێدی لە خزمەت سەرۆک مەسعود بارزانیدا لە سەری ڕەش



لای ڕاست: حاجیاغای مەحموداغا میراودەلی – ناوەڕاست: هێدی
لای چەپ: شێخ مستەفا نەخش بەندی زینوێ ١٩٨٨





نووسەر لە خزمەت نێچیرڤان بارزانیدا



هێدی لە خزمەت کاک نێچیرڤان بارزانیدا

ساڵی ١٩٨٨ زاینی لە هەولێر






دانیشتوو: لای ڕاست هێدی، لای چەپ تاهیراغا حیسامی

ڕیزی دواوە لە ڕاستەوە: جەعفەراغا حسامی، حەمەدەمین حسامی، قادراغا حسامی



لای راست: حەمەسەعیداغا موفتی زادە
لای چەپ: هێدی





لای راست: حەمەدئەمیناغای رەسوڵی قۆرغان
لای چەپ: هێدای. ساڵی ٢٠٠٠ میلادی لە هەولێر